بەرامەی گوڵ لەزاری خۆشەویستەوەﷺ

شەرحی

# چل فەرموودەی ئیمامی نەوەوی

# بەرامەی گوڵ لەزاری خۆشەویستەوەﷺ

## شەرحی چل فەرموودەی ئیمامی نەوەوی

نووسینی: د. سیروان أحمد قادر

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

چاپی یەکەم ٢٠٢٤- ١٤٤٦ك

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر ـ شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
\ tafseeroffice

ئامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر
بەرامەی گوڵ لەزاری خۆشەویستەوەﷺ شەرحی چل فەرموودەی ئیمامی نەوەوی، د. سیروان أحمد قادر، (نووسەر)
٤٩٦ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت: ئایینی، فەرموودە
ISBN: 978-9922-733-81-4

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (١٠٩٧)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیروبۆچوونی نووسینگەی تەفسیر بێ"

دیزاین: نوسینگەی تەفسیر

بەرامەی گوڵ لەزاری خۆشەویستەوەﷺ

شەرحی

# چل فەرموودەی ئیمامی نەوەوی

د. سيروان أحمد قادر


بسم الله الرحمن الرحيم

# فەرموودەی بیست و یەکەم باوەڕو بەردەوام بوون

## الاستقامة والإيمان

**عَنِ أَبيْ عَمْرو، وَقِيْلَ،أَبيْ عمْرَةَ سُفْيَانَ بن عَبْدِ الله رضي الله عنه قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُوْلَ اللهِ قُلْ لِيْ فِي الإِسْلامِ قَوْلاً لاَ أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدَاً غَيْرَكَ؟ قَالَ: (قُلْ آمَنْتُ باللهِ ثُمَّ استَقِمْ**[1]).

لەو فەرموودەیەدا پێغەمبەرﷺ هەموو ئایینی ئیسلامی بۆ(**سُفْيَانَ بن عَبْدِ الله** ) لەو دوو رستەیە کۆکردەوە کە کرۆکی بانگەوازەکەی نێردراوی خودایە بۆ هەموو جیهانییان، چونکی ئەو لە پرسیارەکەیدا دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا، شتێکم پێ بڵێ: سەبارەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئیتر لەکەسی تر نەپرسم و پێوستیم بە هیچی تر نەبێت.

پێغەمبەریشﷺ دەفەرمووێت: (**قُلْ آمَنْتُ باللهِ) واتە:** بڵێ باوەڕم هێنا بە زاتی(اللَّهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى) تەنها ئەو ڕستەیە هەموو بنەماکانی باوەڕبوون(ئیمان) لە خۆ دەگرێت، وە لە ڕستەی دووەمدا(**ثُمَّ استَقِمْ**) ئینجا ئاراستەی دەکات کە دەبێت بە کردەیی **ڕستەی یەکەمی فەرموودەکە** بکاتە بواری جێبەجێ کردنەوە ئەویش بە بەردەوامبوونی دەبێت لە خوداپەرستی و دینداریيەکی ڕاست و درووست و بێ پێچ و پەنا.

ئەوەی نوێژ ناکات بەدڵنیاییەوە مستقیم نیە، وە ئەوەی لەش ساغ و

[1] کتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي:٩١/٢رقم الحديث٣٨ كتاب الإيمان- باب جامع أوصاف الإسلام).

سـەلامەتە لە هەمـوو نەخۆشـی و كێشـەیەكی تەندروسـتی كاتێـك ڕۆژووی مـانگی ڕەمەزان ناگرێـت، بە دڵنییـاییەوە كەسـێكی مسـتقیم نـیە، وە ئەوەی پەروەردگار ماڵ و پارەو سامانی پێ بەخشیوە توانای سەفەری هەیەو تەنانەت ڕێگای چوون و هاتنەوەی بـۆ جێبەجێ كردنـی فەریزەی حەجیش بـێ كێشـەو گرفتە، كاتێك ئەو فەرزە جێبەجێ ناكات بێگومان كەسێكی مستقیم نیە، یان فێڵبازو چاوچنۆك و داوێـن پیس و خائین و بـی ئەمەك و شـەڕانگێزەو خۆی لە زەكـات دان دەدەزێـت و حەرام و حەڵاڵ بەلایەوە گرنـگ نیە....هتـد، **ئەو جـۆرە كەسانە با بڵێن و ئیدعای(الإستقامة) بكەن، بەڵام لە ڕاستیدا كەسیان مستقیم نین بەڵكو خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن**[1].

**الإسلام=آمَنْتُ باللهِ +ثُمَّ استَقِم**

ئیسـلام= بـاوەڕبوون بە زاتـی(اللهﷻ)+ بەردەوام بـوون لەسـەر دینداری

**لەڕاستیدا ئەو فەرموودەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام كۆكردۆتەوە لەو دوو ڕستەیە كە بـریتیە: لە درووسـتی و ڕاسـتی و پێكـان لە نیـیەت و گوفتـارو كرداردا.**

[1] كتێبی(شرح الأربعین النوویة: الشیخ محمد صالح العثیمین:ص٢٣٧ بەدەستكارییەوە).




بە پێویستی دەزانین کە پێناسەی**(الإستقامة)** بکەین لەڕووی زمانەوانی زاراوەییدا (**لغةً وإصطلاحاً)**

**پێناسەی(الإستقامة) لە زمانەوانی و زاراوەیدا**

**یەکەم/ پێناسەی (الإستقامة)لە زمانەوانیدا(لغةً): الإعتدال- يقال استقام له الأمر واستوى:** میانەیی و مامناوەندی و ڕاستی و دروستی و ڕێکی، میانڕەوی، هاوسەنگی، میانگیری[1].

**دووەم/ پێناسەی (الإستقامة)لە زاراوەدا(إصطلاحاً):** الاستقامة وهي القيام بين يدي الله على حقيقة الصدق والوفاء، والاستقامة تتعلق بالأقوال والأفعال والأحوال والنيات فهي وقوعها لله وعلى أمر الله[2].

واتە: بەردەوامی لە دینداریی ڕاست و درووست، واتە خواپەرستی

[1] کتێبی(لسان العرب لابن منظور:٣٥٦/١١مادة قوم).
[2] کتێبی(مدارج السالكين لابن قيم:٨٨/٢).

بەراستگۆیی و بەجێگەیاندنی تەواوی ئەرکەکان، هەروەها پەیوەندیشە بە کردارو گوفتارو هەموو دۆخێکی مرۆڤ و تەنانەت نییەتەکانیشی کە دەبێ بۆ خواو بەپێی ویست و فەرمانی خوایی بن.

ئەگەر تێبینی ئەوەتان کردبێت سەرچاوەی ئەو پێناسەیە ناوەڕۆکی فەرموودەکەی پێغەمبەرە ﷺ چونکی پەیوەست بوون و پەیوەندی باوەڕداران بە پەروەردگاریانەوە توندوتۆڵتر دەکات، لەڕێی بە جێگەیاندن و بەردەوام بوون لەسەر ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە لەسەریان فەرزکراوە، تەنانەت کاریگەری ئەو بەردەوام بوونە لەسەر ناخ و دڵ و دەروونیان دەردەکەوێت بەجۆرێکی وەها کە بە ویست و ئیرادەی خودایی هەڵس و کەوت و خوداپەرستیان ئەنجام دەدەن.

## بەڵگەی (الإستقامة) لە قورئانی پیرۆزدا

ئاشکرایە زۆرن ئەو ئایەتانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ خەسڵەتی بەردەوام بوون(الإستقامة) لەسەر خوداپەرستییەکان و چۆنیەتی گەیشتن بەو مەقام و مەنزڵگەیەو دەرهاویشتەکانی لە قورئانی پیرۆزدا، لەم بڕگەیەدا هەندێك لەو ئایەتانە بخەینە بەر دیدی خوێنەر لەوانە:

### ئایەتی یەکەم

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: **﴿ اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ ﴾**[1].

واتە: ڕێگای ڕاستمان لە ژیاندا پیشان بدەو لەبەرچاومان ڕووناکی بکەرەوەو یارمەتیمان بدە بۆ شوێنکەوتنی[2].

بێگومان ئەو ئایەتە ئامۆژگاری و ڕێنمایی باوەڕداران دەکات لە بەهرەمەندبوون و چۆنیەتی گەیشتن بە مەنزڵگەو مەقامی **(الإستقامة)** بەدڵ و

[1] سورة الفاتحة الآية:٦.

[2] تەفسیری گوڵشەن:١/٥٧.

ناخ و دەروونێکی پڕ لە یەقینەوە لە ڕێی نزاو دوعاکردنەوە، **بۆیە گرنگە ئیمانداران بەو ڕوحیەتەوە ڕوو لە پەروەردگاریان بکەن و بپاڕێنەوە کە بەهرەمەندیان بکات لەو خەسڵەتە**[1].

**ئایەتی دووەم**

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:**﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ أَلا تَخَافُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾**[2].

**واتە:** بەڕاستی ئەوانەی ئیمانیان هیناوەو دەڵێن: پەروەردگارمان هەر خودایە لەسەر بیروباوەڕو کردەوە چاکەکانی خۆیان خۆڕاگرو بەردەوام بوون ئەوانە لە کاتی مردنیاندا فریشتەی ڕەحمەتیان بۆ دێتە خوارەوەو، موژدەیان پێ دەدەن و پێیان دەڵێن: مەترسن لەوەی بەرەو ڕووی دەچن و، خەمگین مەبن لەبەر ئەوەی کە لە دوای خۆتان بە جێی دێڵن، وە موژدەتان لێ بێت بە شادی و خۆشی و نازو نیعمەتەکانی ئەو بەهەشتەی کە خودا ﷻ بەڵێنی پێداون[3].

**ئایەتی سێهەم**

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:**﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ* أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾**[4].

بێگومان ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگارمان هەر (الله)یەو پاشان ئەو ڕێگا ڕاستەی کە خودا ﷻ بۆی دیاری کردوون ، بە چاکی و بە بەردەوامی گرتوویانەتە بەر ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا هیچ ترسێك دایانناگرێت و تووشی خەم و خەفەت

(1) کتێبی(عشر قواعد في الإستقامة/ عبدالرزاق عبدالمحسن البدر:ص٦ بدەستکارییەوە).
(2) سورة فصلت الآية:٣٠.
(3) تەفسیری گوڵشەن:٦٣٤/٣.
(4) سورة الأحقاف الآية: ١٣، ١٤.

نابن، بێگومان ئەو دەسکەوتە مەزنەیش لەسەر دوو پایە ڕاوەستاوە، یەکمیان: ئیمان هێنانە بە خوداﷻ، دووەمیان: شوێنکەوتن و پابەندبوونە بەو یاساو شەریعەتەوە کە قورئانی پیرۆزو فەرمایشتی پێغەمبەرﷺ دیاریان کردووە، نەك یاساو بەرنامەیەکی تر کە لەگەڵ یاسای خودای پەروەردگار نەگونجێت و بە پێچەوانەی فەرمان و شەریعەتەکەی ئەو بێت[١].

**بڕوانن لەو دوو ئایەتەی ئاماژەمان پێکرد وەکو بەڵگە لەسەر** مەنزڵگەو مەقامی **(الإستقامة)** لای پەروەردگار کە چ دەرهاویشتەیەکی پڕشنگدارو دڵخۆشکەر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت ئەوانەی بەردەوام بوونە لەسەر چاکەکاری و بە جێگەیاندنی ئەرك و فەرمانەکانی خوداﷻ لە کاتی سەرەمەرگ دا فریشتەکان چۆن بەرەو پیریانەوە دێن چ موژدەو پەیامێکیان بۆ هێناون لەلایەن پەروەردگاریانەوە، لە کاتێکدا ئەوان لە ترس و خەم و پەژارەی ئەوەن کە ماڵئاوایی لە دنیاو ماڵ و منداڵ و خێزان و دۆست و کەس و کاریان دەکەن، لە بەرامبەردا ئەو فریشتانە پێیان دەڵێن: مەترسن لەوەی بەرەو ڕووی دەچن و، خەمگین مەبن لەبەر ئەوەی کە لە دوای خۆتان بە جێی دێڵن، موژدەتان لێ بێت بە شادی و خۆشی و نازو نیعمەتەکانی ئەو بەهەشتەی کە خوداﷻ بەڵێنی پێداون.

ئا ئەوە یەکێکە لە مەزنترین دەستکەوتی بەردەوام بوون **(الإستقامة)** لەو ساتەی تەمەن کۆتایی پێ دێت و ماڵئاوایی لە دنیا دەکەن و قۆناغێکی تر، لە ژیانی بەرزەخ بەو دەستپێکە موژدە بەخش و پێشوازییە گەرمەی فریشتەکان دەست پێدەکات، لە دەرئەنجامدا لە ڕۆژی دوایی بەدەستهێنان و گەیشتنە بە ڕەزامەندی پەروەردگار.

[١] تەفسیری گوڵشەن:٦٨/٤.

**ئایەتی چوارەم**

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿ **قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَانِّ سَبِيلَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ** ﴾[1].

خودا ﷻ فەرمووی: دوعاکانتان وەرگیرا، ئێوە لەسەر ڕێنمایی کردن و ئامۆژگاریی کردنی خەڵکی بۆ سەر ڕێگای ڕاست بەردەوام بن و خاوەن ئیستیقامە بن لەسەر ئەو ڕێبازەی کەوا لەسەرین، مەکەونە شوێن ڕێگای ئەوانەی کە تێنەگەیشتوون و بە پەلەن بۆ هاتنە دی ئەو بەڵێنانەی کە خودا ﷻ داویەتی[2].

سەرنج بدەن گیرابوونی نزاو دوعاکردن یەکێکی ترە لە دەستکەوت و دەرهاویشتەکانی بەردەوام بوون لەسەر شەریعەت و ڕێگای ڕاست و بانگخوازی بۆ دینداری و چاکەکاری کردن، جا لە پێناو ئەو مەبەستەو گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزەی گیرابوونی دوعاکان، پێویستە ئیمانداری ڕاستەقینە تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لە ژیانی دنیا دەکات، خۆی بە دوور بگرێت لە ڕێچکەی ئەوانەی تێنەگەیشتوون دوودڵن لەوەی کە وەعدو بەڵێنەکانی خودا ﷻ دێنەدی، ئەو ئایەتە پێمان دەڵێت: مرۆڤ ئەگەر دوعای کرد، دەبێت پەلە نەکات لە گیرابوونی تا ئەو ساتە وەختەی کە پەروەردگار بیەوێت ویست و ئیرادە بکات دوعاکە بێنێتە دی، چونکی پەلە نەکردن، مەرجێکی گیرابوونی دوعاو نزاز پاڕانەوەکانە، وە لە هەمان کاتیشدا جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو بەردەوام بوون و ئارامی و خۆڕاگریی و خۆڕادەستکردنەی مرۆڤ بە پەروەردگاری.

---

[1] سورة يونس الآية:٨٩.

[2] تەفسیری گوڵشەن:١٨٢/٢.



**ئایەتی پێنجەم**

**سەرنج بدەن لەو بارەیەوە پەروەردگار چی دەفەرموێت: ﴿فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ فَاسْتَقِيمُوا لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾**[١].

**واتە:** هەتا ئەو بێباوەڕانە پابەند بن بە وەعدو بەڵێنەکانیانەوە ئێوەی موسڵمانیش دەبێت لە بەرامبەریان بەوەفاو بەردەوام بن لەگەڵیاندا، بێگومان خوداﷻ ئەوانەی خۆش دەوێت کە خۆیان ئەپارێزن لە بێ فەرمانی سەرپێچیکاری.

تەماشا بکەن خەسڵەتی بەردەوام بوون مەزنترین سیفەتە بۆ مرۆڤ تەنانەت پەروەردگار دەیەوێت موسڵمانان لە بەرامبەر هاوەڵپەرست و بێباوەڕانیش بەردەوام بن لە گەڵیاندا لە وەعدو بەڵێنەکانیان مادام ئەوان وەعدو بەڵێنەکانیان ناشکێنن و ئەیپارێزن، بێگومان خوداﷻ ئەوانەی خۆش دەوێت کە پارێزکارو لە خواترسن.

[١] سورة التوبة الآية:٧.

ئایەتی شەشەم

خودای(عَزَّوَجَلَّ) دەفەرموویت:﴿ **فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلاَ تَطْغَوْاْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ** ﴾[1].

ئەی پێغەمبەرﷺ خۆت ئەو کەسانەیش کە لە گەڵتان و تەوبەیان کردووە بەو شێوەی کە فەرمانت پێدراوە لە گشت کردەوەو قسەو بیروباوەڕێکتاندا بەردەوام و ڕاوەستاو بن لە سنووری ئەو ڕێبازەی بۆتان دیاریکراوە لامەدەن و مەترازێن، بێگومان خوداسُبْحَانَهُ وَتَعَالَى زۆر ئاگادارو بینایە بەگشت کردەوەیەکتان[2].

بڕوانن پەروەردگار چۆن ئامۆژگاری و ڕێنمایی و پەروەردەی نێردراوان و هەموو بەندەکانی لەسەر خەسڵەت و مەنزڵگەو مەقامی**(الإستقامة) بەردەوام بوون** دەکات، بە شێوازی فەرمان پێکردن.

لێرەوە دەردەکەوێت ئەو بەردەوام بوونە**(الإستقامة) ئەرکە لەسەر هەموو باوەڕدارێك تەنانەت سنوورێکە دەبێت نەبەزێنرێت، چونکی پەروەردگار ئاگادارو بینایە بەو سەرپێچی و یاخیبوون و سنوور بەزاندنەی کە خەشم و غەزەب و سزای خوداسُبْحَانَهُ وَتَعَالَى بە دوای خۆیدا دەهێنێت.**

**(ابن عباس**رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) سەبارەت بەو پەیامەی لەو ئایەتەدا هاتووە بۆ پێغەمبەرﷺو شوێنکەوتووانی دەڵێت: کاتێك ئەو ئایەتە کە دابەزی بۆ سەر پێغەمبەری خودا زۆر توندترو قورستر بوو لە هەموو ئایەتەکانی تری قورئانی پیرۆز تەنانەت پێغەمبەرﷺ دەیفەرموو: سوورەتی هودو هاوشێوەکانی پیری کردم، چونکی فەرمان پێکردن بەو شێوازە، واتایەکی زۆر مەزنی هەبوو لە ناخ و دڵ و

[1] سورة هود الآية:١١٢.

[2] تەفسیری گوڵشەن:٢/٢٤٧.

دەروونـی خـودی پێغەمـبەرﷺ بەو پێـیەی نێـردراوی خـودایەﷻ، کە شـەوو ڕۆژ خەریکی خوداپەرستی بوو بەجۆرێکی وەها پێی موبارەکی هەڵئاوسابوو ئینجا دیفەرموو: نابێت بەندەیەکی سوپاسگوزار بم، پێغەمبەرﷺ لە مەترسی جێبەجێ نەکـردن و سـنوور بەزانـدنی ئەو پەیـامە گەیشـتبوو بە حەقـیقەت، چـونکی پەیامەکە زۆر ڕوون ئاشکرایە هەڕەشە ئامێزە، ئەگەر لەسەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ بەو شێوازە بوو بێت کە خۆشەویست و هەڵبژێردراوی خودایە.

ئەی شـوێنکەوتووانی لە ئـوممەتەکەی، نابێـت خۆیـان سـازو ئامـادە بـکەن لە بەجێ گەیاندن و بەردەوام بوون لەسەر ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگاریان؟؟؟؟

ئەگەرچـی ئەو بەردەوام بـوونە لێـرەو لەوێ تەمەڵـی و کەم تەرخەمـی تێـدەکەوێت بەڵام بـۆ ئەوەی پەروەردگـار چارەسـەری دانـاوەو فەرمـانی بە بەنـدەکانی کـردووە کە دوای لێخۆشـبوون بـکەن، سـەرنج بـدەن لەو بـارەیەوە خوداﷻ چی دەفەرمووێت:﴿فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ﴾[1].

واتە: زۆر جـاران ئەو بەردەوام بـوونە لەنگـی و کەم تەرخەمـی تێـدا واقیـع دەبێت وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت، جا لەبەر ئەوە ئیمامی (حسن بەسری) لە ڕاڤەی ئەو ئـایەتەدا ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات و دەڵێـت: پەروەردگـار ڕێنمایـی و ئامۆژگـاری پێغەمـبەرﷺ دەکـات لەسـەر خۆ بەکەم زانـین و ملکەچ بـوونی بـۆ زاتی(اللهﷻ) [2].

**کەوابـوو:** بە پێـی ئەم ئـایەتە پرسی(الإسـتقامة) ڕێـژەییە لە کەسـێکی بـۆ کەسێکی تـر دەگۆڕێت قـابیلی ئەوەیە کەسـی بـاوەڕدار، هەنـدێك جاروبـار کەم تەرخەمی بکات لەو بەردەوام بوونەی، بەڵام گرنگ ئەوەیە زوو بەزوو پەشیمان بێـتەوەو داوای لێخۆشبوون(الإسـتغفار)لە پەروەردگـاری بکـات، **چـونکی**

[1] سورة فصلت الآية:٦.
[2] کتێبی( فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية في علم تفسير للشوكاني:ص١٣٠٦).

**بەو(إستغفار)کردنە قەرەبووی ئەو کەم و کوڕییانەی دەکات، کە لێی واقیع بووە**[١].

## بەڵگەی (الإستقامة) لە سوننەتدافەرموودەی یەکەم

هەڵبەتە هاوشێوەی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە خەسڵەتی بەردەوام بوون(الإستقامة) لەسەر خوداپەرستییەکان و چۆنیەتی گەیشتن بەو مەقام و مەنزڵگەیە، فەرموودەی ڕاست و درووستیش هەن کە پێغەمبەر ئاماژەی پێکردووە بە پشتیوانی پەروەردگار باس لە هەندێك لەو فەرموودانە دەکەین لەوانە:

### فەرموودەی یەکەم

(أنس بن مالكؓ)دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: **لا يستقيمُ إيمانُ عبدٍ حتى يستقيمَ قلبُه، ولا يستقيمُ قلبُه حتى يستقيمَ لسانُه....)**[٢].

ئیمان و بڕوای هیچ کەسێك بە تەواوی دانامەزرێت، **هەتاوەکو** ناخ و دڵ و دەروونی پاك و بێگەرد و خاوێن و خاڵی نەبێت، لە هەموو شتانەی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ناسین و خوداپەرستییەکانی درووست دەکات **نموونەی** گومان و شك، هەروەها خۆشەویستی بۆ خەڵکی دەبێت لەو ئاستەدا بێت کە هەرچی بۆ خۆی پێی خۆشە دەبێت بۆ بەرامبەرەکەی بە هەمان ئاست پێی خۆش بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت زوبانی بپارێزیت لەهەموو وتەو قسەیەك کە زیان بگەیەنێت بە پێگەو مەقامی لای پەروەردگارو لای خەڵکی **نموونەی غەیبەت و قسە گێرانەوەو تومەت هەڵبەستن و جنێودان و درۆکردن و قسە کردن لەو شتانەی پەیوست نین پێیەوە(الكلام في ما لا يعنيه)و....هتد.**

---

[١] کتێبی(عشر قواعد في الإستقامة/ عبدالرزاق عبدالمحسن البدر:ص١٩ بدەستکارییەوە).
[٢]) کتێبی(السلسلة الصحيحة/ الألباني:٨٢٢/٦ رقم الحديث١٨٤١)

کەوابوو: ئیمان و دڵ و زوبان بە یەکەوە گرێدراون هەر یەکەیان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەوی تر هەیە بە ئەرێنی و نەرێنی، بە چاك و بە خراپ.

**إستقامة الإيمان** = لەڕاستیدا یەکتاپەرستی پەروەردگارو خۆش ویستنی و ئاوڕ نەدانەوە بێجگە لە زاتی(اللهﷻ) و پشت بەستن پێی، کرۆکی بیروباوەڕێکی توندوتۆڵی دامەزراوی پاك و خاوێن و بێگەردە، جا بۆ گەیشتن بەو پلەیە پێویستە ناخ و دڵ و دەروون سازو ئامادە بکرێت بۆ ڕامالێنی هەرچی بەد گومانی وشك هەیە سەبارەت بە پەروەردگارو ڕاستکردنەوەو دوورکەوتنەوە لەو ئافات و دەردەسەری نەخۆشییانەی زوبان بە هەموو چەشنەکانییەوە، هەر بە کورتی ئاماژەی بۆ هەریەك لە چۆنیەتی(إستقامة القلب) و(إستقامة اللسان) دەکەین.

**یەکەم: إستقامة القلب** =ڕاستگۆیی دڵە لە خۆش ویستنی پەروەردگار بە جێبەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکانی و پشت بەستن پێی ئاوڕ نەدانەوە لە کەسی تر بێجگە لە زاتی(اللهﷻ)و ئیخلاسی و ملکەچبوون و خۆبەکەم زان و...و..و...هتد[1].



[1] کتێبی(عشر قواعد في الإستقامة/ عبدالرزاق عبدالمحسن البدر:ص١٦ بدەستکارییەوە).

**دووەم: إســتقامة اللســان**= وتەی خێــر و دوور کەوتــنەوە لە دوو زمــانی و غیبیــت و قســە گێــرانەوە بە مەبســتی تێکــدانی نێــوان دووکەس، هەروەهــا ڕاســتگۆیی و بێدەنگی و ئاشــتبوونەوەو چــاك كــردنەوەی نێـوان دووکەس کە لە یەك ڕەنجاون و قسە ناکەن پێکەوە....هتد.

**إستقامة الإيمان = إستقامة القلب = إستقامة اللسان**

**سەرنج بدەن** لەو دوو ئەندامە بچووکەی جەستە **زمان و دڵ**، بەڵام چەندێ کـاریگەری زۆریـان لەسـەر کـردارو ڕەفتـاری مـرۆڤ هەیە بە ئەرێنـی و نەرێنـی لەسـەر خەسـڵەتی بەردەوام بـوون (الإسـتقامة) لە خوداپەرسـتییەکان، ئاماژەمـان پێکرد لەوە پێش، پێویستە زۆر لێی بە ئاگابن، بەکاریان بهێنن لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار، نەك پێچەوانەکەی.

**فەرموودەی دووەم**

**(ثوبان بن بُجْدُد**ﷺ**)** دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:**استقيموا ولن تُحصوا، واعلموا أن خير أعمالكم الصلاة، ولا يحافظ على الوضوء إلا مؤمن)**[1].

(**اسـتقيموا ولـن تُحصـوا**)بەردەوام بـوون لەسـەر ڕێگـای ڕاسـت و حەقـیقەت ئاســانیە، هەوڵــی بــۆ بــدەن هەر ئەوەنــدەی بۆتــان دەکرێــت کە لە توانــاو دەستەڵاتاندایە، تەماشا بکەن لەو بارەیەوە خوداﷻ چی دەفەرموێت: ﴿**لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا**﴾[2].

**بڕوانن پەروەردگار** هەر ئەوەندەی کە لە تواناو دەستەڵاتی بەندەکانییەتی ئەرك و فەرمان دەخاتە ئەستۆیان.

---

[1] کتێبی(سنن ابن ماجه للألباني: ص ٦٦رقم الحديث ٢٧٧ كتاب الطهارة- باب المحافظة على الوضوء، حديث صحيح).

[2] سورة البقرة الآية:٢٨٦.

ئەوەی پێتان دەکرێت هەوڵی بۆ بدەن لە بەجێگەیاندنی فەرمان و ئەرکەکانی پەروەردگار کردەوەی چاکەو خێر کردن، درێغی مەکەن بە هیچ جۆرێك، **(واعلموا أن خير أعمالكم الصلاة)** ئەوەش بزانن کە باشترین و چاکترینی کردەوە لای خوداﷻ بەجێهێنان و ئەنجامدانی نوێژەکانە، **(ولا يحافظ على الوضوء إلا مؤمن) تەنهاو تەنها** هەر کەسی **باوەڕدارە** کە بەردەوام **دەست** بە **دەست نوێژە، نابینرێت بێ دەست نوێژ بێت**[1].

**خوێنەری بەڕێز** ئەو فەرموودەیە سێ بڕگەی زۆر گرنك و بەسوودی لە خۆگرتووە کە پێویستە هەموو موسڵمانێك پابەند بێت پێوەی ئەویش خوداپەرستی و بەردەوام بوونە لەسەر لە دینداریی ڕاست و درووست، یانی خواپەرستی بەراستگۆیی و بەجێگەیاندنی تەواوی ئەرکەکان، هەروەها پەیوەندیشە بە کردارو گوفتارو هەموو دۆخێکی مرۆڤ و تەنانەت نییەتەکانیشی کە دەبێ بۆ خواﷻو بەپێی ویست و فەرمانی خوای(عزوجل) بن، بەڵام بە پێی تواناو ئەو دەستەڵاتەی هەیەتی لە بەرامبەر ئەو ئەرك و فەرمانەی لێی داواکراوە، ئەویش ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی زاتی(**الله**ﷻ) کە ئەو فەزایە فراوانەی بۆ بەندەکانی فەراهەم کردووە، **ئەگینا کەس نەیدەتوانی ئەو بەردەوام بوونە بەو شێوازەی پەروەردگار فەرمانی پێکردووە بەجێ بهێنێت**،تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ پرۆژەیەکی پڕ لەخێرو بەرەکەت و پاداشتێکی نەبڕاوە دەخاتە بەر دەم شوێنکەوتووانی کە دەبێت بەردەوام بن لەسەر بەجێهێنانی تا ئەو ساتە وەختەی ماڵئاوایی لە ژیانی دنیایان دەکەن، ئەویش نوێژکردنە(خير أعمالكم الصلاة).

سەرنج بدەن ئەو **نوێژکردنە خەسڵەت و مەقام و مەنزڵگەی بەردەوام بوون(الإستقامة)** دەبەخشێت بەکەسی نوێژخوێنەکە، چونکی پابەندی دەکات بە

[1] کتێبی(مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح:١٨/٢ رقم الحديث ٢٩٢ كتاب الطهارة- الفصل الثاني).

ئەنجام دانی ئەو خوداپەرستییەی کە هیچ بوارو مۆڵەت و پاساوێك ناهێڵێتەوە بۆ کەس، کە ئەو پێنج نوێژە فەرزە پشتگوێ بخات و نەیکات، تەنانەت ئەگەر کەسەکە ناساغیش بێت یان لەسەفەردا بێت، پەروەردگار کۆکردنەوەو کورت کردنەوەی نوێژی بۆ تەشریع کردووە بۆ ئەوەی دانەبرێت لەو پەیوەندییە ڕوحییە، لەگەڵ پەروەردگاریدا کە لەو ساتانەی دیاریکراون بە پێی دەقی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی ڕاست و دروستی پێغەمبەرﷺ، **ئەوە بۆ خۆی جۆرە ڕاهێنانێکە بۆ بەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن.**

کۆتا پرۆژەی پێغەمبەرﷺ بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە پلەی (الإستقامة) دەست نوێژە کە دەفەرمووێت: ئەوەی بەردەوام دەست نوێژی هەبوو لە هەموو کات و ساتێکدا،




**بێگومان ئەوە بە هەموو واتایەك باوەڕداره(مؤمن)ە،**

ڕاهێنان وبەردەوام بوون لەسەر نوێژکردن **+** ڕاهێنان و پاڕاستنی دەست نوێژ لەشکاندن= **الإستقامة**

گەیشتن بە مەقامی(الإستقامة) لەڕێی پاراستنی دەست نوێژ لەو شتانەی کە بەتاڵی دەکەنەوە، وەهەروەها بەردەوام بوون، لەسەر پاك و خاوێنی لاشەو

ئەندامەکانی جەستەوە بەدەست دێت، **ئەو پاراستنی دەست نوێژە ڕاهێنانێکی ترە بۆ کەسی باوەڕدار، وە لەهەمان کاتدا ئامادەوسازکردنیشە بۆ گەیشتن بە مەقامی(الإستقامة).**

**فەرموودەی سێهەم**

**(أبي سعيد الخدري**ﷺ**)**دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: **إذا أصبح ابنُ آدمَ فإنَّ الأعضاءَ كلَّها تكفِّر اللسانَ، فتقول : اتقِ اللهَ فينا ؛ فإنما نحن بك، فإن - استقمت استقمْنا وإنِ - اعوججتَ اعوججنا**[1] .

واتە: هەر کە ڕۆژبووەوە هەرچی ئەندامەکانی جەستەو لاشە هەن هۆشداری دەدەن بە زوبان و دەڵێن: بۆ خاتری خوداﷻ ئێمە بە تۆوە بەندین نەکەی شەرمەزارو ڕیسوامان بکەیت لای پەروەردگار، جا ئەگەر تۆ ڕێگای ڕاستت گرت بێگومان ئێمەش ڕێگای ڕاستەگرین و تووشی کێشەو گرفت نابین بە هۆی تۆوە، بەڵام ئەگەر ڕێگەی چەوتت گرتەبەر بەدڵنیاییەوە ئێمەش دووچاری کێشەو گرفت و سەرلێشێواوی دەبین و بە هیلاك دەچین.




[1] کتێبی(سنن الترمذي للألباني:ص٥٤٢رقم(٢٤٠٧)كتاب الزهد عن رسول اللهﷺ، باب ما جاء في حفظ اللسان،حديث حسن).

بە کورتی و بەکوردی ئەو فەرموودەیە پێمان دەڵێت: زوبان سەرچاوەی ئاسوودەیی و بەختیاری و سەلامەتی ئینسانە گەر بێتو لە چاکیدا بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لە خراپیدا بەکاربهێنرێت، بێگومان دەرگای ئاژاوەگێری و فیتنەو شەڕتان بەسەردا واڵا دەکات بە زەحمەت لێی دەرباز دەبن.

دیارە ڕاهێنان و بەردەوام بوون لەسەر ڕاستگۆیی و ئاگالێبوون لە زوبان بەتایبەت دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لە هەموو ئەو ئافاتانەی کە بە هۆی زمانەوە تووشی مرۆڤ دەبێت نموونەی(**غەیبەت و ناوزڕاندن و قسەگێرانەوەو تومەت هەڵبەستن و جنێودان و درۆکردن و گاڵتەکردن و قسەکردن لەو شتانەی پەیوەندی پێوە نیە (الكلام في ما لا يعنيه)و....هتد.**

**لەڕاستیدا ئەو خۆپارێزیە لەو دەردە کوشندانەی زوبان کە ئاماژەمان پێدا** ڕیخۆشکەرە بۆ گەیشتن بە پلەو مەقامی (إستقامة اللسان)ئەوەش ئامانج و کرۆکی بابەتی فەرموودەکەیە کە ئومێدو ئاوات و هیوای باوەڕداری ڕاستەقینەیە.

## چەمکی(الاستقامة) لە دیدی خەلیفە و زانایان

ئاشکرایە جێنیشینەکان(ﷺ)پێغەمبەرﷺوپیاوچاکان و زانایان سەبارەت بە **(الإستقامة)** قسەی خۆیان هەبووە هەر یەکەیان بە شێوازێك لێکیان داوەتەوەو بەڵام هەموویان هەر لە واتاو مانا گشتییەکەی دەرنەچوون، لەم بڕگەیەدا هەوڵ دەدەین هەندێك لە وتانەبخەینە بەر دیدی خوێنەر لەوانە[1]:

**یەکەم:** لە خەلیفەی موسڵمانان حەزرەتی(أبوبکرﷺ) پرسیار کرا سەبارەت بە**(الإستقامة)** وەڵامی دانەوە کە مەبەست: تەنها هەر خوداﷻ بپەرستی و هاوەڵی بۆپەیدا نەکەیت.

[1] کتێبی(مدارج السالکین لابن قیم الجوزیة:٢/٨٧).

**دووەم: خەلیفەی موسڵمانان حەزرەتی(عمرﷺ) دەیوت: (الإستقامة)** بەردەوام بوونە لەسەر فەرمان بە چاکەکردن و ڕێگری لە خراپەکاریبێ پێچ و پەنا، نەك فێلبازی و هەڵخەڵەتاندن هاوشێوەی ڕێوی کە چەندێك تەڵەکەبازە، خۆی بە چاك دەنوێنی بەڵام چاوی لەسەر لاچوو پەلامارو هێرشی خۆی دەکات.

**سێهەم:** حەزرەتی(عثمانﷺ) سەبارەت بە **(الإستقامة)** دەیوت: هەرچی کارێك ئەنجام دەدەن پاك وپوخت و بێگەرد تەنهاو تەنها بۆخودایەﷻ.

**چوارەم:** ڕاو بۆچوونی حەزرەتی(**علي**ﷺ) دەیوت: مەبەست لە **(الإستقامة)** بە جێگەیانــدنی هەمــوو ئەو فەرزانەیە، کە خــودای(ﷻ) واجبــی کــردووە بە بەردەوامی.

**پێنجەم:** الحسن: ئەوانەن کە بەردەوامن لەسەر بە جێهێنان و گوێڕایەڵی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگار هەروەها خۆشیان بەدوور دەگرن لە سەرپێچی و یاخیبوون.

**شەشەم:** ئیمامی (مجاهد) دەیوت:**(إستقاموا)** ئەوانەن کە گەواهی و بڕیاری ئەوەیان داوەو بەردەوامن لەسەر یەکتاپەرستی خوداﷻ کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە زاتی اللّٰه(ﷻ) کە شایەنی پەرستن بێت، تا دوا هەناسەیان لە دنیا لەسەر ئەو ڕێبازەن و هەر لەو پێناوەشدا دەژین و دەمرن[١].

بەردەوام بوون لەسەر خوداپەرستییەکان**(الإستقامة)** لەسەر بنەمای ناسینی زاتی اللّٰه(ﷻ)ە، چەندێك لە خوداﷻ زیاتر بترسێن ئەوەندە زیاتر پابەندی و جیبەجێکاری ئەرك و فەرمانەکانی خوداﷻ دەبن.

لەو بارەیەوە پێغەمبەرﷺ بە هاوەڵانی فەرمووە :**(إنَّما أنا أعلمُكُم باللهِ و أخشاكم له)**[٢].

---

[١] کتێبی(مدارج السالكين لابن قيم الجوزية:٨٧/٢ بەدەستکارییەوە).

[٢] کتێبی(غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام/ محمد ناصرالدين الألباني:ص١٤١ رقم ←

واتە: من لە هەمووتان چاکترو زیاتر خوداﷻ دەناسم وە لە ئێوەش زیاتر لێی دەترسێم، ئەو بەردەوام بوونە(الإستقامة) لەسەر بنەمای زیاتر ناسینی پەروەردگارە، چونکی فەرمان و قەدەغەکارییەکانی پەروەردگار لە بەر چاوی ئەودا گەورەو مەزنن[1].

**لەڕاستیدا زانایان و پیاوچاکانی پێشوو لەو سەردەمە زێرینەدا** ئا بە شێوازە تێگەیشتوون لە واتاو مانای **(الإستقامة)** تەنانەت وتەو گوفتارو ڕەفتاریان گوزارشتی کردووە لەوەی نێو ناخ و دڵ و دەروونیان، چونکی پێشەنگیان لەو پێگەو مەنزڵگەیەدا خودی پێغەمبەرﷺبووە کە بەردەوام ڕێنمایی و ئامۆژگاری کردوون لەسەر بەردەوامیدان لە جێبەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگار، بێ ئەوەی لادەن بەلای ڕاست و چەپدا، بەڵکو هەر لەسەر ئەو ڕێگایە بوون کە بۆیان دیاریکراوە کە ڕێگای ڕاست و حەقیقەتی خوداپەرستییە.

## بەربەستەکانی گەیشتن بە مەنزیلەتی (الإستقامة)

ئاشکرایە پێگەی ڕاستڕەویی و بەردەوام بوون لەسەر خوداپەرستییەکان و جێبەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگار، لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دا گەورەو مەزنن بە جۆرێك ئەوانەی ئەو خەسڵەتەیان کردۆتە بەرنامەی ژیانیان، بێگومان لە کاتی سەرەمەرگ دا فریشتەکان دێن بەرەو پیریانەوەو موژدەو پەیامی پەروەردگاریان پێ ڕادەگەیەنن، بە شادی و خۆشگوزەرانی لە کاتێکدا ئەوان لە ترس و خەم و پەژارەی ئەوەن کە ماڵئاوایی لە دنیاو ماڵ و منداڵ و

---

الحدیث٢٠٨ حديث صحيح).

[1] کتێبی(الفتوحات الوهبية بشرح الأربعين النووية/ العلامة إبراهيم مرعي عطية الشبرخيتي المالكي: ص١٨٤-ومابعدها).

خێزان و دۆست و کەس و کاریان دەکەن، ئالەو ساتە وەختەدا ئەو فریشتانە پێیان دەڵێن: مەترسن لەوەی بەرەو ڕووی دەچن و، خەمگین مەبن، لەوەی کە لە دوای خۆتان بە جێی دێڵن، موژدەتان لێ بێت بە شادی و خۆشی و نازو نیعمەتەکانی ئەو بەهشتەی کە خوداﷻ بەڵێنی پێداون.

بیرتان نەچێت لەبەرامبەر گەیشتن بەو خەسڵەتە بەرزە**(الإستقامة)** بەربەست و لەمپەڕی زۆر هەن لەبەردەم باوەڕداران، کە هۆکارن لە نەگەیشتن بەو مەنزیلەتە، هەوڵ دەدەین لەم بڕگەیەدا هەندێك لەو بەربەستانە بخەینەبەر دیدی ئێوە بۆ ئەوەی لێی دوور بکەونەوە لەوانە[١]:

**بەربەستی**

**کوفرو هاوەڵ پەیداکردن بۆ زاتی(اللّٰهﷻ)**

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:**﴿وَإِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ عَنِ الصِّرَاطِ لَنَاكِبُونَ﴾**[٢].

واتە: بێگومان ئەو کەسانەی باوەڕیان نیە بە ڕۆژی دوایی و قیامەت، ئەوانە لە ڕێگەی ڕاست لایان داوە.

سەرنجتان بۆ ئەو ئایەتە ڕادەکێشم، کە خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:**﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾**[٣].

لەم ئایەتەدا پەروەردگار ڕێنمایی پێغەمبەرﷺ دەکات بەوەی بە بێباوەڕانی مەککە بڵێ: بێگومان من خوداﷻ هیدایەتی داوم بۆ شوێنکەوتنی ئایینی ڕاست

[١] کتێبی( رسالة ماجستير بعنوان/ الإستقامة مفهومها وسبلها
[٢] سورة المؤمنون الآية:٧٣-٧٤.
[٣] سورة الأنعام الآية:١٦١.

و درووست، جا ئێوەش بکەونە شوێن ئەم ئایینە کە (ئیبراهیم) لەسەر بووە، کە لە هەموو جۆرە خراپەو هاوەڵ بڕیاردانێك بۆ خودا ﷻ دوور بووە[1].

کەوابوو: **کوفرو هاوەڵ پەیداکردن بۆ زاتی(اللّه ﷻ)** یەکێکە لەو بەربەست و لەمپەڕو هۆکارانەی ڕێگرە لە گەیشتن بە مەقامی **(الإستقامة).**

**بەربەستی**

**شوێنکەوتنی ڕێچەکی شەیتان**

خودای(ﷻ) دەفەرموویت: **﴿قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ﴾**[2].

شەیتان وتی: بە هۆی ئەوەی لە ڕەحمەتی خۆت دوورت خستمەوەو گومرات کردم، ئەبێ هەموو ڕێگاو ڕێیەکی ڕاستی تۆ کە ئایینی ئیسلامە لە ئادەمیزاد ئەگرم و بە هەڵەیان دەبەم هەتا لە ڕێگە دەربچن[3].




(1) تەفسیری گوڵشەن:١/٦٧٥بەدەستکارییەوە.
(2) سورة الأعراف الآية:١٦.
(3) کتێبی(تەفسیری نامی:٣/١١٥تەفسیری گوڵشەن:١/٦٨٣).

ئەو ئـایەتە پـێمان دەڵێـت: گـرتنەبەری ڕێچـکەی شـەیتانی نەفـرەت لێکـراو ڕێگریـت لێـدەکات، لە گەیشـتن بە مەنزیلەتـی ڕاسـتڕەویی و بەردەوام بـوون لەسەر خوداپەرستییەکان و جێبەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگار، ئەوەش ویسـت و خواسـت و ئامـانج سـەرەکی شـەیتانە کە بـاوەڕداران بەردەوام نەبن لە گوێڕایەڵی و ملکەچییان بۆ پەروەردگار.

**بەربەستی**

**دووبەرەکی جیاوازی**

خودای(ﻷ) دەفەرمووێت:(**وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكم عَنْ سَبِيلِهِ....**)[1].

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺبەو بتپەرستانە بڵێ: بێگومـان ئەمە، مەبەسـتی ئـایینی پیرۆزی ئیسلامە ڕێگای ڕاستی منە کە دوورە لە هەموو جۆرە کەم و کورتییەك، سـا ئێـوەش وەرن شـوێنی بـکەون و پەیـڕەوی بـکەن، مەکەونە شـوێن کـوێرە ڕێگاکان و بەوەیش لە بیروباوەڕدا ببنە چەند تاقم و دەستەی جیاواز لە یەکتر[2].

کەوابوو: ڕێگای ڕاست، **پابەندبوون و بەردەوامیـیە لەسەر بەجێگەیاندنی فەرمانەکـانی پەروەردگـار**، بێگومـان لادان لەو ڕێگـایە بەلای ڕاسـت و چەپـدا بەدڵنیـاییەوە ڕێگـای خـوداﻷ نـیە و دەرئەنجـام و کـاریگەری نەرێنـی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە دووبەرەکی جیاوازی و گروپ و تاقم تاقمییەو لە نێو ڕیزی باوەڕداران، وەکو ئەم سەردەمەی ئێستامان.

**لە کاتێکدا** پێغەمبەرﷺ ئاگاداری شوێنکەتووانی لە مەترسی ئەو دووبەرەکی

[1] سورة الأنعام الآية:١٥٣.

[2] تەفسیری گوڵشەن:٦٧١/١.

و جیاوازییە کردۆتەوە، بڕوانن(عبداللّٰە بن مسعودﷺ) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: **(خطَّ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ خطًّا بيدِه ثم قال: هذا سبيلُ الله مستقيمًا، وخطَّ خطوطًا عن يمينه وشماله، ثم قال : هذه السبلُ ليس منها سبيلٌ إلا عليه شيطانٌ يدعو إليه، ثم قرأ : وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكم عَنْ سَبِيلِهِ)**[1].

**واتە: پێغەمبەر**ﷺ لە نێو هاوەڵانیدا وێنەی خەتێکی ڕاستی کێشاوە لەسەر زەوی فەرموویەتی: ئەوە ڕێگای ڕاستی خودایە(ﷻ)، وە لە تەنیشتی ڕاست و چەپی ئەو هێڵە ڕاستە هێڵی تری کێشاوەو فەرموویەتی: هەر یەکێ لەو ڕێگایانەی تر شەیتانێکی بەسەرەوەیە ئاگادار بن، دواتر ئەو ئایەتەی بۆ خوێندنەوە کە خودای(ﷻ) دەفەرموێت:**(وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكم عَنْ سَبِيلِهِ)**.

**کەوابوو: ئەو جیاوازی و دووبەرەکییەش ڕێگرو لەمپەڕیکی ترە بۆ نەگەیشتن بە مەقامی(الإستقامة).**

**بەربەستی**

**ستەمکاری**

خودای(ﷻ) دەفەرموێت:**﴿ فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلاَ تَطْغَوْاْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ * وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾**[2].

ئەی پێغەمبەرﷺ خۆت ئەو کەسانەیش کە لە گەڵتان و تەوبەیان کردووە بەو شێوەی کە فەرمانت پێدراوە لە گشت کردەوەو قسەو بیروباوەڕێکتاندا بەردەوام

[1] کتێبی( المسندللإمام أحمد بن حنبل:١٥٥/٤ رقم الحديث٤١٤٢ إسناد صحيح).
[2] سورة هود الآية:١١٢-١١٣.

و ڕاوەستاو بن **لە سنووری ئەو ڕێبازەی بۆتان دیاریکراوە لامەدەن و مەترازێن،** بێگومان خودا‌ﷻ زۆر ئاگادارو بینایە بەگشت کردەوەیەکتان، سەرنج بدەن خوالێخۆشبوو مامۆستا (نیزامەددین) لە تەفسیرەکەیدا سەبارەت بەو ئایەتە دەڵێت: جا قوڕ بەسەر ئەوانەی کە پاڵ بە سەرۆکەکانی دەستەڵاتدارانی ستەمکارەوە دەدەن و مەراییان بۆ دەکەن وەك، هەندێك لە ڕۆژنامەنووس و هەندێك خۆ بەئایین زان و غەیری ئایینی بێگومان ئەم هەرەشە ترسناکە هەموو ئەوانەیش دەگرێتەوە)[1].

کەواتە: ترازان و لادان و ستەمکاری وپشتیوانی و هاوکاریکردنی کەسی ستەمکار، بە هەر جۆرێك بێت، بە ماددی بێت یان مەعنوی، **بەدڵنیاییەوە ستەمکاریی و لاچوونە،** لەسەر **ئەو ڕێگا ڕاستەی پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا باسی لێوەکردووە و فەرمانیشی بە پێغەمبەرﷺو شوێنکەوتووانیشی کردووە کە لا نەدەن بە لای ڕاست و چەپدا سنوور نەبەزێنن،** چونکی ئەو جۆرە کردەوانە ڕێگرو بەربەستی حەقیقین لەبەردەوام بوون**(الإستقامة)** لەسەر خوداپەرستییەکان وکاری چاکەخوازی و جێبەجێ کردنیان.

**بەربەستی**

**کەوتنەشوێنی کەسی نەزان و جاهیل**

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:**﴿ قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَانِّ سَبِيلَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾**[2].

خودا‌ﷻ فەرمووی: دوعاکانتان وەرگیرا، ئێوە لەسەر ڕێنمایی کردن و ئامۆژگاریی کردنی خەڵکی بۆ سەر ڕێگای ڕاست بەردەوام بن و خاوەن ئیستیقامە بن لەسەر ئەو ڕێبازەی کەوا لەسەرین، **مەکەونە شوێن ڕێگای**

---

[1] تەفسیری گوڵشەن:٢/٢٤٧.

[2] سورة يونس الآية:٨٩.

**ئەوانەی کە تێنەگەیشتوون** و بە پەلەن بۆ هاتنە دی ئەو بەڵێنانەی کە خودا ﷻ داویەتی[١].

کەوابـوو: **شـوێنکەوتنی ئەوانەی نەزان و تێنەگەیشـتوون هۆکارێـك و بەربەستیکی ترە لە نەگەیشتن** بە مەنزیلەتی **(الإستقامة).**

**بەربەستی**

**کەوتنەشوێنی هەواو ئارەزووەکان**

خـودای(ﷻ) دەفەرمووێـت:**﴿فَلِـذَٰلِكَ فَـادْعُ وَاسْـتَقِمْ كَـمَا أُمِـرْتَ وَلَا تَتَّبِـعْ أَهْوَاءَهُمْ..﴾**[٢].

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێگەی خوداو یەکتاپەرستی پەیامی پەروەردگارییان پی ڕابگەیەنە بەو شێوازەی فەرمانت پێدراوە، ڕێگای ڕاست بگرەبەر مەکەوە شوێن ئارەزووی پووچی بتپەرستانە[٣].

ئەو ئایەتە پێمان دەڵێت: شوێنکەوتنی ئارەزوو هۆکارو بەربەست و ڕێگرێکی ترە لە نەگەیشتن بە خەسڵەتی بەردەوام بوون**(الإستقامة)** لەسەر بەجێگەیاندنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و فەرمان و ئەرکەکانی **خودا** ﷻ.

**پوختەی بابەتەکە**

***(الإستقامة)** کۆکراوەی هەموو کردەوەیەکی چاك و خێرو ڕاست و درووست و پێکـانی ڕازو نیـازو نـیەتە، لە گوفتـارو کـرداردا جـا خوداپەرستی بێـت یـان مامەڵەکردن بێت، یان هەر شتێکی تر بێت.

* فەرموودەکە پەیامە بۆ هەموو موسڵمانێك، کە بڕاوبوون بەزاتـی(**اللهُ** ﷻ) و

---

[١] تەفسیری گوڵشەن:١٨٢/٢.
[٢] سورة الشورى الآية:١٥.
[٣] کتێبی(تەفسیری نامی:٥٤٤/٥تەفسیری گوڵشەن:٦٥٧/١ بەدەستکارییەوە).

بەردەوام لە بەجێگەیانــــدنی ئەرك و فەرمانەکـــانی پەروەردگـــار کرۆکـــی ئیسلامەتییە.

**(الإســـتقامة) بەردەوام بـــوون خـــۆڕاگریی و جـــوامێری و ســـەرفرازی و سەرکەوتنە لە گۆڕەپانی ململانیکردنی نێوان خێرو شەڕ، چاکەو خراپە، بڕوانن پەروەردگار چەند بە جوانی باسی چاکی و باشی بارودۆخی ئەوانەی کردووە، کە خۆڕاگرو بەردەوامن لە خوداپەرستییان، بەجۆرێك لە کاتی مردنیاندا فریشتەی ڕەحمەتیان بۆ دێتە خوارەوەو، موژدەیان پێ دەدەن، لەو بارەیەوە پەرموەردگار فەرموویەتی :﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ أَلا تَخَافُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾[١].

***فەرموودەکە فێری ئەوەمان دەکات کە جەخت کردنەوە لەسەر چۆنیەتی چڕ کردنەوەی پرسیارکردن و گەیشتن بە زۆرترین زانیاری و پێکانی ئامانج و مەبەست بە کورتترین وەڵام.**

[١] سورة فصلت الآية:٣٠.

## فەرموودەی بیست و دوو ئەو شتانەی دەمانباتە بەهشتەوە

## (ما يَكُونُ سَبَباً لِدُخُولِ الجنة)

**عَنْ أَبيْ عَبْد الله جَابِر بن عَبْد الله الأَنْصَارِيِّ رضي الله عنه أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النبيﷺفَقَالَ: أَرَأَيتَ إذَا صَلَّيْتُ المَكْتُوبَات، وَصُمْتُ رَمَضانَ، وَأَحلَلتُ الحَلاَلَ، وَحَرَّمْتُ الحَرَامَ، وَلَمْ أَزِدْ عَلى ذَلِكَ شَيئاً أَدخُل الجَنَّة؟ قَالَ: نَعَمْ**[1].

لەڕاستیدا ئەو فەرموودەیە پێمان دەڵێت: **دوو جۆرە پرسیار هەن** کە پێویستە مرۆڤ بیانزانێت و وەڵامەکانی وەربگرێت، **یەکەمینیان** ئەو جۆرە پرسیارەن تەنها پەیوەستن بە ژیانی دنیاوە، **دووەمینیان** ئەو پرسیارانەن کە پەیوەستن بە ئایندەی مرۆڤەوە مەبەستمان ڕۆژی دواییە(قیامەت)، چونکی ئامانج لە ژیانی دنیا چۆنیەتی بەدەستهێنانی ڕەزامەندنی خودایە ﷻ وە چوونە بەهەشتە، نەك بونیادنان و ئاوەدانکرنەوەی دنیا لەسەر حیسابی وێرانکردنی ئاخیرەت.

تەماشا بکەن ئەو کابرایە بۆ وەڵامی چەند پرسیارێکی دیاریکراو لە خولیایدا پەنگی خواردبووەوە، هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ وتی: پێم بڵێ: ئەگەر ئەو پێنج نوێژە فەرزەی ئەرکەو لە ئەستۆمدایە، بە جێی بگەیەنم و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانیش بگرم، وە ئەوەی کە حەڵاڵە بە حەڵاڵم زانی وە ئەوەی حەرام و قەدەغە کراوە بە حەرام و قەدەغەم زانی، نەمکردو توخنیشی نەکەوتم ئاخۆ دەچمە بە هەشتەوە؟؟؟ فەرمووی: بەڵێ.

---

[1] کتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي:٣٠/٢رقم الحديث١٥كتاب الإيمان- باب أركان الإسلام ودعائمه العظام).

بڕوانن ئەو کابرایە تەنها ئەو پرسیارەی لە پێغەمبەرﷺ کرد، وەکو ئەرك و فەرمان چی لە ئەستۆیدایە جێبەجێی بکات وە هەروەها چی حەڵاڵ و حەرامە؟؟؟؟ سەرنج بدەن لە نێو ئەو پرسیارانەدا باسی هیچ سوننەتێکی نەکرد تەنانەت بەلاشیدا نەڕۆیشت.

(**ابن الصلاح الشهرزوری**)[1]،دەڵێت: وتەی ئەو کابرایە بەو مانایەش نیە کە سوننەتەکان و زیادە نوێژی تر ناکەم، بەڵکو زیاتر مەبەستی ئەوەیە خوداﷻ چیفەرزی کردووە هەر ئەوە دەکەم، بەڵام نوێژو خوداپەرستییەکی تر لەسەر خۆم فەرز ناکەم کە خوداﷻ فەرزی نەکردبێت[2].

**ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی** کە پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا لێپێچینەوە لە ئەرك و فەرمانەکان دەکات، چونکی واجبە دەبێت جێبەجێ بکرێت ئەگینا سزا دەدرێت لەسەرنەکردنی، **بەپێچەوانەوە لەسەر نەکردنی سوننەتەکان هیچ لێپێچینەوەیەك نیە.**

**نموونەی**: سیواك کردن لەکاتی نوێژو دەست نوێژگرتن سوننەتە ئەگەر نەکرا ئاساییەو سزای نیە، دەست نوێژی پێش خۆشۆردن وە پێش نووستن و کورت

[1] أَبُو عَمْرو عُثْمَانُ ابْنُ المُفْتِي صَلاَح الدِّيْن عَبْدِ الرَّحْمَن بن عُثْمَانَ بن مُوْسَى الكردي، الشَّهْرُزُوْرِيُّ الشَّافعي، المَوْصليُّ المعروف بَابن الصلَاح (٥٧٧ - ٦٤٣ هـ- ١١٨١م - ١٢٤٥م) أحد علماء الحديث تفقه على والده المعروف بشهرزور، ثم قام برحلات في بلاد العالم الإسلامي لطلب العلم، سمع من: عبيد الله بن السمين، ونصر بن سلامة الهيتي، ومحمود بن علي الموصلي، وأبي المظفر بن البرني، وعبد المحسن بن الطوسي، قال عنه ابن خلكان : «كان أحد فضلاء عصره في التفسير والحديث والفقه وأسماء الرجال وما يتعلق في علم الحديث ونقل اللغة وكانت له مشاركة في فنون عديدة وكانت فتاويه مسددة وهو أحد أشياخي الذين أنتفع بهم، توفى ابن الصلاح بدمشق في سحر الأربعاء الموافق ٢٥ ربيع الثاني سنة ٦٤٣ للهجرة، دفن في مقابر الصوفية بدمشق، من مؤلفاته: علوم الحديث أو معرفة أنواع علم الحديث المعروف بمقدمة ابن الصلاح، صيانة صحيح مسلم، أدب المفتي والمستفتي فوائد الرحلة، الأمال الفتاوى جمعه بعض أصحابه، شرح الوسيط في فقه الشافعية، صلة الناسك في صفة المناسك، أحاديث في فضل الإسكندرية وعسقلان.کتێبی(سير أعلام النبلاء:١٤٠/٢٣ تسلسل١٠٠، وموسوعة الحرة).

[2] کتێبی(صيانة صحيح مسلم من الإخلال والغلط وحمايته من الإسقاط والسقط/ لابن الصلاح:ص١٣٨ بەدەستکارییەوە).

کـردنەوەی نینـۆك و زیکـرو تەسـبیح کـردن پـێش نووسـتن سـوننەتە، ئەگەر نەشکرێت لێپێچینەوەی لەسـەر نـیە ، بە هەمـان شـێواز نەکردنی نـوێژی دەست نوێژگرتن (سنة الوضوء) تاوان نیە.....هتد.

ئەوەش دەلالەتە لەسـەر ئەوەی لێپێچینەوەو سـزا نـیە لەسـەر نەکردنـی سوننەت، چونکی پێناسەی سوننەت **ئەوەیە بەکردن و جێبەجێ کردنی پاداشت دەکرێت بە نەکردنیشی سزا نادرێت،** ئەوەش بەو مانـاو واتایە نیە کە مرۆڤی باوەڕدار پشت لەو سوننەتانە بکات و پشتگوێیان بخات، یان هەر نەیان کات.

**بۆ زانیاریتـان** هەرکەسێك بە هیچ جۆرێك سوننەتەکانی نەکرد، ئەوا خێرو پاداشـتی زۆری لە دەسـت خـۆی داوە، **بەردەوام بـوونیش لە تەرککردنـی سوننەتەکان بەڵگەیە لەسەر کەمی و لاوازی دینداری کەسەکە،** بەڵام ئەگەر هـاتوو حەزی پێـی نەبـوو وە گـوێی بە سـوننەتەکان نەدەدا، بێگومـان بەوە لە فەرمانی خودای گەورە دەرچووەو گوێڕایەڵی نەبووەو(فاسق) بـووە، پێویستە لەسەری پەشیمان بێتەوە[١].

بڕوانن سەبارەت بە گرنگی نوێژە فەرزەکان خوداﷻچی دەفەرمووێت: **﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا﴾**[٢].

واتە: بێگومـان نـوێژ فەرمـانێکی پێویسـت و کـات دیـاریکراوە، بە هـیچ شێوەیەك درووست نیە سستی تیادا بکرێ[٣].

ئەو دەقەپیرۆزەی قورئان گرنگی و پێگەی نوێژمان بۆ ئاشکرا دەکات لای پەروەردگار بە هیچ جۆرێك نابێت کەسی ئیماندار سستی و تەمەڵی بکات لە بە

---

[١] کتێبی(المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم للحافظ أبي العباس إبراهيم القرطبي:١٦٦/١رقم الحديث١١كتاب الإيمان- باب من اقتصر على فعل ما وجب عليه، المعين على تَفَهُّمْ الأربعين/ لابن الملقن:ص٢٦٨، بەدەستکارییەوە).

[٢] سورة النساء الآية:١٠٣.

[٣] تەفسیری گوڵشەن:٤٥٤/١.

جێگەیاندنی تەنانەت ئەگەر نەخۆش بوو یان لەسەرفەردا بوو ، دەبێت هەر بکرێت بە پێی توانا، نەکردنی نوێژ تاوان و گوناهێکی گەورەیە بەبێ پاساوی شەرعی.

بیرمان نەچێت پێغەمبەرﷺ تا دوا ساتەکانی ژیانی هەر لە دەیفەرموو:(الصلاةَ الصلاةَ)، نوێژ نوێژ، هەر لە خەمی ئەوەدا بووە ئوممەتەکەی گرنگی بە نوێژەکانیان بدەن و فەرامۆشی نەکەن، هەروەها یەکەم کردەوەیە لە مافەکانی پەروەردگار بەسەر بەندەکانییەوە لە ڕۆژی دواییدا لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت، سەرنج بدەن لەو بارەیەوە پێغەمبەرﷺ چی دەفەرموویت: (**أولُ ما يحاسبُ بِه العبدُ يومَ القيامةِ الصَّلاةُ ، فإنْ صَلَحَتْ ، صَلَحَ سائِرُ عَمَلِه ، و إنْ فَسَدَتْ فَسَدَ سائِرُ عَمَلِه**)[1].

له ڕۆژی قیامەتدا یەکەم شت کە هەموو کەسێك لێپرسینەوەی لێدەکرێت لەسەری نوێژەکەیەتی، ئەگەر بە ڕێك و پێکی بە مەرجەکانییەوە ئەنجامی دابوو بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەموو کارو کردەوەکانی تری بۆ ئاسان دەکرێت و لێی وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر کەم و کورتی لە جێبەجێ گەیاندنی نوێژەکانی هەبوو، بێگومان ئەوا کاروکردەوەکانی تری لێ وەرناگیرێت و خراپ دەبن.



[1] کتێبی(صحيح الترغيب والترهيب للألباني:٢٧٤/١رقم الحديث٣٧٦كتاب الصلاة-باب الترغيب في الصلوات الخمس، حديث صحيح لغيره).

## کاریگەری نوێژ لەسەر نوێژخوێن

تەماشا بکەن پەروەردگار چی دەفەرموویت:﴿**إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ**﴾[1].

واتە: بێگومان نوێژکردن بە دڵێکی بێدارو هۆشیارەوە ئادەمیزادی موسڵمان لە کاری خراپ و ناشیرین و ئیشی بێ کەڵك دەگێڕێتەوەو نوێژخوێنەکەش لە نزیکبوونەوەی گوناهو خراپە دەپارێزێت، یادکردن و ناوهێنانی خوداﷻبە دڵێکی بێدارو هۆشیارەوە کارێکی زۆر گەورەیە، خوداﷻ ئاگادارەو دەزانێت چی دەکەن و چی دەڵێن و چۆن دەجووڵێنەوە؟![2].

کەواتە : ئەم ئایەتە پیرۆزە باشترین پێوەرە بۆ هەموو ، ئەوانەی نوێژ دەکەن ئاخۆ نوێژەکانیان کاریگەری لەسەریان هەیە یاخود نا ؟؟؟؟؟؟؟ ئیتر پێویست ناکات کەس خۆی هەڵبخەڵەتێنێ ئەگەرنوێژخوێن بەدوور بوو لەئەنجام دانی کاری نەشیاووخراپە کردن ئەوە هیمایە بۆ قبوڵ بوونی نوێژەکە ئەگینا دەبێت بە خۆیدا بچێتەوە چونکە ، ئەو پێوەرە زۆر هەستیارە کەسی نوێژخوێن ناتوانێت لێی دەرباز بێ بە ئاسانی هەموو کەسێك خۆی چاك دەناسێت، خودای مەزنیش فێڵی لێ ناکرێت.

باوەڕتان بێت ئەو کەسانەی دووچاری خراپەکردن وکاری نەشیاو بوون بیانەوێت ڕزگاریان بێت لەو کارە نا بەجێیانە، با دەست بکەن بە نوێژکردن ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بە کاریگەری ئەو نوێژە دەکەن دوای ماوەیەك خۆیان دەبیننەوە چۆن دوور کەوتوونەتەوە لەو خراپەکارییانە چونکە ، پێوەري قبوڵ کردنی نوێژەکان لای خودای باڵادەست زۆر روون و ئاشکرایە دەفەرموویت: (إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ....).

[1] سورة العنكبوت الآية:٤٥.

[2] تەفسیری گوڵشەن:٢٧٠/٣بەدەستکارییەوە.

سەرنجتان بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ ڕادەکێشم چۆن پێناسەی نوێژ دەکات ، وە چەندێکیش پەیوەستە بەو ئایەتەوە باسی ئەوە دەکات،نوێژکردن دوورتان دەخاتەوە لە کاری نابەجێ و خراپە کردن دەفەرمووێت: (الصَّلاةُ نورٌ) [1].

واتە : نوێژکردن ڕووناکییە دەستەواژەی (نور) ڕووناکی بەرامبەر تاریکییە ، بڕوانن مرۆڤ کاتێك لە ڕووناکیدا بێت تووشی هیچ شتێکی نامۆ و دژوار نابێت لە بەرئەوەی بەرچاوی رۆشنە و خۆی دەپارێزێت لەو شتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە بە پێچەوانەوە هەرکاتێکیش لە تاریکیدا بوو تووشی زۆر شتی نەخوازارو دەبێ وە ناشتووانی خۆی لێ بپارێزی.

کەوابوو: تاوان و گوناە کردن تاریکییە، بۆ ڕۆشن کردنەوەی ئەو تاریکییە تاکە چارەسەر نوێژکردنە بە ناخ و دڵ و دەروونێکی بێگەردو پاك و خاوێنەوە، چونکی ئەوە وتە و بەڵێنی پێغەمبەرە کە دەفەرمووێت:(الصَّلاةُ نورٌ)، ئەو وتەیەش سەرچاوەکەی دەقی قورئانی پیرۆزە کەدەفەرمووێت: (إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ....)[2].

چۆن ئەو لایتەی خۆڵی بەسەرەوە بێت رۆشناییت پێنابەخشێت، نوێژێکیش دوورت نەخاتەوە لە خراپەکاری و گوناهو تاوان، بە نوێژ هەژمار ناکرێت لای خوداﷻ.

**شاعیری کورد(سامی عەودالّ)، سەبارەت بە نوێژ دەڵێت**[3]:

ئەمە قەولێکە لە قەولی ئیلاه    نوێژ مەنعت ئەکا لە کردنی گوناه

---

[1] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٥/٣ رقم الحديث ٢٢٣ كتاب الطهارة – باب – فضل الوضوء).

[2] سورة العنكبوت الآية:٤٥.

[3] کتێبی( دیوانی سامی عەودالّ:ص١٦٣).

یەعنی نوێژکەران ئەگەر ڕاست ئەکەن ئەو نوێژکەرانە گوناهی ناکەن
گوناهی بکەن لە نوێژ کەزابن دەبێ نوێژکەران لە گوناه جودابن

**نوێژ خۆشەویسترین خوداپەرستییە**

سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕادەکێشم سەبارەت بە خۆشەویسترین کردەوە لای پەروەردگار،(ابنُ مَسْعُودﷺ) دەڵێت: (**سَأَلْتُ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: أيُّ العَمَلِ أحَبُّ إلى اللَّهِ؟ قالَ: الصَّلاةُ علَى وقْتِها........**)[١].

؟؟؟ هەر لەبەر ئەوەشە کە دەڕوانیتە ئەو پرسیارەی (ابنُ مَسْعُودﷺ)کە لە پێغەمبەریﷺ دەکات و دەپرسێت ئایا خۆشەویسترین کار بەلای پەروەردگارەوە کامەیە؟؟؟

لە وەڵامیدا دەفەرموێت: جێبەجێکردنی نوێژەکانە لە کات و ساتەکانی خۆیدا، کەوابوو: هەرچی خوداﷻ پێی خۆشبێت بێت، تۆی موسڵمانیش دەبێت ئەوەت پێ خۆش بێت.

بەتایبەت لەو کاتانەی دەست نیشان کراون بە پێی قورئانی پیرۆزو فەرموودە سەحیحەکانی پێغەمبەﷺچونکە ، لە بەیانییەوە هەتا شەو بەندەکانی خودا لە کاروکاسبیدان هەر کەسە خەریکی پیشەی خۆیەتی لەو ماوەیەدا سەرقاڵی کارن ماوە ماوە پێویستیان بە چالاك کردنەوەو ئارامی بەخشین هەیە بە ڕۆحیان لەڕێی جێبەجێ کردنی نوێژەکانەوە هەر لە خۆوە پێغەمبەرﷺبە حەزرەتی بیلال نەفەرمووە : (يَا بِلاَلُ أَقِمِ الصَّلاَةَ أَرِحْنَا بِهَا)[٢].

---

[١] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٣/٢رقم الحديث٥٢٧كتاب مواقيت الصلاة – باب فضل الصلاة لوقتها).

[٢] کتێبی(سنن أبي داود:٣٣٨/٧ رقم الحديث ٤٩٨٥ باب, في صلاة العتَمَة, حديث صحيح).

ئەو فەرموودەیە ئەگەرچی، باس لە گرنگیدان بە نوێژو جێبەجێکردنی لە کات و ساتەکانیدا دەکات، بەڵام ئاماژەیەکی تێدایە سەبارەت بە گەورەیی نوێژکردن، وە دەبێت شوێنکەوتووانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پەروەردە بکرێن لەسەر ئەو خوداپەرستییە کە چەندێك خۆشەویستە لە نەزەری پەروەردگار.

تەماشا بکەن هەر سەبارەت بە بەرپرسیارێتی و پەروەردەکردنی ماڵ و منداڵ و خێزان پەروەردگار چی **بە پێغەمبەر**ﷺ دەفەرموێت:**﴿وَأۡمُرۡ أَهۡلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصۡطَبِرۡ عَلَيۡهَا.....﴾**[1].

تەماشا بکەن لەو ئایەتەدا پەروەردگار فەرمان دەکات بە خودی پێغەمبەرﷺ کە فەرمان بکات بە ماڵ و خێزان و کەس وکاری بە نوێژکردن هەروەها، بە خۆراگری و ئارام گرتن لەبەرامبەر ئەو **پەروەردەکردنەی** خێزان و گرنگیدان پێیان دیارە ئەو فەرمانەی پەروەردگار ئەگەرچی، بۆ پێغەمبەرەﷺبەڵام هەموو ئوممەتەکەی دەگرێتەوە.



**نوێژکردن برایەتی بەرهەم دێنێت**

**خودای(ﷻ) دەفەرموێت:﴿فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ﴾**[2].

[1] سورة طه الآية:١٣٢.
[2] سورة التوبة الآية:١١.

ئەو ئایەتە باس لە پەشیمانی و تەوبەی بێباوەڕان دەكات پەروەردگار دەفەرمووێت هەركاتێك ئەو بێباوەڕانە تەوبەیان كرد گەڕانەوە نوێژیان بەجێگەیاند و زەكاتیان دا، ئەوا براتانن لە باوەڕداریتان.

تەوبەو پەشیمان بوونەوەی بێباوەڕان + بەجێهێنانی نوێژو زەكات= برای ئیمانیتان

## نوێژ خەمەكان دەڕەوێنێت

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ * فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ* وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾[1].

ئەم پەیامە ئەگەرچی بۆ پێغەمبەرە ﷺ بەڵام هەموو شوێنكەوتووانی دەگرێتەوە ئاشكرایە بێباوەڕانی مەككە كاتێك بەو وتەی تاڵ و ناشیرین و كوفر ڕووبەڕووی دەبوونەوە پەروەردگاریش ڕینمایی و ئامۆژگاری پێغەمبەر دەكات و دەفەرمووێت: ئێمەچاك دەزانین كە تۆ بەقسەو كردەوە خراپەكانی ئەوانە دڵت تەنگ دەبێت و بەبێ باوەڕیی وبتپەرستنیان خەم ڕوت تێدەكات، ئەی پێغەمبەر سوپاسگوزاری خودا بكەو پاكی وبێ گەردیی بۆ بڕیار بدەو زۆر یادی بكەرەوەو ناوی بێنەو، نوێژ بكەو سەجدەی بۆ بەرە، كەە شەرەفی پێغەمبەریەتی پێ بەخشیویت و بەرزی كردوویتەوە، بەندایەتی خودای خۆت بكەو بەردەوام بیپەرستە، تا كاتی مردنت دێت، كە مردن شتێكی ئاشكرایەو دێت[2].

بەڕاستی نوێژكردن دڵ و دەروونی پێ ئارام دەبێتەوە هەركاتێ پێغەمبەر ﷺ تووشی خەم و پەژارەو ناخۆشییەك بوایە پەنای ئەبردە بەر نوێژ كردن بڕوانن حذیفة (خودا لێی ڕازی بێ) چی دەفەرمووێت: (**كانَ النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ عليْهِ وسلَّمَ إذا حزبَهُ أمرٌ صلَّى**)[3].

---

[1] سورة الحجرالآية:٩٧-٩٩.

[2] تەفسیری گوڵشەن: ٣٨١/٢بە دەستكارییەوە.

[3] كتێبی(عون المعبود على شرح سنن أبي داود / رقم الحديث ١٣١٩ ص٦٥٦ كتاب الصلاة , حديث ←

ئەوەتا پێغەمبەرﷺ فێری ئەوەمان دەكات،كاتێ دووچاری ناخۆشی و خەم و پەژارەو و دڵتەنگییەك دەبن، باشترین ڕێگە چارەسەر بۆ دەرباز بوون لەو حاڵەتە دروونییە ناجێگیرو بارودۆخە ئاڵوزە، نوێژكردنە سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺچی دەفەرمووێت: دەستبەجێ پەنا بۆ نوێژو موناجات بكەن و داوا لە خودای میهرەبان بكەن، بۆئەوەی دڵ و دەروونتان ڕۆشن ئارام بكاتەوە هەروەكو، چۆن پێغەمبەرﷺ دەیفەرموو: (**يَا بِلاَلُ أَقِمِ الصَّلاَةَ أَرِحْنَا بِهَا**)[١].

واتە: **ئەی بیلال ئارامیمان پێ ببەخشە هەستە بانگ بدە تا وەكو نوێژ بكەین.**



هۆكاری ئەو خەم وپەژارەو دڵتەنگی و ناخۆشییانە بە هۆی دنیاوە دووچاری بوونە هەر بەدووركەوتنەوەتان لە دنیا لە ڕێی نوێژكردنەوە ڕێك ڕوحتان پەیوەست دەبێت بە خوداوەندەوە هەر بۆ خۆی ئەو ماوەیەی بە نوێژەوە خەریكن فشاری دنیاتان لەسەر نامێنێت و ئارام دەبنەوە.

**نوێژخوێن و پەیمانی خوداﷻ بە چوونە بەهەشت**

**خَمسُ صَلَواتٍ كَتَبهنَّ اللهُ على العبادِ، فمن جاء بهنَّ لم يُضَيِّعْ منهنَّ شَيئًا**

حسن).

[١] كتێبی(كتێبی(سنن أبي داود:٣٣٨/٧ رقم الحديث ٤٩٨٥ باب, في صلاة العتَمَة, حديث صحيح).

**استخفافًا بحَقِّهنَّ، كان له عند الله عَهدٌ أن يُدخلَه الجنَّةَ، ومن لم يأتِ بهنَّ فليس له عندَ اللهِ عَهدٌ؛ إن شاء عَذَّبه، وإن شاء أدخَلَه الجنَّةَ)**[١].




هەڵبەتە  دیاری کردنی کاتی نوێژەکان لە لایەن خودای باڵادەستەوەیە ئەمەش حیکمەتـی زۆری تێـدایە بەنـدەکانی خـوداﷻ لە سـەرلەبەیانییەوە تـا خەوتنـان دووچاری تـاوان وگونـاه دەبنەوە پێویستیان بەوە  هەیە پاك ببنەوە لەو گوناهانە ئەویش لەڕێی ئەو نوێژانەوە ڕزگاریان دەبێت.

## نوێژو سڕینەوەی گوناهەکان

بەردەوامبوون لەسەر نوێژکردن ۆکارە بۆ سڕینەوەی گوناهەکان تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: (الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ، وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ، وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ، مُكَفِّرَاتٌ مَا بَيْنَهُنَّ، إِذَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ)[٢].

---

[١] کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ١٤٢٠ ص٦٩٢كتاب الصلاة- باب فيمن لم يوتر، حديث صحيح).

[٢] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الإمام النووي:٢٠/٣ رقم الحديث ٢٣٣ كتاب الطهارة).

واته: پێنج نوێژه فەرزەکە ، جومعە بۆ جومعە، لە ڕەمەزانەوە بۆ ڕەمەزان ، لە نێوانیاندا هەر گوناهێکی بچووك ئەنجام درا بێت خودای مەزن لە هەموو ئەو گوناهانە خۆش دەبێ، بەو مەرجەی لە تاوان و گوناهی گەورەو دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و پارەو سامانی خەڵکی، دووره پەرێزی کرابێت.



ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (**مثلُ الصَّلواتِ الخمسِ كمثلِ نهرٍ جارٍ على بابِ أحدِكم يغتسِلُ منه كلَّ يومٍ خمسَ مرَّاتٍ**)[1].

ئەم فەرموودەیە هەر وەك چۆن باس لە گەورەیی و گرنگی دەست نوێژگرتن دەکات، کەسێك ڕۆژی پێنج جار خۆی بشۆرێت چەندێك پاك و خاوێن و بۆن خۆش دەبێت و بۆنی ناخۆشتان پێوە نامێنێت، بە هەمان شێوازیش ئاماژە بۆ **پاداشتی نوێژە فەرزەکانیش دەکات**، کە هۆکارن بۆ سڕینەوەی گوناهەکان بەتایبەت گوناهە بچووکەکان بەو مەرجەی مافی خەڵکی پێشێل نەکەن.

**نووسەر (عبدالله زەنگەنە) سەبارەت بەنوێژکردن دەڵێت:**

[1] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري: ١٥/٢رقم الحديث ٥٢٨ كتاب مواقيت الصلاة- باب، الصلوات الخمس كفارة)

لەکانییەکی زولاڵی بن تاوێری چیایەکی ئەم کوردستانەمدا

دەستنوێژ دەگرم و لەسەر تاوێرەکەیش

لەنوێژێکی نەشئە بەخشدا

گەشتی گەیشتنم بەخودا دادەبەستم

**حوکمی نوێژنەکەر(حکم تارك الصلاة)**

ئاشکرایە **نوێژ** دووەم پایەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە لە دوای گەواهی وشایەتی دان بەوەی **کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت بە هەق تەنها زاتی(اللَّهﷻ) نەبێت، (محمد)یشﷺ نێردراوی خودایەﷻ**، لە مەککە لە ٢٧ ڕەجەب پێش هیجرەتی پێغەمبەرﷺبە ١٨ مانگ فەرز بووە[١].

تێکرا فوقەهاو زانایانی ڕێبازە فیقهییەکان هاوڕاو کۆدەنگن لەسەر ئەوەی **هەر کەسێك بڕوای نەبێت بە فەرزبوونی نوێژو ئینکاری واجب بوونی بکات کافرە، بەپێی شەرع**[٢].

جا ئەو کەسەی کە کافر دەبێت، کۆمەڵە حوکم دەیانگرێتەوە لەوانە:

**یەکەم** : ژنی لێ مارە ناکرێت، وە ئەگەر ڕەگەزی مێینەش بن نابێت پیاوی موسڵمان مارەی بکات، سەرنج بدەن پەروەردگار سەبارەت بە زەواجی ئەوانەی بێباوەڕن چی دەفەرمووێت:**﴿ وَلَا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ ..﴾**[٣].

---

[١] کتێبی(مواهب الجليل لشرح مختصر خليل/للحطاب الرعيني:٧/٢، و رد المحتار على در المختار شرح تنوير الأبصار:٤/٢).

[٢] کتێبی(بداية المجتهد ونهاية المقتصد:١٧٨/١ المسألة الرابعة، و مواهب الجليل لمختصر خليل للحطاب المرعيني:٦٧/٢، والمغني لابن قدامة:١٨٠/٣ مسألة٣٢٩، و مغني المحتاج الخطيب الشربيني:٥٩٠/١، الفقه وأدلته للزحيلي:٦٥٨/١).

[٣] سورة البقرة الآية :٢٢١.

واتە: ئەو ئافرەتانەی بێباوەڕن مارەیان مەکەن هەتا باوەڕ دەهێنن و موسڵمان دەبن، بە پێچەوانەشەوە مارەی ژن مەبڕن لەو پیاوانەی بێباوەڕن هەتا ئەو کاتەی دێنە نێو بازنەی ئیسلامەوە،﴿**وَلَا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا....**﴾[1].

**دووەم:** هەر کاتێکیش مرد، نە دەشۆرێت، نەکفن دەکرێت تەنانەت نوێژیشی لەسەری ناکرێت وە لە گۆڕستانی موسڵمانانیش نابێت بنێژرێت.

**سێهەم:** ئەگەر زیندوو بێت میرات ناگرێت لە کەس و کاری موسڵمانی چونکی ئەو بێباوەڕو کافرە، هەرکاتێکیش مرد کەس میراتی لێناگرێت.

هەندێك لەفوقەهاو زانایان دەڵێن: **ئەگەر هاتوو کەسێك بڕوای بە فەرزبوونی نوێژ هەبوو، بەڵام لەبەر تەمەڵی و کەمی دینداری نەی دەکرد، بێگومان ئەوە پێی کافر نابێت** بەڵکو تەنها ئەوە تاوان و گوناهی گەورەی ئەنجام داوە، (فاسق)ەو یاخیبووە لەو ئەرك فەرمانەی کە پەروەردگار لێی داواکردووە بەجێی بگەیەنێت، تەنانەت **(أبوحنيفة)وهاوەڵانی** لەسەر ئەوەن کە ئەوەی نوێژ ناکات و تەرکی دەکات لەبەر تەمەڵی، نەکافر دەبێت وە نەدەکوژرێت، بەڵام سزا دەدرێت، زیندانی دەکرێ و لێشی دەدرێت لەسەر نەکردنی نوێژ[2].

هەروەها هەندێکی تر لە فوقەهازانایان لەوانە: (**إبراهيم النخعي وابن المبارك وأحمد بن حنبل واسحاق بن راهوية** دەڵێن: (**إلى أَنَّ تارِكَ الصَّلاةِ عَمْداً مِنْ غَيْرِ عُذْرٍ حتى يَخْرُجَ وَقْتها كافِر**)[3].

واتە: هەرکەسێك بەبێ پاساوێکی شەرعی نوێژێکیەو تەرك کرد، تا بەسەرچوونی کاتی دیاریکراوی نوێژە، ئەوا کافر دەبێت، بەڵام بەپێی

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] کتێبی(بداية المجتهد ونهاية المقتصد:١٧٨/١ المسألة الرابعة، و رد المحتار على در المختار شرح تنوير الأبصار:٤/٢، معالم السنن للإمام أبي سليمان الخطابي:٣١٤/٤).

[3] کتێبی(معالم السنن للإمام أبي سليمان الخطابي:٣١٤/٤).

تێگەیشتنی پێچەوانە (مفهوم المخالفة)[1]، ئەگەر کەسێك بە دەست ئەنقەست **نوێژەکەی تەرك نەکرد** بوو، یان پاساوی شەرعی هەبوو، **بێگومان ئەو کەسە کافر نابێت.**

ئاشکرایە لای هەمووان شەرع فەرمان کردنە بەشتە چاکەکان و ڕێگرییە لە خراپەکاری، بەو پێیە ئەوەی کردەوەیەکی قەدەغەکراوی ئەنجامدا و دەیزانی حەرامە، ئەوە کەسێکی یاخی بووە، بەڵام بە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە کافر نابێت، **ئەگەر بەهەمان پێوەری پێشوو بێت، ئەوا کافر نابێت بە نەکردنی ئەوەی فەرمانی پێکراوە، لەکاتێکدا باوەڕی تەواوی بە واجبوونی هەبێت، ئەگەر بێتو کافر بێت بە تەرك کردنی، ئەوا بەپێچەوانەوە بەکردنی موسڵمانە**[2].

لەڕاستیدا فوقەهاو زانایان **بوونەتە دوو بەشەوە سەبارەت بە بابەتی تەکفیرکردنی کەسی نوێژنەکەر،** ئەوەی زیاتر ئەو مشتومڕەی درووست کردووە وشەی (**کوفر**)ە، لەو فەرموودەیەی کە وەك بەڵگە دەیهێننەوە بەتایبەت ئەو زانایانەی کە **نوێژنەکەر بە کافر دەزانن،** فەرموودەی: (**بینَ الرجلِ وبینَ الشركِ والکفرِ تركُ الصلاةِ**)[3].

بێگومان بەبێ بوونی بەڵگە لەو پرسە هەستیارە، ئەو زاناو فوقەهایانە لە خۆڕا بڕیاریان نەداوە، سەبارەت بە تەکفیرکردنی **ئەو کەسانەی باوەڕیان بە**

---

[1] (مَفْهوم المُخالفة مَعَ مَنْطُوق النَّص، حُكْمان مُتَضادّان لا يَجْتَمعان تَحْتَ نَوع وَاحد منْ أنواع الحكم الشرعي اَلتكليفي أَو الوضعيَ، فإذا كان أَحَدُهُما جَوازاً فَالآخَرُ يَكُونُ حَظْراً, وإنْ كان أَحَدُهُما صحةً فَالآخَرُ يَكونُ بُطْلاناً).واتە: تێگەیشتنی پێچەوانە لەگەڵ دەربڕدراوی دەق, دوو حوکمی دژ یەکن و لەژێر یەك جۆری حوکمە شەرعییە ئەرکبارییە، یان دانراو یەکان کۆ نابنەوە، ئەگەر یەکیان جائیزبوون بێت, ئەوا ئەوی دیکەیان قەدەغەکردنە، ئەگەر یەکیان درووستی بێت ئەوی دیکە بەتاڵییە.کتێبی(أصول الفقه في نسيجه الجديد/ أ.د مصطفى إبراهيم الزلمي:ص٤٢١).

[2] کتێبی( الحاوي الكبير للماوردي:٥٢٥/١).

[3] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٤٦/٢رقم الحديث٨٢ كتاب الإيمان- باب ما جاء فى ترك الصلاة).

**واجب بوونی هەیە، بەڵام کەم تەرخەم و تەمەڵن لە جێبەجێکردنی**، بەڵام بە پێویستی نازانم ئەو بەڵگانە بخەمەڕوو، چونکە ئەوە بەلامەوە گرنگە یەکخستنی گوتارو ڕاوبۆچوونەکانە سەبارەت بەو بابەتە هەستیارەو ڕاگرتنی هاوسەنگییەکە لە نێوان هەردوولایان لە پێناو پاراستنی کۆمەڵگەی موسڵمانان لە فەوزای فەتوادان و تەکفیرکردن، چونکی یەکڕیزی موسڵمانان ئامانجێکی خوداییە، وە پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە گرنگە بکرێت، لەلایەن ئەوانەی ئیمڕۆ ڕۆڵی فەتوادار یان وتاربێژ بانگخواز دەبینن.

ئەوەی جێی دڵخۆشییە لەو پرسە هەستیارە، زاناو فوقەهاکان کۆ دەنگ نین سەبارەت بەو بابەتی تەکفیرکردنە، کە ئەوە خاڵێکی ئەرێنیە.

دیارە **ئەو کوفرەی** لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێکراوە، **هەندێك لەو زاناو فوقەهایانە** دەڵێن: **کوفری دەرچوون نیە لە بازنەی ئیسلام**، بەڵکو زیاتر بۆ چوواندنی ڕەفتاری ئەوانەی نوێژ ناکەن یان تەرکی دەکەن لەبەر تەمەڵی و کەم تەر خەمی، کە هاوشێوەی بێباوەڕانن لە تەرکی نوێژدا ، **یان** جۆرە هەڕەشەیەکە **بۆ ئەوەی وازبهێنن لەو ڕەفتارو خەسڵەتە کە تەمەڵی و کەم تەرخەمییە لە بە جێگەیاندنی** نوێژ لەسات و کاتی دیاریکراوی خۆیدا[1].

لە شەرحی صەحیحی (ابن حبان) دا هاتووە سەبارەت بەو (کوفرە)ی لە فەرموودەکە ئاماژەی پێکراوە(**بينَ الرجلِ وبينَ الشركِ والكفرِ تركُ الصلاةِ**) ئەوە سەرەتایەکە بۆ کردنەوەی دەرگای (کوفر) بە ڕووی ئەوانەی کە باوەڕیان بە نوێژکردن هەیە، بەڵام لەبەر تەمەڵی و کەم تەرخەمییان بەجێی ناگەیەنن، چونکی پشتگوێ خستنی ئەو خوداپەرستییە گەورەو مەزنە کە نوێژە کۆڵەگەی ئیسلامە، هێدی هێدی سەر دەکێشێت بۆ تەرك کردن و وازلێهێنانی خوداپەرستییەکانی تریش، هەروەها ئەو جۆرە کەسانە ڕادێن لەسەر ئەو

[1] کتێبی(بداية المجتهد ونهاية المقتصد:١/١٧٩، الحاوي الكبير للماوردي:١/٥٢٥).

سـەرپێچی و کەمتەرخەمـی و یـاخی بـوون وە ئەوەش سـەر دەکێشـێ بـۆ ئینکارکردن و باوەڕنەبوون، بە واجب بوونی نوێژ، وە بەواجب بوونی فەرزە کانی تـریش وەك، گرتنـی ڕۆژووی مـانگی ڕەمەزان و زەکـات دان و فەریـزەی حەج کـردن، کە لە دەرئەنجامـدا هـیچ فەرزێـك لەوانەی واجـبن جێبەجـێ ناکـات وەدەکەوێتە نێو بازنەی کوفرێکی تەواوەوە[١].

کەوابوو: ناوەڕۆکی ئەم فەرمووده پیرۆزە قسە لەسەر بە کافر بوونی ئەوانە ناکـات کە پێـنج نـوێژە فەرزەکە بە واجب نـازانن، چـونکە ئەوانە دیـارو ئاشکرایە کە کـافرن، بەڵکو قسـە لەسـەر بە کـافرکردنی ئەوانەیـان دەکـات، کە باوەڕیـان بە فەرزی نـوێژ هەیە، بەڵام لەبەر تەمەڵـی و کەمتەرخەمییـان وەك پێویست بە جـێ ناگەیەنن، ئا لێرەدا مشتومڕەکە درووست بووە بەشێك لە فوقەهاو زانایان دەقی فەرموودەکەیان وەرگرتووەو بە ڕەهایی وشەی (کوفر)یان لەسەر حەقیقەتەکەی وەرگرتووە، واتە دەرچوونی تەواو لە بازنەی ئیسلامەتی، لە کاتێکدا بەشەکەی تـر لە زانـاو فوقەهاکـان ئەو وشـەی(کوفر)ەیان بەو شـێوازە لێکـداوەتەوە کە ئاماژەمـان پێـداو باسمان لێـوەکرد، کە بـریتیە: لەوەی ئەو کـوفرە مانـای دەرچـوون نیە لە بازنەی ئیسلامەتی.

سـەرنجتان بـۆ فەرمـوودەیەك ڕادەکێشـم کە بەرچـاو ڕوونییەکـی زیـاتر دەبەخشێت بە خوێنەر، سەبارەت بە لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی فەرموودەی(**بينَ الرجلِ وبينَ الشركِ والكفرِ تركُ الصلاةِ**) بەتایبەت ئەو وشەی (کوفر)ەمان بۆ سنوور دار دەکـات، تەماشـا بـکەن، پێغەمـبەرﷺدەفەرموێت: (**خَمسُ صَلَوات كَتَبهنَّ اللهُ على العباد، فمن جاء بهنَّ لم يُضَيِّعْ منهنَّ شَيئًا استِخفافًا بحَقِّهنَّ، كان لَه عند الله عَهدٌ أن يُدخلَه الجنَّةَ، ومن لم يأتِ بهنَّ فليس له عند اللهِ عَهدٌ؛ إن شاء عَذَّبه، وإن شاء أدخَلَه الجنَّةَ**)[٢].

---

[١] کتێبی(الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان/ الحافظ أبي حاتم ابن حبان السبتي:٣٢٤/٤ رقم ١٤٦٣ كتاب الصلاة، باب- الوعد على ترك الصلاة).

[٢] کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ١٤٢٠ ص٦٩٢كتاب الصلاة- باب فيمن لم يوتر، حديث صحيح).

ئەو پێنج نوێژەی کە خوداﷻ فەرزی کردووە لە سەر بەندەکانی هەرکەسێك بە جوانی ڕێك و پێکی بە مەرجەکانیانەوە بەتەواوی بەجێی گەیاندو پشتگوێی نەخست وە هیچی لێ نەفەوتاند، ئەوا بەدڵنیاییەوە پەروەردگار پەیمانی داوە بیخاتە بەهەشتەوە، بەڵام ئەو کەسەی نوێژەکانی بەو شێوازە بەجێی نەگەیاند وە مافی تەواوی نەداونەتێ بێگومان هیچ بەڵێنێك لە نێوان ئەوو خوداداﷻ نیە بۆ لێخۆشبوون وخستنە بەهشتیەوە، ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر خوداﷻ ئیرادەو ویستی لەسەر بوو سزایان دەدات لەسەر ئەو سەرپێچی وکەمتەرخەمییەیان تۆڵەیان لێ دەسێنێت، وە ئەگەر وبیشیەوێت لێیان خۆش دەبێت و دەیانخاتە بەهەشتەوە.

ئەو فەرموودەیە بەڕاشکاوی پێمان دەڵێت: ئەوانەی کەمتەرخەم و تەمەڵن لە بەجێگەیاندنی نوێژە فەرزەکان، دەکەونە **بەر مەشیئەتی پەروەردگارەوە** جا لێیان خۆش دەبێت. وەیان سزایان دەدات، بەڵام ئەو بەڵێنە نەدراوەتە کەسی (کافر) بە هیچ جۆرێك، بێگومان ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە بە تەرك کردنی خوداپەرستییەك یاخود فەرزێك لە فەرزەکان لەبەر تەمەڵی و کەمتەرخەمی کردن مرۆڤی باوەڕداری پێ نابێتە (کافر)، وە لە بازنەی ئیسلام دەرناچێت، لە لایەکی ترەوە ئەم فەرموودە پیرۆزە بەڵگەشە بۆ قورسیی حوکمدان بە کوفرو چوونە دۆزەخی ئەو کەسەی لەبەرتەمەڵی و کەمتەرخەمی نوێژەکانی ناکات.

بۆیە زۆر پێویستە لەسەر ئەوانەی لەم سەردەمەدا وتاربێژن یا ئامۆژگاریکارن یا بانگخوازن، زۆر ئاگادار بن لە مەسەلەی تەکفیرکردن، لەو مەسەلانەدا کە چەند ڕابۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە، نەبادا بە هەڵەدا بچن، چونکە حوکمدان بە کافر بوونی کەسێك زۆر قورسە.

**بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەو کەسەی لەبەر کەمتەرخەمی و تەمەڵی نویژەکانی وەك پێویست بەجێ ناگەیەنێت کافر نابێت، ئەوەیە** لە هەموو سەردەمێکدا نوێژنەکەر هەبووە **لەم جۆرە،** لەگەڵ ئەوەشدا کە وەفاتیان کردووە، شۆراون و

کفن کراون و نوێژیان لەسەر بۆکراوەو نێژراویشن لە گۆررستانی موسڵمانان و میراتیشیان لێ گیراوە.

وە ئەمە زۆر ئاسایی بووە هیچ مشتومڕێك ڕووی نەداوە لەو سەردەمانەدا لەسەر ئەم بابەت لە نێوان زاناو فوقەهاکاندا ڕووی نەداوە، سەبارەت بەوەی کە نوێژنەکەر کافرە، هەروەها نەوتراوەو نەبیستراوە کە زانایان ڕێگری بکەن لە ئەنجامدانی ئەو مەراسیمانە بۆ ئەم کەسەی کە کۆچی دوایی کردووەو کەمتەرخەم و تەمەڵ بووە لە نوێژەکانیدا[1].

**هەموو ئەمانە لە لایەك لە لایەکی ترەوە فەرموودەیەکیشمان هەیە** کە پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: (**یَسِّرُوا ولا تُعَسِّرُوا، وبَشِّرُوا، ولا تُنَفِّرُوا**)[2].

کە هانمان دەدات لە بەکارهێنانی شێوازی نەرم ونیانی و موژدە پێدان و دڵخۆشکردن و ئاسانکردنەوەی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان لە پێناو هاندانی خەڵکی بۆ خۆش ویستن و پابەندبوون بە خوداپەرستییەکان و بە جێگەیاندیان وەکو پێوست.

بێگومان ڕوونکردنەوەی مەترسی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی و پشتگوێ خستن و کەم تەرخەمی کردن و تەمەڵی کردن لە جێبەجێکردنی پەرستشەکان، بە تایبەتی نوێژ بۆ ئەو جۆرە کەسانە گرنگە، تاوەکو بە خۆیاندا بچنەوە پێش ئەوەی کاریان لەکار بترازێت، ئا لەو ساتەوەختەدا پەشیمانی هیچ کەڵك و سوودێکیان پێنابەخشێت.

**مەلا عەبدولکەریم صائب یان مەلا کەریم صائب ناسراو بە زاری شاعیر(١٩٠٥ز-١٩٨٢ز) سەبارەت بە نوێژنەکەر دەڵێت**[3]:

[1] کتێبی(المغني لابن قدامة:١٨٣/٣ بەدەستکارییەوە).
[2] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٢١٥/٢رقم الحديث ٦٩ كتاب العلم باب- ماكان النبي يتخولهم بالموعظة والعلم كي لا ينفروا).
[3] کتێبی(دیوانی زاری/ مەلا عەبدولکەریم صائب:ص٢٠٩).



ئەی ئەهلی دین کردنی ئەم نوێژە چاترە  لە گشت دەوڵەتی دنیاو هەموو کانی زێوو زەر

بێ عوزری شەرع تەرکی گوناهی کەبیرەیە  بۆ شاە و بۆ گەداو بۆ بێکارو کاریگەر

ئەم نوێژە بە جەم لازمە بیکەن و نەفەوتێ  خۆمان با نەکەینە دەستەچیلە بۆ سەقەر

زوڵمێکە ئەی برای موسڵمان لە خۆت ئەکەی  فەوتاندنی ئەم نوێژە لەبەر کاری بێ سەمەر

دارای لیباسی و لەشت ساغەو توانای  عیللەت چییە ئەم واجبە ئەچوێنی ئەی بەشەر

## نوێژنەکردن و مەترسییەکانی

بێگومان نوێژکردن کلیلی نهێنی سەرفرازبوون و سەرکەوتنی باوەڕدارانە لە دنیاو قیامەتدا هەرکەسێك ئەو ئەرك و فەرمانەی پەروەردگاری بەجێ نەگەیاند بەدڵنیاییەوە زیان بەخۆی دەگەیەنێت.

## لە دەستدانی پاراستنی خودایی

ئاشکرایە فەوتاندنی نوێژو پشتگوێ خستنی بە دەستی ئەنقەست دەرهاویشتەی زۆر مەترسیدار بە دوای خۆیدا دێنێت کە بە هیچ جۆرێك قەرەبوو ناکرێتەوە ئەویش بێبەری بوونە لەوەی خودا‎ﷻ بیپارێزێت، **سەرنج بدەن (أبو**

**الدرداءؓ ) پێغەمبەرﷺ ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردم فەرمووی: (لا تشركْ باللهِ شيئًا، وإِنَّ قُطِّعْت، وحُرِّقْت، ولا تتركْ صلاةً مكتوبةً متعمدًا، فمن تركَها متعمِّدًا فقدْ برِئَتْ منه الذِّمَّةُ، ولا تشربِ الخمرَ، فإِنَّها مفتاحُ كلِّ شَرٍّ)[١].**

خوێنەری بەڕێز ئەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەرﷺ بۆ (أبو الدرداءؓ )ی هاوەڵی پەیام و نەخشە ڕێگایەکە بۆ هەموو شوێنکەوتووانی کە ئیسلامەتی و دینداری بە دوو بنەمـای سـەرەکی پـێکەوە گرێـدراو بونیـاد دەکـرێن، **یەکەمیـان** بیروباوەڕێکی تۆکمەی پاك و بێگەردو خاڵی لە هەموو هاوەڵ پەیداکردنێك بۆ زاتی(**الله**ﷻ) وسازکردنی ناخ ودڵ و دەروونە بۆ خۆش ویستنی پەروەردگارو گیان فیداکاری لە پێناو ڕێبازی ئیسلام کە ڕێگای ڕاست و حەقیقەتە، **دووەمیان** بەکردەوە کردنی ئەو بیروباوەڕەیە کە دامەزراوە لە نێو دڵیدا بە ئەنجام دانی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگارە، ئاشکرایە بەجێگەیاندنی نوێژە فەرزەکان پێشەنگی هەموو خواپەرستییەکانەو کۆڵەگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

هەر لەو سۆنگەیەوەیە پێغەمبەرﷺ لەو ئامۆژگارییەی هۆشیاری دەدات، دەفەرمووێت: نەکەی نوێژی فەرزبە ئەنقەست بچوێنی، چونکی هەر کەسێ ئەو نوێژە فەرزەی پشتگوێ خست بە ئەنقەست، بێگومان خوداﷻ نە چاودێری دەکات وە نە دەیپارێزێت، بێ بەشی دەکات لە بەهرەمەندبوونی ئەو پاراستنە خوادییە، لە دنیا پارێزبەندی خودای گەورەی لەسەر هەڵدەگیرێت و بەئاسانی زیانی لێدەدرێت دووچاری دەردەسەری و کێشەو گرفتی زۆر دەبێت، وە لە ڕۆژی دواییدا هیچ ڕیزێکی لێناگیرێت، تەنانەت لە سزاو ئازاری قیامەتیش ڕزگاری نابێت و پەروەردگار وازی لێ دەهێنێت و ڕەحمی پێناکات.

ئینجا دەفەرمووێت: نەکەی مەی بخوێتەوەو لەبەرئەوەی خواردنەوەی مەی دەرگای هەموو خراپەکارییەکانت بەسەردا والآ دەکاتەوە.

---

[١] کتێبی(صحيح الجامع الصغير وزيادته: الألباني:٢/١٢٢٦ رقم الحديث٧٣٣٩، حديث صحيح).



کاتێـك مـرۆڤ دەست دەکـات بە مەی خـواردنەوە سـەرخۆش دەبێت، بەوەش عەقڵی لەکاردەکەوێت خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿**وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْـبَرِّ وَالْبَحْـرِ وَرَزَقْنَـاهُمْ مِـنَ الطَّيِّبَـاتِ وَفَضَّـلْنَاهُمْ عَـلَى كَثِـيرٍ مِمَّـنْ خَلَقْنَـا تَفْضِيلاً**﴾[1].

خـودای گەورە دەفەرموێـت: ئـێمە نەوەی ئـادەمیان رێـزدارو بەرزو بەقەدر کردووە بەسەر هەموو خوڵقێندراوەکانی دیکەوە.

ئەڵبەتە ئەم شەرەفمەندی و کەرامەتە بە هۆی ئەو عەقڵەوەیە کە پەروەردگار پێی بەخشیوین.

ئاشـکرایە بەکارهێنـانی عەقـڵ یەکـێکە لەو ئـامڕازو مەرجە سـەرەکییانەی بەرپرسـیارێتی، کە هەمـوو تاکێـك رۆژانە وەگەڕی دەخـات بـۆ بەڕێـوەبردن و ڕێکخسـتنی پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ خەڵکـی، ئـا لێـرەوە گرنگیـی عەقڵـمان بـۆ دەردەکەوێت.

بێگومان مرۆڤی ژیر ئەوەیە چاك و خراپەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە، هەروەها چـی بکـات، وە چـۆن هەنگـاو بنێـت، لە ژیـانی دنیـای تـاکو سـوود بە خـۆی و

[1] سورة الإسراء الاية:٧٠.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنێت، وەلە ڕۆژی دواییشدا ڕەزامەندی پەروەردگار مسۆگەر بکات.

سەرنج بدەن لەو ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار چی دەفەرموێت: ﴿**إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ**﴾[1]. واتە: بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی بەو شێوە ڕێکوپێکەی کە دەبینین گۆڕانی شەوو ڕۆژ لە ڕووی کورتبوون و درێژبوونیان بەگۆڕانی وەرزەکانی ساڵ، ئەوانە نیشانەیەکی گەورەو ئاشکران بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن بیرو هۆشن[2].

ئا ئەوە شەرەفمەندی و کەرامەتی مرۆڤە ژیرەکانە لای خودای باڵادەست کە لەو ئایەتەدا ناوی هێناون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە خودا‌ﷻ ئاماژە بۆ کەسانێك دەکات بە خراپترینی ئەوانەی کە لەسەر گۆی ئەو زەوییە دەڕۆن، **هەر لە بەرئەوەی عەقڵی خۆیان وەگەڕ ناخەن و بەکاری ناهێنن** لە چاکەکردن و ئەنجامدانی کاری تەندرووست کە خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی بکەن، لە دەرئەنجامی پەکخستنی عەقڵ دواجار هەر یەکە لە ئەندامانی بیستن و قسەکردن لە کار دەکەون، واتە نە قسەی باش بەسەر زمانیاندا دێت و نە شتی باش و چاك دەبیستن.

کەوابوو: عەقڵ پێوەرە بۆ ناسین و هەڵسەنگاندنی مرۆڤ.

سەرنج بدەن چۆن ئەو جۆرە کەسانەی کە عەقڵی خۆیان پەکخستووە بەهەر هۆیەکەوە بوو‌بێت، خودای(ﷻ) چۆن وەسف و وێنای کردوون، دەفەرموێت:﴿**إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ**﴾[3]. واتە: بێگومان خراپترینی ئەو گیاندارانەی کە لەسەر زەوی دەڕۆن لە لای

[1] سورة آل عمران الآية:١٩٠.
[2] تەفسیری گوڵشەن:٤/٣٦٠.
[3] سورة الأنفال الآية:٢٢.

خوداﷻ، ئەو ئادەمیزادە خراپانەن کە کەڕن و قسەی باش نابیستن، لاڵن و وتەی هەق و ڕاستییان بەسەر زماندا نایەت، ئەوانە ئەو کەسانەن کە بێهۆش ونەفام و ناتێگەیشتوون[1].

ئاشکرایە ئامانجە خوداییەکان لە حوکمە شەرعییەکاندا واتە (مقاصد الشریعة) بریتین: لە پاراستنی **ئایین و نەفس و ناموس و سامان و ژیری**، ئەوەی مەبەستمانە بە چڕی تیشك بخەینە سەری، **چۆنیەتی پاراستنی ژیرییە**، بەو ئاراستەیەی کە پەروەردگار لێی داواکردووین.

گرنگەو پێویستە عەقڵ بپارێزرێت لە هەموو خواردنەوەیەك کە سەرخۆشی بکات، لەڕێی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکانەوە بێت، کە لەم سەردەمەدا زۆر بەر بڵاوە، یان بە هەر شێوازێکی تر بێت، چونکی لە دەستدانی عەقڵ بە هۆی مادده بێهۆشکەرو خواردنەوە کحولییەکان، دەرئەنجامی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، کاریگەریی نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی تەندروستی و خێزانی و کۆمەڵگە دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی ئالوودەی ئەو مەشرووب خواردن و حەب و مادده بیهۆشکارانە بوونەتەوە بە هەموو جۆرەکانیانەوە.

نامانەوێت بچمە وردەکارییەکانەوە، چونکە هەمووان شارەزاو ئاگاداری سەدان نموونەی زیندوون لە نێو کۆمەڵگەدا، کە ئەوانەی عەقڵی خۆیان لە دەستداوە بەو هۆیەوە، چییان بەسەر هاتووە، نەك تەنیا خۆیان، بەڵکو ماڵ و خێزان و کۆمەڵگەش تووشی نەهامەتی بوونە پێوەی، کاتێکیش کە باسی خراپی و کاریگەرییەکانی دەکەیت، کەسانێك بێ ئەوەی شارەزاییان هەبێت لە تێگەیشتنی دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتە سەحیحەکانی پێشەوامان محەمەدﷺ و ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی و زمانەوانی و ڕێزمانی عەرەبی واتە (نحو و صرف) بە سینگێکی فراوانەوە دەڵێن، کوانێ دەقێك لە قورئانی پیرۆز،

[1] تەفسیری گوڵشەن:١٦/٢.

کە باس لە حەرامکردنی خواردنەوەی مەی بکات؟ بێ ئەوەی عەقڵی بخاتە کار بۆ تێگەیشتن لە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و، تێ بفکرێت و قاعیدەکانی ئوسوڵی فیقە بەکار بهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنیان.

جا بۆ ئەومەبەستە بە چاکی دەزانین تەماشایەکی کتێبی فەلسەفەی شەریعەت بکەن لە نووسینی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر (د.مستەفا زەڵمی) کە چۆن باس لە حەرامکردنی مەی خواردنەوە دەکات لە قورئانی پیرۆزدا بە چوار قۆناغ[1] :

### قۆناغی یەکەم

خوداﷻدەفەرموێت :(**وَمِن ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالْأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَ رِزْقًا حَسَنًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ**)[2].

واتە: لە بەرو میوەی داری خورما و ترێدا عەرەق و ڕزق و ڕۆزییەکی چاك و پاك وەردەگرنو ئەوەی حەڵاڵە لێیان وەکو سرکەو مێوژو .... هتد، شەرابیشی لێ دروست ئەکەن، بێگومان لەوەدا بەڵگەو نیشانەیەکی گەورە هەیە بۆ هەر خەڵکی تێ بگاو[3].

ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین، لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوەیە کە خودای مەزن باس لە شتێکی خراپ و شتێکی باش دەکات، دیارە شتە خراپەکە بە (**سَكَرًا**) ناوی بردووە، شتە باشەکەشی بە (**وَرِزْقًا حَسَنًا**) ناو بردووە.

سەرنج بدەن لە بەکارهێنانی ئەو ئامڕازی لێکدەرەی نێوان ئەو شتە خراپەو

[1] کتێبی(فلسفة الشريعة للزلمي:١٨٨/٢١).
[2] سورة النحل الآية:٦٧.
[3] کتێبی(تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان/ ئەحمەد کاکە مەحموود:ص٥٤٩).

شتە باشەکە بە پیتی (**واو**)ە ئەوانەی شارەزای ڕێزمانی عەرەبین دەزانن ئەو (**واو**)ە، واوی (**عطف المغايرة**)ی پێ دەڵێن، واتە (**إن عطف المغايرة= عطف ضد على ضد**)، **كأن تقول: الخير و الشر، الصالح و الفاسد، هذا عطف مغايرة**) هەر لەو ئایەتەدا (**الحسن و القبيح**)مان بۆ ڕوون دەبێتەوە بە(**رِزْقًا حَسَنًا**) بەو ئامڕازی لێکدەرەی نێوانیان کە (واو)ە (**سَكَرًا**)، چونکە سەرخۆشبوون شتێکی قەبیحە و دژەکەی(الحسن)[1] .

لێرەدا بۆمان ئاشکرا بوو کە خوداﷻ پێمان دەفەرموێت: لە **خورما و ترێ** مەی دروست دەکرێت، کە خراپە، چونکە سەرخۆشکەرە، هەروەها خواردنێکی باشە، سوودی لێ وەربگرن، دیارە مرۆڤی عاقڵ و ژیر لەم پەیامەی خودا تێدەگات، واتە: تۆی مرۆڤ سەرپشك کراوی بۆ کام مەبەستیان هەوڵ دەدەیت، ئاخۆ لە خورما و ترێ مەی بە دەست دێنیت، یان دووەمیان هەڵدەبژێریت کە خواردنە باشەکەیەتی، ئەمە قۆناغی یەکەمی حەرامکردنی مەیخواردنەوەیە، بۆ زانیاریتان ئەم ئایەتە لە دوور و نزیکەوە ڕێگەی بە خواردنەوەی مەی نەداوە، نەك وەکو ئەوانەی بە هەڵە شرۆڤەی ئایەتەکە دەکەن، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕێزمانی عەرەبی و زمانەوانی بن.

### قۆناغی دووەم

خودای(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿**يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا**﴾[2].

واتە ئەی پێغەمبەرﷺ پرسیارت لێ دەکرێت، سەبارەت بە عەرەق و قومارکردن، پێیان بڵێ: ئەو دووانە گوناهی گەورەیان تێدایەو کەڵکیشیان هەیە، بەڵام گوناهەکانیان گەورەترن لە سوودو کەڵك لێ وەرگرتنیان، گەر بڕواننە

[1] کتێبی(دراسات لأسلوب القرآن الكريم/ تأليف محمد عبدالخالق عضيمة: القسم الأول ج٣ ص٥٦٤).
[2]

ئایەتەکە جارێکی دیکە خوداﷻ فێری ئەوەمان دەکات چۆن هەڵسەنگاندن بۆ دەرئەنجامەکان بکەین.

تەماشا بکەن لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەکە، خودای(ﷻ) بە هۆکاری دەق واتە (**العلة المنصوصة**) وەڵام دەداتەوە، کە دەفەرموێت: (**قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ**) واتە زەرەرو زیانێکی گەورەی هەیە، نەك گوناه بە قەرینەی (**وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ**) مادام باسی مەنافع دەکات، واتە کەڵك وەرگرتن لێیان، **عەقڵ ئەوە دەڵێت**: هەر شتێك ویستتان بیکەن، دەبێت خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دەرئەنجامەکانی بکەن، ئاخۆ ئەو شتە قازانجی زیاترە یان زیانەکانی، ئەگەر هاتوو زیانی زیاتر بوو، دەبێت دەستبەجێ لێی دوور بکەونەوە.

سەرنج بدەن خودابە هۆکاری دەق وەڵامی داوەتەوە، ئەگینا دەیفەرموو: ئەوە حوکمی عەرەق و قومارکردنە، بەڵام کاتێك کە بەو شێوازە هۆکارەکەمان بۆ دەخاتە ڕوو، زیاتر بۆ ئەوەیە ئادەمیزاد **ئەو ئایەتە بکاتە یاساو ڕێسایەك بۆ هەڵسەنگاندنی زیان و قازانجەکان** لە هەر کردەوەیەك کە بیانەوێت ئەنجامی بدەن، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکیان هەبێت، لە لایەکی دیکەوە ئەم (العلة المنصوصة)ـە واتە هۆکاری دەقەکە، ئەوەیە کە دەقێك بە ڕاشکاوی، یان لە ناواخندا ئاماژەی بۆ بکات پاراستنی ژیانی مرۆڤ ئامانجێکە لە ئامانجەکانی شەریعەت و کراوەتە هۆکارێك بۆ پێویست بوونی تۆڵە وەرگرتنەوە، وە بەڕاشکاوی ئاماژەی پێکراوە لە قورئاندا.

بڕوانن خوداﷻ چی دەفەرمووێت:﴿**وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**﴾[١].

کەوابوو: **خوداﷻ یاسایەکی بۆ داناوین لەو ئایەتەدا، هەر شتێك زیانەکەی زیاترو گەورەتر بوو لە قازانجەکەی، ئەوا وەکو عەرەق و قومارە**[٢].

(١) سورة البقرة الآية:١٧٩.
(٢) کتێبی(ئوسولی فیقە لە دارشتنێکی نوێدا / برۆفیسۆر مستەفا زەڵمی: ص١٥٨) .

**قۆناغی سێهەم**

خوداﷻ دەفەرموێت: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَقْرَبُوا الصَّلاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ**﴾[1].

ئەم بانگەوازەی خودای مەزن بۆ باوەڕدارانە کە نابێت بە سەرخۆشی نزیکی نوێژکردن بکەونەوە، بۆ ئەوەی کە بزانن چی دەڵێن، دیارە لەو سەردەمەدا مەیخواردنەوە بەربڵاو بووە، جا بۆ بەرتەسکردنەوەو حەرامکردنی مەی ئەم ئایەتە دابەزییە خوارەوە، لێرەدا هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە **کە خودای مەزن ڕێگەی بە مەیخواردنەوە دابێت**، بەڵکو دەیەوێت وردە وردە سەبر سەبر دووریان بکاتەوە لە خواردنەوەی، چونکە پێنج نوێژ فەرزکراوە لە پێنج کاتی جیاوازدا، ناکرێت لە نێوانیاندا بە سەر خۆشی بچیتە حوزووری خوداﷻ.

بڕوانن پەروەردگار کاتی مەیخواردنەوە بەرتەسك کردەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە خۆشکەرو هاندەر بێت بۆ وازهێنان لێی بە یەکجاری و بۆ هەتا هەتایی.

**قۆناغی چوارەم**

خوداﷻ دەفەرموێت:﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ * إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ**﴾[2].

ئاشکرایە ئەوە کۆتا قۆناغە لە بۆ حەرامکردنی مەیخواردنەوە بە یەکجاری، خوداﷻ لەو ئایەتەدا دەفەرمووێت: (**ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە عارەق و قومار و ئەنصاب و ئەزلام پیسن شەیتان جوانیان دەکات و دەیانڕازێنێتەوە، جا**

[1] سورة النساء الآية:٤٣.

[2] سورة المائدة الآية:٩٠-٩١.

**ئێوەش لێیان دووربکەونەوەو خۆتان بپارێزن لێیان بەڵکو لەسەر ئەنجامی خراپ و ناخۆشیان بەدووربن، بێگومان شەیتان دەیەوێت لە ڕێگای قومارو عەرەقەوە دوژمنایەتی و ناکۆکی و ڕق و کینە بخاتە نێوانتان و لە یادی خوداﷻ و ئەنجامدانی نوێژەکانتان لاتان بدات، جا ئایا ئیتر واز لەو دووکارە خراپە دەهێنن؟؟)**[1].

وشەی (**اجْتَنَبَ**) واتاکەی لە ڕووی زمانەوە بریتیە: لە (**اجْتَنَبَ الشيءَ: ابتعد عنْه اِجْتِنَابُ الْمَعَاصِي: تَحَاشِيهَا، تَجَنُّبُهَا، تَلاَفِيهَا، البُعْدُ عَنْهَا**)[2].

پێیان وایە: چیتر پێویست بە شەرحکردنی دیکە ناکات و ماناکەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، خوداﷻ دەفەرموێت: بەلای ئەو شتانەدا مەڕۆن و لێی نزیك مەبنەوە، بۆ مرۆڤی ژیر تەنیا ئەوەندە بەسە کە توخنی مەیخواردنەوە و شتەکانی تریش نەکەوێتەوە کە لە ڕیزبەندی ئایەتەکەدا هاتوون.

چونکە بە ڕاستی مەیخواردنەوە لە ڕیزی کوفرکردنە، هەر بەپێی ئایەتەکە بۆ زیاتر ئاشنابوون لە تەفسیری ئەو ئایەتە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی تەفسیری قورئان.

خاڵێکی دی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین بریتییە: لە دەستەواژەی﴿**فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ**﴾، خودای مەزن ئامرازی (**الاستفهام الإنكاري**) بەکارهێناوە کە دەلالەت لە قەدەغەکردن دەکات بە توندترین شێواز(**الإستفهام الإنكاري يدل على أن الأمر المستفهم عنه أمر منكر وقد يكون الذي ينكره العقل أو الشرع أو العرف أو القانون أو غير ذلك**)[3].

ئاشکرایە قورئانی پیرۆز دەستوورە و ئەرکی دەستووریش (بەلای

---

[1] تەفسیری گوڵشەن:١/٥٦٦.
[2] کتێبی(المعجم الوسيط /ص ١٣٨مادة جنب . ولسالن العرب:٢/٣٧٣ مادة جنب).
[3] کتێبی(علم المعاني: د. عبدالعزيز عتيق:ص١٠٢).

هەندەکییەکاندا ناچێت و وردەکاریی حوکمەکانی تێدا نییەو بە ناوهێنان باس لە هەموو شتێك ناکات، کورتهەڵاتووە لە ڕێسا گشتییەکان و بنچینە هەمەکییەکان و دروستکردنی چوارچێوەیەکی رەوشتی، بە عەقڵی مرۆڤ دەڵێت: لەژێر تیشکی پێویستییەکانی ژیان لە دنیای فراواندا بجوولێوە، بەو مەرجەی ئەو جووڵەیە لە سنووری رەوشتیدا بێت)[1].

بڕوانن پەروەردگار دەفەرموێت:﴿**وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ...**﴾[2].

واتە: ئەوە سنوورەکانی خودایەو ئەوەی لەو سنوورانە لا بدات ئەوە بەڕاستی ستەمی لە خۆی کردووە[3].

بێگومان ئەوەیە گرنگیی عەقڵ لە دۆزینەوەو پەی بردن بە حوکمە شەرعییەکان بە بەکارهێنانی ئامڕازەکانی وەك شارەزابوون لە ئوسوڵی فیقە و نحو و صەرف و زمانەوانیی و هەندێ زانستی دیکە.

گرنگەو پێویستە مرۆڤ کاتێك دەست بۆ مەسئەلەیەکی شەرعی دەبات، عەقڵی خۆی وەگەڕ بخات بۆ دۆزینەوەی حوکمە شەرعییەکەی، بە پێی ئامڕازە تایبەتەکانی، نابێت لەخۆڕا قسە لە بابەتێك بکات، کە هیچ شارەزاییەك و زانستێکی سەبارەت بەو بابەتەوە نەبێت.

بۆ نموونە: کاتێك کە پێغەمبەرﷺدەفەرموێت: (**كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ**)[4].

واتە: هەر شتێك مرۆڤ سەرخۆش بکات خەمرە (مەی)یە، هەموو شتێکی

---

[1] کتێبی(ئوسوڵی فیقە لە دارشتنێکی نوێدا/ برۆفیسۆر مستەفا زەڵمی:ص٣٩).
[2] سورة الطلاق الآية:١.
[3] تەفسیری گوڵشەن:٣٢٧/٤.
[4] کتێبی(نیل الاوطار/ للشوكاني:١٨٨/١٥رقم الحديث ٣٦٩٧، حديث صحيح).

سەرخۆشکەر حەرامە، **ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێت:** عەقڵتان وەگەڕ بخەن بۆ دۆزینەوەی حوکمە شەرعییەکان.




ئەم فەرموودەیە یاسایە و ڕێسایە بۆ مرۆڤەکان تاکو حوکمە شەرعییەکانی خۆیان لێ دەستکەوێت.

تەماشا بکەن لەو فەرموودەیەداپێغەمبەرﷺدەفەرموێت:(**كُلُّ شَرابٍ أسْكَرَ فَهو حَرامٌ**)[1].

واتە: هەر خواردنەوەیەك سەرخۆش بکات، حەرامە.

ئەم فەرموودەیەش یاسا و ڕێسایەکی ترە، چۆن دەبێت کەسانێك هەبن جورئەتی ئەوە بکەن و لێکدانەوەی هەڵە بۆ فەرموودەکان بکەن و بڵێن: پێغەمبەرﷺشەرابی خواردۆتەوە.

(عبدالله بن عباسرضي الله عنه) دەگێڕێتەوە: (**كانَ رَسولُ الله صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ يُنْتَبَذُ له أوَّلَ اللَّيْلِ، فَيَشْرَبُهُ إذَا أصْبَحَ يَومَهُ ذلكَ، وَاللَّيْلَةَ الَّتي تَجيءُ، وَالْغَدَ وَاللَّيْلَةَ الأُخْرَى، وَالْغَدَ إلى العَصْرِ، فإنْ بَقِيَ شيءٌ سَقَاهُ الخَادِمَ، أوْ أمَرَ به فَصُبَّ**)[2].

واتە: لە سەرەتای شەوەوە خواردنەوە(**عصير**) دروست کراوە بۆ پێغەمبەری خوداﷺ بۆ بەیانی لێی خواردۆتەوە، بە کورتییەکەی تاکو ٧٢ کاژێر لێی خواردۆتەوە، جا ئەگەر شتێکی لێ بمایەتەوە، دەیدا بەو کەسەی لە خزمەتیدا بوو، یان دەیفەرموو: بیرژێنن، ئاشکرایە ئەم عەصیرە تامی وەکوو خۆی دەمایەوە،

[1] کتێبی(نیل الاوطار/الشوكاني:١٨٨/١٥ رقم الحديث ٣٦٩٨، حديث صحيح).
[2] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٩٤/٧رقم الحديث ٢٠٠٤كتابالأشربة - باب إباحة النبيذ الذي لم يشتد ولم يصر مسكراً).

ئەو سێ رۆژە کە دەکاتە (٧٢) کاژێر، بەڵام لە دوای ئەوە **دەترشا و تامی دەگۆڕا**.

ئینجا پێغەمبەرﷺفەرمانی دەکرد بیرِژێنن، چونکی کەڵکی خواردنەوەی نەدەما، بۆ زانیاریتان هەر میوەیەکیش کرایە نێو جامێکی ئاوەوە، تاکو سێ رۆژ بۆت هەیە لێی بخۆیتەوە، لە دوای ئەوە دەبێت فرِێ بدرێت، چونکی دەگۆرێت و دەترشێت.

بە هیچ جۆرێك رێی پێ نەدراوە عەصیرێك کە ترشا بێت یان تام و چێژی گۆڕابێت بخورێتەوە، لەوەیە ئەوەی بیخواتەوە سەرخۆشی بکات، ئەوەش هۆکاری رێگەپێنەدان و حەرام کردنیەتی.

ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە قەدەغەو حەرامکردنی و ئەو خواردنەوانەی مرۆڤ سەرخۆش دەکەن لە پێناو پاراستنی عەقڵە (ژیری) یەکێکە لە ئامانجە خوداییە شەرعییەکان (مقاصد الشريعة).

بەڕاستی کاتێك مرۆڤ کە عەقڵ لە دەست دەدات بەهۆی ماددە کحولییە بێهۆشکەرەکانەوە یان بەخواردنی هەرماددەیەکی هۆشبەرەوە کە لەوەو پێش ئاماژەمان پێدا، کارەسات و کێشەو گرفت دەنێتەوە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت.

کەوابوو: ئەو نیعمەتی عەقڵەی کە خوداﷻ مرۆڤی لێ بەهرەمەند کردووە، دەبێت بەکاری بهێنیت لە کردەوەی چاك و باش بۆ خزمەتکردنی خودی خۆیی و ماڵ و خێزان و گەل و نیشتمانی.

**ئەمڕۆ ئێمەی میللەتی کورد** پێویستمان بە هەوڵ و کۆششی بیرمەندان و زانا و دانا و مامۆستایانی ئایینی و سەرکردەی دڵسۆزو هیمەتی رۆشنبیران و نووسەران و رۆڵەی بە ئەمەکی ئەم کوردستانە هەیە، کە لەم بارودۆخە نالەبارە کە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ڕووبەڕووی ئایندەی

نەوەکانمان بۆتەوە، خۆمان رزگار بکەین، لە رێی ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار و نووسین و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و چالاکیی جۆراو جۆرەوە بۆ وشیارکردنەوەی میللەتەکەمـــان لە خەتەرو مەترســـیی بڵاوبـــوونەوەی مـــاددە کحـــولی و بیهۆشـکەرەکان، وە دەبێـت چیـتر رێـگە نەدەن بە کـۆمەڵێ بانـدو دزو جەردەو بازرگـانی مـاددە بیهۆشـکەرەکان، گەنـج و لاوو تـاکی میللەتەکەمـان بـکەنە قوربـــانیی ئـــارەزوو، خواســـتی خۆیـــان و دوژمـــن و نەیارانمـــان.

## نەکردنی نوێژ گەورەترین کارەساتە

بێگومان نـوێژ کۆڵەگەی ئـایینە، هەرکەسێك بە دڵێکی بێدارەوە نـوێژ بکات، ئەوە نوێژەکانی لە هەموو خراپەیەك دووری دەخەنەوە

**خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيّاً﴾**[1].

خوداﷻلەم ئایەتە باسی کەسانێکمان بۆ دەکات (کە پشتیان کردە خواناسیی و وازیـانلە نـوێژکردن هێنـاو، کەوتـنە شـوێن هەواو ئـارەزووی خۆیـان، ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا ڕووبەڕووی سزای سەخت و پڕ ئازار دەبنەوە)[2].

سـەرنج بـدەن پێغەمـبەرﷺ لەو فەرمـوودەیەدا چـۆن باسـی تەنهـا مەترسـی فەوتانـدنی نـوێژی عەسرمان بـۆ دەکـات، تەنـانەت تـاوان و گونـاهی فەوتانـدن و پشـتگوێ خسـتنی ئەو نـوێژەی بە گەورەتـر زانیـوە، دەفەرمووێـت: (**الـذي تَفُوتُـهُ صَلاَةُ العَصْرِ، كَأنَّما وُتِرَ أَهْلَهُ ومَالَهُ)**[3].

بێگومـــان ئەوەی نـــوێژی بفەوتـــێ زەرەرو زیـــانی زۆری دەکـــات، ئـــاخ و

[1] سورة مريم الآية:٥٩.

[2] تەفسیری گوڵشەن:٥٥٧/٢.

[3] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٤٣٣/٣رقم الحديث٦٢٦ كتاب-المساجد ومواضع الصلاة، باب-التغليظ في تفويت صلاة العصر).

حەسرەتێکی زۆر هەڵدەکێشێت، بەتایبەت کە لە ڕۆژی دواییدا بە چاوی خۆی دەبینێت، پەروەردگار چ پاداشتێکی زۆرو گەورەی بۆ ئەوانە داناوە، کە نوێژەکانیان لە کات و ساتی خۆیدا بەجێ گەیاندووە، ، هەروەکو چۆن دووچاری کارەسات و بەڵاو موسیبەتێکی گەورە بووبێت، غەم و پەژارە ڕووی تێ دەکات، لە دەرئەنجامی ئەو زیانی ماڵی و گیانییەی لێی کەوتووە وەك، لە دەستدانی کەس و کارو ژن و منداڵ و لەناوچوونی هەرچی پارەو سامان و دەست مایەی هەیە.

ئەوە تەنها مەترسی لەدەستدان و فەوتانی یەك تاکە نوێژە ئەی ئەوەی چەند فەرزێکدەفەوتێنی یان هەر پێنج فەرزەکە تەرك دەکات دەبێت ئەوە ڕووبەڕووی چ خەسارەت و چ شەرمەزاری ڕیسواییەك بێتەوە لە ڕۆژی دواییدا؟؟؟؟.

## گرنگی نەدان بەنوێژ خەسڵەتی دووڕووانە

چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت نوێژەکانت پشتگوێ بخەیت لە کاتێکدا سەرمایەکەت لە تەرازووی کردەوەکانت لای پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا نوێژەکانتە، ئاخۆ ناترسیت لەو ئایەتانەی کە هەڕەشە لەو کەسانە دەکات، کە تەمەڵ و کەم تەرخەمن لە نوێژەکانیان، ئەی نازانیت خودا ﷻ چی بۆ ئامادەو سازکردووە لە دۆزەخ دا، وە ناوزەندیشی کردوون بە دوو ڕوو**(المنافق)** لە دنیادا.

بڕوانن خودای(ﷻ) چی دەفەرموێت:**﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَآؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾**[1].

بێگومان ئەو دووڕووانەی کە بەدڵ بێباوەڕن و تەنها بە زمان موسڵمانێتی خۆیان دەرئەخەن، وا دەزانن خودا ﷻ بەو دووڕوویەتیەیان هەڵدەخەڵەتێت، بەڵام

[1] سورة النساء الآية:١٤٢.

لەڕاستیدا هەرگیز خوداﷻ ناخەڵەتێت، خوداﷻ ئاگادارە بە هەموو نهێنی و ئاشکرایەك و هیچی لێ بزر نابێت، ئەو نەگبەتانە بەو جۆرە ڕەفتارەیان تەنها خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن، ئەو دووڕووانە هەرکاتێك هەڵدەستن بۆ نوێژکردن بەسستی هەڵدەستن و تەمەڵی دەکەن، مەبەستیشیان لە نوێژەکانیان ڕیاکاری یە، تا خەڵکی بیانبینن و بە دووڕوویان نەزانن، هەروەها زۆر کەم نەبێت ناوی خوداﷻ بەسەر زمانیاندا نایەت و یادی خوودا ناکەنەوە[١].

لە ئایەتێکی تردا خودای(ﷻ) سەبارەت بەوانەی کە بێ غافڵن لە نوێژەکانیان چی دەفەرمووێت:﴿**فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ**﴾[٢].

واتە: لەڕۆژی دواییدا وەیل و فەوتان و قوڕبەسەریی بۆ ئەو دووڕووانەیە کە لە نوێژکردنی ڕاستەقینە غافڵ و بێئاگان[٣].

## نوێژنەکردن ڕێچکەی هاوەڵپەرستانە

لەڕاستیدا ئەوانەی نوێژ ناکەن و تەمەڵی لە بەجێگەیاندنی دەکەن پەروەردگار دەیان چوێنی بە هاوەڵپەرستان و چونکی ئەوان بەلایانەوە گرنگ نیە یاخی بن و سەرپێچی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگار بکەن، هەر لەو بارەیەوە خوداﷻ باوەڕداران وشیار دەکاتەوە لەو ڕەفتارە مەترسیدارە دەفەرمووێت:﴿**وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَلا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ**﴾[٤].

**واتە: بەدڵێکی وریاو ئاگاوە نوێژەکانتان بکەن و خۆتان بپارێزن لەوەی بچنە ئەوانەی هاوەڵ و وێنەبۆ خوداﷻ دادەنێن**[٥].

---

[١] تەفسیری گوڵشەن:٤٧٩/١.
[٢] سورة الماعون الآية: ٤-٥.
[٣] تەفسیری گوڵشەن:٥٧٢/٤.
[٤] سورة الروم الآية:٣١.
[٥] تەفسیری گوڵشەن:٢٩٦/٣.

**کەوابوو: پێویستە مرۆڤ خۆی بناسێت** و ڕێز لە خۆی بگرێت بە جێبەجێکردنی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگاری چەندێك شەرع و دینداریيەکەی لە ناخ و دڵ و دەروونیدا لا بەڕێز بێت بەدڵنیاییەوە ئەوەندە لای خوداﷻ بەڕێزو قەدرگران دەبێت

**نوێژکردن خاڵی جیاکەرەوەیە** لە نێوان **باوەڕداران و بێباوەڕان**، چونکی باوەڕداران لە نوێژدا ڕوودەکەنە پەروەردگاریان کە خاوەن تواناو دەستەڵاتێکی ڕەهایە هەموو کەسی پێویستی پێیەتی، بەڵام ئەو زاتی(**اللّٰه**ﷻ)یە پێویستی بەکەس نیە، بە پێچەوانەوە **بێباوەڕان بت دەپەرستن** و کرنۆشی بۆ دەبەن و هاواری بۆ دەکەن داوای یارمەتی وهاوکاری لەو بتانە دەکەن، کە هیچ سوودو کەڵکێك ناگەیەنن تەنانەت ناتوانن زیانیش لە خۆیان دوور بخەنەوە، هەر لەو ڕووەوە ئەوانەی نوێژناکەن لە سەرپێچی و یاخیبوونیان بە هاوەڵپەرستان دەچن.

دوای ئەوەی هەندێك پرسی نوێژمان تاوتوێ کرد لە ڕووی گرنگی نوێژکردن و مەترسیەییەکانی نەکردنی نوێژو حەکمی نوێژ نەکەر لە لای زاناو فوقەهاو ڕێبازە فیقهییەکاندا، دەگەڕێنەوە بۆ باتەتی فەرموودەکە، تەماشا بکەن ئەو کابرایە بۆ وەڵامی چەند پرسیارێکی دیاریکراو کە لە خولیایدا پەنگی خواردبووەوە، هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ ئاشکرایە لەم بڕگەیەدا سەبارەت بە حەڵاڵ و حەرام دەپرسێت.

لەو ڕووەوە(**ابن صلاح الشهرزوري**) دەڵێت: کابرا وتی:(وَأَحلَلتُ الحَلاَلَ، وَحَرَّمْتُ الحَرَامَ)، مەبەستی(**أما تحريمه أن يعتقده، وأن لايفعله، بخلاف تحليل الحلال فإنه يكفي فيه مجرد الإعتقاد، والله أعلم**)[1].

**واتە:** ئەوەی کە حەڵاڵ کراوە **منیش بە حەڵاڵم زانی** وە ئەوەی حەرام و قەدەغە کراوە **منیش بە حەرام و قەدەغەم زانی**، نەمکردو توخنیشی نەکەوتم ئاخۆ دەچمە بە هەشتەوە؟؟؟ فەرمووی: بەڵێ.

[1] کتێبی( صيانة صحيح مسلم/ لابن صلاح:ص١٤٤).

**بۆ نموونە:** کەسێك بەلای مەیخواردنەوەدا نەچوو، **نا لەبەر ئەوەی حەرام و قەدەغەیە**، تەنها لەبەرئەوەی کە حەزی پێی نیە نەیخواردەوە، ئەوە گوناهبار نابێت بەڵام هەرکاتێك ئەو کەسە بیروباوەڕی وابوو کە مەیخواردنەوە پەروەردگار حەرامی کردووە، وە دەبێت بە حەرامی بزانێت، تەنها بەدوورکەوتنەوەی پاداشتی بۆ دەنووسرێت.

بڕوانن لەو بارەیەوە خودای(ﷻ) چی دەفەرمووێت:**﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَٰئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾**[1].

لەو ئایەتەدا خوداﷻ باس لەو باوەڕدارە ڕاستەقینانە دەکات کە قورئان دەخوێنن و کاری پێدەکەن حەڵاڵی بە حەڵاڵ دەزانن و حەرامی بە حەرام دەزانن و سنووری نابەزێنن، هەرچی فەرمان و ئەرکێك هەبن وەکو، خۆی جێبەجێی دەکەن بەڵام، ئەوانەی باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوداﷻ نیە، خەسارەتمەندو مایە پووچن[2].

لەڕاستیدا ئەم بڕگەیە کرۆکی فەرموودەکەیە چونکی بەراستی مرۆڤ لەڕووی بیروباوەڕ و مامەڵەکردن و ڕەفتارو گوفتارو خوداپەرستییەکانەوە ئەو شتانەی کە حەڵاڵن و ڕێگەپێدراون لە خۆی حەرامی ناکات و لە بازنەی ڕێگە پێدراوەکان ناچێتە دەرەوە، مەگەر ئەو شتانە نەبێت کە لێی دڵنیا نیە خۆی لێ دوور دەخاتەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتەوە بازنەی قەدەغەکراوەکان.

بەگوێرەی حەرام و قەدغەکراوەکانیشەوە لەڕووی بیروباوەڕەوە ئەگەر زانی هاوەڵ پەیداکردن بۆ خوداﷻ حەرامە، ئەوا ڕازو نیازی نێو ناخ و دەروون و دڵی تەنهاو تەنها بۆ پەروەردگاری سازو ئامادە دەکات، کەس بەشایستە نازانێت کە عیبادەتی بۆ بکات، بێجگە لە زاتی(اللهﷻ)نەبێت، وە لەڕووی

(١)) سورة البقرة الآية:١٢١.

(٢) کتێبی( تەفسیری الرازي:٣٢/٢، تەفسیری البیضاوي:ص١٣٣بە دەستکارییەوە).

خوداپەرســتییەوە، ئەگەر زانی کە تەرك کردنی نوێژ **حەرامە بێگومان واز لە نوێژکردن ناهێنێت**، بە هەر جۆرێك بێت ئەو خوداپەرستییەی بەجێی دەگەیەنێت و تەمەڵـی و کەم تەرخەم نابێـت لە ئەنجـام دانـی، یـان زانـی ڕۆژوو نەگرتنـی مانگی ڕەمەزان بێ پاساوی شەرعی **حەرامە بێگومان بەڕۆژوو دەبێت**، یان **زانی زەکـات نەدان حەرامە**، بەتـایبەت لە کـات وسـاتی دیاریکراویـدا بەو مەرجەی پارەو سامانی گەیشتبێتە ئەندازەی زەکاتدان، بێگومان زەکاتەکەی دوا ناخات، یـان زانـی نەکردنـی فەریـزەی حەج و دواخسـتنی بـێ پاسـاوی شـەرعی حەرامە بەدڵنیاییەوە دوای ناخات.

دیارە لەڕووی مامەڵەکردن و گوفتارو ڕەفتاریشەوە بازنەی حەرام کراوەکان فراوانە هەندێك لەوانە دەخەینە بەر دیدی خوێنەر لەوانە:( خواردنی ماڵی هەتیو بە نـاهەق و نـاڕەوا حەرامە، دەسـتدرێژی بـۆ نـاموس و شـەرەف و کەرامەتـی خەڵکـی هەر حەرامە، مـامەڵە کـردن بە ڕیبـا حەرامە، غەش کـردن حـرامە، خـوێن ڕشتنی مرۆڤی بێتاوان بە ناڕەوا حەرامە، سیحرو جادوو کردن حەرامە، خیانەت لە خاك و نیشتمان و ڕاسپاردەو پۆست و بەرپرسیارێتی حەرامە، ئەزیەت دان و ڕەنجانـدنی دڵـی دایـك وبـاوك حەرامە، ئەزیەت دانـی دراوسـێ حەرامە، داگیرکردنـی نیشـتمان و زەوتکردنـی زەویـوزاری خەڵکـی حەرامە، غەیـبەت و جنێودان و نەفرەت و دووڕوویی و تۆمەت کردنی کەسی پاك و بێگەرد بە داوێن پیسی و ... هتد).

کۆتـا پرسـیاری کـابرا لە پێغەمـبەرﷺ لە دوای یەکلاکـردنەوە پرسـی حەڵاڵ و حەرامەکـان وتـی: **ئـاخۆ دەچمە بە هەشـتەوە بە جێبەجێ کردنـی ئەو فەرمـان و ئەرکانە؟؟؟ فەرمووی: بەڵێ.**




بە پێویستی دەزانین مامۆستایانی ئایینی قەردگران و بانگخوازەکان کاتێك کە وتارو ئامۆژگاری و ڕێنمایی خەڵکی دەکەن زۆر بە وردی لەسەر ئەم فەرموودەیە هەڵوەستە بکەن، بە ئاسانی تێنەپەڕن بەسەریدا.

بۆ زانیاریتان کەسانێك هەن تۆبەکارن وە لە ناخەوە پەشیمان بوونەتەوە لەوەی کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە تەمەنیان بەسەرچووە هیچ خوداپەرستییەکان ئەنجام نەداوە، بەڵام ئێستا **دەیانەوێت فریان** خۆیان بکەون، کاتێك دێنە خزمەتی ئەو مامۆستا قەدرگرانە یان ئەو بانگخوازە بەرێزە، بۆ ئەوەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بکرێن، پێویستە لەسەر ئەو بەرێزانە(مامۆستا ومەلا بەرێزو بانگخوازانە) خوێندنەوەیەکی ورد بۆ کەسایەتی ئەو تۆبەکارانە بکەن، تاوەکو بەشێوازێك ئامۆژگارییان بکەن کە لە توانایاندا بێت ڕێنماییەکانیان جێبەجێ بکەن، هێدی هێدی فێریان بکەن، تاوەکو ڕادێن لەسەر خوداپەرستییەکانی تر.

گەر سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ بەگوێرەی پرسیاری کابراکە وەڵامی دایەوە، نەیفەرموو: لەگەڵ ئەوانەی کە واجب و ئەرکە لە ئەستۆتدایە دەبێت ئەو سوننەتانەش بکەیت.

ئێوەی مامۆستایانی ئایینی و بانگخوازو وتاربێژ شوێنکەوتی پێغەمبەرﷺ بن، لە گوێ گرتن بۆ ئەوانەی دێنە لاتان بۆ پرسێکی دیاریکراو، بزانن بە دیاریکراوی چییان دەوێت فێریان بکەن و ڕێگەی ڕاست و حەقیقەتیان بۆ دەست نیشان بکەن بە کورت ترین هەنگاو، بۆ ئەوەی خوداپەرستییەکانیان لای خۆشەویست بێت و بەردەوام بن لە بەجێگەیاندنیان.

**پوختەی بابەتەکە**

* موسڵمانان دەبێت تامەزرۆی پرسیاری بەسوودو بەکەڵك بن بەتایبەت بۆ ڕۆژی دووایییان لە زاناو فوقەهای متمانەپێکراوو لە خواترس، هاوشێوەی هاوەڵانی پێغەمبەر کاتێك پرسیاریان لێ دەکرد تاکە مەبەستیان بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگاریان بوو.

* ئامانج و مەبەست لە ژیانی دنیا چوونە بەهەشتە بەتایبەتگرنگیدان بە نوێژە فەرزەکان بەجێگەیاندنیان هۆکارێکن بۆ چوونە ناو بەهەشت.

* بەجێگەیاندنی ئەرك و فەرمانەکان لەگەڵ وازهێنان لە تێکرا شتە قەدەغەکراوەکان زامنی چوونە بەهشتە.

* ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لە ڕەفتارو گوفتارو چۆنیەتی پرسیارکردن ڕێگەی سەرفرازی و سەرکەوتنە لە هەردوو دنیا.

* پرسی حەڵاڵ و حەرامکردن تایبەتمەندییەکی خودایییە کەس بۆی نیە دەست بۆ ئەو پرسە هەستیارە بەرێت بێجگە لە پەروەردگار.

* گرنگە ئەو کەسەی پرسیاری لێدەکرێت لە وەڵامدانەوەیدا پێغەمبەرﷺئاسا بێت کورت و موژدەدەرو ئومێد بەخش بێت.

# فەرموودەی بیست و سێهەم کۆمەڵێک کردەوەی چاک

## (مجموعة من الحسنات)

**عَنْ أَبِي مَالك الحَارث بن عَاصم الأَشْعَريِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: )قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ )الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيْمَانِ، والحَمْدُ لله تَمْلأُ المِيزانَ، وسُبْحَانَ اللهِ والحَمْدُ لله تَمْلآن - أَو تَمْلأُ - مَا بَيْنَ السَّمَاءِ والأَرْض، وَالصَّلاةُ نُورٌ، والصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصَّبرُ ضِيَاءٌ، وَالقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَو عَلَيْكَ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَو مُوبِقُهَا)**[1].

بێگومان کرۆکی ئەو فەرموودەیە کارکردنە لەسەر ناخ دڵ و دەروونی کەسی باوەڕدار لەسەر گرنگیدان و ئامادەو سازکردنی بۆ پاککردنەوەی لەو خەسڵەتانەی کە ناپەسەندن و مرۆڤ ناشیرین و نابود دەکات لە نەزەری خودا ﷻ و خەڵکیدا، **وەکو ڕق و کینەو ئێرەیی و خۆبەزلزان و لەخۆبایی و ڕەزیلی و بەخیلی و چاوچنۆکی و ....هتد،** لەدەرئەنجامدا بەهۆی ئەو جۆرە ڕەوشت خراپییەوە بچێتە تونی ئاگری دۆزەخەوە.

[1] کتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي: ٥/٣ رقم الحديث ٢٢٣ كتاب الطهارة، باب- فضل الوضوء).



سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺلەدەستپێکی فەرموودەکەیدا ئاماژە بۆ پرسی پاك و خاوێنی دەکات، لە دوو ڕووەوە، **یەکەمیان** پاك و خاوێنی ڕواڵەت و جەستەو لاشەیە ئەویش لەڕێی پاك و خاوێن ڕاگرتنی جل وبەرگ و پۆشاك و خۆشۆرین و دەست نوێژگرتن و غوسڵ کردنەوە جێبەجێ دەکرێت، چونکی مەرجی سەرەکییە بۆ هەندێك خوداپەرستی، وەك نوێژو تەوافکردنی ماڵی خوداﷻکە بێ پاك و خاوێنی جەستەو جل و بەرگ و پۆشاك درووست نین، بڕوانن پێغەمبەرﷺ چی دەفەرمووێت: **(لا تُقْبَلُ صَلَاةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ...)**[1].

ئاشکرایە ئەو بابەتە بە تێرو تەسەلی لە سەرچاوەو کتێبە فیقهییە متمانە پێکراوەکان زۆر بە وردی باسیان لێوەکراوە، ئەوەی بیەوێت زیاتر سەبارەت بەو بابەتە شارەزایی زیاتر پەیدا بکات با بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە.

**دووەمیان** ڕامالێن وپاککردنەوەی(**تخلية**) ناخ و دڵ و دەروونە لەو سیفاتانەی کە نەشیاو ناپەسەندو خراپ و سەرزەنشت کراوو زیانبەخش و ڕێگرن لە وەرگرتنی خوداپەرستی و کارەچاکەکان.

**نموونەی:** هاوەڵ پەیداکردن و کوفرو خۆپەرستی و شەڕانگێزی و حەسوودی

[1] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي: ٧/٣ رقم الحديث ٢٢٤ كتاب الطهارة، باب- وجوب الطهارة للصلاة).

و ڕق و کینەو...هتد، چونکی ناخ و دەروون جێگەی یەکتاپەرستی و خۆش ویستنی پەروەردگارو ئیخلاسی و وەفاداری و بە ئەمەکی و ڕازیبوونە بە قەدەرو چارەنووس و هاوشێوەکانی.

لەڕاستیدا ئەوە حەقیقەتی پەیامی پێغەمبەرەﷺ لە گرنگیدان بە ناخ و ڕوحی مرۆڤی باوەڕداری بۆ خودا سوڵحاو، لەو فەرموودەیە ئەگینا ئەگەر ناخ ودڵ و دەروون پڕبن لەو خەسڵەتە ناشیرین و ناپەسەند و نەشیانەوەی ئاماژەمان پێدا چ سوودو کەڵکێکی دەبێت بۆ دنیاو دوا ڕۆژی کەسەکان، هەر لەو سۆنگەیەوە دەفەرمووێت:

**(الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيْمَانِ) دەیەوێت لەو پەیامەیدا شوێنکەوتووانی وشیارو ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە** باوەڕداری هەرکەسێك، وابەستەو پەیوەستە بە ئەو پاککردنەوەیەی ڕواڵەت و جەستەو ناخ و دڵ و ڕوحە، بە هەردوو ڕووەکەیەوە ناکرێت گرنگی بە زاهیر و ڕواڵەت بدرێت، لەسەر حیسابی ڕوح، ئەو دوانە پێکەوە گرێدراون، بە هەردوو کیانەوە باوەڕدارو خواپەرستێکی ڕاستەقینەمان بۆ دێنێتە بەرهەم.

پاك وخاوێنی جەستە+ پاککردنەوەی ناخ و دەروون=خواپەرستێکی ڕاستەقینە

**چەمکی(والحَمْدُ لله تَمْلأُ الميزانَ) و(سُبْحَانَ اللهِ والحَمْدُ لله تَمْلآنِ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ والأَرْضِ)**

لەم چەمکەدا پێغەمبەرﷺشوێنکەوتووانی فێری ئەوە دەکات کە پێویستەو ئەرکە شوکرانەو ستایشی پەروەردگاریان بکەن، لەسەر ئەو بەخشش و نیعمەتانەی کە بەهرەمەندی کردوون لێی.

دەفەرموێت: ئەو شوکرانەو ستایشکردنە پاداشتەکەی پڕبوونی تەرازووی کردەوە چاکەکانتانە لە ڕۆژی دوایی، ئەم ڕێنمایی و ئامۆژگارییەی دەلالەت

دەکات لەسەر ئەوەی کە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار لە دنیادا لە خەمی ئەوەدا بێت، چۆن زەخیرەی قیامەتی زیاد دەکات و ئەو تەرازووەی کە پێوانەی کردەوەکانی پێدەکرێت و دەکێشرێت، تەنهاو تەنها بە ستایشکردنی پەروەردگاری پڕ دەبێت، بەڵام **بە کردەیی نەك تەنها بە زوبان.**

بڕوانن خودای(ﷻ)چی دەفەرمووێت:**﴿وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَىٰ بِنَا حَاسِبِينَ﴾**[١].

**واتە:** ئێمە لە ڕۆژی دواییدا تەرازووی ڕاست و تەواو دادەنێین، کە کردەوەی هەموو کەسێك چاك بێت یان خراپ، پیشان دەدات و هیچ کەسێك و هیچ گیاندارێك ئەوەندەی دەنکە خەردەلێك کە زۆر گچکەیە ستەمی لێ ناکرێت و گشت کردەوەکانی دێنینە پێش چاو، هیچ لە چاکەی چاکەکاران کەم ناکەینەوەو خراپەکارانیش هیچیان بۆ زیاد ناکەین، جگە لەوەی کە خۆیان کردوویانە، هەر کەسە شایانی چی بێت، ئەوەی لەگەڵدا دەکەین، ئینجا خودا دەفەرمووێت: بەسە کە ئێمە بیانخەینە ژێر لێپرسینەوەو حیساب لەگەڵ کردن، کە بێگومان لێپرسینەوەیەك دەبێت بە هیچ شێوەیەك ستەمی تیادا نابێت[٢].
بۆ زانیاریتان ئەو تەرازووە بۆ کێشانی کردەوەی بەندەکانە زۆر هەستیارە کەم و زیاد ناکات، زمان و دوو دەستی هەیە(**والذي دلت عليه السنة: أن ميزان الأعمال له كفتان حسيتان مشاهدتان**)[٣].

---

[١] سورة الأنبياء الآية: ٤٧.
[٢] تەفسیری گوڵشەن:٦٢٧/٢.
[٣] کتێبی( شرح العقيدة الطحاوية لابن أبي العز :ص٤٨٠).

## سوپاسگوزاری وستایشکردن

## (الشكر و الحمد)

بریتییە: لە **دەربڕینی خۆشی دڵ و تەرخانکردن و ستایشکردنە لە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە خوداﷻ پێی بەخشیوە، وەک بیستن و بینین و شتەکانی تر، بۆ ئەوە پێیداوی کە لە شوێن خۆیدا بەکاریان بهێنی**[1].

**بۆ نموونە: چاوی پێداوی** کە شتی باشی پێ بخوێنی و ببینی نەك نەزەری حەرامی پێ بکەیت و چاودێری خەڵکی بکەیت، بۆ ئەوەی بزانیت چی دەکەن و چی ناکەن یان تەماشای هەندێك دراماو فلیمی بێ ئامانج و خراپ بکەیت لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبوك و تلیگرام و ئەنیستگرام و تویتەرو تیك تۆك ....هتد، **زمانی پێداوی** قسەو گوفتاری باشی پێ بکەیت نەك جنێودان و غەیبەت و درۆو نەمیمەتی پێ بکەیت.

کەوابوو: هەر ئەندامێکی جەستەو لاشەی مرۆڤ بۆچی تایبەتمەندکراوە، پێویستە لەوەدا بەکار بهێنرێت.

ئاشکرایە پەروەردگارنیعمەتی زۆری پێ بەخشیوین ناژمێررین، لەو بارەیەوە خوداﷻدەفەرمووێت: **﴿وَإِنْ تَعُدُّواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾**[2].

واتە: ئەگەر ئێوە بتانەوێت ئەو نیعمەت و بەخشانەی کە خوداﷻ پێی بەخشیون بژمێرن، ئەوە بێگومان لەبەر زۆرییان، بۆتان ناژمێررێت، چونکە هەموو بینینێك و هەموو بیستنێك و هەموو هەناسەیەك نیعمەتێکی تایبەتییە،

---

[1] کتێبی(التعريفات للجرجاني:ص١٠٦باب الشين، و مدارج السالكين لابن قيم:٢٠١/٢ معراج التشوف إلى حقائق التصوف لابن عجيبة:ص٢٩ بتصرف).

[2] سورة النحل الآية:١٨.

جـگە لەو نـیعمەت و کەرەمە زۆرانەی تـر، کە زۆربەیـان پێیـان نازانێـت، ئەو نیعمەتانەتـان پێـدراوە کەچـی ئێـوە لە شـوکرانە بژێـری خـوادا ﷻ کەمتەرخەمـی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودا ﷻ لێخۆش بوو خاوەن بەزەییە[1].

گەورەتـرین نـیعمەت و بەخششـی پەروەردگـار ئیسـلامەتی و نـاردنی پێغەمبەرو ﷺ قورئانە جا ئەوەی بەهرەمەند بوو لەو نیعمەتانە بێگومان ئاسوودەو سەرفرازە لە دنیاو قیامەت.

لەڕاستیدا ئەو ڕێنماییەی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەیە کە شوینکەوتووانی ڕابهێنێت لەسەر خووگرتن بە خەسڵەتی سوپاسگوزاری و ستایشکردنی خودا ﷻ بەکردارو بە گوفتـار، بـۆ ئەو هەمـوو بەخشـش و نیعمەتـانەی کە لە ژمـاردن نـایەن، هەرکەسێك بیەوێت تەرازووەکەی پڕ بکات لە چاکەکاری با هەمیشە بەردەوام بێت لەستایشکردنی پەروەردگار.

**بێخودی شاعیر سەبارەت بە(نیعمەتی خودا) دەڵێت[2]:**

**ئەی خودا ئەی ڕافعی تۆ سەقفی گەردوون بێ عەمەد**

**نیعمەتت بۆ ئێمە (لا يُحْصى) سیفاتت لا (يُعَّد)**

**شوکر (لِلّه) تا دەوامی بێ لەگەڵ ڕۆحا، جەسەد**

**پڕ زمان و دڵمە یا ڕەب ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَد﴾**

**زیکرو فیکری زاهیرو باتینمە ﴿اللَّهُ الصَّمَد﴾**

ئاشکرایە پێغەمبەر ﷺ لەم چەمکی(**سُبْحَانَ اللهِ والحَمْدُ للهِ تمْلآنِ مَا بَيْنَ السَّماءِ والأَرْضِ**) دەیەوێت هەنگاو تەکانێکی تر بە شوێنکەوتووانی بدات، تەنها بۆ

[1] تەفسیری گوڵشەن:٢/٣٩٠.
[2] کتێبی(دیوانی بێخود هۆنراوەی مەلا مەحموودی موفتی:ص٣٩).

ئەوەی بەرەو پێشەوەیان بەرێت بۆ ئەوەی ڕەزامەندی پەروەردگار بەدەست بهێنن.

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺئامۆژگاری ئەوەیان دەکات کە پاداشتی زیکری **(سُبْحَانَ اللهِ والحَمْدُللهِ) لە ناخ و دڵ و دەروونەوە لای پەروەردگار،** بە ئەندازەی پڕی نێوان ئاسمان و زەویە، ئاشکرایە **(سُبْحَانَ اللهِ) دانپێدانە بەوەی کە** پەروەردگار پاك و بێگەردە لە هەموو کەم وکورتییەك، وە دەبێت ئەو زاتی(**الله**ﷻ)یە لە هەر ناوو خەسڵەتێکی نەگونجاوو ناپەسەندو نەشیاو بەدوور ڕاگیرێت، دیارە ئەویش بە یەکتاپەرستی و بیروباوەڕێکی دامەزراو بەدی دێت، دوور لە هەموو ڕەفتارو گوفتارێ کە بوونی شیرك و گومڕایی لێ بێت.

## گرنگی تەسبیحات لە ژیانی باوەڕداراندا

ئاشکرایە تەسبیحات بە هەموو واتاو ماناکانییەوە گرنگی زۆری پێدراوە لە قورئانی پیرۆزو فەرموودە ڕاست و دروستەکانی پێغەمبەرﷺ، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەسەر موسڵمان بە هەندی وەربگرن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وە دەبێت بەرنامەداڕێژی بۆ بکرێت، چونکی کەس نیە بتوانێت ئەو لایەنە لە ژیانی فەرامۆش بکات مەگەر عاقڵ و ژیر نەبێت، ئەگینا کێ هەیە حەز نەکات تەرازووی کردەوە چاکەکانی بە خۆشەویسترین و سەنگینترین وتەلای خوداﷻ پڕ نەکات لە کردەوەی چاکەکاری؟؟؟؟ هەوڵ دەدەین لەم بڕگەیەدا هەندێك لەو گرنگیانە بخەینە بەردیدی ئێوەی ئازیز بۆ ئەوەی خوو بەو خەسڵەتەوە بگرن و ڕەزامەندی خوداﷻ بەدەست بهێنن لەڕۆژی دواییدا، لەوانە:

**یەکەم**

**هەموو درووستکراوەکانی خوداﷻتەسبیحات دەکەن**

**خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ**

﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾[1].

واتە: حەوت ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیەکیش کە تیایاندایە لە فریشتەو ئادەمیزاد و گیانداران و دارو درەخت و گشت درووستکراوەکانی تر، بەگەورەو بچووکیانەوە، هەر یەکەو بەشێوەیەك ناوی خوداﷻ بە بەرزی و دووریی لە هەموو کەم و کورتی و لەنگی یەك دەهێنن، وە هیچ شتێك نیە لەم گەردوونەدا کە ناوی خوداﷻ بە بەرزیی نەهێنێت و دان نەنێت بە تاك و تەنهایی و دەستەڵاتی، بەڵام ئێوە حەمدو ستایشکردنەی ئەوان تێناگەن، چونکە بە شێوەیەکی تایبەتی ئەنجامی دەدەن، کە دوورە لە ئاستی زانین و تێگەیشتنی ئێوەوە[2].

لەڕاستیدا دەبێت مرۆڤی موسڵمان شەرم دایبگرێت کاتێك گوێبیستی ئەو پەیامەی خوداﷻ دەبێت و لە ئاستی گرنگی پێدانی ئەو ئایەتە پیرۆزەدا نابێت، لەکاتێکدا ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیەکیش کە تیایاندایە لە فریشتەو گیانداران و دارو درەخت و گشت درووستکراوەکانی تر، کە سەرجەمیان بۆ تۆی ئادەمیزاد ڕەخساندووە، هەتاوەکو سوود مەند بیت لێی، هەموو ئەوانە بەگەورەو بچووکیانەوە، هەر یەکەو بەشێوەیەك تەسبیحاتی پەروەردگاریان دەکەن، بەڵام تۆی ئادەمیزاد بە گوفتاروکردار، کەم تەرخەم و تەمەڵی لەو تەسبیحات کردنە، ئەوەش خەسارەتێکی گەورەو مەزنە کە موسڵمان لە دەستی خۆی دەدات لە دنیا، پێویستە لە خەوی غەفڵەت بە ئاگا بێین.

تەنانەت هەموو ئەو درووستکراوانەی پەروەردگار ئاراستەکراون و بەرنامەی تەسبیحات کردنیان بۆ دانراوە هەر یەکە بە گوێرەی خۆی، چۆنی بۆ دارێژراوە دەبێت بەو شێوازە تەسبیحات خۆی بکات، بڕوانن سەبارەت بە

[1] سورة الإسراء الآية:٤٤.
[2] تەفسیری گوڵشەن:٢/٤٦٠.

ئاڕاستەکردنیان خوا ﷻ چی دەفەرموویت: ﴿**أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ**﴾[1].

واتە: ئەی مرۆڤی خاوەن فام و هۆش ئایا تۆ نازانیت کە هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە، هەر یەکەو بەشێوەیەك مەدح و حەمدو ستایشی خودا ﷻ دەکات، هەروەها باڵندەکانیش کاتێك دەفڕن و قاچیان جووت دەکەن و باڵەکانیان دەکەنەوە، ئەوانیش هەر خودا ﷻ دەپەرستن و تەسبیحاتی خودای (ﷻ) دەکەن، ئەوانە خۆیان دەزانن کە چۆن لەسەر شێوازی تایبەتی خۆیان، خودا ﷻ دەپەرستن و بەندایەتی بۆ دەکەن، خودا ﷻ ئاگادارو زانایە، بەوەی کە درووستکراوەکانی دەیکەن[2].

**دووەم**

**تەسبیحاتی فریشتەکانی خودای (ﷻ)**

سەرنجتان بۆ ئەو ئایەتە ڕادەکێشم کە فریشتەکانی خودا ﷻ هەمیشە تەسبیحات پەروەردگاریان دەکەن، لەو بارەیەوە خودای (ﷻ) دەفەرمووێت: ﴿**وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**﴾[3].

واتە: لەو ڕۆژەدا دەبینیت کە فریشتەکان دەوری عەرشی خودایان ﷻ داوەو، حەمدو ستایشی خودای پەروەردگاریان دەکەن و، بە حەق حوکم دەکرێت لە نێوان ئادەمیزادەکاندا، بەهەشتەکان بەرەو بەهەشت و دۆزەخیەکانیش بەرەو دۆزەخ دەبرێن و، لەلایەن هەمووانەوە دەوترێت: حەمدو سوپاس و ستایش بۆ

[1] سورة النور الآية:٤١.
[2] تەفسیری گوڵشەن:٣/٧٥.
[3] سورة الزمر الآية:٧٥.

خــودایەﷻ، کە خــاوەنی هەمــوو عــالەمە، ئەو لە نەبــوونەوە هەموویــانی هێناوەتەدی[١].

ئەو فریشــتانە لەگەڵ ئەوەی تەســبیحاتی پەروەردگاریــان دەکەن، داوای لێخۆشبوونیش بۆ بەندەکانی خوداﷻ دەکەن کە ئەوە گرەنتیە و مسۆگەرە بۆ ئەوانەی کە تۆبەکـارن و شـوێنکەوتی ئەو ڕیـگەی ڕاسـت و حەقـیقەتەن کە پەروەردگار نەخشەی کێشاوە بۆ سەرجەم جیهانییان.

خودای(ﷻ) **دەفەرموویێت:﴿الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ﴾**[٢].

واتە: ئەوانەی کە عەرشــی خــوداﷻ هەڵــدەگرن و بە دەورو پشــتیەوەن، مەبەست مەلائیکەکانە ئیمانیان بە خوداﷻ هەیە کە تاك و تەنهایەو، هەموو کاتێك حەمدو سوپاسی دەکەن و، بێ عەیبی بۆ بڕیار دەدەن و، لە خوداﷻ دەپــاڕێنەوە کە لە گونــاهی ئیمانــداران خــۆش ببێــت، دەڵــێن: ئەی خــودای پەروەردگارمان ڕەحمەت و بەخشش و زانینی تۆ زۆر فراوانەو هەموو شتێکی گرتۆتەوە، سا خودایە لە گوناهی ئەو کەسانە خۆش ببە کە تەوبەیان کردووەو لە کردەوە خراپەکانیان پەشیمان بوونەتەوەو، ڕوویان کردووەتە ڕێگا ڕاستەکەت، کە بە پێغەمبەرەکانتدا بۆت ڕوون کردوونەتەوەو، کەوتوونەتە شوێن فەرمان و فەرمایشتەکانت، سا خودایە ئەوانە لە سزای دۆزەخ بپارێزە[٣].

**سێهەم**

**تەسبیحات دوعاو پاڕانەوەی بەهشتییەکانە**

[١] تەفسیری گوڵشەن:٣/٥٨١.
[٢] سورة غافر الآية:٧.
[٣] تەفسیری گوڵشەن:٣/٥٨٥.

ئاشکرایە پەروەردگار لە هەندێك پەیامی قورئاندا باسی خۆشی و ئاسوودەیی و گوزەران و چۆنیەتی هەڵس و کەوتی ئەهلی بەهشت دەکات، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد خۆی بۆ ئامادەو ساز بکات، بەتایبەت بۆ ئەو ساتە وەختە، جا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە کە بەهەشتە، هەنگاونانە لە دنیادا بەدەستگرتن بە کردەوەی چاك و باشەوە، دەبێت بەردەوام هەوڵی جیددی بۆ بەدەستهێنانی بدرێت، لەو بارەیەوە خودای(ﷻ) دەفەرموویت:﴿**دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلاَمٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**﴾[١].

واتە: دوعاو پاڕانەوەی ئەو بەهەشتیانەلە بەهەشتدا بەرانبەر خوداﷻ ئەوەیە، کە دەڵێن: خودایە پاکیی و دووریی لە گشت عەیب و کەموکورتییەك هەر بۆ تۆیە، وە سڵاویان لەگەڵ یەکتری سڵاوی ئاشتی و خۆشییە، دوا قسەشیان سوپاس و حەمدی خودایە(ﷻ)، کە پەروەردگاری هەموو عالەمە[٢].

**چوارەم**

**تەسبیحات فریادڕەسی ئیماندارانە**

سەرنجتان بۆ ئەو ئایەتە ڕادەکێشم کە خودای(ﷻ) دەفەرموویت:﴿**وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَسُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَٰلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ**﴾[٣].

کە بەسەرهاتی پێغەمبەری خوداﷺ حەزرەتی (یونس علیه السلام)ە کە بە تێرو تەسەلی لە فەرموودەی شانزەمیندا (لا تغضب) ئاماژەمان پێکردووە بگەڕێنەوە بۆی، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت تیشك بخەینە سەری، کاریگەری ئەو تەسبیحات کردنەیە لەسەر هەموو ئیماندارێك بە گشتی ئەگەرچی ئەو

[١] سورة يونس الآية:١٠.
[٢] تەفسیری گوڵشەن:١٤٢/٢.
[٣] سورالأنبياء الآية: ٨٧-٨٨) .

ئایەتە بەتایبەت باس لە ڕزگاربوون و سەرفرازی کردنی حەزرەتی (یونس علیه السلام) دەکات، لە نێو تاریکی شەوو تاریکی دەریاکەو تاریکی ناو سکی ئەو نەهەنگەی قووتی دابوو، ئاو لەو تەنگەنەبەرییەدا دەستی کرد بە تەسبیحاتی پەروەردگاری کە لە دەئەنجامدا پەروەردگار بە هانایەوە چوو لەو بەڵاو ناخۆشی و تەنگانەیەدا رزگاری کرد، کاتێك فەرمووی: ئەی خوای پەروەردگارم! بێگومان لە تۆ زیاتر خودایەکی تر نیە، پاکیی و بێ عەیبی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من ستەمم لە خۆم کردو لە ڕیزی ستەمکاراندام، داوای ڕزگار بوونت لێ دەکەم[1].

کەوابوو: **تەسبیحات کردن** باشترین چەکە بۆ کەسی ئیماندارە دەستیی پێوە بگرێت، بۆ سەرفراز بوون لە هەموو کێشەو گرفت و تەنگانەو نەهامەتی و بەڵاو موسیبەتێك کە دووچاری دەبێت، بەو مەرجەی بەناخ و دڵ و دەروونێکی پڕاو پڕ لە یەکتاپەرستی، وە بە گوفتارو کردارەوە ڕوو لەو پەروەردگاری بکات، کە پاك و بێگەردە لە هەموو عەیب و کەم وکورتییەك.

تەنانەت ئەو تەسبیحات کردنە خەم ڕەوێن و ئاسوودە بەخشی دەروونی مرۆڤەکانە لەو ڕووەوە تەماشا بکەن **خودای**(ﷻ) بە پێغەمبەرﷺ **چی دەفەرمووێت:﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ * فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ * وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾**[2].

**واتە:** ئێمە چاك دەزانین کە تۆ بەقسەو کردەوە خراپەکانی ئەو بێباوەڕانە دڵ تەنگ ئەبی سینەت گران ئەبێ و خەم ڕووت تێدەکات، ئەی پێغەمبەرﷺ هەمیشە پەنا بۆ خوداﷻ ببەو سوپاسگوزاری بکەو پاکی و بێ گەردیی، بۆ بڕیار بدەو تەنها و تەنها بەندەیی ئەو زاتی(**اللّٰه**ﷻ)یە بکەو ڕووبکەرە لای و

---

[1] تەفسیری گوڵشەن:٢/٦٣٩-٦٤٠.

[2] سُورَة الْحِجْرالآية: ٩٧- ٩٩.

بیپەرستە، هەتا کاتی مردنت دێت، کە مردن شتێکی ئاشکرایەو دێت هیچ گومانێکی تێدا نیەو ڕاستە[١].

هەروەها لە ئایەتێکی تردا خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: ﴿**فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا وَمِنْ آنَاءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَىٰ**﴾[٢].

واتە: ئەی پێغەمبەر تۆ هەراسان مەبە لەسەر ئەو قسانەی بێباوەڕان و بتپەرستان دەیڵێن، صەبرت هەبێت و خۆت ڕابگرە، جا قسەکانیان کوفر کردن بێت، یان گاڵتە پێکردنت بێت، یاخود ئەوە بێت کە بە درۆزنت دادەنێن، تۆ پێش هەڵاتنی خۆروپێش خۆر ئاوابوون، وە لە کاتی شەودا، هەروەها لەساتەکانی ڕۆژ، لە بەینی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابووندا، نوێژ بکەو حەمدو ستایشی خوداﷻ بکە، بەڵکو ئەوەی دەتەوێت، بۆت بێتەدی تاوەکو پێی ڕازیی و خۆشحاڵ بیت[٣].

بێگومان ئەو ئایەت بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە نوێژ خۆشی و کامەرانی ئاسوودەیی دەبەخشێت بە کەسی باوەڕدار بەو مەرجەی بە ناخ و دڵ و دەروونەوە ئەو خوداپەرستییە بەجێبگەیەنێت، چونکی ئەو ئایەت و زیکرانەی کە لە نێو ئەو نوێژەدا دەخوێنرێت، سەرجەمیان گوزارشت لە یەکتاپەرستی و پاك و بێگەردی پەروەردگار دەکات لە هەموو عەیب و کەم و کورتییەك، ئەوەش ئامانجی ئەو خوداپەرستییەیە کە بە کۆڵەگەی ئیسلام دانراوە.

لە خۆوە نیە پێغەمبەرﷺ هەرکاتێك هەستی بە ماندوو بوونی ناخ و دڵ و دەروون بکردایە ئەیفەرموو: (**يا بلالُ أقمِ الصلاةَ، أرِحْنا بها**)[٤].

---

[١] کتێبی(تەفسیری نامی:١٤٩/٤، تەفسیری گوڵشەن:٣٨١/٢ بەدەستکارییەوە).

[٢] سورة طه الآية:١٣٠.

[٣] تەفسیری گوڵشەن:٦٠٧/٢.

[٤] کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ٤٩٨٥ ص٢٢٨٢ کتاب الأدب- باب في صلاة ←

**واتە:** قامەتی نوێژ بکە یا (بلال) با بحەسێینەوە، بەڕاستی خەمی دنیاو سەرقاڵبوون پێوەی، دەروونی مرۆڤ ماندوو شەکەت دەکات، باشترین چارەسەر بۆ دوور کەوتنەوە لەو خەمانە، نوێژکردنە بە مەرجەکانییەوە، نەك ئەو نوێژەی تەنها بە ڕواڵەت بە نوێژ دەچێت، بێگومان ئەو جۆرە نوێژانە حەسانەوە نابەخشن بە کەسی نوێژخوێن، تێبینی ئەوە ناکەن زۆرینەی موسڵمانان لەم سەردەمەدا چێژو لەزەت وەرناگرن لە نوێژەکانیان.

**پێنجەم**

**تەسبیحات یادکرنەوەی خودایە(ﻷ)**

خودای(ﻷ) دەفەرمووێت:**﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً﴾**[1].

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بە زۆریی یادی خوداﷻ بکەن و ناوی بێنن، بێگومان ناوهێنانی خوداﷻ هەروەك بە زمان دەکرێت، بەدڵیش و بە ئەنجامدانی فەرمانەکانیش هەر دەکرێت، وەکو نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و زەکاتدان و حەج کلردن و... هەروەهاهەموو کردەوەیەکی تری چاکە ، بەو مەرجەی کە مەبەست لە ئەنجامدانی تەنها ڕەزامەندی خوداﷻ بێت، بەیانیان و ئێواران، حەمدو ستایشی خوداﷻ بکەن و بە پاکی و بەرزیی و دووریی لە گشت عەیبەو کەم و کورتییەك ناو بهێنن[2].

بێگومان ئەو ئایەتە فەرمانی پەروەردگارە بۆ هەموو بەندەکانی کە دەبێت زۆریادی خوداﷻ بکەن لە هەموو کاتێکدا چونکی گران نیە و پاداشتی زۆرە لای خودا تەنانەت (ابْنُ عَبَّاس) دەڵێت: بۆ کەس نیە هیچ پاساوێك بێنێتەوە

العتمة، حديث صحيح).

[1] سورة الأحزاب الآية:٤١-٤٢.

[2] تەفسیری گوڵشەن:٣٨٢/٣.

لەوەی کە نەیتوانیوە زیکرەکانی خوداﷻ بەجێبگەیەنێت، بە دەست نوێژو بێ دەست نوێژیش ئەنجامی دەدرێت، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە عەقڵ سووکن، یان لە دەستیان داوە، گرنگە زمانەکانتان لە زۆربەی سات و کاتەکاندا بە شکۆمەندی و ستایشکردنی خوداﷻ وە سەرقاڵ بکەن[1].

## گرنگی تەسبیحات لە فەرموودەکانی پێغەمبەرداﷺ

زۆرن ئەو فەرموودانەی پێغەمبەرﷺ کە هانی شوێنکەوتووانی تیا دەدات لەسەر ئەوەی کە کەزیکرو یادکردنەوەی پەروەردگار دەیانگەیەنێتە پلەی بەرزو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوداﷻو چوونە بەهشتییەوە، کە بە کات و ساتێکی زۆر کەم جێبەجێ و ئەنجام دەدرێن، بەدەست نوێژو بێ دەست نوێژیش دەکرێن لەم بڕگەیەدا ئاماژە بۆ چەند فەرموودەیەك دەکەین لەوانە:

### فەرموودەی یەکەم

### خۆشەویسترین و بەسەنگترین وتە لای پەروەردگار

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: **كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي المِيزَانِ، حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ، سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ العَظِيمِ**[2].

پێغەمبەرﷺ لەو فەرموودەیە شوێنکەوتووانی فێردەکات کە خوو بگرن بەو دوو وتەیەوە، کە بەلای پەروەردگارەوە خۆشەویسترین وتەیە، وە زۆریش سەنگینە لە تەرازووی کردەوە چاکەکاندا، تەنانەت لەسەر زوبانیش سووکن بە ئاسانی دەوترێت هیچ پێوەی ماندوو نابن، پاداشتیان گەورەیە.

---

[1] کتێبی( الجامع لأحكام القران تفسير القرطبي:١٥٩/١٤ بەدەستکارییەوە).

[2] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٢٤٧/١١رقم الحديث٦٤٠٦ كتاب الدعوات- باب فضل التسبيح).

**فەرموودەی دووەم**

**سڕینەوەی گوناهەکان**

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: **مَنْ قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ، حُطَّتْ خَطَايَاهُ، وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ**[١].

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: هەرکەسێك لە ڕۆژێکدا (١٠٠) جار ئەو زیکرە بکات و بڵێت: (**سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ**)پاك و بێگەردی بۆ خوداﷻ لە گشت عەیبەو کەم و کورتییەك، وەسوپاس بۆ خوداﷻ لە پاداشتی ئەو زیکرە، پەروەردگار گوناهەکانی دەسڕێتەوەو هەڵدەوەڕێنی، ئەگەر هەندەی کەفی دەریا زۆر بن ئەو گوناهانە.

بەڕاستی شەرمەزارییە کەسی باوەڕدار ویردی ڕۆژانەی نەبێت لەو زیکرە گەورەیە(**سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ**).

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:(**أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَكْسِبَ ، كُلَّ يَوْمٍ أَلْفَ حَسَنَةٍ ؟ فَسَأَلَهُ سَائِلٌ مِنْ جُلَسَائِهِ : كَيْفَ يَكْسِبُ أَحَدُنَا أَلْفَ حَسَنَةٍ ؟ قَالَ : يُسَبِّحُ مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ ، فَيُكْتَبُ لَهُ أَلْفُ حَسَنَةٍ ، أَوْ يُحَطُّ عَنْهُ أَلْفُ خَطِيئَةٍ**)[٢].

واتە: کەسێك هەیە لە نێوتان نەتوانێت لە ڕۆژێکدا بۆ خۆی (١٠٠٠) چاکە بکات، دیارە لە هاوەڵانی پرسیویانە لە پێغەمبەرﷺ کێ هەیە بتوانێت ئەو ژمارەیە لە چاکە بەدەست بهێنێت؟؟؟؟ دیارە پێغەمبەرﷺ ڕێگەکەی بۆ کورت کردوونەتەوە دەفەرمووێت: (١٠٠) جار(**سُبْحَانَ اللَّهِ**) **کردن هاوتایە بە (١٠٠٠) چاکە یان (١٠٠٠) گوناهەی لەبەرامبەردا لێهەڵدەوەرێت.**

---

[١] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٢٤٧/١١رقم الحديث٦٤٠٥ كتاب الدعوات- باب فضل التسبيح).

[٢] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٢٩٠/٨رقم الحديث٢٦٩٨ كتاب الذكر والدعاء والتوبة والإستغفار- باب فضل الإجتماع على تلاوه القرآن وعلى الذكر).

لە دوای گرنگیدان بە پاك و خاوێنی جەستەو لاشەو ناخ و دڵ و دەروون و خووگرتن بە خەسڵەتی ستایش و شوکرانەکردنی زاتی(**اللهﷻ**)و دان پێدانان لە بەهرەمەندبوونی ئەو هەموو نازو نیعمەت و بەخششانەی خوداﷻ کە لە ژماردن نایەن، ئینجا قەراردان لەسەر ئەوەی کە ئەو خودایەﷻ پاك و بێگەردو دوورە لە گشت عەیب و کەموکورتییەك.

ئاشکرایە لەوەی کە مەبەست و ئامانجی پێغەمبەرﷺ لە کۆی ئەو ڕەفتارو کردەوانەی ئاماژەمان پێدا، **ئامادەکاری و سازکردن و پاککردنەوەی ناخ و ڕوح و دڵ و دەروونی کەسی باوەڕدارە**، بۆ هەندێ **کردەوەی بەرهەم دارە لە ئەرزی واقیعدا دەبێت بکرێن**، هەروەك لە فەرموودەکەدا پێغەمبەرﷺ ئاماژەی پێکردووە لەوانە: نوێژو بەخشین و خۆڕاگری و ئارامی و کارکردن بە قورئانی پیرۆزە، نەك تەنها تیلاوەکردنی، هەروەها چۆنیەتی سەرفرازبوونی نەفسی ئینسانە لەکۆت وزنجیری ئارەزووبازی و شەهوەت و خۆش ویستنی سامان پارەو پلەو پۆست لە دنیا، تەماشا بکەن لەدوای ئەو شتانە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: **وَالصَّلاةُ نُورٌ**.

سەرنج بدەن لەو دەربڕین و وەسفەی پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە نوێژ کە دەفەرمووێت: نوێژ ڕووناکییە، ئەگەر هەرکەسێك بەو مەرجانە نوێژەکەی ئەنجام بدات کە پەروەردگار لێی داواکردووە، بێگومان **ئەو جۆرە نوێژ کردنە، تاریکی نێو دڵ و دەروون نوێژ خوێنەکە ڕووناك دەکاتەوە** هێدی هێدی ناهێڵێت تاریکی تاوان و گوناە ڕووی تێبکات، تەنانەت بیرو هزرو دەست و قاچ و چاوو زوبان و گوێچکەو داوێنی هەمووی لە ڕەزامەندی پەروەردگاردا بەکاردەهێنێت لەدونیادا، ئەو ساتەی ماڵئاوایی دەکات و دەمرێت، ئەو نوێژەی بەجێگەیاندووە بەو مەرجانەی کە دانەری شەرع باسی لێوە کردووە، **دەبنە ڕووناکی و ڕۆشنکەرەوەی تاریکی نێو گۆڕو قوناغەکانی ڕۆژی دوایی**[1].

[1] کتێبی(أسرار الصلاة لابن قيم الجوزية: ص٢٦ بە دەستکارییەوە).

هەر لەو سۆنگەیەوەیە پێغەمبەرﷺدەفەرموێت:(....**وجُعِلَت قُرَّةُ عَينـي في الصَّلاةِ)**[1].

نوێژم بۆ کراوەتە ڕووناکی و سۆمای چاوم، پەیوەندیی پێغەمبەرﷺبەخوداوە گەوهەری ژیانی بووەو، خۆشییە مادییەکانیش بەگشتی بەلایەوە لاوەکی بوون و دەبێ موسوڵمانیش بەو جۆرە پەروەردگارو نوێژی لا خۆشەویست بێت.

لە فەرموودەکانی پێشوودا باسمان لە بابەتی نوێژ کردووە دەتوانن بچنەوە سەری وەك بیر هێنانەوەیەك، بەتایبەت لە ڕاڤەی فەرموودەی سێهەم دا.

لەدوای ڕاڤەکردن و تیشك خستنە سەر خوداپەرستی نوێژ، بەوەی کە ڕووناکییە پێغەمبەرﷺئاماژە بۆ چەمکی بەخشین دەکات و دەفەرمووێت: **(والصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ)**

واتە: بەخشینی ئەو ماڵ و سامان و پارەیەی کە پەروەردگار پێ بەخشیویت لەڕێی زەکاتدان و خێر وصەدەقەوە، بەکەسانی شایستە لە (هەژارو داماو لێقەوماو دەست کورت و نەبوو ....هتد) نەك سواڵکەر، بەڵگەیە لەسەر ڕاست ودروستی باوەڕی ئەو کەسەی دەبەخشێت، سەرنج بدەن پەروەردگار چی دەفەرمووێت:**﴿وَمَا بِكُمْ مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ﴾**[2].

**واتە:** هەرچی هەتانە لە نیعمەتی ماڵ و سامان و پارەو پول و ..... هتد، هەر هەمووی هی خودایە.

بێگومان پیاوی عاقڵ و ژیر کاتێك دەروانێتە ئەو پەیامەی خوداﷻ لەو ئایەتەدا تێدەگات، لەوەی هەر نیعمەتێکی هەیە، پەروەردگار پێی بەخشیوەو بەهرەمەندی کردووە لێی، کەس نەڵێت: ئەو سامان وپارەو پولەم پەیدا کردووە،

[1] کتێبی(سنن النسائي وهو المجتبى: رقم الحديث ٣٩٣٩ ص ٩٢٣كتاب عشرة النساء- باب حب النساء، إسناده حسن).
[2] سورة النحل الآية:٥٣.

بە ئـازایی و جـوامێری و ژیـری خـۆم، **قـارون ئاسـا نەبێـت کـوفرانە نیعمەتـی** پەروەردگار بکات، بڵێت:**﴿قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِي ..........﴾**[1].

قـارون وتـی: ئەوەی کە هەمە لە موڵـك وسـامان و دارایـی، بەهـۆی زانـین و تێگەیشتن و کارزانی خۆمەوە پێم دراوە[2].

تەنـانەت ئەو پەیـامە هەمـوو بـاوەڕدارێکی ڕاسـتەقینە ڕادەچڵەکەنێـت و دەیهێنێـتەوە قەبـارەی خـۆی، بـۆ ئەوەی خـۆی لێنەگۆڕێـت، نەبـادا خـۆی بەشـت بزانێت، **بەهۆی پارەو سامان و داهاتییەوە.**

**لە ئایەتێکی تردا هەموو ئەوانەی پەروەردگار** سامان و دارایی و پارەو پول و نیعمەتـی هەمە جۆرەی پـێ بەخشـیوون، پێیـان دەفەرمووێـت: ئاگـادار بـن ئێـوە وەکیلن لەسەر ئەو ماڵ وسامان داراییە، لە هەمان کاتیشدا فەرمانیان پێدەکات لەو مـاڵ و سـامانە خەرج بـکەن و بیبەخشـن، ئەگەر بەخشـیتان ئەوا پاداشـتێکی گەورەتـان بەدەست دەکەوێت، لەوبارەیەوە پەروەردگار دەفەرمووێت:**﴿وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَأَنفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ﴾**[3].

**واتە:** لەو مـاڵ و سـامانەی کە خـوداﷻ پێیـداون و ئێـوەی تیـادا کـردووە بەسەرکار، دەستی یارمەتی بۆ هەژاران و دەستکورتان درێژ بکەن، ئەوانەتان کە ئیمانیان هێناوەو ماڵ وسامانی خۆیان لە ڕێگای خوداﷻ خەرج دەکەن، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا پاداشتێکی گەورەیان بۆ بڕیار دراوە[4].

**مامۆستا مەلا عبدالكريم المدرس سەبارەت بە خشینی ماڵ دەڵێت**[5]:

---

[1] سورة القصص الآية:٧٨.

[2] کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/٢٤٠).

[3] سورة الحديد الآية:٧.

[4] کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/٢٤١).

[5] کتێبی(تەفسیری نامی:٦/٢١٠).

**بین بەچرای ڕووناکی جیهان　　　　مالْتان ببەخشن ئاشکراو پەنهان**

**ئەو تیکە نانە ئەیدەن بە فەقیر　　　　ئەبێ بە مایەی ڕزگاری ئەسیر**

**(نامی) وەسیەتی ئەمەیە بۆتان　　　　بەهەشت وەربگرن بە ماڵ بۆ خۆتان**

کەوابوو: کاتێك خوداﷻ ماڵ و سامانت پێ دەبەخشێت دەبێت ئەوە چاك بزانیت بۆ ئەوە نیە کۆیان بکەیتەوەو لە ژێر زەمین قایمیان بکەیت، بەشی هەژارو لێقەوماوو و دەست کورت و ..... هتد، لێ نەدەیت و بێ بەشیان بکەیت، هەموو ئەو ئایەتانە بۆ ئەوەیە دەست کراوە بێت، نەك ڕەزیل و بەخیلی بکەیت، بەو بەخشینە بەهەشت مسۆگەر بکە بۆ خۆت.

ئەگینا هەر ئەو پارەو سامانەیە دەبنە دوژمنت و خەڵکیش کەیفیان پێت نایەت، کە لە دەرئەنجامدا ئەو ڕق لێبوونەی خەڵکی لە بەرامبەرتدا دەچێتە قۆناغی ئێرەیی بردن و زیان پێگەیاندن و تەنانەت لەوەیە بگاتە ڕادەی لە ناوبردنت هەر بە هۆی ئەو پارەدارییەوەیە، زۆر کەس هەن لە نێو کۆمەڵگەدا لە پێناو بە دەست هێنانی پارەو سامان و دارایی خیانەت لە دین و نیشتمان و شەرەف و کەرامەت و ناموسیان دەکەن.

بۆیە ئەو خەڵکە دوو جۆرن هەندێکیان خزمەتکاری پارەو سامان و داراییـن ئەوانە بێ ئەمەك و بێ وەفاو خائینن، وە هەندیکی تریان کە ئەو جۆرەیان بەو سامان داراییە خزمەتی هەتیوو داماوو لێقەوماوو بێوەژنی هەژاری پێدەکات و لە کاری چاکەکاریدا خەرجی دەکات و دەیبەخشێت بە ئاشکراو بەنهێنی بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنیت، جا دەبێت مرۆڤی باوەڕدار بزانێت دەچێتە کام خانەوە دەبێتە خزمەتکاری پارە، یان بەو پارەیە بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر دەکات.

ئاشکرایە چەمکی (**وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ**) دوو وشەیە، بەڵام پڕمانایە گەر سەرنجێك بدەین لە دەسپێکی فەرموودەکەوە تاوەکو ئەم چەمکە، پێغەمبەرﷺ ئاماژەی بە

چەند خوداپەرستییەك و چەند کردەوەیەك کردووە کە **سەرجەمیان پێویستیان بەم خۆڕاگری و ئارامییە هەیە.**

**خۆڕاگری و ئارامی بەڕاستی ڕۆشنایی بەخشە بۆ کەسی باوەڕداری ڕاستەقینەی عیار(٢٤)،** بەتایبەت کاتێك کە مرۆڤ دووچاری کێشەو گرفت و بەڵاو موسیبەتێك دەبێت، مادام چۆك نادات و ناڕووخێت، بەردەوام ئارامی و خۆڕاگری خۆی دەپارێزێت و تێك ناچێت و هەڵەی زەق و کوشندە ناکات، لەبەرامبەر دەرئەنجامی خراپ و نەڕێنی ئەو کارەساتەی ڕووی تێکردووە، ئاشکرایە کێشەو گرفت تەنهاو تەنها بەچەکی خۆڕاگری و ئارامی مرۆڤ دەتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا، بۆ نەهێشتن و زاڵبوون بەسەر تاریکیدا پێویستمان بە ڕۆشناییە لەڕێ ئارامگرتنەوە بەدەست دێت.

خۆڕاگری ئیرادەو توانایەکە لەو ڕێیەوەیە مرۆڤ دەتوانێت، بەسەر هەست و نەستەکانیدا زاڵ بێت و تێك نەچێت، لەو ساتانەی دووچاری بەڵاو موسیبەت و ناڕەحەتییەك دەبێت، هەر بەهۆی ئەو ئارامیگرتنەوەیە مرۆڤ دەتوانێت، مامەڵەی ڕاست و درووست بکات، لەگەڵ پرسە هەنووکەییەکاندا دوور لە پشێوی و شڵەژاوی و هەڵەو کەم وکورتیەك[1].

**بۆیە** پێغەمبەرﷺ بەو شێوازە ڕاڤەی خۆڕاگریمان بۆ دەکات و دەفەرمووێت:**(الصَّبْرُ ضِيَاءٌ)** خۆڕاگری ڕۆشناییە.

**کەوابوو:** کەسی باوەڕدار بە خۆڕاگری و ئارامی دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر تاریکی ئەو کێشەو گرفت و بەڵاو موسیبەتانەی ڕووی تێدەکات.

**پێناسەی خۆڕاگری و ئارامگرتن(الصبر) لە ڕووی زاراوەدا**

الصبر:(**حبس النفس عن الجزع والتسخط، وحبس اللسان عن الشكوى، وحبس الجوارح عن التشويش**)[2].

---

[1] کتێبی(الأخلاق الإسلامية وأسسها/ عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني:٣٠٥/٢ بتصرف).

[2] کتێبی( مدارج السالكين:١٢٩/٢بتصرف)

ئارامگرتن واتە: خۆگرتنەوە لە ترسان و نائومێدبوون لە خوداﷻ، هەروەها لە تووڕەیی و پاراستنی زمان لە سکاڵابردن بۆ غەیری خواﷻوپاراستنی ئەندامەکانی جەستەیش لەوەی سەریان لێتێکبچێت، پەنا بۆ کێ ببەن.

**کەوابوو: بەندکردنی نەفس لەسەر خراپەکاری و کاردانەوەی نەشیاو بە گوفتارو کردار لەبەرامبەر ئەوەی دووچاری دەبێت لە بەڵاو موسیبەت و ناڕەحەتییەکان**

**جۆرەکانی ئارام گرتن(الصبر)**

ئاشکرایە خۆڕاگری وئارامی چەند جۆرێکن هەوڵدەدەین بە کورتی باسیان لێوە بکەین وە نموونەشیان لەسەر بێنینەوە لەوانە[١]:

**جۆری یەکەم**

**ئارامگرتن و خۆبەدوورگرتن لە سەرپێچیکردنی خوداﷻ**

**(صَبْرٌ عَنْ مَعْصِيَّةَ اللّٰهِﷻ)**

خۆڕاگری لەسەر ئەنجام نەدانی تاوان وگوناه (المعصية)لە ترسی سزاو دەرئەنجامەکانی ئەو سەرپێچی کاری و یاخیبوونە لە خوای باڵادەست، لەڕاستیدا سروشتی مرۆڤ وا درووست بووە حەز بە زۆر شت دەکات، هەندێك لەو شتانە حەرام قەدەغەکراون، جا بۆ دوورکەوتنەوەو نەچوونە ژێر باری ئەو حەزوو ئارەزووە ناپەسەندانە، ئەو کەسە پێویستی **بە خۆڕاگرای و ئارامگرتن هەیە** بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو بازنەی حەرامکراوەکانەوە لەوانە: نەزەری حەرام و چاوپیسی داوێن پیسی و دەم پیسی و خواردنی مافی خەڵکی بە ناڕەوا.....هتد.

[١] کتێبی(منازل السائرين للهروي: ص٤٩ بتصرف).

دیارە ئەو خۆڕاگرییە، لە ناخ و دڵ و دەروونی کەسی باوەڕدار درووست دەبێت، لەڕێی دوعاو نزاو پاڕانەوەو هاوارکردن بۆ خوداﷻ کە هاوکارو یارمەتیدەرو پشتیوانی بێت بۆ زاڵبوون بەسەر حەزوو ئارەزووەکانی، هەتا نەکەوێتە ژێر کاریگەری هەواو نەفسی خراپییەوە، وە لە لایەکی ترەوە پێویستە کەسی باوەڕدار بیر لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەو سەرپێچی کردن و یاخیبوونە بکاتەوە کە سبەینی لەڕۆژی دواییدا چ سزایەك دەدرێت و دەچێژێت لەسەرکردنی ئەو تاوان و گوناهانەی کە دەیتوانی ئارام و خۆڕاگر بێت و نەیکات.

**جۆری دووەم**

**ئارام گرتن لەسەر بەجێهێنانی خوداپەرستییەکان**

**(صَبرٌ عَلى طاعَةِ اللّٰهﷻ)**

خۆڕاگری و ئارامی لەسەر جێبەجێکردنی خوداپەرستییەکان(عیبادتەکان) بە ڕەچاوکردن و بەجێهێنانی مەرجی چۆنیەتی ئەنجامدانیان بە شێوازێکی تەندروست و ڕێك و پێك، ئاشکرایە ئەم جۆرەیان زۆر گرنگە لە ژیانی کەسی باوەڕدار، وە پێویستە لەسەر ئەو خەسڵەتی خۆرأگرییە بەردەوام بێت تا ئەو ڕۆژەی چاو لەیەك دەنێت و ماڵئاوایی لە دنیا دەکات، ئەگینا ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە بە جێگەیاندنی خوداپەرستییەکانی.

**بۆ نموونە:** بەجێگەیاندنی نوێژە فەرزەکان لەکات وساتە دیاریکراوەکانیدا بە درێژایی تەمەن تا دواهەناسە پێویستە بکرێت و پشتگوێ نەخرێت ئەگەر بە چاویش کردبێتت دەبێت هەر بکرێت، ئەگەر **خۆڕاگری** نەبێت چۆن ئەو خوداپەرستییە دەکرێت، هەروەها **ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان** پێویستی **بە ئارامی و خۆڕاگری هەیە** بەتایبەت لەو وەرزانەی کە دەکەونە هاوینەوەو

پلەکـانی گەرمــاش بەرز دەبــنەوەو ڕۆژگــاریش درێــژە، ئەگەر ورە بەرزی و هیممەتـی بەرزو ئیمانێکـی دامەزراو لە نێـو نـاخ و دەروون و دڵ نەبێـت مەحاڵە ئەو خوداپەرستییە بەجێ بگەیەنرێت، بەڵام کاتێك کەسی باوەڕدار دەبینێت کە پاداشــتێکی گەورە چــاوەڕوانییەتی لە ڕۆژی دواییــدا، ئەو ســاتە ئامــادەیە خۆڕاگربێــت و درێــژە بە ڕۆژوو گــرتنەکەی بــدات، لە پێنــاو بەدەســتهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارو ئەو پاداشتە گەورەیە.

ئاشکرایە خوداپەرستییەکانی تر بەهەمـان شێواز پێویستیان بە خۆڕاگری و ئـارامی هەیە ئەگینـا مەحـاڵە بتوانرێـت کەسـی بـاوەڕدار بەردەوام بێـت بــێ خۆڕاگری.

**جۆری سێهەم**

**ئارام گرتن لەسەربەڵاو موسیبەت وناڕەحەتییەکان**

**(صَبْرٌ عَلى إمْتِحانِ اللّهِ ﷻ)**

خــۆڕاگری و ئــارامگرتن لەســەر ئەو بەڵاو موســیبەت و گیروگرفتــانەی دووچـاری دەبنەوە(المصـائب)، هەروەهـا دەبێـت مرۆڤـی خـۆڕاگر هەوڵ بـدات بە ورەبەرزی و هــیممەتەوە زاڵ بێــت بەســەر دەرهاویشــتەکانی ئەو بەڵاو موسـیبەتانەی ڕووی تێـدەکەن، نەك بە ناشـوکری و هەراسـان بـوون و نـاڕەزایی دەربڕین.

**بـۆ نمـوونە:** پێغەمبەر ﷺ سـەر مەشـقی ئەم ئەرکەی خودایە تەماشـا بـکەن تووشــی چ ئــازارو دەردەســەری جەســتەیی و دەروونــی بــۆتەوە لەبەر ئەوەی فەرمانی بە بێباوەڕانی کردووە ، واز بهێنن لەو بت پەرستنە ی هیچ سوودێکتان پێنابەخشـێت ، تەنـانەت ئەو بتـانە توانـای ئەوەشـیان نـیە زەرەرو زیانتـان لــێ

بەدوور بخەنەوە ، جا وەرن ئەو خودایە بپەرستن، بێ هاوەڵەو تاك و تەنیایە، خاوەنی دەستەڵاتێکی ڕەهایە، موحتاجی بەکەس نیە، هەرچی بوونەوەریش هەیە موحتاجی ئەو زاتی (الله)یەن.

پێغەمبەرﷺ لەسەر فەرمان بەچاکەکردن و ڕێگری لە خراپەکاری دەریان پەڕاندووە لە زێدی دایك و باوکی وە دووریان خستۆتەوە و ئازاری دەروون و جەستەییان داوە برینداریان کردووە، بەڵام خۆڕاگربووە بەرامبەر ئەو هەموو خەم و پەژارەو ئازارو ناڕەحەتییانە.

سەرنج بدەن ئەوە خودی پێغەمبەرەﷺ باسی ئەو ئازارەمان بۆ دەکات تووشی بووە لە سەردەستی بێباوەران و کەس و کاری و کەسە نزیکەکان خۆی، لە وەڵامی ئەو پرسارەی دایکی ئیمانداران حەزرەتی عایشە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ ) دەپرسێت:**يَا رَسولَ الله، (هلْ أَتىَ عَلَيْكَ يَوْمٌ كانَ أَشَدَّ من يَوم أُحُد؟ فَقالَ: لقَدْ لَقِيتُ مِن قَوْمِك وَكانَ أَشَدَّ ما لَقِيتُ منهمْ يَومَ العَقَبَة، إذْ عَرَضْتُ نَفْسي علَى ابْنِ عبدِ يَالِيلَ بنِ عبدِ كُلَالٍ فَلَمْ يُجِبْنِي إلى ما أَرَدْتُ......)**[1].

ئەی فرستادەو نێردراوی خوداﷻ ئایا ڕۆژی سەختت بەسەر هاتووە لە (ئوحود) ناخۆشترو بە ئازارتر بوو بێت ؟؟؟ پێغەمبەرﷺلە وەڵامیدا دەفەرمووێت : بەڵی ئەوەی لە قەومەکەت بینیم زۆر ناخۆشتروسەخت تر بوو بە تایبەت لە ڕۆژی عەقەبە شوێنێکە نزیك بە تایف (الطائف) کاتێك چوومە لای (إبن عبدياليل) گوێیان پێنەدام و بەردیان تێگرتم و برینداریان کردم بە نائومێدی گەرامەوە بۆ مەککە، پێغەمبەرﷺسەرباری ئەم ئازاردان و دڵشکاوییەی هەر خۆڕاگرو بە

[1]-کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٣٧٦/٦رقم الحديث ٣٢٣١كتاب-بدء الخلق – باب إذا قال أحدكم آمين والملائكة في السماء فوافقت إحداهما الأخرى غفر له ماتقدم من ذنبه اللفظ له وصحيح مسلم بشرح الامام النووي:٤١٠/٦ رقم الحديث ١٧٩٥ كتاب الجهاد والسير - باب مالقي النبي صلى الله عليه وسلم من اذى المشركين والمنافقين).

ئارام بوو تەنها وتەنها ڕەزامەندی خودای مەزنی لا مەبەست بوو.

ئیمامی (الهروي) لە کتێبی (منازل السائرين) دەڵێت[1]: ئەو سێ جۆرە ڕاگری و ئارام گرتنە لەو ئایەتەدا کۆکراونەتەوە﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا...**﴾[2].

**(اصْبِرُوا)** ئارامبگرن لەسەر بەڵاو موسیبەت و ناڕەحەتی.

**(وَصَابِرُوا)** ئارامگرتن و خۆبەدوورگرتن و توخن نەکەوتنی تاوان و گوناە.

**(وَرَابِطُوا)** ئارام گرتن لەسەر بەجێهێنانی خوداپەرستیی و ملکەچییەکان بەئەنجامدانیان بەهەمیشەیی و ئیخلاسی تیایدا.

**کەوابوو:** دەبێت کەسی باوەڕدار خۆی پەروەردە بکات و ڕاهێنان و مەشقی زۆر بکات لەسەر خۆڕاگری و ئارامگرتنێك بە پشتیوانی و هاوکاری ویارمەتی خوداﷻ(الصَبرُ بِاللّه)، تەماشا بکەن پەروەردگار چی دەفەرمووێت:﴿**وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلاَّ بِاللَّهِ**﴾[3]، خوداﷻ فەرمان دەکات، بە خۆڕاگری ئارامگرتن، تەنانەت ئەو خۆڕاگرییەش هەر بە پشتیوانی و یارمەتیدانی خوداﷻیە، ئەگینا ئەگەر پەروەردگار بەهرەمەندت نەکات لە بەخشین و پێدانی ئارامی و خۆڕاگری مەحاڵە ئارامبگریت وە دەبێت تەنهاو تەنها ئەو ئارامگرتن و خۆڕاگرییە لەپێناو خوداو هەر بۆ خوداشﷻ بێت(الصَبرُ للّه)، پێوستەو گرنگیشە ئەو خۆڕاگییە لەگەڵ ویستی شەریعەتی خوداﷻبێت، بەجۆرێك نەفسی خۆی وا ڕابهێنێت هەرچی خودا، فەرمانی پێکردووە و لای خۆشەویستە جێبەجێی بکات، کە ئەوە بەڕاستی قورسترین جۆری خۆڕاگری و ئارامگرتنە، پێی دەوترێ: ئارامگرتنی

---

[1] کتێبی(منازل السائرين للهروي: ص٥٠).
[2] سورة آل عمران الآية:٢٠٠.
[3] سورة النحل الآية:١٢٧.

ڕاستگۆیان(صَبْرُ الصدِّيقين)[١].

با پێکەوە سەرنجێك بدەینە ئەو پەیامەی خودای مەزن کە چ موژدەیەك بە خۆراگران دەدات کە دەفەرمووێت: ﴿**وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ**﴾[٢].

خودای مەزن لەم ئایەتە **فەرمان دەکات، کە دەبێت** کەسی ئیماندار خۆڕاگرو کۆڵنەدەر بێت لە هەموو بارو دۆخێکدا، بۆ ئەوەی پشتگیری و سەرکەوتنی خودایی مسۆگەر بکات، سەرنج بدەن لەو ڕووەوە پەروەردگار چی دەفەرمووێت: (**إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ**)[٣].

خودا ﷻ لەگەڵ ئەوانەیە کە خۆڕاگران، دەبێ ئەوە چ شەرەف و کەرامەت و ڕێزێك بێت بۆ ئیماندارانەی کە خۆڕاگرن، پێویستە لەسەر باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو شەرەف وڕێزو کەرامەتە لە دەست نەدات، هەرکاتێك تووشی بەڵاو موسیبەتێك بوو، ئەو ئایەتە پیرۆزە بێنێتە پێش چاوی خۆی تاوەکوو ئەو شەرەفە گەورەیەی لەدەست نەچێت.

هەڵبەتە یەکێك لەبەرهەمەکانی خۆڕاگری بەدەستهێنانی خۆشەویستی خودایە لەو بارەیەوە پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ ...**وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ**﴾[٤].

سەرنجتان بۆ ئەم ئایەتە ڕادەکێشم **پەروەردگار** کەسانێك دەگەیەنێتە پلەو پایەی سەرکردایەتی لە نێو کۆمەڵگە، بەهۆی خۆڕاگری و ئارامی و باوەڕی بەهێزیانەوە خودای مەزن دەفەرمووێت:﴿**وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ**﴾[٥].

---

[١] کتێبی(مدارج السالكين لابن قيم الجوزية:٢/١٣٠, سەحیحی پوختەی مدارج السالكين-وەرگێرانی/نوري هەمەوەند:٢/١١٤ بەدەستکارییەوە).

[٢] سورة الأنفال الآية: ٤٦ .

[٣] سورة الأنفال الآية ٤٦.

[٤] سورة آل عمران الآية: ١٤٦ .

[٥] سورة السجدة ألآية: ٢٤.

واتە: چەند کەسێکمان لەو نەوەیە کردە پێشەواو ڕابەر، کە بە پێی فەرمانی ئێمە بەرەو ڕێگای هیدایەت ڕۆیشتن، وە کە لەسەر زەحمەت و ناڕەحەتییەکانی ڕێگای ڕاست نیشاندان صەبریان گرت، ئەوانە کە ئیمانێکی تەواویان بە فەرمان و فەرمایشتەکانی ئێمە هەبوو[1].

کەوابوو: **گەیشتن بە پلەی ڕابەرایەتی لە ڕێگای باوەڕێکی ڕاستەقینەو خۆڕاگری و کۆڵنەدانەوە بەدەست دێت.**

ئیمانێکی ڕاستەقینە+خۆڕاگری = پێشەوا(ڕابەر)

(ئیمان) باوەڕ دووبەشە، بەشێکی خۆڕاگرییە **ئەوی تریان** سوپاسگوزارییە[2].

وتەیەکی جوانی حەزرەتی(علي‌ﷺ)دێنمەوە یادتان سەبارەت بە خۆڕاگری دەفەرمووێت: (**ألا إنَّ الصبر من الإيمان بمنزلة الرأس من الجسد، فإذا قطع الرأس باد الجسد، ثم رفع صوته فقال: ألا إنه لا إيمان لمن لا صبر له**)[3].

حەزرەتی(علي‌ﷺ)هاتووە بڕواداری (الإيمان) وێنا کردووە بە جەستەیەك دەفەرمووێ: خۆڕاگری کەللەسەری ئەو جەستەیەیە ئەگەر هاتوو کەللەسەرەکەمان لێکردەوە ئەوا جەستەکە تیا دەچێت و هیچ واتایەکی بۆ نامێنێتەوە، ئا لەو کاتەدا بەدەنگێکی بەرزەوە فەرمووی: ئەو کەسەی ئارامی وخۆڕاگری نەبێت ئیمانی کەم و کورتییەکی زۆری تێدایە.

وەکو باسمان کرد ئارامی و خۆڕاگری و کوڵنەدان پاداشتێکی دیاری نەکراوی بۆ دانراوە لە لایەن پەروەردگارەوە، بڕوانن خودای مەزن سەبارەت بە پاداشت

---

[1] کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٣٣٦).
[2] کتێبی(بصائرذوي التمييزفي لطائف الكتاب العزيز/فيروز الآبادي:٣/٣٧١).
[3] کتێبی(الصبر والثواب عليه / لأبن أبي الدنيا رقم ٨ ص٢٤).

کردنی خۆڕاگران دەفەرمووێت:(**إِنَّمَا يُوَفىَّ الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ**)[1].

ئەوە دڵنیایی و موژدەی خودایەﷻ بۆ خۆڕاگران و ئەوانەی کۆڵیان نەداوەو ئارام بوونە ئەوەندە پاداشتیان پێدەدەم هەژمار ناکرێت، گوناهیان لەسەر ناهێڵم هەمووی دەسڕمەوە ئەوە لە خۆڕا نیە خودای گەورە دەفەرمووێت: (وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ.....)[2].

سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەو بەسەر هاتە!!! حەزرەتی جبریل (علیه السلام) دێتە خزمەتی پێغەمبەرﷺو دەفەرمووێت: پەروەردگار فەرمانی پێکردووی دوعاو نزاکانی بەم شێوازە بکات، وە دڵنیای بکەرەوە یەکێك لەو نزایانەی لێوەر دەگرم وقبوڵی دەکەم .

زۆر گرنگە ئەو نزایە و شێوازی پارانەوەیە بکەینە ویردی ڕۆژانەمان، :(**اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ تَعْجِيلَ عَافِيَتِكَ، وَصَبْرًا عَلَى بَلِيَّتِكَ، أَوْ خُرُوجًا مِنَ الدُّنْيَا إِلَى رَحْمَتِكَ**)[3].

واتە: ئەی پەروەردگار داوای ساغ و سەلامەتیت لێدەکەم، هەروەها لەسەر بەڵاو موسیبەتەکان **ئارامیم پێ ببەخشە**، کاتێکیش لە دونیا دەردەچم بەهرەمەندم کە لە سۆزو ڕەحمەتی بێ پایانت.

کاتێك سەرنج دەدەینە وشەکانی نزاو پارانەوەکەی پێغەمبەر ﷺ بۆمان ئاشکرا دەبێت بەڕاستی هەریەکێ لەو وشانە دەلالات و پێگەی خۆی هەیە لای پەروەردگار

**بۆ نموونە:** ساغ و سەلامەتی(**العفو والعافية**) گەورەترین بەخشش و

---

[1] سورة الزمر الآية ١٠ .

[2] سورة البقرة الآية ١١٨ .

[3] کتێبی(المستدرك على الصحيحين :٧١١/١ رقم الحديث ١٩٦١ كتاب الدعاء والتكبير والتهليل والتسبيح والذكر هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ ، وَلَمْ يُخَرِّجَاهُ).

پێـدراوی خـودایەﷻ هەروەهـا (الصـبر)خۆڕاگری و کـۆڵنەدان ئەمەیـان زۆر خۆشەویستە لای خودای مەزن، ئەوەی خۆڕاگربێ **دەبێتە خۆشەویستی خودای باڵادەسـت**، سـەرنج بـدەن پەروەردگـار چـی دەفەرمووێـت:﴿ **...وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ**﴾[1].

کەوابوو: ئەو ئارامی و خۆڕاگری(الصبر) یەکێکە لەو فەرمانە پێویستانەی کە خودای گەورە ڕایسپاردووە خووی پێوە بگرین، چونکی کە دەڕوانینە ئەو پەیام و ڕێنمایی کردنەی پەروەردگار بۆ پێغەمبەرﷺ کە بەو شێوازە دوعا بکات، **(اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ صَبْرًا عَلَى بَلِيَّتِكَ) بیرمان نەچێت لەبنەڕەتدا دوعاکردن عیبادەتە.**

هەروەکو پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: (**الدُّعاءُ هوَ العبادةُ**، ثمَّ قالَ: **وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ**)[2].

واتە: ئێوە مەبەست و پێویستییەکانی خۆتان تەنها لە من داوا بکەن، منیش بۆتان دەهێنمە دی، بێگومان ئەوانەی خۆیان بەگەورە دەزانن لەوەی بم پەرستن، لە ڕۆژی دواییدا بە ڕیسوایی و زەلیلی و سەرشۆڕییەوە دەچنە ناو دۆزەخ.

دوعاو پاڕانەوەو داواکردن دەبێت هەر لە خوداﷻ بێت و بە دڵێکی بێدارو ئاگادارەوە دوعا بکرێت، هەروەها نابێ داوای کارێکی ناڕێك یان نادروست لە خوداﷻ بکرێت.

خـۆڕاگری و ئـارامی ڕەوشـتێکی بەرزە، وە سـەنگی مەحەکە بـۆ ناسـینی و هەڵسەنگاندنی ئیماندارى ڕاستەقینە، لە ڕووی پراکتیزەکردن و بەکردەوەکردنی پەیامی خودای مەزن.

---

[1] سورة آل عمران الآية ١٤٦ .

[2] کتێبی(سنن الترمذي:ص٦٦٤رقم الحديث٢٩٦٩ كتاب تفسير القرآن عن رسول اللهﷺ، حديث حسن صحيح).

## حوکمی ئارامگرتن لەڕووی شەرعەوە

هەڵبەتە گرنگە باوەڕداران لەڕووی شەرعە بزانن کە زاناو فوقەهاکان حەکمی خۆڕاگری و ئارامگرتنیان بەسەر چەند بەشدا پۆلێن کردووە، ئاشکرایە هەر بەشێك حوکمی خۆی هەیە هەوڵ دەدەین لەم بڕگەیەدا بە کورتی باسیان لێوە بکەین لەوانە[1]:

## ئارامگرتن و خۆڕاگری واجب

ئاشکرایە ئەو جۆرە ئارامگرتنە ئەرکە(واجب)ە لەسەر موسڵمانان، **نموونەی ئارامگرتن لەسەر** توخن نەکەوتن و دوورکەتنەوە لەسەرپێچیکردنی خوداﷻ و ئارام گرتن لەسەربەڵاو موسیبەت وناڕەحەتییەکان، وەکو نەخۆشی و هەژاری، هەروەها ئارام گرتن لەسەر بەجێهێنانی خوداپەرستییەکان، ئاشکرایە زاناو فوقەهاکان کۆدەنگن لەسەر واجب بوونی ئەو ئارامگرتنە، چونکی نیوەی ئیماندارییە[2].

## ئارامگرتن و خۆڕاگری خێر(مندوب)

بەجێبەجێ کردنی ئەو جۆرە ئارامگرتنە خێرو پاداشتی دەست دەکەوێت ئەگینا سزا نادرێت لەسەر ئارام نەگرتنی **نموونەی:** ئارامگرتن لەسەر زیکرکردنی بەیانیان و ئێواران خێرو پاداشتی هەیە، بەڵام خۆڕاگر نەبوو لەسەر ئەو زیکرکردنە بە دڵنیاییەوە تاوانبار نابێت، یان ئارامگرتن لەسەربێدەنگ بوون و وەڵام نەدانەوە لە کاتی تووڕەبووندا، هەر خێرو پاداشتی هەیە بەڵام ئەگەر بێدەنگی شکاندو وەڵامی دایەوە خۆ گوناهبار نابێت.

[1] کتێبی(إحیاء علوم الدین للغزالي:٤/٩٥، عدة الصابرین وذخیرة الشاکرین لابن قیم:ص٣١).
[2] کتێبی(مدارج السالکین لابن قیم الجوزیة:٢/١٢٦).

## ئارامگرتن و خۆڕاگری قەدەغەکراو(محظور)

دیــارە ئەم جۆرەیــان حەرامە مــرۆڤ لەســەری ئارامبگرێــت، وەکــو ئەوەی ئارامبگرێت لەسەر نەخواردن و نەخواردنەوە بەمەبەستی مردن و لە ناوچوون، **یاخود کەسێك** برسیەتی و پێویستە شتێك بخوات بۆ ئەوەی نەمرێت، ژیانی لە مردن ڕزگار بکات بەڵام هیچی دەست ناکەوێت، تەنها شتی مردارەوە بوو یان گۆشتی بەراز نەبێت، ئا لەو حاڵەتەدا نابێت بڵێت: مـن **سـەبردەگرم،** بەڵام ئەو گۆشـتی بەرازو مـردارەوە بـووانە نـاخۆم، ئـا لەو حـاڵەتەدا ئـارامگرتن حەرامە، دەبێت ژیانی ڕزگار بکات لە مردن، ئەگینا لەسەر ئەو حاڵەتی برسێتییە بمرێت تاوانبارە[1].

## ئارامگرتن و خۆڕاگری ناپەسەند(مکروه)

**ئاشکرایە** ئارامگرتنی(مکروه) ناپەسەند، ئەوەیە ئەگەر خۆڕاگر بوو لەسەر ئەو ناپەسەندییە سزا نادرێت لەبەر ئەوەی تاوان نیە، بۆ نموونە: کەسێک ئارام دەگرێت، خۆی لە خواردن و خواردنەوە بەدوور دەگرێت، تا جەستەی بەهۆیەوە زیانی پێدەگات، ئەو جۆرە خۆڕاگرییە ناپەسەندە لە ڕووی شەرعەوە[2].

## ئارامگرتن و خۆڕاگری ڕێگەپێدراوە (مباح)

ئەم جۆرەیان ڕێگە پێدراوە کەسەکە ئازادە، لەوەی ئارام بگرێت یان نەگرێت، هەردوو حاڵەتەکە،وەك یەکن نەسزای هەیە نە پاداشت.

## چەمکی(والقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَو عَلَيْكَ)

پێغەمـبەرﷺلەدوای ڕاڤەکردنــی خـۆڕاگری و ئـارامگرتن(**الصَّــبْرُ ضِــيَاءٌ**)،

(١) کتێبی(عدة الصابرین وذخیرة الشاکرین لابن قیم:ص٣٢بتصرف).
(٢) کتێبی(مقومات الداعیة الناجح في ضوء الکتاب والسنة/تأیف: سعید علي وهف القحطاني:ص١٩١).

پێغەمبەرﷺئاماژە بۆ پرسێکی تر دەکات کە زۆر گرنگە لە ژیانی موسڵماناندا کە ئەویش قورئانی پیرۆزە، **بەدوو ووشە** وەسفی قورئانی پیرۆزمان بۆ دەکات و ئاگاداری ئوممەتەکەی دەکاتەوە، **لەوەی کە قورئانی پیرۆز، لە ڕۆژی دواییدا لە بارەگای خوداﷻیان دیفاعتان لێدەکات، وە یان لە دژتان دەوستێت و شکاتتان لێ دەکات.**

سەرنج بدەن خودای(ﷻ)لەو ئایەتەدا، پەروەردگار سکاڵای پێغەمبەریﷺ بۆ تۆمارکردووین، دەفەرمووێت:**﴿وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوۡمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ مَهۡجُورٗا﴾**[1].

تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺسکاڵا تۆمار دەکات لای پەروەردگارو دەپارێتەوەو دەفەرمووێت: (**قەومەکەم باوەڕیان بە قورئان نەهێناوەو پشتیان تێکرد، وە خۆیان دوور دەگرن لە گوێراگری کە ڕێی هیدایەتیان نیشان ئەدات**)[2].



(١) سورة الفرقان: الآية٣٠.
(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/١٠٥).

جا ئەوانەی پەیڕەوی ئەحکام و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆزیان کـردو لێـی حـاڵیبوون، بێگومـان قورئـان دەبێـتە بەڵـگەی سـەرفرازییان بەڵام، ئەوانەی ئەرك و فەرمـان و ئەحکـام و ئامۆژگـاری و ڕێنماییەکـانی قورئانیـان پشـتگوێ خسـت، بێگومـان ئەو قورئـانە لە دژیـان دەوەسـتێ و شـەرمەزارو ڕیسوایان دەکات.

سـەرنج بـدەن پەروەردگـار چـۆن وەسـفی قورئـانی پیرۆزمـان بـۆ دەکـات دەفەرمووێت: **﴿...وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ * لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ﴾**(١).

واتە: قورئان کتێبێکە لەوپەڕی بڵندی دایەو هیچ کەسێك توانای ئەوەی نیە کە بەرانبەری ڕابوەستێت، یان هاوشێوەی قورئان دابنێت، ئەم قورئانە لە هیچ لایەکەوە، وە لە هـیچ کاتێـك نـا ڕێکیـی و هەڵەیەك ڕووی تێناکـات چـونکە، دانراوی خودایەو لەلایەن ئەوەوە نێرڕاوەتە خوارەوە، ئەو خودایەی کە لەگشت کارەکانیدا داناو خاوەن حیکمەتەو شایانی حەمدو سوپاسێکی بەردەوامە(٢).

بڕوانن خوداﷻ چی دەفەرمووێت:**﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾**(٣).

**واتە:** (خوداﷻ چاکترین و بەریزترین فەرمایشتی خۆی ناردۆتە خوارەوە کە قورئانی پیرۆزەو لە لووتکەی بڵندیی و پڕ مانایی و ڕەوانبێژیی(بەلاغەت)دایە، زۆر دوورە لە هەمـوو لەنگـی و نـاتەواوییەك، هەنـدێك لە باسـەکانی تیـادا دووبـارەکراوەتەوە وەکـو، پەنـدو ئامۆژگاریەکـان و بەسـەرهاتووی هەنـدێك لە

(١) سورة فصلت: الآية٤١- ٤٢.
(٢)-کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/٦٣٩).
(٣)-سورة الزمر الآية:٢٣.

پێغەمبەرانــی لەگەڵ، گەلەکانیانــدا کە هەر دووبــارە کــردنەوەیەك بــۆ پەنــدو عیــبرەت وەرگــرتن بە شــێوازێکی تــایبەتی خــراوەتەڕوو، ئەو ئیمانــدارانەی کە دەیخوێننەوە لە پەروەردگاریـان دەترسێن و مووچرکیـان پیـادا دێـت ودڵ ودەروونیان بۆ ڕووکردنە پەروەردگارو ناو هێنان و یاد کردنەوەی نەرم دەبێــت، ئەوە هیــدایەتی خــودایە ئەوەی خــوداﷻ بیەوێــت هیــدایەتی دەدات، ئەوانەیـش کە خـوداﷻ سـەریان لـێ بشـێوێنێت هـیچ ڕێ نیشـاندەرێکیان دەس ناکەوێت)[1].

ســەرنج بــدەن (**عــثمان بــن مظعــون**ﷺ) دەڵێــت: ئەو ئـایەتەم خوێنـدەوە کە پەروەردگـار دەفەرمووێت: ﴿**إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ**﴾[2].

واتە: خــودا فەرمــان دەدات بە دادپەروەریــی و چــاکەکردن و یارمەتیــدان و دەســتگرۆیی خزم و خوێشــان، وە نەهــی دەکــات لە هەمــوو قســەو کردەوەیەکــی خراپ، چ گەورە بێت یان گچکە، وەکو داوێن پیسی و ناوبردنی خەڵکی بەناحەق و ئـازاردانی دڵـی خەڵکـی بە نـاحەق و خـواردنی مـاڵی خەڵـك و سـووخواردن، هەروەهــا نەهــی دەکــات لە ســتەمکردن و ئاشــووب نــانەوە لەنــاو کرمەڵــی موسڵمانان‌دا، خودا ئامۆژگاریتان دەکات، بەڵکو بیر بکەنەوەو ڕوو لە ڕەوشت و کردەوەی چاك بکەن[3].

☜ **بۆ (الْوَلِيد بن المغيرة) فقال: يا بن أَخِي أَعِدْ! فقال: وَاللَّهِ إِنَّ لَهُ لَحَلَاوَةً، وَإِنَّ عَلَيْهِ لَطَلَاوَةً، وَإِنَّ أَصْلَهُ لَمُورِقٌ، وَأَعْلَاهُ لَمُثْمِرٌ، وَمَا هُوَ بِقَوْلِ بَشَرٍ!)**[4].

---

(١)-کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/٥٥٩-٥٦٠).

(٢) سورة النحل الآية: ٩٠.

[3] کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٢/٤٢٠).

(٤)-کتێبی(الجامع لأحكام القرآن للقرطبي: ١/١٣٦، وتفسير إبن كثير: ٢/٧٦٦ إسناده جيد متصل حسن، بالقرآن هؤلاء أسلموا:ص١٠٨به دەستکارییەوە).

**(الْوَلِيدِ بن المغيرة)** وتی: برازا دووبارەی بکەرەوە! کە دووبارەم کردەوە ئینجا **(الْوَلِيدِ بن المغيرة)**وەسفی **ئەو قورئانە دەکات کە گوێبیستی بووەو** تەنانەت بێباوەڕیشـە، دەڵێت: سوێند بە زاتـی(اللّٰه) **ئەو ﷺ قورئـانە ئەوەنـدە شـیرین و سەرنجڕاکێشە بۆ ڕوحەکان، ڕەونەقی خۆی هەیە، وشەکانی بە شێوەیەکی جوان و ڕێك وپێك داڕێژراوە هەروەها، وەک دارێکی گەورە وایە، لقەکانی پڕن لە میـوەو ڕەگەکـانی بە تونـدی و بەهێـز چـوونەتە نێـو قـووڵایی زەویـداو بڵاوبوونەتەوە، دڵنیام لەوەی ئەو قورئانە وتەی مرۆڤ(بەشەر) نیە.**

ئەوە دانپیـدانی کەسـێکی بێبـاوەڕی هاوەڵپەرسـت کە بەو شـێوەیە وەسـفی قورئان دەکات، **بەداخەوە لەم سەردەمدا هەندێك لە موسڵمانان** لەو ئاستەدا نین بەرامبەر ڕێزگـرتن لەو قورئـانە پیـرۆزە بەتـایبەت لە کـاتی تـیلاوە کردنیـدا، لە جیاتی ئەوەی بێدەنگ بن و گوێبیستی بن، دەست دەکەنە قسەو گفتوگۆ کردن کە بەڕاستی ئەوە یەکێکە لە ڕەوشتە قێزەوەن و ناپەسەندەکانی کەسی موسڵمان، ئەوە ئەو پەڕی بـێ ڕێـزی کـردنە بەرامـبەر بە قورئـانی پیـرۆز، بـڕوانن خـودای(ﷻ)دەفەرمووێـت:﴿**وَإِذَا قُـرِئَ الْقُـرْآنُ فَاسْـتَمِعُوا لَـهُ وَأَنصِـتُوا لَعَلَّكُـمْ تُرْحَمُونَ**﴾[1].

**واتە:** (کاتێ ئەو قورئانە خوێنرایەوە لە نزیکی ئێوەدا گوێی لێ ڕاگرن بۆ ئەوە کە لەفزەکانی وەربگرن، وە لەو کـاتەدا بـێ دەنـگ بـن بـا هەمـوو کەسـێ بە قەی حاڵ کەلیمەکانی لێ دەرکەوێ و بەقەی هێزی دڵ لە مانایان ئاگادار بن، ئومێد هەیە کە لە لایەنی خوداوە ڕەحمتان پێ بکرێ و یارمەتیتان بدرێ بۆ **وەرگرتنی ئەلفازو فامی مەعنایان و ڕەفتار پێکردنیان بۆ ئەوە ببێ بە هۆی بەختیاریتان)**[2].

کەوابـوو: پێویسـتە لەسـەر ئەوانەی کە ئەوە ڕەفتاریانە بەرامبەر بە قورئـانی

(١)-سورة الأعراف الاية:٢٠٤.

(٢)-کتێبی (تەفسیری نامی/ مەلا عبدالکریم المدرس: ٣ /٢٣٢، تفسیرالطبري: ١٧٢/٩).

پیرۆزو گوێی پێ نادەن لەکاتی تیلاوەکردنێدا بە خۆیاندا بچنەوە، وازبهێنن لەو خەسڵەتە ناشیرینە، بێگومان سبەینی لە ڕۆژی دواییدائەو قورئانە بەڕۆکی بەرنادات و دەبێتە بەڵگە بەسەریەوەو دەڵێتك خودایە تۆ ئاگاداری ئەوە بێ ڕێزی زۆری بەرامبەر کردم تۆڵەی لێ بستێنەوە.

هەر بۆ زانیاریتان ئەو سزایەی کە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە کەسانە دەبێتەوە، (اللّهُ أَعْلَم) بریتیە: **لەوەی کە پەروەردگار دەرگای ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی خۆی بە ڕوویاندا دادەخات**، چونکە ئایەتەکە وامان پێ دەڵێت: ﴿**فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**﴾.

**کەسێك گوێ نەگرێت وە بێ دەنگیش نەبێت لەکاتی خوێندنەوەو تیلاوەی قورئاندا بەدڵنیاییەوە دەرگای سۆزو ڕەحمەتی پەروەردگار بە ڕووی خۆیدا دادەخات.**

**سەبارەت بە ڕۆڵی قورئانی پیرۆز لە ڕۆژی دواییدا** ئاماژە بۆ ئەو فەرموودەیە دەکەم کە(جابر بن عبداللهﷺ) **دەگێرێتەوە**، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: **(القرآنُ شافعٌ مشفَّعٌ، وماحِلٌ مصدَّقٌ، من جَعلَه أمامَه قادَه إلى الجنَّةِ، ومن جعلَه خَلفَ ظهرِه ساقَه إلى النَّارِ)**[1].

لەو فەرموودەیەدا پێغەمبەرﷺ وەسفی قورئانی پیرۆزمان بۆ دەکات، کە چ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی ئەوانەی پەیڕەوی دەکەن و لە واتاوماناکانی حاڵی دەبن.

سەرنج بدەن کە دەفەرمووێت: ئەو قورئانە(**شافعٌ مشفَّعٌ**) داکۆکی کارێکی سەرسەختە بۆ ئەوانەی کاری پێدەکەن وپشتگوێی ناخەن و قورئان پەیڕەو

(١)-کتێبی(صحيح ابن حبان/ رقم الحديث ١٢٤كتاب– العلم –باب- ذكر البيان بأن القرآن من جعله إمامه بالعمل قاده الى الجنة،وصحيح الترغيب والترهيب/ الألباني:١٦٤/٢رقم الحديث١٤٢٣كتاب قراءة القرآن– الترغيب في قراءة القرآن في الصلاة- حديث صحيح).

دەکەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەروەها، دەفەرموویێت: ئاگادار بن **ئەی ئەوانەی قورئان خوێنن** ئەو قورئانە پیرۆزە (**ماحِلٌ مصدَّقٌ**)ە شایەتێکی ڕاستگۆیە بەسەرتانەوە، ئەوەی کاری پێکردو تێگەیشت لەواتاوماناکانی حاڵیبوو لێی، بێگومان ئەوە بەرەو، بەهەشتی دەبات بەڵام، ئەو کەسەی ئەو قورئانە پیرۆزەی هەجر کردو پشتگوێی خست و کاری بە ئەحکامەکانی نەکردو بە پێچەوانەی فەرمانەکانی خودای(ﷻ) مامەڵەی کرد بێگومان ئەو قورئانە بەرەو ئاگری دۆزەخی دەبات و دەبێتە بەڵگە (حوججە) بەسەریەوە.

**(سامی عەودالّ)ی شاعیر سەبارەت بە قورئانی پیرۆز دەڵێت**[1]**:**



**هەر تەریقی قورئانە ڕێی ڕاستی ئادەمیزاد     با بەچاکی بیزانین ئیشی پێبکەین یا عیباد**

**ڕێگای ئینسانییە ئیختیارێکی خودایە     لادانی شەیتانییە دەبێ بە فیسق و فەساد**

لەو سۆنگەیەوە پێویستەو ئەرکە موسڵمانان لە ئاستی گەورەیی قورئانی

(١) کتێبی( دیوانی سامی عەودالّ:ص١٦٣).

پیرۆزدا بن بە ڕاستی و دروستی ڕێزی لێبگرن بەو واتایەی کاری پێبکەن حەرامی بە حرام بزانن و حەلاڵی بە حەلاڵ بزانن، نەك وەك هەندێك كەس لەم سەردەمەدا قورئانی پیرۆزیان کردۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان پارەو پول وپلەو پۆستی پێ وەردەگرن یان بۆ شوهرەت و ناو دەرکردن دەیخوێنن و لەبەری دەکەن تەنها بۆ ئەوەی بڵێن: ئەوانە (حافظ القرآن)ن،بێ ئەوەی کاری پێبکەن یان لە ڕەفتارو گوفتاریان ڕەنگ بداتەوە، بەداخەوە قورئان کراوەتە ئامڕازێك بۆ بەشداری کردن لە پێشبڕکێکاندا بۆ بەدەستهێنانی دیاری و هەندێك شتی تر، وەکو ئەوەی ئەو قورئانە بۆ ئەوە نێردرابێتە خوارەوە.

بەڕاستی ئەو ڕەفتارانە سەرجەمیان دوورن لە ناوەڕۆکی ناردنە خوارەوەی قورئانە کە بۆ حاڵیبوون و تێڕامان و تێگەیشتن و کارپێکردن و پەیڕەوکردنییەتی.

**سەرنج بدەن خودای(ﷻ)** لەو بارەیەوە چی **دەفەرمووێت:﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُوا الأَلْبَابِ﴾**[1].

واتە: (ئەی پێغەمبەرﷺ ئەم قورئانە کتێبێکی پڕ ماناو پیرۆزە بۆمان ناردوویتە خوارەوە تا لێی وردبنەوەو لە ماناو مەبەستەکانی تێ بگەن، وە بۆ ئەوەی کەسانی ژیرو خاوەن بیرو هۆش پەندو ئامۆژگاری و یاسای سەراپای ژیانی خۆیانی لێ وەر بگرن)[2].

ئا ئەو جۆرە مامەڵەکردنە ناڕاست و درووستەیە لەگەڵ قورئاندا کە پێغەمبەرﷺ شوێنکەوتووانی لێ ئاگادارکردۆتەوە، کە قورئان نەبێتە بەڵگەیەك(**حُجَّةٌ عَلَيْكَ**) بەسەرتانەوەو لای خوداﷻ شکاتتان لێ بکات، بڵێت: ئێوە بۆ دەستکەوت پلەو پارەو پۆستی دنیا قورئانتان بەکاردەهێنا، نەك بۆ

(١) سورة ص: الآية ٢٩.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن: ٣/٥٣٠).

کارپێکردن و پەیڕەوکردنی، ئا لەو ساتەدا لە بەرامبەر زاتی(اللّٰهﷻ) وەڵامتان چی دەبێت؟؟؟؟

بۆیە پێویستە بە جددی کار لەسەر ئەوە بکرێت بەڕاست و درووستی لە هۆکاری ناردنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز بگەن و کاری پێبکەن و بیکەنە بەرنامەی ژیانی دونیاتان و بەڵگەیەك حاشا هەڵنەگر بە دەستانەوە، بۆ نێو گۆڕو گۆڕەپانی حەشر وەك تکاکارێك لای پەروەردگار داکۆکیتان لێبکات و بڵێت: بەراستی ئەوانە پەیڕەوی ئەحکام و ڕێنمایی و پەیامەکانی نێو ئەو قورئانەیان دەکردو جێبەجێیان دەکرد.

ئا ئەوە پەیامی پێغەمبەرەﷺ بۆ شوێنکەوتووانی سەبارەت بە قورئانی پیرۆز (**حُجَّةٌ لَكَ**) لا (**عَلَيْكَ**).

پەیڕەوکردنی قورئان=(حُجَّةٌ لَكَ) ⟠ کارپێنەکردنی قورئانی=(حُجَّةٌ عَلَيْكَ)

دیارە دوا ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێغەمبەرﷺ بۆ شوێنکەوتووانی چەمکی (**كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا**).

ئاشکرایە دوای ئەو کۆمەڵە ڕێنمایی و ئامۆژگارییانەی لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێکرا، کە سەرجەمیان ئامادەکارییە بۆ ئەو دەرئەنجامە، کە دەبێت هەموو کەسێك بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات لە دنیا بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت، لەو دوو ڕێگایە کامیان دەگرێتەبەر، ئاخۆ ڕێگای سەرفرازی و ئازادبوون لە کۆیلایەتی نەفس وئارەزووەکانی دەگرێتە بەر، یان بەندایەتی وگوێڕایەڵی شەیتان و شوێنکەوتنی هەنگاوە مەترسیدارەکانی دەگرێتەبەر، بەتایبەت خۆش ویستنی پلەو پۆست و پارەو حەرام کردن و بێ فەرمانی و سەرپێچی کردنی پەروەردگار، لەسەر حیسابی ڕۆژی دوایی و قیامەتی.

سەرنج بدەن هەموو کەسێك کە ڕۆژی لێ دەبێتەوە دوو هەڵبژاردەی لە بن دەستە وە دەبێت خۆی یەکلایی بکاتەوەو ڕێز لە خۆی بگرێت و بڕیار بدات، لەسەر ئەوەی ئاخۆ خۆی بە خوداﷻ دەفرۆشێت و چارەنووسی ڕادەستی دەکات، بە جێبەجێ کردنی ئەرك و ئەو فەرمانانەی پێی ڕاسپێردراوە کە بیانکات؟؟ بەوەش خۆی ڕزگار دەکات، لە کۆت و زنجیری گوناهو تاوان و بێ فەرمانی کردنی پەروەردگارو شەرمەزاری و ڕیسوایی و ئەشکەنجەو ئازارو سزای ڕۆژی دوایی.

ئا لەو ڕووەوە پەروەردگار دەفەرمووێت:﴿**مِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَاللّهُ رَؤُوفٌ بِالْعِبَادِ**﴾[١].

واتە: هەندێك کەس هەن خۆیان بە خوداﷻ فرۆشتووەو جگە لە ڕەزامەندی خوداﷻ هیچ مەبەستێکی تریان نیە، هەمیشە خەریکی چاکەکارین و لە خراپەکاریشەوە دوورن، خوداﷻ ئەو جۆرە کەسانە دەخاتە بەر ڕەحمەتی بێ سنووری خۆی، چونکە خوداﷻ خاوەن لوتفە لەگەڵیاندا[٢].

کەوابوو: هەندێ کەس خۆیان دەفرۆشن بە پەروەردگاریان بۆ ئەوەی نەفسیان ئازادو ئاسوودە بکەن، بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەری دنیاویستی و خۆپەرستی و چاوچنۆکی و هەڵپەهەڵپی دەست کەوتنی پلەو پۆست پارەو سامان داهات، چونکی ئەوانەی خۆیان ڕادەستی ئەو دونیا ویستی و ڕێگەی چەوتە کردووە، بێگومان ئەوانە نەفسی خۆیان بە هیلاك بردووەو زیانی گەورەیان لە چارەنووسیان داوە لەدنیاو قیامەت.

یان **خۆیان ڕادەستی شەیتان و ئارەزووەکانیان دەکەن**، بە سەرپێچی و یاخیبوون و ئەنجام دانی تاوان گوناە بێ ئەوەی بیر لە ڕۆژی دواییان بکەنەوە

(١) سورة البقرة الآية:٢٠٧.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن: ١٨٦/١).

تەنهـا خەمـی ژیـانی دنیایـانە و بەس، بەمەش خۆیـان دەخەنە بەر غەزەب و تووڕەیی خوداوەﷻ کە دەربازبوونیان مەحاڵە.

کەوابـوو: دەبێـت شـوێنکەوتووانی لەوە پەیـامەی پێغەمـبەرﷺ عیـبرەت وەربگرن کە ڕۆژێك دێت، لێپێچینەوە دەکرێت لەسەر هەموو کردەوەیەکی وردو درشـت، جـا پێویسـتە ئامادەسـازی بـۆ ئەو سـاتە وەخـتە بکرێـت، چـونکی لەو ڕۆژەداپەشیمانی دادی کەس نادات ، وەدەبێت ئەوەش ساغ بێتەوە لای هەمووان بێ هوودە پەروەردگار خەڵقی نەکردوون، سەرنج بدەن پەروەردگار لەو بارەیەوە چی دەفەرمووێت:﴿**أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ**﴾[1].

**واتە:** ئایا ئێوە وا تێدەگەیشتن ئێوەم بە بێ هوودەو بێ هیچ مەبەستێك و بۆ گـاڵتە و یـاری دروسـت کـردووە؟! وە واتـان دەزانـی کە ڕۆژی دوایـی نـایەت و نـاگەڕێنەوە بـۆ لای ئێمە، تـا لەسـەر بیـرو بـاوەڕو گوفتـارو ڕەفتارەکانتـان لێتـان بپرسـێتەوە؟! تـا هەر کەسـەو بە پێـی بیروبـاوەڕو کـردەوەی خـۆی جەزای بدرێتەوە[2].

کەوابـوو: ئەوە ئـایەتی گەڕانەوەی بەنـدەکانە بـۆ لای خـوداﷻ پەیـامێکی گرنگیشە بۆ هەموو کەسێك بە زمانی حاڵ دەڵێت: نەکەن ئەو ساتانەی ژیانتان بە فیرۆ بدەین بە گاڵتەجاری و یاری کردنەوە بەسەری بەرن، دەبێت ئەوە بزانن چۆن هەنگاو دەنێن خۆتـان بەکـێ دەفرۆشـن؟ کـام ڕێگـا دەگرنەبەر، لەسـەر کـام هەڵبـژاردە بڕیـار دەدەن، بـۆ ڕۆژی دوایـی چـی ئامـادەو سـاز دەکەن، بـڕوانن **خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾**[3]..

(١)-سورة المؤمنون الآية:١١٥.
(٢)-کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣٩/٣).
(٣) سورة الحشر الآية:١٨.

**واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتـــان بە خـــوداﷻوبە فەرمایشـــتەکانی خـــوداو پێغەمـبەرﷺ هێنـاوە، بە جێبەجـێ کردنـی فەرمانەکـانی خـوداو بە چاکەکـاری و خۆتـان لە سزای رۆژی دوایـی بپـارێزن، بـا هەمـوو کەسێکتان تەماشـا بکـات و بزانێت چـی بـۆ ڕۆژی دوایـی خستۆتە پـێش خـۆی، جـا لە خـوداﷻ بترسـن و بە چاکیی بیپەرستن ، بێگومان خوداﷻ زۆر ئاگادارە بەوەی دەیکەن و بەهەمووی دەزانێت[1].**

**پوختەی بابەتەکە**

*گرنگیـدان بە پـاك و خـاوێنی ڕواڵەت(جەسـتەو لاشـە) وە پـاککردنەوەو ڕامـاڵینی (تخلیـة) نـاخ و دڵ و دەروونە لەو سـیفاتانەی کە نەشـیاو ناپەسـەندو خراپ و سەرزەنشـت کـراوو زیـانبەخش و ڕێگـرن لە وەرگرتنـی خوداپەرسـتی و کارەچاکەکان. **نموونەی:** هاوەڵ پەیداکردن و کوفرو خۆپەرستی و شەڕانگێزی و ئێرەیی و ڕق و کینە.....هتد.

* لەسەر هەموو کەسێك شوکرانەو ستایشی پەروەردگار **ئەرکەو پێویستە،** بۆ ئەو هەموو بەخشش و نیعمەتانەی کە پەروەردگار بەهرەمەندی کردوون لێی، وە خووگرتن بە خەسڵەتی سوپاسگوزاری و ستایشکردنی خوداﷻبەکردارو بە گوفتار، واجبێکی شەرعییە.

* گرنگیدان بە نوێژکردن چونکی کۆڵەگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەو خاڵی جیاکەرەوەشە لەنێوان موسڵمانان و بێباوەڕاندا.

* بەخشـــین و دەســـتکراوەیی لە پێنـــاوی خـــوداﷻبەڵـــگەو ســـەلمێنەری ئیماندارێتییە.

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/٢٨٢).

* ئـارامی و خـۆڕاگری(الصـبر) یەکـێکە لەو ڕەوشـتە جـوان وبەرزەی خـودای گەورە ڕایسپاردووە، کە پێویستە موسڵمانان خووی پێوە بگرن.

*سەرفرازی و ڕەزامەندی پەروەردگار بە پەیڕەوکردنی ئەحکام و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز بەدەست دێت لەڕێی کارپێکردن و حاڵیبوون لە واتاو ماناکانی.

* لە ڕێی خۆڕادەست کردن بە زاتی(اللَّهُ ﷻ)، ڕێگای سەرفرازی و ئازادبوون لە کۆیلایەتی نەفس وئارەزووەکان دەستەبەر دەبێت، بە پێچەوانەوە بەرهەمی شـوێنکەوتنی هەنگـاوە مەترسـیدارەکانی شـەیتان، فەوتـان و ڕیسـوایی و شەرمەزارییە.

# فەرموودەی بیست و چوارەم ستەم کردن حەرامە

## (تحريم الظلم)

عَنْ أَبي ذرٍّ الغفَارْي رضي الله عنه عَن النبي ﷺ فيمَا يَرْويه عَنْ رَبِّه عزَّ وجل أَنَّهُ قَالَ: **(يَا عبَاديْ إنيِّ حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسيْ وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّماً فَلا تَظَالَمُوْا، يَا عبَاديْ كُلُّكُمْ ضَالٌّ إلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ فَاسْتَهْدُوْني أَهْدكُمْ، يَا عبَادي كُلُّكُمْ جَائعٌ إلاَّ مَنْ أَطْعَمْتُهُ فَاسْتَطْعمُوني أُطْعمْكُمْ، يَا عبَاديْ كُلُّكُمْ عَارٍ إلاَّ مَنْ كَسَوْتُهُ فَاسْتَكْسُوْنيْ أَكْسُكُمْ، يَا عبَاديْ إنَّكُمْ تُخْطئُوْنَ باللَّيْل وَالنَّهَار وَأَنَا أَغْفرُ الذُّنُوْبَ جَميْعَاً فَاسْتَغْفرُوْنيْ أَغْفرْ لَكُمْ، يَا عبَاديْ إنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوْا ضَرِّيْ فَتَضُرُّوْنيْ وَلَنْ تَبْلُغُوْا نَفْعيْ فَتَنْفَعُوْني، يَا عبَاديْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخرَكُمْ وَإنْسَكُمْ وَجنَّكُمْ كَانُوْا عَلَى أَتْقَى قَلْب رَجُل وَاحد منْكُمْ مَا زَادَ ذَلكَ في مُلْكيْ شَيْئَاً، يَا عبَاديْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخرَكُمْ وَإنْسَكُمْ وَجنَّكُمْ كَانُوْا عَلَى أَفْجَر قَلْب رَجُل وَاحد منْكُمْ مَا نَقَصَ ذَلكَ منْ مُلْكيْ شَيْئَاً، يَا عبَاديْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخرَكُمْ وَإنْسَكُمْ وَجنَّكُمْ قَامُوْا فيْ صَعيْد وَاحد فَسَأَلُوْنيْ فَأَعْطَيْتُ كُلَّ وَاحد مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلكَ ممَّا عنْديْ إلاَّ كَمَا يَنْقُصُ المخْيَطُ إذَا أُدْخلَ البَحْرَ، يَا عبَاديْ إنَّمَا هيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصيْهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيْكُمْ إيَّاهَا فَمَنْ وَجَدَ خَيْرَاً فَلْيَحْمَد الله وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلكَ فَلاَ يَلُوْمَنَّ إلاَّ نَفْسَهُ)**[1].

ئەو فەرمــوودەیە (**قودســییە**) **بەو مانــایەی، کە وشــەو واتــاکەی لای**

[1] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٨٥/٨رقم الحديث٢٥٧٧ كتاب البر والصلة والآداب-باب تحريم الظلم).

**پەوەردگارەوە هاتووە، بەڵام گوتنەکەی لە پێغەمبەرەوەیە**ﷺ، هەر بۆ زانیاریتان ئەو جۆرە فەرموودە (قودسییە) ناگاتە ئاستی قورئان.

ئەو فەرمـوودەیە بـاس کـۆمەڵە بـابەتێکی گرنـگ و هەسـتیار دەکـات لە سەرووی هەموویانەوە بابەتی **ستەم کردنە** کە چەندێك مەترسیدارە بەجۆرێك لە فەرموودە قودسیەکەدا هاتووە، زاتی(اللَّهﷻ) بۆ خۆی دەفەرمووێت: ستەم کردنم لەسەر خۆم حەرامکردووە، حاشا ئەو ستەم بکات چونکی سەرجەم بوونەوەران موڵکی خودانﷻ دیارە تەسەرووفیش لە ماڵ و موڵکی خۆت ستەم نیە، بۆیە بەو شێوازە باسی لێوە دەکات، لەبەرئەوەی مەترسیدارترین ڕەفتارە لە نەزەری خوداﷻ بۆیە ئاگاداری بەندەکانی دەکاتەوە کە ستەم لەیەك نەکەن، هەر ئەو فەرمـوودەیە کـۆمەڵێ بـابەتی تـر لە خـۆ دەگرێـت بە پشـتیوانی خـوداﷻ هەوڵ دەدەین بە ڕیزبەندی ڕاڤەی هەر یەکێك لەوانە بکەین.

**یەکەم**

**(يَا عِبَادِيْ إِنِّيْ حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِيْ وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمَاً فَلا تَظَالَمُوْا).**

**کاتێك پەروەردگار دەفەرمووێت: ئەی بەندەکانم** ستەم کردنم لەسەر خۆم حەرامکردووە، بە هیچ جۆرێك ستەم لە بەندەکانم ناکەم، بڕوانن پەروەردگارچی دفەرمووێت: **﴿وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ﴾**[1].

دەبـێ ئەوە بـاش بـزانن خـودای باڵادەسـت سـتەم لە کەس ناکـات ، هەروەك دەفەرمووێت: ﴿ انَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَاعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾[2].

بێگومـان خـوداﷻ هەنـدەی گەردیلەیـك سـتەم ناکـات لە بەنـدەکانی جـا ئەو

(١) سورة ق الآية:٢٩.
(٢) سورة النساء الآية: ٤٠ .

بەندەیە بێباوەڕ بێ یا باوەردار بێ ئەگەر ، چاکەی کرد ئەوە چەندەها جارە پاداشتی دەکاتەوە وە ئەگەر گوناهی کرد ئەوا گوناهێکی لەسەر دەنووسێت ، کەواتە پەیامی خودا زۆر روون ئاشکرایە بۆ نەوەی ئادەم بە تێکرایی .

**وە هەروەها پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾**[١]، **﴿...وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَالَمِينَ﴾**[٢]،**﴿....وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ﴾**[٣].

بە هەر حاڵ هاوشێوەی ئەو ئایەتانە زۆرن لە نێو قورئانی پیرۆزدا کە پەروەردگار بە هیچ جۆرێك نایەوێت ستەم لە بەندەکانی خۆی بکات، تەنانەت تێکڕا بوونەوەران موڵکی زاتی(اللهﷻ)، تەسەرووفیش لە ماڵ و موڵکی خۆت هیچ ستەمێکی تێدا نیە، **پەروەردگار دەفەرمووێت:** ئێوەش ئەی بەندکانم لە نێو خۆتاندا ستەم لە یەکتر مەکەن چونکی حەرامە.

سەرنج بدەن لەو پەیامەی پەروەردگار کە چەندێك نەرم و نیانە بە **(يَا عِبَادِيْ)** پێت ڕادەگەیەنیت، بۆ ئەوەیە تۆی بەندە لە ئامادە باشیدا بیت بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون و جێبەجێ کردنی ئەو ئەرك و فەرمانەی پێت ڕادەسپێرڕێت، ئەویش دوورکەوتنەوەیە لە هەموو جۆرە ستەمکارییەك کە بتەوێت ئەنجامی بدەیت، بە پێوستی دەزانین هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم بابەتە بکەین، لە ڕووی پێناسەو جۆرەکانی ستەم وبەڵگەکانی لە قورئان سوونەتدا بخەینە بەر دیدی ئێوە.

## پێناسەی ستەم لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییدا

پێناسەی (الظلم) ستەم لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەدا/ بریتیە: لە**(الجور و مجاوزة الحد)، (وضع شئ في غير موضعه)**[٤].

(١) سورة الكهف الآية ٤٩.
(٢) سورة آل عمران الآية:١٠٨.
(٣) سورة غافر الآية:٣١.
(٤) کتێبی(لسان العرب:٢٦٣/٨ مادة ظلم، التوقيف على مهات التعاريف/ عبدالرؤوف ←

واتە: ستەم کردن و تێپەڕاندنی سنووری دیاریکراو، پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە دەست نوێژ گرتن فەرموویەتی: (**هكذا الوضوءُ فمن زادَ على هذا أو نقصَ فقد أساءَ وظلمَ - أو ظلم وأساء)**[1].

یان دانانی هەر شتێك لە شوێنی خۆی دا نەبێت، ستەمە، ئەسڵ وایە هەر شتێك لە جێگەی تایبەتی خۆی دابنرێت.

الحافظ(ابن حجر)دەڵێت: **إنما ينشأ الظلم عن ظلمة القلب، فلو استنار بنور الهدى لاعتبر، فإذا سعى المتقون بنورهم الذي حصل لهم بسبب التقوى، اكتنفت ظلماتُ الظلم الظالمَ، حيث لا يغني عنه ظلمه شيئًا**[2].

دڵ تاریکی سەرچاوەی ستەمکاریە، ئەگەر دڵ بەنووری هیدایەت رووناک بێتەوە، کەسەکە عیبرەتی لێوەردەگرت و بەلای ستەمکاریدا نەدەچوو، بۆیە هەرکات لەخواترسان ئیش بەو نوورە بکەن لە تەقواوە دەستیان دەکەوێت، ئەو کات ئەوان شوێن ستەمکار ناکەون و تاریکایی ستەمکاریش تەنها لەناخی ستەمکاردا دەمێنێتەوەو ستەمەکەیشی دادی نادات.

### ستەم لە قورئانی پیرۆزدا

گومانی تێدا نییە ستەمکردن بەڵایەکی گەورەو نەخۆشییەکی کوشندەیە هەر کاتێك سەرهەڵ بدات لە نێو کۆمەڵگەدا، کاولکەرو فەوتێنەرە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە تێکدان و هەڵتەکاندنی شیرازەی کۆمەڵگە، هەر لەو سۆنگەیەوەیە پەروەردگار بەندەکانی خۆی ئاگادار کردۆتەوە لە مەترسی و دەرهاویشتەکانی ستەم کردن، تەنانەت هەڕەشەی توند دەکات لەوانەی ستەم

---

المناوي:ص٢٣١).

[1] كتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ١٣٥ص٨٨كتاب الطهارة- باب الوضوء ثلاثا ثلاثا، حسن صحيح).

[2] كتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٢٥/٥رقم الحديث٢٤٤٧ كتاب المظالم- باب الظلم ظلمات يوم القيامة).

دەکەن وە لە هەمان کاتدا موژدە دەری ستەملێکراوانە وە دڵنییایان پێدەدات  کە پەروەردگار بێ ئاگا نیە لە  کردەوەی ستەمکاران، لەم بڕگەیە هەوڵ دەدەین هەندێك لەو ئایەتانە بخەینە بەر دیدی خوێنەرلەوانە:

## ئایەتی یەکەم

سەرنجتان بۆ ئەو ئایەتە ڕادەکێشم کە زۆر هەڕەشە ئامێزە بۆ ئەو ستەمکارانەی وا دەزانن کە پەروەردگار چاوی لە و هەموو پێشێل کاری وستەمەیان نیە کە شەوو ڕۆژ لە بەندەکانی دەکەن، بەراستی ئەو ستەمکارانە ئەگەر بڕوایان بەوە هەبێت کە پەروەردگار ئاگادارو چاودێرە بەسەر کردەوەکانیانەوە، ئەو کات جورئەتی ئەوە ناکەن ئەو تاوان و گوناهانە بکەن، بڕوانن خودای(عزوجل) چی دەفەرمووێت:﴿ **وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ**﴾(١).

**واتە:** هەرگیز وا تێمەگەن کە خودا(جل جلاله) ئاگای لە کردەوەی خراپەکارانی ستەمکار نیە، خودا(سبحانه وتعالى) زۆر چاك لە هەموو کردەوەیەکیان ئاگادارە، بەڵام سزادانیان دوا دەخات بۆ ڕۆژێکی سەخت و ناخۆشی وا کە چاوەکان لە ترس وبیمی ناخۆشیی ئەو ڕۆژە زەق و ئەبڵەق دەبن، بەبێ ئەوەی توانای نوقاندنیان هەبێت، یان توانای سەیرکردنی ئەملاو ئەولایان هەبێت.

(١) سورة إبراهيم الآية:٤٢.

**ئایەتی دووەم**

**خودای(ﷻ) دەفەرموویت:﴿فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾**[1].

سەرنج بدەن بەراستی ئەو ئایەتە زۆر هەرەشە ئامێزە بۆ چارەنووسی ئەوانەی ستەم دەکەن کە پەروەردگار تۆڵەیان لێ دەسێنێتەوە بە جۆرێکی وەها دوایان دەبڕێتەوە کەسیان ناهێڵێت دیارە ئەو واقیعێکە بە چاوی خۆمان بینیومانە، **بۆ نموونە** ڕژێمی خوێنڕێژی بەعسی لە ناوچوو تۆیان بڕایەوە بەتایبەت سەددام و داروودەستەکەی بوونە پەندی زەمان دیارە ئەوە پەیامێکی خوداییە بۆ هەموو ستەمکاران لە هەموو سەردەمێکدا کاری خۆی دەکات دەبێت ستەمکاران ئەوە چاك بزانن ڕۆژێك دێت بنبڕ دەبن با هەر خاوەن عەشیرەت و بنەماڵە بن چونکی ئەوە وەعدو بەڵێنی خودایە بۆ ئەو ستەمکارانەی مافی خەڵکی دەخۆن بە ناهەق و ناڕەوا یان خەڵکی بە ناهەق بزر دەکەن و دەیکوژن یان ماڵ و سامان و زەویوزاری خەڵکی زەوت دەکەن.

**ئایەتی سێهەم**

**خودای(ﷻ) دەفەرموویت:﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَىٰ وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾**[2].

واتە: هەروەکو لە ناوبردنی ئەو ستەمکارو لە خودا ﷻ یاخییانە، بە هەمان شێوە سزای خودا ﷻ بۆ ستەمکارانی سەرکەش لە هەموو کاتێکدا هەر دێتە دی، بێگومان سزای خودا ﷻ زۆر توندو پڕ ئێش و ئازارە[3].

(١) سورة الأنعام الآية:٤٥.

(٢) سورة هود الآية:١٠٢.

(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٢/٢٤٣).

**ئایەتی چوارەم**

**خودای(عَزَّوَجَلَّ) دەفەرموویت:﴿وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا﴾**(١).

واتە: هەر کەسێك لە ئێوە ستەم بکات سزایەکی پێ ئەچێژین لە ڕۆژی دواییدا کە زۆر توندو پڕ ئێش و ئازارو گەورە بێت.

**ئایەتی پێنجەم**

**خوداﷻدەفەرموویت: ﴿وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ﴾**(٢).

**واتە:** بەم زووانە ئەوەی ستەمکارن دەزانن چییان بەسەردێت بۆ کوێ ڕادەپێچرێن.

لەڕاستیدا ئەو ئایەتە زۆر هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ ئەوانەی ستەمکارن و ئەزیەتی ئەم و ئەویان بە ناهەق و ناڕەوا داوە، هەروەها ماف و زەویوو زاری خەڵکیان زەوت کردووە، ڕۆژ تا ئێوارە کەیف و سەفا دەکەن بە پارەی حەرام بە بەرچاوی ستەملێکراوەکانەوە وا گومان دەکەن، کەزیندوو نابنەوە، هەر بۆیە پەروەردگار بەو شێوازە ئەو پەیامە توندەیان ئاراستە دەکات، چونکە باوەڕیان بەوە نەبووە کە ڕۆژێك دێت سەرەو ژێر دەکرێن ولێپیچینەوەی توندیان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر هەموو ئەو ستەمکارییانەی ئەنجامیان داوە.

**ئایەتی شەشەم**

خوداﷻ چی فەرمووە: **(وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ ...)**(٣).

**واتە:** پاڵ مەدەن بە ستەمکارانەوەو توخنیان مەکەون، تا دووچاری ئاگری

(١) سورة الفرقان الآية:١٩.

(٢) سورة الشعراء الآية:٢٢٧.

(٣) سورة هود الاية ١١٣ .

دۆزەخ نەبن، جا قورِ بەسەر ئەوانەی کە پاڵ بە سەرۆك و دەستەڵاتدارانی ستەمکارەوە دەدەن و مەراییان بۆ دەکەن وەکو، هەندێك لە ڕۆژنامەنووس وئایینخوازو نووسەرو ڕۆشنبیرو بیرمەند، بێگومان ئەم هەڕەشە ترسناکە هەموو ئەوانیش دەگرێتەوە[1].

**ئایەتی حەوتەم**

خودای(ﷻ)دەفەرمووێت: **(وَإِنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا عَذَابًا دُونَ ذَلِكَ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ)**[2].

واتە: خودای(ﷻ) لەم ئایەتەدا باس لەو سزایە دەکات کە بۆ کەسی ستەمکارو بێباوەڕو یاخیبووان ئامادەکراوە بێجگە لە سزای ڕۆژی قیامەت، مەبەست لەو سزایە (اللّٰه أعلم) دوو جۆرە سزایە بە قەرینەی (**عَذَابًا دُونَ ذَلِكَ**) سزایەکیان لە نێو گۆڕە، ئەوی تریان لە ڕۆژی دواییە هەرچی ستەمکاربێت ئەو سزایە دەیگرێتەوە[3].

**ئایەتی هەشتەم**

بڕوانن لەو ڕووەوە پەروەردگار چی دەفەرمووێت:﴿**...وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ**﴾[4].

واتە: ئەوانەی کە بەدخوو ستەمکاربوون گیرۆدەی سزایەکی سەختیان کردن،

(١) تەفسیری گوڵشەن : ٢/ ٢٤٧ .

(٢) سورة الطور الاية ٤٧.

(٣) کتێبی(تفسير الفخر الرازى:١٠/ ٢٥٧, زاد المسير في علم التفسير:٧/ ٢٧١, الأحكام لجامع القرآن القرطبي:٦١/١٧, أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن الشنقيطي:٧٣/٧, روح المعاني الآلوسي:٩٣/٢٦, تفسير الطبري٣٨/٢٧).

(٤) سورة الأعراف الآية: ١٦٥.

ئەوەیش لەبەر کردەوەی خراپی خۆیان و دەرچوونیان لە ڕێگای خوداو بێباوەڕ بوونیان[1].

## ستەم لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ

ئاشکرایە لە سوننەتی ڕاست و درووستی سەروەرمان (محمدﷺ) ئاماژە بۆ مەترسی ستەم کراوە کە چەند تاوان و گوناهێکی گەورەیە لە ڕووی شەرع و مرۆڤایەتییەوە هەر کەسێك زەرڕەیەك ئیمان و ویژدانی هەبێت ستەم لە هیچ بوونەوەرو درووستکراوێکی خوداﷻ لەسەر گۆی زەوی، لەم بڕگەیەدا ئاماژە بۆ هەندێك فەرموودە دەکەین سەبارەت بەو خەسڵەتە مەترسیدارە، لەوانە:

## فەرموودەی یەکەم

سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕادەکێشم کە پێغەمبەرﷺ وەسفی ستەمکردن دەکات و دەیچوێنی بە تاریکستان لە ڕۆژی دواییدا، کە ئەوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر چارەنووس و بارودۆخی کەسی ستەمکار لەو ڕۆژەدا، کە چەندێك دژوارە.

گرنگە شوێنەکەوتووانی ئەو فەرموودەیە بکەنە دروشمێك و هەڵیواسن لە شوێنە گشتی و تایبەتەکان، تاوەکو بە بەرچاویانەوە بێت، هەر کاتێك ویستیان ستەمێك بکەن، تەماشایەکی بکەن وە بیری خۆیان بهێننەوە، کە ڕووبەڕووی تاریکستان دەبنەوە لە ڕۆژی دواییدا، تاریکستانیش یانی، بزربوون و مەترسی و ناخۆشی و چەرمەسەری و چارەنووسێکی خراپ و نادیار، **پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت :(الظُّلْمَ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)**[2].

**واتە: ستەمکردن لەڕۆژیی دواییدا تاریکستانە.**

---

(1) تەفسیری گوڵشەن:١/٧٥٥.

(٢) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٢٥/٥رقم الحديث ٢٤٤٧كتاب المظالم- باب - الظلم ظلمات يوم القيامة).

**فەرموودەی دووەم**

لەڕاستیدا ئەو فەرموودەیە چاو سوور کردنەوەیە لەوانەی سنووری پەروەردگار دەبەزێنن و ستەم دەکەن، جا ئەوستەمە لە خودی خۆیان یان لە خەڵکی دەکەن بڕوانن، پێغەمبەرﷺ چی دەفەرمووێت: (**ما من ذنبٍ أجدرُ أن يعجِّل اللهُ تعالى لصاحبه العقوبةَ في الدنيا، مع ما يدَّخر له في الآخرةِ مثل البغيِ وقطيعةِ الرحمِ**)[1].

ئاشکرایە تاوان و گوناهی ستەمکردن لە خەڵکی بەتایبەت دەستدرێژی کردنە سەرمافی خەڵکی و کوشتن وبردنی ماڵ و سامان و داهات و ئازارو ئەشکەنجەدانیان بە ناهەق و ناڕەوا، لەگەڵ گوناهی بچڕاندنی پەیوەندی نێوان کەس و کارو خزم، کە ئەو دوو گوناهە لەو تاوانانەن، کە پەروەردگار سزاو تۆڵەی لە ئەنجام دەرانی دەسێنێت، لە دنیا پێش هاتنی ڕۆژی دوایی، چونکە بەراستی ئەو دوو تاوان و گوناهە لە خانەی ستەمکارین بەرامبەر خەلك و خزم و کەس و کار، گرنگە باوەڕداران خۆیان بەدوور بگرن لەو جۆرە ستەمکارییە، لەگەڵ ئەو سزادانەی دنیایان، سزای ڕۆژی دواییشیان لەسەر کەم نابێتەوە.

**فەرموودەی سێهەم**

تەماشا بکەن لەو فەرموودەیە کە پەروەردگار چۆن پشتیوانی لە کەسی ستەم لێکراو دەکات و وڕەی بەرز دەکاتەوە، وەکو ئەوەی پێی بڵێت: ئەی ئەو کەسەی ستەمەت لێکراوە دڵتەنگ مەبە پەنابەر بۆ من کە پەروەردگارتم بپاڕێرەوەو داوا بکە هەر شتێك داوا بکەیت وەری دەگرم و قبوڵی دەکەم، پێغەمبەرﷺ چی دەفەرمووێت: (**اتَّقِ دَعوةَ المظلومِ؛ فإنَّهُ ليسَ بينَها وبينَ اللهِ حجابٌ**)[2].

(١) کتێبی(سنن ابن ماجه/رقم الحديث ٤٢١١ ص ٦٩٩ كتاب الزهد- باب البغي - حديث صحيح).
(٢) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٢٥/٥رقم الحديث ٢٤٤٨كتاب المظالم- باب الإتقاء ←

واتە: خۆتـان بپـارێزن لە دوعـاو نـزای ئەوانەی سـتەمیان لێـدەکەن چـونکە لە نێوان دوعای ستەملێکراوو پەروەردگار هیچ بەربەستێك نیە، پەروەردگار سەد لەسەد قبوڵی دەکات و گیرا دەبێت، بەو مەرجەی پەلە نەکات و بڵێت: دوعام کرد، بەڵام گیرا نەبوو.

ئێوەی ستەم لێکراوە تەنها لەسەرتانە دوعاکەتان بکەن، گیرابوونی تایبەتە بە پەروەردگــارەوە، ئەوە گرنتــی پێغەمــبەرە ﷺ لەو فەرمــوودەیە کە پێــی داون، لەڕاستیدا ئەوە کەرامەت و شەرەفێکی گەورەیە بۆ کەسی ستەم لێکراو، مرۆڤ لە ڕیزی ستەم لێکراوان بێت باشترو چاکترە، لەوەی لە ڕیزی ستەمکاران بێت، چونکە ستەمکاران شەرمەزارو ڕیسوان لە دنیاو قیامەتدا

## فەرموودەی چوارەم

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: **(انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا، قالوا: يا رَسُولَ اللَّهِ، هذا نَنْصُرُهُ مَظْلُومًا، فَكيفَ نَنْصُرُهُ ظَالِمًا؟ قالَ: تَأْخُذُ فَوْقَ يَدَيْهِ)**[1].

لەو فەرمــــوودەیە پێغەمــــبەر ﷺ شــــوێنکەوتووانی لەبەرامــــبەر دوو بەرپرسیارێتی داناوە، **بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کەسی ستەمکار**، کە بە برا ناو زەند کراوە مەرج نیە کەسە ستەمکارەکە برای شیریت بێت، هەر کەسێك بێت مادام بڕواداره براتە دەفەرمووێت: ﴿**...إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ..**﴾[2]، پشتیوانی و سەرخستنی کەسی ستەمکار بە دەست گرتنیەتی بەوەی نەهێڵن، ئەو ستەمە ئەنجام بدات جا بە ئامۆژگاری کردن بێت یان بە هێز بێت یان بە هەر جۆرە شێوازێك بێت ڕێگری لێ بکەیت، گرنگ ئەوەیە بەو بەرپرسیارییە هەڵبسن و کەمتەرخەم نەبن.

---

والحذر من دعوة المظلوم).

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٢٢/٥رقم الحديث ٢٤٤٤كتاب المظالم- باب أَعِنْ أَخاكَ ظالماً أو مظلوماً).

(٢) سورة الحجرات الآية:١٠.

بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کەسی ستەملێکراو، هاوکاری کردن و یارمەتیدانییەتی بۆ لابردنی و نەهیشتنی ئەو ستەمەی لێی دەکرێت، نەبادا وا هەست بکات بە تەنهایە کەسێك نیە ئاوڕی لێبداتەوە لەو میحنەتەی دووچاری بووە، ئەوەش شەرەفێکی گەورەیە مرۆڤ پشتیوانی ستەملێکراوان بێت، بێ ئەوەی ئاوڕ بدرێتەوە، لە شوناس و عەشیرت و ڕەگەزو بیروباوەڕی ئەو کەسەی زوڵمی لێدەکرێت، گرنگ ئەوەیە ئەو فەرموودەیە بە کردەیی جێبەجێی بکەن.

**جۆرەکەکانی ستەم**

**(أنواع الظلم)**

یەکەم: هاوەڵ پەیداکردن بۆ زاتی(اللهﷻ)

**ظلم لا يُغفَر**

بێگومان شەریك وهاوەڵ پەیداکردن بۆ خوداﷻ گەورەترین ستەمە لە نەزەری پەروەرگار، هەرگیز خوداﷻ لەو جۆرە ستەمکارە نابوورێت و لێیان خۆش نابێت، **مەگەر پەشیمان ببنەوەو تۆبە بکەن،** چونکە ئەوە مەسەلەی بیروباوەڕە وە مافی زاتی(اللهﷻ) یە، پێویستە باوك ودایك و ئەوانەی پەروەشیارو وتاربێژو بانگخوازن، (لوقمانی حەکیم) ئاسا بن لە پەروەردەکرن و ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنی ماڵ و منداڵ و فێرخوازان و خەڵکی سەرنج بدەن پەروەردگار سەبارەت بەو ئامۆژگارییەی (لوقمانی حەکیم) چی دەفەرمووێت:
**﴿وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾**[1].

ئەرکی سەرەکی کەسی بە خێوکەر ئەوەیە خشتی یەکەمی بونیادنانی

(١) سورة لقمان الآية:١٣.

کەسایەتی منداڵەکانی بریتی بێت، لە پێناسینی خودای تاك و تەنیا بەوەی، کە ئەو خـودایە‌ﷻ خـاوەن دەسـتەڵات و توانـایەکی ڕەهـایە، ئەو بـاوکە دەبـێ منداڵەکانی ئاگاداربکاتەوە لەوەی، بە هیچ جۆرێك نابێت هاوەڵ و شەریك بۆ ئەو زاتـی(اللَّهﷻ) یە پەیدا بـکەن، ئەگینا دەچێتە ڕیزی ستەمکارانەوە چونکە هاوەڵ پەیداکردن(الشِّرْك) بۆ خودای مەزن گەورەترینی ستەمەکانە.

ئاشکرایە ئەگەر بێتو لەسەرئەو بیروباوەڕە توندوتۆڵە کۆمەڵگەو خێزان بەو شێوازو ڕێبازەی قورئانی پیرۆز پەروەردە بکرێن، بە دڵنیاییەوە کەس جورئەتی ئەوە ناکات، هاوبەش بۆ خوداﷻ دانێت، کە ستەمێکی گەورەو مەزنە، مرۆڤ کە وەفـادارو بە ئەمەك بـوو بەرامـبەر پەروەردگـاری، بێگومـان هێـدی هێـدی توخنی ئەو ستەمانەی تریش ناکەوێت کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

**دووەم: ستەمکردن لە خەڵکی**

**ظلم لا يُترك**

**ئاشـکرایە ئەم جۆرەیـان زۆر خراپە، مـرۆڤ سـتەم لە مرۆڤیکـی تـر بکـات سـەبارەت بەو جـۆرە سـتەمکردنە پەروەردگـار دەفەرموویـت: ﴿وَتِلْـكَ الْقُـرَى أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِمْ مَوْعِدًا﴾[١].**

واتە: ئەهلی ئەو دێهاتەمان لە ناو برد کاتێ ستەمیان لە خۆیان کرد بە هۆی کوفرو عینادو دژایەتی کردنی ڕەهبەرانی خوداﷻ، وە هەروەها بەهۆی کوشتنی خەڵك و دەست بردن بۆ ماڵ و حاڵ و ناموسیان، ئاشکرایە پەروەردگار سزای ستەمکارانی لەسەر ئەو پێشێلکارییانە دایەوە، لە کاتی دیاریکراودا[٢].

---

[١] سورة الكهف الآية:٥٩.

(٢) کتێبی( تەفسیری نامی مامۆستا مەلا عبدالكريم المدرس:٣٥٥/٤ بە دەستکارییەوە).

ئەم ئـایەتە بە واتـا گشـتگیرییەکەی هەمـوو ئەو سـتەمکارانە دەگـرێتەوە کە ستەم دەکەن لە خەڵکی هێرش و پەلاماریان دەدەن ماڵ و سامان زەویوزاریان بە ناهەق داگیر دەکەن و دەیـان کـوژن و بزریـان دەکەن بـۆ هەتـا هەتـایی، بێگومـان پەروەردگـار تۆڵەیـان لـێ دەسـێنێتەوەو سـزایان دەدات شـەرمەزارو ڕیسـوایان دەکات لە دنیا و قیامەتدا.

**نمـوونەی** زینـدوومان هەیە لەم سـەردەمەدا، وەکـو ڕژێمـی ئیـران و تورکیـاو عەرەبی شوڤێنی کە چەندی ستەمکارن، وە بەردەوامیشن لەو پێشێلکارییانەیان بەرامبەر خەڵکی سڤیل و خاوەن ماف، کە بەداخەوە وانەو عیبرەت وەرناگرن لەو ستەمکارانەی پێشی خۆیان، کە خودا‌ﷻ چۆن سزای دان و ڕیسواو شەرمەزاری کردن، بە بەرچاوی هەموو جیهانیانەوە لەسەردەمی کۆن و تازەشدا.

(إن شـاء الله) خودا‌ﷻ تـۆڵەی ئەو میللەتـی کـوردە لە هەمـوو ئەو سـتەمکارە نـاوخۆیی و دەرەکیـانە دەسـێنێتەوە کە مـافی ڕەوایـان پێشـێل دەکەن هێـرش و پەلاماریان دەدەن و نان و قووتیان بە ناهەق دەبرن و دەیخۆن، **بێگومان بڕیاری فەوتان و بە هیلاك چوون و ڕۆژی تۆڵە سەندنەوەیان دیاریکراوە، چونکە ئەوە وەعدو بەڵێنی زاتی(الله‌ﷻ)یە دوا ناکەوێت.**

سەرنج بدەن پەروەردگار چی دەفەرمووێت: **﴿فَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَشِيدٍ﴾**[١].

**واتە:** ئـێمە چەنـدەها شـارو دانیشـتوە سـتەمکارو بێباوەرەکانیانمـان لەنـاو بـردووە، بە چەشـنێك سـەربان و دیـواری ماڵەکانیـا کەوتـوو بەسـەر یەکـداو خاپوورمان کردوون، لەگەڵ ئەو بیرانەی کە کوێر بوونەتەوەو کۆشك و تەلارو باڵەخانانەی کە بە بڵندیی هەڵچنرا بوون هەمووی کاول و تەخت بوون[٢].

خوێنەری ئـازیز یەکێـك لە نـاوە پیرۆزەکـانی خـودا‌ﷻ تۆڵەسێنەرە لە هەمـوو

[١] سورة الحج الآية:٤٥.
[٢] کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٦٧٥/٢).

ستەمکارێك، ئەو زاتی(اللَّهﷻ)یە، وەعدو بەڵێن و گرەنتی بە ستەملێکراوان داوە، کە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا هەرچی ستەمکار هەیە دەیان فەوتێنێت، بەڕاستی ئەوە مژدەیەکی دڵخۆشکەرە بۆ هەموو مرۆڤێکی ستەملێکراو، ئەگەر ئەو زاڵمانە لە هەر کوێیەکدا بن، پەروەردگار ئەو شوێنە خاپوور دەکات بەسەریانداو تۆڵەیان لێ دەسێنێت.

**مامۆستا مەلا عبدالکریم المدرس دەڵێت**[1]:

**من هەروا ماوم بە حەق دادگەر    ئەکێشم گیانی شەخسی ستەمکەر**

**ئەر ئیمڕۆ نەبێ وادەی سبەینێ    بێ سوودە بۆیان مۆڵەتیان بەینێ**

**کەس ڕزگار نابێ لەم دادگایە    خۆزگەم بەو کەسە بە دڵ ئاگایە**

وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا شەرمەزارو ڕیسوایان دەکات تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ چی دەفەرمووێت:( **مَنِ اقْتَطَعَ شِبرًا مِنَ الأرْضِ ظُلْمًا، طَوَّقَهُ اللَّهُ إِيَّاهُ يَومَ القِيَامَةِ مِن سَبْعِ أَرَضِينَ**)[2].

ئەو فەرموودەیە باس لە چارەنووسی ئەو ستەمکارو داگیرکارانە دەکات کە بە ناحەق و ناڕەوا دەست دەگرن بەسەر ماڵی خەڵك و سامان و زەویوزاریان، بێگومان باجی ئەو داگیرکردن و ستەمکارییە زۆر قورسە، وە لە ڕۆژی دواییدا خوداﷻ تۆڵەیان لێدەسێنێتەوەو بەناخی زەویدا نوقم و نوغرۆیان دەکات.

بڕوانن سەبارەت بەوانەی زەویوزاری خەڵکی داگیرو زەوت دەکەن پێغەمبەرﷺ چی فەرمووە:(**مَن أَخَذَ مِنَ الأَرْضِ شيئًا بغيرِ حَقِّهِ خُسِفَ بِه يَومَ القِيَامَةِ إلى سَبْعِ أَرَضِينَ**)[3].

---

[1] کتێبی( تەفسیری نامی مامۆستا مەلا عبدالکریم المدرس:٣٥٥/٤).

(٢) کتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي :١٢٥/٦ رقم الحديث ١٦١٠ كتاب المساقاة والمزارعة – باب- تحريم الظلم وغصب الأرض وغيرها).

(٣) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٥/ ١٢٨رقم الحديث ٢٤٥٤ كتاب المظالم- باب- إثم من ظلم شيئا من الأرض).




**چەمکی (مَن أَخَذَ) واتە بە زۆرە ملێ و تۆپزی زەویوزاری خەڵکی بە ناڕەوا داگیرو زەوت بکات، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا لە تۆڵەی ئەو ستەمکارییەی کە بە ناشەرعی زەوی خەڵکی داگیر کردووە، زەوی قوتی دەدات.**

بێگومان چارەنووسی ئەو عەرەبە هاوردانەی کە زەویوزاری جوتیاری کوردیان داگیرکردووە ونغرۆبوونە بە ناخی زەویدا، چونکە ئەوە وەعدو بەڵێنی خودایە ﷻ

گوندی پەڵکانەو هاوشێوەکانی دووچاری ئەو داگیرکارییە بوونەتەوە لە لایەن عەرەبی هاوردەوە جاری وا هەیە ئەو گەنم جۆیە لە شوێنی خۆی دەسووتێنرێت بە دەست ئەنقەست هەر بۆ ئەوەی زەرەرو زیان لەو جووتیارە کوردە ستەملێکراوە بدەن، ئەو تاوانکارییانەی ئەو عەرەبە هاوردانە بە پشتیوانی سوپاو پارێزگاری بە وەکالەت(راكان الجبوري) و دادگا دەکرێت.


"ئەوەی دەکرێ هەوڵدانە بۆ چۆڵکردنی گوندە کوردییەکان و هاتنی عەرەبی هاوردە"

**رێگریی سوپای عیراق لە دروێنەکردنی جووتیارانی کورد**

2024-05-15 - 09:47 راپۆرت 133 جار خوێندراوەتەوە

هەڵکوتانە سەر جووتیارانی کورد لەلایەن سوپای عیراقەوە

له کاتێکدا ئەوانە خۆیان بە موسڵمان دەزانن، بیرمە خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەلا حەمە ئەمین) لە (جامع کرکوك) لە ساڵی( ١٩٩٤ز – ١٩٩٥ز) ڕۆژێك پێی وتم: مەلا (سیروان) ئەو کابرایەت بینیوە ڕۆژانە لەپشتمەوە نوێژ دەکات خۆی بە فریشتە دەزانێت بە (أبـو غـازي) مشـهور بـوو، زەویـوزارێکی زۆری کـورد لە(دارەمان) وەرگرتووە لە حکومەت بە گرێبەست کە هەمووی موڵکی جوتیاری کوردە.

وەبیری ئەو ستەمکارانەی ئەم سەردەمە دێنمەوە ئەی پێغەمبەر نەیفەرمووە: (...**الْمُسلِمُ أَخو الْمُسلم، لاَ يَظْلِمهُ....**)[1].

واتە: موسڵمان برای موسڵمانە **ستەمی لـێ ناکـات**، ئەو برایەتییە لە دەست دەدات ئەگەر بێتو ستەم بکات لە براکەی، فەرموودەکە ڕوون و ئاشکرایە هیچ تەفسیرێك هەڵناگرێت.

---

[1] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٧٤/٨رقم الحديث٢٥٦٤كتاب البر والصلة والآداب- باب تحريم ظلم المسلم وخذله وإحتقاره ودمه وعرضه وماله).

لەڕاستیدا ئەوە خۆ هەڵخەڵەتاندنە لە لایەکەوە نوێژ بکەیت وە لە لایەکی ترەوە مافی خەڵك بخوێیت بە نارەوا ئەگینا کەسی باوەڕداری نوێژخوێن چۆن ستەم دەکات، **نموونەی**(أبو غازي) و هاوشێوەکانی تەنها ماندوو بوونیان بۆ دەمێنێتەوە ئەو جۆرە کەسانە لەقیامەتدا حیسابیان قورسە، چونکە مافی خەڵکیان بە ناڕەوا خواردووە.

سەرنجتان بۆ ئەو وێنەیە ڕادەکێشم جوتیاری کوردی ستەم لێکراو چۆن تەماشای ستەمکاری سوپاو عەرەبە هاوردەکان و دادگا دەکات لەسەر زەوی خۆی زوڵمی لێدەکەن ئەو تەماشاکردن و سەرنجدانەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی چەندێك لە خەم وپەژارەی دوورینەوەی دانەوێلەکانییەتی.



ئەوەش دیمەنی سووتانی دانەوێڵەی جوتیاری کوردە لە لایەن ناحەزو دوژمنانەوە



بۆ زانیاریتان حکومەتی ستەمکاری تورکیاو ڕژێمی ئێران و حکومەتی بەغدا ماوەی (١٠٠) ساڵە ستەم دەکەن لە میللەتی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، ناهێڵن کورد بگاتە مافی چارەنووسی خۆیان، ئەگەر چی ئەو ڕژێمانە بە ناو ئیسلامن، ئەو هەموو ستەمە لە میللەتی کوردە دەکەن بە خەیاڵیاندا نایەتو مێشێکیش میوانیان نیە.

بەڵام هەر ئەو حکومەتانە گلەیی لە زایۆنییەکان دەکەن و دەڵین: خاکی فەلەستینیان داگیرکردووەو ئەو هەموو ستەمە لە ئەهلی غەززە دەکرێت، بە ناهەق، بەڕاستی **ئەوە نیفاقە ئەو حکومەتانە دەیکەن**، ئێمەی میللەتی کورد ئەو هێرش و پەلامارەی حکومەتی ئیسرائیل مەحکوم و ئیدانە دەکەین، ئەو گەلی فەلەستینە ستەملێکراوو بەش خوراوە، وەکو ئێمەی کورد.

لای پەروەردگار ئەو ستەمکارانە هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ یەکتردا چونکی شوناس و بیروباوەڕو هزرو ڕێبازیانی دیاری نەکردووە، بە ڕەهایی ناوی ستەمکارانی هێناوە لە قورئاندا، تێکرا هەموویان زاڵم و تاوانبارن، **ڕۆژی لە ناوچوون و فەوتانیان دیاریکراوەو بڕیاریشی لێدراوە.**

بەلامانەوە حکومەتی تورکیاو ڕژێمی ئێران و حکومەتی بەغدا و حکومەتی

ئیسرائیل هەر هەموویان ستەمکارو خوێنرێژن بە هەموو واتایەك، **هەر کەسێك پشتیوانی لەو سیاسەتەیان بکات بە ماددی بە مەعنەوی، وەکو ئەوان ستەمکارو زاڵمە،** پەروەردگار دەفەرموێت:**﴿وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾**[1].

واتە: پاڵ مەدەنە ئەوانەی ستەمکارن و نزیکیان مەکەونەوە نەبادا بە ئاگری ئەوانەوە ئێوەش بسووتێن.




(جا قوڕ بەسەر ئەوانەی کە پاڵ بە سەرۆکەکانی دەستەڵاتدارانی ستەمکارەوە دەدەن و مەراییان بۆ دەکەن وەك، هەندێك لە ڕۆژنامەنووس و هەندێك خۆ بەئایین زان و غەیری ئایینی، بێگومان ئەم هەڕەشە ترسناکە هەموو ئەوانەیش دەگرێتەوە)[2].

**سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕادەکیشم** پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:**(مَن**

(١) سورة هود الآية:**١١٣**.
(٢) تەفسیری گوڵشەن:٢/٢٤٧.

**كانَتْ عِنْدَهُ مَظْلَمَةٌ لأخِيهِ فَلْيَتَحَلَّلْهُ منْها، فإنَّه ليسَ ثَمَّ دِينارٌ ولا دِرْهَمٌ، مِن قَبْلِ أنْ يُؤْخَذَ لأخِيهِ مِن حَسَناتِهِ، فإنْ لَمْ يَكُنْ له حَسَناتٌ أُخِذَ مِن سَيِّئاتِ أخِيهِ فَطُرِحَتْ عليه)**[١].

واتە: هەركەسێك مافی كەسێكی بەسەرەوەیە، با فریای خۆی بكەوێت، مافەكەی بۆ بگەڕێنێتە پێش ئەوەی بمرێت، ئەگینا لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ شتێك دادی نادات لەو پارەو پول و سامانەی، ئەو مافەی كە خواردوویەتی بە ناحەق و ناڕەوا لێ دەسێنرێتەوە، ئەگەر ستەمكار چاكەی هەبوو ئەوا لە چاكەكانی وەردەگرن، ئەگینا لە خراپەی ستەملێكراوە وەردەگرن و دەیخەنە سەر كردەوەكانی ستەمكار باری قورس دەبێت و فڕی دەدرێتە نێو دۆزەخەوە.

**لە دیوانەكەیدا زەینەب خانی شاعیر(١٩٠٠ز-١٩٦٣ز) سەبارەت بە كەسی ستەمكار دەڵێت:**

**زاڵمی دووڕوو**

ناكەس بەچەیەو تەربیەت نەدراو
چاوی هەڵنایێ بە ڕووناكی تاو
میللەت وەك مێگەل لێ دەخوڕێ لەدەشت
حوكم دەگێڕێ بە كورسی شكاو
هەم سوڵتەی دەوێ هەم پارەو عانە
قورئانێكیشی لە بەردەستانە
وەلێ عەمەل و كاری پێ ناكا
بۆ سوێند خواردنە، بۆ خەڵەتانە
سەیری ڕووی دەكەی بەشووش و جوانە

[١] كتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٤٨٠/١١رقم الحديث ٦٥٣٤كتاب الرقاق- باب القصاص يوم القيامة..).

ڕووی نوورانییەو دەمی خەندانە
هەموو هەناوی ڕق و کینەیە
هەم بە ئیمانە، هەم بێ ئیمانە
گەر لەدەستی دا ئینسانیەت ئینسان
وەکوو دڕندەی بێ عەقڵی حەیوان
پەلامار دەدا لە ڕاست ولە چەپ
دەبێتە عەبدی موتیعی شەیتان

**سێهەم: ستەمکردن لە خودی خۆت**

**ظلم يُغفَر**

هەموو کەسێك تاوان و گوناهی لێ واقیع دەبێت، بە هۆی درۆکردن و نەزەری حەرام و دنیا ویستی و کەوتنە شوێن شەهوەت و ئارەزووەکان و... و ... هتد، ئەوەش بەزاندنی ئەو سنوورەیە کە خوداﷻ داینـاوە، لەو بـارەیەوە پەروەردگار دەفەرمووێت: (..وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ ..)[١].

پەروەردگـار سنووری بـۆ بەنـدەکانی کێشـاوە، هەر کەسێك ئەو سنوورە ببەزێنێت بێگومان ستەمی لە خۆی کردووە.

ئاشکرایە خوداﷻ لەو جۆرە ستەمە خۆش دەبێت و دەبوورێت، بە پەشیمان بوونەوەو تەوبەکردن، خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:**﴿وَالَّذينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ*أُولَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ)**[٢].

---

[١] سورة الطلاق الآية: ١ .

[٢] سورة آل عمران الآية: ١٣٥ – ١٣٦.

واتە: ئەو کەسانەی کە گوناهێکی گەورە ئەنجام دەدەن یاخود بە ئەنجامدانی گوناهی گچکە ستەم لە خۆیان دەکەن، بەڵام خودایان ﷻ دەکەوێتە بیرو داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەن و لەسەر گوناهەکانیان بەردەوام نابن، ئەوانە دەکەونە بەر لێخۆشبوونی خودا ﷻ لێیان دەبوورێت، ئایا جگە لە خودا (ﷻ) کێی تر هەیە کە لە گوناهەکانیان خۆش بێت هەر چەن لە خودایشەوە ﷻ زۆر نزیك بێت؟! ئەوانەی کە باسکران و ئەو ئاکارو کردەوە جوانانەیان هەیە، خودا ﷻ پاداشتیان دەداتەوە بەوەی لێیان خۆش دەبێت و دەیانخاتە ئەو بەهەشتەوە کە چەندین ڕووبار بە ژێریدا تێدەپەڕێت و هەتا هەتایە بە شادی و خۆشی تیایدا دەمێننەوە، ئەوانەی کە چاکەکارن و کاریان بۆ خودا ﷻ کردووە پاداشتێکی گەلێك خۆش و پڕ لە شادییان هەیە[1].

لە ڕاستیدا ئەو دانپێدان و پەشیمان بوونەوەو تەوبەکردنە گەورەترین نیعمەتە بۆ ئینسان، کە دەبێت خووی پێوە بگرێت و تەرکی نەکات، بۆ ئەوەی خۆی پاك بکاتەوە لەو ستەمانەی کە ڕۆژانە بەرامبەر بە خودی خۆی ئەنجامی دەدات، تەنانەت ئەوە خەسڵەتی پێغەمبەرانی خودایە (علیهم السلام) بەردوام داوای لێخۆشبوونیان کردووە، تەماشا بکەن خودا ﷻ لە قورئاندا ئاماژە بە پەشیمان بوونەوەی **حەزرەتی موسی** (علیه السلام) دەکات، دەفەرمووێت: **(قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي فَغَفَرَ لَهُ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)**[2].

حەزرەتی موسی (علیه السلام) زوو بەزوو گەرایەوە بۆ لای پەروەردگار، ئینجا خودای لێی خۆشبوو، بەڕاستی ئەو خودایە ﷻ زۆر بەڕەحمەت ومیهرەبان و لێبووردەیە.

(١) کتێبی (تەفسیری گوڵشەن: ٣٢٢/١).
(٢) سورة القصص الاية: ١٦.

دووەم

## يَا عِبَادِيْ كُلُّكُمْ ضَالٌّ إلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ فَاسْتَهْدُوْنِي أَهْدِكُمْ

بڕوانن لە چەمکی(يَا عِبَادِيْ) پەروەردگار چەندێك بە سۆزو نەرم و نیانی لەگەڵ بەندەکانی دەدوێت، دەفەرمووێت: تێکرا هەمووتان کە هاتنە دنیاوە هیچتان نەدەزانی سەرلێشواو بوون، جگە لە وانە نەبێت کە من ڕێنماییم کردوون، هەر لەمن داوای ڕێنمایی بکەن بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕزگاربوونتان پیشان بدەم لە دنیاو قیامەت، جگە لە من کەس نیە هیدایەتتان بدات.

سەرنج بدەن پەروەردگار ڕێگای چاکەو خراپەی بۆ گشت بەندەکانی ڕوون کردۆتەوەو هەرکەسێك بە پێی حەزو ئارزوو ویستی خۆیەتی کە ڕێگای هیدایەت بگرێتەبەر یان پشتی تێ بکات، سەرنج بدەن لەو بارەیەوە پەروەردگار چی دەفەرمووێت::﴿...**ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ**﴾[1].

**واتە:** خودا ﷻ دەروازەی هیداتی خۆی بۆ ئەو کەسانە دەکاتەوە کە هیداتیان بوێت، وە بۆ گرتنەبەری ڕێگای ڕاست یارمەتییان دەدات، ئەوانەیش کە یاخیی دەبن و پشت دەکەنە ڕێبازی خودا ﷻ و هیدایەت، خودا ﷻ بە زۆر ڕوویان پێ وەرناگێڕێت تا ئیمان بێنن، بەڵکو ڕێگەی ئەو پشت تێکردنەیان دەدان، ئەمە مەبەست لەسەر لێشێواندنی خودا[2].

**خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿مَنْ يَشَأِ اللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَنْ يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾**[3].

واتە: هەر کەس خودا ﷻ بیەوێت سەری لێ دەشێوێنێت و وێڵی دەکات،

[1] سورة الزمر الآية:٢٣.
[2] کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/٥٦٠).
(٣) سورة االأنعام الآية:٣٩.

چـونکە ئەو کەسـە بیـرو هۆشـی خـۆی نەخسـتوەتە کـار، تـا تـاك و تەنهـایی خـودای(ﷻ) بـۆ دەربکەوێت،پەروەردگـاریش لە تـۆڵەی ئەو نـامەردی و بـێ وەفـاییەی گـومڕای ئەکـا، هەروەهـا خـوداﷻ بـۆ هەرکەسێکیش خـۆی بیەوێـت، دەیخـاتە سـەر ڕێگـای ڕاسـت و هیـدایەتی دەدات، چـونکە ئەو کەسـە خەمـی هیدایەتدانی خۆی خواردووەو بیرو هۆشی خۆی خستوەتە کار، لەبەرامبەر ئەو خەم خواردنەی پەروەردگاریش هیدایەتی ئەداو ئەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست[1].

**پێناسەی (الهدایة) لە زمانەوانی و زاراوەدا( لُغَةً وإِصْطِلاحاً)**

**یەکەم:** پێناسەی (الهدایة) لە زمانەوانیدا(لُغَةً): **بمعنى الرّشادُ والدَّلالَةُ واتە: ڕێنمایی، ڕێ پێشاندان**[2].

**هەروەها (الهدایة): دلالةٌ بِلُطْفٍ، واتە: ڕێنوێنی بە نەرمونیانی**[3].

**دووەم:** پێناسەی (الهدایة) لە زاراوەدا (إِصْطِلاحاً): **هي سلوك طریق یوصل إلى المطلوب، واتە: بۆ ڕێنمایی گەیشتن بەو هۆکارانەی کەسێک دەگەێنن بە ئامانج**[4].

هەروەها (الهدایـة) الدلالـة عـلى مـا یوصـل إلى المطلـوب، **بـۆ گەیشـتن بە ئامانجی دیاریکراو یان بۆ مەبەستی ویستراو**[5].

---

(١) کتێبی(تەفسیری نامی:٢٥/٣، تەفسیری گوڵشەن:٦٠٣/١ بەدەستکارییەوە).
(٢) کتێبی(مختار الصحاح:٢٨٨ باب الهاء - مادة هَشَمَ).
(٣) کتێبی(مفردات ألفاظ القرآن/ العلامة راغب الأصفهاني:ص٨٣٥ مادة هدم- هدى).
(٤) کتێبی(کتاب التعریفات للجرجاني:ص٢٠٠ باب الهاء).
(٥) کتێبی(التوقیفات على مهمات التعاریف للمناوي: فصل الدال ص٣٤٣).

## پلەکانی هیدایەت

### یەکەم: هیدایەتی گشتی

### (الهداية العامة)

ئەم پلەیەی هیدایت هەموو کائینات دەگرێتەوە ئەوەی پێویستیانە بۆ گوزەرانی ژیان و مانەوەیان لە دنیا، پەروەردگار پێی بەخشیون، **بڕوانن خودای(ﷻ) دەفەرموویێت:﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾**(١).

واتە: (ئەو خودایەی کە هەموو کائیناتی بە شێوەیەکی جوان و بێ عەیب هێناوەتە دی وبواری ژیانی بۆ سەرجەم گیانلەبەران فەراهەم هێناوەو ڕێگای چاکەو خراپەیش بۆ ئادەمیزاد بە هیدایەتی ئایین و بە هیدایەتی هۆش و تێگەیشتن ڕووناك کردۆتەوە تا بزانێت چۆن لە ناو ماڵ و منداڵ و کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی خواپەسەندانە ژیانی خۆی دەباتە سەر، بەبێ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا ستەم لە خەڵکی بکات و خراپەکار بێت.

خوداﷻ هیدایەتی ئیلهامی بە گیانلەبەرانی تریش بەخشیوە، تا بتوانن ژیانی خۆیان بگوزەرێنن، جا ئەو گیانلەبەرانە گەرەبن، یان گچکە، ڕۆیندە بن، یاخود باڵندە، سەرنجی باڵندە کۆچەرییەکان بدە، کە هاوینان لە وڵاتە گەرمەکانەوە کۆچ دەکەن بۆ ئەو وڵاتانەی کە فێنکن و لە بن پاسارو دارو درەختەکان هێلانەی خۆیان ساز دەکەن و زاوزێی تیایدا دەکەن، کە پایز هات خۆیان و بەچکەکانیان کە گەورەبوون هەزاران کیلۆمەتر دەبڕن و دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتوون، بەبێ ئەوەی ڕێگایان لێ ون ببێت و سەریان لێ بشێوێت، هەروەها بۆ ساڵی ئاییندەش جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکەی

(١) سورة الأعلى الآية:١-٣.

ساڵی پێشوویان و سەر لە نوێ زاوزێی تیادا دەکەنەوە. یان سەرنج بدە لە مێش هەنگ، کە چۆن بە شێوەیەکی جوان و ئەدازیاریی شانەکانی خۆی بە شەش سووچی درووست دەکات، نەك بە خڕیی، تا لە نێوان کوونەکانی شانەکەیدا بۆشایی درووست نەبێت، ئایا کێ ئەم ئەندازگیرییەی فێری مێش هەنگ کردووە؟؟؟ بێگومان ئەوە ئەو ئیلهامە خوداییەیە کە بۆ هەموو گیاندارێك ڕێیەکی ژیانی تایبەتی داناوە تا بزانێت چۆن ژیان دەباتە سەر؟؟؟!!!)[1].

هەروەها **خودای**(ﷻ) **دەفەرموویت:﴿قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى﴾**[2].

**واتە:** پەروەردگاری ئێمە ئەو زاتەیە کە هەر شتێکی درووست کردبێت، زۆر بە جوانی و ڕێك و پێکیی درووستی کردووەو پاشانیش ڕێنمایی کردووەو ڕێگاو ئەرکی خۆی لە ژیاندا بۆ دیاری کردووە[3].

بێگومان ئەوە ڕاستییەکی ئاشکرایە، ئەوەتا سەرنج بدە کە چۆن ئادەمیزادی بە شێوەیەکی زۆر جوان درووستکردووەو، عەقڵ و هۆشی پێ بەخشیوون و ، پێغەمبەرانی(علیە السلام) بۆ ناردوون، تا بزانن ڕێگای ڕاست و درووست کامەیەو، چۆن ژیان دەبەنە سەر، هەروەها هەزاران جۆر گیاندارو جانەوەری وشکانی و دەریای درووستکردووە، هەر جۆرێکیش لەو هەزاران جۆرە، بەهۆی ئەو غەریزەی کە پێی داون، ڕێگای ژیانی بۆ دیاری کردوون، هەروەها ملیارەها گەلەئەستێرە(مەجەررە)و ئەستێرەی درووستکردووە، کە هەریەکەیان بەو پێیەی خوداﷻ بۆی دیاریکردوون، لەسەر خولگەی خۆیان بەردەوام لە سووڕانەوەدان[4].

(١) کتێبی (تەفسیری گوڵشەن:٤/٥٠٠).

[2] سورة طه الآیة:٥٠.

[3] کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٥٨٠).

[4] کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٥٨٠).

**دووه‌م: هیدایه‌تی ڕوونکردنه‌وه‌و ڕێنمایی و بانگکردن**

**(هداية البيان والدلالة والإرشاد والدعوة)**

له‌م پله‌یه هیدایه‌ت په‌یوه‌ست و تایبه‌تمه‌نده به پێغه‌مبه‌رانه‌وه(علیه السلام) هه‌روه‌ها له ڕێگه‌ی ئه‌و کتێبانه‌ی په‌روه‌ردگار که له ئاسمانه‌وه ده‌نێردرێته خواره‌وه بۆ هه‌موو مرۆڤایه‌تی تاوه‌کو که‌ڵکی لێ وه‌ربگرن و بیکه‌نه به‌رنامه‌ی ژیانی دنیایان، بڕوانن خودای(ﷻ)ده‌فه‌رمووێت:**﴿رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾**[1].

واته: **ئه‌م پێغه‌مبه‌رانه(علیهم السلام) نێرراون تا ڕێگای خواناسین به خه‌ڵکی به خه‌ڵکی پیشان بده‌ن و موژده‌ی خۆشی بده‌ن به چاکه‌کاران وه بێباوه‌ران و سته‌مکارو خراپه‌کارانیش بترسێنن،** تا خه‌ڵکی هه‌نجه‌تیان نه‌بێت لای خوداﷻو بڵێن: خودایه ئێمه نه‌مانزانی ڕێگای ڕاست کامه‌یه، خودایشﷻ زۆر خاوه‌ن تواناو ده‌سته‌ڵاته‌و ئێجگار حه‌کیم و کار به‌جێیه‌و له هه‌موو کارو کرده‌وه‌کانیدا خاوه‌ن مه‌به‌سته[2].

په‌روه‌ردگار له‌و په‌یامه‌یدا ئاگادارمان ده‌کاته‌وه له‌وه‌ی که کارو کرده‌وه‌ی سه‌ره‌کی پێغه‌مبه‌رﷺ ڕێنوێنی کردنی خه‌ڵکییه، بۆ ڕێگای ڕاست و حه‌قیقه‌ت و دروست کردنی هیدایه‌ته له دڵی خه‌ڵکیدا، ته‌ماشا چی ده‌فه‌رمووێت:**﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾**[3].

واته: ئه‌ی پێغه‌مبه‌رﷺبه‌ڕاستی تۆ ڕێنمایی خه‌ڵکی ده‌که‌ت بۆ سه‌ر ڕێبازی ڕاستی ئایین و به‌رچاویان ڕوون بکه‌یته‌وه[4].

(١) سورة النساء الآية:١٦٥.
(٢) کتێبی( ته‌فسیری گوڵشه‌ن:٤٩٣/١).
(٣) سورة الشورى الآية:٥٢.
(٤) کتێبی( ته‌فسیری گوڵشه‌ن:٦٧٥/٣).

خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿**وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَى عَلَى الْهُدَى فَأَخَذَتْهُمْ صَاعِقَةُ الْعَذَابِ الْهُونِ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ**﴾[1].

واتە: بەڵام قەومی(ثمود) بەو پێغەمبەرەدا (علیه السلام) کە بۆمان ناردن ڕێگای ڕاستی ئاییهان نیشاندان، بەڵام ئەوان هەریاخیی بوون و ڕێگای چەوتەکەی خۆیان هەڵبژارد بەسەر هیدایەت و خواناسیدا، جا لەبەر بێباوەڕیی و خراپەکەیان دووچاری سزای گرمەی ڕیسواکەرمان کردن و بە فەلاکەتمان بردن[2].

خوێنەری ئازیز ئەم جۆرە ئاست و قۆناغە لە هیدایەت مرۆڤ ئارەزوومەندە تیایدا بۆیە ئەو ئایەتە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو قەومە خۆیان گومڕایی و سەرلێشێواویان بەسەر هیدایەتدا هەڵبژاردو خۆیان دووچاری ئەو چارەنووسە ڕەشەکردو لەدەرئەنجامدا بە هیلاك چوون، لەبەرئەوەی پەروەردگار پێغەمبەری بۆ ڕەوانەکردن و پێیان ڕاگەیەندرا کە ئەوە ڕێگای ڕاستی خودایەﷻ بیگرنەبەر بۆ ئەوەی سەرفرازبن، بەپێچەوانەوە ئەوان یاخیی بوون بەدەنگ ڕەهبەرانی خوداوە نەچوون لەبەرئەوەی ناخ و دڵ و دەروون و فیترەتیان خراپ بوو، بۆیە ئەو قەومەکەڵك و سوودیان لە پەیامی پەروەردگار وەرنەگرت.

**مامۆستای قەدرگران خوالێخۆشبوو (مەلا عبدالکریم المدرس) دەڵێت**[3]:

**هەزاران ملیار سوپاسی لایق — تەقدیم بێ لە بۆ بارەگای خالیق**
**ئەو خودا کەوا بە میهرەبانی — ڕەهبەرانی نارد بۆ زیندەگانی**
**لە بۆ ژیانی گیانی ئادەمی — بۆ نیشاندانی ڕێگەی سالمی**

(١) سورة فصلت الآية: ١٧.
(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٦٣٠).
(٣) کتێبی (تەفسیری نامی:٥/٥٥٦).

**ڕێی سه‌لامه‌تی له‌ مه‌کری شه‌یتان — بێ مه‌لامه‌تی له‌ ده‌ردی جیهان**

**هه‌ر که‌س که‌وته‌ دووی ئه‌و ڕه‌هبه‌رانه‌ — ئه‌وه‌ ئازادی هه‌ردوو جیهانه‌**

**(نامی) خادیمه‌ بۆ ڕێگه‌ی ڕه‌هبه‌ر — هه‌ر له‌ ئێسه‌وه‌ تا ڕۆح دێته‌دره‌**

## سێهه‌م: هیدایه‌تی سه‌رخستن یارمه‌تیدان بۆ سه‌رکه‌وتن

## هداية التوفيق والإلهام والمعونة

له‌م پله‌یه‌ هیدایه‌ت به‌ بێ پشتیوانی و یارمه‌تیدانی خوداﷻ نابێت، چونکه‌ ئه‌و سه‌رخستنه‌ تایبه‌تمه‌نده‌ به‌ په‌روه‌ردگاره‌وه‌ بۆ ئه‌وانه‌ی خۆیان پاراستووه‌ له‌ گوناه و تاوان، وه‌ مه‌به‌ستیشیان گه‌یشتنه‌ به‌ ڕێگای ڕاست و حه‌قیقه‌ته‌، بێگومان په‌روه‌ردگاریش ڕێگایان بۆ ئاسان ده‌کات و هاوکاریانه‌ ته‌ماشا بکه‌ن، **خودای(ﻷ) ده‌فه‌رموویت:﴿وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى﴾**[1].

واته‌: ئه‌و که‌سانه‌ که‌ هیدایه‌تدراون و له‌ ژیانیاندا ڕێگای ڕاستیان گرتوه‌ته‌ به‌رو خودای خۆیان ده‌په‌رستن و خۆیان له‌ گوناه و خراپه‌ پاراستوه‌، ئه‌وه‌ خوداﻷ زیاتر هیدایه‌تیان ده‌دات[2].

خوداﷻده‌فه‌رموویت:**﴿ قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ * يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾**[3].

واته‌: ئه‌ی خاوه‌ن کتێبینه‌(جووه‌کان و نه‌صرانییه‌کان) بێگومان ئێوه‌ له‌ لایه‌ن خوداوه‌ﷻ به‌ ناردنی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ﷺ ڕووناکییه‌کی گه‌وره‌و ئاشکراتان بۆ

(١) سورة مريم الآية:٧٠.
(٢) کتێبی( ته‌فسیری گوڵشه‌ن:٥٦٢/٢).
(٣) سورة المائدة الآية:١٥-١٦.

هـاتووه‌، هەروەهـا بە نـاردنی ئەو قورئـانە پیـرۆزو ڕوونەیـش، کە هەر شـتێك ئادەمیزاد پێویستی پێی هەبێت بۆ هیدایەتی، هەمووی بە ئاشکراو بەباشی دەر ئەخات، **بە هۆی ئەو قورئانەوە خوداﷻ هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات کە خۆیان دەیانەوێت شوێن ڕەزامەندی خودای پەروەردگار بکەون، هیدایەتیان دەدات بەرەو ڕێگاکانی ئاشتی و دڵنیـایی،** هەروەها خوداﷻ ئیمان دەخاتە دڵیـان و لە تـاریکیی بـڕوای چەوت و پـوچەڵ دەریانـدەهێنێت و دەیانخـاتە نـاو ڕوونـاکی باوەڕو ئایینی ڕاستەوەو ڕێگای ڕاستی ژیانیـان بۆ ڕوون دەکاتەوەو ڕێنماییان دەکات بۆ سەر ئەو ڕاستە شەقامەو هیدایەتیان پێ دەبەخشێت[1].

**خـوداﷻ یارمەتیـدەرو پشـتیوان و ڕێ پیشـاندەری ئەو کەسـانەیە، کە مەبەستیانە بە هۆی ئەو دینەوە ڕەزامەندی پەروەردگار بەدەست بهێنن، بە پێچەوانەوە ئەوانەی مەبەستیان نیەو نایانەوێت ڕێگای ڕاست و حەقیقەت بگرنەبەر بێگومان خوداﷻ پشتیوانیان نابێت چونکە لە ناخەوە ڕاستگۆنین، لەگەڵ پەروەردگاریان[2].**

هەروەها خوداﷻ دەفەرموێت:﴿**وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلَامِ وَيَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ**﴾[3].

**واتە:** خوداﷻ بەندەکانی خۆی بە ئیمان هێنان و چاکەکردن و خۆپاراستن لە خراپە بانگ دەکات بۆ بەهەشت، وە هەر کەسێك کە خوداﷻ بیەوێت هیدایەتی دەدات بـۆ سـەر ڕێبـازی ڕاسـت، کە ئـایینی ئیسـلامە، ئەوانە ئەو کەسـانەن کە خۆیـان دەیانەوێـت ڕێگـای ڕاسـت بـدۆزنەوە، مەبەسـت لە (دار السـلام) بەهەشتە[4].

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٥١٩/١).
(٢) کتێبی(تفسير الفخر الرازي:١٦١/٤).
(٣) سورة يونس الآية:٢٥.
(٤) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١٥٣/٢).

هەروەها خوداﷻدەفەرمووێت:﴿**إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَاهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَن يُضِلُّ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ**﴾[١].

لەڕاستیدا پەروەردگار لەم ئایەتە پرسی هیدایەتدانی ئەوانەی کە خۆیان نایانەوێت یەکلایی کردۆتە تەنانەت خوداﷻ بە خودی پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: ئەگەرچی ئارەزووت زۆرەو لەخەمی **هیدایەتدانی** ئەو بێباوەرو دڵ بەردو بێ فامانەی، وە زۆرت مەبەستە بێنە سەر ڕیگای ڕاست، **بزانە بەڕاستی خوداﷻ هیدایەتی و یارمەتی و پشتیوانی ئەوانە ناکات کە خۆیان ڕێگای چەوتیان هەڵبژاردووە**[٢].

**چوارەم: پلەی هیدایەت بۆ بەهەشت و دۆزەخ لە قیامەتدا**

ئەم پلەی هیداتە لە ڕۆژی دواییە، دوو دەروازەیە ئەوانەی کە لە دنیا ئەرك و فەرمانی پەروەردگاریان بە جێهێناوەو مەبەستیان لە خوداپەرستی و گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست، ڕەزامەندی خوداﷻ بووە، بێگومان لەو ڕۆژەدا ڕێنمایی دەکرێن و ڕێگای چوونە ژوورەوەی بەهەشتیان پێ نیشان دەدەن.

سەرنج بدەن خوداﷻچی دەفەرمووێت:﴿**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُمْ بِإِيمَانِهِمْ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ**﴾[٣].

واتە: بەڕاستی ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوەو، فەرمانەکانی خودایان جێبەجێ کردووە، ئەوە پەروەردگاریان بۆ بەردەوام بوونیان لەسەر ڕێگای ڕاست هیدایەتیان دەدات وو بە هۆی ئیمانەکەیانەوە لە

---

(١) سورة النحل الآية:٣٧.

(٢) کتێبی( تەفسیری نامی:١٦٨/٤، تەفسیری گوڵشەن:٣٩٧/٢ بە دەستکارییەوە).

(٣) سورة يونس الآية: ٩.

ڕۆژی دواییدا باخ و باخاتی شادی بەخشی بەهەشت، کە چەندین ڕووبار بە ژێریاندا تێدەپەڕێت، دەبێتە هۆی خۆشی و کامەرانی بۆیان[1].

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی تاوانبارو ستەمکارن هەموویان کۆدەکرێنەوە لەسزای ئەو کردەوە خراپانەی ئەنجامیان داوە ڕێگای دۆزەخیان پێشان دەدرێت بڕوانن خوداﷻ سەبارەت بە چارەنووسی ئەو جۆرە یاخیبووانە چی دەفەرمووێت: ﴿احْشُرُوا الَّذِينَ ظَلَمُوا وَأَزْوَاجَهُمْ وَمَا كَانُوا يَعْبُدُونَ * مِنْ دُونِ اللَّهِ فَاهْدُوهُمْ إِلَى صِرَاطِ الْجَحِيمِ﴾[2].

جا خوداﷻ فەرمان ئەدا بە فریشتەکان و ئەفەرمووێت: ئەو کافرە ستەمکارانە خۆیان و هاوێنەکانیان لە بتپەرستەکان گردبکەنەوەو لەگەڵ ئەو بتانەدا کە ئەیانپەرستن و موبالاتیان بە خوداﷻ نەدەکرد، جا ڕێگەی دۆزەخیان نیشان بدەن و ڕایان بگرن، بەڕاستی ئەوانە بەرپرسیارن و پرسیاریان لێ ئەکرێ[3].

لە دوای ئەوەی پێناسەی هیدایەتمان کردو جۆرەکانیمان خستە بەردیدی خوێنەر دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بێجگە لە پەروەردگار کەس نیە هیدایەت بەخش بێت تەنهاو تەنها هەر زاتی(اللهﷻ)یە، ئەو ڕێپیشاندان و هیدایەتە بۆ ئەوانەیە کە خۆیان دەیانەوێت و هەوڵی بۆ دەدەن لە ڕێی پابەندبوون، بە ئەرك و فەرمانەکانی خوداوە، ئەگینا ئەوەی نەیەوێت بێگومان خودایشﷻ یارمەتیدەری نابێت و هیدایەتی نادات، لەبەرئەوەی پرسی هیدایەتدان ئارەزوو مەندانەیە.

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٢/١٤٢).
(٢) سورة الصافات الآية: ٢٢-٢٣.
(٣) کتێبی(تەفسیری نامی:٥/٤٢٠).

**سێهەم**

**يَا عِبَادِيْ كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلاَّ مَنْ أَطْعَمْتُهُ فَاَسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ.**

بەندەکانم تێکرا هەمووتان برسین، تەنها ئەوانەتان نەبێت، خواردنم پێ داون، خواردنتان تەنها لەمن داوا بکەن، منیش خواردنتان دەدەمێ، ئەو بڕگەیە پەیوەستە بە ڕزق و ڕۆزییەوە، خوداﷻ وەکو ئەوەی بفەرموویێت: ڕزق و ڕۆزی بەخشەر بە هەمووان هەر خۆمم، ئەگەر بێتو بەندەکانی بە ناخ و دڵ و دەروونەوە ڕوویان کردە دەرگای پەروەردگار ئەوا ڕێنمایی پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزییەیان بۆ دەکات لەو ڕێیەوە کە پەروەردگار لەسەر ڕازییە نەك لە ڕێی ناشەرعییەوە.

سەرنج بدەن خوداﷻچی دەفەرموویێت:**﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ﴾**[1].

واتە:خودا ئەو خودایەیە کە زەوی بۆ ڕەخساندوون و بە شێوەیەکی وا گونجاندوویەتی کە بتوانن بە ئاسانیی تیایدا بژین و گوزەرانی تیادا بکەن، ئێوە بە هەموو لایەکیدا بێن و بڕۆن، تا گەورەیی و دەسەڵاتی سەرسوڕهێنەری خوداتان بۆ دەربکەوێت، کە چۆن زەوی بەم شێوە ڕێك و پێکە بۆ گونجاندوون، هەروەها لەو رزق و ڕۆزییە بخۆن کە خودا بۆی ڕام کردوون، لە ڕۆژی دواییدا هەمووتان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە[2].

هەروەهاله ئایەتیکی تردا خوداﷻ دەفەرموویێت:**﴿وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾**[3].

(١) سورة الملك الآية:١٥.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣٤٨/٤).

(٣) سورة المزمل الآية:٢٠.

لەڕاستیدا ئەو ئایەتە باس لە دوو کۆمەڵە کەسمان دەکات وە هەردووکیانیش لە یەك ئاست و پلەدان، واتە هاوتای یەکن تەماشا بکەن پەروەردگار باسی کۆمەڵێك دەکات کە بۆ پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی بە زەویدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی بەهرەمەندبن لێی، چاویان لەدەستی کەس نیە بێجگە لەزاتی(اللَّهﷻ)، کۆمەڵەکەی تر ئەوانەن کە لە پێناوی خوداداﷻ دەجەنگێن بۆ ئەوەی دینی خوداﷻ بەرقەرار بێت[١].

**پەیداکردن ڕزق و ڕوزی حەڵاڵ = جیهادکردن لە خوداﷻ**

خوداﷻچی دەفەرموویێت:**﴿وَمَا من دَابَّةٍ في الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ﴾**[٢].

**واتە:** زانین و ئاگاداری خوداﷻ دەوری هەموو شتێکی داوە، هیچ گیانلەبەرێك نیە گەورە بێت یان گچکە کە خوداﷻ ئاگای لێ نەبێت و توانای پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی پێ نەدابێت، وە بە پێی پێویستی خۆی خواردنی بۆ نەڕەخساند بێت، هەروەها خوداﷻ زانیارو ئاگادارە بەو جێگەی تیایدا دەژی و تیایدا دەمێنێتەوە تا کاتی مردنی دێت، هەموو ئەمانە لە کتێبێکی ئاشکرادا تۆمارکراون کە (لەوحی مەحفوظ)ی پێدەوترێت، چۆنیەتی ئەو لەوحە لە ئێمە بزرەو نایزانین، تەنها خوداﷻ خۆی دەزانێت چۆنە، هەندێك لە زانایان باوەڕیان وایە مەبەست لە عیلم و زانینی بێ سنووری خودایە[٣].

(١) کتێبی( تەفسیری القرطبي:٤٣/١٩ بتصرف).
(٢) سورة هود الآية:٦.
(٣) (تەفسیری گوڵشەن:١٩٧/٢).




بێگومـان ئەو ئـایەتە پیـرۆزە گرەنتـی خـودایە ﷻ بـۆ هەمـوو بـوونەوەران بەتـایبەت مـرۆڤ دەبێت بە هـیچ جۆرێـك خەمـی ڕزق و ڕۆزی نەبێـت، چـونكە هەمووی دابین كراوە تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی دەكات لە دنیا، بەڵام دەبێت دەست بە هۆكاری پەیداكردنییەوە بگرێت و هەوڵی بۆ بدات، نەك دابنیشێت و چاوی لە دەستی ئەم و ئەو بێت، ئەو كات بەر پرسیار دەبێت بەرامبەر بە خوداﷻ.

پەروەردگار لە فەرموودەكەدا دەفەرمووێت: بەندەكانم خواردنتان لە من داوا بكەن، بێگومان ئەوە ئاماژەیەكە بۆ ئەوەی كە ڕێگای پەیداكرنی بژێوی پیشان داون، بەڵام دەبێـت مـرۆڤ دەستەوەسـتان نەوەسـتێت، بەڵكـو دەبێـت هەوڵ و كۆششـی بـۆ بـدات لە ڕێـی دەسـت گـرتن بە هەنـدێك هۆكـارەوە بـۆ ئەوەی ڕزق ورۆزی بەدەست بێنێت، لەوانە:

**پشت بەستن بە خوداﷻ**

(التوكل على اللهﷻ)

دیـارە (تەوەككـول) بـریتییە: لە بـاوەڕی دەروون بە خوداﷻ بەجۆرێـك مـرۆڤ

وای لێبێت، پشت بە هیچ شتێك نەبەستی بە خواﷻ نەبێت وە بۆ هەموو کارێکی پشت بە خوا‌ﻋﺰَّﻭﺟﻞَّ ببەستێت خۆی بداتە دەستی خوداﺳﺒﺤﺎﻧﻪ‌ﻭﺗﻌﺎﻟﻰ، لەسەر ئەو باوەڕە بێت کە خوداﺳﺒﺤﺎﻧﻪ‌ﻭﺗﻌﺎﻟﻰ زانایەو خەبەردارە لە هەموو شتێك، وە باوەڕی لەسەر ئەوە بێت کە کاری خۆی ئەگەر بە دەستی خۆی خوداﷻ بدات لەوە جێگەی متمانەترە کە دەستی خۆیەوە بێت[1].

هەندێکی تر پێیان وایە کە (تەوەککول) پشت بەستن بریتیە: لە ڕادەست کردنی دڵ بە خوداﺳﺒﺤﺎﻧﻪ‌ﻭﺗﻌﺎﻟﻰ، هاوشێوەی مردوو لەژێردەستی ئەو کەسەی دەیشۆرێت، هەرچۆنی بوێت بە ئارەزووی خۆی ئەم دیو ئەو دیوی دەکات[2].

پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ **وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا**﴾[3].

واتە: هەر کەسێك پشت بە خوداﺳﺒﺤﺎﻧﻪ‌ﻭﺗﻌﺎﻟﻰ ببەستێت ئەوە خودایﻋﺰَّﻭﺟﻞَّ بەسە، بەڕاستی خوداﷻ هەرچییەکی بوێت دەستبەجێ دەیکات، خوداﺳﺒﺤﺎﻧﻪ‌ﻭﺗﻌﺎﻟﻰ بۆ هەموو کارو ڕووداوێك ئەندازەو کاتێکی داناوە، لەو کات وساتەی خۆیدا بەبێ دواکەوتن ئەو کارە دەهێنێتە دی[4].

سەبارەت بە چۆنیەتی پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی و پشت بەستن بە پەروەردگار پێغەمبەرﷺلەو بارەیەوە فەرموویەتی:(**لَوْ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَوكَّلونَ عَلى اللّهِ حَقَّ تَوَكُّلِهِ، لَرُزِقْتُمْ كَما يُرْزَقُ الطَّيْرُ، تَغْدُو خِماصًا وَ تَرُوحُ بِطانًا**)[5] .

---

[1] کتێبی( تەسەووف چیە/ ئەمین شێخ علاءالدین نەقشبەندی:٢٢٤).

(٢) کتێبی( مدارج السالکین لابن قیم:٩٦/٢).

(٣) سورة الطلاق الآیة:٣.

[4] کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣٢٨/٤).

[5] کتێبی(سنن الترمذي: رقم الحدیث٢٣٤٤ص٥٢٩ ، کتاب الزهد عن رسول اللهﷺ، باب في التوکل علی الله - حدیث حسن صحیح).

پێغەمبەرﷺلەو فەرموودەیە دەفەرمووێت: ئەگەر بەڕاستی و تەواوەتی پشت بەستن بە پەروەردگارتان، بێگومان خوداﷻ ڕزق و رۆزیتان دەدات هاوشێوەی باڵندەکان کە بەیانیان بە سکی بەتاڵەوە دەردەچن ئێوارانیش بە سکی تێرەوە دەگەڕێنەوە.




خاڵێکی گرنگ هەیە لەو فەرموودەیە پێویستە ئاماژەی پێبکەین پشت بەستن بەو مانایە نیە کە دانیشن و تەوەککول بکەن، بێ هەوڵ و کۆشش کردن، بەڵکو دەبێت دەست بە هۆکارەکانەوە بگرن، هاوشێوەی ئەو باڵندانە دەرچن (**تَغْدُو**) بۆ ڕزق و ڕۆزیتیان، ئەو کات خوداﷻ بەهرەمەندتان دەکات لەو رزق و ڕۆزییەی بۆی داناون.

## تەوبەکردن و داوای لیخۆشبوون

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی زیادبوون و پەیدابوونی ڕزق و ڕۆزی، داوای لێخۆشبوون و تەوبەکردن و پەشیمان بوونەوەیە، لە تاوان وسەرپێچییەکان، سەرنج بدەن پەروەردگار چی دەفەرموێت:﴿**فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا**

**﴿* يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا *وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا﴾**[(١)].

ئەو ئایەتە پیرۆزە باسی حەزرەتی نوح(علیه السلام)مان بۆ دەکات کە چۆن ئامۆژگاری قەومەکەی کردووە، بۆ خۆی دەفەرمووێ: (پێم وتن: لە کردەوە خراپەکانی خۆتان پەشیمان ببنەوەو داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، بەڕاستی خوداﷻ ئێجگار بەڕەحم و لێخۆشبووە، ئەگەر وابکەن ئەوە خودا سبحانه وتعالى بارانی زۆرو بە خووڕتان بەسەردا دەبارێنێت و ماڵ و سامان و منداڵ و نەوەی زۆرتان پێ دەبەخشێت، وە باخ و باخات و چەندەها جۆگەو کانی و ڕووبارتان بۆ فەراهەم دەهێنێت﴾[(٢)].




(١) سورة نوح الآية:١٠-١٢.
(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/٣٨٦).

### دوعاو نزاو پاڕانه‌وه

ئاشكرایه دوعاو نزاكردن و پاڕانه‌وه كاریگه‌ری خۆی هه‌یه له به‌ده‌ستهێنانی ڕزق و ڕۆزی به‌تایبه‌ت ئه‌و دوعایانه‌ی كه پێغه‌مبه‌رﷺ ئاماژه‌ی پێكردوون و شوێنكه‌وتووانی لێ ئاگادار كردۆته‌وه كه بیخوێنن، ته‌ماشا بكه‌ن پێغه‌مبه‌رﷺ به چ شێوازێك فێری كردوون فه‌رموویه‌تی: (**اللَّهُـمَّ اكْفِنِـي بِحَلَالِـكَ عَـنْ حَرَامِـكَ وَأَغْنِنِي بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ**)[1].

واته: خودایه، هێنده‌م حه‌لاڵ پێ ببه‌خشیت چاوم له‌حه‌رام نه‌بێت، به‌فه‌زڵی خۆیشت وام لێبكه پێویستیم به‌كه‌س نه‌بێت.

كه‌وابوو: په‌یداكردنی ڕزق و ڕۆزی حه‌لاڵ ئه‌رك و واجبه له‌سه‌ر باوه‌ڕداران كه هه‌وڵی بۆ بده‌ن وه خۆیان به دوور بگرن له حه‌رام خواردن، ئه‌و په‌یامه‌ی له‌و فه‌رمووده‌یه هاتووه وامان پێ ده‌ڵێت: كه ته‌نهاو ته‌نها داوای ڕزق و ڕۆزیمان له خوداﷻ بكه‌ین، چونكی هه‌ر ئه‌و به‌خشه‌ری ڕزق وڕۆزی هه‌موو بوونه‌وه‌رانه.

### چواره‌م

### يَا عِبَادِيْ كُلُّكُمْ عَارٍ إِلاَّ مَنْ كَسَوْتُهُ فَاسْتَكْسُوْنِيْ أَكْسُكُمْ

به‌نده‌كانم تێكرا هه‌مووتان ڕووتن، ته‌نها ئه‌وانه نه‌بێت كه من جل و به‌رگم كردوون، داوای پۆشاكتان له من بكه‌ن، منیش به‌رگ و پۆشاكتان ده‌ده‌مێ، ئاشكرایه هه‌ر شتێك جه‌سته‌و لاشه‌ی مرۆڤ داپۆشێت پێی ده‌وترێت: پۆشاك.

زوربه‌ی زۆرمان هه‌ست به نیعمه‌تی پۆشاك ناكه‌ین، چونكه ڕۆژێك له ڕۆژان بێ جل وبه‌رگ و پۆشاك نه‌بووین، تاوه‌كو هه‌ست به نه‌بوونی بكه‌ین كه چه‌ندێك ناخۆشه.

(١) كتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٣٥٦٣ص ٨٠٩ ، كتاب الدعوات، باب(١١٠) - حديث حسن غريب).

لەو سۆنگەیەوەیە بڕوانن پێغەمبەرﷺچۆن فێری شوێنکەوتووانی دەکات هەر کاتێك جل و پۆشاکیان پۆشت ئەو دوعایە بکەن و بڵێن: سوپاس و شوکرانەی ئەو خودایە دەکەم، کە بەبێ هەوڵ و کۆشش و توانای خۆم، لەو جل وبەرگ و پۆشاکە بەهرەمەندو پۆشتەی کردم،(**الْحَمْدُ لله الَّذِي كَسَانِي هَذا (الثَّوْبَ) ورَزَقَنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي ولا قُوَّة**)[١].




خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: ﴿**يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا ...**﴾[٢].

واتە: ئەی نەوەی ئادەم من هیدایەتی جل و بەرگ پۆشینم پێبەخشیون تا لەش و عەورەتتان داپۆشێت و خۆتانی پێ جوان بکەن[٣].

پۆشاك یەکێکە لەو نیعمەتانەی پەروەردگار کە بەندەکانی لێ بەهرەمەند کردووە وە لە ئاسمانەوە پێی بەخشیوون بە دەلالەتی ئەوەی کە دەفەرمووێت: (**قَدْ**

(١) کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث٤٠٢٣ص١٨٣٦كتاب اللباس، و صحيح الجامع الصغير وزيادته: الألباني:١٠٥٠/٢ رقم الحديث٦٠٨٦).
(٢) سورة الأعراف الآية:٢٦.
(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٦٨٧/١).

**أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا**)، بۆ ئەوەی جەستەی خۆیانی پێ داپۆشن وبپارێزن لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان، چونکە بەراستی شتێکی زۆر ناپەسەندە مرۆڤ جەستەولاشەی بەدەرکەوێ بە تایبەت ئەو ئەندامانەی کە پێویستە داپۆشرێن و بپارێزرێن لە ڕووی شەرعەوە لە چاوی تەماشاکار.




**بڕوانن خودای(ﻷ) دەفەرموویت: ﴿وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ كَذَلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ﴾**(١).

بڕوانن پەروەردگار بیرو عەقڵ و هۆشی بە ئینسان داوەو حاڵی کردووەو توانای درووستکردنی جل وبەرگ و پۆشاکی پێداوە بۆ ئەوەی خۆی بپارێزی لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین، هەروەها توانای درووستکردنی کراسی زرێ(درع)یش پێداوە تاوەکو لە کاتی شەڕخۆی پێ بپارێزی لە دوژمن، پەروەردگار ئاوەها نیعمەتەکانی خۆیتان بەسەردا دەڕژێنێت، بەڵکو بیر بکەنەوەو ملکەچ و گوێڕایەڵی خوداﷻ بکەن و فەرمانەکانی بە جێ بێنن(٢).

(١) سورة النحل الآية:٨١.
(٢) کتێبی( تەفسیری نامی:٤/١٩٦، تەفسیری گوڵشەن:٢/٤١٦ بەدەستکارییەوە).

ئەو چەند بڕگەیە پەیامی پەروەردگارە بۆ بەندەکانی کە تێکرا هەمووتان موحتاج و بێ دەستەڵاتن پێویستی چڕو پڕتان هەیە بۆ هیدایەتدان و خواردن و جل و بەرگ و بابەتی تری دین و دونیا لە پەروەردگارتان.

**پێنجەم**

**يَا عِبَادِيْ إِنَّكُمْ تُخْطِئُوْنَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوْبَ جَمِيْعَاً فَاسْتَغْفِرُوْنِيْ أَغْفِرْ لَكُمْ.**

(ئەی بەندەکانم) ئەو جۆرە بانگەوازە پڕ لە سۆزو ڕەحمەت ومیهرەبانییە ڕەهایەی پەروەردگار، دەمانخاتە بەر بەرپرسیارێتییەکی گەلی مەزنەوە دەبێت، بە خۆماندا بچینەوە لەوەی ئەنجامی دەدەین هەموو کات و ساتێك، چونکە خوداﷻ چاودێرە بەسەرکارو کردەوەمان دەفەرموێت: بە شەوو ڕۆژ هەڵەو تاوان ئەنجام دەدەن، ئاشکرایە هەندێك کەس هەن کە دنیا تاریك دەبێت، دەست دەکەن بە کاری ناشەرعی و سەرپێچی کردن وا گومان دەکەن کە دوورن لە چاوی خەڵکییەوە، نازانن پەروەردگاریان چاودێرە بەسەر کارە نابەجێیەکانیانەوە.

تەماشا بکەن خوداﷻ چی دەفەرمووێت: (**إِنَّكُمْ تُخْطِئُوْنَ بِاللَّيْلِ**) ئەوە پەیامی خودایەﷻ بۆ ئەو جۆرەکەسانە کە لە هەڵەکانی شەوانتان ئاگادارم هەروەك چۆن لە هەڵەی ڕۆژەکانتانیش ئاگادارم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە منم لە هەموو تاوان کارێکی نابەجێتان خۆش دەبم و دەبوورم، داوای لێخۆشبوون لێبووردنم لێبکەن تاوەکو لێتان خۆشبم.

**بەڕاستی ئەو جۆرە بانگەوازە پڕ لە ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانییەی پەروەردگار،** بەندەکانی شەرمەزار دەکات کە چیتر نابێت، کەمتەرخەم بن لە داوای لێخۆشبوون و لێبووردن، هەر کاتێك کە تاوان و گوناهێك ئەنجام دەدەن، نابێت بە هیچ جۆرێك دواکەون لەجێبەجێ کردنی ئەو واجبە، چونکە ئەو فەرمانی پەروەردگارە بە شێوازی (ئەمر) ئاراستەی بەندەکانی

کردووە(**فَاسْتَغْفِرُوْنِيْ**) **لەگەڵ ئەوەشدا خودا**ﷻ **گرەنتی لێخۆشبوونی داوە پێیان(أَغْفِرْ لَكُمْ)** لێتان خۆش دەبم، گرنگ ئەوەیە هەست بکەن بە بەندایەتیتان لوتبەرزو مەغرورو خۆبەزلزان مەبن، هاوشێوەی ئەو کەسانەی کە پێیان دەوترێت: واز لەو کردەوە نابەجێیە بهێنن، شێتگیر دەبن زیاتر بەردەوام دەبن لە جیاتی ئەوەی دەست هەڵگرن و لێی دوور بکەونەوە، بڕوانن **خودای**(ﷻ) **دەفەرمووێت:﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾**[1].

واتە: ئەگەر بەو جۆرە کەسە بوترێت، ترسی خودات لە دڵدا بێت و خۆت لە غەزەبی **خودا**ﷻ بپارێزە، لووتبەرزیی و تووڕەیی ڕووی تێ دەکات و، ئەگەر بۆی بکرێت دەستدرێژییت دەکاتە سەرو، ئازارت دەدات ئەو کەسە دۆزەخی بەسە کە ناخۆشترین جێگایە[2].

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ پێشەنگە لە داواکردنی لێخۆشبوون لە پەروەردگار، لە کاتێکدا خوداﷻ لە گوناهی پێشترو پاشتری خۆشبووە ئینجا دەیفەرموو: (**إِنَّه لَيُغانُ على قَلبي، وإنيِّ لأَستَغفِرُ اللهَ في اليَومِ مِئةَ مَرَّةٍ**)[3].

لەم فەرموودەیە پێغەمبەرﷺ باسی بارودۆخ و حاڵی ناخ و دڵ و دەروونی خۆیان بۆ دەکات و دەفەرموێت: هەندێك جار بە هۆی سەقاڵییەوە بیرم دەچێت زیکرو یادی خودا بکەم، (١٠٠) جار لە ڕۆژیکدا داوای لێخۆشبوون دەکەم لە خوداﷻ، لەتۆڵەی ئەو لە یاد چوونەم، بۆ ئاگاداریتان ئەو ژمارەیە مەرج نیە دیاریکراو بێت، ئەوە دەلالەتە لەسەر ئەوەی بەزۆری ئەو زیکرەی کردووە ڕۆژانە.

---

(١) سورة البقرة الآية:٢٠٦.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/١٨٦).

(٣) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٨/٢٩٢رقم الحديث٢٧٠٢ كتاب الذكر والدعاء والتوبة والإستغفار- باب الإستغفار والإستكثارمنه).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین پێغەمبەرﷺ لەیادچوونی زیکرو یادی خودای‌ﷻ بە گوناە هەژمارکردووە، لە کاتێکدا کەسانێکی زۆر هەن ئەو کات و ساتانەی ژیانیان بە گاڵتەجاری و قسەو گوفتاری بێ کەڵك وسوود دەبەنە سەر یـان بە یـاریکردنەوە خەریکـن، نـازانن خـوداﷻ لێپێچینـەوە لە هەمـوو چـرکە ساتێکی ژیانی دنیایان دەکات، کە بە فیڕۆ لە دەستیان داوە.




**بێداری**

**مەبەست لە گوناە بە نیسبەت پێغەمبەرەوەﷺ ئەوەیە کە بە پێی ئیجتیهادی خۆی کارێکی ئەنجامدا بێت کە نەکردنی باشتر بوویێت، لە ئیزندانی بە هەندێك لەوانەی دووڕوو بوون، ئیهانیان لە دڵیاندا کز بوو کە لە غەزا دوا بکەون، یا واز لە هەڵکەندنی خەندەقەکە بێنن، کە باشتر وابوو ئیزنیان پێ نەدات، تا بە چاکیی دەربکەوێت چ جۆرە پیاوێکن؟؟؟**[١].

کەوابوو: گرنگە ئەوانەی کە تاوان گوناە ئەنجام دەدەن بزانن کە پەروەردگار دەرگـای لێخۆشبوون و لێبووردنی بـۆ والاکـردوون، هەر کاتێـك ئەوان پەشـیهان بینەوەو تەوبە بکەن، لەو سەرپێچییەی کردوویانە وە داوای لێخۆشبوون بکەن،

[١] کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/١٠٠).

بێگومان خوداﷻ لێیان دەبوورێت، بەو مەرجەی مافی خەڵکیان نەخواردبێت بە ناهەق و ناڕەوا، ئەگینا پەروەردگار لە مافی خۆی خۆش دەبێت، چونکە ئەوە وەعدو بەڵێنی خودایە کە دەفەرموویت:(**فَاسْتَغْفِرُوْنِيْ أَغْفِرْ لَكُمْ**).

**شەشەم**

**يَا عِبَادِيْ إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوْا ضَرِّيْ فَتَضُرُّوْنِيْ وَلَنْ تَبْلُغُوْا نَفْعِيْ فَتَنْفَعُوْنِيْ.**

پەروەردگار بە بەندەکانی دەفەرموویت: تێکرا هەمووتان ناگەنە ئەو ئاستەی کە بتوانن، زیان بەم من بگەیەنن، بە پێچەوانەشەوە ناگەنە ئەو ئاستەی بتوانن، کەڵك و سوود بەمن بگەیەنن، تەنانەت ئەو چاکانەی پەروەردگار لەگەڵ بەندەکانی دەیکات، بۆ ئەوە نیە کە زیانی لێ نەدەن، یان لەبەر ئەوە بێت کە سوود مەند بێت، تەنهاو تەنها لەبەر بەرژەوەندی بەندەکانیەتی لەبەرئەوەی زۆر بە سۆزو میهرەبانە لە بەرامبەریان.

**بڕوانن کە پەروەردگار چەندێك بێ باك و بێ نیازە لە هەموو کەسێك، لەو بارەیەوە خودای(ﷻ) دەفەرموویت:﴿وَقَالَ مُوسَىٰ إِن تَكْفُرُوا أَنتُمْ وَمَن فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾**[١].

حەزرەتی (**موسی علیه السلام**) بە قەومەکەی فەرمووو: ئێوەو هەموو دانیشتووانی سەرگۆی زەوی سەرانسەر کوفری خوداﷻ بکەن و باوەڕی پێ نەهێنن، هیچ زیان و زەرەرێکی پێ ناگات و لە خوایەتیﷻ کەم ناکاتەوە، چونکە خوداﷻ زۆر دەوڵەمەندەو بێ باك و بێ نیازە لە هەموو کەسێك پێویستی بە سوپاس و شوکرکردنی هیچ کەسێك نیە، بەڵکو تێکرا هەموو بوونەوەر پێویستیان بە خودایەﷻ، ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییانەی ئێوە کە ئەکرێ لە

(١) سورة إبراهيم الآية:٨.

لایەنی پەروەردگارەوە لەبەر قازانجی خۆتانە، بەڕاستی خودایﷻ هەر بە بوونی خۆی و بە زاتی خۆی، حەمدو ستایشی دەکرێت و کراویشە[(١)].

**هەروەها خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ﴾**[(٢)].

واتە: ئەی خەڵکینە ئێوە لە هەموو کاتێك و لە هەموو کارێکتاندا پێویستان بە خوداﷻ هەیەو خوداﷻ خاوەن تواناو دەسەڵاتی بێ ئەندازەیەو پێویستی بە کەس نیەو، شایانی حەمدو سەناو ستایشە، جا ئەو خودایە کە داوای ئیمانتان لێ دەکات، بۆ ئەوە نیە کە پێویستی بە ئیمانی ئێوە هەبێت[(٣)].

**حەوتەم**

**يَا عِبَادِيْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوْا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِيْ شَيْئَاً، يَا عِبَادِيْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوْا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِيْ شَيْئَاً، يَا عِبَادِيْ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوْا فِيْ صَعِيْدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُوْنِيْ فَأَعْطَيْتُ كُلَّ وَاحِدٍ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِيْ إِلاَّ كَمَا يَنْقُصُ المِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ البَحْرَ، يَا عِبَادِيْ إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيْهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيْكُمْ إِيَّاهَا فَمَنْ وَجَدَ خَيْرَاً فَلْيَحْمَدِ اللهَ وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلاَ يَلُوْمَنَّ إِلاَّ نَفْسَهُ**

پەروەردگار لەم پەیامەیدا دەیەوێت پێمان ڕابگەیەنێت کە زۆر گەورەو مەزن و بە تواناو بەهێزو بەدەسەڵات و شکۆدارە، داهێنەرو درووستکەرو دەستپێکەری سەرەتای درووست کردن و بوونەوەرە، تاك و تەنیاو بێ هاوەڵ و

(١) کتێبی( تەفسیری نامی:١٠٤/٤، تەفسیری گوڵشەن:٣٣٥/٢بەدەستکارییەوە).
(٢) سورة فاطر الآية:١٥.
(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤٤٣/٣ بەدەستکارییەوە).

بێ وێنەیە، بێ نیازو مەبەست بێ منەتەو پێویستی بە هیچ شتێك نیە، جێی نیازو مەبەستی هەموو دروستکراوێکە هەرچی بوونەوەر هەیە پێویستی بە پەروەردگارە، چاکەکارو بەخشندەی بێ سنوورە وەڵامدەرەوەی هەموو پرس و خواست و حەزو ئارەزووی دروستکراوەکانییەتی، دەفەرمووێت: ئەی بەندەکانم لە یەکەم کەستانەوە تا دواترینتان بە ئادەمیزادو جنۆکەتانەوە هەر هەموو تێکرا گوێڕایەڵ و جێبەجێکاری ئەرك و فەرمانەکانم بن، ئەوا هیچ لە تواناو دەسەڵات و موڵکی من زیاد ناکات، بە پێچەوانەشەوە هەر هەمووتان بە ئادەمیزادو جنۆکەتانەوە تێکرا بێ فەرمانی من بکەن، بێگومان هیچ لە خوایەتی و تواناو دەسەڵات و هێزی من کەم ناکات، تەنانەت هەر هەمووتان پێکەوە تێکرا لە شوێنێکدا هەر کەسەو داوای شتێکم لێ بکات، ئەوا هەر کەسەو داواکاری خۆی بۆ فەراهەم دەکەم و دەیدەمێ، بێ ئەوەی لە گەنجینەی من شتێك کەم بکات تەنانەت هەندەی نووکە دەرزییەك بخەیتە نێو دەریایەکەوە، دەبێ چەندێك لەو ئاوی دەریایە کەم بکاتەوە، ئەوەندەش کەم ناکاتەوە.

ئەی بەندەکانم هەموو کردەوەکانتان ژمێردراوو تۆمارکراون لەسەر ئەوە پاداشتان دەکەم، ئەوەی خێرو چاکەی لە دەفتەری کردەوەکانی بینی با شوکرانەو سوپاس و ستایشی پەروەردگاری بکات، وە هەر کەسێکیش بە پێچەوانەوە خراپەی تێدا بینی تەنها و تەنها با سەرزەنشت و لۆمەو گلەیی لە خۆی بکات، چونکە هەرخۆی تاوانبارە بۆ خۆی ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردووە، کەس زۆری لێنەکردووە، هەر خۆی دەبێت باجی ئەو سەرپێچیکاری و یاخیبوون و پشتگوێ خستنی ئەو ئەرك و فەرمانەیکە پێی ڕاسپێردراوەو بەجێی نەهێناوە بداتەوەو سزاکەی بچێژێت.

**پوختەی بابەتە**

***ستەم و ستەمکاری بە هەموو شێوازێك قەدەغەو حەرامە.**

*بوونەوەران تێکرا موحتاجی پەروەردگاریانن و بێ دەستەڵاتن پێویستی چڕو پڕیان هەیە بۆ هیدایەتدان و دەستەبەرکردنی ئەو شتانەی گرنگن بۆ مانەوەیان.

*خوداﷻ بێ نیازو بێ منەتە، پێویستی بە هیچ کەس نیە، جێی نیازو مەبەستی هەموو دروستکراوێکە هەرچی بوونەوەر هەیە پێویستیان بە پەروەردگارە.

* هەموو کەسێك گوناهی لێ واقیع دەبێت، جا بۆ ئەو مەبەستە پەروەردگار دەرگای لێخۆشبوون و لێبووردنی والآکردووە بۆ ئەوانەی کە تاوان و گوناە ئەنجام دەدەن، وەگرەنتی لێخۆشبوونیشی پێداون هەرکاتێك ئەوان پەشیمان ببنەوە لەو تاوانەی ئەنجامیان داوە.

* هەموو کردەوەیەکی ئینسان لە ژێر چاودێری پەروەردگارەو تۆمارکراوە هیچ شتێك ون نابێت، ئەوەی کردەوەی چاکی بینی، با سوپاسگوزاری پەروەردگاری بێت لەسەر هیدایەتدانی بۆ ڕێگەی ڕاست و حەقیقەت و بەهرەمەندبوونی لەو بەخششە خوداییە، وە ئەوەی خراپەی لە دەفتەری کردەوەکانی بینی، با گلەیی لە خۆی بکات، چونکە بە ویستی خۆی ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردووە کەسیش زۆری لێنەکردووە.

* بە ئادەمیزادو جنۆکەوە تێکرا تاعەتی خوداﷻ بکەن تواناو دەسەڵات و موڵکی پەروەردگار زیاد ناکات، وە بە پێچەوانەشەوە تێکرا ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگار بەجێ نەهێنن و سەرپێچیکار بن لە تواناو دەسەڵات و موڵکی کەم ناکات.

# فەرموودەی بیست و پێنجەم هەرچی پاداشت هەیە دەوڵەمەندەکان بردوویانە بۆ خۆیان

**(ذَهَبَ أَهلُ الدثور بالأُجور)**

**عَـنْ أَبِي ذَرٍّ(رضي الله عنه) قـالَ: أَنَّ أُنَاسَـاً مِـنْ أَصـحَاب رَسُـول الله ﷺ قَـالوا للنَّبي ﷺ يارَسُولَ الله:ذَهَبَ أَهلُ الدثور بالأُجور، يُصَلُّوْنَ كَمَا نُصَلِّيْ، وَيَصُوْمُوْنَ كَمَا نَصُوْمُ، وَيَتَصَدَّقُوْنَ بفُضُوْلِ أَمْوَالهِمْ، قَالَ: أَوَ لَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُوْنَ؟ إنَّ بكُلِّ تَسْبيْحَة صَدَقَة، وَكُلِّ تَكْبيْرَة صَدَقَةً وَكُلِّ تَحْمَيْدَة صَدَقَةً وَكُلِّ تَهْلِيْلَة صَدَقَةٌ وَأَمْرٌ بالمَعْرُوْف صَدَقَةٌ وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَر صَدَقَةٌ وَفيْ بُضْعِ أَحَدكُمْ صَدَقَةٌ قَالُوا: يَا رَسُوْلَ الله أَيَأْتيْ أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُوْنُ لَهُ فيْهَا أَجْرٌ؟ قَالَ:أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فيْ حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فيَ الحَلالِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ**[1].

ئاشکرایە ئەو فەرموودەیە باس لە ئێش وئازاری دەروونی کۆمەڵە هاوەڵێکی پێغەمبەرﷺ دەکات کە نەداراو هەژارو نەبوونن، دەبینن کەسانێك هەن لە نێویاندا خوداﷻ بەهرەمەندی کردوون لە ماڵ و سامانی دنیا هەر کاتێك پێغەمبەرﷺ داوای هاوکاری و یارمەتی و ئامادە سازییەك بکات بۆ کارێکی خێر دەستپێشخەرن بۆ دەنگەوە چوونی ئەو کاری خێرە.

دیارە ئەو هەژارو نەدارایانە لە نێو خۆیاندا دەڵێن: با بچینە خزمەتی پێغەمبەرﷺ قسەیەك لەخزمەتیدا بکەین سەبارەت بەو بابەتەی بۆتە کێشەو

(١) کتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي:٣٢٩/٤رقم الحديث١٠٠٦كتاب الزكاة- باب أن اسم الصدقة يقع على كل نوع من المعروف).

گرفتێكـی نـاخۆش لەسـەر دڵـمان، بـۆچی ئەو خـوا پێـداوانە ئەو خێـرو پاداشـتە زۆرەیـان هەیە، ئەی ئـێمە چـیمان بـۆ هەیە لە بەرامـبەر ئەوەدا كە هـیچمان نـیە بیبەخشین لە پێناو خوداﷻ هاوشێوەی ئەوان؟؟؟؟؟ **بۆ زانیاریتان ئەو ئێرەیی و حەسـوودی بـردن نـیە بەوان بەڵكـو خۆزگەخـواردنە (الغبطـة)یە جیـاوازە لە حەسوودی، حەزیان پێیەتی وەكو ئەوان بن لە بەخشندەیی و خێركردن.**

كاتێك ئەو كۆمەڵە هەژارە هاتنە خزمەتی پێغەمبەرﷺ وتیان ئەی نێردراوی خوداﷻ هەرچی پاداشت هەیە دەوڵەمەندەكان بردوویـانە بـۆ خۆیـان، هاوشێوەی ئێمە نوێژو ڕۆژوو دەگرن، بەڵام ئەوان هەندێك لە پارەو سامان و ماڵیان دەكەن بەخێر، ئا لەو ساتەدا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: پەروەردگار بۆ ئێوەش هەندێ شتی دانـاوە گەر بەجێـی بهێـنن، بە خێـرو صـەدەقە بۆتـان دەنووسرێت، ئەوەتـا هەمـوو (سبحان اللّٰه) كردنێكتـان بە صـەقەو خێر دەنووسرێت، بە هەمان شێواز وتنی(اللّٰه أكـبر) و (الحمـدللّٰه) و (لا إله إلا اللّٰه) هەمـووی خێـرو پاداشـتە لای پەروەردگـار تەنانەت فەرمان بە چاكەكردن و ڕێگری لە خراپەكاری خێرو صەدەقەن، هەروەها تێركردنی ئارەزووەكانتـان و سـەرجێیتان لەگەڵ خێزانتاندا هەر خێرو صـەدەقەیە، بەجۆرێـك بەلایەنەوە سـەیر بـوو وتیـان: ئەی پێغەمـبەری خـوداﷺ سـەرجێیمان لەگەڵ هاوسـەرەكانمان پاداشـتی هەیە، پێغەمـبەرﷺفەرمـووی: بەڵـێ ئەگەر بهاتایە تێركردنی ئەو ئارەزووە لە حەرامدا بكرابایە، بە تاوان و گوناە نەدەنووسرا وتیان: بەڵێ، دەی كەوابوو چوونە لای خێزانتان بە پاداشت دەنووسرێت.

خـوێنەری ئـازیز گەر سـەرنج بـدەن بەوردی لەو ئامۆژگـاری و ڕێنمایـیەی پێغەمبەرﷺ بۆ ئەو كۆمەڵە هـاوەڵە هەژارو كەم دەرامەتـانە، كە بەسێ شێواز ئاراستەی كردن بۆ كاری خێرو صەدەقەكردن، لەوانە:

**ئاراستەی یەكەم**

**زیكركردنی خوداﷻ**

زیکرکردنی پەروەردگار بە حەقیقەت ژیان بەخشە بۆ ئینسانی باوەڕداری ڕاستەقینە، چونکە ئارامی و ئاسوودەیی و کامەرانی لە نێو ناخ و دەروون و دڵیان دروست دەکات، تەنانەت مەحاڵە ڕەشبینی و بێ ئومێدی بتوانێت لە ناخیان مۆڵگەو جێگەی خۆی بکاتەوە، هەوڵ دەدەین لەم بڕگەیەدا ئاماژە بە چەند ئایەتێك بکەکەین کە باس لە گەورەیی زیکرکردنی خودا ﷻ بکات لەوانە:

**ئایەتی یەکەم**

بڕوانن خودا ﷻ سەبارەت بە زیکرکردن چی دەفەرمووێت: ﴿**أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ**﴾[1].

واتە: هەر بە زیکری خودا ﷻ دڵ دا ئەمەزرێ و ئاسوودە دەبێت نەك بە خۆش ویستنی پارەو پول و سامان و داهاتی دنیا بەڕاستی ئەو شتانە مایەی کیشەو گرفت و دەردەسەرین مەگەر بۆ هەندێ کەس نەبێت[2].

**ئایەتی دووەم**

خودا ﷻ دەفەرمووێت: ﴿**وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيراً وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ**﴾[3].

**واتە:** بە زۆری ناوی خودا ﷻ بێنەو بەدڵ یادی بکەرەوە بەیانیان و ئێواران ڕووبکەرە خودا ﷻ نوێژی بۆ بکە[4].

(١) سورة الرعد الآية: ٢٨.
(٢) کتێبی(تەفسیری نامی:٩٠/٤، تەفسیری گوڵشەن:٣٢٠/٢ بەدەستکارییەوە).
(٣) سورة آل عمران الآية:٤١.
(٤) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢٧٣/١).




كەوابـوو ئەم ئـایەتەی قورئـانی پیـرۆز ئامـاژە بـۆ زیكركـردن دەكـات بە شێوەیەكی بەردەوام، لەوەیە كەسێك واتێبگات و بڵێت: ئەو ئایەتە باس لە نوێژ دەكـات، ئەو قسـەیە زۆر ڕاسـتە، بەڵام ئایا نـوێژكردن، هەمـووی یـادكرنەوەو زیكركردنی خودای نیە؟؟؟

**ئایەتی سێهەم**

**خوداﷻدەفەرمووێت:﴿رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ﴾**[1].

واتە: ئەو خوداپەرستییە لەلایەن خواناسی وەهاوە دەكرێت، كە هیچ كاتێك بازرگانی و كڕین و فرۆشتن لە یادی خوداو بەبەرز ناوهێنانی دوایان ناخات، هەروەها لە ئەنجامدانی نوێژ بە دڵێكی زیندوو بێدارەوە، وە لە بەخشینی زەكات دوا ناكەون و سستیی تیایدا ناكەن، ئەوانە لەهاتنی ڕۆژێك دەترسن كە تیایدا هەموو دڵێك دەپەشۆكێت و هەموو چاوێك ئەبڵەق دەبێت[2].

(١) سورة النور الآية:٣٧.
(٢) كتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٧٢).



**ئایەتی چوارەم**

خودای(ﻷ)دەفەرموویت:﴿**فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ**﴾[1].

واتە: وەیل و ناخۆشی و چارە ڕەشی و سزای سەختی دۆزەخ بۆ ئەوانەی کە دڵیان ڕەقەو دوورن لە یادی خوداوەﷻ، بەڕاستی ئەوانە لەناو گومڕاییەکی ئاشکرادا دەژین[2].

زیکرکردن بە گوفتارو دڵ و تێروانین لە ناوە پیرۆزەکانی زاتی(اللَّهُ ﷻ) لە هەموو کات و ساتێکدا گەورەترین نیعمەت و بەخششی خودایەﷻ بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە پەروەردگار ناخ و دەروونی ڕۆشن کراوەتەوە بەو خەسڵەتە جوانە کە یادکردنەوەی خودای گەورەو میهرەبانە، لە بەرامبەردا کەسانێك هەن ئەم خەسڵەتی زیکردنەیان وەلاوە ناوە لە ژیانیاندا، دڵیان وەکو بەرد ڕەق بووە کەوتوونەتە نێو گێژاوی گومڕاییەوە بە هۆی خۆپەرستی و دنیاویستی و شوهرەت وپلەو پۆست و حوکمڕانییەوە خوداﷻ وەسفی ئەو کەسانەی بۆ

(١) سورة الزمر الآية:٢٢.
(٢) کتێبی(تەفسیری نامی:٤٦٧/٥، تەفسیری گوڵشەن:٥٥٩/٣).

کردووین لە قورئانی پیرۆزدا، هەروەکو ئەوەی ئاماژەمان پێکرد.

## زیکرکردنی خوداﷻ لە سوونەتی پێغەمبەردا ﷺ

هەڵبەتە لە سوونەتی ڕاست و درووستیشدا باس لە گەورەیی زیکرکردن کراوە هەوڵ دەدەین چەند فەرموودەیەك بخەینە بەردیدی خوێنەری ئازیز لەوانە:

## فەرموودەی یەکەم

سەرنجتان بۆ ئەوە فەرموودەیە ڕادەکێشم کە خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان کەسی زیندوو، وەکەسی مردوو، پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: **مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لاَ يَذْكُرُ رَبَّهُ، مَثَلُ الحَيِّ وَالمَيِّتِ**[١].

واتە: **نموونەی** ئەو کەسەی کە یادو زیکری پەروەردگاری دەکات ، لەگەڵ ئەوەی کە زیکری خوداﷻ ناکات ڕێك وەکو زیندوو مردوو وان، یانی زیکرکردنی خوداﷻ هاوتای ژیان بەڵام زیکرنەکردنی خوداﷻ هاوتای مردنە.




(١) کتێبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:٢٤٩/١١رقم الحديث٦٤٠٧ كتاب الدعوات- باب فضل ذكرالله عزوجل).

**فەرموودەی دووەم**

هەروەها پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت :**(ألا أنبِّئُكُم بخير أعمالِكُم، وأزكاها عندَ مليكِكُم ، وأرفعها في درجاتِكُم وخيرٌ لَكُم مِن إنفاق الذَّهب والورِق، وخيرٌ لَكُم من أَن تلقَوا عدوَّكُم فتضرِبوا أَعناقَهُم ويضربوا أعناقَكُم؟ قالوا: بلَى، قالَ: ذِكْرُ اللهِ تَعالى. قالَ: معاذُ بنُ جبلٍ: ما شَيءٌ أنجى مِن عذابِ اللَّهِ من ذِكْرِ اللَّهِ)**[١].

واتە: پێتان بڵێم لە باشترین و پاکترینی کردەوە، وە پلەشتان بەرز بکاتەوە لای پەروەرگارتان، بەجۆرێك خێرو پاداشتی لە خەرجکردنی زێروزیو باشترو چاکتر بێت، هەروەها خێری لە پەڕاندی گەردنی دوژمن و یان شەهید بوونتان لە پێناوی خوداﷻ گەورەتر بێت، وتیان بەڵێ، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: زیکرکردنی خوداسبحانه وتعالى.

**(معاذُ بنُ جبلٍ رضي الله عنه)دەڵێت: بەڕاستی زیکرکردنی خوداﷻ ڕزگارکەرە** لە سزای توندی خودایﷻ.

**فەرموودەی سێهەم**

**(عَبْداللَّهُ بْن بُسْر (رضي الله عنه دەگێرێتەوە، أَنَّ رَجُلًا قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ شَرَائِعَ الْإِسْلَامِ قَدْ كَثُرَتْ عَلَيَّ فَأَخْبِرْنِي بِشَيْءٍ أَتَشَبَّثُ بِهِ قالَ: لَايَزَالُ لِسَانُكَ رَطْباً مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ)**[٢].

(پیاوێــك هــاتە خزمەتــی پێغەمــبەرﷺ وتــی: ئەی نێــردراوی خــوداﷺ ئەرك و فەرمانەکانی ئیسلام لە ئەستۆمدا زۆربوون و گرانن لەسەرم، شتێکم پێ بڵێ: دەستی پێوە بگرم لە وەلامیدا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: با زیکرکردنی خوداﷻ ویردی سەر زمانت بێت.

(١) کتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٣٣٧٧ص ٧٦٦، كتاب الدعوات، باب – ما جاء في فضل الذكر- حديث صحيح).

[٢] کتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٣٣٧٥ص ٧٦٦، كتاب الدعوات، باب – ما جاء في فضل الذكر- حديث صحيح).

خوێنەری ئازیز مرۆڤی باوەڕدار لە هەموو کات و ساتێکدا دەتوانێت زیکری خودا ﷺ بکات، تەنانەت ئەگەر دەستنوێژیشی نەبێت، ئەگەرچی بە دەست نوێژەوە باشترو چاکترە، گرنگ ئەوەیە ئینسانی باوەڕدار بەردەوام پەیوەندی بە پەروەردگارییەوە هەبێت، جا بە زمان بێت یان بە دڵ بێت یان بە هەر شێوازێکی تر.

## ئاراستەی دووەم

## فەرمان بە چاکەکردن و ڕێگری لە خراپەکاری

ئاشکرایە فەرمان بە چاکەکردن و ڕێگری لە خراپەکاری جۆرێکی ترە لە خێرو صەدەقەکردن ئەگەر چی ئەم جۆرەیان خەجکردنی پارە نیە، بەڵام بانگخوازییە بۆ گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگار و وازهێنانە لە کردەوەی نابەجێ و ناپەسەندو نەشیاو، سەرنج بدەن لەو بارەیەوە پەروەڕدگار چی دەفەرمووێت: **﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾**[1].

بڕوانن لەو ئایەتەدا پەروەڕدگار فەرمان بە هەندێك شت دەکات کە پەسەندو خۆشەویستە بەلایەوە **نموونەی**: دادپەروەری و چاکەکردن و یارمەتیدان و هاوکاریکردنی خزم و کەس وکار، هەروەها **ڕێگریشی** لە هەندێك شت کردووە کە بەلایەوە خۆشەویست و پەسەند نیە وەکو، داوێن پیسی و خراپەکاری و ئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵکی بەناهەق و ناڕەوا، سەرجەم ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگاری خودای(ﷻ)ە بۆ ئەوەیە بەندەکانی اللّٰە(ﷻ) بە خۆیاندا بچنەوەو ڕوو لە چاکەکردن بکەن و دوور بکەونەوە لە خراپەکاری.

مەرج نیە ئەو فەرمان و بڕیارە شەرعییەی خودای(ﷻ) هەموو کەسێك

(١) سورة النحل الآية:٩٠.

جێبەجێی بکات، لەوەیە هەندێك هەبن گوێرایەڵی بن هەندێکی تر سەرپێچی ئەو فەرمان و بڕیارە بکەن، وەکو ئاشکرایە فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگری لە خراپە کردن یەکێکە لە هەرە ڕەوشتە بەرزەکانی پێشەوامان حەزرەتی (محمد ﷺ)ئەوەتا خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا سەبارەت بە پێناسە کردنی پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت:﴿**يأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ**﴾[1].

واتە: فەرمانیان پێدەکات بۆ ئەنجامدانی گشت چاکەیەك ودوورکەوتنەوە لە گشت خراپەیەك، هەروەها هەرچی پاك وخاوێنە بۆیان حەڵاڵ دەکات، چیش خراپ و پیسە حەرامی کردووە لێیان، وەك گۆشتی مرادەروەبوو بەرازو سووخواردن[2].

کەوابوو: ئەوانەی فەرمان بەچاکردن وڕێگری لە خراپەکاری دەکەن بەو مەرجەی ڕەچاوی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگەی تێدا بکەن بە گشتی، یەکێك لە هەرە ڕێبازە گرنگەکانی پێغەمبەریانﷺ گرتۆتەبەر، وە خۆیان بەو خەسڵەتەی پێغەمبەرﷺجوان کردووە، **بۆ نموونە:** فەرمان بە چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك و پاراستنی مافی دراوسێ و بەدەنگەوە چوونیان لە هەموو بارودۆخێکی ناهەمواردا، هەروەها هاوکاری کردنی هەژارو لێقەوماوان و ...و...هتد، هەروەها ڕێگری دەکەن لە هەموو خراپەکارییەك دەکەن کە ڕوو بەڕووی خاك و نیشتمان و ژینگەو کەسەکان دەبێتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا نەبادا تووشی زیان بن لە ڕووی جەستەیی و ماددیەوە، **بۆ نموونە:** شەری ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەرو هەموو جۆرەکانییەوە دەکەن، وە ناهێڵن گەنج و لاوی کۆمەڵگە دوو چاری ئەو دیاردە ناشارستانییەبن لە ڕێی

(١) سورة الأعراف الآية ١٥٧ .

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٧٤٩/١).

وشیارکردنەوەیان لە کۆرو سیمینارو نووسین و ئاخافتنیانەوە، لەگەڵ چین و توێژەکان نێو کۆمەڵگەوە، بەردەوام ئاماژە بۆ مەترسی ئەو کارە قێزەوەنە دەکەن.

لەبەرئەوەی دیاردەی ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، کاریگەری نەرێنی دروست دەکات، دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی لەسەر خێزان و کەس و کاری بە تایبەتی ئینجا لەوەیە سەر بکێشت بۆ بلاوبوونەوەی لە نێو کۆمەڵگەدا کە ئەمەیان زۆر مەترسیدارە لەسەر تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی، هەروەها ڕێگری دەکەن لە هەموو خراپەو کاری نەشیاو ناپەسەندو قێزەوەن و گشت هزرێکی توندڕەوی و دەماگیری کە هۆکار بێت بۆ تێك دانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ..... هتد.

لەڕاستیدا جێەجێکردنی فەرمان بە چاکەکردن و ڕێگری لە خراپەکاری لە کارە پیرۆزو گرنگەکانە، خێرو صەدەقەو پاداشتێکی گەورەیە لە تەرازووی کردەوەکان، .

**ئاراستەی سێهەم**

**گۆرینی خووەکان بۆ خوداپەرستییەکان**

گۆڕینی خووەکانە بۆ کردەوەی عیبادەت، ئەو خووانەی ڕۆژانە موسڵمان لە ژیانیدا ئەنجامی دەدات، وەک ئیش و کارو خواردن و خواردنەوەو خەوتن و سەفەرو .....هتد، کۆی ئەو کردەوانە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ عیبادەت، تەنهاە نیەت و ڕازو نیازی نێو دڵی ئەوە بێت خودای گەورە لە خۆی ڕازی بکات، بۆ نموونە مەبەستی لە خواردنی بۆ ئەوە بێت بتوانێت باشترە چاکتر خوداپەرستییەکانی پێ ئەنجام بدات، یان ئامانج و مەبەستە لە کارکردنی ڕۆژانەی پەیداکردنی ڕزقێکی حەلاڵ بێت، ئەوە بە عیبادەت بۆی هەژمار

دەکرێت لای پەروەردگار، ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی لە درووست بوون خەڵق کردنی ئینسان، بەدیهێنانی **بەندایەتیکردنی خودای تاك تەنیایە**، لەو بارەیەوە **خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾**[(١)].

سەرنج بدەن ئەو ئایەتە لە چەند وشەیەکی دیاریکراو پێکهاتووە، بەڵام لە ناوەخندا واتایەکی زۆر مەزن و گەورە دەبەخشێت، پەروەردگار نەوەی ئادەم و جنۆکە پێکەوە دەخاتە بەر سەنگی مەحەکەوە، پێیان ڕادەگەیەنێت کە مەبەست و **ئامانج لە دروستبوونتان تەنهاو تەنها عیبادەتکردنی زاتی**(اللهﷻ)یە[(٢)].

دەبێت ئێمەی ئیماندار تێبگەین لەو پەیامە خوداییەﷻ کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە پەروەردگار سیستمی بەخشینی ژیانی دونیامانی لەسەر گۆی ئەو زەوییە پرۆگرامکردووە لەسەر ئەوەی، کە دەبێت ڕۆژانە ٢٤ کاتژمێر، بێ وچان لە عیبادەتکردنی **زاتی**(اللهﷻ)دا بین، تا دواهەناسەی ژیانمان.

خوێنەری ئازیزو خۆشەویست: **هەڵەیەکی زۆر گەورەو کوشندەیە**، ئەگەر واتێبگەن و حاڵیبن لەوەی، کە عیبادەت و خواپەرستی تەنها **بریتییە:** لە **نوێژو ڕۆژووگرتن و زەکاتدان و فەریزەی حەجکردن،** نەخێر، ئەو جۆرە تێگەیشتنە ئامانجی خوداﷻ ناپێکێت لە حیکمەتی دروستبوونمان، وشەی (یعبدون) بۆ بەردەوامبوونە، هەروەها پەروەردگار پرۆگرامی کردووین، کە دەبێت ٢٤ کاتژمێر، لە خوداپەرستیدا بین.

کەوابوو: بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە، دەبێت پەروەردەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنەماو نییەتە بکەین، کە هەموو جموجووڵ و چالاکییەکی کەسی ئیماندار خوداپەرستییە، **بۆ نموونە:** پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵ بۆ ماڵ و خێزان عیبادەتە، هەروەك نوێژو ڕۆژووگرتن و زەکاتدان و فەریزەی

(١) - سورة الذاريات الآية:٥٦.

(٢) کتێبی(في ظلال القرآن/ سید قطب:٦/ ٣٣٨٦بەدەستکارییەوە).

حەجکردن، هەروەها پاراستنی ئەندامەکانی بیستن و چاوو زمان و دەست و پێیەکان لە شتە قەدەغەکراوەکان خوداپەرستییە، تەنانەت پاراستنی ژینگەش عیبادەتە، دادپەروەری لە دەوڵەتداری و هەر بەرپرسیارێتییەکی تردا خوداپەرستییە، هەموو جموجۆڵ و چالاکییەکی مرۆڤ لەپێناو خوداﷻ بە مەبەستی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی عیبادەتە، ئەزیەتنەدانی خەڵکی و خۆگرتن لە ستەم و ستەمکاریش هەر عیبادەتە، تەنانەت نووستنیش بەمەبەستی حەوانەوەو پشوودان لە پێناو ئەوەی چالاك و گورج و گۆڵ بێت لە ڕاپەڕاندنی هەر کارو پیشەك کە پێی ڕادەسپێردرێت خوداپەرستییە، خۆی نەدزینەوەو کەمتەرخەمی نەکردن لە جێبەجێکردنی ئەوەی لە ئەستۆیدایە هەر عیبادەتە، یان خەوتن لە دوای نوێژی خەوتنان بە مەبەستی ئەوەی زوو بەخەبەر بێتەوە لە خەو، بۆ شەونوێژکردن خوداپەرستییە، لەبەرئەوەی ڕازو نیازی نێو دڵی وا دەخوازێت کە شەونوێژ بکات، هەر بۆ ئەو مەبەستە نووستووە، تەنانەت خواردن و خواردنەوەکانیشی بە مەبەستی بەهێزبوون بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕاندنی کارو پیشەی ڕۆژانەی یان بۆ بەجێهێنانی خوداپەرستییەکانی، هەر عیبادەتە.

گرنگ ئەوەیە مرۆڤی ئیماندار هەموو سات و چرکەکانی ژیانی ببەخشێتە خوداﷻ وە لە پێناو ئەودا تەرخانی بکات، وە هەر لەو پێناوەشدا دەبێت ئیمانداران لەسەر چەمکی عیبادەتکردن و ئەو جۆرە تێگەیشتنە **بۆ واتای عیبادەت،** منداڵ و خێزان و نەوەکانی دوارۆژیان **پەروەردە بکرێن و هانبدرێن.**

بێگومان ئەو فەرموودەیە فێری پێشبڕکێمان دەکات، بەڵام لەو شتانەی پەیوەستن بە ئایینەی مرۆڤی باوەڕدارەوە، نەك مونافەسەکردن لەسەر ئەو شتانەی سبەینێ لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە بارێکی قورس و گران بەسەرمانەوە تەنانەت لێپێچنەوەی زۆر وردیان لەسەر دەکرێت هەروا بە سانایی تێناپەڕێت

هەندێك لەو خێرو صەدەقانەی پێغەمبەرﷺ ڕێنماییکردن، کە جێبەجێی بکەن پاداشتەکەی تەنها بۆ خۆیانە، بەڵام هەندێکی تر لەو خێرو صەدەقانە

پاداشتەکەی پەل دەکێشێت بۆ دەورو پشتەکەی، خەڵکی تر سوودمەند دەبن لە خێرو پاداشتی ئەو بەخشینە، وەکو فەرمان بە چاکەکردن و ڕێگری کردن لە خراپەکاری و تێرکردنی ئارەزووەکانی لەڕێی سەرجێی کردن لەگەڵ هاوسەری ژیانی بەمەبەستی وەچەنانەوەو دوورکەوتنە لە حەرام و زیناکردن.

**پوختەی بابەتەکە**

* صەدەقەکردن تەنها هەر پارە بەخشین نیە، بەڵکو تەسبیحات و زیکرکردن و وتنی الله أکبر.....هتد، تێکرا ئەو زیکرانەش بە صەدەقە دەنووسرێن لای پەروەردگار.

* پیشبڕکێی یەکتری کردن لە کردەوە چاکەکان یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکانی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ.

* باشترینی ماڵ و سامان ئەو ماڵەیە کە بەدەست پیاوێکی باشەوە بێت، لێی دەبەخشێ و خەرجی دەکات، لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار، ئەوەش فەزڵ و بەخشێکی خودایەجل دەیداتە هەرکەسێك کە بیەوێت، هەر زاتی(اللَّهُ ﷻ) بۆ خۆی دەزانێت، کێ شایستەی فەزڵ و بەخشینیەتی.

*پێغەمبەرﷺ دەرگای هەمە چەشنەی خێرو صەدەقەی بەڕووی هەژارو کەم دەرامەتی ئوممەتەکەی والآکرد، نەبادا تووشی ئێرەی بردن ببن بەهۆی نەبوونیەوە، بەڵام ئەوەی ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەرﷺ حەسوودی نەبوو بەڵکو **(الغبطة)** خۆزگەخواردن بوو، وەکو دەوڵەمەندەکان پارەو پول وسامانیان هەبێت، بەڵکو ببیەخشن لە پێناو خوداجل بەڵام حەسوودی جیاوازە هیوای نەمان و لەناوچوونی ئەو نیعمەتەیە کە کەسی بەرامبەر هەیەتی لە پارەو ماڵ و سامانی دنیا.

# فەرموودەی بیست و شەشەم چەندین ڕێگەی باش

## (كثرة طرق الخير)

عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله ﷺ: **كُلُّ سُلامَى مِنَ النَّاسِ عَلَيْهِ صَدَقَةٌ كُلُّ يَوم تَطْلُعُ فِيْه الشَّمْسُ: تَعْدِلُ بَيْنَ اثْنَيْنِ صَدَقَةٌ، وَتُعِينُ الرَّجُلَ في دَابَّتِه فَتَحْمِلُ لَهُ عَلَيْهَا أَو تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتَاعَهُ صَدَقَةٌ، وَالكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ، وَبِكُلِّ خُطْوَةٍ تَمْشِيْهَا إِلَى الصَّلاةِ صَدَقَةٌ، وَتُمِيطُ الأَذى عَنِ الطَّرِيْقِ صَدَقَةٌ**[١].

پێغەمبەرﷺلەو بانگەوازەیدا چۆنیەتی بەدەستهێنانی یەكڕیزی و خۆشەویستی لە نێو تاكەكانی كۆمەڵگەمان بۆ دەخاتە ڕوو، لە ڕێی پابەند بوون بە هەندێك ڕێنمایی و ئامۆژگارییەوە[٢].

خوێنەری ئازیز ئەوە ناوەڕۆك و ئامانجی فەرموودەكەیە خودا یارمەتیدەرمان بێت دواتر بە تێرو تەسەلی باسی لێوە دەكەیەین، ئاشكرایە دەستپێكی فەرموودەكە ئامادە سازییە بۆ ڕاهێنان لەسەر هەندێك خەسڵەت و ڕەفتار كە گرنگن بۆ كەسی پابەندبوو بە شەریعەتی ئیسلامەوە بۆ ئەوەی وەكو ئەستێرەیەكی پرشنگدار بەدەربكەوێت لە نێو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، كە بەڕاستی ئەوە پەیامی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، كە شوێنكەوتووانی ئا بەو

(١) كتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٦/١٠٤رقم الحديث٢٨٩١ كتاب الجهاد والسير- باب فضل من حمل متاع صاحبه في السفر، و صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٤/٣٢٩رقم الحديث١٠٠٦ كتاب الزكاة- باب بيان أن اسم الصدقة يقع على كل نوع من المعروف، واللفظ لمسلم).

(٢) - كتێبی(قواعد و فوائد من الأربعين النووية:ص٢٢٩ بتصرف).

شێوازە پەروەردەکراون کە لە خزمەتی خەڵکیدا بن، نەك تەنها هەر بۆ خۆیان بژین و خۆپەرست بن.

تەماشا بکەن بە وردی لە فەرموودەکە پێغەمبەرﷺ چۆن شوێنکەوتووانی فێری ئەوە دەکات کە مرۆڤی باوەڕدار، **دەبێت بە وەفاو بە ئەمەك بێت**، لە بەرامبەر ئەو زاتی(**اللَّه**ﷻ)یە کە بە چ شێوازێك ئەو جەستەو لاشەیەی درووست کردووە، وە بەهرەمەندی کردووە لە هەموو چەشنە نیعمەتێك، کە هەژمار ناکرێن، لەو بارەیەوە خودای(ﷻ) دەفەرموویت:**﴿وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾**(١).

واتە: ئەگەر ئێوە بتانەوێت ئەو نیعمەت و بەخششانەی کە خوداﷻ پێی بەخشیوون، ئەوە بێگومان لەبەر زۆرییان، بۆتان ناژمێرێت، چونکە هەموو بینینێك و هەموو بیستنێك و هەموو هەناسەیەك نیعمەتێکی تایبەتییە، جگە لەو نیعمەت و کەرەمە زۆرانەی تر، کە زوربەیان مرۆڤ پێیان نازانێت، ئەو هەموو نیعمەتانەتان پێدراوە، کەچی ئێوە لە شوکرانە بژێریی خوداداﷻ کەمتەرخەمیی دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەششدا خودای(ﷻ) لێخۆش بوو خاوەن بەزەییە(٢).

لەو سۆنگەیەوە سوپاسگوزاری کردن سیفەت و کاری پەروەردگارە، تەماشا بکەن خودای(ﷻ) چی دەفەرموویت: **﴿وَكَانَ اللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا﴾**(٣).

**واتە:** خوداﷻ خاوەن سوپاسەو کردەوەی چاکی هیچ کەسێك ون ناکات و زاناو ئاگادارە بە هەموو کارو کردەوەو بیروباوەڕێکی بەندەکانی خۆی(٤).

پێغەمبەرﷺ باس لەو جومگەو ئێسکانەی ناو لاشەو جەستەی ئادەمیزاد

(١) سورة النحل الآية:١٨.
(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٣٩٠).
(٣) سورة النساء الآية:١٤٧.
(٤) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١/٤٨٢)

دەکات کە (٣٦٠) جومگەن، هەموو ڕۆژێکی نوێ کە هەڵدێت، هەر جومگەیەك لەو جومگانە خێرو صەدەقەیەکی لەسەرە بیکات، لە بەرامبەر ئەو بەخششانەی کە پەروەردگار بەهرەمەندی کردوون لێی، کە چەندێك بە دیققەت و ڕێك و پێك ئەو ئەندامانەی جەستەو لاشەیەی درووست کردووە.

**بۆ نموونە:** ئەگەر بهاتایە درێژی و کورتی پەنجەکان بەو شێوازەی ئێستا درووست نەکرابان ئەوا بە دڵنیاییەوە جموو جۆڵی ئەو پەنجانە گران زەحمەت دەبوون لە کاتی کارکردن، **یان** چاو لەو شوێنە نەبووایە کە بۆی دانراوە لەوێ بێت، بێگومان ئەو مرۆڤە وەکو دڕندەیەك بەدەر دەردەکەوت و ئەو کارەی خۆی وەکو پێویست نەدەبینی، جا هەموو ئەندامێك لە جەستەی مرۆڤ خێرو صەدەقەیەکی لەسەرە هەروەکو ئەوەی پێغەمبەر ئاماژەی پێکردووەو ئامۆژگاری شوێنکەوتووانیشی کردووە کە سوپاس و ستایشی خودا بکەن لەسەر ئەو بەخشش و نیعمەتانە، کاتێك پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: (**تَعْدِلُ بَيْنَ اثْنَيْنِ صَدَقَةٌ**) دیارە هەندێك خەڵك بە هۆی کێشەو گرفتەوە، زویر دەبن و لە یەکتر دادەبڕێن و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەپچڕێنن، سوڵح کردن باشترین چارەسەرە بۆ نەهێشتنی ئەو ساردو سڕییەی کەوتۆتە نێوانیانەوە.

ئا لێرەدا پێغەمبەرﷺدەیەوێت پێمان بڵێت: دەی ڕۆڵی خۆتان ببینن لە چاککردنەوەی بەینی ئەو دوو کەسە بە هۆی ئەو کێشەیەوە تۆراون لە یەکتر، ئاشتیان بکەنەوە و پێکیان بێنن وەکو جاران، **خێرو صەدەقەتان بۆ دەنووسرێت لای پەروەردگار**، بەو مەرجەی **دادپەروەر بن لە نێوان هەردوولادا** لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ ئەو کەسەی کە بەڕاستی شایستەیەو خاوەن مافە، بێئەوەی ئاوڕ بدەنەوە لە نزیکی و دوورییتان بۆ کەسەکان.

یان ئەو یەکڕیزی و خۆشەویستییە بە هاوکاری کردن و یارمەتیدان بە دەست دێت (**وَتُعِينُ الرَّجُلَ فِي دَابَّتِهِ فَتَحْمِلُ لَهُ عَلَيْهَا أَو تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتَاعَهُ صَدَقَةٌ**)کاتێك دەبینن کەسێك پێویستی بە یارمەتیدان هەیە بچن بە دەنگییەوە،

**بۆ نموونە** کەسێك لە نێو بازاردا کۆمەڵێك شتی کڕیوە بۆ هەڵناگیرێت، دەتوانی یارمەتی بدەیت باربووی بکەیت تا دەگاتە شوێنی مەبەست مادام بە هەمان ئاراستەی ئەو کەسە ڕێ دەکەیت، بەو ڕەفتارە جوانە دڵی ئەو کەسە بارگران و قورسە بۆ خۆت ڕادەکێشیت، وای لێدەکەیت کە هەست بەوە نەکات، بەتەنهایەو کەسێك نیە یارمەتیدەرو هاوکاری بێت، **ئەوە خۆی لە خۆیدا خێرو صەدەقەیە، دەچێتە تەرازووی کردەوەکانتانەوە.**

یان کەسێك ئۆتۆمۆبیلەکەی لە نێو شەقامدا کوژاوەتەوە بە گوێرەی توانات دەتوانێت هاوکاری بیت، ڕاوەستەو یارمەتی بدە، چیت بۆ دەکرێت بیکە بۆ ئەوەی لەو گرفتە ڕزگاری بکەیت کە تێی کەوتووە، بەو جۆرە ڕەفتارە خێرو صەدەقەت دەست دەکەوێت، وە لە هەمان کاتیشدا پەیامی ئایینی پیرۆزی و پێغەمبەرﷺدەگەیەنیت بە کەسی بەرامبەر، تەماشا بکەن پەروەردگار چی دەفەرمووێت: ﴿**وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى**﴾[1].

واتە: یارمەتی و هاوکاری یەکترکردن لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست، لە کردەوە باش و شتە چاکەکانە، تەنانەت ڕێگە پێدراویشە، وە لە هەمان کاتدا خێرو صەدەقەشە، بەو مەرجەی بەدوور بێت، لە سەرپێچیکاری فەرمانەکانی پەروەردگار.

**بۆ نموونە:** کەسێك داوای یارمەتیت لێدەکات، بۆ تەواوکردنی مامەڵەیەکی لە فەرمانگەیەك، یان یارمەتیدانی لە کڕینی شتێك کە شارەزاییت هەیە لێی، ئەو لێی نازانێت، بچۆ بە دەنگییەوەو یارمەتی بدە، بێگومان خێرو صەدەقەت بۆ دەنووسرێت.

**(وَالكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ)** گوفتارو زمان شیرینی و قسەی باش و چاك ئامرازێکی بە هێزە بۆ توندو تۆڵ کردنی پەیوەندییەکان، لەگەڵ کەسانی نێو

[1] سورة المائدة الآيه:٢.

کۆمەڵگە تەنانەت خێرو صەدەقەشە دەچێتە تەرازووی کردەوە چاکەکانەوە.

لەم سەردەمەدا پێویستە گرنگی بدرێت بەو جۆرە ئاخافتن و گوفتارە شیرینانە لە نێــو مــاڵی خۆمــان بەتــایبەت ئــێمەی میللەتــی کــورد، بــۆ ئەوەی پــردی خۆشەویستی و یەکڕیزیمان پتەو بکەین و ڕێگەی بە نەیارو دوژمن نەدەیەن کە درزو کەلێن بخاتە نێوانمانەوە، نەبادا ڕێ خۆش بکەن بۆ ئەوەی جارێکی تر، عەرەبی شۆفینی لەشکرو سوپای تورك و فورس، پەلاماری خاك و نیشتمانمان بدەن و داگیری بکەن، کە بەداخەوە تائەم ساتە وەختەی کە بەندە خەریکە بە نووسینەوەی ئەو کتێبە، دوژمن و نەیارانمان سەرکەوتوو بوون لە پیلان گێری و کەلێن خستنە نێو یەکڕیزی مانەوە، لە ڕێی هەندێك لایەن و کەسی کاڵفام و نەزانی نەتەوەکەمانەوە کە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندن و کەناڵ و تۆرە کۆمەڵایەتی و سۆشیال میدیاکانەوە، لە جیاتی ئەوەی بە زمان و گوفتاری شیرینەوە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن، هاتوون بە زمانی زبرو تومەت بەخشینەوەو قسەوتن و تەخوینکردنی یەکترەوە خەریکن، کە نەدەبوو وابکەن.

**(وَبِكُلِّ خُطْوَةٍ تَمْشِيْهَا إِلَى الصَّلاةِ صَدَقَةٌ)**، تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ ڕێنمایی شوێنکەوتووانی دەکات لەوەی کە هەر هەنگاوێك دەنێن بەرەو مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت، خێرو صەدەقەیە دەخرێتە سەر کردەوەی چاکیانەوە، بیرمان نەچێت مزگەوت کۆکەرەوەی هەموو ڕەنگەکانە لە پێناو تەبایی و یەکڕیزی و هاودەنگی و ئاگا لێبوونی یەکترییە نەك پێچەوانەکەی.




که بەداخەوە ئەو مزگەوتانەی لەم سەردەمەدا هەن ئەو ئامانجە پیرۆزەی لە پێناوی بونیادنراوە نایپێکنو لە دەستیان داوە، چونکە سیمای دابەش بوونی نوێژخوێنانی پێوە دیارە، هەندێك بە ناوی مزگەوتی سەلەفییەکان و هەندێکی تر بەناوی سۆفییەکان و هەندێکی تر بە ناوی میانڕەوەکان و هەندێکی بە ناوی... بە ناوی .... هتد، که لە دەرئەنجامدا کێشەو گرفتی زۆرو ئاژاوەو لێکترازان و دابڕان سەر هەڵدەدەن لە نێو موسڵمانان کە ئەوە کارێکی زۆر ناپەسەندو ناشەرعییە، کە خودایﷻ پێ ڕازی نیە.

بڕوانن خوداﷻ سەبارەت بەو جۆرە ڕەفتارانە چی فەرمووە: **﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾**(1).

لەڕاستیدا ئەو ئایەتە بۆ سەرجەم ئیمانداران و موسڵمانانە کە دەفەرمووێت:

---

(1) سورة آل عمران الآية:105.

وەکو ئەوانە مەبەن لە دوای ئەوەی ڕێگای ڕاست و حەقیقەتیان بۆ بەیان و ئاشکرا کرا، لە بریتی ئەوەی تەباو برایەتی و خۆشەویستی نێوان یەکتر بپارێزن، کەوتنە دژایەتی کردنی یەکترو جیابوونەوەو لێکدابڕان، بێگومان ئەوانەی ئەوە رەفتاریان بێت لە دنیاو قیامەت سزای توندو بە ئێش و ئازاریان بۆ سازو ئامادەکراوە.

بەڕاستی ئەوە کارەساتە موسڵمانان ئەو ئایەتە دەخوێننەوە لە قورئاندا زۆر بە سانایی بەسەریدا دەرۆن بەتایبەت بانگخوازو وتاربێژو مەلاو مامۆستایان، بێئەوەی تێبفکرن و لێی بڕوانن، کە پەروەردگار مەبەستی ئەوانە لەو بانگەوازەیدا، سەرنج بدەن لە سۆشیال میدیاو مینبەرو سیمینارو کۆرو کۆبوونەوەکان ئەوەی ناشێت بە یەکتری دەکەن، ئەو بە ناوی سۆفییەتەوە ئەویتر بە ناوی سەلەفییەت و ئەو یتر بە ناوی میانڕەوییەوە، ئەویتر بە ناوی وەهابییەوە ئەویتر بە ناوی ........هتد.

کە دەبوو هەر هەموویان بە یەك ئاراستە باسیان لە چارەسەری ئەو دیاردانە بکردایەتەوە کە کۆمەڵگە دووچاری بووە کە دەربازبوون لێی مەحاڵە.

**نموونەی:** هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرێتی(تەڵاقدان) کە ڕێژەکەی لە هەڵکشاندایە بە پێی ئامارەکان لە (سەدا سێ سەدە) هەروەها دیاردەی ئالوودەبوونی گەنج و لاوو کچان بە مادده هۆشبەرەکان بە گشتی و بڵاوبوونەوەی مامەڵەی حەرام لە نێو بازارو بازرگانەکان و دیاردەی خیانەت کردن لە نێو کۆمەڵگە بە تایبەت لە نێو خێزان و لە نێو سیاسییەکان بەتایبەت خاك فرۆشتن و عەمالەت کردن بۆ وڵاتانی دەورو پشت وبێگانەو بۆتە خەسڵەتی زۆربەی زۆری حیزب و لایەنەکان، تەنانەت هەندێك لە نووسەرەکانیش تێوەگلاون لەو خیانەت کردنە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ......هتد.

بەڕاستی ئەمانە قەیران و کێشەو گرفتن ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بوونەتەوە پێویستیان بە ئاوڕدانەوەی جددی هەیە لە لایەن ئەو بەرێزانەوە کە پێشتر

ئاماژەمان پێکرد، نەك بکەونە گیانی نەك و سووکایەتی و بێ ڕێزی بەرامبەر بەیەکتر بکەن.

هەروەها پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: **(وَتُمِـيْطُ الأَذى عَـنِ الطَّرِيْـقِ صَـدَقَةٌ)** لابردنی هەموو ئێش و ئازارو کۆسپێك لە ڕێگاوبانی خەڵکی بە خێرو صەدەقە دەنووسرێت لای پەروەردگار.

**کە بەداخەوە** ئیمڕۆ هەندێك لە موسڵمانان پێشەنگن لە ئازاردانی خەڵکی لە هەندێك ناوچە بەهۆی فڕێدانی زبڵ و خاشاك و هەروەها پاشماوەی سەربڕینی ئەو ئاژەڵ و گیاندارانەی دەکەنە خێرو صەدەقە وێنەیەکی ڕاستەقینە دەخەمە پێش دیدی ئێوەی ئازیز لە شاری کەرکوك لە گەڕەگێگ لە گەڕەگەکان کە هەموویان موسڵمانن بە چوار دەوریدا مزگەوت بونیادنراوە، ئەوە ڕەوشتی کەسی ئیماندارە



**خوێنەری ئازیز** ئەوەی وابزانێت موسڵمانێتی تەنها بریتیە: لە بە جێگەیاندی پێنج فەرزی نوێژەکەو ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان و زەکاتدان و حەج کردن، **زۆر بە هەڵەدا چووە**، ئەوانە ئەرك و واجبن پێوستە بکرێن، بەڵام ئەو ئایەتانەی کەباس لە ڕەوشت و ئەخلاق و چۆنیەتی مامەڵەکردن دەکەن زۆر زیاترن، لەو ئایەتانەی کەباس لە بە جێگەیاندنی خوادەپەرستییەکان دەکەن.

بۆیە پێویستە موسڵمانان بە خۆیاندا بچنەوە بەتایبەت لەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە مافی خەڵکانی ترەوە ئەوەی ژینگە پیس دەکات و دەیشێوێنێت بە فڕێدانی زبڵ و خاشاك، بێگومان ئەوە مافی خەڵکی پێشێل کردووە، پەروەردگاریش تۆڵەی ئەو خەڵکەی کە دووچاری جۆرەها نەخۆشی و هەناسە توندی بوون دەسێنێت، لەوانەی کە هۆکاربوونە لە پیس کردنی ژینگەی ئەو گەڕەك و شوێنانەی کە خەڵکی تیا نیشتەجێن.

**پوختەی بابەتەکە**

* ڕاهێنان و فێرکردن و ئامادەو سازکردنی کەسەکانە لەسەرخێرو صەدەقەکردن بە هەموو چەشنێك.

* کۆڵەگەی ژیانی دنیا دادپەروەری و عەدالەت کردنە.

* پاراستن و پاککردنەوەی ڕێگای هاتوچۆی خەڵکی لە هەموو کۆسپ وتەگەرەیەك خێرو پاداشتی گەورەی هەیەوە.

* گوفتارو زمان شیرینی و قسەی باش و چاك ئامڕازێکی بە هێزە بۆ توندو تۆڵ کردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵکی.

* هەر هەنگاونانێك بەرەو مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت، خێرو صەدەقەیە.

* یارمەتی و هاوکاری یەکترکردن لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست، لە کردەوە باش و شتە چاکەکانە، تەنانەت ڕێگە پێدراویشە، وە لە هەمان کاتدا خێرو صەدەقەشە، بەو مەرجەی بەدوور بێت، لە سەرپێچیکاری فەرمانەکانی پەروەردگار.

# فەرموودەی بیست و حەوتەم چاکە و خراپە

## (البِرُّ و الإِثْمُ)

عن النواس بن سمعان رضي الله عنهما ، عن النبي ﷺ قال: **البِرُّ حُسنُ الخُلُقِ ، والإِثْمُ ما حاكَ في صدْرِكَ ، وكرِهْتَ أنْ يَطلِعَ عليه الناسُ**[١].

وعن وابصة بن معبد رضى الله عنه ، قال :**أتيتُ رسولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم فقال : جئتَ تسألُ عن البرِّ والإثم ؟ قال : نعم ، فقال : استفتِ قلبكَ : البرُّ ما اطمأنتْ إليهِ النفسُ ، واطمأنَ إليهِ القَلبُ ، والإثمُ ما حاكَ في النفسِ وترددَ في الصدرِ ، وإن أفتاكَ الناسُ وأفتوكَ**[٢].

لەڕاستیدا پێغەمبەر ﷺ لەو فەرموودەیە دوو پەیامی گرنگ ئاراستەی شوێنکەوتووانی دەکات، وە لە هەمان کاتیشدا **ئەو دوو پەیامە پێوەری حەقیقین بۆ هەڵسەنگاندنی کاروکردەوەی هەر کەسێك لە ڕووی بڕیاردانییەوە لەسەر هەر کاروکردەوەیەك ئاخۆ ئەو کردەوەیەی نیازێتی ئەنجامی بدات، باشە یان خراپە**؟؟؟ بە چاکی دەزانین ئاماژە بۆ ئەو دوو پەیامە بکەین و دواتر لەسەریان بدوێین، **پەیامی یەکەم** ڕەوشت بەرزی(حُسْنُ الخُلُقِ)، وە **پەیامی دووەم** بەد ڕەوشتی(سَيِّءُالخُلُق)ە.

---

[١] کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٦٥/٨رقم الحديث٢٥٥٣ كتاب البر والصلة والآداب-باب تفسير البر والإثم).

[٢] کتێبی(المسند الجامع الدارمي:ص٦٠٨ رقم الحديث٢٧٢٩كتاب البيوع, باب دع ما يريبك إلى ما لا يريبك، و مسند الامام أحمد بن حنبل- حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه، مجموعة من علماء الحديث: ص١٢٦٨رقم الحديث١٨٠٠٦، شرح مشكل الآثار للطحاوي:٣٨٦/٥رقم الحديث ٢١٣٩، حديث حسن).

پێناسەی (**البِرُّ**)لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییدا

**یەکەم: پێناسەی (البِرُّ)لە رووی زمانەوانیدا: الصِّدْقُ والطَّاعَةُ یانی: ڕاستگۆیی و گوێڕایەڵییە**، یان هەرکردەوەو شتێك لە پەروەردگار نزیکت بکاتەوە چاکەیە(البِرُّ)[1].

**دووەم: پێناسەی (البِرُّ)لە ڕووی زاراوەوە: (التوسع في فعل الخير )یانی: فراوانکردنەوەی بازنەی چاکەو خێرکردن**[2].

جۆرەکانی (**البِرُّ**)

یەکەم: (**البِرُّ مع الخالق**)

ڕاست و دروستی لەگەڵ دروستکەرو بەدیهێنەری هەموو بوونەوەران لە نەبوونەوە بۆ بوون، بە جێگەیاندنی هەموو جۆرە خوداپەرستییەکان، جا ئەو عیبادەتانەی بە ڕواڵەت دەکرێن **نموونەی** نوێژکردن و ڕۆژووگرتن و زەکاتدان و بە جێگەیاندنی فەریزەی حەج کردن، یان ئەوانەی پەیوەستن بە ناخ ودڵ دەروونەوە **نموونەی** ئیخلاسی و خۆشەویستی خودا ﷻ و پیغەمبەر ﷺ هەروەها پشت بەستن بەزاتی(اللّٰه ﷻ) و ترس لە خودا ﷻ و خۆڕاگری و ئارامی لە کاتی بەڵاو موسیبەت و ڕازیبوون بە قەزازقەدەرو چارەنووس و ....... هتد.

بڕوانن خودا ﷻ ڕێگاکانی چاکەی پیشان باوەڕداران داوە لە قورئانی پیرۆزدا بەوەی دەفەرمووێت: (**لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ**

(١) کتێبی(لسان العرب لابن منظور:٣٧٠/١ مادة برر).

(٢) کتێبی(التوقيف في مهمات التعاريف للمناوي:ص١١٤ مادة بر).

**الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ)**(١).

**واته: وا نەزانن کە چاکەو باشە کردن تەنها ئەوەیە** ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەڵکو، چاکەو باشەو نزیك بوونەوە لە خوداﷻ بە ڕیزبەندی وپلە پلەیە، لەسەرووی هەموویانەوە باوەڕبوونە بە یەکتاپەرستی خودای(ﷻ)و بە قیامەت و مەلائیکەو کتێبەکانی خوداﷻو پێغەمبەرانی(علیهم الصلاة والسلام)، جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە پەروەردگاربۆی دارشتووین لەسەری بڕۆین لە دونیا بەجۆرێکی، وەها، بێ دوودڵی کردن، ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمان و بڕیارەکانی بین، ئینجا لە پێناوی خوداﷻبەشێك لەو ماڵ و پارەوپول وسامانەی، کە خۆشەویستە بەلاتانەوە ببەخشنە ئەوانەی نزیکی خۆتانن، لە خزمان و هەژارو داماوو لێقەوماوو هەتیوو ئەوانەی داوای هاوکاری و یارمەتیتان لێدەکەن و ئەوانەی گیرۆدەی کێشەو گرفت بوونەتەوە، بێگومان بەو برە پارەیەی پێیان دەیبەخشن ڕزگارو سەرفرازیان دەکەن لە خەم وپەژارە لەگەڵ، ئەوەشدا بەجێگەیاندنی نوێژەکان و زەکاتدان و جێبەجێکردنی وەعدو بەڵێن و پەیمانەکان لەکات و ساتی خۆیدا، ئینجا ئارامی و خۆڕاگری لەکاتی ناخۆشی و بەڵاو موسیبەت و نەبوونیدا، لەڕاستیدا بەجێگەیاندنی کۆی ئەو خێرو چاکانە، سەلمێنەرو نیشانەی تەقواکاران و ڕاستگۆیی باوەڕبوونە بە خوداﷻ.

خوێنەری ئازیز ئەو ئایەتە پیرۆزە بەرنامەی ژیانی هەموو باوەڕدارێکی ڕاستەقینەیە لە ژیانی دنیایدا، چونکی هەموو لایەنەکانی باوەڕداری لە خۆگرتووە، لەڕووی ئەوەی پێویستە لەبەرامبەر پەروەردگار بە جێی بگەیەنێت، کە باوەڕبوونە، وە ئەوەی پەیوەستە بە ناخ و دڵ و دەروونییەوە، لەڕووی

(١) سورة البقرة الآية:١٧٧.

بەجێگەیانــدنی ئەو خوداپەرســتییانەی کە لە ئەســتۆیدایە، **نمــوونەی** نــوێژو زەکاتــدان، وە ئەوەی پەیوەنــدی بە مــامەڵەکردنییەوە هەیە لەگەڵ خەڵکیــدا بەتایبەت هاوکاری و یارمەتیدان بە دەنگەوە چوونیان بە ماددی و مەعنەوییەوە، هەروەها جێبەجێکردنی وەعدو بەڵێنەکان.

**کەوابوو:** چاکە، وشەیەکی فرە واتاو مانایە هەموو کارە چاک و سیفەتە باشەکان لە خۆ دەگرێت.

دووەم(**البِرُّ مع الخلق**)

ئاشـکرایە بە چـاکی مـامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیـدا هەمـوو توێژەکـانی نێـو کۆمەڵگە دەگرێتەوە لە پێش هەمووشیاندا، دایك و باوکە دەبێت ڕێزی تەواویان لێ بگیرێت و ئازار نەدرێن بە گوفتارو ڕەفتار نەبادا دڵیان بڕەنجێ، بێگومان ئەو کەسە خەسارەتمەندە لە دنیاو لە قیامەت کە دڵـێ دایـك وباوکی شکاندبێت، مەحاڵە بحەسێتەوە، بەردەوام ناخ و دڵ و دەروونـی ئارامی ئۆقرەیی بە خۆیەوە نابینێـت هەتـا لە ژیانـدا بێـت، ئینجـا بە چـاکی مـامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیـدا، یەکێکە لە هەرە کاروکردەوە پیرۆزەکان کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی زۆری پێداوە، پێویستە کەسی بڕواداری ڕاستەقینە نەبێتە ئازار بۆ خەڵکی نە بەگوفتـار، وە نە بەڕەفتـار، هەروەهـا یارمەتیـدەرو و هاوکارییـان بێـت لە کـاتی پێویستدا، بەسەر کردنەوەیان لەکاتی نەخۆش کەوتنیان، وە لە خەمی ئەوانەدا بێت کە دووچاری کێشەو گرفت و قەیران بوون کەمتەرخەم نەبێت لە هەوڵدان بـۆ دۆزیـنەوەی ڕێـگەی چارەسـەر بـۆ دەربـازبوون لەو قەیـران و کێشـەو گرفتانەیـان، گـرنگە کەسـی بـاوەڕدار سـیخوڕێ نەکـات بەسـەر خەڵکیـداو نـاوو نـاتۆرەی ناشـیرینیان لـێ نەنێـت و غەیبەتیـان نەکـات و گاڵتەیـان پـێ نەکـات و تـانەو تەشـەریان لێـنەدات، بەدگومـان نەبێـت لێیـان هەمـوو ئەو کـاروکردەوەیەو هاوشێوەکانیان دەچنە خانەی چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا.

## خوو ڕەوشتی جوان و بەرز (حُسْنُ الخُلُقِ) لە دیدی زانایانەوە

لەم بڕگەیەدا لەبەر گرنگی بابەتەکە هەندێك لە وتەی هـاوەڵانی پێغەمـبەرﷺ و زاناو پیاوچاکان سەبارەت بە ڕەوشت بەرزی دەخەینە بەردیدی ئێوەی ئازیز لەوانە:

**یەکەم:** حەزرەتی(عليرضي الله عنه) **سەبارەت بە(حُسْنُ الخُلُقِ) دەڵێت: (حُسْن الخُلُق في ثلاث خِصال: اجتناب المحارم، وطلب الحلال، والتوسِعة على العيال)**[1].

واتە:خوو ڕەوشتی جوان سێ خەسڵەتە:

**یەکەمیان:** دوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان.

**دووەم:** گەڕان بەدوای حەڵاڵ و ڕێگەپێدراوەکان.

**سێهەمیان:** بەخشندەیی لەگەڵ بە ماڵ و منداڵ وخێزان یانی نەکەی کارێك بکەیت ئەو منداڵ و خێزانەت چاویان لە دەستی ئەم و ئەو بێت.

**دووەم:** **عبداللّٰه** بن عمر(رضي الله عنه) سەبارەت بە **(حُسْنُ الخُلُقِ) دەڵێت:** ڕووی خۆش و دەم بە خەندەو قسەی نەرم و نیان و شیرین، شتێکی ئاسانە وە خوو ڕەوشتێکی جوان و باشە[2].

**سێهەم: (القاضي عياض) سەبارەت بە(حسن الخلق) دەڵێت: خوو** ڕەوشتی بـاش بـریتییە لە: تێکەڵـی و ئـاوێتە بـوون و مـامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیـدا بە میهرەبـانی و سـۆزو بەزەیـی، هەروەهـا خـۆڕاگری و سـەبرگرتن و لێبـوردن لە بەرامبەرخراپەکارییان، ئینجا خۆ بەدوورگرتن لە خۆ بەزلزانـی و دوورکەوتنەوە لە توندی و تووڕەیی و هەڵگرتنی و ڕق و کێنە لێیان[3].

---

(١) کتێبی( أحياء علوم الدين الغزالي:٦٧/٣).

(٢) کتێبی(تخريج أحاديث إحياء علوم الدين للعراقي وابن السبكي والزبيدي- ص١١٥٩ رقم ١٧٠٩ بە دەستکارییەوە).

(٣) کتێبی( البدرالتمام شرح بلوغ المرام- الامام القاضي الحسين محمد المغربي:١٥٩/١٠بە دەستکارییەوە).

پێغەمبەرﷺ لە چەمك و دووەم بڕگەی فەرموودەکە دەفەرمووێت: **(والإِثْمُ ما حاكَ في صدْرِكَ ، وكرِهْتَ أنْ يَطلِعَ عليه الناسُ).**

لێرەدا پێغەمبەرﷺ بەدیاریکراوی باس لە گوناه، کە چۆن کار لە ناخ و دڵ و دەروونی ئینسان دەکات بەتایبەت ئەوانەی باوەڕداری ڕاستەقینەن و ناخ و ویژدانیان زیندووە، چۆن بارودۆخی دەروونیان تێك دەچێت و تووشی دڵەڕاوکێ دەبن گیانیان دەلەرزێت و عارەقی شەرمەزاری بە نێوچەوانیان دێتە خوارەوە حەزناکە کەس پێیان بزانێت.

**کەوابوو:** گوناه دوو نیشانەی هەیە، **ناوخۆیی (ناوەکی)**، کە بریتیە: لە هەستکردنی مرۆڤ لەو ساتەدا وەختەدا بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرو دەست لەرزین و عارەقکردن ، تەنانەت ڕقبوونەوە لە خودی خۆی، **نیشانەی دەرەکی،** کاتێك پیاو چاك و ماقوڵان کە سەرنج لە کردەوەیەکی ناپەسەندو نەشیاو دەدەن، ڕاستەوخۆ نیشانەی نیگەرانی و قایل نەبوون بە دەم و چاویانەوە لەسەر ئەو کردەوە ناپەسەندە بەدەردەکەوێت ئا ئەوە نیشانەی گوناهە[1].

هەروەکو لەوەو پێش ئاماژەمان پێدا (**البِرُّ** )چاکە: وشەیەکی فرە واتاو مانایە ڕەوشتی جوان و بەرزو هەموو کارە چاك و سیفەتە باشەکانیش لە خۆ دەگرێت.

تەماشا بکەن (وابصة بن معبدرضي الله عنه) دەڵێت: کاتێك هاتمە خزمەتی پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هاتووی پرسیاری ئەوە بکەیت کە چاکە چیە؟ دەڵێت: منیش وتم: بەڵێ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە هاتووم، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: پرسیار لە ناخ و دڵ و دەروونی خۆت بکە.

(١) کتێبی(قواعد و فوائد من الأربعين النووية:ص٢٤٠، و المبين المعين لفهم الأربعين للحافظ على القاري: ٥٥٩/٢، الفتح المبين بشرح الأربعين: شهاب الدين ابن حجر الهيتمي الشافعي:ص٤٦٠ بەدەستکارییەوە).

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺچۆن ئاراستەی دەکات وە بە دیاریکراوی بۆ کوێ؟؟؟ بۆ ئەو شوێنەی کە جێی نەزەری پەروەردگارە، چونکە لەوێ هەست بە چاکەو خراپەکان دەکرێت، بەجۆرێك ئەگەر چاکەت ئەنجام دا بەدڵنیاییەوە ناخ و ویژدان دڵ ئارامەو ئاسوودەیە، خراپەکاریش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دڵ و ناخ و دەروون درووست دەکات بە جۆرێك دووچاری دڵە کوتێ دەبێت و حەز ناکات کەس بەو خراپەکارییەی بزانێت.

کەوابوو: بۆ زانینی چاکەو خراپەکان ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤ باشترین پێوەرە هیچ پێویستی بەوە نیە پرسیار بکات و فەتوای بۆ بدەن.

بێگومان هەموو ئینسان و گیاندارێك خوداﷻ پرۆگرام و بەرنامەی لە ناخیدا بۆ داناوە، تاوەکو خراپەو چاکە لە یەك جیا بکاتەوە.

بۆ **نموونە**: **پشیلە** دەزانێت ئەو کردەوەیەی دەیکات باشە یان ناء، وەرە کوتە گۆشتێکی بدەرێ، بێ سێ ودوو دێت لە تەنیشتەوە گۆشتەکە دەخوات،



بەڵام هەر ئەو پشیلەیە گۆشتەکە لە تەنیشتەوە دانێ خۆتی لێ غافڵ بکە، بۆی کرا پەلاماری دەدات و دەچێتە سەر دیواری ماڵەکەت لەبەرامبەرت دەیخوات،



چونکە گۆشتەکەی لێ بردووی کردارەکەی بە خراپ لەقەڵەم دەدات، بۆیە دەچێتە ئەو شوێنە بەرزە بۆ ئەوەی دەستت نەیگاتێ، تۆ بڵێیت ئینسان نەزانێت حەرام چیە؟ وە حەڵاڵ چیە؟ یان خراپەو چاکە لە یەك جیا نەکاتەوە؟؟؟؟

**کەوابوو:** مرۆڤ دەبێت خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت، تەنها دەست لەسەر دڵی خۆی دابنێت هەست دەکات ئەو کردەوەیەی ئەنجامی داوە ڕاست و دروست و باشە یاخود خراپە بەتایبەت لەو ساتانەی کە گومانێکی لا دروست دەبێت ئاخو ئەو کردەوەیە باشە یان خراپە، حەڵاڵە یان حەرامە؟؟؟ بێگومان بە کردەوەی چاك و باش مرۆڤ ئاسوودەیی بەدەست دێنێت بە پێچەوانەوە، کردەوەی خراپیش مرۆڤ دووچاری دڵەکوتێ و نا ئارامی و نارەحەتی دەکات.

بیرمان نەچێت چەندێك کەسەکە بیرباوەڕی دامەزراوبێت، ئەوەندە ئەو پێوەرە هەستیارتر دەبێت وەکو زەنگێك ناخ ودەروونی ئاگاداری دەکاتەوەو

ڕایدەچڵەکێنێت لەشتە خراپەکان، بەڵام کەسانێکیش هەن بیروباوەڕیان بەپێی پێویست نیە کاریگەری ئەو پێوەرە سستە لەسەری وەکو پێویست کار ناکات لە ناخ و دڵ و دەروونی، بۆیە کردن و ئەنجامدانی هەندێك گوناە بەلای ئەو جۆرەکەسانە ئاساییەو گوێی پێنادەن.

**تێبینییەك**

(**وإن أفتاكَ الناسُ وأفتوكَ) لە ڕاستیدا** ئەوەی لە نێو ناخدا دوودڵی و ناجێگری و نائارامی درووست دەکات بێگومان ئەو خراپ و گوناهە با موفتییەکیش بڵێت: ئەوە گوناە نیە، گرنگ ناخ و دەروونی ئینسانەکەیە بەتایبەت ئەوانەی باوەڕێکی دامەزراویان هەیە، بەڵام ئەگەر موفتییەکە بەڵگەکەی شەرعی و بە هێزبوو، ئەو کاتە ئەرك و واجبە گوێڕایەڵی ئەو فەتوایە بیت، با دڵ و ناخ و دەروونیش جێگیرو نائارم بێت، **بۆ نموونە:** نەگرتنی ڕۆژووی لە سەفەرو کورتکردنەوەی نوێژەکان لە کاتی نەخۆشی و سەفەردا، ڕێگەپێدراوو مۆڵەتێکی خودایە ﷻ بۆ بەندەکانی کە باشتر وایە کاری پێ بکرێت، نەك نەکرێت وە هەندێك کە پێیان دەڵێن: ئەو روخسەتە خودا ﷻ پێی داوی دەڵێت: دڵم ئاو ناخواتەوە، ئەگەر بە تەواوی نوێژەکانم نەکەم یان بە ڕۆژوو نەبم، بەڕاستی ئەو نەزانینە ئەو جۆرە وتانە ئاوڕی لێ نادرێتەوە قبوڵ نەکراوە.

## پوختەی بابەتەکە

* چاکە(البِرّ)وشەیەکی فرە واتاو مانایە، هەموو کارە چاک و سیفەتە باشەکان لە خۆ دەگرێت، **بە واتای چاکەکاری (ئیحسان)هاتووە** لەگەڵ خەڵکیدا بەگشتی، وە لەگەڵ دایك وباوك بە تایبەتی، **وە هەروەها بە واتای** بە جێگەیاندنی هەموو جۆرە خوداپەرستییەکان هاتووە، جا ئەو عیبادەتانەی بە

ڕواڵەت دەكرێن، یان ئەوانەی پەیوەستن بە ناخ ودڵ دەروونەوە، ئاماژەمان بۆ ئەو جۆرە عیبادەتانە كرد بە نموونەوە لەوەو پێش بگەڕێنەوە سەری.

* گرنگی ناخ و دڵ و دەروون كە جێی نەزەری پەروەردگارە، ئا لەوێوە سەركردایەتی ئەندامەكانی لاشەوجەستە دەكرێت[1].

* هاندان بۆ خووگرتن بە خەسڵەتی ڕەوشتی بەرزو جوان.

* شتی ڕەواو ناڕەوا، چاكەو خراپە لای باوەڕداری ڕاستەقینە تێكەڵ بە یەك نابن، بەڵكو بەو ڕووناكییەی كە لە نێو ناخ و دەروون و دڵیدایە، ڕاستی و ناڕاستییەكان، هەق و ناهەق دەزانێت و لێكیان جیادەكاتەوە، بێگومان ئەو گومانە ناڕەوێنێتەوە لای ئەو پرسیاركەرەی دڵی دامەزراوەو بیروباوەڕێكی ڕاست و دروست هەیە، بەتایبەت لەو پرسانەی كە دوو دڵە گومانی هەیە ئاخۆ حەرامن یان حەڵاڵن دەبێت فڕو نەخوات بە فەتوای موفتی[2].

(١) كتێبی(التحفة الربانية في شرح الأربعين حديثا النووية: تأليف/ اسماعيل محمد الأنصاري:ص٧٥بتصرف).

(٢) كتێبی(شرح الأربعين النووية: الشيخ محمد صالح العثيمين: ص٢٩٩،التحفة الربانية في شرح الأربعين حديثا النووية: ص٧٥ بە دەستكارییەوە).

# فەرموودەی بیست و هەشت گوێڕایەڵی

## (السمع والطاعة)

**عَن أَبي نَجيح العربَاض بن سَاريَةَ رضي الله عنه قَالَ: وَعَظَنا رَسُولُ الله مَوعظَةً وَجلَت منهَا القُلُوبُ وَذرَفَت منهَا العُيون. فَقُلْنَا: يَارَسُولَ الله كَأَنَّهَا مَوْعظَةُ مُوَدِّعٍ فَأَوصنَا، قَالَ: أُوْصيْكُمْ بتَقْوَى الله عز وجل وَالسَّمع وَالطَّاعَة وَإنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ، فَإنَّهُ مَنْ يَعشْ منْكُمْ فَسَيَرَى اخْتلافاً كَثيراً؛ فَعَلَيكُمْ بسُنَّتيْ وَسُنَّة الخُلَفَاءِ الرَّاشدِينَ المَهْديِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجذِ وَإيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُور فإنَّ كلَّ مُحدثةٍ بدعة، وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ**[1].

ئەگەرچی پێغەمبەرﷺلەو فەرموودەیە ئامۆژگاری هاوەڵانی دەكات بەڵام شوێنكەوتووانیشی دەگرێتەوە تا كۆتایی دنیا، ئاشكرایە ئامۆژگارییەكەی كاریگەری تەواوی لەسەر هاوەڵانی درووست كرد بە جۆرێك هاوەڵانی دڵیان كەوتە خورپەو چاویان پڕ لە فرمێسك بوو، وتیان: ئەی نێردراوی خوداﷻ وەكو ئەوەیماڵئاواییمان لێ بكەیت و بەجێمان بهێڵیت.

هاوەڵانی وتیان: ئامۆژگاریمان بكە، پێغەمبەریشﷺ فەرمووی:(**أُوْصِيْكُمْ بِتَقْوَى اللهِ عَزَّ وَجَل وَالسَّمعِ وَالطَّاعَةِ)، وەسیەتتان بۆدەكەم كە لە خوداﷻ بترسن و ئەرك و فەرمانەكانی بەجێ بگەیەنن، سەرپێچی مەكەن لە فەرمانی دەرمەچن.**

[1] كتێبی(سنن أبي داود بشرح عون المعبود: رقم الحديث٤٦٠٧ص٢١٣٥كتاب السنة، باب لزوم السنة، سنن الترمذي: رقم الحديث ٢٦٧٦ص ٦٠٣ باب – ماجاء في الأخذ بالسنة واجتناب البدع- حديث صحيح).

**چەمکـــی**(تەقــوا) **واتە: خۆپـــارێزی لە ســـزای خـــوداﷻ بە گـــوێڕایەڵی بەجێگەیانـدنی ئەرك و فەرمانەكـانی، یـا خۆپاراسـتنە لەسزای سـەرپێچی و یاخیبوون**[1].

**لە فەرمـوودەی هەژدە** بەناونیشـان (ڕەوشـت جـوانی) بە تێروتەسـەلی باسـی (تەقوا)مـان كـردووەو تەنـانەت ئاماژەمـان بـۆ شـوێنی و جێـی تەقـواو هەروەهـا (المتقـي)كێن ئەوانەی بە خۆپـارێز ناسـراون و سـوودەكانی لە خواترسـان (فوائـد التقوی)چیە؟؟ بگەڕێنەوە سەری.

چەمكی(**وَالسَّمعِ وَالطَّاعَةِ**) گوێڕایەڵێ فەرمانڕەوانتان بن، سەرنج بدەن ئەو گـوێگرتن و ملكەچیـیە بـۆ دەسـتەڵاتداران بە ڕەهـایی نـیە، لێتـان تێـك نەچێـت **لەفەرمـــوودەی حەوتەم** بە ناونیشـــان ئـــایین ئامۆژگـــارییە(**الـــدين النصـــيحة**) ئاماژەمـان بـۆ چەمكـی چۆنیەتی گـوێگرتن لە فەرمانڕەوامـان بـۆ كـردوون، كـێن ئەوانەی كە نابێـت لە فەرمانیـان دەربچـن؟؟ وەكـێن ئەوانەی نابێـت گوێڕایەڵیـان بن؟؟ پێغەمبەر ﷺ لەو بارەیەوە دەفەرمووێت: (... **إنَّما الطَّاعَةُ في المَعروفِ**)[2].

واتە: گـوێرایەڵی تەنهـا لە شـتە چـاك و باشـەكاندا دەبێـت، ئەگینـا لە شـتە ناپەسەندو خراپەكان گوێرایەڵی كردن نیە.

تەماشـــا بـــكەن حەزرەتی(أبـــوبكرؓ) لە پـــاش ئەوەی هەڵبژێـــردرا بـــوو بە خەلیفەی موسڵمانان وتاری بۆدان و فەرمووی: (**أَطيعوني ما أَطعتُ اللهَ ورسولَه فإذا عصيتُ اللّهَ ورسولَه فلا طاعةَ لي عليكم**)[3].

**لەو وتەیەدا** حەزرەتـی(**أبـوبكرؓ**) مەرجـی گـوێرایەلێ وملكەچـی كردنـی بەستووە بە پابەندبوونییەوە بە شەرعی خوداوەﷻ كە دەڵێت: گوێرایەڵیم بكەن

[1] كتێبی(التعريفات للجرجاني:ص٥٢ باب التاء).
(٢)-كتێبی(فتح الباري شرح صحيح البخاري:٢٨٦/١٣، رقم الحديث (٧٢٥٧) كتاب اخبار الآحاد).
(٣) كتێبی(البداية والنهاية :لابن كثير ٦٩٢/٦).

تا ئەو ساتەوەختەی گوێڕایەڵی خودامﷻ، ئەگەر یاخیبووم گوێم لێ مەگرن.

بۆ ئەوەی زیاتر شارەزابن و زانیاری تەواوتان دەست بکەوێت سەبارەت بەوبابەتی (**ولي الأمر**)ە بگەڕێنەوە بۆ ئەو فەرموودە (**الدين النصيحة**) هەروەك ئاماژەم پێدا، چونکە هەندێك لە موسڵمانان پێیان وایە: ئەگەر فەرمانڕەوا ستەمکاریش بێت دەبێت گوێڕایەڵی بن، بێگومان ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە ئەو کەسانە تێی کەوتوون، چونکی فەرمانڕەوای ستەمکار نابێت گوێی بۆ بگیرێت.

**بیرمان نەچێت چەمکی (تەقوا) پەیوەستە بە سەعادەتی ڕۆژی قیامەتەوە، بەڵام چەمکی(وَالسَّمعِ وَالطَّاعَةِ) پەیوەستە بە خۆشگوزەرانی دنیاوە، ئەو دووچەمکە پێکەوە گرێدراون.**

**چەمکی(وجلت منها القلوب وذرفت منها العيون)**، خورپەی دڵ و چاو پڕ لە فرمێسکی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە چاکەی دڵ دەگەڕێتەوە بۆ چاکەی چاو، وە **خراپ بوونی دڵ** بەهۆی **خراپی چاوەوەیە**، ئەو دووە گرێدراون پێکەوەو پەیوەندیی توندوتۆڵیان، لەگەڵ یەکدا هەیە دیارە لەوەوپێش بەتایبەتی باسی دڵ ئەو کوتە گۆشتە، ئاماژەمان پێکردووە، لە **فەرموودەی شەشەم دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لە گومان لێکراوەکان (البعد عن مواطن الشبهات)، بگەڕێنەوە سەری** بەڵام مەسەلەی گریان و فرمێسکی چاو لە ژیانی بڕواداردا زۆرگرنگەو پێگەو پایەی خۆی هەیە بە پێویستی دەزانین ئاماژەیەکی پێ بکەین.

## بابەتی گریان لە قورئانی پیرۆزدا

ئاشکرایە زۆرن ئەو ئایەتانەی کە باسی گریانی تێدا هاتووە لەم بڕگەیەدا هەوڵدەدەین چەند ئایەتێك بخەینە بەردیدی خوێنەر لەوانە:

**یەکەم:** خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: ﴿ **وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ * قَالُوا يَا أَبَانَا**

**إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ ﴾**[1].

**واتە:** لە بانگی شێواندا براکانی بەگریانەوە هاتنەوە بۆ لای باوکیان، وتیان: بە باوکیان: باوکە ئێمە لەو دەشتە یوسفمان لای کەلوپەلەکانمان داناو خۆمان ڕۆیشتین بۆ پێشبڕکێ کردن، تا بزانین کاممان لە ڕاکردندا پێش دەکەوین، کە گەڕاینەوە سەیرمان کرد یوسف گورگ خواردوویەتی، جا هەر چەندە ئێمە ڕاستگۆیش بین، بەڵام تۆ هەر باوەڕمان پێ ناکەیت[2].




لەڕاستیدا ئەم گریانەی کوڕەکانی حەزرەتی (یەعقوب علیه السلام) پێی دەوترێت: **گریانی بە درۆ (البکاء الکاذب)، یەکێکە لە جۆرەکانی گریان**[3].

**دووەم: خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿ قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لَا تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا * وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِنْ كَانَ**

(١) سورة يوسف الآية: ١٦-١٧.

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٢٥٩).

(٣) کتێبی( زاد المعاد/ لابن قیم الجوزیة:١/١٧٧).

**وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا * وَيَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا﴾**[١].

**واتە:** ئەی پێغەمبەرﷺ تۆ بەو بتپەرست و بێباوەڕانەی کە داوای هێنانی چەند موعجیزەیەکت لێدەکەن، پێیان بڵێ: ئەم قورئانە گەورەترین موعجیزەیەنارد دراوەتە خوارەوە بۆ ئەوەی مایەی هیدایەتی ئادەمیزاد بێت، جا ئێوەیش ئیمانی پی بێنن، یان ئیمانی پێ نەهێنن ئارەزووی خۆتانە، بەڵام چاك بزانن ئیمان پێ هێنانتان هیچێك لە ڕێزو شکۆی قورئان زیاد ناکات، هەروەها ئیمان نەهێنانیشتان هیچ لە نرخ و بەهای قورئان کەم ناکاتەوە، بەڕاستی ئەو کەسانەی کە پێش هاتنی ئەم قورئانە زانیاریان پێدرابوو، مەبەست هەندێك زاناو پیاوچاکی خاوەن کتێبە پێشووەکانە ئەگەر قورئانیان بۆ بخوێنرێتەوە بە سوجدە بردن بەڕوودا دێن و سەر دەخەنە سەر زەوی بۆ خوداﷻ، چونکە دڵییان کە ئەم قورئانە پیرۆزە هەقەو لە لایەن خوداوە نێرراوە.

(**يَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ سُجَّدًا**)ئەوانەی زانین و تێگەیشتنیان هەیەو دڵیان پاك و ڕووناکەکە لە ئایەتی پێشوودا باسی کردن، دەڵێن: پاکیی و بێگەردیی و دووریی لە هەموو کەم و کورتی و عەیبیەك هەر بۆ پەروەردگارمانە، کە لە بەدیهێنانی بەڵێنی خۆی دوا ناکەوێت، بەڕاستی هەموو بەڵێنێکی خودای پەروەردگار لە کات و ساتی خۆیدا دێتە دی[٢].

**(وَيَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ يَبْكُونَ....)** ئەوانەی کە گوێیان لە قورئانی پیرۆز دەبێت، **بەدەم گریانەوە** سەریان نەوی دەکەن و سەجدە دەبەن بۆ خودای گەورەو دڵیان زۆرترو زیاتر دەبەسترێتەوە بە پەروەردگاریانەوەو ملکەچ دەبن بۆی[٣].

**سێهەم:** خودای(ﷻ) دەفەرموێت: **﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ**

(١) سورة الإسراء الآية: ١٠٧- ١٠٩.
(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٤٩١- ٤٩٢).
(٣) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٤٩٢).

**مِنْ ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِنْ ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا﴾**[1].

**واتە:** ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوداﷻ کەرەم و بەخشش و نیعمەتی بەسەریاندا ڕژاندووە، لە پێغەمبەران(علیهم السلام)، کە لە نەوەی ئادەم بوون، وەکو ئیدریس(علیه السلام)، هەروەها لە نەوەی ئەوەیش کە لەگەڵ نوحدا(علیه السلام) لە کەشتییەکەدا هەڵمانگرتن، واتە نەوەی سامی کوڕی نوح، وەکو ئیبراهیم(علیه السلام)، هەروەها ئەوانەیش کە لە نەوەی ئیبراهیم بوون، وەکو ئیسماعیل(علیه السلام) و ئیسحاق و یەعقوب(علیهم السلام)، وە ئەوانەیش کە لە نەوەی ئیسرائیل بوون، کە نازناوی یەعقوبە، وەکو موساو هاروون و زەکەرییاو یەحیاو عیسا(علیهم السلام)، وە ئەوانەیش هەڵمان بژاردبوون و هیدایەتمان دابوون هەموو ئەوانە کاتێك کە فەرمایشتەکانی خودای میهرەبانیان بۆ بخوێندرایەتەوە، لەبەر گەورەیی وسام و هەیبەتی زاتی خوداﷻ بە هەموو دڵێکیانەوە سەریان دەنایە سەر زەوی و بە گریانەوە سەجدەیان بۆ خوداﷻ دەبرد[2].

**چوارەم:** خودای(ﷻ) دەفەرموویت:**﴿ أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ * وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ﴾**[3].

**واتە:** (جا ئێوە لەم قورئانە سەرسام ئەبن و پێئەکەنن و **ناگرین** و ئەوەندە بێ هۆش و خامۆشن، گەورەیی و نرخی ئەم قورئانە نازانن)[4].؟؟؟

(١) سورة مريم الآية:٥٨.
(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٥٥٦/٢).
(٣) سورة النجم الآية:٥٩-٦٠.
(٤) کتێبی( تەفسیری نامی:١٦٢/٦).

## بابەتی گریان لە سوننەتی پێغەمبەرداﷺ

ئاشکرایە لە سوننەتیشدا باس لە گریان کراوە هاوشێوەی قورئانی پیرۆز لەم بڕگەیەدا ئاماژە بەهەندێك لەو فەرموودانە دەكەین لەوانە:
**یەکەم:** فرمێسك و گریان لە ترسی خوداﷻ یەكێكە لەو تایبەتمەندییانەو کراونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بەندە لە ڕۆژی قیامەتدا چێژ لە سێبەری تەختی بەخشندە وەربگرێت.

سەرنج بدەن لە فەرموودەیەکی ڕاست و دروستدا هاتووە، پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:(**سبعةٌ يظلُّهمُ اللَّهُ في ظلِّهِ يومَ لا ظلَّ إلَّا ظلُّهُ ....ورجلٌ ذَكرَ اللَّهَ خاليًا ففاضت عيناهُ**)[١].

واتە: حەوت جۆرە کەس هەن لە ڕۆژی دواییدا دەچنە ژێر سێبەرەوە لەلایەن خوداوەﷻ کە لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لەو سێبەرەی پەروەردگار، یەکێك لەوانە پیاوێکە، لەسەر بەرماڵەکەی دانیشتووە یادی خوداﷻ دەکات و لە ترس و هەیبەت و گەورەیی و دەستەڵات و بە توانایی ڕەهای پەروەردگار فرمێسك وەکو باران بە چاوەکانیدا دێنە خوارەوە.

بەو جۆرە گریانە دەوترێت: (بكاء الخوف والخشية) گریان و فرمێسکی ترس لە هەیبەت وگەورەیی خودای باڵادەست[٢].

**دووەم:** سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕادەکێشم کە گریان و فرمێسکەکانی چاو لە ترسی خوداﷻ بەربەستی کۆنکریتی و ڕێگرە لە چوونە ئاگری دۆزەخەوە، بڕوانن پێغەمبەرﷺلەو بارەیەوە چی دەفەرمووێت: (**لا يَلِجُ النارَ رجلٌ بكَى من خَشيَةِ اللهِ حتى يعودَ اللبنُ في الضَّرْعِ ، ولا يجتَمِعُ غُبَارٌ في سبيلِ اللهِ ودُخَانُ جهنَّمَ**)[٣].

---

(١) كتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٨٦/٢رقم الحديث٦٦٠ كتاب الآذان- باب، من جلس في المسجد ينتظر الصلاة، وفضل المساجد).

(٢) كتێبی( زاد المعاد/ لابن قيم الجوزية:١٧٧/١).

(٣) كتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٢٣١١ص ٧٥٢٢ كتاب الزهد عن رسول اللهﷺ- باب– ما جاء في ←

بێگومـان ئەو فرمێسـکە لە ترسـی خـودایەﷻ کەوا لە خـاوەنەکەی دەکـات، ملــکەچ و گــوێڕایەڵی فەرمــانی پەروەردگــاری بێــت و دووری بخــاتەوە لە سەرپێچیکردنی.

پاشـان پێغەمـبەرﷺ نمـوونەیەکی هێنـایەوە کە مەحـاڵە بچێـتە نـاو ئـاگری دۆزەخەوە وە، هەروەک چۆن مەحاڵە شیر بگەڕێتەوە بۆ نـاو گـوانی ئاژەڵێـک دوای دۆشین و لێ دەرکردنی، مانای ئەوەیە کە گەڕانەوەی شیر بۆ ناو مەمک و گوان ڕوونـادات و مەحاڵە، هەروەها ئەو کەسەی لە ترسی خوداﷻ بگیرێت و فرمێسك بە چاویدا بێتە خوارەوە ناچێتە دۆزەخەوە.

**سێهەم**: بۆ ئەوەی چاوەکانمان ڕابهێنین لەسەر گریان و فرمێسکی پێدا بێتە خوارەوە لە ترسی ئەو ڕۆژەی کە بەتەنهـا ماڵئـاوایی لە دنیـا دەکەیـن و بە تەنهـا پرسـیاری نێـو گۆرمـان لێـدەکرێت و بەتەنهـا بەرەو گۆڕەپـانی مەحشـەر بەرێ دەکـرێین، پێغەمـبەر ئامۆژگـاریمان دەکـات بەوەی سـەردانی گۆڕسـتان بکەیـن، سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ چی دەفەرمووێت:**(كُنْتُ نَهَيْتُكم عن زيارَةِ القبور ألا فزورُوها، فإنَّها تُرِقُّ القلبَ، و تُدْمِعُ العينَ، وتُذَكِّرُ الآخرةَ، ولا تقولوا هُجْرًا)**[1].

بێگومان ئەو ئامۆژگارییەی پێغەمبەرﷺ چارەسەرە بۆ کۆمەڵی کێشەو گرفت کە زۆرینەمـان دووچاری بـووین بە هۆی دنیاویسـتی خۆپەرستی و لە خۆبـایی بـوون و .....هتـد، جـا بـۆ ئەو مەبەسـتەیە دەفەرمووێـت: لەوەوپـێش ڕێگربـووم لەسـەردانی کردنتـان بۆ گۆڕسـتان، بەڵام لە ئێسـتا بەدواوە بچـن سـەردانی بـکەن، چونکە دڵ نەرم دەکات بە تایبەت دەرمانە بۆ ئەو کەسانەی دڵ ڕەقن، هەروەها فرمێسـک بـۆ چاوەکـان دەهێنێـت و دەیانخـاتە گریـان، ئەوەش یەکێکە لە هەرە خەسڵەتە چاکەکان، ئەو سەردانیکردنەی گۆرستان قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ

---

فضل البكاء من خشية الله- حديث حسن صحيح).

(١) کتێبی(صحيح الجامع الصغير وزيادته: الألباني:رقم الحديث٤٥٨٤ ص٨٤١ صحيح).

بیر دەخاتەوە، ئینجا پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: قسەی ناشیرین وجنێوو قێزەوەن مەدەن و وازی لێ بهێنن.

بە پێویستی دەزانیین ئاماژەیەك بۆ گرنگی ئەو فەرموودەیە بکەین بە تایبەت ئاوڕ دانەوە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی، بڕوانن لەڕیزبەندی فەرموودەکە، باس لە **دڵی ڕەق و داخراو** کراوە، دیارە سەردانیکردنی گۆڕستان **کلیلی کردنەوەیەتی** ، ئینجا ڕۆڵی چاو دێتە پێشەوە، چونکە ئەو **دڵ ڕەقییە** کاریگەری لەسەر **چاو** درووست کردووە، لەوەو پێش ئاماژەمان بەوە کرد، کە سەرچاوەی چاکەی دڵ دەگەڕێتەوە بۆ چاکەی چاو، بەجۆرێك **خراپ بوونی دڵ** بەهۆی **خراپی چاوەوەیە،** ئەو دووە گرێدراون پێکەوەو پەیوەندی تونـدوتۆڵیان لەگەڵ یەکدا هەیە، دڵە داخراوەکە بە سەردانیکردنی گۆڕستان کرایەوە، هەر ئەو دڵە فەرمانی بە فرمێسکی چاودا برژێت و بگری، چونکە گریان لە ترسی خوداﷻ بە تایبەت ئەو قۆناغانەی کەبەسەر ئینساندا دێت، لە دوای ماڵئاویی کردنی لە دنیا هاندەرو ڕێخۆشکەرە بۆ جۆش سەندن و پڕمەی گریان لە ناخەوە، ئەگینا مەحاڵە بەبێ ئەو ڕیزبەندییەی فەرموودەکە، مرۆڤ بتوانێت فرمێسك لە چاوانی بێنێتە خوارەوە.

**(جۆرەکانی گریان)**

**ئاشکرایە هاتنە خوارەوەی فرمێسك لە چاوان و گریان پۆلێن کراون بۆ چەند جۆرێك لەوانە[1]:**

**یەکەم:** گریان لە ترس (بکاء الخوف والخشية).

**نموونەی** ئەو پیاوەی یادی خوداﷻ دەکات، لە ترس و هەیبەت و تواناو دەستەڵاتی ڕەهای خوداﷻ دەست دەکات بەگریان.

(١) کتێبی(موسوعة ابن أبي الدنيا لابن المبارك:١١٩/٣ رقم ٤٧٤١، و زاد المعاد/ لابن قيم الجوزية: ١٧٧/١).

**دووەم:** گریان لە خۆشیدا (بكاء الفرح والسرور).

فرمێسكی خۆشی وەڵامێكە بۆ هەستی كەسی كاتێك هەواڵیكی خۆشی پێ ڕادەگەیەنرێت لە خۆشیدا دەست دەكات بەگریان یان لەسەفەرێكی دوورە دەگەڕێتەوە نێو ماڵ و خێزانی لە خۆشیدا كە چاوی پێیان دەكەوێت فرمێسك بە چاوەكانیدا دێنە خوارەوە.

**سێهەم:** گریان لە ترسی سەرهەڵدانی ئازار و بەرگەنەگرتنی نەخۆشی(بكاء الجزع من ورود الألم وعدم احتماله).

**چوارەم:** گریان لە خۆشەویستی و حەسرەتدا(بكاء المحبة والشوق).

نموونەی: هەندێك لە پیاوچاكان لە حاڵەتی وەسفكردنی نورو جەمالی خوداﷻ فرمێسك بە چاویاندا دێتە خوارەوەو دەست دەكەن بە گریان.

**پێنجەم:** گریانی ڕەحم و نەرم ونیانی. ..(بكاء الرحمة والرقة).

**نموونەی** هاتنە خوارەوەی فرمێسك بە چاوانی حەزرەتی پێغەمبەرﷺبە مردنی (ئیبراهیم)ی كوڕی.

**شەشەم:** گریانێكی درۆ (البكاء الكاذب).

**نموونەی:** كوڕەكانی حەزرەتی (یەعقوب علیه السلام)، كاتێك (حەزرەتی یوسف علیه السلام) خستە نێو بیرەكەوە، هاتنەوە دەستیان بەگریان كردو وتیان: گورگ خواردوویەتی.

**حەوتەم:** گریانی گوناه (بكاءالإثم).

**نموونەی:** كەسێك گوناهێك ئەنجام دەدات دواتر پەشیمان دەبێتەوەوكاتێك بیر لە گوناهەكەی دەكاتەوە دەست دەكات بە گریان.

**هەشتەم:** گریانی دووڕوویی(**بكاء النفاق**).

**نموونەی:** ئەو ئافرەتانەی لە پرسەکان بانگ دەکرێن بۆ لاواندنەوەو گریان (بەکرێ دەیانگرن) پارەیان پێ دەدرێت، یان ئەو کەسەی بەچاو دەگری، بەڵام دڵی هەر ڕەقە، تەنها بۆ مجامەلەی بەرامبەری دەگیرێت[١].

**نۆیەم:** گریانی لاوازی بێ دەستەڵاتی(بکاء الخور والضعف)

**مەلا رضوان شارەزوری لە شیعرێکدا سەبارەت بە گریان دەڵێت:**

کەسێ کە پیشەی ناڵەو گریانە    لەخۆفی خودا دڵ بەبوریانە
فرمێسکی چاوی وەکو بارانە    تاوان لەدڵیا قورس و گرانە
چاوی پڕ گریان کاری خاسانە    لەژێر سێبەری عەرشی ڕەحمانە

**چەند نموونەیەك لە گریانی پێغەمبەرﷺ**

**گریانی لەکاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز**

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ گوێبیستی قورئان بوایە دەستی دەکردە گریان بڕوانن(عبداللّٰه بن مسعود ﷺ)دەگێڕێتەوە[٢]، پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: قورئانم بۆ بخوێنەرەوە، دەڵێت: وتم: چۆن قورئانت بۆ بخوێنم لە کاتێکدا بۆ جەنابت نێردراوەتە خوارەوە. فەرمووی: حەز دەکەم لە تۆوە گوێ بیستی بم، ئەڵێ منیش سورەتی (النساء)م خوێند کە گەیشتمە(**فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا**)[٣]، پێغەمبەرﷺ فەرمووی بوەستە، فرمێسك بە چاوی موبارەکی هاتە خوارەوە[٤].

---

[١] کتێبی(زاد المعاد/ لابن قيم الجوزية:١/١٧٨ بەدەستکارییەوە).
(٢) کتێبی(صحيح البخاري شرح فتح الباري :٨/٣١٦ رقم الحديث ٤٥٨٢ كتاب التفسير).
(٣)) سورة النساء الآية: ٤١.
[٤] کتێبی(موسوعة ابن أبي الدنيا لابن المبارك:٣/١٢٠ رقم ٤٧٤٢).

**تەفسیری ئایەتەکە:** (ئەی پێغەمبەرﷺ تۆیش دێنین بۆ ئەوەی ببیتە شایەت لەسەر دوو ڕووەکان و بێباوەڕان و بتپەرستەکان کە بە دوژمنایەتی تۆ کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە)[1].

## گریانی لەبەرئەوەی وەکو پێویست سوپاسگوزاری پەروەردگاری نەکردووە

حەزرەتی (عائیشە خودا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: شەوێك لە شەوان پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (ئەی عائیشە با ئەمشەو پەروەردگارم بپەرستم) وتم: بەخوا نزیکی تۆم **زۆر پێخۆشە بەڵام، تۆ چۆنت پێخۆشە باوابێت**، ئەوەبوو هەستا دەست نوێژی گرت و دەستیی بە نوێژ کردن کردو دەگریا ئەوەندە گریا کۆشی تەڕ بوو، هەر دەگریا ڕیشی تەڕ بوو هەر بەردەوام بوو لە گریان تا زەویەکەش تەڕ بوو لە گریانی، بیلال هات بانگی بکات بۆ نوێژ، کاتێک بینی پێغەمبەرﷺ دەگری، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بۆچی دەگریت لە کاتێکدا خوداﷻ لە گوناهی پێشترو پاشتریشت خۆش بووە؟ پێغەمبەرﷺفەرمووی: ئایا نابێ بەندەیەکی سوپاسگوزار بم؟ ئەمشەو ئایەتێکم بۆ دابەزیوە[2]، ماڵوێرانی و قوڕ بەسەری بۆ ئەوانەی دەیخوێننەوەو بیری لێناکەنەوە (**إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ**)[3].

واتە: بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی بەو شێوە ڕێك وپێکەی کە دەبینین گۆڕانی شەوو ڕۆژ لە ڕووی کورتبوون و درێژبوونیان بەگۆڕانی وەرزەکانی ساڵ، ئەوانە نیشانەیەکی گەورەو ئاشکران بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن بیرو

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن: ٤١١/١).

(٢) کتێبی( صحيح ابن حبان: رقم الحديث ٦٢٠ ص٢٧٩ كتاب- الرقائق- ذكر البيان بأن المرء عليه إذا تخلى لزوم البكاء على ما إرتكب من الحوبات وإن كان بائنا عنها مجدا في إتيان ضدها.

(٣)) سورة آل عمران الآية: ١٩٠.

هۆشن لەسەر یەکیەتی گەرەیی و توانی خودا کە ئەم کائیناتەی هێناوەتەدی بە شێوەیەکی دوور لەهیچ کەموکورتی و ناتەواویەك خوڵقاندوویەتی، کە مرۆڤی تێگەیشتووی تیادا حەیرانەو سەری سوور دەمێنێ و بۆی دەردەکەوێت ناکرێت نابێت ئەو گەردوونە سەرسورهێنەرە لە خۆیەوە هاتبێتەدی، بەڵکو دەبێت خاوەن توانایەکی دەسەڵات ڕەها خوڵقاندبێتی[1].

## گریانی بەزەیی پیاهاتنەوە بە ئوممەتەکەی

**(عبدالله بن عمروﷺ)دەگێڕێتەوە:** أنَّ النبيَّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ تَلا قَوْلَ الله عزَّ وجلَّ في إبْراهِيمَ: **﴿رَبِّ إنَّهُنَّ أضْلَلْنَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ فمَن تَبِعَنِي فإنَّه مِنِّي﴾ [إبراهيم: ٣٦] الآيَةَ**، وقالَ عِيسَى عليه السَّلامُ:**﴿إنْ تُعَذِّبْهُمْ فإنَّهُمْ عِبادُكَ وإنْ تَغْفِرْ لهمْ فإنَّكَ أنْتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ﴾ [المائدة: ١١٨]، فَرَفَعَ يَدَيْهِ وقالَ: اللَّهُمَّ أُمَّتي أُمَّتِي، وبَكَى، فقالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ: يا جِبْرِيلُ اذْهَبْ إلى مُحَمَّدٍ، ورَبُّكَ أعْلَمُ، فَسَلْهُ ما يُبْكِيكَ؟ فأتاهُ جِبْرِيلُ عليه الصَّلاةُ والسَّلامُ، فَسَأَلَهُ فأخْبَرَهُ رَسولُ الله صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ بما قالَ، وهو أعْلَمُ، فقالَ اللَّهُ: يا جِبْرِيلُ، اذْهَبْ إلى مُحَمَّدٍ، فَقُلْ: إنَّا سَنُرْضِيكَ في أُمَّتِكَ، ولا نَسُوءُكَ**[2].

واتە: ئەی پەروەردگارم بەڕاستی ئەو بتانە بەشێی زۆری خەڵکیان لەڕێگای ڕاست لاداوە جا هەر کەسێك شوێنم بکەوێت وە پابەندی ئەم ئایینە بێت کەبۆت ناردووم ئەوە لە منە وەلەسەر ئەو ئایینەیە کە تۆ ناردووتە بۆ گشت پێغەمبەران، وە هەرکەسێکیش بەقسەم نەکات و یاخی ببێت لێم، ئەوە بیگومان تۆ زۆر لێخۆشبوویی و ئێجگار خاوەن ڕەحمی[3].

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٣٦٠).
(٢) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٢/٣٤٤رقم الحديث٢٠٢ كتاب الإيمان- باب دعاء النبيﷺلأمته وبكائه شفقة عليهم ).
(٣) کتێبی (تەفسیری گوڵشەن:٢/٣٥٠).

خودای(ﷻ) دەفەرموویت:﴿**إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ**﴾[1]،

واتە: خودایە ئەگەر، تۆ سزایان بدەیت، ئەوان هەر بەندەی خۆتن وە ئەگەر، لێیان خۆش بوویت، تۆ لە هەموو کارو کردەوەکانت خاوەن دەستەڵات و دانایت.

ئینجا پێغەمبەرﷺ هەردوو دەستی موبارەکی بەرزکردنەوەو دەگریا دەیفەرموو: خودایە ئوممەتەکەم ئوممەتەکەم، پەروەردگار ئاگادارە بۆچی دەگری، خوداﷻ فەرمووی: ئەی جوبرەئیل بچۆ خزمەتی (محمدﷺ) پێی بڵێ: ئێمە بەرامبەر بە ئوممەتەکەت بێگومان دڵت ناشکێنین و ڕازیت دەکەین.

**گریانی سۆزو ڕەحمەت وبەزەیی و نەرم نیانی**

**(أنسؓ) دەگیرێتەوە:** شَهِدْنَا بِنْتًا لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، **قالَ: ورَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ جَالِسٌ علَى القَبْرِ، قالَ: فَرَأَيْتُ عَيْنَيْهِ تَدْمعان، قالَ: فَقالَ: هلْ مِنكُم رَجُلٌ لَمْ يُقَارِفِ اللَّيْلَةَ؟ فَقالَ أبَو طَلْحَةَ: أنَا، قالَ: فَانْزِلْ قالَ: فَنَزَلَ في قَبْرِهَا**[2].

**(أنسؓ) دەڵێت:** شەوێك لە بۆ بەخاکسپاردنی کچێکی پێغەمبەرﷺ ئامادە بووین، نێردراوی خوداشﷺ لەو کاتە لە لێواری گۆرەکە دانیشتبوو، بینیم هەردوو **چاوی موبارەکی فرمێسکی پیادا دەهاتە خوارەوەو** فەرمووی: کەس هەیە لە ئێوە ئەم شەوە سەرجێی نەکردبێت، (أبوطلحةؓ) وتی: من، ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: دابەزە ناو گۆرەکە.

(١) سورة المائدة الآية: ١١٨.

[2] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٩٣/٣رقم الحديث١٢٨٥ كتاب- الجنائز-باب٣٢).

**گریانی پێغەمبەرﷺ لە کاتی نوێژکردنی دا**

(عبدالله بن الشخیرt)دەڵێت: **رأيتُ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ يُصلي وفي صدرِهِ أزيزٌ كأزيزِ الرحَى مِنَ البكاءِ)**[1].

(عبدالله بن الشخیرt) دەڵێت: پێغەمبەرﷺ بینی نوێژی دەکرد هاوشێوەی ئاشی دانەوێڵە هاڕین چۆن دەنگی لێوەدێت لە کاتی هاڕینی دانەوێڵەدا ئاوەها سینگی موبارەکیان ئەو دەنگەی لێوە دەهات بە هۆی گریانییەوە.

**گرنگە مرۆڤی باوەڕدار لە کاتی نوێژکردندا بەو شێوازەی پێغەمبەرﷺ ئاوێتە بێت لەگەڵ خوێندنی ئایەت و زیکرەکانی نێو خوداپەرستییەکەی بۆ ئەوەی چێژ لە عیبادەتەی وەربگرێت و فرمێسك بە چاوانیدا بێتە خوارەوە.**

**گریانی پێغەمبەرﷺ لە بە خاکسپاردنی مردوودا**

**(البراء بن عازبt)** دەڵێت: **(كنَّا مع رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم في جنازةٍ، فجلس على شفيرِ القبرِ، فبكَى حتَّى بلَّ الثَّرَى، ثمَّ قال: يا إخواني لمثلِ هذا فأَعِدُّوا)**[2].

**(البراء بن عازبt)** دەڵێت: لە خزمەتی پێغەمبەرداﷺ بووین لە گۆڕستان لە بۆ بە خاکسپاردنی مردوویەك، دانیشت لە لێواری گۆرەکە، بەجۆرێك دەگریا زەوییەکەی تەڕکرد، ئەوەندە بە جۆش دەگریا ئینجا فەرمووی: براکانم بۆ ساتێکی ئاوەها خۆتان سازو ئامادە بکەن.

پێویستە هەموو موسڵمانێك لە ئامادە باشیدا بێت بۆ ئەو ساتە دیاری

---

(١) کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ٩٠٤ ص٤٥٢كتاب الصلاة- باب البكاء في صلاة، حديث صحيح).

(٢) کتێبی(سنن ابن ماجه: ٢٨٦/٥ رقم الحديث ٤١٩٥ باب الحزن والبكاء، و الترغيب والترهيب المنذري: رقم الحديث ٥٠١٨ص٦٩٢كتاب التوبة والزهد، باب الترغيب في ذكر الموت وقصر الأمل والمبادرة بالعمل، بإسناد حسن).

نەکراوەی ماڵئاوایی کردن لە دنیا، لە نێو ئەو گۆرە توێشووی نەبێت شەرمەزار دەبێت، لەو ڕووەوە پێغەمبەر هۆشداری دەدات بە شوێنکەوتووانی بەتایبەت بە بـرا ناویـان دەهێنێـتە جێـی خـۆیەتی ئامـاژە بـۆ یەکێـك لەو ئامۆژگارییـانەی ئیمامی(غەزالی) بکەن کە ڕێنمایی ئەو گەنجە دەکات کە فێرخوازە، پێی دەڵێت: ئەی گەنج (**اجعل الهمة في الروح، والهزيمة في النفس، والموت في البدن، لأن منزلك القبر، وأهل المقابر ينتظرونك في كل لحظة متى تصل إليهم، إياك ثم إياك أن تصل إليهم بلا زاد**)[1].

(**اجعل الهمة في الروح**)هیممەت بدەرە ڕوحت واز لە دنیا ویستی بهێنەو بە عەقڵ و ژیرییەوە بڕوانە دنیا بە پێچەوانەی دنیا ویستەکان کە عەقڵ وهۆشیان بـۆ پەیداکردنی پلەو پۆست و سامان داهات و باوەشگرتن بە دنیـاوە تەرخـان کردووە، بەجۆرێك حەزو خۆشی دنیا بۆتە خەمی سەرەکییان، کە ئامادە نین بۆ سـاتە وەختێکـیش دنیـا لەبیـری خۆیـان بەرنەوە، لەڕووی هـیممەت بەرزیـیەوە یەکێك لە خوشکە بەڕێزەکـان (خەدیجە بەرزنجی) دەڵێت: (**یـا خـالقی کەون و کوللی بەشەر، من ڕوو لە تۆ پشت لە عالەم، تا قیامەت بۆ دیدارت دێم و دێم**).

لەڕاستیدا پشت لە عالەم کردن و ڕوو لە خوداکردن ئەوپەڕی هیممەتی ڕوحە بـۆ مرۆڤـی بـاوەڕدار، چەمکـی(**والهزيمـة في الـنفس**) ئەی گەنـج شکسـت بە ئارەزووەکانی نەفست بهێنە، مەهێڵە نەفس زاڵ بێت بەسەر ناخ و دڵ و دەروونتا کە جێگـای خۆش ویستنی خـودایەﷻ،(**والموت في البـدن**) جەسـتەت بمـرێنە بە خوداپەرستییەکان، چونکە ماڵەکەت گۆڕە، و گۆڕستانییەکان لەچاوەڕوانیدان لە چ سـاتە وەختێکدا پێیـان دەگەیت، بەڵام ئاگـادار بە لەوەی بەدەستی بەتـاڵ و خاڵییەوە نەچیتە لایان، یانی مرۆڤ کە دەمرێت، **پێویستە توێشووی هەبێت** بۆ نێو گۆڕو ڕۆژی قیامەتی، لە خوداپەرستی و کاری چاکەو خێرو صەدەقات.

---

(١) کتێبی(أيها الولد/ للإمام الغزالي: الإعداد مركز دار المنهاج للدراسات:ص٤٦).

**مامۆستا عەزیز ئالانی وەرگێری کتێبی(دیوانی ئیمامی شافعی) دەڵێت[1]:**

**تویێشووی سبەینێت هەڵگرە ... کە ڕێبواری سەر سەفەری**

**بەس دنیا بدە بە کۆڵتا ... کە نازانی بۆ کوێی بەری**

**کۆکردنەوەت بۆ خەڵکییە ... بۆ ئەوانیشتە کۆڵبەری**

**جێی تویێشوو دارانت دەوێ و ... بەتەماش نیت تویێشوو بەری**

**پڕکە توویێشوو کە ئێستات لەبەردەمدایە**

**شەوی تاریکت لە پێشە ... ڕێگەت ئیحتیاجی چرایە**

**بەسبەینێوە مەنازە ... خودا دەزانێ چەندی دوێنی**

**وا ئەمڕۆ لە ژێر خاکایە ... زۆر جار تەرمت بۆ گۆڕستان**

**لەگەڵ خەڵکیدا بردووە ... دڵنیابە ئەو ڕۆژەش**

**دێ تەرمەکەت تۆی ... کە خەڵکی هەڵیان گرتووە**

**ئینجا هاوەڵانی** پێغەمبەرﷺ **وتیان:** ئەی نێردراوی خودا، وا تێدەگەین ئەو ئامۆژگارییانەت، وەکو ئەوەیە بەجێمان بهێڵێت و ماڵئاواییمان لێ بکەیت، (**كأنها موعظة مودعٍ فأوصنا**) چی وەسیەتێکمان بۆ دەکەیت.

بێگومان مرۆڤ کاتێك وەسیەت دەکات زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەو وشەو وتانەی لە ناخ و دڵ و دەروونییەوە دەردەچن، کە ئاراستەی ماڵ و منداڵ و خێزانی دەکات.

ئاشکرایە ساتەکانی ماڵئاوایی قسەگەلێکن کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکەن، وتراوە: ئەگەر دەتەوێت لە کارو کردەوەدا سوودمەندو سەرکەوتوو بێت،

(١) کتێبی(دیوانی ئیمامی شافعی بە کوردی/ وەرگێڕانی عزیزئالانی:ص٣٦).

ئەوا بەو شێوازە ئەنجامی بدە، کە ئەوە دوا کارو کردەوەتە.

تەماشــا بــکەن پێغەمــبەرﷺچــۆن وەســیەتیان بــۆ دەکــات؟؟ دەفەرمووێت:(**أُوْصِيْكُمْ بِتَقْوَى اللهِ عز وجل وَالسَّمعِ وَالطَّاعَةِ**) لە خوداﷻ بترسێن، پێشتر ئاماژەمان بۆ تەقوا کردووە بگەڕێنەوە بۆی، بە پێویستی نازانین دوو بــارەی بکەیــنەوە، چەمکــی(**وَالسَّــمعِ وَالطَّاعَــةِ**) بــاس لە گــوێڕایەڵی فەرمانڕەواکــان دەکــات، کە نابێــت لە فەرمانیــان دەربچــن بەو مەرجەی هەرچــی فەرمانێــك دەکەن شــەرعی بێــت، ئەو کــاتە گــوێڕایەڵی کردنیــان واجبە، ئەگینــا ئەگەر فەرمانەکانیان ناشەرعی بوو، گوێیان لێ ناگیرێت.

خــاڵێکی گرنــگ مــاوە ئامــاژەی پێــبکەین، ئەویــش ئــاوڕ نەدانەوەیە لە کەسایەتی ئەو فەرمــانڕەوایە کە دەبێــت گــوێڕایەڵی بــکەن، وەك دەفەرمووێــت: (**وَإِنْ تَــأَمَّرَ عَلَــيْكُمْ عَبْــدٌ**)، ئەوەش یەکــێکە لەو هەواڵانەی کە پێغەمــبەرﷺ ئوممەتەکەی لێ ئاگادارکردۆتەوە، لە کۆتاییەکانی تەمەنی دنیا کەسانێك حوکم دەگرنە دەست کە ئەهل و شایستەی ئەو فەرمانڕەواییەکردنە نین بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، چونکی خەڵکی بەدەستییانەوە دووچاری قەیران و کێشەو گرفتی زۆر دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵکە ناتوانن ڕوو بەڕوویان ببنەوە، بۆ لابردن حوکی دەستەڵاتیان، نـا لەبەرئەوەی نـاوێرن، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەیە ئەو فەرمـانڕەوا ناشایستانە، بەدیلیان نیە، ئەوەی لە دوای ئەوان بێت خراپترو گەندەڵ ترە، بۆیە ئەو خەڵکە بێ دەنگن لە ئاستی ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارو نادادپەروەرانە.

هەروەك ئەم ســەردەمەی ئێســتامان ســەرنج بــدەن لە حکــومەتی بەغــداو حکــومەتی هەرێــم خــراپترین سیســتمی حــوکمڕانی دەکەن لە نــاوچەکە، بەو بەڵگەیەی خەڵکی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بارودۆخی گوزەرانیان لەو پەڕی خراپی دایە، بە جۆرێك زۆربەی خەڵکی دەناڵێنن بەهۆی بێ کارییەوە، خۆ داهاتی نەوتیش لە هەژمارکردن نایەت، ڕۆژانە زیاتر لە چوار ملێون و پێج سەد هەزار بەرمیــل نەوت دەفرۆشــرێت و داهــاتەکەی دەچێــتە گیرفــانی حیزبــی

دەستەڵات و ئەحزابە شیعییەکانی تر، ئەو داهاتە زۆرە لە نێو خۆیاندا دابەشی دەکەن، وەرە کوردستانیش کەس نازانێت ئەو داهاتی نەوتەی هەرێم چی بەسەردێت، مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمش لە نێوان دەستەڵاتی بەغداو هەرێم گیری خواردووە، بەڕاستی فەرمانبەران لە هەرێم تووشی قەیرانی گەورە بوونەتەوە، بە هۆی نەدانی مووچە لە کاتی خۆیدا.

دواتر پێغەمبەرﷺ -ئاماژە بە خاڵێکی تر دەکات کە ئوممەتەکەی دووچاری دەبن بەتایبەت ئەوانەی لەم سەردەمەدا دەژین تەماشا بکەن چی دەفەرمووێت: (**فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافَاً كَثِيراً**) **یانی** دووبەرەکی و ڕای جیاجیا و ناکۆکی لە ڕاو بۆچوونەکان سەرهەڵدەدن و زۆر دەبن، بەجۆرێك هەر لایەنێك خۆی بەڕاست دەزانێت و ڕاو بۆچوونی بەرامبەرەکەی پێ قبوڵ نیە، جا لەوساتە وەختەدا باشترین ڕێگەچارەسەر بۆ ئەو جۆرە ناکۆکی و دووبەرەکییانە، پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: (**فَعَلَيكُمْ بِسُنَّتِيْ وَسُنَّةِ الخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ المَهْدِيِّينَ**)دەست بگرن بە ڕێبازو سوننەتی من کە (قورئانی پیرۆزو فەرموودەی ڕاست و درووستە)و ڕێگەو ڕێبازی جێگرەوەکانم کە حەزرەتی( أبوبكرو عمر و عثمان وعلي رضي الله عنهم) یە چونکە زیاتر ئەوان لە خزمەتی پێغەمبەرداﷺ بوون وە لە هەموو کەس زیاتر شارەزاییان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەبوو، هەر لەو سۆنگەیەوە پێغەمبەرﷺهانی شوێنکەوتووانی داوە کە خۆیان بەو دوو ڕێبازو ڕێگەیەوە بگرن، **الله أعلم** مەبەست لە(عَضُّوا عَلَيْهَا بالنَّوَاجذ) واتە بە هیچ شێوازێك سازش مەکەن لەسەر ئەو دوو ڕێبازە، چونکە تەنها گرتنەبەری ئەو دوو ڕێگایە، فریادڕەسە بۆ بنبڕکردنی هەموو کێشەو گرفت و قەیرانەکان.

کەوابوو: پێویستەو ئەرکە لەسەر هەموو بڕوادارێکی ڕاستەقینەو باپەند بە شەریعەتەوە، بۆ چارەسەرکردنی قەیران و کێشەو گرفت و لەمپەرەکانی بەردەم ژیانی، بگەڕێتەوە بۆ سوننەتی ڕاست و درووستی پێغەمبەرﷺو ڕێبازی جێنیشینەکانی(رضي الله عنهم) تەنانەت لە بەڕێوەبردنی وڵاتیش، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەوڵەتدارییە نەك تەنها خوداپەرستی.

وە دەبێت بەگژی ئەوانەدا بچینەوە کە بەردەوام دەهۆڵی ئەوە لێ دەدەن کە دەبێت دین و دەوڵەت لەیەك جیابکرێنەوە، پێویستە تێیان بگەیەنین کە تەنها ئەوە ئایینی ئیسلامە لە بەڕێوەبردنی وڵات، کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دادەنێت، کە دەست پاك و ئەمین و بەوەفا بێت بۆ وڵات و خاك و نیشتمانی، نەك خاك فرۆش و بەکرێگیراوی وڵاتانی دەروپشت و خائین و دز دابنێت و سامانی وڵاتەکەی بە غەنیمەت بزانێت بیخوات بە ناهەق و ناڕەوا، میللەتیش برسی و بێ مووچە بکات، بەڕاستی کە تەماشای ئەو دەستەڵات و فەرمانڕەوایانەی ئەم سەردەمە دەکەیت شەرمەزار دەبیت، بگرە ئەوە عێراق و سوریاو لوبنان و یەمەن و میسر....هتد، میللەتەکانیان لە چ بارودۆخێکی ناهەمواردا گوزەران بەسەر دەبەن، بەڵام فەرمانڕەواکانیان لەو پەڕی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی دەژین ئا ئەوە نادادپەروەریی و ناعەدالەتی حوکمڕانییە، خودا ﷻ دەفەرمووێت:﴿وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ﴾[1] .

لەو ئایەتەدا خودای گەورە ﷻ نەوەکانی ئادەم فێری شێوازو چۆنیەتی حوکمڕانی دەکات و دەفەرمووێت: دادگەر بن لە حوکمڕانیتاندا نەك خزم و خزمێنەو لایەنگیری کەسانی نزیکتان بن، نەبادا کاریگەری لەسەرتان دروست بکەن و لە دەرئەنجامدا جیاکاری لە نێو خەڵکیدا بکەن و بەوەش دەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە.

هەروەها خودا ﷻ دەفەرمووێ: **﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيّاً أَوْ فَقَيراً فَاللّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ﴾**[2].

واتە: (ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە، دادپەروەر بن و هەرچی حەق و

(١) سورة النساء الآية: ٥٨.

(٢) سورة النساء الآية: ١٣٥.

ڕاستییە بە تەواوی بهێننە دی، وە بۆ ڕەزامەندی خوداﷻلە شایەتیداندا لە عەدالەت لامەدەن، تەنانەت گەر، شایەتییەکە لەسەر خۆیشتان بێت و بەزەرەرتان تەواو ببێت چونکە، ئەو کەسەی دان بنێت بە بوونی حەقێك لەسەر خۆی ئەوە دەبێتە شایەت لەسەر خۆی هەروەها، ئەگەر، شایەتییەکە لەسەر باوك دایك بوو، یاخود لەسەر خزمە نزیکەکانتان بوو، ئینجا ئەو خزم و کەسانە هەژار بن یا دەوڵەمەند دەبێت چی حەق و ڕەوایە ئەوە بوترێت و بخرێتە ڕوو بێ ئەوەی لایەنگیری دەوڵەمەند بکرێت، لەبەر ئەوەی کە دوڵەمەندە، یان هەژار لەبەر ئەوەی هەژارە چونکە، جێبەجێ کردنی فەرمانی خوداﷻگەلێك پێویست ترو گەورەترە لە لایەگیری بۆ یەکێك لەوانە)[1].

بێگومان ئەم دوو ئایەتە پێمان دەڵێت: کە عەدالەت کردن یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی سیستەمی حوکمڕانی لەسەر بونیادنراوەوکرۆکی بەردەوام بوونی حوکمدارێتییە، دەبێت ئەو عەدالەت کردنە شۆربێتەوە بۆ ناو دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها بۆ نێو بازارو ماڵ و خێزانەکان و .. هتد، واتە: هەموو تاکێك لە کۆمەڵگە بگرێتەوە، بێ جیاوازی کردن و گوێ دان بە ڕەنگ و مەزهەب و نەتەوە و ئینتمای دینی و...و...هتد.

لە کۆتاییی ئەو ئامۆژگارییی و وەسیەتە پێغەمبەرﷺ بە هاوەڵان و شوێنکەوتووانی دەفەرمووێت: (**وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ فإنَّ كلَّ مُحدثةٍ بدعة، وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ**)

**واتە: خۆتان بەدوور بگرن و ئاگاداربن لە شتی تازە داهێنراو، ئاشکرایە (بیدعە)ش،** ئەو نوێگەری و داهێنانەن لە کردەوە یان لە گوفتار یان لە باوەڕ کە بنچینەیەکی شەرعییان نیەو پێچەوانەی سوننەتن تەنانەت هاوەڵان و

(١)) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن: ٤٧٤/١) .

شوێنکەوتووانیش(التابعين) پەیڕەوییان لێ نەکردوە، بەهیچ جۆرێك بەڵگەی گشتی یان تایبەتیان لەسەر نییە[1].

(الإمام العلامة التفتازاني) سەبارەت بە بیدعە دەڵێت:(**وَمِنَ الجَهْلِ مَنْ يَجْعَل كُلَّ أَمْر لَمْ يَكُنْ في عَهْدِ الصحابة بِدْعَةٌ مَذمُومَةٌ، وَإِنْ لَمْ يَقُمْ دَليلٌ عَلى قُبْحِه، تمسكاً بقوله عليه الصلاة والسلام: (إياكم ومحدثات الأمور) ولا يعلمون أن المراد بذلك هو أَنْ يَجْعَلَ مِنَ الدِّينِ مَا لَيْسَ مِنْهُ**)[2].

ئەم زانایە دەڵێت: لەڕاستیدا ئەوە جۆرێکە لە نەفامی کەسانێك پێیان وابێت هەر بابەتێک لە سەردەمی سەحابەکاندا نەبووبێت، ئەوا بیدعەیەکی پەسەند نەکراوە، تەنانەت ئەگەر، بەڵگەی ناپەسەندیشی لەسەر نەبێت، بەو پێیەی کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:(**إياكم ومحدثات الأمور**) یانی: ئاگاداربن لە هەموو بابەتێکی تازە داهێنراو، بێئەوەی لە مەبەستەکەی پێغەمبەرﷺ بگەن کە داهێنانی شتێکە لە دین پێچەوانەی شەرع و سوننەت و کۆدەنگی زانایانە.

هەڵبەتە ئەو بابەتی بیدعەیەمان لە **فەرموودەی پێنجەم دا بە ناونیشان**، نەکردنی بیدعە (**النهي عن الابتداع في الدين**) باس کردووە لەم نووسینەماندا بە تێرو تەسەلی بگەڕینەوە بۆی.

**پوختەی بابەتەکە**

*ڕێنمایی پێدان و ئامۆژگاری کردنی کەس و کارو دۆست و هاوڕێ کاروکردەوەیەکی پیرۆزە﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾[3].

* **(وجلت منها القلوب وذرفت منها العيون)**، خورپەی دڵ و چاو پڕ لە

---

[1] کتێبی( التعريفات للجرجاني: ص٣٥ باب الباء، و صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٣١٢/١٣ رقم الحديث ٧٢٨٨ كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة- باب الإقتداء بسنة رسول اللهﷺ). بەدەستكارييەوە).
[2] کتێبی(شرح المقاصد للتفتازاني:٢٣٢/٥)
[3] سورة الذاريات الآية:٥٥.

فرمێسکی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە چاکەی دڵ دەگەڕێتەوە بۆ چاکەی چاو، وە خراپ بوونی دڵ بەهۆی خراپی چاوەوەیە، ئەو دووە گرێدراون پێکەوەو پەیوەندییان توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکدا هەیە.

(**كأنها موعظة مودعٍ فأوصنا**)بێگومان مرۆڤ کاتێك وەسیەت دەکات زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەو وشەو وتانەی لە ناخ و دڵ و دەروونییەوە دەردەچن کە ئاراستەی ماڵ و منداڵ و خێزانی دەکات ساتەکانی ماڵئاوایی قسەیەکن کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکەن، وتراوە ئەگەر دەتەوێت کارەکەت سوودمەندو سەرکەوتوو بێت، ئەوا بەو شێوەیە ئەنجامی بدە کە ئەوە دوا کاروکردەوەتە، **گریان لە ترسی خودای گەورە، ڕاستترین هەست و بەهێزترین دەربڕینی نێو دڵ و ناخ و دەروونی کەسی بڕوادارە.**

*سوننەتی ڕاست و درووستی پێغەمبەرﷺو ڕێبازەکەی، سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامە بۆ چارەسەری زۆری ئەو کێشەو گرفتانەی دووچاری شوێنەکەوتووانی دەبێت، وە هەروەها پێغەمبەرﷺفەرمانی کردووە بەگرتنەبەری ڕێبازی جێنیشینەکانی لە هاوەڵانی لەکاتی درووست بوونی کێشەو ململانیکردن لەبەرئەوەی متمانە پێکراون، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ مەنهەجی ئەوان لە چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکان.

*گوێڕایەلێ فەرمانڕەواو دەستەڵاتداران و ملکەچی و گوێگرتن بۆیان بە ڕەهایی نیە، ئاگاداربن هەندێك لە موسڵمانان پێیان وایە: ئەگەر فەرمانڕەوا ستەمکاریش بێت دەبێت گوێڕایەڵی بن، بێگومان ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە ئەو کەسانە تێی کەوتوون، چونکی فەرمانڕەوای ستەمکار نابێت گوێی بۆ بگیرێت.

* بیدعە لە بنەڕەتدا داهێنانی شتێکە کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوداﷺ بوونی نەبووە، پاشان بیدعە دوو جۆرە، ئەگەر، بیدعەکە لە شەریعەتدا بنچینەیەکی هەبوو ئەوە پەسەندکراوە، بەڵام ئەگەر، لەو جۆرەیان بێت کە لە هیچ بنچینەیەکی شەرعیدا جێگەی نەدە بووەوە، ئەوا بێگومان بیدعەیەکی ناپەسەندە و ڕەتدەکرێتەوە.

# فەرموودەی بیست و نۆ ڕێگای چوونە بەهەشت زۆرن

## (أبواب الخير)

**عَن مُعَاذ بن جَبَلٍ رضي الله عنه قَالَ: قُلتُ يَا رَسُولَ الله أَخبرني بعَمَلٍ يُدخلُني الجَنَّةَ وَيُبَاعدني من النار قَالَ: لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيْم وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللهُ تَعَالَى عَلَيْه: تَعْبُدُ اللهَ لاَتُشْرِكُ بِه شَيْئًا، وَتُقيمُ الصَّلاة، وَتُؤتي الزَّكَاة، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ البَيْتَ، ثُمَّ قَالَ: أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَاب الخَيْر: الصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الخَطِيْئَةَ كَمَا يُطْفِئُ المَاءُ النَّارَ، وَصَلاةُ الرَّجُلِ فِي جَوْفِ اللَّيْل ثُمَّ تَلا: (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ) حَتَّى بَلَغَ: (يَعْلَمُونْ) [السجدة:١٦-١٧] ثُمَّ قَالَ: أَلا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الأَمْرِ وَعَمُوده وَذرْوَة سَنَامه ؟ قُلْتُ: بَلَى يَارَسُولَ الله، قَالَ: رَأْسُ الأَمْرِ الإِسْلامُ وَعَمُودُهُ الصَّلاةُ وَذروَةُ سَنَامه الجهَادُ ثُمَّ قَالَ: أَلا أُخبرُكَ بملاك ذَلكَ كُلِّه ؟ قُلْتُ:بَلَى يَارَسُولَ الله. فَأَخَذَ بلسَانه وَقَالَ: كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا. قُلْتُ يَانَبِيَّ الله وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بمَا نَتَكَلَّمُ به ؟ فَقَالَ: ثَكلَتْكَ أُمُّكَ يَامُعَاذُ. وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَو قَالَ: عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إِلاَّ حَصَائِدُ أَلسِنَتِهِمْ)**[1].

ئاشکرایە بەجێگەیاندنی کاروکردەوە چاکەکان و خۆ بەدوورگرتن لە خراپەو تاوان وگوناه، ئامرازێکن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارو چوونە بەهەشت و ڕزگاربوون لە سزاو ئاگری دۆزەخ.

**(مُعَاذ بن جَبَلٍ رضي الله عنه) دەڵێت:** ئەی نێردراوی خودا(**أَخبِرنِي بِعَمَلٍ يُدخِلُني الجَنَّةَ**

(١) کتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٢٦١٦ص ٥٩٠ کتاب الإيمان عن رسول الله باب – ما جاء في حرمة الصلاة- حديث صحيح).

**وَيُبَاعدني منِ النار)**، پێم بڵێ: چ کردەوەیەك بکەم پێی دەچمە بەهشت و لە ئاگری دۆزەخیش دوورم بخاتەوە.

بڕوانن لە وەڵامی پێغەمبەرﷺ(**لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيْمٍ وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللهُ تَعَالَى عَلَيْهِ**)، تۆ لەبارەی شتێکی گەورەوە پرسیارت لێکردم، کە چوونە بەهەشت و ڕزگاربوونە لە دۆزەخ، بێگومان ئەو شتە گران نیەو ئاسانە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسەی کە پەروەردگار بۆی ئاسان بکات.

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ نەخشە ڕێگای چوونە بە هەشت و دوورکەوتنەوەو ڕزگاربوونی لە ئاگری دۆزەخ بۆ دەکێشێت و دەفەرموویێت: (**تَعْبُدُ اللهَ لاَتُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيْمُ الصَّلاةَ، وَتُؤتِي الزَّكَاةَ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ البَيْتَ**) بێجگە لە زاتی(**اللهٰ**ﷻ) عیبادەتی کەسی تر نەکەیت و هاوەڵی بۆ پەیدا نەکەیت لە پەرستشەکانت، ئینجا بەجێگەیاندنی **پێنج فەرزەی نوێژە** بە مەرجەکانییەوە، هەروەها **زەکاتدان**، فەرزە(واجبە) بەتایبەت لەسەر ئەوانەی کە دەوڵەمەندن، بڕێك پارەیەیان لێوەردەگیرێت کە شەرع ئەندازەکەی داناوە، کە دواتر دەدرێتە ئەوانەی شایستەی وەرگرتنی ئەو زەکاتەن، کە بە دەقی قورئان ئاماژەیان پێکراوە، **ئینجاگرتنی ڕۆژی مانگی ڕەمەزانە** کە بریتیە: لە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوەو ئەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە لە بەرەبەیانەوە تاوەکو، خۆرئاوابوون، هەروەها جێبەجێ کردنی فەریزەی (حەج)کردنە بە مەرجەکانییەوە، واجبە لەسەر ئەوانەی توانای دارایی و جەستەییان هەیە بەو مەرجەی ڕێگای ڕۆیشتن و هاتنەوەیان سەلامەت و بێ کیشەو گرفت بێت، ترسی ڕێگایان نەبێت، ئەگینا جێبەجێ کردنی ئەو فەریزەیە دوا دەخرێت بۆ کاتێکی گونجاو.

**ثُمَّ قَالَ: أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الخَيرْ: الصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الخَطِيْئَةَ كَمَا يُطْفِئُ المَاءُ النَّارَ، وَصَلاةُ الرَّجُلِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ ثُمَّ تَلا : (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ) حَتَّى بَلَغَ: (يَعْلَمُونْ) [السجدة:١٦-١٧]**

ئینجا فەرمووی: ئایا ڕێنماییت بکەم و دەروازەکانی چاک خوازیت پیشان

بدەم، کە سەرکەوتن و سەرفرازییە لە دونیا و خۆشکوزەرانی وبەختەوەرییە لە قیامەتدا؟؟؟

(**الصَّوْمُ جُنَّةٌ**) ڕۆژوو قەڵغان و بەربەست و پارێزەرە، لە ئەنجامدان و کەمکردنەوەی تاوان و گوناە و سەرپێچی کردن، مەبەستی پێغەمبەرﷺ لێرەدا (اللّٰهُ أَعْلَم) ڕۆژووی سوننەتە بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خودای گەورەو بەدەستهێنانی خێرو پاداشتی زۆر.نموونەی: ڕۆژووی شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال، ڕۆژی عەرەفە، ڕۆژی عاشورا، ڕۆژوو گرتنی دووشەممە و پێنج شەمموان لە هەموو هەفتەیەکدا ڕۆژووی ڕۆژانی**١٣ - ١٤ - ١٥**ی هەموو مانگێکی عەرەبی(أيام البيض) و ....هتد.

سەبارەت بە خێرو پاداشتی ڕۆژووی سوننەت پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: (**مَن صامَ يَوْمًا في سَبيلِ اللَّهِ، بَعَّدَ اللَّهُ وجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا**)[١].

واتە: هەرکەسێک لە پێناوی خوداداﷻ ڕۆژێک بەڕۆژوو بێت، خودا سبحانه وتعالى حەفتا پاییز ڕووخساری لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە، مەبەستی پەروەردگار لەو (٧٠) پاییزە(اللّٰهُ أَعْلَم) لێخۆشبوون و سزا نەدانیەتی بە ئاگری دۆزەخ بە یەکجاری، لەڕاستیدا ئەو فەرموودەیە گرەنتی ڕزگاربوونە بۆ شوێنکەوتووانی پێغەمبەرﷺ لە ئاگری دۆزەخ بەو مەرجەی لە ناخ و دڵ دەروونەوە ئەو ڕۆژییە بگرن تەنهاو تەنها مەبەستیان لەو ڕۆژوو گرتنە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای(عز وجل) بێت.

(**وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ المَاءُ النَّارَ**)خێرو صەدەقەکردن گوناە دەکوژێنێتەوە، هەروەک چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە.

صەدەقەو خێر پێش ئەوەی بچێتە دەستی هەژارەکەوە پاداشتەکەی جێگیر دەبێت لای پەروەردگار

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٥٩/٦رقم الحديث٢٨٤٠ كتاب الجهاد والسير- باب فضل الصوم في سبيل الله).

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺسەبارەت بە پاداشتی صەدەقەکردن و خێراتی ژێر بە ژێر بە نهێنی بەو مەرجەی کەس پێی نەزانێت تەنهاو تەنها زاتی(**اللَّه**ﷻ)نەبێت، چی دەفەرمووێت: (....**صَدَقَةُ السِّرِّ تُطفِئُ غضبَ الرَّبِّ**)[1].

بێگومان ئەو جۆرە بەخشینە بە نهێنی دوورە لە ڕیابازی و خۆهەڵکێشان لەو سونگەیەوەیە پاداشتەکەی تووڕەیی پەروەردگار ناهێلێت.

گرنگە موسڵمانان تا بۆیان دەکرێت خێرو صەدەقە بکەن بە ئاشکرا، وەکو زەکاتدان و هەندێك جار بۆ هاندانی کەسانی تر بۆ ئەوەی فێری بەخشین بن، هەندێجاریش بە نهێنی ببەخشن، بە جۆرێك ببەخشن هەژارەکەش نەزانێت ئەو کەسە کێیە هاوکاری و یارمەتی کردووە؟؟؟ **بۆ نموونە:** کەسێکی خوا پێداو دەتوانێت یارمەتی و هاوکارییەکانی بگەیەنێتە دەستی هەژارو لێقەوماوان، بەوەی بچێتە بە دەرگای ماڵی هەژارەکەو ئەو هاوکاری و یارمەتییانە لەبەر دەرگاکەیان دانێت و لە دەرگاکەیان بدات و بڕوات، یان بڕە پارەیەك بخاتە نێو زەرفێکەوە فڕێی بداتە نێو ماڵی هەژارەکەوە لە پشت دەرگای حەوشەوە، دیارە شێوازی جۆراو جۆر هەیە بۆ گەیاندنی ئەو یارمەتی و هاوکاریکردنە.

**(وَصَلاةُ الرَّجُلِ في جَوْف اللَّيْل) ثُمَّ تَلا﴿تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾**[2].

**واتە:** ئەو ئیماندارە ڕاستگۆیانە بەشەوان لاشەیان لە ناو جێگاکەیاندا ناحەوێنەوەو خۆیان پێناگیرێت و هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی شەونوێژ بکەن، وە بەدڵی پڕ لە ترس و لە تەماع، داوای لوتف و کەرەم و ڕەحمەت لە خوداﷻ

(١) کتێبی(صحيح الجامع الصغير وزيادته: الألباني:ص٧٠٣رقم الحديث٣٧٦٦، الترغيب في فضائل الأعمال لابن شاهين: ص٣٢٦ رقم الحديث ٣٨٦باب فضل صدقة السر و جميع أعمال السر على عمل العلانية حديث صحيح).

(٢) سورة السجدة الآية:١٦-١٧.

ئەکەن، وە لەو ماڵ و سامانەی پێیان بەخشیوون دەستی یارمەتی و هاوکاریی کردنی هەموو کارێکی خێری ناو کۆمەڵگە درێژ دەکەن، هیچ کەسێك لەو ئیماندارو خاوەن ڕەوشتە جوان و کردەوە چاکانە نازانێت کە خوداﷻ لە بەهەشتی ڕازاوەدا چ جۆرە خۆشی و شادییەکی بۆ ئامادە کردوون کە مایەی دڵخۆشییانەو چاویان پێ گەش و ڕوون دەبێتەوە، ئەوەیش لە پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیادا ئەنجامیانداوە[1].

**لەڕاستیدا شەونوێژ کردن شەرەف و کەرامەتێکی زۆر گەورەیە** هەرکەسێك پێی هەڵبسێت و بیکاتە بەرنامەی ژیانی شەوانەی، بێگومان بێ بەش نابێت لەوەی کە پەروەردگار بۆی سازو ئامادەکردووە لە بەهەشتدا، چونکی ئەو بەڵێن و وەعدی زاتی**(اللّٰهﷻ)یە.**

پێغەمبەرﷺ دەفەرموویت:**(عَليكمْ بقِيامِ اللَّيلِ فإنَّهُ دأَبُ الصَّالِحينَ منْ قَبلِكم، وقُربَةٌ إلى اللهِ تَعالَى، ومَنهَاةٌ عنِ الإثم، وتَكفِيرٌ للسَّيِّئات، ومَطرَدَةٌ للدَّاءِ عنِ الجسَد)**[2].

لەو فەرموودەیە پێغەمبەرﷺ کۆمەڵێك لە دەستکەوتەکانی شەونوێژ کردنمان بۆ دەخاتەڕوو لەوانە:

یەکێکە لە هەرە خەسڵەتەجوانەکانی پیاوچاکانی پێش خۆتان، هۆکارێکە بۆ نزیك بوونەوە لە ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی خوداﷻ و سڕینەوەی گوناهەکان تەنانەت ڕێگرو لەمپەڕە لە نزیکبوونەوەی تاوان و گوناە، هەروەها ئەوانەی شەونوێژدەکەن دووچاری نەخۆشی ماددی یان مەعنەوی نابن.

ئاشکرایە شەونوێژکردن(سنة مؤكدة) سوننەتێکە جەختی لێکراوە دروشمی

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٣٣٤).
(٢) کتێبی(الجامع الصغير في أحاديث البشير النذير السيوطي:٢/٣٤٤رقم الحديث٥٥٧٣، حديث صحيح).

پیاو چاك و لە خواترسەكانە، تەنانەت لە سەرەتادا لەسەر پێغەمبەرﷺ ئەرك و واجب بوو، خوداﷻدەفەرمووێت:﴿**وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَىٰ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا**﴾[1].

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ لە بەشێكی شەودا پاش خەوتن هەستەوەو نوێژ بكەو قورئانی زۆری تێدا بخوێنە، كە ئەمە زیادە پێویستییەكە لەسەر تۆ، تا بە ڕۆژی دواییدا خودا پلەو پایەی بەرزت بگەیەنێتە جێگەو ئاستێك، كە گەلێك بەرێزو بە باشی ناوی بهێنرێت... هەندێك لە زانایان دەڵێن: مەبەست لە ﴿**مَقَامًا مَّحْمُودًا**﴾: شەفاعەتكردنی پێغەمبەرەﷺ هەروەها هەندێك لە زانایان دەڵێن:شەونوێژ لەسەر پێغەمبەری خودا پێویست (فەرز)بووە، بەلام هەندێكی تر ڕایان وایە كە لەسەری فەرزنەبووە، بەڵام هەر بۆ زیادە خێر بووە، هەندێكی تر دەڵێن: لە سەرەتادا لەسەری فەرز بووە، بەلام دوایی پێویستییەكەی لەسەر لاچووە[2].

خوداﷻدەفەرمووێت: ﴿**يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ * قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً * نِصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً * أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً**﴾.

واتە: ئەی ئەو كەسەی كە بە نوێنی نوستنی شەو خۆت پێچاوەتەوە، شەو هەستە بۆ نوێژ، بەشی زۆری شەو هەستە كەمێكی نەبێت، یان كەمێك لە نیوەی كەمتر بێت، یاخود لە نیوەی زیاتر قورئان بخوێنە، نەك بە پەلەو خێرا، بە خوێندنەوەیەك بیخوێنە كە ببێتە مایەی ڕووناكی بۆ دڵت[3].

**تەماشا بكەن پەروەردگار** بەچی وەسفی كەسی چاكخوازو لە خواترسی بۆ كردووین لە قورئانی پیرۆزدا وە هۆكاری دڵخۆشی ئەوانی لە بەهەشتدا بۆ ڕوون

(١) سورة الإسراء الآية:٧٩.
(٢) كتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤٧٩/٢).
(٣) كتێبی( تەفسیری نامی:٣٦٣/٦، تەفسیری گوڵشەن:٤٠٤/٤ بەدەستكارییەوە).

کردووینەتەوە، کە شەونوێژیان بووەو لە بەرەبانیشدا داوای لێخۆشبوونیان لە پەروەردگارکردووە.

سەرنج بدەن خوداﷻچی دەفەرموویت: ﴿إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ * آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ * كَانُوا قَلِيلاً مِنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ * وَبِالأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾[(١)].

واتە: بەڕاستی ئەوانەی خودایانﷻ بە چاکی ناسیوەو بە پێی فەرمانەکانی خوداﷻ ژیانی خۆیان بردوەتە سەرو، لە پێناوی ڕەزامەندی ئەودا هەموو کارێکی چاکەیان کردووە، ئەوانە لە ڕۆژی دواییداوان لە ناو باخ و باخەتەکانی بەهەشتی ڕازاوەدا، کە پڕیەتی لە کانی و ڕووباری سازگار، لەوێ ئەوەی خوداﷻ بۆی بڕیارداون لە خۆشیی بەهەشت دەستگیری ئەکەن، پێی دڵخۆش دەبن، بەڕاستی ئەوانە لە دنیا خاوەنی کردەوەی چاك بوون، لەشەواندا ماوەیەکی کەم نەبوایە نەدەخەوتن و زۆربەی کاتی شەوانیان بە شەونوێژ دەبردە سەرو لە بەرەبەیانیانیشدا لە خوداﷻ دەپاڕانەوەو داوای لێخۆشبوونیان لێ دەکرد[(٢)].

چاکخوازی+ شەونوێژکردن+داوای لێخۆشبوون لە بەرەبەیاندا= چوونە بەهەشت

**ئایا شەو نوێژ ناکەن؟؟؟**

سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕادەکێشم کە پێغەمبەرﷺ چۆن ئاگاداری (فاطمة کچی و حەزرەتی علي‌ﷺ) کردۆتەوە لە بۆ شەونوێژکردن، حەزرەتی(علي‌ﷺ) دەڵێت: (**أَنَّ رَسولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ طَرَقَهُ وفاطِمَةَ بنْتَ النبيِّ عليه السَّلَامُ لَيْلَةً، فَقالَ: أَلَا تُصَلِّيَانِ؟ فَقُلتُ: يا رَسولَ اللَّهِ، أَنْفُسُنَا بيَدِ اللَّهِ، فَإِذَا شَاءَ أَنْ يَبْعَثَنَا بَعَثَنَا، فَانْصَرَفَ حِينَ قُلْنَا ذلكَ ولَمْ يَرْجِعْ إلَيَّ شيئًا، ثُمَّ سَمِعْتُهُ وهو**

(١) سورة الذاريات الآية:١٥-١٨.
(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/١٤٩).

**مُوَلٍّ يَضْرِبُ فَخِذَهُ، وهو يقولُ: ﴿وَكَانَ الإِنْسَانُ أَكْثَرَ شيءٍ جَدَلًا﴾**[1].

شەوێك دەچێتە ماڵی (فاطمەی کچی) پێیان دەڵێت: **ئایا شەو نوێژ ناكەن،** حەزرەتـــی(علي) دەڵێـــت: ئەی نێـــردراوی خـــودا هەرکاتێـــك پەروەردگـــار ئیرادەبكات لە خەو هەڵمان بسێنێت ئەوا بە ئاگا دێین،ئیتر ئەوە بوو پێغەمبەر بە جێی هێشتین و بەڕانی خۆیدا کێشاو لەبەر خۆیەوە فەرمووی: **﴿وَكَانَ الإِنْسَانُ أَكْثَرَ شيءٍ جَدَلًا﴾**یانی: زۆرینەی خەڵكی دەكەونە کێشمە کێشم و گفتوگۆكردن و مشتومڕو موجادەلەكردن.

پەیامی پێغەمبەرﷺلەو فەرموودەیە فێركردنـی شـوێنكەوتووانییەتی وەكـو چۆن بۆ خۆی شەو نوێژ دەكات، گرنگە ماڵ و منداڵ و خێزانیشی بەشداربن لە خێـرو پاداشـتی ئەو شـەونوێژكردنە وە بەهرەمەنـد بـن لەو بەهەشـتەی کە پەروەردگار سازو ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی شەو نوێژدەكەن.

**چۆنیەتی شەو نوێژكردن؟؟؟**

(عبداللّٰه بن عُمَر)سَأَلَ رَجُلٌ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ وهو علَى المِنْبَرِ: **(ما تَرَى في صَلَاةِ اللَّيْلِ؟ قَالَ: مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيَ الصُّبْحَ صَلَّى واحِدَةً، فأوْتَرَتْ له ما صَلَّى. وإنَّه كانَ يقولُ: اجْعَلُوا آخِرَ صَلَاتِكُمْ وِتْرًا؛ فإنَّ النبيَّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ أمَرَ بهِ)**[2].

(عبداللّٰه بـن عُمَر) دەگێـڕێتەوە: پێغەمبەرﷺلەسەر مینبەر بوو، کابرایەك پرسـیاری لێكـرد و وتـی: چۆن شـەونوێژ بكەیـن؟؟؟ فەرمـووی: دوو ڕكعـات دوو ڕكعـات، ئەگەر ترسـی ئەوەی هەبـوو ڕۆژدەبێـتەوە، ئەوا دەبێـت بە زوویـی

---

[1] کتیبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:١٤/٣ رقم الحديث ١١٢٧ كتاب التهجد- باب تحريض النبي على قيام الليل والنوافل من غير إيجاب وطرق النبي فاطمة وعليا عليهما السلام ليلة للصلاة، و الآية من سورة الكهف:٥٤).

(٢) کتیبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:٧٢٦/١ رقم الحديث٤٧٢ كتاب الصلاة- باب الحَلَقِ والجلوس في المسجد).

وەترەکەی بکات، چونکی پێغەمبەرﷺ فەرمانی کردووە، با دوا نوێژتان وەتر بێت.

**نوێژی وەتر بە تاك ئەکرێ لای کەمی یەك ڕەکعەت وە لای زۆری یانزە ڕەکعەتە، بەڵام وەتری تەواو بەلای کەمی سێ ڕەکعەتە، نیەتی نوێژی وەتری لێ دێنێ**[1].

(أبو الدرداءؓ) سەبارەت بە شەونوێژکردن دەڵێت: (**صلُّوا ركعتين في ظُلَم اللَّيلِ لِظلمة القبور**)[2].

تاریکی نێو گۆڕ بە شەو نوێژکردن ڕۆشن دەبێتەوە، ئاگاداربن چرای نێو گۆڕ شەو نوێژکردنە.

**شاعیرێك سەبارەت بە شەو نوێژ دەڵێت:**

هێندە ساحێب سرڕە ئیلتقای دۆستانە شەو
ڕازی دڵت بێنە سەرلەب هامڕازە جانانە شەو
دەری هەرکەس دەبینی داخراوە ئیمکانە شەو
بابی ئەو مەفتوحە کاکی ئەحمەق بڕوانە شەو
ئەمما حزووری ئەو جەمعی ئیشڕاقانە شەو

**ثُمَّ قَالَ: أَلا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الأَمْرِ وَعَمُودِه وَذِرْوَةِ سَنَامِه ؟ قُلْتُ: بَلَى يَارَسُولَ اللهِ، قَالَ: رَأْسُ الأَمْرِ الإِسْلَامُ وَعَمُودُهُ الصَّلاةُ وَذِروَةُ سَنَامِهِ الجِهَادُ**

(١) کتێبی(ڕۆژی پڕشنگدار ڕوونکردنەوەی(غاية الإختصار٩ ناسراو بە(متن فتح القريب)/ دانانی عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی:ص٤٩).

(٢) کتێبی(دروس تربوية من أحاديث النبوية/ الشيخ خالد عبدالرحمن:ص٤٦).

**ئینجا پێغەمبەرﷺفەرمووی:** ئایا پێت بڵێم: کرۆکی هەموو عیبادەتێك چیە؟؟ وەکۆلەگەو ستونی ئایین لەسەر چی وەستاوە؟؟ وەچڵەپۆپەو لووتکەی بەرزی ئایینیش چیە؟؟ **(مُعَاذ بن جَبَل**ﷺ**) دەڵێت: وتم بەڵێ: ئەی نێردراوی خودا، پێغەمبەر**ﷺ **فەرمووی: (رَأْسُ اَلْأَمْرِ الإِسْلامُ)** کرۆکی هەموو خوداپەرستییەك ئیسلامەتییە، بێ چوونە نێو بازنەی ئیسلامەوە هەر عیبادەتێك بکرێت ڕەت دەکرێتەوەو وەرناگیرێت.

بۆیە: دەبێت هەموو موسڵمان و ئیماندارێك بەناخ و دڵ و دەروون باوەڕو ئیمانی وابێت، وە بە زوبان بڵێیت: **کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت بە هەق تەنها زاتی(اللَّهُ ﷻ) نەبێت، (محمد)یش نێردراوی خودایەﷺ**، ئینجا بەجێگەیاندنی پێنج فەرزەی نوێژ بە مەرجەکانییەوە ئەرك و پێویستە، هەروەها زەکاتدان و گرتنی ڕۆژی مانگی ڕەمەزان و ئەنجامدانی فەریزەی (حەج)کردنە بە مەرجەکانییەوە.

خوێنەری قەدرگران ئاشکرایە ئەو پێنج روکنە **(رَأْسُ الأَمْرِ الإِسْلامُ)یە کە پێغەمبەرﷺبە(مُعَاذ بن جَبَل**ﷺ**) ڕاگەیاند** بناغەی ئیسلامن، ئەرك و واجبن، **دەبێت بە کردارو ڕەفتار بە(زاهیری) ڕواڵەت، بەرجەستە بکرێن ببینرێن**، وە ئەوەی باوەڕی بە یەکێك لەو پێنج بناغەیە نەبێت کافر دەبێت.

لەوسۆنگەیەوەیە **پێغەمبەر**ﷺبە کەللەسەر وەسفی کردووە، چونکی هیچ شتێك بێ سەرنابێت، وە ئەگەر یەکێك بەناخ و دڵ و دەروون باوەڕو ئیمان نەهێنێت، وە بە زوبان نەڵێت: **کە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت بە هەق تەنها زاتی(اللَّهُ ﷻ) نەبێت، (محمد)یش نێردراوی خودایەﷺ**، ئەوا بێگومان بە موسڵمان ناژمێرڕێت چونکی نەهاتۆتە نێو بازنەی ئیسلامەتییەوە.

لەو سۆنگەیەوە چۆن لاشەو جەستە کەللەسەری پێوە نەبێت بە مردوو

هەژماردەکرێــت، مرۆڤــی بێبــاوەڕیش مــردووە لە نەزەری خــوداﷻ لەڕیــزی مردووەکانە، هەرچەندێکیش زیندوو بێت[1].

ســەرنج بــدەن خــودای(ﷻ)چــۆن وەســفی ئەوانەی دڵیــان مــردووە بەهــۆی بێباوەڕییەوە، کە دواتر بە هۆکاری ئیمانەوە ژیانی پێ بەخشیون باسیان دەکات کە دەفەرمووێت: (**أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِه فِي النَّاس كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ**)[2].

**واتە:** ئایا ئەو کەسەی کە بە تاریکی بێباوەڕی دڵی مرد بێت، ئینجا بە هۆی ئیمانەوە ژیانمان پێ بەخشی بێت و ڕێگای ڕاستمان بە نوری قورئان بۆ ڕووناك کردبێتەوەو لە نـاو کـۆمەڵگەدا بە جوانی هەڵسوکەوت بکـات ئایـا ئەو کەسـە وەکـو، ئەو کەسـە وایە کە لە نـاو تـاریکی کـوفردا بـژی و هەر لەو تـاریکییەدا نەیەتەدەر؟! هەروەك، چۆن جوانیی ئیمان و خواناسی بۆ موسڵمان ڕازێنراوەتەوە، کافرەکانیش ئەوها کوفریان بو ڕازاندراوەتەوەو بەچاك و جوان دەکەوێتە پێش چاویان[3].

**(وَعَمُودُهُ الصَّلاةُ) یانی: نوێژ کۆڵەگەو ستوونی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، بە پێویستی نازانین جارێکی تر باسی بابەتی نوێژکردن بکەین، چونکە** لێکدانەوەو شڕۆڤەی ئەو بابەتەمان کردووە لەوەو پێش بگەرێنەوە بۆ (فەرموودەی بیست و دوو).

ئینجـا پێغەمـبەرﷺفەرمـووی: ئەی **(مُعَــاذ بــن جَبَــلٍ**ﷺ**)(وَذروَةُ سَــنَامه الجِهَــادُ)**چڵەپـۆپەو لـووتکەی بەرزی ئـایینی پیـرۆزی ئیسـلام تێکۆشـان و گیـان فیداکارییە لە پێناوی خوداﷻو بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی ئیسلامە.

(١)) کتێبی(مجموع الفتاوى:٤٩/١٩بتصرف).

(٢) سورة الأنعام الاية:١٢٢.

(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٦٥٠/١).

(أبو هريرةرضي الله عنه ) دەڵێت: **(جَاءَ رَجُلٌ إلى رَسولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَقَالَ: دُلَّنِي علَى عَمَلٍ يَعْدِلُ الجِهَادَ، قَالَ: لا أجِدُهُ، قَالَ: هلْ تَسْتَطِيعُ إذَا خَرَجَ المُجَاهِدُ أنْ تَدْخُلَ مَسْجِدَكَ فَتَقُومَ ولَا تَفْتُرَ، وتَصُومَ ولَا تُفْطِرَ؟ قَالَ: ومَن يَسْتَطِيعُ ذلكَ؟! قَالَ أبو هُرَيْرَةَ: إنَّ فَرَسَ المُجَاهِدِ لَيَسْتَنُّ في طِوَلِهِ، فيُكْتَبُ له حَسَنَاتٍ)**[1].

کابرایەك هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ وتی: چ کردەوەیەک بکەم کە هاوتاو یەکسانە بەجیهادکردن، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هیچ کردەوەیەك شك نابەم جێگرەوەو هاوتای تێکۆشان(جیهاد) بێت لە پێناوی خوداﷻ، کەسی فیداکار لە پێناوی خوداﷻ، هەموو چرکە ساتێکی تێکۆشانی بە خوداپەرستی و پاداشت بۆ دەنووسرێت، ئایا تۆ دەتوانێت بەردەوام بێ وچان نوێژ بکەیت و بەڕۆژووبیت بێ ئەوەی بیشکێنێت کابرا وتی: کێ دەتوانێت ئەوە بکات؟!.

بێگومان جیهادکردن و تێکۆشان و جەنگین لە پێناوی خوداﷻ ڕێگە لە دوژمنکاری نەیارو ناحەزان دەگرێت و ناهێڵێت پیلانگێرییان سەربگرێت و زاڵبن بەسەر وڵاتی موسڵمانانداو داگیری بکەن.

بە پێویستی دەزانین هەندێك لەسەر وشەی **(جیهاد)** هەڵوەستەیەك بکەین، واتاکانی لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییدا پێناسە بکەین و جۆرەکانی چین بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنا بکەین، لەوەی کە **جیهادکردن** تەنها بریتی نیە: لە جەنگین و شەڕکردن بەڵکو چەمکێکی گشتگیرە، هەموو جەنگێ **جیهادە** بەڵام مەرج نیە هەموو **جیهادکردنێك** جەنگ یان شەڕ بێت[2].

**پێناسەی (جیهاد) لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەدا**

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٦/٦رقم الحديث٢٧٨٥ كتاب الجهاد والسير- باب فضل الجهاد والسير).

(٢) کتێبی(هذا هو الإسلام السماحه الاسلامية، حقيقة الجهاد والقتال والإرهاب: دمحمد عمارة- مكتبة الشروق الدولية- القاهرة- ط١ ١٤٢٦هـ- ٢٠٠٥م).

**یەکەم:** پێناسەی جیهاد لە ڕووی زمانەوانییەوە(لغةً): **الجَهْدُ والجُهْدُ:** بالفتح المَشَقَّةُ، ڕەنجدان و تەقەلاکردن، والجُهْدُ بالضم،الوسع والطاقة، کۆشش و تواناو وزە، (والجهاد المبالغة وإستفراغ ما في الوسع والطاقة من قول أو فعل)، یانی جەنگین و بەکارهێنانی هەرچی تواناو وزەی مرۆڤ هەیە لە قسە یان لە کرداردا[1].

**دووەم: پێناسەی (جیهاد) لە ڕووی زاراوەشدا (وإصطلاحاً):**جیهاد بریتییە: لە جەنگین بەتایبەت لەگەڵ بێباوەڕاندا[2].

**کەوابوو:** جیهاد، تەقەلاو تێکۆشان و جەنگین و خستنەگەڕی ئەوپەڕی هەوڵ و توانای مرۆڤە، لە بەرگری و ململانیکردن و سەرکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

**ئەسڵ ئەوەیە** دەست بۆ کافر درێژ نەکرێت **لەبەر بیروباوەڕ و کوفرکردنی** با هەر لەسەر کوفری خۆی بمێنێتەوە، چونکی خوداﷻ درووستکراوەکانی بۆ لە ناوچوون و لەوناوبردنیان خەڵق نەکردووە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کافرە زیانگەیاندنی لێ واقیع بوو ئەو کات لەناو دەبرێت و دەکوژرێت، ئەوەش لەبەرامبەر کوفری بیروباوەڕەکەی نییە، بەڵکو لەبەر زیانگەیاندنەکەیەتی، چونکی دنیا جێی و شوێنی سزا نییە، بەڵکو پاداشت و سزا لە ڕۆژی قیامەتدایە[3].

بەڵگەشمان بۆ ئەو ڕاوبۆچوونە ئەو ئایەتەیە کە پەروەردگار دەفەرمووێت:**﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾**[4].

---

(١) کتێبی(لسان العرب لابن منظور:٣٩٥/٢و مابعدها, مادة جهد، فەرهەنگی گیرفانی ئاسان: ئاکۆ فاتیح:ص١٤٦ مادة جني).

(٢) کتێبی(الجهاد في الإسلام بين الطلب والدفاع: صالح اللحيدان:ص١٦

(٣) کتێبی(فقه الجهاد دراسه مقارنة لأحكامه وفلسفته في ضوء القرآن والسنة للإمام يوسف القرضاوي: ٩/١).

(٤) سورة البقرة الآية: ١٩١.

ئەو ئایەتە ئاڕاستەی موسڵمانان دەکات لەسەر ئەوەی **کە شەڕکردن لەگەڵ بێباوەڕان مەرجی خۆی هەیە نابێت لەخۆوە بجەنگن** بەڵکو، دەبێت ئەو شەڕو جیهادکردنە بە فەرمان پێکردن ئەنجام بدرێت، سەرنج بدەن پەروەردگار دەفەرمووێت: (**وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ الله**)ئەو شەڕە دەبێت لەپێناو زاتی(اللّٰهﷻ) بکرێت **ئەوە مەرجە**، هەروەها ئەو جەنگ و شەڕە دەبێت، لەگەڵ ئەوانە بێت، کە شەڕتان لەگەڵدا دەکەن(**الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ**) کە ئەوە هۆکاری سەرەکییە، لەبەرئەوەی ناهێڵن بانگخوازی بکەن بۆ دینی خوداﷻ، ئەوەش **مەرجێکی ترە،** ئەگینا بۆتان نیە ئەو جەنگە بکەن، هەرکاتێك بێباوەڕان دەستپێشخەر بوون لە هەڵگیرسانی ئەوجەنگە لەو ساتە وەختەدا ئێوەش دیفاع لە خۆتان بکەن، ئینجا پەروەردگار ئامۆژگاری و ڕێنماییتان دەکات و دەفەرمووێت:(**وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ**) ئاگاداربن نەکەن دەست پێشخەربن و دەستدرێژی بکەن و سنوور ببەزێنن، یانی: ئێوە دەست بوەشێنن پێش ئەوان، چونکە خوداﷻ ئەو جۆرە کارانەی بەلاوە پەسەند نیەو ئەوانەشی خۆشناوێت کە سنوور بەزێنن[1].

کەوابوو: لەسەر ئەو بنەمایە شەڕ،لەگەڵ ئەو موشریکانە دەکرێت **کە شەڕانگێزو ڕێگرن لە بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەک،** لەبەرئەوەی **کافرن و ڕای جیاوازیان هەیە،** بیرمان نەچێت بەردەوام هەر ئەو موشریکانە دەستپێشخەرن، لەو شەڕانگێزییە نەك موسڵمانان.

**بێداری**

بۆ زانیاریتان ئەو گروپە توندڕەوانەی بەناوی ئیسلامەوە جیهاد دەکەن، **نموونەی** (القاعدةو داعش و بۆکوحەرام و هاوشێوەکانیان) سەرلێشێواوو گومڕان، چونکە بێئەوەی لەڕاستی و دروستی ئەو ئایەتە پیرۆزە تێبگەن

[1] کتێبی(شرح كتاب السياسة الشرعية لابن تيمية/ الشيخ محمد صالح العثمين:ص٣٧٠، و قاعدة مختصرة في قتال الكفار ومهادنتهم وتحريم قتلهم لمجرد كفرهم لابن تيمية:ص٩٢بەدەستکارییەوە).

پەلامارو هێرشیان کردە سەر خەڵکی سڤیل و بێتاوان لە شارو شارۆچکەکان بە ناهەق و نارەوا کوشتیانن و کچ و ژن و منداڵیان بەکەنیزەکردن و کڕین فرۆشتنیان پێوەکردن، بێگومان ئەو گروپانە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە نیە، ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن تەنها و تەنها بۆ ناو زڕاندن و ناشیرین کردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەرژەوەندی نەیارو ناحەزانییەتی.

**هەڵبەتە سەرەتای دەستپێکردنی جیهادکردن لە ئیسلامدا دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی(مەککە)، بەداخەوە** لە مێشکی زۆربەی خەڵکیدا ئەوە جێگیر بووە سەرەتای(**جیهادکردن**) کە بەشێکی دانەبڕاوەیە لە یاساو ڕێساکانی ئیسلام، لە دوای هیجرەتی پێغەمبەرﷺ بۆ شاری(**مەدینە**) بڕیاری لەسەر دراوە، دەوترێت: لە (**مەککە**)دا بە هیچ شێوەیەك باسی جیهاد نەکراوە.

بەڵام **ڕاستییەکە بەو شێوەیە نیە،** گەر سەرنج بدەن لە ژیانی پێغەمبەرﷺ بەتایبەت لەسەرەتای بانگخوازی کردنی لە(مەککە)دا، ئاشکرایە لەو سەردەمەدا پێغەمبەرﷺو هاوەڵانی جیهادیان دەکرد، زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، ئاماژە **بۆ ئەو ڕاستییە دەکەن**، هەروەک لە سەردەمی (مەدینە)دا بڕیار لەسەر جیهادکردن درا دژ بە بێباوەڕان لە پێناوی خوداﷻ[1].

**سەرنج بدەن خودای(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿فَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا﴾**[2].

**واتە:** خودای بەرزی بێ وێنە بۆ زیادە تەئکید کردن و زیاتر پتەوکردنی هێزی دڵی پێغەمبەرمان دەفەرموێت: گوێ بۆ بێباوەڕان مەگرەو هەر لەسەر ئەو

---

(١) کتێبی(الجهاد في الاسلام كيف نفهمه وكيف نمارس/ د. محمد سعيد رمضان البوطي:ص١٩ومابعدها).

(٢) سورة الفرقان الآية:٥٢.

ڕێگـای کە گرتـووتەبەر بەردەوام بە، وە هـیچ نـاڕەحەتی و ئازارێـك ساردت نەکاتەوە، وە خۆت دوور بگرە لەوەی بێباوەڕان و بتپەرستان داوات لێدەکەن، وە قسـەی هیچ کەسێکیان کـارت لـێ نەکـات، کە هەمـوو کاتێك بە خۆشـیی و ناخۆشیی هەوڵیان دەدا لە بانگەوازەکەی ساردی بکەنەوە، تا ناوی بتەکانیان بە خراپە نەهێنێت، هەروەها فەرمانی دەداتێ کە بە هەموو توانایەکییەوە بەرامبەر ئەو بێبـاوەڕو هاوەڵـدانەرانە بوەسـتێتەوەو کەموکـورتی و چەوتـی بیروباوەڕەکانیـان بخـاتەڕوو، وە بەم شـێوەیە واجبـی پیـرۆزی جیهـاد ئەنجـام بدات(١).

**بێگومان ئەو ئایەتە** لە (**مەککە**)دا هاتۆتە خوارەوە بە پێی وتەی زانایان، ئەوەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە پێش هیجرەتی پێغەمبەرﷺ بۆ (**مەدینە**) بـاس لە جیهـاد کـراوە، بەڵام بە واتـایەکی گشـتگیر نەك بەتـایبەت جەنگـین و شەڕکردن لەگەڵ بێباوەڕان(٢).

**ئاشکرایە** هەر لەسەرەتای هەڵهاتنی خۆری ئیسلام لەنێو دوورگەی عەرەب لە (**مەکـکە**) **جیهـاد** بە واتـا گشـتگیرییەکەی دەسـتی پێکـرد، ئەویـش بە ڕوو بـوونەوەی ئیماندـاران، لەگەڵ سـەرانی قـورەیش و بێباوەڕانـدا، بە بانگهێشـت کردنیان بۆ باوەڕهێنان بە خوداﷻو پێغەمبەرﷺ وە بڕیاردان بەزمان و ناخ و دڵ و دەروون بە یەکتاپەرسـتی پەروەردگـارو وازهێنـان لە بتپەرسـتی، هەروەهـا خۆڕاگری ئارامی موسڵمانان **جیهاد** بوو، بەرامبەر بەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کە لەلایەن دەستەڵاتدارانی قورەیش و بێباوەڕانەوە لێیان دەکرا، تەنانەت شەرح و ڕوون کـردنەوەو خوێنـدنەوەی ئایەتەکـانی قورئـانی پیـرۆزلە نێـو بێبـاوەڕانی (**مەکـکە**) **جیهـاد** بـوو، هەروەهـا خەرج کردنـی مـاڵ و سـامان لە پێنـاوی

---

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/١١٣).

(٢) کتێبی(تفسیرالفخرالرازي:٢٤/٩٠، تفسير القرطبي:١٣/٥٠، زاد المسير في علم التفسير للامام ابن الجوزي: ٦/٢٠، التحرير والتنوير لابن عاشور:١٩/٧٤).

بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارو چەسپاندنی بەرنامەو پڕۆگرامی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەر جیهادە.

لەو بارەیەوە خودای(ﷻ) دەفەرموێت: ﴿**وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ**﴾[1].

واتە: ئەو کەسانەی لە پێناوی ڕەزامەندی مندا، لەگەڵ ئارەزووی خراپی خۆیان و لەگەڵ شەیتان و بێباوەڕاندا جیهادیان کردووە، ئەوە بێگومان ڕێنماییان دەکەین بۆ ئیماندارییی و شوێنکەوتنی ڕێگای ڕاستی ئایین، بەڕاستی لوتفی خوداﷻ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە چاکەکارن و بە خواناسیی و خوداپەرستی چاکە لەگەڵ خۆیان دەکەن، وە بە بەخشینی ماڵ و سامانیان، یان بە هەر جۆرە چاکەیەکی تر، چاکە لەگەڵ خەڵکیشدا دەکەن[2].

تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ لەو بارەیەوە چی دەفەرموێت: (**أفضلُ الجهادِ كلمةُ عدلٍ عند سلطان جائرٍ**)[3].

واتە: باشترین و چاکترینی **جیهاد** وتنی قسەی هەق و ڕەوایە لە بەرامبەر دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوایەکی ستەمکار دەوترێت.

سەرنج لە (**أسماء بنت أبي بكر ذات النطاقين خودا لێی ڕازی بێت**) بدەن چۆن ڕوو بەڕووی(**الحجاج**)[4]ی ستەمکار دەبێتەوە لەو کاتەی(**ابن الزبير**)ی کوڕی

(١) سورة العنكبوت الآية:٦٩.

(٢) كتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٢٨١).

(٣) كتێبی(سنن أبي داود بشرح عون المعبود:رقم الحديث ٤٣٤٤ ص ٢٠٠٣ - كتاب الملاحم، باب الأمر والنهي- حديث صحيح) .

(٤) هو أبو محمد الحجاج كليب بن يوسف بن الحكم الثقفي (٤٠ - ٩٥ هـ = ٦٦٠- ٧١٤ م)، قائد في العهد الأموي، وُلِدَ في منازل ثقيف بمدينة الطائف ونَشأَ فيه ، في عام الجماعة ٤١ هـ. وكان جبارا عنيدا مقداما على سفكِ الدماء بأدنَى شبهة أهلكه الله في رمضان سنة خمس وتسعين كهلا، وكان ظلوماً جباراً ناصبيا خبيثا سافكا للدماء. ينظر سير أعلام النبلاء: ٣٤٣/٤ تسلسل ١١٧، البداية والنهاية: ١٤٢/٩، وموسوعة الحرة.

دەکوژێت، (**أسماء بنت أبي بکرخودا لێی ڕازی بێت**) بە (**الحجاج**) دەڵێت: (**ولئن أفسدت عليه دنياه لقد أفسد عليك آخرتك**) ئەگەر، تۆ دنیای ئەوت تێکدا، چاك بزانە ئەویش مەبەستی کوڕەکەیەتی(**ابن الزبير**) ئاخیرەتی لێ تێکدای، گوێ بگرە ئەی(حجاج)، پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: (**أَنَّ في ثَقِيف كَذَّابًا وَمُبِيرًا فأَمَّا الكَذَّابُ فَرَأَيْنَاهُ، وَأَمَّا المُبِيرُ فلا إخَالُكَ إلَّا إيَّاهُ، قالَ: فَقَامَ عَنْهَا وَلَمْ يُرَاجِعْهَا**)[1].

واتە:لە(**ثقِيفٍ**) درۆزن و فەوتێنەر(**المُبِيرُ**)هەن، درۆزنەکانمان بینی بەڵام، فەوتێنەرەکە مەبەست ئەوەی خەڵکێکی زۆر دەکوژێت بە ناهەق پێموایە فەوتێنەرەکە تۆی ئەی (**حجاج**).

ئەم بەسەرهاتەی(**أسماء بنت أبي بكر، خودا لێی ڕازی بێت**) لەگەڵ(**الحجاج**) پێمان دەڵێت: لەو سەردەمە (المعارضة السياسية) هەبووە بەرامبەر بەو فەرمانڕەوایە ستەمکارە، ژنانیش بەشێك بوون لەو بەرەیەی دژی ئەو دەسەڵاتە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووەو قسەی خۆیان کردووە، بێئەوەی گوێ بدەنە دەرئەنجام وکاردانەوەی فەرمانڕەوا ستەمکارەکانی ئەو سەردەمە، وەك (**أسماء بنت أبي بكر خودا لێی ڕازی بێت**) کە ڕاستەوخۆ ڕوو بەڕووی(**الحجاج**) بۆتەوە ئەو قسانەی پێ وتووە لە بەرامبەری، ئەوە خۆی لە خۆیدا بەشداربوونێکی سیاسییە لە لایەن ژنانەوە[2].

بێگومان ئەم هەڵوێستەی (**أسماء بنت أبي بكر خودا لێی ڕازی بێت**) پێمان دەڵێت: ئەو هەوڵ و درۆو بۆختانەی بڵاو دەکرێنەوە لەلایەن نەیارو دوژمنانی سەرسەختی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەندێك ڕێکخراوو نووسەرو ڕۆشنبیری کاڵفام و نەزان و بەکرێگیراوەوە، بۆ چەواشەکردنی خەڵکی بەلاڕێدا بردن و

(١) کتێبی(صحيح مسلم بشرح النووي : ٨/ ١٥٤ رقم الحديث ٢٥٤٥ كتاب فضائل الصحابة).
(٢) کتێبی(الحقوق والحريات السياسية في الشريعة الإسلامية: د. رحيل محمد غرايبة:ص١٤٦ بتصرف).

ناشیرین کردنی دینی ئیسلام، هیچی لێ بەرهەم نایەت، دڵنیابن ئەوە چرای دینی خودایە ﷻ بە فووی ئێوە ناکوژێتەوە.

سەرنج بدەن سەرنج بدەن خودا ﷻ چی دەفەرمووێت: ﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾[١].

واتە : بێباوەڕان دەیانەوێت ڕووناکی ئایینی خودا ﷻ کە ئایینی ئیسلامە بکوژێننەوە، بەڵام خودا ﷻ ڕووناکی ئایینی خۆی ئەباتە سەرو بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکاتەوە هەر چەندە ئەوانەی کافرن ئەوەیان پێ ناخۆش بێت و لە لایان قورس بێت[٢].

**پێویستەو دەبێت موسڵمانان** بەرنامەو پرۆگرامی خۆیان بگەیەنین لە هەوڵ و تێکۆشان دا بەردەوام بن هەرچی تواناو هێزو وزەیان هەیە بەکاری بهێنن لەو پێناوەدا، با هەر بێباوەڕان پێیان ناخۆش بێ و لەسەردڵیان گران بێت.

ئەم بژاردەیە باشترین وەڵامدانەوەیە بۆ بێباوەڕان لە هەر سەردەمێکدا بن ناتوانن چراو ڕوناکی ئیسلام خامۆش بکەن، بەتایبەت ئەو ڕێگە نەشیاوانەی دەیگرنە بەر بۆ چەواشەکردنی موسڵمانان، هەر بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە کاردانەوەی شوێنکەوتووانی پێغەمبەر ﷺ بەرامبەر ئەو سووکایەتی و گاڵتە پێکردنە بەو شێوازە بێ کە خودای مەزن دیاری کردووە، نەك بەویستی خۆیان، ئیمانداران نەخشە ڕێگاو بەرنامەی ژیانیان بۆ دانراوە، دەبێت بە پێی ئەوەی بۆیان دیاریکراوە هەنگاو بنێن.

**(جۆرەکانی جیهاد)**

(١) سورة الصف الآية: ٨ .

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤/٢٩٨).

زانـاو فوقەهاکـان باسـیان لە جۆرەکـانی جیهـاد کـردووە هەریەکەیـان بە شێوازێك بەڵام دواجار هەموویان یەك دەگرنەوە لە مەبەست و ئامانج ناوەڕۆك، ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو چوار جۆرە دەکەین کە ئیمام(ابن القيم) باسی لێوەکردووە لەوانە[1]:

**یەکەم: جیهاد دژی نەفس**

ئاشـکرایە مرۆڤـی ئیمانـدار کاتێـك کە خـۆی نەدایە دەسـتی نەفسـی خراپ و خۆی تەسلیمی پەروەردگار کردو ئەرك و فەرمانەکانی خودای جێبەجێ کرد، بێگومان بە موجاهید دەناسرێت، ئەوەتا (**فضالة بن عبيد**ﷺ )فەرموودەیەکمان بۆ دەگێرێتەوەو دەڵێت: پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:(**...والمجاهدُ من جاهدَ نفسَهُ في طاعةِ اللَّه)**[2].

**واتە:** ئەو کەسە موجاهیدە کە شەڕو ململانی لەگەڵ نەفسی خۆی دەکات و ملکەچی ئارەزووە ناپەسەندو نەشیاوەکانی نێو ناخ و دەروونی نابێت، **نموونەی** شـوهرەت و خـۆش ویسـتنی دنیـاو پلەو پۆسـت و دەسـتەڵاتداری، وە لە هەمـان کاتیشدا ڕوو لە پەروەردگاری دەکات و خوداپەرستییەکانی بەشێوازێکی جوان و ڕێك و پێك بە مەرجەکانییەوە لە کات و ساتی خۆیدا بەجێ دەگەیەنێت.

| |
|---|
| ملکەچ نەبوون بۆ نەفسی خراپ+ بە جێگەیاندنی خوداپەرستییەکان=موجاهید |

بەڕاسـتی نەفسـی خـراپ لە مرۆڤـدا دوژمنێکـی سەرسـەختی ئینسـانە زۆر مەترسیدارترە لە دوژمنایەتی بێباوەڕان لە بەرامبەری، چونکی ئەو نەفسە خراپە بەردەوام شــەوو ڕۆژ لەهەوڵــی ئەوەدایە لە خشــتەی بەرێـت، بەڵام بە حـوکمی

(١) کتێبی(زاد المعاد لابن القيم:٣/٥).
(٢) کتێبی(هداية الرواة لابن حجر العسقلاني:٧٢/١ رقم الحديث٣١كتاب الإيمان- اسناده صحيح).

ئەوەی بێباوەڕان لێیەوە دوورە،کاریگەری ئەو دوژمنایەتی کردنەی بێباوەڕان مەترسییەکەی کەم ترە لەسەری ، وەکو خراپی و مەترسی نەفسەکە نیە کە بەردەوام خوت خوتەی دەدات بۆ سەرپێچی کردن ویاخیبوون لە پەروەردگاری.

**دووەم: جیهاد دژی شەیتان**

ئاشکرایە شەیتان دوژمنی نەوەی ئادەمەو لەو ڕۆژەوەی کە پەروەردگار فەرمانی پێکرد کە ڕێز لە ئادەم بگرێت و سەجدەی بۆ بەرێت، بەڵام شەیتان فەرمانی پەروەردگاری شکاندو جێبەجێی نەکرد، لەو ساتەوە خودا فەرمانی بە نەوەی ئادەم کردووە کە دوژمنایەتی شەیتان بکەن چونکە ناحەزو دوژمنتانە، تەماشا بکەن پەروەردگار چی لەو بارەیەوە دەفەرموێت:**﴿إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾**[١].

**واتە:** بەڕاستی شەیتان دوژمنتانە، چونکە هەمیشە خراپەی ئێوەی دەوێت، جا ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن وپێی هەڵمەخەڵەتێن، ئەو دەیەوێت شوێنەکەوتووانی خۆی بەرەو فەلاکەت ببات و بیانکاتە هاوڕێی هەمیشەیی ئاگری دۆزەخ[٢].

( أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **ما من بَنِي آدَمَ مَوْلُودٌ إِلَّا يَمَسُّهُ الشَّيْطَانُ حِينَ يُولَدُ، فَيَسْتَهِلُّ صَارِخًا مِن مَسِّ الشَّيْطَانِ، غيرَ مَرْيَمَ وابْنِهَا**[٣].

ثُمَّ يقولُ (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه): **﴿وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ﴾**[٤].

واتە: هەموو منداڵێکی تازە لەدایکبووی ئادەم، شەیتان خۆی پێ دەگەیەنێت

(١) سورة فاطر الآية:٦.

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٤٣٥).

(٣) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٦/٥٧٢رقم الحديث٣٤٣١ كتاب أحاديث الأنبياء- باب٤٤).

(٤) سورة آل عمران الآية: ٣٦.

و دەستی لێ ئەدات کاتێک لەدایک دەبێت، ئەو کۆرپەڵەیەش دەست دەکات بە گریان، تەنها حەزرەتی (**مەریەم و کوڕەکەی علیها السلام**)نەبێت کە پارێزراون، لە لایەن خوداوەﷻ لەو دەست لێدانەی شەیتان.

ئەم ئاگادار کردنەوەی پێغەمبەرﷺ یەکێکە لە شتە پەنهان و غەیبییەکان، باوەڕبوون پێی ئەرکەو پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی باوەڕدار، بێ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوەو بەدوایدا بچێت، چونکی عەقڵی ئینسان دەرك بە چۆنیەتی ئەو دەست لێدانە ناکات و پەی پێ نابات، تەسلیم بوون بەو شتە پەنهان و غەیبییانە خەسڵەتی ئیماندارانە.

**خوێنەری ئازیز** تەماشای ئەو دوژمنایەتییەی شەیتان بکەن و بڕوانن بەو ئەندازەیە لە بۆسەدانانە بۆ نەوەی ئادەم، هەر لەو ساتەوەی کەچاوی بەدنیا دەکرێتەوەو لە دایك دەبێت، تەنانەت خوداﷻ ئاگاداری کردووینەتەوەو هۆشداری پێ داوین کە دەبێت ئەو شەیتانە بە دوژمنی سەرسەختی خۆمانی بزانین، نەبادا فریومان بدات و لەخشتەمان بەرێت، کەچی بەداخەوە لەو ئاستەدا نین، ڕۆژانە دەکەوینە ژێرکاریگەری ئەو شەیتانەوە سەرپێچی دەکەین و یاخی دەبین و فەرمانی پەروەردگار دەشکێنین، ئەوەش کارەساتە پێویستە بە خۆماندا بچینەوەو پەشیمان بینەوە لەو گوناه و تاوانانەی ئەنجامی دەدەین نەبادا وەفات بکەین و فریای هیچ نەکەوین.

لەو سۆنگەیەوە پێویستە ڕوو بەڕووی شەیتان بینەوەو بجەنگین لەگەڵیدا بە جێبەجێ کردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی پەروەردگار، هەروەها پشتکردن و فەرامۆش کردنی ئەوەی شەیتان لەبەرچاومان جوانی دەکات و دەیڕازێنێتەوە، ئەوەش پێی دەوترێت: جیهاد دژ بە شەیتان.

**سێهەم: جیهاد دژی بێباوەڕو دووڕووان**

**لەڕاستیدا** ئەو جۆرە جیهادە بە دڵ و زمان و بەماڵ و سامان و گیان فیداکاری

دەکرێت، دیارە **جیهاد** دژی بێباوەڕو کافر بە دەست دەکرێت، بەڵام **جیهاد** دژ بە دوو ڕووان(المنافق) بە ناخ ودڵ و دەروون دەکرێت ئەویش بە ڕق لێ بوونەوە لە کارو کردەوەو هەڵویستیان بەرامبەر بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسڵمانان.

ئاشکرایە **جیهادکردن بەزمانیش** جیهادی پێغەمبەرانە(علیهم السلام) سەرنج بدەن لەو بارەیەوە خودا چی دەفەرموویت:﴿**وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلًا بَلِيغًا**﴾[1].

واتە: ئامۆژگارییان بکە، وە بە قسەیەکی وا بیاندوێنە کە بگاتە ناو دڵیان و کاریان تێ بکات[2].

لەو دیگەیەوە پێویستە شوێنکەوتووانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ڕێی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و نووسین و وتارو سیمینارو گفتوگۆوە دەکرێت، تەنانەت هەرچی چەواشەکاری و تومەت و درۆهەڵبەستن هەیە، کە بەردەوام مونافیق و نووسەرە قەڵەم فرۆش و بەکرێگیراوو کاڵفام نەزانەکان لە ڕاگەیاندنەکانەوە دژ بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسڵمانان دەیکەن، بۆیە ڕەتکردنەوەو بەرپەرچدانەوەیان دەچێتە خانەی جیهادکردن بەزمانەوە، هەروەها تەرخانکردنی برێك لە پارەو سامان و داهات و خەرج کردنی بۆ چاپکردنی کتێب و بەدرۆخستنەوەو ڕەواندنەوەی ئەو گومانانەی کە لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام و یەکتاپەرستی خوداﷻو نێردراوانی خودا(علیهم السلام) و جێنیشینەکانی پێغەمبەرﷺو هاوەڵان و ئەهل و بەیتی دەچێتە خانەی جیهادکردنەوە[3].

لەڕاستیدا هەموو ئەو جۆرانەی جیهاد کە ئاماژەمان پێدا، لەگەڵ هاوشێوەکانی **نموونەی** پەیداکردنی پاروی حەڵاڵ و پاراستنی سەرو ماڵ و خاك و نیشتمان و خوێندنی زانست و خزمەت کردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو

(١) سورة النساء الآية: ٦٣.
(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١/٤٢٥).
(٣) کتێبی(زاد المعاد لابن القیم:٣/١٠ بەدەستکارییەوە).

بوارەکاندا، بەو مەرجەی ئامانج و مەبەست لێیان، بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بێت، ئەو کاروکردەوە پیرۆزانە سەرجەمیان دەچنە خانەی جیهادکردنەوە.

## حوکمی جیهادکردن لە پێناو خوداﷻ

جیهادکردن لە پێناوی خودای(ﷻ) ئەرکەو پێویستە لەسەر هەموو تاك و کەسێکی بڕوادار (**فرض العین**)ە، کاتێك کە دوژمن هێرش و پەلاماری وڵاتی موسڵمانان دەدات و خاك و نیشتمانی داگیر دەکات و پیرۆزییەکانی ئایینی ئیسلام پێشێل دەکات، بەڵام هەندێکجار جیهادکردن **فەرزی کیفایەیە**[1]، **وەکو** هەوڵ و تەقەلاو کۆششی بێ وچان بۆ فێربوونی زانست، هەروەها خەرجکردنی پارە لە پێناو پێشکەوتنی وڵات لەڕووی سەربازی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و وشیارکردنەوەی خەڵکی لە مەترسی نەیارو دوژمنان و پوچەڵکردنەوەی پیلانگێرییان[2].

دوای ئەوەی پێناسەی دەستەواژەی جیهادمان کرد لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەوە جۆرو حوکم و سەرتای سەرهەڵدانی جیهادکردن، بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی ناحەزو نەیارو دوژمن و هەندێك لە نووسەرە نەزان و کاڵفام و بەکرێگیراوان لە چەواشەکاری و درۆو بوختان کردن بەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە زەبری شیر سەپێندراوە دوورە لەڕاستییەوە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە ڕەفتارو کردەوانە پێچەوانەی دەقەکانی قورئانی پیرۆزە ئەوەتا پەروەردگار

(١) (فەرزی کیفایە) بە کارێک دەگوترێت: ئەگەر، چەند موسڵمانێك لەو شوێنە یان لەو ناوچەیە جێبەجێی بکەن، ئەو (فەرزە)لەسەر هەمووان لادەچی بەڵام، ئەگەر، کەس جێبەجێی نەکرد لەو ناوچەیە، یان لەو شوێنە بێگومان هەموویان گوناهبار دەبن.

(٢) کتێبی(مواهب الجليلل لشرح مختصر الخليل/للحطاب الرعيني:٥٣٦/٤ بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع للكاساني:٣٧٩/٩، والفقه المنهجي على مذهب الأمام الشافعي/ تأليف: د مصطفى الخن- ود مصطفى البغا – علي الشربجي: ١١٨/٨، والروض المربع شرح زاد المتقنع للبهوتي:ص٢٠٩ بەدەستکارییەوە).

دەفەرمووێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾[١].

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ بەو بتپەرست و بێباوەڕانە بڵێ: حەق و ڕاستی ئەوەیە کە لە لایەن پەروەردگارتانەوەیە، کە بە ناردنی قورئانی پیرۆزو ئایینی پیرۆزی ئیسلام خراوەتە پێش چاوتان، بە هۆی ئەو پەیامەوە ڕێگای ڕاستی ژیان لە ڕێگای چەوت جیا بووەتەوەو ئاشکرا بووە، هەر کەسێك دەیەوێت، با ئیمان بێنێت و چاکەکار بێت، هەرکەسێکیش دەیەوێت با بێباوەڕ بێت و خراپەکاریی بۆ خۆی هەڵبژێرێت[٢].

هەموو مرۆڤێك چارەنووس و دواڕۆژی بە بڕیارو ئارەزووی خۆی دیاری دەکات، کەس زۆری لێناکرێت، هەموو کەسێك ئازادە شتەکانیش لەبەر چاوی ڕوون و ئاشکران، کەسیش زۆری لێناکرێت هیچ فشارێکیش لەسەر کەس نیە، جا ئەوەی باوەڕدەهێنێت، یان باوەڕ ناهێنێت، بە ئارەزووی خۆیەتی، هەروەك ئاماژەمان بۆی کرد، دەرئەنجامی ئەو بڕیارەی داویەتی لەڕۆژی قیامەتدا سەبارەت بە باوەڕهێنان بە یەکتاپەرستی خوداﷻ یان باوەڕی نەهێنانی وەردەگرێتەوە.

لێرەدا بۆمان ساغ بووەوە کە قورئانی پیرۆز مافی تەواوی بە هەموو کەسێکی عاقل و ژیرو پێگەیشتوو داوە بە ویست (ئیرادە)ی خۆی بڕیار بدات لە چارەنووسی، ئایا ڕێگەی چاکەکاری دەگرێتە بەر ؟؟؟ یاخود خراپەکاری ؟؟؟

هەر لەوسۆنگەیەوەیە کەس بە زۆر نەکراوەتە ئیسلام بە زەبری شیر، بەڵکو ئەو شیر هەڵگرتنە تەنها بۆ ئەوە بووە خەڵکی ئازاد بێت لە بیروباوەڕیدا کەس ڕێگەی لێنەگرێت لەوەی ئیمان دەهێنێت بە خودای تاك و تەنها، یان باوەڕ ناهێنێت، ئەو کەسە بێباوەڕە، ئەوەندە ئازادە لەسایەی موسڵماناندا ژیانی ئاسایی

(١) سورة الكهف الآية:٢٩.
[٢] کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٥٠٧).

خۆی دەباتە سەر، بەجۆرێك لەوەی کەس بۆی نیە دەستدرێژی بکاتە سەری و ستەمی لێبکات.

-سەرنج بدەن خوداﷻچی لەو بارەیەوە دەفەرمووێت:**﴿اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾**(١).

واتە: چۆنتان پێ چاک و باشە ئەوە بکەن خودای مەزن ئاگادارەو بینەری کردەوەکانتانە، بەجۆرێک هیچی لێ ون نابێت، جا ئەگەر چاکەکاربوون پاداشتەکەی وەردەگرنەوە، وە ئەگەرخراپەکاریش بوون ئەوا ڕووبەڕووی سزادان دەبنەوە.

**پیرەمێردی شاعیر لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە ٨٩٦ ئەم شیعرەی لەسەر جیهادکردن بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت:**

ئێستا لاوانمان وەك شێری ژیان — بە دەنگی دلێر هاتوونە مەیدان
ئەو قەومەی کە خوا دەربارەی ئەوان — فەرمووی یەك بەدەن بۆ ڕۆژی مەیدان
چۆن لەڕاستی جوو ڕوو وەرئەگێرن — لە خەیبەرەوە بەوانە فێرن
ئێمەش نەتەوەی سەلاحەددین ین — خۆمان بەو ناوە لائق ئەبینین
جیهادی قودس پەیڕەومانە — فیداکاریمان شەرتی ئیمانە
ئای لە عێراق و جۆش و خرۆشی — وا بۆ سەر شایی ئەچین بە خۆشی
هێجگار کچانمان هاتوونە غیرەت — ئەڵێن جیهادی دەوری سەعادەت
قەسیدە خوان و پێش لەشکر کچ بوون — عائلەی نەبیش لەگەڵیان ئەچوون

(١) سورة فصلت الاية:٤٠.

**ثُمَّ قَالَ: أَلا أُخبرُكَ بملاك ذَلكَ كُلِّه ؟ قُلْتُ:بَلَى يَارَسُولَ الله. فَأَخَذَ بلسَانه وَقَالَ: كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا. قُلْتُ يَانَبيَّ الله وَإنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بمَا نَتَكَلَّمُ به ؟ فَقَالَ: ثَكلَتْكَ أُمُّكَ يَامُعَاذُ. وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوههِمْ أَو قَالَ: عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إلاَّ حَصَائدُ أَلسِنَتِهِمْ.**

لەدوا بڕگەی فەرموودەکەدا پێغەمبەرﷺ **دەڵێت: (أَلا أُخبرُكَ بملاكِ ذَلكَ كُلِّه)** ئایا هەموو ئەوانەی باسمان لێوەکرد لە چاکەخوازی و کاروکردەوەی خێر، ئەی **(مُعاذ بن جَبَل**ﷺ) پوختەکەیت پێ بڵێم: وتم: بەڵێ: ئەی نێردراوی خودا، پێغەمبەریشﷺ دەستی بۆ زمانی بردو فەرمووی: جڵەوی ئەمە بگرەو ئاگاداربە، **(مُعَاذ**ﷺ) **دەڵێ: وتم:** ئەی پێغەمبەری خودا لێپێچینەوەمان لێدەکرێت لەسەر ئەوەی دەیڵێین: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: دایکت بزرت بکات.

دیارە ئەم وتەیەی پێغەمبەرﷺ مەبەست دوعا لێکردن نیە، ئەوەندەی مەبەست لێی سەرسوورمانە وەکو ئەوەی کەسێك کردەوەیەك بکات بە دڵی بەرامبەرەکەی نەبێت ئەویش بڵێت: سەلامەت بێت بۆچی وەهات کرد یان بۆچی وادەڵێیت[1].

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: یا **(مُعَاذ**ﷺ) ئەو خەڵکە بە خۆڕا نیە دەکرێنە دۆزەخەوە، هەمووی دەرئەنجامی خراپی بەکارهێنانی زمانیانە.

بڕوانە خودا(ﷻ) سەبارەت بەو وتانەی لە زاری بەندەکانییەوە دەردەچن چی دەفەرموویت:**(مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ)**[2].

**واتە:** مرۆڤ هیچ قسەیەك ناكات و هیچی لەدەم دەرناچێت، کە چاودێرێکی بەسەرەوە نەبێت و تۆماری نەکات، بوونی فریشتە، لەگەڵ ئادەمیزادو نووسینی

(١) كتێبی(جامع شروح الأربعين النووية:ص٣٤٩، ڕوونکردنەوەی چل حەدیسەکەی پێغەمبەرﷺناسراو الأربيعنة النواوية/ عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی:ص٨٢ بەدەستکارییەوە).

(٢) سورة ق الآية:١٨.

گشت گوفتارو ڕەفتارەکانی، یەکێکە لەو مەسەلە غەیبییانەی کە لێمان بزرن و نایانزانین، ئەوانە چۆن دەنووسن؟! بە چی دەنووسن؟! ئەی لەسەر چی دەنووسن؟! هیچ کام لەمانە نازانرێت فەرمایشتی خودا چۆنە، دەبێت بەبێ سەرلێکردنەوە باوەڕی تەواومان پێی هەبێت[1].

بۆ ئەوەی زیاتر زانیاریتان دەستکەوێت بەسەبارەت بە بابەتی مەترسی زمان بگەڕێوە بۆ شەرح و ڕاڤەو لێکدانەوە فەرموودەی پانزەهەم(ڕەوشتی باوەڕدار-خصال المؤمن)، وەهەروەها کتێبی ( إحياء علوم الدين للامام الغزالي) بەرگی١٣١/٣ كتاب آفات اللسان)بیست مەترسی و ئافەتی زمانی باس کردووە بە تێروتەسەلی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە.

**پوختەی بابەتەکە**

*سووربوونی و جەختکردنەوەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەسەر فێربوونی چاکەخوازی کردەوەی باش.

*بەهەشت و ئاگری دۆزەخ سازو ئامادەکراون، چوونە بەهەشت بۆ ئەوانەیە کەگوێڕایەڵی فەرمان و ڕێنماییەکانی خوداﷻ و پێغەمبەرنﷺ وە ئاگری دۆزەخیش بۆ ئەوکەسانە سازو ئامادەکراوە کە فەرمان و ئەرکەکانی پەروەردگاریان پشتگوێ خستووە، هەرگیز بەهشت و ئاگری دۆزەخ لەناو ناچن هەر دەمێنن.

*مەزنترین شت یەکتاپەرستی خودای گەورە، و دڵسۆزییە بۆ خوداﷻ چونکە یەکەم ئامۆژگاری پێغەمبەر بۆ(**مُعَاذ**ﷺ) **سەبارەت بە یەکتاپەرستی پەروەردگار بوو** پێغەمبەرﷺ**فەرمووی:** خودا بپەرستەو هاوەڵی بۆ پەیدا مەکە دیارە ئەو

[1] تەفسیری گوڵشەن:١٣٦/٤.

بانگەوازو فەرمایشتی پێغەمبەر بۆ تێکرا هەموو شوێنکەوتووانییەتی هەتا دنیا دنیایە.

* گرنگی بەجێگەیاندنی خوداپەرستییەکان و ڕەچاوکردنی ڕیزبەندییان، بە پلەی یەکەم نوێژکردن و زەکات و ڕۆژووگرتن و فەریزەی حەجکردن.

* فێرکردنی خەڵکی لەسەر بنەمای پلەکاری (وردە وردە) **التدرج**، لەسەرەتادا چەسپاندنی بیروباوەڕێکی دامەزراوی ڕاست و دروست، لە ناخ و دڵ و دەروونی کەسەکان.

*بێگومان جیهادکردن چڵەپۆپەو لووتکەی بەرزی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە تێکۆشان و گیان فیداکارییە لە پێناوی خوداﷻو بەرزکردنەوەی ئالآی پیرۆزی ئیسلام.

*ئەگەر زمان زەفت نەکرێت و جڵەوی نەگیرێت زۆر مەترسیدارە لەسەر مرۆڤ هەروەها بە ئیشارەت کردنیش دەکرێت خەڵکی فێربکرێت، هەروەکو چۆن پێغەمبەرﷺ دەستی بۆ زمانی بردو فەرمووی: یا (**مُعَاذ**ﷺ) جڵەوی ئەمە بگرەو ئاگاداربە لێی.

ئێستا ئێمە بوونەوەرێکی دروستکراوین، بۆ ناسینی خوداﷻ و گوێڕایەڵی دروستکراوین؛ بەرزترین چالاکیی کە دەتوانیت بیکەیت ناسینی خودایە مرۆڤ دێتە یەکێک لە ماڵەکانی خودا و بەدوای زانستدا دەگەڕێت ئەمەش بوونی خۆی بەدەست دەهێنێت، تەنانەت ئامانجی بوونی خۆیشی بەدەست دەهێنێت.

تەماشا بکەن پەروەردگار ئاماژەی کردووە بۆ ئەو ئامانجە دیاریکراوە، دەفەرمووێت: (**وَمَاخَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ**)[1].

لەو ئایەتەداخوداﷻئامانجەکەی بۆ دیاریکردووین کە پەرستنیەتی،

[1] سورة الذاريات الآية:٥٦.

پێویستەو ئەرکە لەسەر ئێمەی نەوەی ئادەم ئەو ئامانجە بپێکین، ئەگینا بەرپرسیار دەبین بەرامبەر بە پشتگوێ خستن و جێبەجێ نەکردنی ئەو ئەرك و فەرمانە.

خودای گەورە ئەنجامدانی کارە چاکەکان و دوورکەوتنەوە لە گوناهەکانی کردووە بە ئامرازێک بۆ چوونە بەهەشت و دوورکەوتنەوە لە دۆزەخ.

# فەرموودەی سی یەم پاراستنی سنوورەکانی شەرع

## (الوقوف عند حدود الشرع)

**عَـنْ أَبِيْ ثَعْلَبَـةَ الخُشَـنِيِّ جُرثُـوم بـن نَاشـر رضـي الله عنـه عَـن رَسُـول الله ﷺ قَالَ: (إِنَّ اللهَ فَرَضَ فَرَائِضَ فَلاَ تُضَيِّعُوهَا، وَحَدَّ حُدُوداً فَلا تَعْتَدُوهَا وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ فَلا تَنْتَهِكُوهَا، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيَانٍ فَلا تَبْحَثُوا عَنْهَا) حديث حسن رواه الدارقطني وغيره**[١].

ئەم فەرموودەیە چوار تەوەری گرنگ لە خۆ دەگرێت کە هەموو شەریعەت دەگرێتەوە لە هەموو بوارەکاندا ئەوەی ئەرك و فەرمانە وە ئەوەی ڕێگە پێدراوە وە ئەوەی هیچ حوکمێکی لەسەر نەدراوە وە ئەو سنوورەی دیاریکراوە کەنابێت ببەزێنرێت لەوانە:

**تەوەری یەکەم**

**فەرزەکان**

**(إِنَّ اللهَ فَرَضَ فَرَائِضَ فَلا تُضَيِّعُوهَا)**

پەروەردگـار کۆمەڵێـك ئەرك و فەرمـانی لەسـەر بەنـدەکانی فەرزکـردووە پێویستە وەکو خۆی بەجێبگەیەنرێت و پشتگوێ نەخرێن و فەرامۆش نەکرین بە

[١] کتێبی(سنن الدارقطني:٥٥٦/٣ رقم الحديث ٤٧٢٨ كتاب الأشربة- باب الصيد والذبائح والأطعمة، حديث حسن).

هەر هۆکارێك بێت چونکە لە دەرئەنجامدا لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت.

کەوابوو شوێنکەوتووانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام فەرزەکان بەتایبەت خوداپەرستییەکان دیارن و ئاشکران بۆ نموونە **پێنج فەرزەی نوێژ** بە مەرجەکانییەوە، هەروەها **زەکاتدان**، فەرزە(واجبە) بەتایبەت لەسەر ئەوانەی کە دەوڵەمەندن، بەو مەرجانەی شەریعەت دیاریکردوون ، **گرتنی ڕۆژی مانگی ڕەمەزانە** بەتایبەت لەسەر ئەوانەی مەرجی گرتنی ئەو ڕۆژووەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت، هەروەها جێبەجێ کردنی فەریزەی (حەج)کردنە بە مەرجەکانییەوە، دیارە ئاماژەمان بەو عیبادەتانە کردووە لە شوێنی خۆیدا، بە پێویستی نازانین جارێکی بچینەوە سەری.

کۆی ئەو عیبادەتانە فەرزن نابێت کەم تەرخەمی تێدا بکرێت و گوێیان پێ نەدرێت دەبێت لە کات و ساتی دیاریکراویاندا بە جێبگەیەنرێت و نەفەوتێنرێت ئەگینا گوناهبارو سزا دەدرێن لەسەری.

**تەوەری دووەم**

**نەبەزاندنی سنووری خوداﷻ**

**(وَحَدَّ حُدُوداً فَلا تَعْتَدُوهَا )**

پەروەردگار هێڵی سووری بۆ نەوەکانی ئادەم داناوە کە دەبێت ئاگاداربن نەیبەزێنن، ئەگینا ڕووبەڕووی سزای توند دەبنەوە لێرەدا ئاماژە بە چەند ئایەتێك دەکەین لەوانە:

**نەبەزاندنی سنووری خوداﷻ لە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان**

خودای(ﻷ) دەفەرموویت: **﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَخْتَانُونَ أَنْفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنْكُمْ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ**

**الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾**[1].

**واته:** لەشەوانی ڕەمەزاندا تا نزیك نوێژی بەیانی دەتوانن بچنە لای هاوسەرەکانتان سەرجێیان لەگەڵدا بکەن، ژن و مێرد هەریەکەیان وەکو جلوبەرگ پەرژیینە بۆ یەکتر، خوداﷻ دەزانێت و ئاگادارە لەوەی کە ئێوە خەیانەتتان کرد لەگەڵ نەفسی خۆتاناو خۆتان پێ ڕانەگیرا، ئەو سنوورەی بۆی داناون دەیبەزێنن و سەرجێی دەکەن لەگەڵ خێزانەکانتادا، لەبەر ئەوە تەوبەی ئێوەی قەبووڵ کرد لەوەی بەسەرتاندا هاتووەو عەفوی کردن، هەر لەئێستاوە ڕێگەو ئیجازەتان درا بچنە لای هاوسەرەکانتان، وەئەوەی خوداﷻ بۆی نووسیون لەوەچەنانەوە و منداڵ داوابکەن، بیرتان نەچێت یەکێ لە ئامانج و مەبەستی زەواجکردن وەچەنانەوەیە، دەتوانن تا بەرەبەیان کە ڕووناکییەکی باریکی ئاشکرا لله لای ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێت، بچەنە لای هاوسەرەکانتان و بخۆن و بخۆنەوە، ئینجا دوایی لەسەر ڕۆژووگرتنەکەتان بەردەوام بن تا ڕۆژئاوا دەبێت، بەڵام ئەگەر لەشەوانی ڕەمەزاندا بۆ خوداپەرستی کاتێکی تایبەتیتان لە مزگەوتێکدا بردەسەر کە ئەوە (إعتکاف)ی پێ دەڵێن، لەو کاتانەدا نابێت بچنە لای خێزانەکانتان و لەگەڵیاندا سەرجێی بکەن، ئەوانە سنوورەکانی خودان و مەترازێن لێیان، خودا ئا بەو شێوەیە شێوازی ڕۆژووگرتنتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، تاوەکو بە چاکیی بەندایەتی بکەن و پارێزکاربن و خۆتان لە شوێنکەوتنی ئارەزووەکانتان دوور بخەنەوە[2].

(١) سورة البقرة الآية:١٨٧.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١٧١/١، تەفسیری نامی:٣٠٢/١، تەفسیری ڕامان لە ماناو مەبەستی قورئان:ص٦٧ بەدەستکارییەوە).

## بێداری

مانەوە لەمزگەوت بە مەبەستی عیبادەت (إعتكاف)ە، لای هەندێك لە زاناو فوقەهاکان ئەو مانەوەیە چەند ساتێکی کەمیش بێت، **بۆ نموونە:** دەچیتە مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت کردن، نیەتی (إعتكاف)ت هەبێت، ئەو ماوە کورتە بە (إعتكاف)دەنووسرێت، **حوکمی(إعتكاف)**کردن، سوننەتە بە تایبەت لە مانگی ڕەمەزاندا لە دە شەوی کۆتاییدا پاداشت و خێری زۆرە، ئەو (إعتكاف)ە لە هەموو کاتێکدا بێجگە لە مانگی ڕەمەزان دەکرێت، گرنگە لەو ساتانەدا (معتكف)خەریکی عیبادەت کردن بێت وەکو زیکر و قورئان خوێندن بەتایبەت تێڕامان و وردبوونەوە لە ئایەتەکان هەروەها نوێژکردن و دوعاو نزاو پارانەوەو إستغفارکردن[١].

بێگومان ئەو خوداپەرستییە(**(إعتكاف)** وەکو ئەوەی سوننەتە زۆرگرنگە هەموو کەسێکی باوەڕدار لە ژیانیدا بەلای کەمەوە جارێك یان زیاتر بە جیی بگەیەنێت چونکە ناخ و دڵ و دەروون دەپاڵێوێت و پاك و خاوێنی دەکاتەوە لەو نەخۆشییانەی ناخی ئینسان وەك ڕق و کینەو لە خۆبایی و خۆبەگەورەزانین و شوهرەت و ئێرەیی بردن و ..... و ... هتد، وە لە هەمان کاتیشدا ئاراستەی ئەو مرۆڤە دەکات بۆ زیاتر خێرکردن و چاکەکاری و سەرزەنشت و لۆمەکردنی نەفس، کە لەم سەردەمەدا زۆر پێویستمان بەو جۆرە عیبادەت کردنە هەیە، لەبەر ئەوەی دنیا ویستی و خۆشەویستی پارەو پلەو دەستەڵاتداری و شوهرەت باڵی کێشاوە بەسەر زۆربەی خەڵکیدا، زۆر کەمن ئەوانەی ئەو دنیا ویستییە لەسەریان کاریگەری دروست نەکردووە، بەڕاستی ئەو جۆرە کەسانە براوەی دنیاو ڕۆژی دواییین.

---

(١) کتێبی(مواهب الجليل لشرح مختصر الخليل:٣٩٤/٣، شرح فتح القدير لابن الهمام الحنفي: ٣٩٤/٢المجموع للإمام النووي:٥٠٠/٦، الروض المربع شرح زاد المستقنع للبهوتي:ص١٧٤، وفقه الإعتكاف الدكتور خالد المشيقح:ص٤٥.ومابعدها بتصرف).

**نەبەزاندنی سنووری خوداﷻ لە باری کەسێتی**

**یەکەم:** خوداﷻدەفەرموویت:**﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾**[(١)].

**واتە:** تەڵاق لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەرداﷺ ڕێك بێت، دووجارە، هەرجارەی تەڵاقێك، نەك سێ بەسێ، ئینجا دوو جارەکە، یان پیاوەکە ئافرەتەکە دەگێڕێتەوە ژێر خەیمەی هاوسەرێتی خۆی، یاخود جارێکی تر تەڵاقی دەدات و بە یەکجاری لە یەکتری جیا دەبنەوە، جا ئەوەی لەوەوپێش داویەتی بە ئافرەتەکە نابێت لێی بسێنێتەوە، تەنها مەگەر لەو حاڵەتەدا کە سەیریان کرد لەگەڵ یەکدی ناسازێن و ئافرەتەکە داوای لە پیاوەکەی کرد کە لەسەر هەندێك ماڵ و سامان تەڵاقی بدات، لەو کاتەدا درووستە ئەوەی پێشتر بۆی کردووە لێی وەربگرێتەوەو تەڵاقی بدات، ئەمەش لە شەرعدا پێ دەوترێت(خولع)،**﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾**، ئا ئەوەیە ڕێگای ڕاستی خوداﷻو **ئەوانەی لێی لادەدەن تاوانبارو ستەمکارن**[(٢)].

خوێنەری ئازیز بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای بابەتی (تەڵاق)بن، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی بنەما گشتییەکانی سیاسەت لە ئیسلامدا- د سیروان ئەحمەد قادر- لاپەڕە٣١٠ چاپی یەکەم ٢٠٢٢ز- ١٤٤٣ك هەولێر نووسینگەی تەفسیر.

**دووەم:** خوداﷻدەفەرموویت:**﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾**[(٣)].

(١) سورة البقرة الآية:٢٢٩.

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢٠١/١).

(٣) سورة البقرة آية:٢٣٠.

**واتە:** ئەگەر پیـــاو دوای دوو جـــار تەڵاقـــدان، جـــارێکی تـــریش ژنەکەی تەڵاقـدایەوە، ئیـدی ئەو کـاتە بە تەواوەتـی لەیەکـتر حەرام دەبـن و پیـاوەکە ناتوانێـت جـارێکی بیگێـڕێتەوە بـۆ لای خـۆی، مەگەر ژنەکە شـوو بکـات بە کەسێکی ترو، ئینجا مێردی دووهەمی پاش چوونە لای، ئەگەر هاتوو لەگەڵیـ تێکچوو تەڵاقیدا، یاخود مێردەکەی مرد، ئەو کاتە پاش تەواوبوونی عیددەکەی **ئەگەر زانییان لەسنووری خوداﷻ دەرناچن**، دەتوانێت بە مارەکردنێکی تازە شوو بکاتەوە بە پیاوی یەکەمی و جارێکی تر بگەنەوە بەیەك، ئەمانە **ڕێپیشاندان و سـنووری خـودانﷻ و خـوداﷻ ڕوونـی دەکـاتەوە بـۆ ئەو کەسـانەی کە تێگەیشتوون و زانیارییان هەیەو بیرو هۆشیان دەخەنە کار.**

**نەبەزاندنی سنووری خوداﷻ لە دابەشکردنی میراتدا**

خوداﷻدەفەرمووێت:**﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾**[١].

**واتە:** هەمـوو ئەوانەی باسـکران دەربـارەی شـێوازی دابەشـکردنی میـرات، سـنووری خـودانﷻ و، ئەو کەسـەی کە بکەوێـتە شـوێن فەرمـانی خـوداﷻو پێغەمبەری خوداو گوێڕایەڵییان بکات، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا دەیانخاتە ناو باخ و باخاتی بەهەشتەوە کە چەند ڕووبارێك بە ژێریدا تێدەپەڕێت و هەتا هەتایەوو بە بێ بڕانەوەو کۆتایی هاتن تیایدا دەمێننەوە، ئەوەیش گەورەترین سەرکەوتن و شادی یە[٢].

(١) سورة النساء الآية:١٣.

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١/٣٨٧).

**تەوەری سێهەم**

**قەدەغەکراوەکان**

**(وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ فَلا تَنْتَهِكُوهَا)**

پەروەردگار کۆمەڵە شتێکی حەرام و قەدەغەکردووە لە بەندەکانی پێویستە لێی نزیك نەبەنەوەو ئەو سنوورە ببەزێنن کە بۆیانی دیاریکردووە بۆنموونە: داوێن پیسی(زیناکردن).

تەماشا بکەن پەروەردگار باس لەو تاوان و گوناهە گەورەیە دەکات، بڕوانن چی دەفەرموویت:**﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾**[1].

واتە: (ئەی خەڵکینە توخنی داوێن پیسی مەکەون و خۆتانی لێ بەدوور بگرن، داوێن پیسی بەدڕەوشتییەکی زۆر زەقەو ڕێگایەکی زۆرخراپە)[2].

بێگومان پەروەردەکردنی تاکی موسڵمان لەسەر داوێنپاکی و دوورکەوتنەوە لەو جینایەتە گەورەیە یەکێکە لەو پێنج ئامانجەی (مقاصدالشريعة) یەی کە خودا ﷻ کە جەختی لەسەر پاراستنی کردۆتە، چونکە ڕەچەڵەك پارێزراو دەبێت نەسەبی کەس لەگەڵ، کەسی تردا تێکەڵ نابێت، شیرازەی خێزان تێك ناچێت، منداڵی بێباوکی لێ ناکەوێتەوە، نەخۆشی مەترسیدار لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاو نابێتەوە وێنەی:(السيلان والزهري والهربز والإيدز .....هتد).

بۆیە دەبێت ئەو سنوورە پۆڵایینەی خودا بۆ بەندەکانی وێناکردووە نەبەزێنرێت چونکە ئەو کاتە قەڵای ڕەوشت و ئەخلاق هەرەس دێنێت و کۆمەڵێك کێشەو گرفتی زۆر قورس و گران کە چارەسەرکردنی زەحمەت دەبێت

(١) سورة الإسراء الآية:٣٢.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٢/٤٥٦).

لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە، هەروەك ئاماژەمان پێکرد لەبڕگەی پێشوودا.

هەروەها هاوەڵ پەیداکردن بۆ زاتی(اللّٰه ﷻ)و

دزیکردن و ڕەنجاندنی دڵی دایك و باوك و کوشتنی کەسی بێتاوان و خواردنەوەی عەرەق و هەموو جۆرە ماددیەکی هۆشبەرو درۆکردن و قسە گێرانەوەو نەمیمەت و بوختان و سووخواردن و زەوتکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی هەروەها دزین و بە هەدردانی ماڵی گشتی و خیانەت و فرۆشتنی خاك و نیشتمان و جاسوسی کردن و سیحرو جادووکردن و .....هتد، تێکرا ئەوانە حەرامن پێویستە هەموو کەسێکی باوەڕدار توخنیان نەکەوێت و سنووری خودا نەشکێنێت.

**تەوەری چوارەم**

**بێدەنگ بوون لە هەندێك شت**

**(وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيَانٍ فَلا تَبْحَثُوا عَنْهَ)**

لەڕاستیدا ئەم تەوەرەیان(**وسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيَانٍ فَلا تَبْحَثُوا عَنْـهَ**)کاکڵەی فەرموودەکەیە زۆر گرنگ پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك هەڵوەستەی لەسەر بکات، چونکە دوای دیاریکردنی فەرزەکان و حەرامکراوەکان، پێغەمبەرﷺ باس لە هەندێك شت دەکات کە پەروەردگار بە هیچ شێوەیەك باسی نەکردووە و ڕوونکردەوەشی لەسەر نەداوە ، نە بە دەقێکی قورئانی پیرۆز نە بە فەرموودەیەکی ڕاست و درووستی پێغەمبەرﷺ، ئاخۆ ئەو شتانە حەڵاڵن یان حەرامن ڕێگە پێدراون یان قەدەغەکراون، ئینجا پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ئەوەش بەو واتایە نیە کە خوداﷻ ئەو شتانەی لەبیر کردووە بەڵکو بەزەیی پێتاندا هاتووە بۆیە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەو شتانە بە چاك خراپ نەداوە دەسا ئێوەش بەدواداچوون مەکەن و لێی مەکۆڵنەوە.

ئـا لەو کاتـانەدا پێویسـتە بگەڕێـنەوە بـۆ ئەو قاعیـدە شـەرعییە کە دەڵێت:(**الأصل في الأشياء النافعة الإباحة**)[١].

واتە: ئەسڵ ڕێپێدانە لەو شتانەی بەکەڵکن، سەرنج بدەن لەو بارەیەوە خوداﷻ چی دەفەرمووێت: ﴿**هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا....**﴾[٢].

واتە: هەموو ئەوەی لە زەویدایە خودا بۆ ئێوەی درووستکردووە، تا بە گشتی سوودی لێوەربگرن[٣].

ئەو ئایەت پیرۆزەش سەرچاوەی ئەو ڕیسایەیە، چونکە ناگونجێت خودای گەورە شتە بەسوودەکان درووست بکات بۆ مرۆڤ و پاشان قەدەغەی بکات، بەڵام بە جێگەیاندنی ئەم ڕێسایە لە ژیانی کردەییدا لەسەر ڕێسای بەرفەرمانە، واتە **هەر شتێك مافێکی گشتی یان مافی کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی لەسەر نەبێت، بە ڕێپێدراو(مباح) دادەنرێت**، وەك درەختی دارستانەکان و بەردی چیاکان و خۆڵی بیابانەکان و شتی لەم بابەتانە، هەروەها زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگاکان، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەرداﷺ دەفەرمووێت: (**مَن أحْيَى أرضًا ميتةً فَهيَ لَهُ، وليسَ لِعرقِ ظالِمٍ حقٌّ**)[٤].

واتە: هەرکەس زەوییەکی بەکارنەهاتوو زیندوو بکاتەوە، خۆی لە پێش هەموو کەسێك شایستەترە بۆ بەکارهێنانی نەك کەسێکی تر، هەروەها لەو فەرموودەیەدا

**(وليسَ لِعرقِ ظالِمٍ حقٌّ) درەختێك بە ستەم نێژرابێت، مافی مانەوەی نییە لەو**

---

(١) کتێبی(ڕوونکردنەوەی ڕیساکان بە شێوازێکی نوێ/ پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی- وەرگێرانی کۆساربەرزنجی: لاپەڕە ١٢٢ ڕیسای ١٦).

(٢) سورة البقرة الآية:٢٩.

(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٧٥).

(٤) کتێبی(عون المعبود على شرح سنن أبي داود:رقم الحديث ٣٠٧٣ ص١٣٩٣ كتاب– الخراج والإمارة والفيْ – باب- في إحياء الموات، حديث صحيح).

**زەوییەدا**، یانی بۆ خاوەن موڵکەکە هەیە ئەو درەختە لە ڕەگەوە هەڵبکێشێت چونکە، لە سەرەتاوە ڕەزامەندی لەسەر نەبوو، خاڵێکی گرنگ لەو فەرموودەیەدا کە باسی لێوەکراوە، بەتایبەت ئەوانەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن لەسەرزاری پێغەمبەرﷺ پێیان وتراە: ستەمکار، ئەو ستەمکارەش بۆی نیە بڵێت: بۆ ئەو درەختەت هەڵکێشا تەنانەت هیچ مافێکی ناکەوێت هەروەك، لە فەرمووودەکەدا ئاماژەی پێکراوە، هەرچی ستەمکار بیکات لەسەر ئەو زەوییە لە بیناکردن یان بیری ئاو هەڵکەندن و .... هتد، دەبێت تێك بدرێت و مافی ئەوی بەسەرەوە نیە بە هیچ جۆرێك[١].

ئیمام(**ابن السمعاني**)[٢]، سەبارەت بە گرنگی ئەو فەرموودەیە دەڵێت: هەرکەسێک کار لەسەر ئەم فەرموودەیە بکات، پاداشتی دەگات و لە سزای پەروەردگار ڕزگاری دەبێت، چونکە هەرکەسێک ئەرکە فەرزەکان جێبەجێ بکات و خۆی لە حەرام و قەدەغەکراوەکان بەدوور بگرێت و سنوورەکانی خوداﷻ نەبەزێنێت و واز لە گەڕان بەدوای ئەو شتانەدا بهێنێت کە باس نەکراون و ئاماژەیان پێنەکراوە، بەشەکانی فەزیلەتی بەجێهێناوەو مافی ئایینی بەجێهێناوە، بێگومان ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی شەریعەتی خوداﷻ لەسەردەمی ئادەمەوە هەتاوەکو پێغەمبەرمانﷺ لەم تەوەرانە لایان نەداوە[٣].

(١) کتێبی(ڕوونکردنەوەی ڕیساکان بە شێوازێکی نوێ/ پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی- وەرگێرانی کۆساربەرزنجی: لاپەڕە ١٢٢ ڕیسای ١٦ بەدەستکارییەوە).

(٢) الإمام العلامة، مفتي خراسان ، شيخ الشافعية أبو المظفر منصور بن محمد بن عبد الجبار بن أحمد التميمي ، السمعاني ، المروزي، الحنفي كان ، ثم الشافعي، .ولد سنة ست وعشرين وأربعمائة. وتوفي يوم الجمعة الثالث والعشرين من ربيع الأول سنة تسع وثمانين وأربعمائة عاش ثلاثا وستين سنة رحمه الله ومؤلفاته (كتاب الاصطلام و البرهان و له الأمالي في الحديث تعصب لأهل الحديث والسنة والجماعة، وكان شوكا في أعين المخالفين، وحجة لأهل السنة. کتێبی( سير أعلام النبلاء للذهبي:١١٤/١٩ تسلسل ٦٢).

(٣) کتێبی(جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثا من جوامع الكلم لابن رجب:ص٦١٩ بەدەستکارییەوە).

## پوختەی بابەتەکە

*هەندێ شت لە نێو شەریعەتی خوداداﷻ هەیە واجبن پێویست جێبەجێ بکرێن و فەرامۆش نەکرێن، وە هەندێ شتی تر هەن قەدەغەکراوو حەرامن ئەرکەو پێویستە توخنی نەکەونەوە، ئەوەش سنوورێکە پەروەردگار دایناون دەبێت نەبەزێنرێن.

*ئەو سنوورانەی کە خوداﷻ دایناون نەبەزێندرێن، لە پێناو پاراستنی دین و کۆمەڵگەو کەسەکانە نەبادا بەو هۆیەوە تووشی زەرەرو زیان وبەڵاو موسیبەت وکێشەو گرفت بن.

* هەر شتێك لە شەرعدا قەدەغە نەکرابوو، وەباسیشی لێوە نەکرابوو، نەك لەبەر ئەوەی خوداﷻ لە بیری کردبێت، کردنی ڕێگەپێدراوە (مَعْفُواً عَنْهُ)ە، بزانە ئەوە ڕەحم و بەزەیی خودایەﷻ لەبەرامبەر بەندەکانی ئێوەش بە دوایدا مەچن و لێی مەکۆڵنەوە.

**بۆ نموونە:** گفتوگۆکردن لە شتە پەنهانەکان (الأمور الغيبية)و سەبارەت بەزاتی(اللهﷻ) و شوێن و نهێنییەکانی خودا(ﷻ)، باش نیەو سەردەکێشێت بۆ گومڕابوون و سەرلێشێواوی.

سەرنج بدەن خودای(ﷻ) چی دەفەرمووێت:**﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَسْأَلُواْ عَنْ أَشْيَاء إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ.....﴾**[(١)].

**واتە:(**ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، ئەوەندە لە شت مەکۆڵنەوەو پرسیاری لێ مەکەن، بەتایبەت شتێك کە سوودی تیا نەبێت، نەبادا دەرخستنەکەی ببێتە مایەی عەزیەت و بارگرانی بۆتان**)**[(٢)].

---

(١) سورة المائدة الآية:١٠١.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٥٧٤/١).

لەڕاستیدا گەورەترینی تاوانەکان، پرسیار کردنە لەشتێک کەحەرام نەکرابێت، بەهۆی ئەو پرسیارەوە حەرام بکرێت، لەو ڕووەوە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: **إِنَّ أَعْظَمَ الْمُسْلِمِينَ جُرْمًا، مَنْ سَأَلَ عَنْ شَيْءٍ لَمْ يُحَرَّمْ، فَحُرِّمَ مِنْ أَجْلِ مَسْأَلَتِهِ**[1].

بۆ زانیاریتان لەو سەردەمەی پێغەمبەرداﷺ ئەو جۆرە پرسیارانەی کە هیچ سوودێکی نەبوو قەدەغە بوو بکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی نەبادا سەر بکێشی بۆ قەدەغەکردنی شتی ڕێگە پێدراو.

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري: ٣٢٤/١٣رقم الحديث٧٢٨٩كتاب الإعتصام بالكتاب والسنة- باب ما يكره من كثرة السؤال ومن تكلف ما لا يعنيه).

# فەرموودەی سی ویەك چاوتێری و دنیا نەویستی

## (الزهد في الدنيا)

**عَنْ أَبِي العَباس سَعد بن سَهلِ السَّاعدي رضي الله عنه قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النبي ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُول الله: دُلَّني عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَمَلتُهُ أَحَبَّني اللهُ، وَأَحبَّني النَاسُ؟ فَقَالَ: ازهَد في الدُّنيَا يُحِبَّكَ اللهُ ، وازهَد فيما عِندَ النَّاسِ يُحبَّكَ النَّاسُ)[(١)].**

خوێنەر ئازیز ئەگەر تێبینی و سەرنجی ئەوەتان دابێت لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ کاتێك هاتوونەتە خزمەتی زۆری ئەو پرسیارانەی کردوویانە تایبەت بووە بە ڕۆژی دواییانەوە نەك دنیایان، ئەوەی هاتووە خەمی ئاخیرەتی بووەو چۆن بتوانێت ڕەزامەندی خوداﷻ بەدەست بهێنێت، چونکە دڵنیابوونە لەوەی کە ژیانی ئەو دنیایە چەند ڕۆژێکەو دەبڕێتەوە، بەڵام ژیانی ئاخیرەت کۆتایی نایەت لەبەرئەوەی ژیانێکی ڕاستەقینەیە.

لەو سۆنگەیە پێویستە لەسەر ئێمەی شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە پیرۆزە ئەو تێگەیشتنەی کە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ کە بۆ دنیا هەیانبووە، شۆربێتەوە ناومان تاوەکو زیان لە ئاخیرەتمان نەدەین لەسەر حیسابی ژیانی دنیامان.

تەماشا بکەن ئەو کابرایە دێتە خزمەتی پێغەمبەرﷺو دەڵێت: ئەی نێردراوی خودا ڕێنمایی کردەوەیەکم بکە، بیکەم تاوەکو خۆشەویستبم لای خوداﷻ وە

(١) کتێبی(سنن ابن ماجه الألباني:رقم الحديث٤١٠٢ص٦٨٢كتاب الزهد- باب الزهد في الدنيا،-حديث صحيح).

هەروەهـا لای خەڵکـیش قبـوڵکراوو خۆشەویسـت بـم، یـانی دەیەوێـت بە یەك کـردەوە، دوو ئامـانج بپێکێـت، خوشەویسـتی خـوداﷻ لەگەڵ خۆشەویسـتی خەڵکی.

پێغەمـبەرﷺفەرمـووی: وازبهێـنە لەدنیـا دەبییە خۆشەویسـتی خـودای(ﷻ)، وەهەروەها چاوت لە ماڵی خەڵکی نەبێت لای خەڵکیش خۆشەویست دەبیت.

چاوت لە دنیا نەبێت = خوشەویستی خوداﷻ

چاوت لەدەستی خەڵکی نەبێت = خۆشەویستی خەڵکی

زوهدکردن= خوشەویستی خوداﷻ + خۆشەویستی خەڵکی

بە پێویسـتی دەزانـین تیشـکێك بخەیـنە سـەر (زوهـد) لەڕووی پێناسـەو بەشەکانی ئەشتانەی یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە پلەی زوهد هەوڵدەدەین بڕگە بە بڕگە لەسەر ئەم بابەتە بدوێین:

**پێناسەی (الزهد) لەڕووی زمانەوانی(لغةً) و زاراوەییدا(إصطلاحاً).**

**یەکەم: پێناسـەی (الزهـد) لە ڕووی زمانەوانییەوە(لغـةً):** الزُّهْدُ ضد الرغبة والحرص على الدنيا، یانی دژی خواست و گرنگیدانە بە دنیا ویستی[(١)].

**دووەم: پێناسـەی (الزهد) لە ڕووی زاراوەشـدا (وإصـطلاحاً):** هو تَرْكُ رَاحَةِ

(١) کتێبی(لسان العرب لابن منظور:٦/٩٧ مادة زهد).

الدُّنیا طلباً لِراحَةِ الآخِرَةِ، یانی: وازهێنانە لە چێژو خۆشی و ئاسوودەیی دنیا لە پێناو بە دەستهێنانی ئاسوودەیی ڕۆژی دوایی[١].

کەوابوو: زوهد چاوتێری و بەکەم ڕازیبوون و بایەخ نەدان و خۆ نەپڕوکاندنە بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەو سامان و پارەو پوول و پلەو شوهرەت.

**زوهد لە قورئانی پیروزدا**

**یەکەم:** خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: **﴿مَا عِندَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِندَ اللَّهِ بَاقٍ....﴾**[٢].

**واتە:** ئەوەی ئێوە هەتانەو لاتانە، هەر چەند زۆریش بێت هەر کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە، بەڵام ئەوەی لای خودایە هەرگیز وبڕانەوەی بۆ نیە[٣].

**دووەم:** خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: **﴿اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ﴾**[٤].

**واتە:** خوداﷻ لەگەڵ بەندەکانیدا بە لوتف و خاوەن ڕەحمە، بە کەرەم و لوتفەوە ڕوو دەکاتە ئیماندارانی چاکەکارو خواپەرست، بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت لە دنیادا ڕزق و ڕۆزی فراوان دەکات و، بۆ هەرکەسێکیش بیەوێت و ڕۆزییەکەی کەم دەکاتەوەو لێی دەگرێتەوە، ئەوەیش بەپێی ئەو حیکمەتەی کە خۆی دەیزانێت، بەبێ جیاوازی لە نێوان ئیماندارو بێ ئیماندا، هەروەك چۆن لە نەبوونەوە هەموویانی هێناوەتەوە بوون، بە هەمان شێوە ڕزق و ڕۆزیش بە هەموویان دەبەخشێت، هەروەك چۆن ڕزق و ڕۆزیی بە گشت گیانلەبەرانی

(١) کتێبی(التعریفات للجرجاني:ص٩٥).
(٢) سورة النحل الآیة:٩٦.
(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٢/٤٢٤).
(٤) سورة الشوری الآیة:١٩- ٢٠.

تـریش دەبەخشـێت و پەکـی کەسـی نەخسـتووەو نایخـات، ئەو خـودایە(ﷻ) بـێ ئەندازەیش ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بیکات، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و هێزێك بتوانێت پەکـی بخـات یـان بەرانـبەری ڕابوەسـتێت، هەرکەسـێك بە بیروبـاوەڕی خـاوێن و کـردەوەی چـاك، خۆشـی و ڕابـواردنی ژیـانی دوایـی بوێـت، ئەوە ئـێمە پاداشـتی کردەوەکـانی بـۆ زیـاد دەکەیـن و لەوەی خـۆی دەیەوێـت چـاکتری پـێ دەبەخشین، ئەو کەسەیش کە هەر دنیای بوێت هە هەوڵ بۆ ژیانی دنیای بدات و ژیانی دوایی لە بیری خۆی بباتەوە، ئەوە لەوەی دەیەوێت بەشی دەدەین، بەڵام لە خۆشی و ڕابواردنی ژیانی دوایی بێ بەش دەبێت[1].

**شاعیری خواڵێخۆشبوو بێخود دەڵێت[2]:**

**بێخود ئەتەوێ قەسری قەناعەت بێ جێت**

**ڕازی بە بەوەی کەوا خودا داویە پێت**

**گەر بچیە گەرووی تەنگی نەهەنگیشەوە، تۆ**

**ئەو ڕزقە کە دانراوە بۆت ئەی نێرێت**

**سێهەم:** خودای(ﷻ) دەفەرموێت: **﴿اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾**[3].

**واتە:** چـاك بـزانن کە ژیـانی دنیـا گـاڵتەو گەپ و جـوانی و خـۆ ڕازانـدنەوەیە، هەروەهـا خۆ هەڵکێشـانە بە دەسـتڕۆیشـتن و بە زۆریـی مـاڵ و سـامان و منداڵ و

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/٦٥٩-٦٦٠).

(٢) کتیبی( دیوانی بێخود: لاپەڕە١٥١).

(٣) سورة الحديد الآية:٢٠.

نەوەو خزم و کەسوکارەوە، وێنەی ژیانی دنیا، وەکو بارانێکی بەهێز وایە کە مرۆڤی فەلاح دڵخۆش دەکات بەهۆی ئەو شینایی و دەغڵودانەوە کە پێی سەوز دەبێت، دوایی دەبینیت وشك و زەرد دەبێت و دەبێتە پووش و پەڵاش و بەسەر یەکدا دەکەوێت و وردە خاش دەبێت، ژیانی ئادەمیزادیش لە دنیادا وەهایە، جاکەڕۆژی دوایی دێت، جەزای خوداﷻ یان سزادانێکی سەختە لەبەر یاخیی بوون و سەرکەشیان، یاخود ڕەزامەندی و لێخۆشبوونە لە ئیماندانی خوداناس و چاکەکار، ژیانی دنیا ڕابواردنێکە کە نەزان و نەفامانی پێ هەڵدەخەڵەتێت[١].

ئەو چەند ئایەتەی ئاماژەمان پێدا سەبارەت بە حەقیقەتی ژیانی دنیا پێمان دەڵێت: مەبەست و ئامانج لەو ئایەتانە بۆ ئەوە نیە کە ئادەمیزاد پشت بکات لە خۆشی و چێژو لەززەتی ژیانی دنیا، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە کە نابێت هەوڵ و کۆششی ئینسان هەر بۆ دنیای بێت و ئاخیرەتی لەبیر بچێتەوە، بە جۆرێکی وەها کە مردن هەڵگیراوە لەسەری.

کەسانێك هەن شەوو ڕۆژیان ناوەتە سەریەك ئیش و کاریان لە پێناو بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و پلەو پۆست و شوهرەتە بەجۆرێك دونیاویستی باڵی بەسەریاندا کێشاوەو جێگای خۆی لە نێو دڵیاندا کردۆتەوە، ڕۆژی دواییان بیرچۆتەوە تەنها لە خەمی دنیادان، کە ئەوە کارەساتە گەورەکەیە دەبێت لێی ئاگاداربین.

## زوهد لە فەرموودەکانی پێغەمبەرداﷺ

هەروەکو چۆن ئایەتەکان باس لە حەقیقەتی دنیامان بۆ دەکات بە هەمان شێوازیش، هەندێك لەو فەرموودە ڕاست و درووستانەی پێغەمبەرﷺ باسی زوهدمان بۆ دەکات لەوانە:

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/٢٤٨).

**فەرموودەیەی یەکەم**

پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: **كنتُ نهيتُكم عن زيارةِ القبورِ فزُوروا القبورَ فإنَّها تُزهِّدُ في الدُّنيا وتُذكِّرُ الآخرةَ**[1].

لەوەوپێش سەردانی گۆڕستانم لێ قەدەغەکردن، ئێستا بچن بۆ گۆڕستان چونکە قیامەتتان وە بیر دەهێنێتەوەو دنیاتان لا بچووك دەکاتەوە بەتایبەت لای ئەو کەسانەی کە ژیرو عاقڵن، لەبەرئەوەی پەندو عیبرەتیان بە چنگ دەکەوێت، لەو سەردانە چونکە کە دەڕوانن لەو کەسانەی کە لە نێو ئەو گۆڕستانە نێژراون کەسانی زەنگین و دەوڵەمەندو خاوەن پارەو سامان و دەستەڵات و پلەو پۆست بوون بەڵام ئێستا هەموو ئەوانە دادیان نادات لەوێ کردەوەی چاك وباش ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

**کەوابوو:** ئامانج و مەبەست لە سەردانی گۆڕستان دەبێت لە پێناو وە بیر هێنانەوەی قیامەت و دوور کەوتنەوە بێت لەو دنیاویستییەی کە زیان و زەرەر بە خواپەرستی دەگەیەنێت، ئەگەر هاتوو کەسێك سەردانی گۆڕستانی کرد، بەڵام ئەو ئامانج و مەبەستەی نەپێکا، ئەوە دەبێت بە خۆیدا بچێتەوە.

**فەرموودەیەی دووەم**

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: **(من كانتِ الآخرةُ هَمَّهُ جعلَ اللَّهُ غناهُ في قلبِهِ وجمعَ لَه شملَهُ وأتتهُ الدُّنيا وَهيَ راغمةٌ، ومن كانتِ الدُّنيا همَّهُ جعلَ اللَّهُ فقرَهُ بينَ عينيهِ وفرَّقَ عليهِ شملَهُ، ولم يأتِهِ منَ الدُّنيا إلَّا ما قُدِّرَ لَهُ)**[2].

---

(١) کتێبی(الترغيب والترهيب من الحديث الشريف: عبدالعظيم المنذري:ص٧٣١رقم الحديث ٥٣٢٨ كتاب الجنائز وما يتقدمها، الترغيب في زيارة الرجال القبور والترهيب، من زيارة النساء واتباعهن الجنائز، رواه ابن ماجهبإسناد صحيح).

(٢) کتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٢٤٦٥ص ٥٥٦، كتاب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول اللهﷺ باب - ٣٠- حديث صحيح).

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەرﷺ باس لە دوو خەم دەكات بۆ شوێنكەوتووانی وە لە هەمان كاتیشدا ئاگاداریی و ڕێنماییشیان دەكات، لەوەی چی بكەن، **یەكەم** خەمـی ئاخیرەتیـان كە ڕۆژی دوایـیە، **دووەمیـان** خەمـی ژیـانی دنیایـانە، **ئەفەرمووێت:** هەركەسێك تاكە خەمی لە دنیادا قیامەت بوو، وە لە ڕیزبەندی یەكەمی كارو كردەوەكانی دانابوو بە دڵنیاییەوە خوداﷻ كاروباری دنیای بۆ ڕێـك دەخـات و تەمـاحی كەس ناكـات تەنـانەت ڕازی و چـاوتێری دەكـات بەو بەشـەی پێـی بەخشـیوە، دەیپارێزێت لە چاوچنۆكی و باوەش كردن بە دنیا، بەڵام ئەوەی تـاكە خەمـی بـاوەش كـردن بـوو بە دنیـادا بەدڵنیـاییەوە ئـاخیرەت لەبیـر دەكات، لەدەرئەنجامدا هیچ كاروبارێكی بۆ ڕێك ناخرێت، چاوچنۆكی و تەماح و چاو لەدەست ئەم و ئەو، خەسـڵەت و پیشـەی دەبێـت، سـبحان اللە ئەو جـۆرە كەسانە كە دەیاندوێنی بارو دۆخی دەروونیان شڵەژاویان پێوە دیارەو چاو برسی و بێ قەناعەتن بەردەوام باسی گرانی و نرخ بەرزبوونەوەی كاڵاو شمەك دەكەن لە نێـو بـازاردا، ئەو كەسـانە بە هـیچ شـتێك چاویـان تێـر نابێـت، هەر ئەوەشـیان بەچنگ دەكەوێت كە خوداﷻ بۆی نووسیون.

**وتراوە:**هەركەسێک ئاخیرەتی بوێت زیان بە دنیای دەگەیەنێت، هەركەسێک دنیای بوێت زیان بە قیامەت دەگەیەنێت، **لە دڵێكدا خۆشەویستی ئەو دووانە كۆنابنەوە، چونكە دژ بەیەكن.**

خۆش ویستنی قیامەت = پشتكردن لە دنیا

خۆش ویستنی دنیا = لە دەستدانی قیامەت

**شەمسی تەبریزی دەڵێت:**

هەندێ کەس ژیان هەرچییان لێ بسەنێ

دەوڵەمەندن

هەندێ کەسیش

هەرچییەك لە ژیان بەدەست بێنن

هەژارن

**فەرموودەیەی سێهەم**

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:(**یتبعُ الميِّتَ ثلاثٌ فيرجِعُ اثنانِ ويبقَى واحِدٌ يتبعُه أَهلُه ومالُه وعملُه فيرجعُ أَهلُه ومالُه ويبقى عملُهُ**)[١].

**لەو فەرموودەیەدا** پێغەمبەرﷺ **پێمان دەڵێت:** کەسی مردوو  ماڵ و منداڵ و کەس و کار، پارەو سامانی، کاروکردەوەکەی دووی دەکەون بۆ گۆڕستان، دوانیان دەگەڕێنەوە، کە ماڵ و منداڵ و کەس وکار، پارەو سامانییەتی تەنها ئەوەی دەمێنێتەوە لەگەڵیدا لە نێو گۆڕەکە کارو کردەوەیەتی.

لەڕاستیدا ئەو فەرموودەیە مرۆڤی باوەڕدار پەروەردە دەکات لەسەر ئەوەی کە دەبێت لە پێش هەموو شتێکدا لە خەمی خۆیدا بێت هەتا لە دنیادایە، نە پارەو سامان پۆست پلەو پایە وە نە هاوسەرو منداڵ و کەس و کار دادی دەدات ، تەنها ئەوکارو کردەوانە نەبێت کە خۆی ئەنجامی داون، بۆیە پێویست ناکات لەبەر خۆشی و چێژو لەززەتی دنیا، قیامەت لەدەست بدەیت، ژیانی دنیا دەبڕێتەوە

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٤٤٠/١١رقم الحديث ٦٥١٤ كتاب الرقاق- باب سكرات الموت).

بەڵام ڕۆژی دوایی بڕانەوەی نیە، گرنگە ئینسان چاوتێر بێت و قەناعەتی بەوە هەبێت، بەوەی پەروەردگار بۆی نووسییەوەو بەهرەمەندی کردووە لێی، چونکە چاوچنۆکی و تەماح و قەناعەت نەهێنان بەو بەشەی خودا ماڵ وێرانی قیامەت بەدوای خۆیدا دێنێت، زەرەرمەندی یەکەم کەسەکە خۆیەتی، لەبەرئەوەی بەتەنها لەگۆڕ دەنرێت و بەتەنهاش لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

**زوهد لە دیدی زانایاندا**

ئاشکرایە زوهد پشت لە دنیا هەڵکردن و کەنارەگیری و خۆ دوورخستنەوەو خۆ نەپڕوکاندنە لە کێشەکێش و بەدەستهێنانی ماڵ و سامان و سەرمایە پێکەونان، هەر چەن دنیاخۆشەو خۆشیی حەڵاڵیش ناپەسەند نیە، بەڵام خۆشی ڕوژی دوایی زۆرترو بەردەوام ترە بەکەڵك ترە، جا ئەوەی بیەوێ نوری خوداﷻ لە دڵیا جێ نشین بێت، ئەبێ لە هەموو خەوشێ پاکی بکاتەوە، یەکێ لەو خەوشانە خۆش ویستنی سەرمایەو سامان و پلەو پۆستە، بیرمان نەچێت تێکۆشان هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی نانی حەڵاڵ ئەوە پێویستە یانی سەرمایەی حەڵاڵ بێرە دەست، بەڵام دڵێ پێوە مەبەستە[1].

**کەوابوو: زوهد** وازهێنانە لە حەڵاڵ نەك لە حەرام چونکە، حەرام واجبە وازی لێبهێنرێت، هەروەها خاڵی کردنەوەی ناخ و دڵ و دەروونە لە دنیاویستی هاوشێوەی ئەو دەستەی هیچی تێدا نیە[2].

تەماشا بکەن پەروەردگار چی دەفەرمووێت: ﴿ **الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا** ﴾[3]. **واتە:** سامان و ماڵ و منداڵ، هەموویان خۆشی و زینەتی ژیانی دنیان، وە نەبێت

(١) کتێبی(تەصەووف چی یە:ئەمین شیخ علاءالدین نەقشبەندی:ص٢٠٩-٢١١).
(٢) کتێبی(بصائر ذوي التمييز في لطائف الكتاب العزيز/ مجدالدين محمد يعقوب الفيروز آبادي: ١٤٠/٣ بەدەستکارییەوە).
(٣) سورة الكهف الآية:٤٦.

هەتا سەر بمێنن و کۆتاییان نەیەت، ئەگەر سامان و دارایی لە چاکەو خێردا سەرف نەکرێت و منداڵیش لەسەر ئیمان و ڕەوشتی جوان پەروەردە نەکرێت، ئەوە ڕۆژی دوایی هیچ سوودێکیان نابێت، خواناسیی و بەجێهێنانی فەرمانەکانی و چاکەکاریی، لای پەروەردگارت گەلێك چاکترو پەسندترن لە ڕابواردنی دنیاو، وە بۆ دەستەبەرکردنی خۆشیەکانی ژیانی دواییش، باشترین سوودو ئاواتە[1].

**یەکەم:** حەزرەتی(**علي**ﷺ) دەڵێت: دنیا دەڕوات بێ گەڕانەوە، قیامەتیش وا دێت، هەندێك هەن کەسی دنیایین، وە هەندێ کەسیش بۆ قیامەتیان هەوڵ دەدەن، گرنگە لە ڕۆڵەکانی قیامەت بن نەك لە ڕۆڵەکانی دونیا، ئەمڕۆ کردارەو هیچ حساب و لێپێچینەوەیەك نییە، بەڵام سبەینێ(قیامەت)ە، لێپێچینەوەیەو هیچ کردارێک نیە دەرئەنجامی کارو کردەوەکانی دنیات دەچنییەوە[2].

بەڕاستی کە سەرنج دەدەیتە ئەو وتانەی حەزرەتی(علي ﷺ) بۆ دەردەکەوێت تێگەیشتنیان بۆ ژیانی دنیا لە چ ئاستێکی بەرزدا بووە، کە بگاتە ئەو پلەیەی ئامۆژگاری نەوەکانی دوای خۆی بکات و پێیان بڵێت: کوڕی قیامەت بن نەك کوڕی دنیا، یانی کارو کردەوەتان لە دنیا با لە پێناو ئاییندەتان بێت کە قیامەتە نەك بۆ دنیا، چونکە ژیانی دنیا دەبڕیتەوە.

جێ تێرامانە دونیا دێت و دەروات قیامەتیش دێت، بەڵام کەسانێك هەن ڕوویان لەدنیایەو پشتیان لە قیامەت، دەبوو بە پێچەوانەوە بێت.

**دووەم:**(**عَمْـرَو بْــنَ الْعَــاصِ**ﷺ) لە وتاریکیدا بە موسڵمانانی میسر ووت: لەڕاستیدا ئێوەی موسڵمانان زۆر دوورن لە سوننەتی و ڕێگای پێغەمبەر ئەو زاهیدترین مرۆڤ بوو لە دونیادا چاوتێر بوو دڵی بە دنیاوە پەیوەست نەبوو، بەڵام

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٥١٤).

(٢) کتێبی(هداية الرواة إلى تخريج أحاديث المصابيح و المشكاة/ لابن حجر العسقلاني:٣/٢٣ رقم الحديث ٥١٤٣ كتاب الرقاق- وصله ابن أبي الدنيا، بەدەستکارییەوە).

ئێوە بە پێچەوانەوە زۆر خواستی دنیاویستی دەکەن دڵتان بە دنیاوەیە لە جیاتی ئەوەی دڵتان بە قیامەتەوە بێت[(١)].

**سێهەم:** (حەسەنی بەسریﷺ) **زوهد** لە دنیا بەوە نیە کە حەڵاڵ لەسەر خۆت قەدەغە بکەیت، یان زیادەڕەوی بکەیت لە خەرجکردن، بەڵکو ئەوەی لە پێناو خوداﷻ خەرجی دەکەیت زیاتر متمانەت پێی هەیە وەك لەوەی کە لەدەستدایە، یانی دڵت بەوە زۆر خۆشە کە دەیبەخشیت، وەك لەوەی هێشتووتەوە و خەرجی ناکەیت و نایبەخشیت[(٢)].

**چوارەم:** ئیمام(**ئەحمەدی کوڕی حەنبەل**) بەلایەوە **زوهد** سێ پلەیە[(٣)]:

**پلەی یەکەم:** زوهدی گشتی (العوام) کە بریتیە: لە وازهێنان لە حەرام.

**پلەی دووەم:** زوهدی تایبەتمەندەکان (الخواص) وازهێنانە لە زۆربەی شتە حەڵاڵەکان.

**پلەی سێهەم:** زوهدی عارفین وازهێنانە لە هەموو ئەو شتانەی خەریکت دەکەن و دوورت دەکەنەوە لە خوداﷻ.

**پوختەی بابەتەکە**

***تامەزرۆیی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ وپرسیارکردنیان سەبارەت بەو شتانەی لە قیامەتدا بەکەڵکیان دێت.**

*زوهد ئەو خەسڵەتەیە کە هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی پەروەردگار، تەنانەت بە دەستهێنانی خۆشەویستی خەڵکیش.

(١) کتێبی(شعب الإيمان/ للامام أبي بكر أحمد الحسين البيهقي_ تحقيق: أبي هاجر محمد بسيوني زغلول:٣٤٣/٧ رقم الحديث١٠٥١٩باب الزهد وقصر الأمل، بەدەستکارییەوە).
(٢) کتێبی(بصائر ذوي التمييز في لطائف الكتاب العزيز/ مجدالدين محمد يعقوب الفيروز آبادي: ١٤٠/٣ بەدەستکارییەوە).
(٣) کتێبی( مدارج السالكين لابن قيم الجوزية:١٢/٢).

*زوهد موسڵمان فێری ئەوە دەکات چۆن ئامانجی خۆی بپێکێت لە ڕۆژی دواییدا.

* زوهد بەربەست و ڕێگرە لە کەوتنە ناو تۆری شەیتان و کویلایەتیکردنی.

*زوهد ڕەگ و ڕیشەی پاکیزەیی و دەستپاکی لە ڕۆحی ئیماندارانداا جێگیر دەکات.

* زوهد لە ناخ و دڵ و دەروونداا قەناعەت درووست دەکات.

**پیرەمێردی شاعیر سەبارەت بە (قەناعەت) دەڵێت:**

**نانی هەژاری زۆر شیرینە لام**

**عەبدی پارە نیم وەك پیاوی نەفام**

**دینارێك بە ڕەنج بێتە گیرفانم**

**خۆم لە جێی شاو سوڵتان ئەزانم**

**فەرموودەی سی و دوو**

**ناڕەوایی زیان دان لە خۆت و لە خەڵکی**

**لا ضرر ولا ضرار**

**عن أبي سعيد سعد بن مالك بن سنان الخدري رضي الله عنه أنَّ رسولَ اللهِ ﷺ قال: لا ضَررَ و لا ضِرارَ[1].**

(١) كتێبی(سنن ابن ماجه: رقم الحديث ٢٣٤١ ص٤٠٠ كتاب الأحكام– باب من بنى في حقه ما يضر بجاره، السنن الكبرى للبيهقي:٢٥٨/٦رقم الحديث١١٨٧٨كتاب إحياء الموات- باب من قضى فيما بين الناس بما في صلاحهم ودفع الضرر عنهم على الإجتهاد، حديث صحيح).

لەڕاستیدا ئەم فەرموودەیە ڕێسایەکی گرنگە لە شەریعەتدا جێبەجێکردنی و پاپەندبوون پێیەوە زامنی ئاشتی و سەلامەتی کۆمەڵگەیە لە هەموو کێشەو گرفت و پێکدادان و شەڕانگێزییەك، لەبەرئەوەی سنووریك دادەنێت بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن **جا لە هەر ئاست و بوارێکدا بن.**

ئەو پەیامەی پێغەمبەرﷺ دوو چەمك لە خۆدەگرێت **(لا ضَررَ) (ولا ضِرارَ)ە**، هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو دووانە وە چەند **نموونەیەك** بهێنینەوە لەسەریان.

**چەمکی (لا ضَررَ) واتە:** زیان لەکەس مەدە لەپێناو بەرژەوەندی و سوود گەیاندن بە خودی خۆت، ئەگەرچی هەندێجار ئەو زیان لێدانە بە مەبەست نیە، تەماشا بکە ئەو پەیامەی پێغەمبەرﷺ ئاراستەی تۆ کراوە بە دیاریکراوی وە سنووری بۆ کێشاوی ئاگاداربە لەوەی نەیبەزێنێت و بیشکێنی، بە بێ پاساوی شەرعی درووست نیە بۆت ئەو کارە ئەنجام بدەیت، لەبەرئەوەی دەچیتە ڕیزی ستەمکارانەوە، چونکە ئەو کەسەی تۆ زیانی لێ دەدەیت زیانی لێ نەداویت.

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ لەو ئامۆژگاری و ڕێنماییەی چەندێك ورد بین بووە، کە دەفەرمووێت:**(لا ضَررَ)** زیان لە کەس مەدە، یانی: ئەو زیان لێدانە بە دەستی تۆیە، دەتوانیت زیان لەکەس نەدەیت.

وەکو باوکێکی خاوەن سامان وپارەو ماڵ، زیان لە منداڵەکانت مەدە لەکاتی وەسیەت کردنت، نابێت وەسیەت کردن لە سێ یەکی ماڵ زیاتر بێت.

سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕادەکێشم، **(سعد بن أبي وقاص**ﷺ**) دەڵێت:** **عَادَني النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ عَامَ حَجَّةِ الوَدَاعِ مِن مَرَضٍ أشْفَيْتُ منه علَى المَوْتِ، فَقُلتُ: يا رَسولَ اللَّهِ، بَلَغَ بي مِنَ الوَجَعِ ما تَرَى، وأَنَا ذُو مَالٍ، ولَا يَرِثُنِي إلَّا ابْنَةٌ لي واحِدَةٌ، أفَأَتَصَدَّقُ بثُلُثَيْ مَالِي؟ قَالَ: لَا، قَالَ: فأتَصَدَّقُ بشَطْرِهِ؟ قَالَ: الثُّلُثُ يا**

**سَعْدُ، والثُّلُثُ كَثِيرٌ، إنَّكَ أنْ تَذَرَ ذُرِّيَّتَكَ أغْنِيَاءَ، خَيْرٌ مِن أنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ.....)**[1].

(**سعد بن أبي وقاص**ﷺ)دەڵێت: لەو ساڵەی حەجی ماڵئاوایدا نەخۆش کەوتم لە مردندا بووم، پێغەمبەرﷺ **سەردانی کردم**، وتم: خۆ دەبینیت چەندێك ئازارم هەیە، وە ماڵ و سامانێکی زۆریشم هەیە، تاقە کچێکم هەیە ئەو میراتگرمە، بە تەمام ٣/٢ سامانەکەم ببەخشم؟ پێغەمبەر فەرمووی: نەخێر وامەکە، ئینجا وتم نیوەی سامانەکەم دەبەخشم فەرمووی: ٣/١ ببەخشە کە ئەویش زۆرە، باشتر وایە ماڵ و منداڵەکەت بە دەوڵەمەندی بە جێبان بهێڵی لەوەی هەژارو کەم دەرامەت بن و چاویان لە دەستی خەڵکی بێت.

سەنج بدەن لەو حیکمەتەی پێغەمبەرﷺ بەرامبەر بە(سعد بن أبي وقاصﷺ ) بەتایبەت سەبارەت بە وەسیەتەکەی بینی، ئەو جۆرە وەسیەتە زیان دەگەیەنێت بە ماڵ و منداڵی (سەعدﷺ) پێغەمبەرﷺ قبوڵی نەکرد، ئێمەی شوێنکەوتووی پێغەمبەریشﷺ دەبێت، هەرکەسێك وەسیەتی کرد بڕێك لەو سامان و ماڵەی ببەخشن وەکو صەدەقە، پێویستە ئامۆژگاری ئەو کەسە نەخۆشە بکەین، کە لە سێ یەك زیاتر نابێت، لەو ماڵ و سامانەی هەیەتی ببەخشێت، ئەگینا زیان دەگەیەنێت بە میراتگرەکان، کە لە دەر ئەنجامدا پێی گوناهبار دەبێت.

**دەگەڕێمەوە** بۆ سەردانیکردنی پێغەمبەرﷺ بۆ لای(سەعدﷺ) وەك نەخۆشێك سەبارەت بە زیارەتی نەخۆش هەوڵ دەدەین هەندێك ئاداب و خێرو پاداشتی سەردانیکردنی نەخۆش(عیادة المریض) بخەینە بەر دیدی ئێوەی خوێنەر بۆ ئەوەی شوێنکەوتی پێغەمبەرﷺبن.

**سەردانی کردنی نەخۆش سوننەتە، ئەگەر چی هەندێك لە زانایان دەڵێن: فەرزی کیفایەیە**[2].

(١) کتێبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:٣٣٧/٧رقم الحدیث٣٩٣٧ کتاب مناقب الأنصار- باب ٤٩).

[2] کتێبی(الشرح الممتع علی زاد المسقنع/ الشیخ محمد صالح العثیمین:٢٣٦/٥ کتاب الجنائز).

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:**حَقُّ المُسْلِمِ علىَ المُسْلِمِ سِتٌّ قيلَ: ما هُنَّ يا رَسولَ الله؟ قالَ: إذا لَقِيتَهُ فَسَلِّمْ عليه، وإذا دَعاكَ فأجِبْهُ، وإذا اسْتَنْصَحَكَ فانْصَحْ له، وإذا عَطَسَ فَحَمِدَ اللَّهَ فَشَمِّتْهُ، وإذا مَرِضَ فَعُدْهُ وإذا ماتَ فاتَّبِعْهُ**[1].

واتە: هەموو موسڵمانێك شەش مافی بەسەر برای موسڵمانییەوە هەیە، هەڵبەتە ئەو مافەش ڕێزگرتنە لەو برادەری و خۆش ویستنەی لە نێوانیاندا هەیە، هاوەڵانی وتیان: ئەو مافانە چین ئەی نێردراوی خودا؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: هەرکاتێك پێی گەیشتی سڵاوی لێ بکە، دەعوەتی کردی سەر خوانی بە هەر بۆنەیەکەوە بوو، بڕۆ بەدەنگییەوە، ئامۆژگاری بکە هەر کاتێك داوای ئامۆژگاری لێکردی، کاتێك بژمی وتی: الحمدلله، تۆش پێی بڵێ: ڕەحمەتی خودات لێ بێت، کاتێك ناساغ دەبێت سەردانی بکە، هەر کاتێکیش وەفاتی کرد، نوێژی لەسەر بکەو دوای جەنازەکەی بکەوە بۆ گۆڕستان و دوعای لێخۆشبوونی بۆ بکە.

بۆیە دەڵێین: (عیادة المریض) بۆ ئەوەی سەردانیکردنەکەتان تەنها جارێك نەبێت دەبێت، بەڵکو چەند بارە بێتەوە ئەو سەردانیکردنەتان بۆ لای نەخۆش.



(١) کتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي:٢٦٤/٧رقم٢١٦٢ الحديث كتاب السلام- باب من حق المسلم للمسلم رد السلام).

**لەڕووی پاداشتی سەردانی نەخۆش پێغەمبەرﷺ** فەرموویەتی: **(مَن عادَ مَرِيضًا لَمْ يَزَلْ في خُرْفَةِ الجَنَّةِ حَتَّى يَرْجِعَ)**(١).

**واتە:** هەرکەسێك سەردانی نەخۆشێکی کرد، ئەو نەخۆشە هەر کەسێك بێت مەرج نیە موسڵمان بێت، با بێباوەڕ بێت یان لەسەر هەر ڕێبازو مەزهەبێك بێت، ئەگەر نەخۆش کەوت تۆی موسڵمان ئاوڕ مەدەرەوە لە باوەڕو بیرو هزرو بیرو فکری بچۆ سەردانی بکە لە پێناو خودا، بەنیازی ئەوەی خوداﷻ هیدایەتی بدات و تەوبە بکات، بێگومان ئەو چەند ساتەی کە لای ئەو نەخۆشە دانیشتووە، وەکو ئەوەی لە نێو باغی بەهشت دا بێت و خەریکی لێکردنەوەی مێوەکانی نێو بەهەشتە، ئەوەندە خێرو پاداشتی بۆ دەنووسرێت.

هەروەها یەکێکی تر لە ئادابەکانی سەردانیکردنی نەخۆش ماوەی سەردانەکەیە نابێت ئەوەندە دابنیشن نەخۆشەکە بێزاربێت یان لە کاتێکدا دەبێ ئەو سەردانییە ئەنجام بدرێت کە نەخۆشەکە دیاری کردووە نەك لە خۆتانەوە بچن، پێشوەختە مۆڵەتی ئەو سەردانیکردنە وەرگیرابێت باشترە لەوەی بەبێ مۆڵەت وەرگرتن بچن هەروەها گرنگە دوعای خێری بۆ بکەن و بپاڕێنەوە کە پەروەردگار شیفای عاجلی بدات. پێغەمبەر فەرموویەتی: **(من عاد مريضًا لم يحضُرْ أجلُه فقال عنده سبعَ مرَّاتٍ أسألُ اللهَ العظيمَ ربَّ العرشِ العظيمِ أن يشفيَك إلَّا عافاه اللهُ من ذلك المرضِ)**(٢).

واتە: هەرکەسێك سەردانی نەخۆش بکات، ئەو نەخۆشە ئەجەلی نەهاتبی حەوت جاران ئەو دوعایەی بۆ بخوێنێت بێگومان پەروەردگار شیفای ئەو نەخۆشە دەدات، دوعاکەش( **أسألُ اللهَ العظيمَ ربَّ العرشِ العظيمِ أن يشفيَك**)،

---

(١) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٧٩/٨رقم٢٥٦٨ الحديث كتاب البر والصلة والآداب- باب فضل عيادة المريض).

(٢) کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ٣١٠٦ ص١٤٠٨كتاب الجنائز- باب الدعاء للمريض عند العيادة، حديث صحيح).

**واتە:** داوا ئەکەم لە خـودای مەزن، پەروەردگـاری عەرشــی مەزن کە شــیفات بدات.

خـوێنەری ئـازیز لێـرەدا هەر ئەو چەنـد فەرموودەیەمـان خسـتە بەردیـدتان سەبارەت بە سەردانیکردنی نەخۆش، دیارە فەرموودەی زۆر هەن باس لە بابەتی ئاداب و پاداشتی گەورەیی سەردانیکردن نەخۆش دەکەن دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە متمانەپێکراوەکان بۆ زیاتر ئاشنا بوون.

**هەر سەبارەت بە زیان گەیاندن چەند نموونەیەکی تر ئاماژەی پێدەکەین و دواتریش چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر وەکو بەڵگە لەسەر هەمان بابەتی زیان دێنینەوە.**

وەکـو دایکێـك زیـان مەدە لەو کۆرپەڵەیەی ناوهەنـاوت نەبادا لەبەرخۆشـی ژیانت، لە باری خۆتی بەریت، مەگەر ئەو کۆرپەڵەیە ژیانت بخاتە مەترسییەوە ئەو کـات بـۆت هەیە لە بـاری خـۆتی بەرێـت بەو مەرجەی پزیشـکی پسـپۆرو شارەزا بڕیاریلەسەر بدەن بە لەناوبردنی کۆرپەڵەکە.......هتد.

**هەروەها** کـابرایەك دراوسـێیەکی هەیە، لە مـاڵەوە دارو درەختـی بـاخچەکەی ئـاو دەدات، پێـی نازانێـت ئـاو دەچێـتە مـاڵی ئەم دراوسـێیەی، بەوەش زیـانی پێـدەگەیەنێت بەڵام ئەو زیـان گەیانـدنە **بە مەبەسـت و ئامـانج نـیە**، هەروەکـو ئاماژەمـان پێدا لێی ئاگـادار نیە، لەو ئاوەی دەچێتە مـاڵی دراوسێکەیەوە، بۆیە واجبەو ئەرکە لەسـەری بەزووترین کـات ئەو زیانەی بەر هاوسێکەی کەوتووە ڕابگرێـت و نەیهێلێـت، تەنـانەت ئەگەر کـابرا بە دراوسـێکەی بڵێـت: مەبەسـتم نەبووە زەرەرت پێ بگەیەنم، بەڵام هەر دەبێت ئەو زیانە لا بدات، **چونکە زیان گەیاندن بە خەڵکی ڕێگە پێدراو نیەو حەرامە**[1].

---

(١) کتێبی( جامع شروح الأربعين النووية:ص٣٨٤).

ئاشكرایە فەرموودەی زۆر هەن باس لە زیان گەیاندن دەكات، تەماشا بكەن پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: **(قَالَ الْمُسْتَبَّانِ مَا قَالاَ فَعَلَى الْبَادِئِ مَا لَمْ يَعْتَدِ الْمَظْلُومُ)**(١).

**واتە:** ئەو دووانەی شەڕە جنێو دەكەن، ئەوەی دەستپێشخەربووە گوناهەكە لە ئەستۆیدایە بەو مەرجەی ئەو كەسەی جنێوی پێدراوە واتە ستەملێكراوەكە دەستدرێژی نەكردبێت و سنووری نەبەزاندبێت.

هەروەها پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: **(أَدِّ الْأَمَانَةَ إِلَى مَنْ ائْتَمَنَكَ، وَلا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ)**(٢).

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ چۆن پەروەردەی شوێنكەوتووانی كردووە لەسەر خەسڵەتی دەستپاكی بەتایبەت ئەو ڕاسپاردەو ئەمانەتەی ڕادەستیان دەكرێت خیانەتی لێ نەكەن بیدەنەوەو ناپاكی نەكەن، وەكو خۆی ئەو ڕاسپاردەیە ڕادەستی خاوەنەكەی بكەنەوە، با خیانەتیشی لێ كردبێتن.

**خوێنەری ئازیز تێبینی ئەوەتان نەكردووە (أَدِّ الْأَمَانَةَ إِلَى مَنْ ائْتَمَنَكَ) ڕێك لە بەرامبەر ئەو چەمكی:(لا ضَرَرَ)ەیە، هەروەها (وَلا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ) ڕێك بەرامبەر ئەو چەمكی (ولا ضِرارَ)ەیە.**

أَدِّ الْأَمَانَةَ إِلَى مَنْ ائْتَمَنَكَ = لا ضَرَرَ

وَلا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ = ولا ضِرارَ

---

(١) كتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٩٣/٨رقم الحديث٢٥٨٧ كتاب البر والصلة والآداب- باب النهي عن السباب).

(٢) كتێبی(تلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعء الكبير- لابن حجر العسقلاني:٢٠٩/٣رقم الحديث١٤٥٤ كتاب الوديعة، سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ٣٥٣٥ ص١٦٠٧كتاب البيوع- باب في الرجل يجد عين ماله عند رجل، سنن الترمذي:رقم الحديث ١٢٦٤ص٣٠٠ كتاب البيوع عن رسول اللهﷺ باب٣٨، حديث حسن صحيح).

**چەمکی(ضِرارَ) زیان گەیاندنە بە مەبەست.**

هەرچەندێکیش بەرامبەرەکەت خیانەت و ناپاکی لێکردی و زەرەرو زیانی لێ دایت، **تۆ وەکو ئەو مەبە زەرەری پێ مەگەیەنە،** بەڵکو ئەو ڕاسپاردەی لاتی داناوە بیدەرەوە پێی.

**ئاگادار بن لەوەی** زیان گەیاندن بە خەڵکی بێ پاساوی شەرعی تاوان و گوناهە، هەر سەبارەت **بەزیان و زەرەر گەندیان** بە خەڵکی **پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:(مَن ضارَّ أضرَّ اللهُ بِهِ ومَن شاقَّ شاقَّ اللهُ علَيهِ)**[1].

واتە: ئەو کەسەی زیان و زەرەر بگەیەنێت بە خەڵکی بێ پاساوی شەرعی، بێگومان خودای(ﷻ) تۆڵەی لێ دەسێنێتەوە و تووشی زەرەرو زیانی گەورەی دەکات، وە ئەوەی کێشەو گرفت و بارگرانی بۆ موسڵمان درووست دەکات، بەدڵنیاییەوە بە هەمان شێواز، پەروەردگار لێی ناگەرێت بە سانایی ئەو زیانەی کە لە موسڵمانی داوەو باریانی گران کردووە بەسەریدا تێپەرێت، بێگومان تووشی ناخۆشی بارقورسی دەکات، هەروەك چۆن کێشەو گرفتی و بارقورسی درووست کردووە بۆ خەڵکی.




[1] کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ٣٦٣٥ ص١٦٥٢كتاب القضاء- أبواب من القضاء،حديث حسن).

**بۆ نموونە: هەندێك لە** فەرمانبەرانی فەرمانگەكان، كاتێك كەسێك ئیش و كارێكی دەكەوێتە لایان لە جیاتی ئەوەی ئاسانكاری بۆ بكەن، دێن ئیشەكەی لێ گەورە دەكەنەوە، بەجۆرێك كابرا سەد خۆزگە دەخوازێت، سەردانی ئەو فەرمانگەیەی نەكردبایە، چونكە ئەوەندە ئیشەكەی لێ گران كراوەتەوە، لە كاتێكدا دەتوانن هاوكاری و یارمەتیدی دەری بن، بێگومان ئەو فەرمانبەرانەی ئەوە ڕەفتاریان بێت، خودا(ﷻ) تۆڵەیان لێ دەسێنێت و گیرۆدەی كێشەو گرفتی زۆریان دەكات لە دنیاو قیامەت، چونكە ئەو بەڵێن و هەڕەشەیە، لە خوداوەیەﷻ.

لەڕاستیدا ئەو فەرموودەیە:**(مَن ضارَّ أضرَّ اللهُ بهِ ومَن شاقَّ شاقَّ اللهُ علَيهِ) هەڕەشەیە** بۆ هەموو كەسێكە هەر كارو كردەوەیەكی هەیە بەتایبەت، ئەوانەی ك پۆستێكی ئیدارییان هەیە لە فەرمانگەیەك وە بەنیازن خەڵكی ماندووبكەن و كارو ئیشەكانیان لەسەر سەخت بكەنەوە.

خۆزگە لە هەموو دام و دەزگایەكی حكومی و فەرمانگەیەك ئەو فەرموودەیە وەك ☜ دروشمێك لە شوێنێكی بەرز هەڵبواسترایە بە بەرچاوی هەموو فەرمانبەرو كاربەدەستانی وڵاتەوە بێت، **تەنها بۆ ئەوەی وەك زەنگێك ئاگاداری بكاتەوەو ڕای بچڵەكێنێت**، بەتایبەت لەو كات و ساتەی **بەنیازە زەرەرو زیان بگەیەنێت** بەوانەی سەردانییان دەكەن و ئیشیان دەكەوێتە لایان.

سەرنجتان بۆ ئەو ئایەتە ڕادەكێشم كە كۆمەڵێك پرسیی هەستیار لە خۆ دەگرێت یەكێك لەو پرسە گرنگانە، زەرەرو زیان گەیاندنە بە منداڵی شیرە خۆرە و پرسی خەرجی و نەفەقە لەكاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد، بڕوانن خوداﷻلەو بارەیەوە چی دەفەرمووێت:**﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ﴾**[1].

(١) سورة البقرة الآية:٢٣٣

واتە: پێویستە لەسەر دایکان، چ لە ماڵی مێردیاندا بن یاخود تەڵاقدراو بن، ئەگەر بیانەوێت بە چاکی شیر بدەنە منداڵەکانیان، ئەوە با تا دوو ساڵی تەواو شیریان بدەنێ، جا ئەگەر دایکەکە تەڵاقدرا بوو، ئەوە پێویستە باوکی منداڵەکە بە پێی تواناو دەسەڵاتی خۆی مەسرەفی خواردن و جلوبەرگی ئەو دایکە بکێشێت، چونکە هیچ کەس لە توانای خۆی زیاتر داوای لێ ناکرێت، **نابێت باوکەکە ئیستغلالی** سۆزو میهرەبانیی دایکەکە بکات و، بیخاتە زەحمەت و نارەحەتییەوە، بەوەی(نەفەقە)ی کەمی بداتێ، هەروەها **نابێت دایکەکەش** سۆزو شەفەقەتی باوکەکە ئیستغلال بکات و، بە داواکردنی زیادە نەفەقە، باوکەکە بخاتە ناو مەینەت و زەحمەتییەوە.

گەر سەرنج بدەن خوداﷻ ئامۆژگاری و ڕێنمایی هاوسەرەکان دەکات بەوەی زیان لە منداڵە شیرە خۆرەکەیان نەدەن، وە هەرکاتێکیش ژنەکە بە هەر هۆکارێك جیابووەوە لە مێردەکەی نابێت ئەوەندە داوای نەفەقە لە مێردەکەی بکات بکەوێتە بارودۆخێکی دارایی ناهەموارەوە بە مەبەستی زیان پێگەیاندنی، وە هەروەها لە بەرامبەریشدا پیاوەکە نابێت وا لە دایکی منداڵەکەی بکات چاوی لەدەستی ئەم و ئەو بێت بەهۆی کەمی ئەو نەفەقەیەی دەیداتی پێویستە بیر لەوە نەکاتەوە کە زیانی لێ بدات واتە: بە کورردی و بە کورتی هەردووکیان نابێت زیان لە یەکتر بدەن کە لە دەر ئەنجامدا ئەو منداڵەی نێوانیشیان زیانی بەردەکەوێت بە هۆی ناکۆکییانەوە.

لە قورئانی پیرۆزدا هەندێك جۆری زیان باسکراوەو لەوانە لە مامەڵەکردندا **بۆ نموونە:** خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: ﴿..**وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ**﴾(١).

ئەو ئایەتە باس لە کڕین و فرۆشتن و هەموو جۆرە مامەڵەیەك دەکات بە

(١) سورة البقرة الآية:٢٨٢.

گشتی ، پێویستەو گرنگە شاهید هەبێت لە نێوان کڕیارو فرۆشیار بە تایبەت لەو حاڵەتانەی تیجارەتەکە بە ماڵی حازر نەبێت، جا ئەو کەسەی گرێبەستی ئەو مامەڵەیە دەنووسێتەوە **با زیان** نەدا لە نووسینی حەقەکەدا نە بەکەم نە بەزیاد، هەروەها زیانیش نەدا لە فرۆشیارو لە کڕیار، گرنگەو پێویستە شاهید حزوری هەبێت لەو مامەڵەیە، نەبادا کێشەو گرفت بکەوێتە نێوان فرۆشیارو کڕیارەکەوە، سبەینێ لە کاتی ئەدای شەهادەتا بە تایبەت لە دادگا ،گرنگە ئەو شاهیدە **زیان نەدا** لە فرۆشیار یان لە کڕیار(١).

**چەند نموونەیەك لەسەر زەرەرو زیان نەدان:** کەسێکی هەژاری ناچارە کالآیەک بفرۆشێت، بەلآم کەس نادۆزێتەوە لێی بکڕێت تەنها بە نرخێکی زۆر هەرزان نەبێت، ئا لەو ساتە وەختەدا گرنگە کڕیارەکە زیان نەدات لەو کەسەی ماڵەکەی لێدەکڕێت بە نرخێکی کەم، چونکە باش دەزانێت نرخی ئەو کالآیە چەندە لە بازار، کورد وتەنی نەشیش بسووتێ وە نە کەباب، یان بە پێچەوانەوە جاری وا هەیە کڕیار دەزانێت ئەو کالآیە نرخی زۆر زیاترە لەوەی فرۆشیار داوای کردووە، پێوستە بە هەلی نەزانێت و بڵێت: کابرا ئاگادار نیە لە نرخی حەقیقی ئەو کالآیە با بیکڕم لێی، ئەو جۆرە مامەڵەیە زیان گەیاندنە بە کەسی فرۆشیار، دەبێت خۆی لێ بە دوور بگرێت و کابرای فرۆشیاری لێ ئاگادار بکاتەوە لە نرخی ڕاستی ئەو کالآیە، هەرکاتێك فرۆشیار وتی: دەزانم نرخەکەی ئەوەندەیە، ئەوە ماڵی خۆمە بەو نرخە دەیفرۆشم و ڕازیم بەو نرخە، ئەو کات کڕیارەکە دەتوانێت ئەو کالآیە بکڕێت.

بۆ ئاگاداریتان هەندێك ڕەفتار هەن قەدەغەیە بکرێن لە ڕێگاوبانەکان بۆ نموونە: فرێدانی زبڵ و خاشاك و گرتنی ڕەسیف لە لایەن هەندێك دووکاندارەوە، دەبینی لەبەر بەرژەوەندی خۆیان زیان دەگەیەنن بە خەڵکی، یان لێخوڕینی

(١) کتێبی(تەفسیری نامی:١/٥٤٠ بەدەستکارییەوە).

ئۆتۆموبیل بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕێگا (مخالەفە)کردن بەڕاستی ئەوە کارو ڕەفتارێکی نەشیاوە هەندێك شۆفێر دەیکەن بەو ڕەفتارەیان، زیان بە شوفێری تر دەدەن، یان هەندێك کەس زیان لە خۆیان دەدەن بە خواردنەوەی ماددە هۆشبەرو کحولییەکان، بەوەش زیانی گەورە لە تەندروستی خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەش دەدەن، یان هەندێك لەو کەسانە جگەرە دەکێشن لە شوێنە گشتییەکان نازانن زیان بە تەندروستی خەڵکی تر دەگەیەنن.

جاری وا هەیە بە هۆی خوداپەرستییەوە **زەرەرو زیان بە خۆی دەگەیەنێت بۆ نموونە:** پەروەردگار بۆ کەسی نەخۆش و پەککەوتەو موسافیر مۆڵەتی پێداون کە بەڕۆژوو نەبن، تەماشا دەکەیت ئەو کەسە نەخۆشە بەڕۆژوو دەبێت، لە دەر ئەنجامدا چاوی لە دەست دەدات، یان تووشی پەککەوتنی گورچیلە دەبێت، بەوەش لە جیاتی ئەوەی پاداشت بکرێت، لای خوداﷻ گوناهبار دەبێت چونکە **زیانی بە نەفسی خۆی گەیاند** دەبوو ئەو مۆڵەتی خودا بە هەند وەربگرتایە، بیرمان نەچێت یەکێك لە ئامانجە خوداییەکان پاراستنی نەفسە(حفظ النفس).

لەو بارەیەوە (خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: **﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾**[1]. واتە: ئەی موسڵمانینە خوداﷻ ئاسانکاریی و بارسووکی بۆ ئێوە دەوێت و نایەوێت تووسی ناڕەحەتیتان بکات[2].

تەڵاقدان بێ هۆکار یان پێش کۆتایی هێنانی عیددەکەی، یان بە کار هێنانی منداڵ وەك چەکێك لە بەرامبەر بە ژنەکەی، بارگران کردنی کرێکار یان نەدانی مافی بە تەواوی، یان ئەزیەت دانی ئەو کەسەی قەرزی لێکردووی توانای دانەوەی قەرزەکەی نیە لە کاتی خۆیدا پێویستە مۆڵەتی بدەیت. سەرنج بدەن پەروەردگار چی دەفەرمووێت:**﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾**[3].

---

(١) سورة البقرة الآية:١٨٥.

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١٦٩/١).

(٣) سورة البقرة الآية:٢٨٠.

**واتە:** ئەوانەی کە قەرزدارن توانای دانەوەی قەرزەکەیان نیە لە کاتی خۆیدا مۆڵەتیان بدەن تا ئەوە کاتەی باری داراییان باش دەبێت، مەیانخەنە بارودۆخێکی ناهەموارەوە، خۆ ئەگەر لێیان خۆشبن یان وەرینەگرنەوە لێیان ئەوا بۆ ئێوە باشترەو پاداشتەکەی لە قیامەتدا وەردەگرنەوە.

یان بە پێچەوانەوە هەیە قەرز دەکات وە توانای دانەوەی قەرزەکەی هەیە بەڵام نایداتەوە ئەوەش هەر **زیان گەیاندنە بە کەسی خاوەن قەرز.**

هەروەها ڕیکلامە بازرگانییەکان بەگشتی، وە بەتایبەت شمەك و کاڵاو ئامێرەکان نابێت چەواشەکردن و زیانی بەکاربەری (المستهلك) تیا بێت.

(أبو موسى الأشعريﷺ )دەگێرێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: **مَن مَرَّ في شيءٍ مِن مَسَاجِدِنَا أوْ أسْوَاقِنَا بنَبْلٍ، فَلْيَأْخُذْ علَى نِصَالِهَا، لا يَعْقِرْ بكَفِّهِ مُسْلِمًا**[1].

ئاشکرایە ئەم فەرموودەیە پەیامە بۆ هەموو کەسێك، ئەگەر هاتوو لە شوێنێکی گشتیدا بوو، جا ئەو شوێنە بازار بێت یان مزگەوت بێت یان هەر شوێنێکی تر بێت ، گومانی ئەوەی دەکرا ئەگەر بە ئاگادارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو شتەی دەستی نەکات، ئەوا بەرکەسێك دەکەوێت و برینداری دەکات و ئازارو زیانیشی پێدەگەیەنێت، بێگومان ئەو هۆشداری دانەی پێغەمبەرﷺ بۆ ئەوەیە کەس تووشی زیان نەبێت بەهۆی ئەو شتانەی کە گومانی زیان گەیاندیان هەیە بە لێکەوتن.

بیرمان نەچێت ئەو ئامۆژگارییە بۆ هەموو سەردەمێکە ئەگەرچی فەرموودەکە باس لە چەك هەڵگرتن دەکات، بەتایبەتی لە نێو شوێنە گشتییەکاندا، بەڵام ئێمرۆ لەم سەردەمە هەرشتێك بووە سەرچاوەی زیان گەیاندن بە خەڵکی دەبێت شوێنکەوتووانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئاگاداربن لە

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٧٠٧/١رقم الحديث٤٥١ كتاب- الصلاة-باب يأخذ بنصول النبل إذا مر في المسجد).

بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئەگینا گوناهبار دەبن.

**خەڵکێك هەن سەیارەی پیکابیان هەیە ئەوەندە باری لێدەدەن لەم لاو ئەو لای پیکابەکە دەردەچنە دەرەوە بەوەش زیان بە خەڵکی دەگەیەنن، دیارە هاوشێوەی ئەو پیکابانە زۆرن، دەبێت ئەو جۆرە ڕەفتارانە وازیان لێ بهێنرێت و قەدەغەبکرێت، یان** ڕێگەدان بە منداڵ بە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل لە نێو شەقام و گەڕەك و جادەو ڕێگاوبانەکان لەلایەن باوکانەوە کارێکی نەشیاوو ناپەسندو هەڵەیەکی گەورەیە.



لەبەرئەوەی ئەو منداڵە دەبێتە سەرچاوەی زیان بۆ خەڵکی لەوەیە خۆی بکێشێت بە ئۆتۆمۆبیلی کەسێکداو زیانی لێ بدات، یان کەسێك بشێلێت و کەم ئەندامی بکات یان بیکوژێت کە ئەوانە هەمووی زیانن، دەبێت هەموو باوکێك خۆی بەدوور بگرێت لەو جۆرە ڕەفتارانە.

سەبارەت بە ئەزیەت دانی ئیماندارن خودای(ﷻ) دەفەرموێت:﴿**وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا**﴾[1].

(١) سورة الأحزاب الآية:٥٨.

**واتە:** ئەو کەسانەی کە ئازاری پیاوو ئافرەتە ئیماندارەکان دەدەن، بەوەی کاری ناشیرین و خراپەی وایان دەدەنە پاڵ، کە هەرگیز ئەوان شتی وایان نەکردووە، بەڕاستی ئەوانە درۆو بوختان و گوناهێکی گەورەو ئاشکرایان لە خۆیان بار کردووەو سزاکەی دەچێژن[1].

سەرنج بدەن پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:(**لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ، حتَّى يُحِبَّ لأخِيهِ ما يُحِبُّ لِنَفْسِهِ**)[2].

**تەماشا بکەن** پێغەمبەر ﷺ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە: **کە چیت پێ خۆشە بۆ خۆت دەبێت بە هەمان شێوەش پێت خۆش بێ** بۆ براکەت جا برای شیریت بێ یان برات بێ لە موسڵمانێتی یان برات بێ لە مرۆڤایەتی.

**کەوابوو:** وەکو چۆن بۆ خۆت حەزت پێیە کەس تووشی زەرەرو زیانت نەکات، دەبێت بۆ خەڵکیش بە هەمان شێواز بیت و زەرەرو زیانیان پێ نەگەیەنیت چونکە زیان گەیاندن بە کەسانی تر نیشانەی لاوازی باوەڕە، یەکێک لە مەرجەکانی ئیمانداری ڕێزگرتنە لە کەسانی تر.

**☜بێداری**

دیارە ئەم بابەتی زەرەرو زیانەی لە فەرموودەکەدا هاتووە کۆمەڵێك بنەمای گرنگ و پێویست لەخۆ دەگرێت، هەروەك ئەوەی زاناو فوقەهاکان ئاماژەیان پێداوە لەوانە:

**یەکەم**

حاڵەتە زەروورییەکان ڕێگای ئەنجامدانی قەدەغەکراوەکان دەدەن (الضَّرُورَاتُ تُبِيحُ الْمَحْظُورَاتِ)[3].

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٣٩٤).

[2] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٧٩/١ رقم الحديث١٢ كتاب الإيمان).

(٣) کتێبی(درر الحكام شرح مجلة الأحكام: علي حيدر:٣٧/١المادة ٢١).

بۆ نموونە: فەوتاندنی دارایی کەسێك لەژێر فشاری زۆرلێکران یان زەروورەتدا ڕێپێدراوەو ڕوخسەتە، بەڵام لە خۆیدا ڕەوا نیە، وە پارێزگاریکردنی شەرعی لە ئایین و ژیان و نامووس و دارایی و عەقڵ لە هەمان کاتدا ڕەواو ڕێپێدراوە، هەندێکجاریش لەگەڵ ڕوخسەت کۆدەبێتەوەو لەگەڵ ڕەوایی کۆنابێتەوە، وەك خواردنی دارایی کەسێك یان دزینی یان فەوتاندنی لە ژێر فشاری زەروورەتدا، هۆکاری ڕەوایی بەربەستە لە بەرپرسیارێتی جزایی و مەدەنیدا، ئیتر لەڕووی جەزاییەوە پرسیاری لێناکرێت و سزا نادرێت، هەروەك چۆن لە ڕووی مەدەنییەوە بژاردنی لەسەر نیە، کەواتە: فەوتاندنی دارایی کەسێك لە حاڵەتی بەرگری شەرعیدا بژاردن و سزای لەسەر نیە، بە پێچەوانەی حاڵەتی زەروورەتەوە، بیرمان نەچێت پەیوەندی مەنتقی لە نێوان (ڕێپێدان) و (ڕەوایی)دا بریتیە لە گشتیبوون و تایبەت بوونی ڕەها، چونکە هەموو ڕەوایەك ڕێپێدراوە، بەڵام هەموو ڕێپێدراوێك ڕەوانیە، وەکو ئەو نموونەیەی ئاماژەمان پێدا[١].

**دووەم**

**زیان دەبێت لا بدرێت**

**(الضرر يزال)[٢].**

ئەسڵ ئەوەیە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەك زیان لە کەس نەدات، نە لە ماڵ و سامانی وە نە لە خودی کەسەکەش، لە بەرئەوەی زیان گەیاندن ستەمکاری و نادادپەروەرییە، وە لە هەموو ئایین و مەزهەبێکدا ستەم کردن حەرامە، تەنانەت لە هەموو کتێبە ئاسمانییەکانیش ستەمکارییان قەدەغەو حەرام کردووە.

(١) کتێبی(إيضاح الفوائد في شرح القواعد على نمط جديد للزلمي:٣١٢/٤).
(٢) کتێبی( الأشباه والنظائر في قواعد وفروع الشافعية للسيوطي:٢١٠/١ القاعدة الرابعة).

**بۆ نموونە:** کارزان مافی هاتوچۆی هەیە بە ڕێگەی پیشتیوان دا تێپەڕێت چونکە هیچ ڕێگەیەکی تر نیە بۆ هاتوچۆی تەنها ئەو ڕێگەیە نەبێت، کەوابوو بۆ پشتیوان نیە ڕێگە لە هاتووچۆی کارزان بگرێت.

**سێهەم**

زیان بە زیانێکی وەك خۆی لا نابرێت.

(الضرر لا يزال بمثله)[1].

ئەو کەسەی کە زیانی پێگەیشتووە بۆی نییە زیان بەو کەسە بگەیەنێت کە زیانی لێداوە، بەڵکو دەبێت سکاڵا لەسەر ئەو کەسەی زیانی پێگەیاندووە،تۆمار بکات لە دادگاد، داوای لابردنی زیانەکەی بکات بە شێوەیەکی یاسایی.

بۆ نموونە: ڕێگە پێدراو نیە کەسێکی برسی خواردنی کەسێکی تر بەرێت وەکو خۆی بۆ ئەوەی لەبرسا نەمرێت چونکە ئەویش وەکو ئەم پێویستی بەو خواردنەیە[2].

**چوارەم**

بۆ ڕوونەدانی زیانی گشتی زیانی تایبەت قبوڵ دەکرێت

(يُتَحَمَّلُ الضَّرَرُ الْخَاصُّ لِدَفْعِ ضَرَرٍ عَامٍّ)[3].

**بۆ نموونە:** دروستە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا دەرمانە

(١) کتێبی(درر الحكام شرح مجلة الأحكام: علي حيدر:١/٤٠المادة ٢٥).

(٢) کتێبی( الوجيز في إيضاح قواعد الفقه الكلية/ د. محمد صدقي أحمد البورنو:ص٢٥٩).

(٣) کتێبی(درر الحكام شرح مجلة الأحكام: علي حيدر:١/٤٠ المادة٤٠).

بەسەرچووەکان(المنتهية صلاحيتها) لە ناوببرێن، وات زیانی خاوەن دەرمانەکان قبولڵ دەکرێت لە پێناوی ڕوونەدانی زیانی بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەوە[1].



پێنجەم

ئەو زیانەی زۆرترە بە زیانێکی کەمتر لا دەدرێت

(الضرر الأشد يزال بالضرر الأخف)[2].

ئەو کەسەی دەستی تووشی شێرپەنجە بووبێت بڕینەوەی دروستە بە مۆڵەتی نەخۆشە تووشبووەکە، بۆ ئەوەی زیانێکی گەورەتری لێ نەکەوێت کە بڵابوونەوەی شێرپەنجەیە لە بەشەکانی تری لەشیدا.



[1] کتێبی(إيضاح الفوائد في شرح القواعد على نمط جديد للزلمي:٤٣١/٤).
(٢) کتێبی( الوجيز في إيضاح قواعد الفقه الكلية/ د. محمد صدقي أحمد البورنو:ص٢٦٠).



**بۆ نموونە:** درووستە سکی ئافرەتێکی مردووی سکپڕ هەڵبدڕن بۆ دەرهێنانی منداڵەکەی ئەگەر بزانین منداڵەکەی زیندووە[1].

**پوختەی بابەتەکە**

*قەدەغەو حەرامە ئینسان زیان بە خودی خۆی بگەیەنێت و خۆی بخاتە بەر مەترسییەکان، وە پێویستە لەسەر هەموو کەسێك لەو شتانەی مەترسیدارو زیانبەخش دووربکەوێتەوە بەتاییەت ئەوانەی کاریگەری ڕاستەخۆیان لەسەر نەفس و شەرەف و ناموس و ماڵ و سامان و داهات هەیە.

*زیان گەیاندن بە خەڵکی قەدەغەو حەرامە.

*یەکێک لە ئامانجەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگریکردنە لە زەرەرو زیان پێش ڕوودانی، وە لابردنیەتی دوای ڕوودانی.

*فەرموودەکە ڕێسایەکی گشتییە پێمان دەڵێت: لەڕووی شەرعەوە هەرچی زەرەرو زیان بەخش بێت حەرام و قەدەغەیە.

(١) کتێبی(إيضاح الفوائد في شرح القواعد على نمط جديد للزلمي:٣١٣/٤ بەدەستکارییەوە).

# فەرموودەی سی و سێ البیّنة علی المُدَّعي

عن ابْنِ عَبَّاس رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللهِﷺقَالَ:(**لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بدعوَاهُمْ لادَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَومٍ وَدِمَاءهُمْ، وَلَكِنِ البَيِنَةُ عَلَى المُدَّعِي، وَاليَمينُ عَلَى مَن أَنكَر**)(١).

ئاشکرایە ئەو فەرموودەیە نەخشە ڕێگایەکە بۆ ئەوانەی **کاری دادوەری دەکەن** لە دادگاکان، یان ئەوانەی وەك ناوبژیکەر ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە یەکلاکردنەوەو چارەسەرکردنی، ئەو کێشەو گرفت و مشتومڕەی لە نێوان خەڵکیدا درووست دەبن.

ئەوە هۆشدارییە لەوەی نابێت تەنها بە داواکاریی هەر کەسێك ئەوەی داوای دەکات، وەك مافێك لەسەرخەڵکی بیدرێتێ، چونکە ئەو جۆرە داواکردنە دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ خەڵکانێکی زۆر کە لە خۆیانەوە داوای پارەو سامان خوێنی کەسانی تریشیان بکەن، کە ئەوە کارێکی ناپەسەندو نەشیاوە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو جۆرە کەسانەی داوای مافی خۆیان دەکەن لە خەڵکی تر، بەڵگەیان هەبێت بۆ سەلماندی ئەو ماف و حەقەیان دیارە بەڵگەکەش بریتیە: لە بوونی شاهید و یان نووسراوێك کە دواتر باس لە مەرجی شاهیدیدان دەکەین

(١) کتێبی(السنن الكبرى للإمام البيهقي:٤٢٧/١٠ رقم الحديث ٢١٢٠١كتاب الدعوى والبينات- باب البينة على من المدعي واليمين على المدعى عليه، حديث حسن رواه البيهقي هكذا بعضه في الصحيحين).

لەو پرسانەی کە دەبینە سەرچاوەی کێشەو گرفت و ناکۆکی لە نێوان خەڵکی، وە دەبێت کەسی داوالێکراویش سوێند بخوات لەسەر ئەوەی ئەو کابرایەی داوای مافی خۆی لێدەکات، ڕاست ناکات لەو ئیددیعایەی وە هیچ مافێکی لەسەری نیە.

کەوابوو: کرۆکی ئەم فەرموودەیە حوکمێکی سەرەکی شەریعەتی ئیسلامییە، لە داواکردنی ماف و شایستەکانی کەسێك لەسەر یەکێکی تر، کە نابێت تەنها بە داواو ئەو ئیددیعایەی کە بانگەشەی بۆ دەکات، گوێی بۆ شل بکرێت مافەکەی پێ بدرێت، بەڵکو ئەو جۆرە داواکارییە پێویستی بە خستنەڕووی بەڵگە هەیە، یان پشتڕاستکردنەوەی ئەو کەسەی داوای لێکراوە(تۆمەتبار) ئاخۆ ڕاستە مافی ئەو کەسەی بەسەرەوەیە یان ناء، بەڵام ئەگەر سوێندنی خوارد لەسەر ئەوەی هیچ مافێکی ئەو کەسەی بەسەرەوە نیە، ئەو کات کۆتایی بەو مەسەلەیە دەهێنرێت و باوەڕی پێ دەکریت، چونکە ئەسڵ ئەوەیە کابرای داوالێکراو مافی کەسی بەسەرەوە نەبێت، وە دەبێت باوەڕیشی پێبکرێت.

جا ئەگەر پێوەرو هەڵسەنگاندنەکانی مرۆڤ خۆی بکرێنە سەرچاوەو ژێدەری بەڕێوەبردنی مامەڵەو پەیوەندی و چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ لەنێو خۆیاندا، بێگومان ژیانیان دەشێواو ستەمکاری بڵاودەبوەوە، بەجۆرێك زۆرێك لەو خەڵکە مافی لە ناو دەچوو، زۆر بە ئاسانی خوێن و ماڵ و سامانی حەڵاڵ دەکرا، هەروەك ئەوەی کە پێغەمبەر ئاماژەی پێ کردووە(**لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدعوَاهُمْ لادَّعَى رِجَالٌ أَمْوَال قَوم وَدِمَاءهُمْ**)، بەڵام ئەوە سۆزو ڕەحمەت و میهرەبانی خودای باڵادەستە کە بەندەکانی جێناهێڵێت پشت بە خۆیان ببەستن لە یەکلاکردنەوەی ئەو مشتومڕەی کە لە نێوانیان سەرهەڵدەدات.

پەروەرگارکۆمەڵە یاساو ڕێسایەکی بۆ بەندەکانی تەشریع کردووە، کە زامنی بەدەستهێنانی دادپەروەری و یەکسانییە لە نێو خەڵکیدا، تەنانەت ڕێگەیەکیشە

بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە درۆ، بێئەوەی سۆزو عەتف کاریگەری هەبێت لە دەستەبەرکردنی ئەو عەدالەت و هاوسەنگییەی کە لە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو یاساو ڕیسایەی پەروەردگار دێنە دی، کە بۆی داناون لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان بەندەکانی، لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەو گرفتانەی ڕۆژانە درووست دەبن، لەسەر بنەمایەکی ڕوون و بەڵگەی حاشا هەڵنەگر.

کە بەداخەوە وەک دەبینین سەردەمانێکە ژیانی مرۆڤ شێواوەو ستەمکاری بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، وە کۆمەڵگەش نیە کە دووچاری ئەو مشتومڕەو ئەو کێشەو گرفتانە نەبووبێت، بەهۆی پشتکردن لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێساو یاساو ڕێنماییانەی کە پەروەردگارو پێغەمبەرﷺ بۆی داناوین.

جا پێویستە لەسەر فەرمانڕەواو دادوەرەکان ئەو فەرموودەیە بکەنە بنەماو بناغەی حوکمڕانییەکی دادپەروەر لە نێو کۆمەڵگە لە پێناو پاراستن و پارێزگاریکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، لە داڕووخان و پشێوی درووست بوون ودامرکاندنی دڵەڕاوکێی هاووڵاتیان لەسەرتاسەری وڵات و شارو شارۆچکەکان سەبارەت بە ماڵ و سامان و داهات و زەویو زاریان.

کە تەماشای بارۆدۆخی حوکمڕانی عێراق دەکەیت پشێوی و ناعەدالەتییەکی زۆر تێبینی دەکەیت، لە ڕووی ئەو ستەمەی لە میللەتی کورد کراوە بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کوردنیشینان زۆرترە وەك، کەرکووك و دەوروپشتی بەو پێیەی، لەسەردەمی حوکمی لە ناوچووی بەعسی سەددامی و دارو دەستەکەی، زەویوزاری کشتوکاڵی و خانووبەرەیەکی زۆری کوردی ستەم دیدە لە نێو شارەکاندا دەستی بەسەرداگیراو دواتر درایە عەربی هاوردەو عەرەبە شوڤێنییەکانی حەویجەو ناوچەکانی تری عێراق.

ئەگەر بهاتبایە ئەو یاساو ڕێسایەی پەروەردگارو ڕێنمایەی پێغەمبەرﷺ بکرایەتە بنەمایەك بۆ یەکلاکردنەوە کێشەی ئەو زەویوزارو خانووبەرانە

لەلایەن دادگای فیدراڵەوە، ئێستا میللەتی بەش خوراوی کورد ئەو مافانەی بۆ دەگەرایەوە لە زەوی کشتوکاڵی و خانووبەریان لە ناوچەکانی دوبزو سەرگەڕان و دارەمان و داقوق و داودەو و تۆپزاوەو لەیلان و ....هتد،، بەڵام بەداخەوە دادگای فیدراڵ پشتی کردە ئەو بنەماو نەخشە ڕێگایەی پێغەمبەرﷺ کە بۆی وێناکردوون، لە کاتێکدا کە دەکەویتە وتوویژو گفتوگۆ، لەگەڵ ئەو عەرەبە هاوردەو شوڤێنییانە خۆیان بە موسڵمانی عیار٢٤ دەژمێرن، گوێی خۆیان کەڕ کردووە لەئاستی ئەو یاساو ڕێسا خوداییە، ئەوەتا کورد داوای مافی خۆی دەکات و بەڵگەشی حاشاهەڵنەگری هەیە، کە تاپۆی زەویوزارو خانووەکانیانە، کە زۆر لە مێژەوە هەیانە.

بێگومان هەر کاتێك ئینسان پشتی لە یاساو ڕیساکانی پەروەردگاری کرد بێگومان دەبێتە دڕندەیەك و کونترۆڵی نەفسی خۆی پێناکرێت و دیلی دنیا ویستی و ئارەزووەکانییەتی، هەرچی خراپەکارییەك هەبێت لێی دەوشێتەوە و سڵی لێناکاتەوەو ئەنجامی دەدات، هەروەکو ئەوەی داوای مافی کەسێکی تر دەکات کەسوور دەزانێت هی ئەو نیە، تەماشا بکەن خوداﷻ چی سەبارەت بە ئینسان فەرموەوە: ﴿...وَخُلِقَ الْإِنسَانُ ضَعِيفًا﴾[1].

**واته:** پەروەردگار ئینسانی بە شێوەیەك درووستی کردووە کە زۆر بێ هێزەو بەرگەی زۆرێك لە فەرمان و ئەرکانەی خوداﷻ ناگرێت، **کە لە ئەستۆیدایە**[2].

ئاشکرایە شایەتیدان کارێکی پیرۆزە، چونکە ئەو شتە نهێنییانەی هەن لە پرسێکدا کە مشتومڕو کێشەو گرفتی زۆری لێدەکەوێتەوە لەلایەن کەسی داواکار(المدعي)و داوالێکراو (المدعى عليه)دەخرێنەڕوو بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و گەرانەوەو چەسپاندنی ماف بۆ خاوەن هەق.

(١) سورة النساء الآية:٢٨.
(٢) کتێبی( تەفسیری نامی:٢٤٨/٢، تەفسیری گوڵشەن:٤٠١/١).

## پێناسەی شایەتیدان لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەدا

**یەکەم:** پێناسەی شایەتیدان(**الشهادة**)لە ڕووی زمانەوانییەوە(**لغةً**): (**الإخباربما شاهده**)، یانی: گەواهیدان، لەسەر شتێک بینرابێت یان کردەوەیەک کرابێت یان قسەیەک وترابێت[1].

**کەوابوو:** شایەتی دان بریتیە: لەوەی مرۆڤێکی دادپەروەر خەبەربدات کە ماف و هەقی فلانەکەس بەسەر فلانەکەسەوەیە، بەڵام ، بە لەفزێکی تایبەت.

**دووەم:** پێناسەی(**الشهادة**)لەڕووی زاراوەشدا (**وإصطلاحاً**): (**إخبارعن عيان بلفظ الشهادة في مجلس القاضي بحق للغير على آخر**)، یانی:گەواهیدان لای دادوەر بێت یان هەرکەسێک داوای شایەت بکات لەسەر مافی کەسێک لەسەر کەسێکی تر بێت یان مافی خۆی لای کەسێک بێت،یاخود بۆ ڕەتکردنەوەی تۆمەتێک بێت[2].

## حیکمەت لە شایەتیدان

لەڕاستیدا شایەتیدان پێویستیی ژیانە، بەو پێیەی کە ئامرازێکە بۆ پارێزگاریکردن و سەلماندنی ماف و پاراستنی ژیان و پارەو پول و داهاتی خەڵکی لە دەستدرێژی کردنە سەرو خواردنی بە ناهەق و ناڕەوا، هەروەها هۆکارێکە بۆ گەیاندنی کەسی ستەمکارو تاوانبار بە سزای خۆی لەڕێی دادگاوە، ئەگینا زۆرێك لە ماف و شایستەی خەڵکی دەفەوتاون لەناو دەچوون، وە ڕێگەیەکیشە بۆ یەکلاکردنەوەی زۆرێك لەو کێشەو گرفت و ناکۆکییانەی کە سەرهەڵدەدەن لە نێوان خەڵکی[3].

---

(١) کتێبی(لسان العرب لابن منظور:٢٢٢/٧مادة شهد).

(٢) کتێبی(التعريفات للجرجاني:ص١٠٧باب الشين).

(٣) کتێبی(حكمة التشريع وفلسفته للشيخ علي أحمد الجرجاوي:٩٩/٢ و مابعدها، و أحكام الشهادة ←

**شایەتیدان لە قورئانی پیرۆزدا**

**ئایەتی یەکەم**

خودای(ﷻ) دەفەرموویت: **﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾**(١).

واتە: شایەتی پەنهان مەکەن و مەیشارنەوە، بەتایبەت لە کاتی پێویستدا هەرکەسێك شایەتی پەنهان بکات و بیشارێتەوە، ئەوە دڵی بە گوناە ئالودە دەبێت، خودایش ﷻ زاناو ئاگادارە بە هەموو کارو کردەوەیەکتان(٢).

کەواتە: شاردنەوەی شایەتیدان پەسەند نیەو گوناهبارییە لای پەروەردگار، بە تایبەت لە کاتی پێویستیدا بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لای دادوەر ئەمەش جۆرێکە، لە هاوکاریکردن و یارمەتی بۆ ڕاپەڕاندنی چاکەکردن و پارێزگاریکردن لە مافی یەکتر لە نێو کۆمەڵگەدا.

سەرنج بدەن خودا ﷻ چی دەفەرموێت: **﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ....﴾**(٣).

هەروەها، هەرکاتێك داوایان لێکردن بۆ شایەتیدان لە هەر پرسێکدا دەبێ بە دەنگیانەوە بچن هەر بۆ هەمان مەبەست، یانی ئاشکراکردنی ڕاستییەکان ودانانی سنوورێك بۆ ئەوانەی مافی خەڵکی بە نارەوا دەخۆن و دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر سەروەت و سامان وماڵاتی خەڵکی ئەوەتا خودا ﷻ دەفەرمووێت: **﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا....﴾**(٤).

**ئایەتی دووەم**

---

وعقوبة شاهد الزور في الإسلام/ د. حسين محمد الرابيعة:٨٤ بەدەستكارييەوە).

(١) سورة البقرة الآية:٢٨٣.

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١/ ٢٤٨ بە دەستکارییەوە).

(٣) سورة المائدة الآية:٢.

(٤) سورة البقرة الآية:٢٨٢.

خـودا ﷻ دەفەرمووێـت: ﴿...وَأَشْـهِدُوا ذَوَيْ عَـدْلٍ مِّـنكُمْ وَأَقِيمُـوا الشَّـهَادَةَ لِلَّهِ...﴾[١].

ئاشـكرايە ئەو ئـايەتە بـاس لە عيـددەی ژنـی تەڵاقدراو دەكـات، پەروەردگـار دەفەرمووێت: ئەگەر عيددەيان تەواو بوو دەبێت بە خۆشی و چاكە دەستيان لێ بەربدەن و هەموو حەقێكی خۆيان پێ بدەنەوەو، **دووكەسی خاوەن عەدالەت و ڕاسـتگۆ لەسـەر مـوراجەعە كردنەكەتـان يـان لەسـەر وازلێهێنانيـان و جيابوونەوەتان لێيان، بكەن شايەت و شايەتييەكەيان بۆ خودا**ﷻ بە جوانی بەبێ زيادو كەمی ئەنجام بدەن.

دیارە ئایەتی تر هەن سەبارەت بە شایەتیدان بەڵام لەم برگەیەدا تەنها بەو دوو ئیکتفـا دەكەیـن و دەوەسـتین ئەوەی دەیەوێـت بـا بگەڕێـتەوە بـۆ قورئـانی پیـرۆز سەبارەت بەو بابەتی شایەتیدانە.

### شايەتيدان لە سوننەتدا

### فەرموودەی يەكەم

سـەبارەت بە شـايەتی دان پێغەمـبەر ﷺ دەفەرمووێـت:( **أَلاَ أُخْـبِرُكم بخَـيرِ الشُّهداءِ؟؟؟؟ الَّذي يأتي بشَهادتِه أو يُحدِّثُها قبْلَ أنْ يُسأَلَها** )[٢].

ئەو فەرموودەيە پێمان دەڵێت: شايەتی دان پلەيە لای خودا ﷻ چونكە، مـاف وهەق و خـوێن ڕشـتنی بەنـاحەقی خەڵكـی دەپارێزێـت لە دەسـت درێژكـاری و خواردنی بەناهەق تەماشا بكەن كاتێك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: دەتانەوێت پێتان بڵێم چـاكترين شـايەت كێـيە ؟ ئەو كەسـەيە شـايەتييەكەی دەدات پـێش ئەوەی

(١) سورة الطلاق الآية:٢.

(٢) كتێبی(صحيح ابن حبان:رقم الحديث ٥٠٧٩ ص ١٣٧٤ كتاب الشهادات).

داوای لێبکرێت و یا بۆ خۆی قسە دەکات پێش ئەوەی پرسیاری ئاراستە بکرێت.

لەو سۆنگەیەوە بۆمان ئاشکرا بوو کە شایەتی دان پێویستە بدرێت، هەوەکو ئاماژەمان پێداو قسەمان لەسەری کرد لە بڕگەی پێشوودا.

**فەرموودەی دووەم**

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: (**أَكْرِمُوا شُهُودَكُمْ فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَسْتَخْرِجُ بِهِمُ الْحُقُوقَ ويرفع بهم الظلم**)[1].

واتە: ئەوانەی شایەتی دەدەن ڕێزلێگیراون لەسەر زوبانی پێغەمبەرﷺچونکە، خوداﷻ لە ڕێی ئەوانەوە ماف و ڕەوایەتی بەش خوراوو ستەملێکراو دەگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی.

هەروەك، زانراوە شەرعدانەر کۆمەڵێك مەرجی بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی شایەتی داناوە بگەڕێنەوە سەرچاوە فیقهییەکان بۆ زیاتر ئاشنا بوون، ئەوەی گرنگە بەلامانەوە لەم بابەتەدا دادپەروەری شایەتەکەیە کە مەرجێکە زۆرینەی فوقەهاکان هاوڕان لەسەر داپەروەڕیتی شایەتەکە بەڵام، **ئەوەی جێی تێڕامانە ئەی ئەگەر ئەو مەرجە بەدی نەکرا لە شایەتەکەدا** یا هەر **دەست نەدەکەوت** وەك، لەم سەردەمەی ئێستاماندا دەرچوون لە فەرمان وگوێرایەڵی خودا زۆرە، بەدەگمەن هەیە دادپەروەر بێت، بەو پێیە بێت زۆرێك لە ماف و داواکاری و مامەڵەکردن و کێشەوگرفتەکان لە دادگاکان بێ چارەسەر دەمێننەوە هەر لەبەر ئەوەی شایەتی دادپەروەر نیە شایەتی بدات، لە دەرئەنجامدا خەڵکی دەکەونە زەحمەتی و بارگرانی ئالۆزی ژیانەوە جا بۆ ئەم مەبەستە فوقەهاو زانایانی پەیڕەوی مالیکی دەرچەیەکیان بۆ چارەسەری ئەو کێشەوگرفتانە دۆزیوەتەوە تاوەکو، ماف هەق و مامەڵەو داواکاری و بەرژەوەندی خەڵکی نەکەوێتە

(١) کتێبی(فیض القدیرللمناوي: ١/١٨٤رقم الحدیث ١٤٣١).

مەترسییەوە ڕێگەیانداوە بە وەرگرتن و قبولّ کردنی شایەتی کەسی نادپەروەرو دەرچـوو لە فەرمـان و گـوێڕایەڵی خـوداو پێغەمـبەربەو مەرجەی ئەو شـایەتە کەمترین سەرپێچی و بێ فەرمانی هەبێ لەو نێو ئەو شایەتانەی تر.

**(نَصَّ بَعْضُ الْعُلَمَاءِ عَلَى أَنَّا إِذَا لَمْ نَجِدْ فِي جِهَةٍ إِلَّا غَيْرَ الْعُدُولِ أَقَمْنَا أَصْلَحَهُمْ وَأَقَلَّهُمْ فُجُورًا لِلشَّهَادَةِ عَلَيْهِمْ، وَيَلْزَمُ ذَلِكَ فِي الْقُضَاةِ وَغَيْرِهِمْ لِئَلَّا تَضِيعَ الْمَصَالِحُ، قَالَ: وَمَا أَظُنُّ أَحَدًا يُخَالِفُ فِي هَذَا، فَإِنَّ التَّكْلِيفَ مَشْرُوطٌ فِي بالْإِمْكَانِ، وَإِذا جاز نصب الشهود فسقة لأجل عموم الفساد جاز التوسع في أحكام المظالم والجرائم لأجل كثرة فساد الزمان)**(١).

کەواتە: ئەسلّ ئەوەیە ئەو کەسانەی فەرمانەکانی خودا ناشکێنن وگوێڕایەڵ و ڕاسـتگۆن شـایەتی دانیـان لێوەربگیرێـت لە دادگاکـان بـۆ یەکلاکـردنەوەی کێشەو گرفتەکان نێو خەڵکی نەك پێچەوانەکەی، بەڵام، لەم سەردەمەی تێیداین زەحـمەتە ئەو جـۆرە، شـایەتانەمان چنـگ بکەوێـت جـا بـۆئەوەی مـاف و بەرژەونـدییەکانی خەڵکـی نەکەونە مەترسـی و فەوتانـدنەوە زانایـانی پەیڕەوی مـالیکی وتوویـانە: لە ناچاریـدا جـائیزە لەو سـاتەوەختانەدا شـایەتی ئەو سەرپێچیکارانە لەلایەن دادوەرەوە قبولّ بکرێت تاوەکو، لە دادگاکاندا کاروباری خەڵکـی ڕانەوەسـتێ و تووشـی نـاڕەحەتی و زەحمەتـی بـن، بەڵام پێویسـتە حکـومەت و دەسـتەڵاتی یاسـادانان هەمـواری یاسـاکانی دادوەری بـکەنەوە سـەبارەت بە زیـاتر خـزمەت کـردن و ڕەچـاوکردنی مـاف خـوراو سـتەملێکراو لەڕووی گرنگی دان بە شایەتی دان و وەرگرتنی گوفتار و قبوڵکردنیان لەلایەن دەستەی دادوەری و چۆنیەتی جیاکردنەوەی شایەت وکەسی ڕاستگۆ لە نێو شـایەتەکان بەو ئـامرازو شـتانەی کە لە توانـای دادگـادایە بـۆ دەسـتەبەرکردن و گەیشتن بە ڕاستییەکان وگەڕاندنەوەی ماف و شایستەکان بۆ خاوەنەکانیان.

لەڕێـی بە پشتبەسـتن و گەڕانەوە بـۆ ئەو دەق و سـەرچاوە بـاوەڕپێکراوە

(١) کتێبی(الذخيرة/ القرافي:١٠/ ٤٦ وأحكام القرآن:لابن الفرس: ٤٢٢/١ بتصرف) .

فیقهییانەی ئیسلامی کە لەم سەردەمەدا لە دادگاکان فەرامۆشکراون و کاریان پێناکرێت، لە دەرئەنجامدا بۆتە هۆکاری فەوتاندن و زیان گەیاندن بە مافی زەوتکراوی ستەملێکراوەکان، چونکە دادگا بەتایبەت دادوەرەکان ئازادن لە وەرگرتن و قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی شایەتەکان، لەبەر ناچاری (استحسانا) پەنابردن بۆ شایەتی دان لەسەر شایەتی (شهادة النقل أوالسماعية)[(١)]، یا (شهادة اللفيف)[(٢)]، شایەتیدانی بەکۆمەڵ لە پێناو گەراندنەوەی ماف و شایستەکان بۆ خاوەنەکانیان پاراستنی بەرژەوەندییە، ڕەچاوکردنی ئەو جۆرە بەرژەوەندییانە لەلایەن فەرمانڕەواو دەستەڵاتی دادگەرییەوە پێی دەوترێت: سیاسەتی شەرعی.

خوێنەری ئازیز بۆ ئەوەی زانیاری تەواوت لەسەر بابەتی سیاسەتی شەرعی دەستبکەوێت بگەڕێوە بۆ کتێبەکەمان بە ناونیشانی(**بنەما گشتییەکانی سیاسەت لە ئیسلامدا**).

**فەرموودەی سێهەم**

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: (**أَلا أُنَبِّئُكُمْ بأَكْبَرِ الكَبائِرِ قُلْنا: بَلَى يا رَسولَ اللَّهِ، قالَ: ثَلاثاً: الإشْراكُ باللَّهِ، وعُقُوقُ الوالِدَيْنِ، وكانَ مُتَّكِئًا فَجَلَسَ فقالَ: ألا وقَوْلُ الزُّورِ، وشَهادَةُ الزُّورِ، ألا وقَوْلُ الزُّورِ، وشَهادَةُ الزُّورِ فَما زالَ يقولُها، حتَّى قُلتُ: لا يَسْكُتُ**)[(٣)].

لەو فەرموودەیە پێغەمبەرﷺسێ جار بە هاوەڵانی دەفەرموێت: ئایا پێتان

---

(١) شهادة النقل أوالسماعية: هي الشهادة التي ينيب فيها شاهد الفرع عن شاهد الأصل في نقل الشهادة إلى مجلس القضاء لعذرألّم بشاهد الأصل كموت أو سفر أو غيبة طويلة وتكون بلفظ أشهدتك على شهادتي. انظر (شهادة النقل في الفقه الاسلامي :عائشة عيسى الشحي – جامعة الشارقة – مجلد ١٦ العدد ٢ سنة ٢٠١٩).

(٢) شهادة اللفيف: بأنها شهادة جماعة من الشهود بلغ عدهم إثني عشر فأكثر لم تثبت تزكيتهم عند القاضي. أنظر: شهادة اللفيف فقها وقانونا: سكينة الهاشمي و صفية دكالي مقتبس من بحث إجازة نظام الشهادة والشهود في إطار توثيق العدلي – كلية الاداب والعلوم الانسانية بن مسيك الدار البيضاء) .

(٣)-کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٤٩٧/١٠رقم الحديث٥٩٧٦كتاب الأدب- باب عقوق الوالدين من الكبائر).

بڵێم گەورەترینی گوناه کامانەن، ئەوانیش وتیان : بەڵێ ئەی نێردراوی خودا پێغەمبەرﷺ پاڵی دابووەوە فەرمووی: هاوتا پەیدا کردن بۆ خوداﷻخراپەکاری و ئازاردانی دایك وباوك، ئینجا پێغەمبەرﷺدانیشت و فەرمووی: شایەتی درۆ ئەوەندی دووبارەکردەوە هەتا وتم: خۆزگە ئەوەندە خۆی ماندوو نە ئەکردو بێدەنگ دەبوو.

لە ڕووی حوکمی شەرعییەوە فوقەهاکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەسێك شایەتی درۆ بدات، دەبێت تەمێ بکرێت، بەڵام لە جۆری تەمێکردنەکە ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیەو دەبنە دوو ئاراستەوە: **یەکەم: (أبو حنيفه)** دەڵێت: (بەلامەوە شایەتی درۆ ناوزڕاندی باشترە لە نێو بازاردا نەك لێدانی)[1].

**دووەم:** مالکییەکان[2]، شافعییەکان[3]، حەنبەلییەکان[4]، ئیمامییەکان[5]، ویوسف و محمد لە **حەنەفییەکان** بەلایانەوە شایەتی درۆ دەبێت، تەمێ و تشهير بکرێت، تەمێکردنەکە بە زیندانی و لێدانی دەبێت بەو مەرجەی لە(٤٠ **جلدة**) زیاتر نەبێت، دیارە بڕی لێدانەکەش لە دەستەڵاتی حاکم و فەرمانڕەواکەیە چەندێکیان بە باش زانی ئەوەندە **(جلدة)**ی لێدەدن بەڵام ، تشهير کردنەکە بەگوێرەی پێگەی کەسەکەیە لە نێو کۆمەڵگە جۆری تشهیرەکەی بۆ دیاری دەکرێت.

**بۆ نموونە:** هەندێك کەس لەنێو بازاردا ناسراوە لەوێ ناوی دەزڕێنن و

---

(١)-کتێبی(تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق: ٤/ ٢٤٣، الأصل:١١ / ٥٢٠ ، شرح فتح القدير: ٤٤/٧ كتاب الشهادات .

(٢)-کتێبی(المنتقى شرح موطأ مالك: ٧ /١٤٤رقم الحديث١٣٨٢ كتاب الأقضية، مواهب الجليل: ٨/ ١٦٦، القوانين الفقهية المالكية:ص٥١٠ .

(٣)-کتێبی(الحاوي الكبير) الماوردی: ١٦ / ٣١٩ .

(٤) کتێبی(المغني: لابن قدامة: ١٤/ ١٤٨.

(٥) کتێبی(الروضة البهية في شرح اللمعة الدمشقية : ٣/ ١٥٩، جواهر الكلام في شرح شرائع الاسلام: ٤٢/ ٣٨٣ المسألة العاشرة.

تشـهیری پێدەکەن، هەنـدێ کەسـی تـر لەنێـو مزگەوت ناسراوە لەوێ تەشـهیری پێـــدەکەن، هەنــدێکی تــر لە نێــو عەشــیرەتەکەی بەناوبــانگە لەوێ تشــهیری پێدەکرێت.

هەڵبـەتە شـێوازی (**تشـهیر**)کـردنەکە لەلایەن فوقەهاکـانەوە دیـارکراوە بەو شێوازە، **ئەی خەڵکینە فلان شایەتی درۆی داوە کەس متمانەی پێ نەکات**، ئا بەو جۆرە سزا دەدەرێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر جورئەت نەکات شایەتی درۆ بدات.

**فەرموودەی چوارەم**

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (**مَن حَلَفَ علَى يَمين يَسْتَحِقُّ بهَا مَالًا وهو فِيهَا فَاجِرٌ، لَقِيَ اللَّهَ وهو عليه غَضْبَانُ، فأنْزَلَ اللَّهُ تَصْدِيقَ ذلكَ: {إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا}، فَقَرَأَ إلى {عَذَابٌ أَلِيمٌ}** سورةآل عمران الآية:٧٧)[١].

**واتە:** ئەو کەسانەی بە سوێندی درۆ ماڵی خەڵکی دەکەن بە ماڵی خۆیان، لە قیامەتدا ڕووبەڕووی پەروەردگار دەبنەوە، خوداﷻ زۆر تووڕەیە لێیان، سیفەتی تـووڕەیی بـۆ خـودای گەورە بەو شـێوەیە جێگیرکـراوە، کە لەگەڵ شـکۆمەندی و گەورەیـــی ئەودا دەگونجێـــت و لە تـــووڕەیی بـــوونەوەرە دروســـتکراوەکان ناچێت(**لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ**)[٢].

یانی: خوداﷻ تاك و تەنهاو بێ وێنەیەو هیچ شتێك نیە، وەکو ئەو بێت و لەو بچێت، نە لە بوونیدا نە لە گەورەیی و بڵندیدا، نە لە هێزو توانایدا نە لە مەبەست و حــیکمەت و زانیاریــدا، ئەو خـــودایە ﷻ کە زۆر بیســـەری وتەو قســـەی بەنـدەکانییەتی و بینـاو خـاوەن دیـدەیەو هەمـوو شـتێك دەبیسـتێت و دەبینێـت و هیچی لێ ون نابێت[٣].

(١) کتێبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:١٧٩/٥رقم الحدیث٢٥١٥ کتاب الرهن- باب إذا إختلف الراهن والمرتهن ونحوه فالبینة علی المدعي والیمین علی المدعی علیه).
(٢) سورة الشوری الآیة:١١.
(٣) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٦٥٣/٣).

سەرنج بدەن سەبارەت بەوانەی سوێندی بە درۆ دەخۆن و بەڵێن و پەیمانەکانیان دەشکێنن خوداﷻ چی دەفەرموویێت: **(إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلاً أُولَئِكَ لاَ خَلاَقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلاَ يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)**[١].

بەڕاستی خوداﷻ وەفاکردن بە سوێندو پەیمانی بە پێویست داناوە، جا ئەو پەیمانە لەگەڵ هاوئایین، یاخود لەگەڵ غەیرە ئاییندا بەسترا بێت، ئەو کەسانەی لەبەر تەماعێکی کەم و بێ نرخ سوێندو پەیمانی خۆیان دەشکێنن، ئەوانە لە خۆشییەکانی قیامەت بێبەشن و خودا ڕووی ڕەحمەتیان تێناکات و نایاندوێنێت و لە گوناهەکانیان پاکیان ناکاتەوە، وە سزایەکی پڕ ئێش و ئازاری بۆ تەرخان کردوون[٢].

تەنانەت پێغەمبەرﷺ هەڕەشە دەکات لەوانەی بە ناهەق و ناڕەوا ماڵی خەڵکی دەخۆن لەڕێی دادگاوە، تەماشا بکەن چی دەفەرموویێت:( **إنَّما أنا بَشَرٌ وإنَّكُمْ تَخْتَصِمُونَ إليَّ، ولَعَلَّ بَعْضَكُمْ أنْ يَكونَ ألْحَنَ بحُجَّته من بَعْض، فأقْضي علَى نَحْوِ ما أسْمَعُ، فمَن قَضَيْتُ له مِن حَقِّ أخِيهِ شيئًا، فلا يَأْخُذْهُ فإنَّماَ أقْطَعُ له قِطْعَةً مِنَ النَّارِ)**[٣].

پێغەمبەرﷺ دەفەرموویێت: من تەنیا مرۆڤێکم، وەکو ئێوە هەندێکتان شکات وسکاڵای خۆیان دێننە لام ، لەوەیە یەکێکتان باشتر بێت لە قسەکردنیدا، توانای بەڵگە هێنانەوەی زیاتر بێت، کارێکی وا بکات، قەناعەتم لا دروست بکات، بەوەی لە بەرژەوەندی ئەودا بڕیاری بۆ بدەم، لەسەر حیسابی ئەو کەسەی تر، ئەگەر ئەو مافە وەربگرێت لە کاتێکدا دەزانێت کە درۆ و ناڕەوایە، ئەوا بەشێك لە ئاگری دۆزەخی بۆ دابڕاوە، کە لە ڕاستیدا مافی برا موسڵمانەکەیەتی.

(١) سورة آل عمران الآية:٧٧.

(٢)) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١/٢٩٠).

(٣) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٣/١٩٥رقم الحديث٧١٦٩ كتاب الأحكام- باب موعظة الإمام للخصوم).

## حوكمی شایەتیدان

شایەتیدان لە دادگا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو گرفت و ناکۆکییەکان نێوان کەسەکانی نێو کۆمەڵگە فەزری کیفایەیە، لە پێناو پاراستنی مافی خەڵکی لە فەوتان، بەڵام ئەگەر کەس نەبوو شایەتی بدات ئەو کاتە فەرزە لەسەر ئەو کەسەی زانیاری تەواوی هەیە دەبێت شایەتی بدات، سەرنج بدەن خودای(ﻷ) دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾[1].

واتە: شایەتی پەنهان مەکەن و مەیشارنەوە، بەتایبەت لە کاتی پێویستدا هەرکەسێك شایەتی پەنهان بکات و بیشارێتەوە، ئەوە دڵی بە گوناه ئالودە دەبێت، خودایش ﷻ زاناو ئاگادارە بە هەموو کارو کردەوەیەکتان[2].

کەواتە: شاردنەوەی شایەتیدان پەسەند نیەو گوناهبارییە لای پەروەردگار، بە تایبەت لە کاتی پێویستیدا بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لای دادوەر ئەمەش جۆرێکە، لە هاوکاریکردن و یارمەتی بۆ ڕاپەڕاندنی چاکەکردن و پارێزگاریکردن لە مافی یەکتر لە نێو کۆمەڵگەدا.

ئەوەتا خودا ﷻ دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا....﴾[3].

واتە: هەرکاتێك داوایان لێکردن بۆ شایەتیدان لە هەر پرسێکدا بچن بە دەنگیانەوە ڕێگر مەبن لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و دانانی سنوورێك بۆ ئەوانەی مافی خەڵکی بە ناڕەوا دەخۆن و دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر سەروەت و سامان و ماڵاتی خەڵك، بەلای (ابن حزم) شایەتیدان فەرزە [4].

---

(1) سورة البقرة الآية:٢٨٣.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/ ٢٤٨ بە دەستکارییەوە).

(٣) سورة البقرة الآية:٢٨٢.

(4) کتێبی(شرح فتح القدير لابن همام الحنفي:٣٣٩/٧، مغني المحتاج:٣٥٦/٦، الكافي لأحمد بن حنبل:٢٧٠/٤ المحلى بالآثار لابن حزم:٥٢٧٤٩١/٨ مسألة ١٨٠٢،نظرية الدعوى والإثبات في الفقه الإسلامي للدكتور نصر فريد واصل:ص٦١ ومابعدها).

**مەرجی شایەتیدان**

**ئاشکرایە فوقەهاو زانایان هەندێك مەرجیان داناوە دەبێت بوونی هەبێت لەو کەسەی شایەتی دەدات لەم برگەیەدا هەوڵدەدەین ئاماژە بۆ ئەو مەرجانە بکەین لەوانە:**

**یەکەم:** موسڵمانێتی

**واتە:** ئەوکەسەی شایەتی دەدات دەبێ موسڵمان بێت، بروانن لەو بارەیەوە خودا ﷻ **چی** دەفەرمووێت: ﴿**...وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ...**﴾[1].

ئاشکرایە ئەو بانگەوازە بۆ ئیماندارانە، **یانی** لەنێو خۆتان دوو کەسی دادپەروەر بکەن شاهید، هەڵبەتە مشتومڕ هەیە لە نێو فوقەهاو زانایان لەسەر ئەوەی ئاخۆ شایەتیدانی کەسی بێباوەڕ وەردەگیرێت یان ناء، لێرەدا نامانەوێت بچینە ئەو وردەکارییەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوە باوەڕ پێکراوانە سەبارەت بەو بابەتە گرنگە کە لە پەراوێزدا ئاماژەیان بۆ دەکەین[2].

**تەنها یەك شت ماوە باسی لێوە بکەین، ئەویش ئەوەیە ئەگەر بە ڕەهایی شایەتیدانی کەسی بێباوەڕ ڕەت بکرێتەوە، زۆرێك لە ماف و شایستەی خەڵکی موسڵمان لە دادگاکان دەکەوێتە مەترسی فەوتان و لەناو چوونەوە ئەوەش زیانێکی گەورەیە بەریان دەکەوێت، جا لە پێناو پاراستن و بەرژەوەندی موسڵمانان، هەندێك لە فوقەهاو زانایان ڕێگەیان داوە بە قبوڵکردنی شایەتی کەسی کافر لە حاڵەتی ناچاری و پێویستیدا**[3].

(١) سورة الطلاق الآية:٢.

(٢) کتێبی(شرح بداية المجتهد و نهاية المقتصد لابن رشد الحفيد:٢٢٩٧/٤، المغني لابن قدامة:٣٧/١٤، شرح فتح القدير لابن همام الحنفي:٣٩٠/٧،مغني المحتاج:٣٥٦/٦، المحلى بالآثار لابن حزم:٤٩١/٨ مسألة ١٧٩١).

(٣) کتێبی(الطرق الحكمية في السياسة الشرعية لابن قيم الجوزية:ص١٦١، بحث المقدم من قبل د. ←

☜قبوڵکردنی شایەتی کەسێ بێباوەڕ(کافر) لە ڕاستیدا بۆچوونێکی زۆر بەجێیە لەلایەن هەندێك زاناو فوقەهاوە، لەبەرئەوەی ماف و شایستەی هیچ کەسێکی موسڵمان نافەوتێ، بە هۆی نەبوونی شاهیدی موسڵمان بە تایبەت لەو جێگاو شوێن و ناوچانەی، بێباوەڕانی تیادا زۆرینەیە.

**دووەم:** بالغ بوون (پێگەیشتوو) منداڵ نەبێت.

**سێیەم:** عاقڵی، یانی شێت نەبێت شایەتیدانی ڕەت دەکرێتەوە.

**چوارەم:** ئازاد(الحرية) بێت و ژێردەستە نەبێت نەتوانێت شایەتی بدات.

پێنجەم: دادپەروەر بێت، یانی گوناهی گەورەی ئەنجام نەدابێت و بەردەوام نەبێت لەسەر گوناهی بچووك و ڕازو نیاز پاك بێت لە بیروباوەڕیدا، بە ئاگابێت لە کاتی تورەییدا سنوور نەبەزێنێت[1].

ئەو پێنج مەرجە زۆرینەی فوقەهاو زانایان لەسەر کۆکن، دیارە هەندێك لەمپەریش هەن لە ڕێگرتن لە شایەتیدان، ژمارەی شاهیدەکان و شایەتیدان لەسەر هەندێ کەیس و دۆزی تایبەت، بۆ نموونە: باری کەسێتی و جینایەت و مامەڵەکردن و پەشیمان بوونەوە لەشایەتیدان و شایەتیدان بەدرۆ ....هتد. ئەوانە جێ دێلێن بۆ ئیوەی خوێنەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوە فیقهییە متمانەپێکراوەکان بۆ ئەوەی زیاتر شارەزابن سەبارەت بەو بابەتانە.

**پوختەی بابەتەکە**

*یەکێك لە ئامانجەکانی شەریعەتی ئیسلام پاراستنی سامان داهات وپارەو خوێنی خەڵکییە.

---

حسن تيسير عبدالرحيم شموط بعنوان شهادة الكافر على المسلم/ المجلة الأردنية للعلوم التطبيقية- سلسلة العلوم الإنسانية:١١٧/١٨ عدد الثاني سنة ٢٠١٧).

(١) کتێبی(الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي:٨/٢١٦).

*نابێت تەنها بە داواکاریی کەسێك ئەوەی داوای دەکات، وەك مافێك لەسەر خەڵکی بیدرێتێ، پێویستە کەسی داواکار بەڵگەی هەبێت، ئەگەر نا ئەوا کەسی داوالێکراو دەبێت سوێند بخوات لەسەر ئەوەی کە داواکار ڕاست دەکات یان ڕاست ناکات لەو داوایەی.

*ئەسڵ ئەوەیە کە مرۆڤ بێتاوانە لە هەموو تۆمەتێك تا بەڵگەکان دەسەلمێنرێت.

* کەسی داواکار(المدعي) دەبێت ئەوەی لاساغ بێتەوە ئەو شتەی بە بڕیاری دادوەر دەیدرێتێ، حەرام و قەدەغەکراوەکانی، بۆ حەڵاڵ ناکات کە سوور بزانێت ئەو ماڵە هی ئەو نیە، چونکە خۆی چاك دەزانێت بە سوێندی درۆ دەستی بەسەردا گرتووە.

*گرنگە دادوەر(قازی) یان ئەو کەسەی ناوبژیوانی دەکات، ئەم ئایەتە بخوێنێتەوە بۆ کەسی داواکار**(إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ وَلَا يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)**[1].

بەڵکو هەندێك دەرس و عیبرەت وەربگرێت لەو هەڕەشەیەی لەو ئایەتەدا هاتووە نەبادا سوێندی درۆ بخوات، لە پێناو خواردنی ماڵی کەسێکی تر بە ناهەق و ناڕەوا[2].

(١) سورة آل عمران الآية:٧٧.

(٢) کتێبی( الأم للشافعي:٨٣/٨، الأربعون حديثا في مباني الإسلام وقواعد الأحكام:ص٣٨٩).

# فەرموودەی سی و چوار گۆڕینی خراپەکاری

## (تغيير المنكر)

**عَنْ أَبي سَعيد الخُدريِّ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعتُ رسُولَ الله ﷺ يَقولُ: (مَن رَأى مِنكُم مُنكَراً فَليُغَيرهُ بِيَدِه، فَإِنْ لَمْ يَستَطِعْ فَبِلِسَانِه، فَإِنْ لَمْ يَستَطِعْ فَبِقَلبه وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ)**[1].

خەڵكانێك هەن هێرش دەكەن سەر شتە پیرۆزەكانی نێو كۆمەڵگە و پێشێلكردنی داب و نەریتە پەسەندكراوەكان لە ڕێی ئەنجامدانی كردەوەی خراپ لە شوێنە گشتییەكان.

ناوەڕۆكی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺ ئەو هەنگاوانەمان بۆ دەخاتە ڕوو كە پێویستە هەموو ئیماندارا‌ن بێ جیاوازی، ڕووبەڕووی ئەو پێشێلیكردن و هێرشە ناڕەوایە ببنەوە كە لەلایەن هەندێ كەسی سەرپێچیكارو یاخیبوو ئەنجامی دەدەن بێ سڵ كردنەوەو شەرمكردن، لە دەرئەنجامی ئەو دیاردە خراپانەی كە هەموو ئەو سنوورو یاسایانەی خودای(ﷻ) بەزاندووەو بەرژەوەندی گشتییان خستۆتە مەترسییەوە هەروەها، ئادابی گشتی و داب و نەریتی پەسندكراوی نێو كۆمەڵگەیان پێشیل كردووە.

جا بۆ ڕێگریكردن لەو خراپەكارییانە، پێغەمبەرﷺنەخشە ڕێگای بۆ سەرجەم شوێنكەوتووانی كێشاوە، كەچۆن چارەسەری ئەو جۆرە پێشیلكارییانە بكەن؟؟؟؟

(١) كتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٠٢/٢رقم الحديث٤٩كتاب الإيمان- باب بيان كون النهي عن المنكر من الإيمان).

وە کێن ئەوانەی ئەو فەرمانەی پێغەمبەرﷺدەیان گرێتەوە کە دەبێت ئەو کارە پیرۆزە ئەنجام بدەن؟؟؟

کاتێك پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: (**مَن رَأَى منكُم مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بيَدِهِ، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسانِهِ، فإنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وذلكَ أَضْعَفُ الإيمانِ**).

بڕواننە ڕستەی(**مَن رَأَى مِنكُم**) هەرکەسێك لە ئێوە تێبینی ڕەفتارێکی خراپ و ناپەسەندو شتێکی نامۆی کرد لە نێو کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێت، چەمکی(**مَن رَأَى**) باس لە دیتن بە چاو دەکات، نەك **بیستن بە گوێچکە**



ئەوەش واتاو دەلالەتی خۆی هەیە زۆرجار تەشهیرو تومەت بە بنەماڵەو خێزانێك کراوە تەنها لەڕێی **بیستنەوە** بووە، نەك بەچاو بینرابێت ئەوەش کارەساتی زۆر دڵتەزێنی لێکەوتۆتەوە، پێویستە هەموو ئیماندارانی زۆر ئاگاداربن لەوەی دەیگێرنەوە، گرنگە بەوردی لەسەرچەمکی(**مَن رَأَى**) **هەڵوەستە بکەن**.

ئیمانداران هەر کاتێك ئەو ڕەفتارە خراپ و ناپەسەندەتان بە چاوی خۆتان بینی ئەوا پێویستە هەڵوێست وەربگرن و ڕووبەڕووی ببنەوە بە پێی ئەو تواناو دەسەڵاتەی هەتانە.

کەوابوو: کەس نیە ئەو فەرمانەی پێغەمبەرﷺنەیگرێتەوە، هەندێکتان بە دەست و هەندێك بەزمان و هەندێکی تر بەدڵ، بەو مەرجەی پشێوی و ئاژاوەو

دەرئەنجامی خراپی لێ نەکەوێتەوە، بەجۆرێك زیان لە بەرژەوەندی گشتی بدات، پێویستە پێشوەختە هەڵسەنگاندنێك بكرێت بۆ ئەو دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەی لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە دروست دەبێت.

مەبەست لە وشەی **(مُنْكَرًا) یانی:** هەرچی شتێك شەرع بە خراپ و ناپەسەندی دانا(منكر)ە[1].

لەبەرئەوەی ئەو شتە خراپە (منكر)ە،کاریگەری نەرێنی لەسەر تاك و کۆمەڵگە دروست دەکات، گرنگە خوێندنەوەیەکی قووڵتر بۆ لێکدانەوەی وشەی **(مُنْكَرًا)** بكرێت، نەك تەنها هەر لەسەر ئەو بابەتانەی بە زەقی سنوور بەزاندنی شەرعین هەڵوێست وەربگیرێت.

دەبێت لە بەرامبەر هەموو ئەو کردەوەو ڕەفتارە نەرێنییانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆمەڵگە بە جددی هەڵوێست وەربگیرێت،

**بۆ نموونە:** ئەوانەی دەست بۆ ماڵی گشتی دەبەن و دەیخۆن بە ناڕەواو بەناهەق بە فیڕۆی دەدەن، یاخود ئەوانەی مامەڵەو بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن یان ئەو فەرمانبەرانەی لە فەرمانگە حکومییەکان ڕەشوە وەردەگرن لە هاووڵاتییان لە بەرامبەر ئیشێکی دیاریکراو، کە ئەرك وپێویستە فەرمانبەرەکە جێبەجێی بکات یاخود ئەوانەی زبڵ و خاشاکیان لەسەر ڕێگەوبانەکان فرێ دەدەن یا .. یا ...هتد.

لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارە خراپ و ناپەسەندانە، دەبێت هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بێ جیاوازی ڕووبەڕووی ببنەوەو هەوڵی گۆرینی بدەن، کەس نەڵێت: ئەو ئیشە پەیوەندی بەمنەوە نیە، فەرموودەکە تێکرا ئیمانداران دەگرێتەوە بێ

[1] کتێبی(الآداب الشرعية والمنح المرعية لابن مفلح المقدسي:١٧٩/١، الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر في حياة النبيﷺ/د. طارق محمد الطواري:ص٨).

جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ.

بڕوانن لە فەرموودەکەدا پێغەمبەرﷺبەرپرسیارێتییەکەی دیاری نەکردووە، بەڵکو ئامۆژگاری و ڕێنمایی و فەرمانەکەی بۆ سەرجەم تاکەکانی نێو کۆمەڵگە شۆڕکردۆتەوە بێ جیاوازیکردن، لە بەرەنگاربوونەوەو گۆڕینی ئەو دیاردە خراپ و ناپەسەندانە بەڵام، هەرکەس بە پێی ئەو تواناو دەسەڵاتەی هەیەتی، بەو مەرجەی پێشوەختە هەڵسەنگاندن بۆ دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەو کارەی بکات.

هەڵبەتە پێغەمبەرﷺئامرازی لابردن و گۆڕینی ئەو دیاردەو ڕەفتارە ناپەسەندو خراپانەی بۆ کۆمەڵگە دیاری کردووە، کاتێك پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: **(فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ)**،



تەنها ئەو برگەیە **(اللَّهُ أَعْلَمُ)** زیاتر مەبەستی فەرمانڕەواو دەستەڵاتدارەکانە چونکە، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی ئەو فەرمانڕەواو کاربەدەستانە هەیانە.

دەتوانن ئەو جۆرە کەسانەی سەرپێچیکارن و سنوور دەبەزێنن و زیان لە بەرژەوەندی گشتی دەدەن، ڕووبەڕووی یاسایان بکەنەوەو سزایان بدەن، بۆ ئەوەی جارێکی تر جورئەتی ئەوە نەکەن ئەو ڕەفتارە خراپانە دووبارە بکەنەوە .

برگەی **(فإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلسانه)** ، لێرەدا پێغەمبەرﷺمەبەستی چینێکی ترە لە کۆمەڵگە **(اللَّهُ أَعْلَمُ)** ئەوانەن خەڵکی گوێ لە قسەو ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانیان دەگرن.



ئەو جۆرە کەسانە کاریگەرییان هەیە لەسەر کۆمەڵگە وەکو، مێزەر بەسەری بۆ خودا سوڵحاوو بانگخوازو مامۆستا و ڕۆشنبیرو کەسایەتییە ناوەدارەکان و ڕیش سپی و کەسە بەئەزموونەکانن، لەبەر ئەوەی ئەو چینە شارەزاو پسپۆرن لە هونەری وگفتوگۆو قسەکردن، دەزانن چۆن قەناعەت بە بەرامبەریان بکەن، هەموو کەسێك ناتوانێت بەئاسانی بەو کارە قورسە هەڵبسێت چونکە، مەسەلەکە گۆڕینی کردەوەو ڕەفتارێکی ناپەسەندە، هەروەکو، ئاماژەمان بۆی کرد ئەو جۆرە کارە پێویستی بە کەسی لێزان و شارەزا هەیە لەبواری چۆنیەتی قسەو گفتوگۆکردن.

**(فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ)**



لێرەدا پێغەمبەرﷺمەبەستی چینێکی تری کۆمەڵگەیە جیاواز لە هەردوو

چینەکەی تر(**الله أعلم**) (**فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ**) لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا نین تاوەکو، بەهێزی یاساو دادگا ئەو سەرپێچیکارانە سزا بدەن، وە نە ئەو تواناو شارەزاییەیان هەیە لە هونەری گفتوگۆکردن تاوەکو، بەزمان (**فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ**) ئەو ڕەفتارە خراپ و ناپەسەندانە بگۆڕن .

**کەوابوو:** ئەمە چینەی کۆمەڵگە خەڵکی سادەیە، دەبێت ئەو کارە ناپەسەندو ڕەفتارە خراپەی سەرپێچیکاران بە دڵ مەحکوم بکەن و پێی ڕازی نەبن، کە ئەوەیان نزمترین پلەی باوەڕدارییانە لەو پرسەدا ئەو هەڵویستەیان لێ قبوڵ دەکرێت چونکە، هەر ئەوەندەیان پێدەکرێت لە بەرامبەر ئەو کارە نەشیاوو ناپەسەندە(مُنْكَر)ەی ئەو یاخیبووانە ئەنجامیان داوە لە نێو کۆمەڵگەدا.

بەگشتی گەر تێبینی ئەو فەرموودەیە بکەین بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەو خراپەکاری و ڕەفتارانەی لە نێو کۆمەڵگە سەرهەڵدەدەن **پەیوەستە بە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە، دەبێت هەموویان پێکەوە هاوکاری یەکتر بن بۆ گۆڕینی ئەو دیاردە خراپ و ڕەفتارانەی هەندێك کەسی کاڵفام و نەزان ئەنجامی دەدەن بە ئاشکرا سنووری ئاداب و ئەخلاق و داب و نەریتی پەسەندکراوی نێو کۆمەڵگە پێشێل دەکەن و دەیبەزێنن.**

هەر لەو دیدگەیەوەیە پێغەمبەرﷺ فەرمانی بە هەموو ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگە کردووە گە بەو ئەرکە هەڵبسن، بۆ نەهێشتن و لابردنی ئەو کارە خراپ و ڕەفتارانەی ناپەسەند و نەشیاون.

ئاشکرایە کۆمەڵگە پێك هاتووە لە چینی دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواکان و چینی ڕۆشنبیرو کەسایەتی ناودارو شارەزاو بەئەزموون و بیرمەند هەروەها، لە خەڵکانی ئاسایی کەوابوو: بەرپرسیارێتی پاراستنی بەها ئایینییەکان و ڕەوشتە بەرزەکان ودابو نەریتی نێو کۆمەڵگە لە ئەستۆیاندایە، هەر چین و توێژێك بە گوێرەی تواناو دەسەڵاتی پشکی خۆی بەردەکەوێت لەو بەرپرسیارێتیە.

**بیرمان نەچێت ئەوانەی ئیمانی ڕاستەقینەی تەواویان بە خودای(ﷻ) و ڕۆژی زینـدوو بـوونەوە هەیە بەردەوام داکـۆکی کـارێکی سەرسـەختن، لە گـۆڕین و نەهێشتنی ئەو دیاردە نامۆیانەی کە سنووری خودایﷻ تیا دەبەزێنرێت و ئادابە گشـتییەکانی نێـو کۆمەڵگە دەکـاتە ئامـانج، لەلایەن هەندێك ڕێکخراوو کەسـی بەکرێگیـــراوو یـــاخیبوو کە بەردەوام ژەهـــری فکـــری ئیلحـــادو بێبـــاوەڕی و بەدڕەوشتی لە نێو کۆمەڵگە بڵاودەکەنەوە لەمەڕ تێکدان و نەهێشتنی ئەو بەهاو ڕەوشتە بەرزانەی نێو کۆمەڵگە.**

سەرنج بدەن**خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾**[(١)].

واتە: ئەی موسـڵمانینە بـا کۆمەڵێـك لە ئێـوە پێکبێـت بـۆ ئەوەی ڕێگـای چاکەوخێر پیشانی خەڵکی بدەن و بۆیان روون بکەنەوە، فەرمانیان پێ بدەن کە ڕوو لە چاکەبکەن و خۆیان لە خراپە بپارێزن، ئینجا دەبێت ئەو کەسانە زۆر بە چاکی لە فەرمانەکانی خوداﷻ تێگەیشتبن لە قسەو ڕێپیشاندان و ئامامۆژگاری کردندا زۆر نەرم و ڕووخۆش و دڵفراوان بن، نەك توندو تورەو قسە ڕەق، دەبێت بزانن کە چۆن خەڵکی دەدوێنن و ڕێنماییان دەکەن، ئەو کەسانەی بە جوانی بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵدەستن، بەڕاستی لە هەردوو ژیاندا سەرفرازو بەختەوەرن[(٢)].

ئەو فەرمـــوودەیەش کەســـەرچاوەکەی لەو ئـــایەتەوەیە ئامـــاژەیەکی بـــۆ بانگخوازیکردن بۆ دینی خوداﷻ تێدایە، بەشێوازێکی بەرفراوان کە هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

**کەوابوو: بەرپرسیارێتییەکە لە لووتکەی دەستەڵاتەوە دەست پێدەکات، کە فەرمـانڕەو و بەرپرســەکانە، دەبێـت** **فەرمـان بە چاکەکـاری بـکەن**، **لە ڕێـی**

---

(١) سورة آل عمران الآية:١٠٤.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٣٠٤).

بەکارهێنانی ئەو دام و دەزگاو ئامرازانەی لەژێر دەستەڵاتیاندایە بەتایبەت پەروەردەو ڕاگەیاندنەکان و دەزگاکانی تر دەوڵەت لە خزمەت بانگخوازی بۆ دینی خودا ﷻ و بەرقەراربوونی ڕەوشت و بەهابالاکان و داب و نەریتە پەسندکراوەکانی نێو کۆمەڵگە هەروەها، **ڕێگریش بکەن** لە هەموو خراپەکاری و ئەو دیاردە قێزەوەنانەی سەریان هەڵداوە لەناو خەڵکیدا، بەجۆرێك ڕێگەنەدەن ستەم و ستەمکاری و دەستدرێژی بکرێت بۆ سەر خەڵکی بێتاوان و سڤیل، بە سزادانی سەرپێچیکارو زیندانی کردنیان لە ڕێی دانانی یاساوە، بەو مەرجەی ئەو یاسایە دژ بە دەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی ڕاست و دروستی پێغەمبەر ﷺ نەبن.

**توێژێکی تری نێو کۆمەڵگە پێوستە بە کاری بانگخوازی هەڵبسن** ئەوانیش مامۆستایانی ئایینی و نووسەرو ڕۆشنبیران دەگرێتەوە لە ڕێی وشیارکردنەوە ونووسین و سیمینارو وتاردانەوە، توێژێکی تری نێو کۆمەڵگە **خەڵکە ئاساییەکەیە** ئەوانیش دەبێت جێی دەستیان دیار بێت، لە گەیاندنی دینی خودا ﷻ هەر کەسێك بە پێی توانای خۆی، مەرج نیە وەکو، دوو توێژەکەی تری کۆمەڵگە ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەبێت بەڵام، دەبێت بەشدار بن لە پرۆسەی گەیاندنی پەیام و دینی خودا(**جَلَّتْ عَظَمَتُهُ**).

### حوکمی ڕێگریکردن لە خراپەکاری لەڕووی شەرعەوە

هەرکاتێک خراپەکاری لە کۆمەڵگە سەریهەڵدا، بێگومان بەڵاو ماڵ وێرانی ڕوویان تێدەکات، بۆیە دەبێت زاناکان هەڵوێستیان لە بەرامبەریدا هەبێت و مامەڵەی جددی لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی سەلامەت بن، دیارە زانایانیش جیاوازییان هەیە سەبارەت بە حوکمی ئیدانە و مەحکوم کردنی خراپەکاری، ئایا بۆ هەموو کەسێک واجبە یان تەنها لەسەر ئەوانە واجبە کە دەستەڵاتیان هەیە؟

**فوقەهاو زاناکان کۆکن** لەسەر ئەوەی ڕێگری کردن لە خراپەکاری ئەرکەو واجبە بێ خیلاف بەڵام فەرزی کیفایەیە[1].

---

(١) کتێبی(تفسير فتح القديرللشوكاني:ص٢٣٦، الآداب الشرعية/ لابن مفلح المقدسي:١٧٩/١، الفصل ←

**(فەرزی کیفـایە)ش** بە کارێـک دەگوترێـت: ئەگەر، چەنـد موسـڵمانێك لەو شوێنە یـان لەو نـاوچەیە جێبەجێـی بکەن، ئەو (فەرزە)لەسـەر هەمـووان لادەچـی بەڵام، ئەگەر، کەس جێبەجێیـان نەکـرد لەو نـاوچەیە یـان لەو شـوێنە بێگومـان هەموویان گوناهبار دەبن.

بەڵگەشـیان ئەو ئایەتـانەی قورئـانی پیـرۆزە، کە ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن، خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:**﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾**(١).

**واتە:** ئەم ئـایەتە ئاراسـتەی موسـڵمانەکانی سـەردەمی پێغەمـبەرﷺ کـراوە هەروەها، ئەو موسڵمانانەی دوای ئەوان هاتوون کە لەسەر شێوەو ڕەوشتی ئەوان بـوون، وە ئەوانەی کە ڕێبـازەکەی ئەوان بە جـوانی پیـادە دەکەن، واتە: ئێـوە باشـترین ئـوممەتن، بەچـی؟ بەوەی کە فەرمـان دەدەن بە چـاکەو ڕێگـا لە خـراپە دەگرن و باوەڕتان بە خوداو بە فەرمایشتی خودا هەیە، کە قورئانی پیرۆزە(٢).

**کەوابوو:** ئێوە کاتێك ئوممەتێکی باشن، لە نەزەری خودا**(تَبارَكَ اسْمُهُ) کە بانگخواز بن**، بۆ دینی خوداﷻو **فەرمانیش بکەن بە چاکەکردن** هەروەها، **ڕێگری بکەن لە خراپەکاری.**

وە هەروەها خودای(ﷻ)دەفەرمووێت:**﴿لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾**(٣).

**واتە:** ئەوانەی کە کـافربوون لە نەوەی ئیسـرائیل لەسـەر زمـانی داوود کە

في الملل والأهواء والنحل لابن حزم الظاهري:١٣٢/٤، الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر لابن تيمية:ص١٤، شرايع الاسلام محمد تقي الحكيم:ص٣٤١).

(١) سورة آل عمران الآية:١١٠.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣٠٦/١).

(٣) سورة المائدة الآية:٧٨-٧٩.

زەبووری بۆ نێرراوەو لەسەر زمانی عیسای کوڕی مەریەم کە ئینجیلی بۆ نێرراوەتە خوارەوە، لەعنەتیان لێکراوە، واتە: لە ڕەحمەتی خودا ﷻ دوور خراونەتەوەو بەر نەفرەت کەوتوون، ئەوەیش لەبەر ئەوەی لە بەرنامەی خودا ﷻ ترازاون و یاخیبوون و لە ڕێگای ڕاست لایان داوە، هەروەها ئەوانە بەکردەوەی خراپی یەکتری قایل بوون و جڵەوگیرییان نەدەکرد لە کردەوە خراپەکانی یەکتر، جا لەبەر ئەوە هەموو جۆرە کارێکی خراپ و ناشیرین لە ناویاندا پەیدا بوو بوو[1].

کەوابوو: ئەو ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە **ڕێگریکردن لە خراپەکاری واجبە** ئەگینا نەوەی ئیسرائیل بۆ دووچاری ئەو نەفرەتەی خودا ﷻ دەبوون، ئەگەر تەرکی ئەو واجبەیان نەکردایەو قایل نەبوونایە بە خراپەکاری یەکتر.

سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودە هەڕەشە پڕ لە ئامێزە ڕادەکێشم سەبارەت بە وازهێنان لە خەسڵەتی ڕێگری کردن لە خراپە کە چ ماڵ وێرانی و بەڵاو موسیبەتێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:(**والَّذي نَفسي بيده لتأمُرُنَّ بالمعروف ولتَنهوُنَّ عن المنكرِ أو ليوشِكَنَّ اللَّهُ أن يبعثَ عليكُم عقابًا منهُ ثُمَّ تَدْعُونَهُ فَلاَ يُسْتَجَابُ لَكُمْ**)[2].

ئەو سوێند خواردنەی پێغەمبەر بە زاتی(اللّٰه ﷻ) بۆ ئەوەیە کە بەهۆش بێینەوە لە خەوی غەفڵەت، چونکە دەفەرمووێت: فەرمان بکەن بەچاکەکاری، وە ڕێگری بکەن لە خراپەکاری، ئەگینا وازهێنان لەو دوو خەسڵەتە هاوتایە بە واڵکردنی دەرگای سزاو غەزەبی خودا ﷻ بە ڕووتاندا، ئەوسا هەر دوعاو نزایەکیش بکەن وەرناگیرێت و قبوڵ ناکرێت.

---

[1] کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٥٥٩/١).

(٢) کتێبی(سنن الترمذي:رقم الحديث٢١٦٩ص٤٩٠کتاب الفتن عن رسول اللّٰه ﷺ، باب ماجاء في الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، هذا حديث حسن).

لەڕاستیدا ئەو سزایانە زۆر قورسن لەسەر ئەوانەی وازیان هێناوە لەو دوو خەسڵەتە گرنگە، تۆ وەرە بە دەستی خۆت دەرگای تووڕەیی و سزای خوداﷻ لە خۆت بکەیتەوە وە لە هەمان کاتدا هەر دوعایەکیش بکەیت وەرنەگیرێت، ئەوە ئەو زەمانەیە کە لەم سەردەمەدا موسڵمانان تێی کەوتوون، چونکە بە ئاشکرا خراپەکاری لە نێو فەرمانگەو دام دەزگاکانی حکومەت و لە نێو بازارو شوێنە گشتییەکان و نێو ماڵ و خێزانەکان دەکرێت کەس نیە بڵێت: لە خودا بترسێن بۆ ئەو هەموو خراپەکارییە دەکەن.

**بیرمان نەچێت هەندێك لەزانایان پێیان وایە: ڕێگری لە خراپەکاری** ئەرکێکی تاکە کەسییە(فرض عین)ە، بەتایبەت ئەوانەی کە دڵنیان لە خۆیان کە لە توانایاندایە بە بەڵگەوە، قەناعەت بە کەسی سەر پێچیکار بهێنن کە واز بهێنێت لەو جۆرە ڕەفتارو کردەوە ناشەرعی و ناپەسەندانە، تەنانەت چی دەقی فەرموودەکەش هەروا دەڵێت بەتایبەت ئەوانەی ئاگادارن و بە چاوی خۆشیان ئەو خراپەیە(منکر)ە دەبینن، دیارە ئیمامی (نەوەوی) قسەیەکی تری هەیە دەڵێت: فەرزی عەینە بەتایبەت لەسەر ئەو کەسەی کە بەتەنها ئاگادارە لەو خراپەکارییە، وە لە تواناو دەستەڵاتیشیدایە لایەرێت بۆ نموونە: کەسێك تێبینی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی غەیبەتی خەڵکی دەکات یان نوێژی بەیانیان دەچوێنی، ئەوە دەتوانێت ئامۆژگاری هاوسەرەکەی بکات یان هەڕەشەی لێبکات، کە دەبێت واز لەو غەیبەت کردنە بهێنێت یان نوێژی بەیانیانی لە کاتی خۆی بکات ئەگینا هەڵویستی باشی نابێت لە بەرامبەری[١].

کەوابوو: نەهی کردن لە خراپەکاری واجبە لەسەرعەوامی خەڵك دەبێیت هەڵبسن بە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرك فەرمانەی خوداﷻ هەر کەسە بە گوێرەی

(١) کتێبی( أحکام القرآن لابن العربي:٣١٦/١، صحیح مسلم بشرح الامام النووي:١٠٤/٢بەدەستکارییەوە).

توانای خۆی، جا هەیە بە ئامۆژگاری و ڕینمایی كردن دەتوانێت ئەو خراپەیەی دەیبینێت بگۆڕێت **نموونەی:** پیاو لە نێو ماڵ و خێزانی خۆی، یان هەیە دەتوانێت بە زەبرو هێزی یاساو ڕێساكانی وڵات ئەو خراپەكارییە بگۆڕێت ئەویش فەرمانڕەواو دەستەڵاتدارانن چونكە حوكمی ئەو خەڵكە دەكەن، وە خەڵكانێكیش هەن دەستەڵات و توانایان نیە ڕێگری بكەن، ئەوان واجبە لەسەریان لە ناخ و دڵەوە ڕازی نەبن و پێیان ناخۆش بێت، گرنگ ئەوەیە ئیماندارن لە جێبەجێ كردنی ئەو ئەرك و فەرمانە پیرۆزە كەمتەرخەم نەبن و گوێی پێنەدەن، ئەگینا خۆیان بەرپرسیار دەبن بەرامبەر پەروەردگاریان.

## میتۆدی پێغەمبەرﷺ بۆ ڕێگریكردن لە خراپە

كە دەڕوانیتە ژیانی پێغەمبەرﷺدەبینیت ڕێگریكردنی لە خراپەكاری پۆلێن كردووە بۆ چەند بوارێك لەم بڕگەیەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بۆ چەند بوارێك بكەین لەوانە[(١)]:

### یەكەم

### ڕێگریكردن لە خراپە لە بواریی بیروباوەڕدا (العقيدة)

تەماشا بكەن خوداﷻدەفەرمووێت:**﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾**[(٢)].

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ ئەوەی لەلایەن ئێمەوە فەرمانت پێ دەكرێ، بەڕوونی ڕایبگەیەنە، گوێ مەدەرە قسەو كردەوەی بێباوەڕان و بتپەرستەكان[(٣)].

---

(١) كتێبی( الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر في حياة النبيﷺ/ د. طارق محمد الطواري:ص١٤ بەدەستكارییەوە).

(٢) سورة الحجر الآية:٩٤.

(٣) كتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣٨١/٢).




لەو ساتەوەی کە پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەرﷺ کرد کە پەیامی خوداﷻ بگەیەنێت بە بێباوەڕانی قورەیش، پێغەمبەرﷺ یەکەم مەلەف کە دەستی بۆ برد، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی پەوروەردگار پرسی یەکتاپەرستی بوو، چونکە لەو سەردەمە لە ناو (کەعبە)و دەوروپشتی (٣٦٠) بت هەبوو سەرانی قورەیش و هۆزو عەشیرەتەکانی تری شاری (مەککە) هەریەکەیان بتی تایبەت بە خۆیان هەبوو دەیان پەرست[1].

لە قورئاندا پەروەردگار باسی ئەوەمان بۆ دەکات کاتێك کە پێغەمبەرﷺ پەیامی خودای بە هاوەڵپەرستان ڕاگەیاند، سەبارەت بە یەکتاپەرستی بێباوەڕانی قورەیش سەریان سورما لەو پەیامە، سەرنج بدەن لەو بارەیەوە خوداﷻ هەڵویستی بێباوەران لەو ئایەتە دەخاتە ڕوو کاتێك وتیان: **﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَٰهًا وَاحِدًا إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾**[2].

---

[1] کتێبی(السيرة النبوية/ د. علي محمد الصلابي:١/٢٩ بۆدەستکارییە).

(٢) سورة ص الآية:٥.

ئەو ئایەتە پیرۆزە باس لە سەرسورمانی بێباوەڕانی قورەیش دەکات کاتێك کە پێغەمبەرﷺ پەیامی خوداﷻ پێ ڕاگەیاندن، کە دەبێت تەنهاو تەنها یەك خودا بپەرستن کە ئەویش زاتی(اللهﷻ)یە، کافرەکان وتیان: دەچێتە عەقڵەوە ئەو چەند خودای چەرخ بەسەرا هاتوو، بەتاڵ بکاتەوە و بڵێ خودا هەر یەکێکە[1].

**کەوابوو:** ڕێنمایی پێغەمبەرﷺ بۆ بێباوەڕان لەسەرەتای بانگخوازیکردنیدا ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕیان بوو، فێری کردن کە دەبێت تەنهاو تەنها خودای تاك و تەنیا بپەرستن نابێت **تەواف بکەن** بەدەوری ئەو بتانەدا **وە ئەگەر داوای هەر شتێك دەکەن دەبێت تەنها هەرلە** زاتی(اللهﷻ) **داوابکەن.**

بۆ زانیاریتان ئەو موشریکانە ئەو بتانەی دەپەرستن زیاتر بۆ ئەوەیە کە لە پەروەردگار نزیکیان بکاتەوە، بڕوانن خوداﷻلە قورئاندا چۆن پاساوی هاوەڵپەرستان لە پەرستنی ئەو بتانە دەخاتەڕوو کە دەڵێن:**﴿مَانَعبُدُهُم إلاَّ لِيُقَرِّبُونا إِلَى الله زُلفَى﴾**[2].

هاوەڵپەرستان دەڵێن: ئێمە بۆیە بەندەیی بۆ ئەو بتانە ئەکەین تا لە خودامان نزیك بخەنەوە بە چەن پلەیێ[3].

سەرنج بدەن ئەو هاوەڵپەرستانە ئەو بتانەیان دەپەرست کە لە توانایاندا نەبوو زیان و سوود بە خۆیان بگەیەنن، پەروەردگار پێغەمبەریﷺ بۆ ناردن لە پێناو ڕاست کردنەوەی ئەو بیروباوەڕە چەوتەی کە هەیانە، بڕوانن **خودای**(ﷻ) **چی دەفەرمووێت: ﴿وَاتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ آلِهَةً لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنْفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا﴾**[4].

(١) کتێبی( تەفسیری نامی:٥/٤٤٠، تەفسیری گوڵشەن:٣/٥٢١).
(٢) سورة الزمر الآية:٣.
(٣) کتێبی(تەفسیری نامی:٥/٤٦٠).
(٤) سورة الفرقان الآية:٣.

واتە: ئەو کافرە موشریکانە بڕیاریان داوە بۆ خۆیان، چەند مەعبوودێکی نابوودی ناڕەسای وەها کە ناتوانن هیچ شتێ دروست بکەن، بەڵکو خۆیان دروستکراون، وە خاوەن دەسەڵات نین، هیچ توانایەکی سوودگەیاندن، یان زیان پێگەیاندنێکیان بۆ خۆیان نیە، هەروەها توانای بەخشینی ژیان و مراندن و زیندووکردنەوەیان نیە[1].

سەرنجتان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕادەکێشم (عبدالله بن عباس رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە: **كانَ المُشْرِكُونَ يقولونَ: لَبَّيْكَ لا شَرِيكَ لَكَ، قالَ: فيَقولُ رَسولُ الله صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: وَيْلَكُمْ! قدْ قَدْ، فيَقولونَ: إلَّا شَرِيكًا هو لَكَ، تَمْلِكُهُ وَما مَلَكَ. يقولونَ هذا وَهُمْ يَطُوفُونَ بالبَيْتِ**[2].

واتە: (عبدالله بن عباس رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە، کە هاوەڵپەرستان(موشریکەکان) لە کاتی حەج کردن بەتایبەت لەکاتی تەواف کردنیان دەیان ووت: گوێڕایەڵ و وەڵامی تۆ دەدەینەوە بەدەنگ بانگەوازی تۆوە هاتین ئەی پەروەردگار بۆ حەج، بێگومان تۆ هیچ شەریکت نیە، تەنها شەریکێك نەبێت، کە ئەویش موڵکی تۆیەو لە تۆوە نزیکە، پێغەمبەریش ﷺ دەیفەرموو: ماڵ وێران بن بە هیلاك بچن، هەر ئەوەندەی تەوحیدەکە بڵێن، زیادەڕەوی مەکەن.

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر خەمخۆری پێغەمبەر ﷺ، بۆ هاندانی بێباوەڕانی قورەیش لە (مەککە) و دەوروپشتی بۆ یەکتاپەرستی و ڕێگریکردن لە شیرک و خراپەکاری و هاوارکردن بۆ غەیری خوداو جل جلاله وازهێنان لەو خورافیات و نەزانی جەهالەتە کە تێی کەوتوون.

لەو سۆنگەیەوە پێغەمبەر ﷺ، بەردەوام هانی هاوەڵپەرستانی دەدا بۆ

(١) کتێبی( تەفسیری نامی:٦٠/٥، تەفسیری گوڵشەن:٩٣/٣).

(٢) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٢٥/٥رقم الحديث١١٨٥ كتاب الحج - باب التلبية وصفتها ووقتها).

پابەندبوون بە یەکتاپەرستییەوە هەرچەندە موشریکیش بوون و هاواریان بۆ بتەکانیان دەکردو قوربانییان بۆ سەردەبرین، بەڵام پێغەمبەرﷺ لە هەموو شوێن و کاتێکدا بێ وچان هەوڵی لەگەڵیان دەدا بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکات لەو سەر لێشێواوییەی دووچاری بوون.

**دووەم**

**ڕێگریکردن لە خراپە لە بواریی خوداپەرستییەکاندا(عیبادەت)**

ئاشکرایە لە سەردەمی پێغەمبەرداﷺ خوداپەرستییەکانی وەك دەستوێژگرتن و نوێژو ڕۆژوو زەکات و فەریزەی حەج و دوعاو نزاو پاڕانەوەکان و .... هتد، زۆر جاران ئەنجام دەدرا بە بەرچاوی پێغەمبەرەوەﷺ، هەرکاتێك تێبینی ئەوەی بکردایە هاوەڵانی بە ڕێکوپێکی ئەو خوداپەرستییە ئەنجام نادەن ئاگاداری دەکردنەوەو هۆشداری پێدەدان بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەنەوە، لەم بڕگەیە هەوڵ دەدەین لەسەر هەر خوداپەرستییەك **نموونەیەك بهێنینەوە** لەوانە:

**دەستنوێژگرتن**

حەزرەتی(عمرؓ) دەگێڕێتەوە، **(أنَّ رَجُلًا تَوَضَّأَ فتَرَكَ مَوْضِعَ ظُفُرٍ علَى قَدَمِه فأبْصَرَهُ النبيُّ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ فقالَ: ارْجِعْ فأحْسِنْ وُضُوءَكَ فَرَجَعَ، ثُمَّ صَلَّى)**(١).

حەزرەتی(عمرؓ) دەگێڕێتەوە: کابرایەك دەستنوێژی دەگرت پێغەمبەرﷺ تێبینی دەستنوێژەکەی کرد، بینی بە ئەندازەی نینۆکێك پێی تەڕ نەبووەو ئاوی پێنەگەیشتووە، ئا لەو ساتە وەختەدا پێغەمبەرﷺ ئاگاداری کردەوەو فەرمووی: بڕۆ دەستنوێژەکەت دووبارە بکەرەوە.

---

(١) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٣٣/٣رقم الحديث٢٤٣كتاب الطهارة- باب وجوب استيعاب جميع أجزاء محل الطهارة).




پێویستە مامۆستاو بانگخوازو وتار بێژە بەڕێزەکان و هەموو موسڵمانێك ئەو هەڵویستەی پێغەمبەرﷺ بە هەند وەربگرن بۆ چاككردنەوەی ئەو سەرپێچییانەی لە کاتی دەستنوێژ گرتندا تێبینی دەکرێت.

گرنگە مامۆستایانی ئێمەش لەم ڕەفتارە جوانەی پێغەمبەرەوەﷺ فێری ئەوە بن لە نێو مزگەوت و یان لە هەر شوێنێکی تردا تێبینی ئەوەیان کرد، کەسێك خەریکی خوداپەرستییە بەڵام موخالەفەیەکی هەیە پێویستە ئەو کەسە ئاگادار بکرێتەوە لەو هەڵەو موخالەفەیەی کردوویەتی، بەڵام دەبێت بە نەرم و نیانی بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیدا بۆ ئەوەی ئامۆژگاری ڕێنماییەکەی لێ وەربگرێت.

**نوێژکردن**

**(أبو قتادةرضي الله عنه) دەگێرێتەوە،(بيْنَما نَحْنُ نُصَلِّي مع النبيِّﷺ، فَسَمِعَ جَلَبَةَ رجال، فلما صلَّى فَقالَ: ما شَأْنُكُمْ؟ قالوا: اسْتَعْجَلْنَا إلى الصَّلَاةِ، قالَ: فلا تَفْعَلُوا، إذَا أَتَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَعَلَيْكُمُ السَّكِينَةُ، فَما أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا، وَما سَبَقَكُمْ فأتِمُّوا)**[1].

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٥٢/٢رقم الحديث٦٣٥ كتاب الآذان- باب قول الرجل ←



دەڵێت: لە خزمەتی پێغەمبەردا خەریکی نوێژبووین، دەنگی تەپەتەپی پێی کۆمەڵە پیاوێك هات ، هەر کە پێغەمبەرﷺ لە نوێژ بووەوە، فەرمووی: ئەوە دەنگە دەنگی چیتان بوو، وتیان پەلەی ئەوەمان بوو بگەینە نوێژی جەماعەتەکە ئا لێرەدا پێغەمبەر ڕاستەوخۆ قسەی خۆی کرد، چونکە موخالەفەیەك کرا، لە هاتن بۆ نوێژی جەماعەت پێغەمبەرﷺفەرمووی: جارێکی تر وا مەکەن، هەر کاتێك هاتن بە هێمنی و ئارامی و لەسەرخۆ وەرن، ئەوەی گەیشتن پێی بیکەن، ئەو چەند ڕکاتەی کراوە، دواتر تەواوی بکەن.

**زەکاتدان**

(عبدالله بن عمروﷺ) دەڵێت: **(أنَّ امرأةً أتت رسولَ اللَّهِﷺومعها ابنةٌ لها وفي يدِ ابنتِها مَسكتانِ غليظتانِ من ذهبٍ فقالَ لها أتُعطينَ زَكاةَ هذا قالت لا قالَ أيسرُّكِ أن يسوِّرَكِ اللَّهُ بهما يومَ القيامةِ سوارينِ من نارٍ قالَ فخلعَتْهما فألقتْهما إلى النَّبيِّ ﷺوقالت هما للَّهِ ولرسولِه)**[1].

ئافرەتێك لەگەڵ کچەکەی هاتنە خزمەتی پێغەمبەرﷺدیار بوو کچەکەی دوو

---

فاتتنا الصلاة).

(١) کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ١٥٦٣ص٧٤٣كتاب الزكاة- باب الكنز ما هو؟ وزكاة الحلي، حديث حسن).

تاك بازنگی ئاڵتون لە مەچەکیدا بوو، ڕاستەوخۆ پێغەمبەرﷺپرسیاری ئەوەی کردو فەرمووی: ئایا زەکاتی ئەو ئاڵتوونە دەدەیت؟؟ وتی: نەخێر، ئینجا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: حەز دەکەیت ئەو دوو بازنگە ئاڵتونە لە ڕۆژی قیامەتدا ببنە، دوو بازنگی ئاگر بخرێنە مەچەکتەوە، هەر کە گوێبیستی ئەو قسەیەی پێغەمبەرﷺ بوو ڕاستەوخۆ لەدەستی داکەندو فڕی دا، ئینجا وتی: با ئەو دووبازنگە بۆ خوداﷻ پێغەمبەرەکەیﷺ بێت.



تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺکاتێك تێبینی ئەوەی کرد کە ئەو ئافرەتە موخالەفەیەکی شەرعی هەیە، ئەویش نەدانی زەکاتی ئەو ئاڵتوونەیەتی، هەر زوو بەزوو ئاگاداری کردەوە لەوەی پرسی **زەکات نەدان** سەرپێچییەو سزای توندی هەیە کە ئاگرە.

لەو سۆنگەیەوە ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی مافی خوداﷻو مافی هەژاران نادەن **نموونەی** خۆ دزینەوە لە زەکاتدان (منکر)ە لە ڕووی شەرعەوە چونکە، سەرپێچی کردنە، کە خراپ و ناپەسەندە سزاکەشی دیاریکراوە.

سەرنج بدەن پەروەردگار چۆن باسی ئەوانە دەکات لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت:**﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾**[١].

(١) سورة التوبة الآية:٣٤.

واتە: ئەوانەی کە زێڕو زیوو پارەو دارایی لە خەزێنەکانیاندا قایم دەکەن و لە ڕێگای خوادا ﷻ نایبەخشن، تۆ ئەی موژدەی سزایەکی پڕ ئێش و ئازاریان بدەرێ کە لە ڕۆژی دواییدا ڕوویان تێ دەکات[١].

پێویستەو ئەرکە لەسەر هەموو ئیماندارێکی ڕاستەقینە بە ئەرکی ڕێگری لە خراپەکاری هەڵبسێت، بەڵام هەر کەسە بە پێی تواناو دەستەڵاتی خۆی، بەو مەرجەی بزانێت چۆن ئەو پەیامە دەگەیەنێت بە کەسی سەرپێچیکاروکاریگەری لەسەری دروست دەکات، بەو شێوازەی کە پێغەمبەر ﷺ کە چۆن قەناعەتی بەو ئافرەتەکرد بازنگەکانی فرێ داو بەخشیی لە پێناوی خودا ﷻ.

## ڕۆژووگرتن

(أنس بن مالك رضي الله عنه)دەگێڕێتەوە: **(جَاءَ ثَلَاثَةُ رَهْطٍ إلى بُيُوتِ أَزْوَاجِ النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، يَسْأَلُونَ عن عِبَادَةِ النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، فَلَمَّا أُخْبِرُوا كَأنَّهُمْ تَقَالُّوهَا، فَقالوا: وأَيْنَ نَحْنُ مِنَ النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم؟! قدْ غُفِرَ له ما تَقَدَّمَ من ذَنْبِه وما تَأَخَّرَ، قالَ أحَدُهُمْ: أمَّا أنَا فإنِّي أُصَلِّي اللَّيْلَ أبَدًا، وقالَ آخَرُ: أنَا أصُومُ الدَّهْرَ ولَا أُفْطِرُ، وقالَ آخَرُ: أنَا أعْتَزِلُ النِّسَاءَ فلا أتَزَوَّجُ أبَدًا، فَجَاءَ رَسولُ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم إليهِم، فَقالَ: أنْتُمُ الَّذِينَ قُلتُمْ كَذَا وكَذَا؟! أَمَا واللَّهِ إنِّي لَأَخْشَاكُمْ لِلَّهِ وأَتْقَاكُمْ له، لَكِنِّي أصُومُ وأُفْطِرُ، وأُصَلِّي وأَرْقُدُ، وأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فمَن رَغِبَ عن سُنَّتي فليسَ مِنِّي)**[٢].

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٧٦).

(٢) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٣١/٩رقم الحديث٥٠٦٣ كتاب النكاح- باب الترغيب في النكاح لقوله: ﴿فانكحوا ما طاب لكم من النساء﴾، غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام/ محمد ناصرالدين الألباني:ص١٤١ رقم الحديث٢٠٨).

کۆمەڵێك کەس هاتن بۆ ماڵی پێغەمبەرﷺبۆ ئەوەی لە نزیکەوە بپرسن ئاخۆ خوداپەرستی پێغەمبەرﷺدەبێت چۆن بێت، کاتێك وەڵامەکەیان دەستکەوت پەرستشەکەی بەلایانەوە زۆر نەبوو بەکەمیان زانی، وتیان: ئێمە لەکوێ و خودی پێغەمبەرﷺ لە کوێ، پەروەردگار لە گوناهی پێشترو پاشتری پێغەمبەرﷺ خۆشبووە، یەکێکیان وتی: تا بمێنم شەونوێژ دەکەم، ئیەکێکی تریان وتی: دوانزە مانگەی ساڵ بەڕۆژوو دەبم، سێهەمیان وتی: منیش هاوسەرگیری ناکەم، کاتێك پێغەمبەرﷺ تەشریفی هێنا و هات فەرمووی: ئەوە ئێوەن وا دەڵێن: دەگوێ بگرن قەسەم بەخودا **أَمَا واللَّهِ إنِّي لَأَخْشَاكُمْ لِلَّهِ وأَتْقَاكُمْ له، لَكِنِّي أصُومُ وأُفْطِرُ، وأُصَلِّي وأَرْقُدُ، وأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فمَن رَغِبَ عن سُنَّتي فليسَ مِنِّي).**

واتە: من لە هەمووتان چاکترو زیاتر خوداﷻدەناسم وە لە ئێوەش زیاتر لێی دەترسێم، بەڵام بەڕۆژوودەبم و نابم، شەونوێژدەکەم و دەشخەوم، هاوسەرگیریش دەکەم هەرکەسێك ڕێگا ئێمە نەگرێت و شوێنکەوتمان نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لە ڕێبازی ئێمە دەرچووەو لایداوە.

خوێنەری ئازیز پێغەمبەرﷺ ئاسابن لە هەر شوێن و جێگاو کات و ساتێکدا کارێکی ناپەسەندو نەشیاوتنان، تێبینی کرد لە کەس و ماڵ و منداڵ و هاوڕێ و دۆستەکانتان کە لە ڕووی شەرعەوە ڕێگە پێنەدراوو خراپە(منکر)ە، دەستەبەجێ بەکاری پێویست هەڵبسن هەڵوێستی خۆتان بخنەڕوو، دوای هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی بەڵام بەحیکمەت و بەهێمنی و نەرم نیانییەوە وە بەپێی ئەو تواناو دەستەڵاتەی هەتانە، لە گۆرینی ئەو ڕەفتارە ناپەسەندو نەشیاوو (منکر)انە.

ئاشکرایە لەبواری حەج کردنیشدا پێغەمبەرﷺ ڕێنمایی و ئامۆژگاری و کاری بانگخوازی کردووە، تەنانەت کاتێك بێباوەڕان کە لە (مەککە)دا تەوافیان دەکرد هاوەڵیان بۆ خوداﷻ دادەنا لێیان دەهاتە دەنگ، دیارە ئەو قسەو باسانەمان لە بڕگەی **ڕێگریکردن لە خراپە لە بواریی بیروباوەڕدا (العقیدة) ئاماژە پێکردووە بگەڕێنەوە بۆی، پێویست بەوە ناکات جاریکی باسی بکەین.**

## ڕێگریکردن لە خراپە لەدەرەوەی بازنەی خواپەرستیدان

هەر کەسێك ژیاننامەی پێغەمبەرﷺ بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە پیغەمبەرﷺ چەندێك لە خەمی ئوممەت و شوێنکەوتووانی بووە نەك لە بواری بیروباوەڕو خوداپەرستییەکان بەڵکو لەدەرەوەی بازنەی عیبادەتیشدا هەوڵی جیددی لەگەڵ داون بۆ ئەوەی بینهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاست و حەقیقەت، هەرکاتێك هەڵەیەك یان شتێکی نامۆی بینیبێت لێیان ڕاستەوخۆ قسەی خۆی لەسەر کردووەو هەڵەکەی بۆ چاککردوونەتەوە لە پۆشینی جل و بەرگ و پۆشاك و ڕووخسارو هەڵسوکەوت و ستایلی سەرتاشین و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکترو چۆنیەتی هاتووچۆکردنی ماڵی خەڵکی و مۆڵەت و ئیزن وەرگرتن بۆ چوونە ژوورەوەی ماڵان و..... هتد.

بڕوانن لە هەڵوێستی پێغەمبەرﷺ بەرامبەر ئەو کەسەی کەجل و پۆشاکەکەی بەری دریژ بووە، (عبدالله بن عمرؓ) دەگێرێتەوە، کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: **(مَن جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلاءَ، لَمْ يَنْظُرِ اللَّهُ إِلَيْهِ يَومَ القِيامَةِ...)**[1].

واتە: هەرکەسێك جل و بەرگ بپۆشێت بۆ ئەوەی وا خۆی پیشان بدات لە نێو خەڵکی کە لەوان باشترو چاکترە، با چاك بزانێت لە ڕۆژی قیامەتدا خودا بە چاوی بەزەیی و ڕەحمەت و میهرەبانییەوە تەماشای ناکات، لەبەرئەوەی خۆی بە زلزانیوە (متكبر)ە.

برایان و خۆشکانی ئازیز بەداخەوە خەڵکانێك هەن زۆر بە هەڵە لەو فەرموودەیە گەیشتوون، بێئەوەی تێبفکرن بۆچی پەروەردگار ئەو سزا قورسەی ئەو جۆرە کەسانە دەدات، چونکە ئەوە هۆکاری سەرەکییە لە بێ بەش بوون

(١) کتێبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:٢٥١/٧رقم الحديث٣٦٦٥ كتاب فضائل أصحاب النبي-باب٥).

لەسۆزو ڕەحمەتی خوداﷻ لەبەرئەوەی یەکێکە لە ناوە جوان وسیفەت و تایبەتمەندییەکانی زاتی(اللهﷻ)، کەس بۆی نیە، بەو سیفەتە خۆی بناسێنێت، بێجگە لە خوداﷻ.

کەوابوو: هەر کاتێك هۆکار(عیللەت) هەبوو حوکم دەبێت، عیللەت نەبوو حوکمیش نابێت، بە پێی ئەو قاعیدەیە کە دەڵێت: (الحُكْمُ يَدُورُ مَعَ عِلَّتِهِ وُجُوداً وَعَدَماً).

کەسانێك هەن جل و بەرگ و پۆشاکیان زۆر سادەو کورتە بە جۆرێك نەگەیوەتە قولە پێی یان گوزینگی، بەڵام **لە دەروون و ناخیاندا ڕۆحی خۆ بەزلزانی (تکبر)ی هەیە**، بەدڵنیاییەوە ئەو فەرموودە **هەڕەشە ئامێزە دەیانگرێتەوە**، بەڵگەشمان کاتێك کە پێغەمبەرﷺ ئەو فەرموودەیە بۆ هاوەڵانی گێرایەوە، حەزرەتی(أبوبکرؓ) وتی: ئەی نێردراوی خودا، بەو پێیە بێت ئەوە من دەگرێتەوە، پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: نەخێر **تۆ بۆ خۆ نواندن و تکبر ئەوە ناکەیت** یانی(هۆکاری خۆ بەزلزانیم لە تۆ بەدی نەکردووە).

سەرنج بدەن هەر بە پێی ئەو قاعیدەیە لەبەر ئەوەی عیللەتی خۆ نواندن و (تکبر) خۆبەزلزانی بوونی لەحەزرەتی(أبوبکرؓ) نەبوو، حوکمەکە نەیگرتەوە کە بێ بەش بوونە لە سۆزو ڕەحمەتی **خوداﷻ**.

کە بەداخە هەندێك لە موسڵمانان لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئەو فەرموودەیە دەکەن، خەڵکیان وا تێگەیاندووە ئەوەی جل و بەرگ و پۆشاکەکەی درێژ بوو، گەیشتە خواری قولە پێی یان گوزینگییەوە، ئەوا ئەو هەڕەشەیە دەیگرێتەوە.

تەماشا بکەن خوداﷻ لە فەرموودەی قودسی چی دەفەرموێت: **(الكبرياءُ ردائي، والعظمةُ إزاري، فمَن نازعَني واحدًا منهُما، قذفتُهُ في النَّارِ)**[1].

(١) کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث٤٠٩٠ص١٨٦٨كتاب اللباس- باب ما جاء في الكبر، حديث صحيح).

خوداﷻدەفەرمووێت: مەزنی و گەورەیی پۆشاك و كاڵای منن، هەر كەسێك موونافسەو ململانی ئەو سیفەتەم بکات، بێگومان لەڕۆژی قیامەتدا دەیخەمە نێو ئاگری دۆزەخەوە.

لەڕاستیدا ژیاننامەی(سیرەی) پێغەمبەرﷺ قوتابخانەیە بۆ هەموو كەسێك ئەوەی دەرچووی ئەوێ نەبێت خەسارەتمەندی دنیاو قیامەتە،چونكە لەو قوتابخانەیە فێری هەموو ئەو شتانە دەبیت، كە گرنگ و پێویستن بۆ ژیانی دنیاو قیامەت، **بۆ نموونە:** چۆنیەتی خواردنیش، (عُمَرَ بْنَ أَبِي سَلَمَةَرضي الله عنه) دەڵێت: **(كُنْتُ غُلاَمًا فِي حَجْرِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَكَانَتْ يَدِي تَطِيشُ فِي الصَّحْفَةِ، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : يَا غُلاَمُ ، سَمِّ اللَّهَ ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ فَمَا زَالَتْ تِلْكَ طِعْمَتِي بَعْدُ)**[1].

(عُمَرَ بْنَ أَبِي سَلَمَةَرضي الله عنه) دەڵێت: منداڵ بووم لە ماڵی پێغەمبەرﷺ كاتێك كە خواردن دانرا دەستم بە هەموو لایەكدا دەبرد، پێغەمبەرﷺ فێری كردم و فەرمووی: ڕۆڵە ناوی خودا بێنەو(بِسْمِ اللّٰه) ئینجا بە دەستی ڕاستت بخۆ، دەست بۆ ئەم لاو ئەولا مەبە هەر لەبەردەم خۆتەوە بخۆ.

گەر تێبینی بكەن لەو فەرموودەیە پێغەمبەرﷺ سێ هەڵەی لەو منداڵە بەدی كرد، ڕاستەوخۆ بۆی ڕاستكردەوە، بەڵام بە شێوازێكی جوان، بە نەرم نیانی تێی گەیاند فەرمووی: ڕۆڵەكەم هەر شێوازی ناوهێنانەكەی بە ڕۆڵەكەم، كاریگەری خۆی دروست دەكات لە ناخ و دڵ و دەروونی كەسی بەرامبەر، ئینجا بەسێ قوناغ فێری كرد، **یەكەم** بەناوی خوداﷻ دەست پێ بكە، **دووەم** بە دەستی ڕاست بخۆ، **سێهەم** لەبەردەم خۆتەوە بخۆ دەست بۆ ئەم لاو ئەولا مەبە.

تەماشا بكەن ئەو كوڕە گەنجە دەڵێت: دوا بەدوای ئەو ئامۆژگاری و

(١) كتێبی(فتح الباري شرح صحيح البخاري بشرح فتح البخاري:٦٤٥/٩، رقم الحديث ٥٣٧٦ كتاب الأطعمة – باب التسمية على الطعام والأكل باليمين).

ڕێنماییەی پێغەمبەرﷺ، ئەوە شێوازی نان خواردنم بووە.




**خــوێنەری ئــازیز** ئەو نموونــانەی هێنامــانەوە ســەبارەت بە چــۆنیەتی مامەڵەکردنی پێغەمبەرﷺ لە ڕێگریکردن لە خراپەکاری(منکر) مشتێك بوون لە خەرمانێـك ئەگینا ژیاننامەی(سـیرەی) پێغەمـبەرﷺ پـڕاو پـڕە لەو نمـوونە جـوانە دەتوانن بگەڕینەوە بۆ ئەو سەرچاوە متمانە پێکراوانە بۆ ئەوەی زیاتر شارەزابن لەشێوازی چۆنیەتی ڕێگریکردن لەو شتە ناشەرعی و خراپانەی ڕۆژانە تێبینی دەکەن لە نێو خێزان و کۆمەڵگە، بەو مەرجەی ئاشتی خێزان و کۆمەڵگە تیایدا پارێزراو بێت.

## سیفەتەکانی ئەو کەسەی کە ڕێگری لە حەرام و خراپە دەکات

ئەو کەســەی کە ڕێگــری لە خراپە(منکــر) دەکــات دەبێــت پابەنــد بێــت بە کۆمەڵێك بنەماو ڕەوشت و خەسڵەتەوە، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر(سەرپێچیکار) درووست بکات، پێغەمبەرﷺئاسا بێت لەوانە[1]:

---

[1] کتێبی(الأمر بالمعروف والنهي عن المنكرلابن تيميه:ص٢٠، الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر في حياة النبيﷺ/د. طارق محمد الطواري:ص٤١بەدەستکارییەوە).

**یەکەم/ ئیخلاسی (الإخلاص).**

دیارە ئیخلاسی بریتیە: لەو خوداپەرستییە ڕاست و دروستەی، کە مەبەست لێی تەنهاو تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندی زاتی (اللّٰهﷻ) بێت، ئەگەر وانەبوو قبوڵی دەکات وە نە کاریگەریشی دەبێت.

**دووەم/ شارەزابوون لە زانست و عیلمی شەرعی.**

ئەو کەسەی کە ڕێگری لە خراپەکاری دەکات، دەبێت ئەوە بزانن بۆچی ڕێگری دەکەن لەو خراپەیە وە هەروەها بەچ شێوازێك گفتوگۆ لەگەڵ کەسی سەرپێچیکار دەکەن، سەرنج بدەن لە ڕووی فێربوونی زانستەوە خوداﷻ چۆن ئاراستەی بەندەکانی دەکات پێش هەر کردەوەیەك، لەو بارەیەوە خودای(ﷻ) دەفەرمووێت:﴿**فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ**﴾[1].

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ چاك بزانە كە لە خواﷻ زیاتر هیچ خودایەکی تر نیەو داوای لێخۆشبوون لە خوداﷻ بکەو بۆ خۆت و بۆ پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار، خوداﷻ لە هەموو کاتێکدا بەوەی دەیکەن و دەیڵێن زاناو ئاگاداراە، جا لە کاتی ڕۆژدا بێت کە دێن و دەچن، یان لە کاتی شەودا بێت کە دەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵەکانتان تا بحەوێنەوە[2].

کە دەڕوانیتە چەمکی (**فَاعْلَمْ**) لەو ئایەتە باس لە فێر بوون دەکات پێش هەموو شتێك ئەگەرچی، ئایەتەکە ڕوو لە پێغەمبەرﷺ دەکات بەڵام، مەبەستی سەرەکی **ئوممەتەکەیەتی** کە دەبێت فێری زانست بن، (العلم قبل القول و العمل) ئینجا داوای کردەوەیان لێدەکات، **کە فێر نەبن چۆن تەکلیفتان لێدەکرێت.**

---

[1] سورة محمد الآية:١٩.

(٢) تەفسیری گوڵشەن:٨٨/٤.

لێرەدا ئێمە لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئایەتەکە، واتا گشتگیرییەکەی وەردەگرین ئەگەر، دەقێکی گشتی لەبەر هۆیەکی تایبەت یان بۆنەیەکی تایبەت دانرا ئەوا واتا گشتگیرییەکەی لە بەرچاو دەگیرێت، نەك تایبەت بوونی هۆیەکە، بە پێی ئەو بنەما شەرعییەی کە دەڵێت: (**العبرة بعموم النص لا بخصوص السبب**)[1].

کەوابوو: فێربوون گرنگەو پێویستە پێش ئەنجامدانی هەر کردەوەیەك، ئەوانەی ڕێگری دەکەن لە خراپەکاری(منکر)، لە پێناوی خوداﷻکارێکی پیرۆز ئەنجام دەدەن.بۆیە پێویستە لەسەریان خۆیان بە زانست و مەعریفە پڕچەك بکەن، ئەوسا ڕێگری بکەن لەشتە خراپ وناپەسەندو نەشیاوەکان چونکە، ئایەتەکە بەڕاشکاوی ڕێنمایی ئوممەتی پیغەمبەرﷺ دەکات کە فێری علیم و زانست و مەعریفە بن پێش جێبەجێ کردنی هەرکردەوەیەك بیانەوێت ئەنجامی بدەن[2].

## سێهەم/ خۆڕاگری

خۆڕاگری و ئارامگرتن لە هەموو کایەکانی ژیان پێویستن بۆ مرۆڤ بۆ نموونە: جێبەجێ کردنی فەرمان و ئەرکەکانی پەروەردگار پێویستی بە صەبرو ئارامی هەیە پێویستە لە بەرامبەر هەموو ئەو بەڵاو موسیبەتانەی دێنە ڕێگای ئەوانەی بەکاری ڕێگری کردن لە خراپەکاری دەکەن لە نێو کۆمەڵگەدا چونکە ئامۆژگاری و ڕێنمایی و ئیرشادی خەڵکی و ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵە و خراپانەی دەکرێن کارێکی ئاسان نیە.

---

(١) کتێبی( الكامل للزلمي في الشريعة والقانون_ ايضاح الفوائد في شرح القهاعد على نمط جديد:٢٥٥/٤).

(٢) کتێبی( تفسير القرطبي: ١٨٨/١٦، وتفسير البغوي معالم التنزيل: ٢٨٥/٧، تفسير فتح القدير للشوكاني:ص١٣٧٥، تفسير التسهيل لعلوم التنزيل لابن الجزي:٣٤٢/٢، فتح الباري شرح صحيح البخاري:٢١٠/١ باب كتاب العلم– باب- العلم قبل القول والعمل لقول الله تعالى:(فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّهُ)بتصرف.

لەو سۆنگەیەوە پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەرانی(علیهم السلام) کردووە کە خۆڕاگربن کە دەفەرمووێت: ﴿فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُو الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ﴾[1].

ئەم فەرمایشتە ئاراستەی پێغەمبەرﷺ کراوە پێی دەفەرمووێت: ئەی پێغەمبەرﷺخۆت ڕابگرەو بەصەبر بە لەسەر یاخیی بوونی قەومەکەت کە لەسەر بێباوەڕیی و بتپەرستی خۆیان بەردەوامن، تۆ هەراسان مەبەو لەسەر ڕێنماییەکانی خۆت بەردەوام بە هەروەکو، پێغەمبەرانی تر(علیهم السلام) خاوەن عەزم و خۆڕاگر بوون لەسەر هەوڵی خۆیان و بەردەوام بوون و هەراسان نەبوون[2].

سەرنجتان ڕادەکێشم بو فەرموودەیەکی پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە صەبر کردن **دەفەرمووێت: (.... والصَّبْرُ ضِياءٌ....)**[3].

لەڕاستیدا خەسڵەتی خۆڕاگری و ئارامی توێشووی هەموو باوەڕدارێکە بەتایبەت ئەوانەی ڕێگری لە خراپەکاری دەکەن لە نێو کۆمەڵگەدا ئەو خەسڵەتە زۆر گرنگ و پێویستە بۆیان، چونکە جاری وا هەیە، ئەگەر خۆڕاگر نەبن ناتوانن بەو کارە پیرۆزە هەڵبسن.

## چوارەم/ نەرم و نیانی نواندن.

ئەو کەسەی کە ڕێگری دەکات لە خراپەکاری (المنكر) دەبێت بە سۆز بێت لەبەرامبەر ئەوانەی پەروەردەو سەرپەرشتییان دەکات، چونکە کەسی دڵ ڕەق و وشك و بێ بەزەیی مەحاڵە بتوانێت بەو کارە پیرۆزە هەڵبسێت.

بڕوانە پەروەردگار چۆن ئاڕاستەی پێغەمبەر دەکات بۆ ئامانجەکەی بپێکێت، کە بریتیە: لە ڕاستکردنەوەی ئەو خورافیاتانەی کە بەدرێژایی تەمەنیان باوەڕیان پێ بووە، ئەویش هاوەڵپەرستی و بت پەرستن بووە،

---

(١) سورة الأحقاف الآية:٣٥.

(٢) تەفسیری گوڵشەن:٤/٨٠.

(٣) کتێبی( صحيح مسلم بشرح النووي:٥/٣ رقم الحديث٢٢٣كتاب الطهارة- باب فضل الوضوء).

پەروەردگار دەفەرمووێت: (**...وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ...**)[1].

واتە:، ئەگەر تۆ(ئەی پێغەمبەر) وشك و دڵڕەق بوویتایە، ئەوە خەڵکەکە لە دەورت دەتەکینەوەو بڵاوەیان لێدەکرد[2].

لە ئایەتێکی تردا خوداﷻ دەفەرمووێت:﴿**ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ**﴾[3].

**واتە:** ئەی پێغەمبەرﷺ بە حیکمەت و بە ئامۆژگاری چاك ئایین بە خەڵکی ڕابگەیەنە، وە بە جوانی و بە نەرمی موجادەلەیان لەگەڵدا بکە[4].

**پێنجەم: هاوسەنگی کردن لە نێوان بەرژەوەندی و زیانەکان.**

**ئەم بنەمایە زۆر پێویستە بۆ ئەوانەی ڕێگری لە خراپەکاری دەکەن لە نێو کۆمەڵگەدا وە دەبێت پابەند بن پێوەی وە نابێت بە هیچ شێوازێك دەستبەرداری بن چونکە، پێیان وایە: فەرامۆش کردن و گوێنەدان بەو بنەمایە، زیان گەیاندنە بە ئەسڵی ڕێگری کردنەکە، دیارە ئەوەش لە کەم ئەزموونی و بێ عیلمییەوە سەرچاوەدەگرێت ئەگینا پێویستە ئەو جۆرە کەسانەو هاوشێوەکانی خوێندنەوەی بابەتییان بۆ ئەو پرسانە هەبێت کە قسەی لەسەر دەکەن وئامۆژگاری و ڕێنمایی خەڵکی لەسەر دەکەن سەبارەت بەبابەتی لابردنی خراپەکاری.**

هەروەکو چۆن پێغەمبەرﷺ هەڵسەنگاندنی کرد، بۆ بابەت درووستکردنەوەی (**کەعبە**) وەکو جارانی پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (**يا عائشَةُ، لَوْلا أنَّ قَوْمَك حَديثٌ عَهْدُهُم بكُفْر لَنَقَضْتُ الكَعْبَةَ فَجَعَلْتُ لها بابين: بَابٌ يَدْخُلُ النَّاسَ وَبابٌ يَخْرُجُونَ**)[5].

(١)) سورة آل عمران الآية:١٥٩.

(٢)) تەفسیری گوڵشەن:٣٣٩/١.

(٣) سورة النحل الآية:١٢٥.

(٤) تەفسیری گوڵشەن:٣٤٨/٢.

(٥) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٢٩٦/١، رقم الحديث(١٢٦)كتاب العلم- باب- من ترك بعض الاختيار مخافة أن يقصر فهم بعض الناس عنه فيقعوا في أشد منه).

پێغەمبەرﷺدەفەرموێت: ئەی (عایشە) ئەگەر، قەومەکەت تازە نەهاتبانە ڕیزی موسڵمانانە ئەوا بڕیارم دەدا (کەعبە) بڕوخێنرێت سەر لە نوێ دروستم دەکردەوەو، دوو دەرگام بۆی دەکرد دەرگایەك بۆ چوونە ژوورەوە یەکێکی تر بۆ دەرچوون.

**دەستەڵات و توانا** خەسلەتێکی ترە دەبێت بوونی هەبێت لەو کەسەی کە بەو کارە پیرۆزە هەڵدەسێت، پەروەردگار دەفەرموێت: **﴿....فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ..﴾**[1].

**واتە:** ئەی ئیماندارینە هەتا دەتوانن و پێتان دەکرێت خودا پەرستی بکەن، جێبەجێکردنی بڕیارو فەرمانەکانی خودا بەپێی توانی مرۆڤ دەبێت[2].

سەبارەت بە هەمان بابەت پێغەمبەرﷺدەفەرموێت:( **....وَما أَمَرْتُكُمْ بە فَافْعَلُوا منه ما اسْتَطَعْتُمْ...)**[3].

واتە: هەر فەرمانێکتان پێ دەکەم بە پێی تواناتان، ئەوە بۆتان دەکرێت بیکەن.

لە بڕگەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەو خەسڵەتەکردووە لێرەدا بە پێویستی نازانین دووبارەی بکەینەوە.

**لەڕاستیدا ئەم بابەتی ڕێگریکردن لە خراپەکارییە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندە دەکرێت لەسەر بدوێین، دیارە چەندەها کتێب و توێژنەوە هەن تایبەتمەندن بەو بابەتە، جا ئەوەی بیەوێت زیاتر ئاشنا بێت زانیاری تەواوی سەبارەت بەو بابەتە چنگ بکەوێت، با بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە گرنگانە کە**

(١) سورة التغابن الآية:١٦.

(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤/٣٢٣).

(٣) کتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي:٥/٢٣١رقم الحدیث١٣٣٧ کتاب الحج- باب فرض الحج مرة في العمر).

**لە پەراوێزادا ئاماژەمان بۆ کردوون دیارە سەرچاوەی تر زۆر هەن**[1].

**شاعیر  شێخ عمر بالیسانی سەبارەت ڕیگری لە خراپەکاری دەڵێت:**

تەماعی دونیا لەدڵ فڕێدە.

هیچ کەس لەدونیا نەی برد ئومێدە.

رەفیقی بێ دین خۆتی لێ دوورکە.

هەتا دەتوانی خۆتی لێ مەهجورکە.

ئەوامری خوا باش بەجێ بێنە.

عومرت بەگوناه قەت مەگوزەرێنە.

دڵی گوناهکار دائما  تەنگە.

پڕغەم وخەفەت هەمووی هەر ژەنگە.

**پوختەی بابەتەکە**

*ڕێگریکردن لە خراپەکای ئەرکەو پێویستە لەسەر هەموو کەسێك بەپێی ئەو تواناو دەستەڵاتەی هەیەتی، هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەو نیشتمان، بەو مەرجەی کە دەبێت ئەو ڕێگری کردنە بە حیکمەت و بە

(١) کتێبی(شرح فقه الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر/تأليف: د. ياسر برهامي، و الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر في حياة النبي/ تأليف د. طارق محمد الطواري- ، والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر/ لشيخ الاسلام أحمد بن عبدالحليم ابن تيمية- ، ومجلة البحوث والدراسات الإسلامية العدد٦٧ - بحث منشور بعنوان (ضوابط الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر الإطار الحضاري للإصلاح المستدام/ أ.م.د. إبراهيم محمد سعيد الهرشي-:ص٢٢٣).

ئامۆژگاری چاك و نەرم و نیانی بێت دوور لە هەموو توندو تیژییەك[1].

*گۆڕینی خراپە بە ڕیزبەندی و پلە بە پلە دەکرێت، هەروەك لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێکراوە (**بەدەست یان بە زمان یان بە دڵ**)، هەرکەسێک توانای ئەوەی هەبێت یەکێکیان بکات، پێویستە ئەو کارە بکات، بەمەرجی دڵنییا بوونەوە لەوەی کە خراپەکارییەکە بەردەوامەو دەکرێت ئەگینا نابێت ئەو ڕێگری کردن و گۆڕینی خراپەکارییە ئەنجام بدرێت[2].

* خەسڵەتی ڕێگری کردن لە خراپەکاری و قەدەغەکردنی بەشێکە لە ئیمان.

*ئیسلام گەرەنتی ئازادی تاک دەکات بەو مەرجەی لەسەر حیسابی ئازادی کەسانی تر نەبێت، یانی تا ئەو ڕادەیە ئازادی کە ئازادی کەسانی تر دەست پێ دەکات.

*ئیسلام پێچەوانەی هەموو ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییانە بوو کە یاسای جەنگەڵ تێیدا زاڵە و سەروەری هی زلهێزەکانە.

(١) کتێبی(الجواهر اللؤلؤية في شرح الأربعين النووية/ محمد عبدالله الجرداني الدمياطي- تحقيق/ عبدالله المنشاوي- الأزهر: ٢٩٧بەدەستکارییەوە).
(٢)-کتێبی(المتين في شرح الأربعين وتتمة الخمسين/ عبدالمحسن حمد العباد البدر:ص١٤٤).

# فەرموودەی سیو پێنج موسڵمان برای موسڵمانە

## المسلم أخو المسلم

**عَـنْ أَبي هُرَيـرَةَ رضـي الله عنـه قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ الله ﷺ : لاَ تَحَاسَـدوا، وَلاَتَنَاجَشوا، وَلاَ تَبَاغَضوا، وَلاَ تَدَابَروا، وَلاَ يَبِع بَعضُكُم عَلَى بَيع بَعض، وَكونوا عِبَادَ الله إِخوَانَاً، المُسلِمُ أَخو المُسلم، لاَ يَظلِمهُ، وَلاَ يَخذُلُهُ، وَلا يكْذِبُهُ، وَلايَحْقِرُهُ، التَّقوَى هَاهُنَا - وَيُشيرُ إِلَى صَدرِهِ ثَلاَثَ مَرات - بِحَسْب امرىء مِن الشَّرأَن يَحْقِرَ أَخَاهُ المُسلِمَ، كُلُّ المُسلِم عَلَى المُسلِم حَرَام دَمُهُ وَمَالُه وَعِرضُه**[1].

**بـۆ ئاگاداریتـان** سـەبارەت بە چەمکـی (**وَلا يكْذِبُـهُ**)، کە لە فەرمـوودەکەدا هاتووە لە (صحيح مسلم) ئاماژەی پێنەکراوە تەنانەت لە (صحيح البخاري)یش، **تەنها لە (سنن الترمذي)دا هاتووە.**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : (الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ، لَا يَخُونُهُ، وَلَا يَكْذِبُهُ، وَلَا يَخْذُلُهُ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ، عِرْضُهُ، وَمَالُهُ، وَدَمُهُ، التَّقْوَى هَاهُنَا، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْتَقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ).

کتێبی(سنن الترمذي،رقم الحديث١٩٢٧ص٤٤٠كتاب البر والصلة عن رسول الله ﷺ باب-ما جاء في شفقه المسلم على المسلم، هذا حديث حسن غريب).

(١) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٨/١٧٤رقم الحديث٢٥٦٤كتاب البر والصلة والآداب-باب تحريم ظلم المسلم وخذله وإحتقاره ودمه وعرضه وماله).

ئەو فەرمـــوودەیە ســـوودو گرنگییەکـــی زۆری هەیە، بەردی بنـــاغەی تونـــدو تۆڵکردنی پەیوەندی برایەتـی بۆ داناوین، وە هۆشداری لە هۆکاری لە ناوبردنی ئەو پەیوەندییەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە، بەوەی کە **ئیرەیی بردن** و ڕق و کینەو دووبەرەکی و پشت تێکردن، کۆمەڵە ڕەفتارێکن دەبنە تێکدان و پچراندنی ئەو پردی برایەتییەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، ئینجا دێتە سەر ئەوەی کە ماڵ و شەرف و کەرامەتی موسڵمان هێڵی سوورن وە پیرۆزن نابێت پێشیل بکرێت لە ژێـر هـیچ پاسـاوێك، لەدەسـتنێکی فەرمـوودەکەدا پێغەمـبەررﷺ ئامـاژە بـۆ خەسـڵەتێکی زۆر مەترسـیدار دەکـات، لەبەرئەوەی کلیلـی کـردنەوەی ئەو خەســڵەتە خراپـانەی تــرە کە دواتــر ئاماژەیـان بـۆ دەکــات، ئەویــش چەمکی(حەسوود)یە، دەفەرمووێت: (**لاَ تَحَاسَدوا**) یانی: ئیرەیی بە یەکتر مەبەن.

**پێناسەی (الحسد) ئیرەیی**

**لە ڕووی** زمانەوانی و **زاراوەییدا (لغةً وإصطلاحاً)**

**یەکەم:** پێناسـەی**(الحسـد)**ئیرەیـی لە ڕووی زمـانەوانییەوە**(لغـةً) بـریتیە:** لە ئاواتەخوازی بۆ نەمانی نیعمەتی کەسی بەرانبەر[١].

**دووەم: پێناسەی(الحسد) ئیرەیی لە ڕووی زاراوەشدا (وإصطلاحاً) بریتیە:** الحسـد(**تمنـي زوال النعمـة عـن مسـتحق لهـا**) بە هیـوای نەمـانی نـیعمەت لە کەسێک کە شایەنی ئەونـیعمەتە بێت، هەروەها وتـراوە: (**الحسـد هـو ظلـم ذي النعمـة بتمنـي زوالهـا عنـه وصـيرورتها الـى الحاسـد**)، واتە: ئێرەیـی ستەمە لە بەرامـبەر خـاوەنی نـیعمەت بەو ئومێـدو ئـاواتەی ئەو نـیعمەتەی لێـی دوور بخرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی ئیرەیی پێ دەبات[٢].

---

(١) کتێبی( لسان العرب لابن منظور:١٦٦/٣، و مختار الصحاح:ص٧١.مادة حسد).

(٢) کتێبی(ألفاظ معاني القرآن للراغب الأصفهاني:ص٢٣٤، التوقيف على مهمات التعاريف ←

**چەمکی (الحسد) ئیرەیی لە قورئاندا**

**ئایەتی یەکەم**

خوای گەورە دەفەرموێت: **﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ﴾**(١).

گەلێ کەس لەوانەی ئەهلی کیتابن، ئارەزوو ئەکەن و خواستیان وایە کە ئێوە بگێرنەوە بۆ بێباوەڕیی لە پاش ئەوە ئیمانتان هێناوە(٢).

**ئایەتی دووەم**

خودایﷻدەفەرمووێت: **﴿أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾**(٣).

ئەو ئایەتە باس لە ئێرەیی و حەسوودی جووەکان دەکات بەرامبەر پێغەمبەرمانﷺ پێیان وایە: چۆن پەروەردگار ئەو هەموو شەرەف و ڕێزەی پێ بەخشیوە، مەبەست لە وشەی (النَّاس) مەبەستیان تەنها پێغەمبەرەﷺ بە تایبەتی(٤).

**ئایەتی سێهەم**

خودایﷻدەفەرمووێت: **﴿سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَىٰ مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا كَلَامَ اللَّهِ قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَٰلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِن قَبْلُ فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾**(٥).

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ هەر کاتێک ڕۆیشتن بۆ غەزایەک کە غەنیمەتی

للمناوي:ص١٣٩فصل السين).

(١) سورة البقرة الآية:١٠٩.

(٢) کتێبی(تەفسیری نامی:١٧٦/١، تەفسیری گوڵشەن:١٢٨/١).

(٣) سورة النساء الآية:٥٤.

(٤) کتێبی(تەفسیری القرطبي:٢١٩/٥،ابن عاشورالتحرير والتنوير:١٥٨/٤).

(٥) سورة الفتح الآية:١٥.

تیادابێت، وەکو غەزای خەیبەر کە بە دوو مانگ کەمتر لە حودەیبیە ڕوویدا، ئەوانەی بۆ حودەیبیە لە گەڵتاندا نەهاتن و خۆیان کشاندەوە، پێتان دەڵێن: با ئێمەیش لە گەڵتاندا بێین، ئەوانە دەیانەوێت ئەوەی خوداﷻ بڕیاری لەسەر داوە بیگۆڕن، کە مەبەست ئەو بڕیارەی خودایە، کە ئەو غەنیمەتەی کە لە غەزای خەیبەردا دەست دەکەوێت هەر بۆ ئەو کەسانە دەبێت کە لە حودەیبیەدا، لەگەڵ پێغەمبەرداﷺ بوون، ئەی پێغەمبەرﷺ تۆ بەوانە بڵێ: نابێت ئێوە لە گەڵماندا بێن و بکەونە شوێنمان، ئەمە خودا وا بڕیاری داوە، ئەو کاتە ئەوانیش لە وەڵامدا پێت دەڵێن: نەخێر، **ئەوە ئێوە بەخیلیمان پێ دەبەن** و حەز ناکەن کە سوودێکی دنیاییمان دەست بکەوێت، نەخێر ئەوانە نەزان و تێنەگەیشتوون، ئەوانە ئەگەر لایان وابێت کارێك سوودی دنیایی تیادایە، خۆیانی بۆ دەکوتن، بەڵام ئەگەر وا بزانن زەحمەت و نارەحەتی و ئازارو کوشتنی تێدایە، ئەوە خۆیانی لێ دەدزنەوەو پشتی تێ دەکەن[1].

## ئایەتی چوارەم

خودای دەفەرمووێت:**﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ* مِن شَرِّ مَا خَلَقَ * وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ* وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ*وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾**[2].

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە**﴿وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾**، ئاشکرایە لەسەرەتای سورەتەکە خودای بەرزی بێ وێنە بە پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت کە بڵێت: من خۆم بە خودای خوڵقێنەری بەیانیان دەپارێزم و هەر پەنا بۆ ئەو دەبەم، کە بمپارێزێت لە زەرەرو زیانی کەسانی حەسوود، کە حەسادەت بە خەڵکی دەبەن، جا شەڕو زیانی حەسوودییەکەیان بە ئەنجامدانی کردەوەێکیان بوو بێت، یاخود بە کاریگەری دەروونی: التأثیر النفسي) تایبەتی ڕوو بدات، کە چۆنیەتیەکەی بە تەواوی نازانرێت[3].

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/١٠٧-١٠٨).

(٢) سورة الفلق الآية:١-٥.

(٣) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤/٥٨٥).

**چەمکی (الحسد) ئیرەیی لە فەرموودەدا**

**فەرموودەی یەکەم**

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:**(إِيَّاكم والظَّنَّ؛ فإنَّ الظَّنَّ أكذَبُ الحديثِ، ولا تَحَسَّسوا ولا تَجَسَّسوا، ولا تَنافَسوا ولا تَحاسَدوا، ولا تَباغَضوا ولا تَدابَروا، وكونوا عبادَ اللهِ إخوانًا)**[١].

لەم فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺپەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەر بنچینەیەکی بتەو رێک دەخات ، بڕوانە لە ڕیزبەندی پەیامەکە بریتیە: لەوەی یەکەم هۆکار کە دەبێتە تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی گومانە، مەبەستمان لە گومانێکی بێ بنەماو بێ بەڵگەیە، تۆ بڕوانە ئەو بەربەستە تۆکمەیە کە پێغەمبەرﷺئاماژەی پێکردووە لە دەستپێکی فەرموودەکە (إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ)، چونکە ئەوگومانەی بێ بنەماو بێ بەڵگەیە کاریگەری خۆی دەبێتخراپ درووست دەکات و لەدەر ئەنجامدا کارەسات و کێشەو گرفتی گەورەی بەدوای خۆیدا دێنێت.

**بۆ نموونە** چەندەها خێزان ئاژاوەی تێکەوتووە تەنها بە هۆی گومانێکی بێ بنەماوە بووە لە دەرئەنجامدا شیرازەی ئەو خێزانە لێک ترازاوە بە جیابوونەوە کۆتایی هاتووە.

لەو دیدگەیەوە دەبێت زور ئاگاداربین ونەهێڵین دەرگای گومانی خراپ و بێ بنەما بکرێنەوە بە ڕووماندا، ئەگینا دوا بەدوای ئەوە **قۆناغی دووەم** لە تێکدانی پەیوەندییەکانی نێو کەسەکان دەست پێدەکات، کە ئەویش (تحسس)ە، واتە گەڕان و ماندوو بوون بەدوای هەواڵ و زانیاری و بەدەستهێنانی، ئینجا لە دوای دەستکەوتنی زانیاری **قۆناغی (تجسس)،** واتە: سیخوڕی کردن بەسەر یەکترەوە لە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری نەرێنی (سلبی) دەست پێدەکات ، کە دیقەت

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٥٩٠/١٠رقم الحديث٦٠٦٤ كتاب الأدب- باب ما ينهى عن التحاسد والتدابر).

دەدەیتە کێشەکە وردە وردە ئاڵۆزو قوڵتر دەبێتەوە ئەو کات چارەسەری کێشەکە ئاستەم دەبێت.

ئا ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺهۆشداری لە سەر داوە کە نەکەن دەرگای گومانی بێ بنەماو بێ بەڵگە لە خۆتان بکەنەوە، مرۆڤ کە دەروانێتە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرﷺخۆی بەرامبەر بەرنامەیەکی نەخشە بۆ دارێژراو دەبینێتەوە کە فێری چۆنیەتی مامەڵە کردنی دەکات، لەگەڵ دەوروپشتەکەی بە نیەت و گومانێکی چاکەوە، لە چ شوێنێکی دنیا، بەرنامەی ئاوها هەیە کە رێزو حورمەت و کەرامەتی ئینسانی تێدا پارێزراوبێت بەو وردەکارییە، تەنانەت بۆت نیە بە گومانی خراپ وبێ بنەما مامەڵەو ڕەفتار بکەیت، لەگەڵ ئەوانەی لە ناویاندا ژیان بەسەر دەبەیت ئەگینا خۆت بەر پرسیار دەبیت لە دەرئەنجامە خراپەکانی.

بڕوانن کە پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: (ولا تنافسوا) واتە نەکەن ململانی یەکتر بکەن لەسەر ماڵی دنیاو پلەو پۆست، چونکە لە یەکتر دوورتان دەخاتەوە بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ سەرهەڵدانی **ئیرەیی بەیەکتر بردن**، واتە: حەسادەت کە ئەمیشیان رق وکینە لە ناخ و دڵ و دەروونتان بەرامبەر بە یەکتر زیاد دەکات.

دوا بەدوای ئەم قۆناغەش، ئینجا پشت لەیەک هەڵکردن دەست پێدەکات هەر لە دوورەوە چاویان بەیەکتر کەوتدەکەوێت، هەر یەک خۆی وا دەنوێنی کە ئەوی تری نەبینیوە.

**گرنگە** ئەو ڕەفتارانەی کە پێغەمبەرﷺئاماژەی پێکردووەو هۆشداری لەسەر داوە بەزووترین کات لێی دووربکەونەوە، چونکە پاراستنی پیرۆزییەکانی هەر کەسێک لە رێزگرتن و حورمەت و کەرامەتی، ئامانجی سەرەکی پەیامی خودایەﷻ کە بریتیە: لە ڕوحی پێکەوە ژیان و هاوکاری و یارمەتیدانی یەکترو بڵاوکردنەوەی دادپەروەری وخۆشەویستی یەکترو پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی.

لە کۆتایی فەرموودەکەدا پێغەمبەرﷺداوامان لێدەکات (وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا) واتە: هەمووتان بێ جیاوازی ببنە عەبدانی خوداﷻ سەر بۆ کەس نەوی نەکەن تەنها خوداﷻ نەبێت، هەروەها برای یەکتر بن، لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئایا لە سەر گۆی ئەم زەوییە تەنها موسڵمان دەژێت یا رەنگەکانی تریش دەژین بە پێی زانیارییەکان (١٢٥،٨ ملیار) کەس لەسەر گۆی ئەم زەوییە دەژین ژمارەی موسڵمانەکان(٢ملیار) زیاترن، واتە ئەوانی تر ئاییینی جۆراو جۆرن.

ئاخۆ چۆن بتوانین ئەو سیفەت و خەسڵەتانەی (عِبادَ اللّٰه إِخْواناً) بە دەست بێنین؟؟؟

قورئانی پیرۆز وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆ یەکلا کردووینەتەوە، ئەوانەی دەیانەوێت بچنە ڕیزی(عِبادَ اللّٰه) با بەکردەیی ئەو خەسڵەتانەیان کە خودا ئاماژەی پێکردوون جێبەجێی بکەن لە ژیانی دنیایاندا لەوانە:

یەکەم: خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: ﴿**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا**﴾[١].

بەندە ڕاستەقینەکانی خودای میهرەبان ئەو کەسانەن کە **کاتێک بەسەر زەویدا دەڕۆن، زۆر بە هێدی و هێمنی دەڕۆن**، وە ئەگەر کەسانی **نەزان و کەم فام بە توندی و بە ناخۆشی ڕوو بەروویان ببنەوە**، ئەمان **بەسڵاوو بە نەرمونیانی و بەجوانی وەڵامیان دەدەنەوە**[٢].

**دووەم:** خوداﷻ چ دەفەرمووێت:﴿**وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا**﴾[٣].

---

(١) سورة الفرقان الاية:٦٣.

(٢)-کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١٢١/٣).

(٣) سورة الفرقان الاية: ٦٦.

واتە: ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئەگەر **خەرج و مەسرەفیان کرد**، وەکو شت کڕین و خوارد و خواردنەوە، **زیاد لە پێویست مەسرەف ناکەن** و خەرجکردنیان بە شێوەیەکی درووست و مامناوەندییە، **نە ڕەزیلی دەکەن وە نە زیادە مەسرەف و دەست بڵاون**[1].

**سێهەم:** ڕەوشتێکی تری ئەم عەبدانەی خوداﷻ هاوبەش بۆ پەروەردگار پەیدا ناکەن و خوێن ڕێژو داوێن پیس نین، بڕوانن خوداﷻ چ دەفەرمووێت:﴿**وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا**﴾[2].

واتە: ئەوانەن کە **لە خوداﷻ زیاتر کەسی تر ناپەرستن** و داوا بەدیهێنانی هیچ شتێك لە کەسێکی تر ناکەن، جگە لە خودای تاك و تەنها، هەروەها **هیچ کەسێك ناکوژن، کە کوشتنەکەی ناحەق بێت** و خوداﷻ حەرامی کردبێت، هەروەها **خۆیان لەداوێن پیسی و بەدڕەوشتی دەپارێزن** و دەستدرێژیی ناکەنە **سەر ناموسی خەڵکی**، هەرکەسێك ئەم کردەوە خراپانە ئەنجام بدات کە باس کران، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا دووچاری سزای خۆی دەبێت[3].

هەروەها بە درۆ شایەتی ناهەق لەسەر کەس نادەن و بوختان ناکەن و ڕێز لە خۆیان دەگرن تێکەڵاوی مەجلیسێك نابن سەرقاڵی گەمەو گاڵتەی بێ مانا بن، کاتێکیش گوێبیستی قورئان بن، بە دڵێکی بێدارو ئاگادارەوە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن و لە نزاو دوعاو پاڕانەوەکانیان داوا لە پەروەردگاریان دەکەن یارمەتیدەرو هاوکاریان بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرك و فەرمانەکانی.

کەوابوو: ئەو هەموو خەسڵەتە جوانانەی کە پەروەردگار ئاماژەی پێداون لە

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/١٢١).
(٢) سورة الفرقان الاية: ٦٨.
(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/١٢١).

هەر کەسێکدا کۆبووەوە، بێگومان ئەو جۆرە کەسانە لە ئینتمای(عِبادَ اللّٰه) بەهرەمەند بوون.

لەو دیگەیەوە دەبێت هەموو شوێنکەوتێکی پێغەمبەرﷺ لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە مەدالیای (عِبادَ اللّٰه) بخاتە گەردنی، بۆ ئەوەی **نموونەیەکی** جوانی موسڵمانێتی لە ڕەفتارو گوفتارو مامەڵەیدا بەدەربکەوێت، جا لە هەر شوێنیکی ئەو جیهانەدا بێت پێویست بە ئاشتیخوازانە بژێت، لەگەڵ خاوەن بیرو هزرە جۆراوجۆرەکانی غەیری ئیسلام.

بە داخەوە ئەوەی لەم سەردەمە دەیبینین ودەیبیستین وبەدی دەکەین لە هەندێک موسڵمان، هەر زۆر پێچەوانەی ئەو ڕەوشتانەن، کە خودای باڵادەست ئاماژەی بۆکردوون لەو ئایەتانەدا، هەروەها نابێت موسڵمانان هەندە ساویلکە بن باوەڕ بەو جۆرە گروپە توندڕەوانە بکەن، کە ڕاست و چەپ دەورووپشتیان بە کافرو مورتەد هەژمار دەکەن و کوشتن وبردنی سەروماڵیان بە ڕەوا بزانن، **لە کاتێکدا ئەو گروپانە** هەموو عالەمی ئیسلامیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە.

لەڕاستیدا ئەوە پەیام و بەرنامەی خوداﷻو پێغەمبەرﷺنیە، پێویستە لەسەر شوێنکەوتووانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە هەموو توێژەکانیانەوە بواری ئەو گروپە توندڕەوانە نەدەن، کە بە ناوی ئیسلامەوە فەتوای جۆراو جۆر دەدەن و سەقافەتی ڕق وکینە دوژمنداری و قبوڵ نەکردنی یەکتر، بەهۆی بیرو هزرو بۆچوونی جیاوازەوە.

کەوابوو: بە پێی ئەو پێوەرانەی کە خوداﷻو پێغەمبەرﷺبۆی داناوین و ئاماژەمان پێکرد، ئەوەمان لا ساغ دەبێتەوە، کە ئەمانە لە دوورو نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکیان بەئیسلامەوە نیە، تەنهاو تەنها مەبەستیان شێواندن و ناوزڕاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە وهیچی تر.

**فەرموودەی دووەم**

پێغەمبەرﷺفەرمـوویەتی:(**دَبَّ إلـيكم داءُ الأُمَـم قـبلَكم الحسـدُ والبغضـاءُ والبغضاءُ هي الحَالِقَةُ لا أقولُ تَحْلِقُ الشَّعْرَ ولكن تَحْلِقُ الدِّينَ والذي نفسي بيدِه لا تدخلوا الجنةَ حتى تُؤمنوا ولا تُؤمنوا حتى تحابُّوا أفلا أُنَبِّئُكمْ بما يُثَبِّتُ ذلكَ لكم أفشوا السلامَ بينكمْ**)[١].

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەرﷺحەسوودی (ئیرەیی) و ڕق وکینەی بە نەخۆشی نـاو بـردووە، **دەفەرمووێـت:** ئاگـاداربن نەخۆشـی گەلانـی پـێش خۆتـان ڕووی تێکردوون، ئەم نەخۆشییە(**الحسدُ والبغضاءُ**)، پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

سـەرنجتان **بـۆ نمـوونەیەکی** زینـدوو لەم سـەردەمەی ئێسـتماندا ڕادەکێشـم کەسـایەتییەکە لە ئاسـتی جیهانـدا ناسـراوە ئەویـش (ئەردوغـان)ە کە بەداخەوە خەلـیفەی ئیسـلامی دەزانـن، بەتـایبەت لای هەنـدێك هەنـدێ مێـژەر بەسـەرو کەسایەتی بەناوبانگ لە کوردستان، تەنانەت هەندێکیان ئاواتەخوازن لەڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەو (ئەردوغانە) زیندووبکرێتەوە.



(١) کتێبی(سنن الترمذي:رقم الحديث٢٥١٠ص٥٦٥-باب٥٦-كتاب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول اللهﷺ- حديث حسن).

لە کاتێکدا ئەو ڕژێمەی تورکیا ڕۆژانە پەلامار وهێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان، خەڵکی ئێمە دەکوژێت بە ناهەق و ناڕەوا، بە پاساوی لێدانی پارتی کرێکـــارانی کوردســـتان، لە ڕاســـتیدا وا نـــیە، تەنهـــا ئەو ڕق و کیـــنەیە کە پێغەمبەرﷺ باسی لێوە کردووە کە دەفەرموویێت: ((**لا تباغضوا**)، **(جون بولتون)** ڕاویژکاری سیاسی سەرۆکی ئەمریکا (ترامب) بۆ خۆی لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بەو ڕق و کینەی ئەو (ئەردوغان)ی ستەمکارە دەکات بەرامبەر بە **کورد**، سەرنج بدەن چی دەڵێت: **کە (ئەردۆغان)م ناسی و تێبینی ئەوەم لێکرد کە ڕق و کینەی بەرامبەر بە کورد، هیچ پەیوەندییەکی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نییە، بەڵکو ڕقی لە بیستنی ناوی کوردە، پێی وایە تەنها ئەو کوردە باشە کە لەژێر خاکدایە (مردووە).**

**جـــون بۆتـــون** دەڵێـــت: **ڕق و کینەی(ئەردۆغـــان) بەرامـــبەر بە کـــورد، ڕەنگدانەوەی نەخۆشییەکی دەروونی شاراوەیە لە ناخیدایە.**




لەڕاســتیدا ئەو دوو خەسـڵەتە (حەسـوودی و ڕق وکیـنە)یە لە نـاخ و دڵ و دەرووندایە پێوەرێکی هەستیارە بۆ هەموو تاکێکی موسڵمان، سەنگی مەحەکە

بۆ هەڵسەنگاندنی خودی خۆی، هەتا بزانێت لە چ ئاستێکی خوداپەرستییە، هەموو کەس خۆی باش دەناسێت پێویست ناکات خۆی هەڵبخەڵەتێنی.

هەر کەسێك دووچاری ئەو نەخۆشییە بووە، با ئەو چارەسەرەی پێغەمبەرﷺ وەربگرێت و جێبەجێی بکات بە کردەیی، ئەگینا دڵنیابە لەوەی سەرجەم ئەو عیبادەتانەی ئەنجامت داوە بەرهەمیان نابێت، ئەوە قسەو وتەی پێغەمبەرەﷺ کە دەفەرمووێت: ئەو حەسوودی و ڕق و کینەیە **دینتان لەناو دەبات** هەروەکو چۆن بەتیغێك سەرتان بتاشن تووك بەسەرتانەوە ناهێڵێت، بە هەمان شێوازیش ئەو ئیرەیی و ڕق وکینەیە دینتان دەتاشێت.

ئینجا پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: سوێند بە خواﷻ ناچنە بەهەشتەوە، هەتاوەکو ئیمان نەهێنن، وە نابنە ئیمانداری تەواو، تاوەکو یەکترتان خۆش نەوێت ئایا شتێکتان پێ بڵێم: تا ئەو خۆشەویستییە لە نێوانتان دابمەزرێنی و جێگری بکات، بێن ئاشتی خوازبن سەقافەتی یەکتر قبوڵ کردن و پێکەوە ژیان لە نێو خۆتاندا دەستەبەر بکەن.

بێگومان ئەگەر یەکترتان خۆش ویست ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو خۆشەویستییە دەبێتە جێگرەوەی ئەو حەسوودی و ڕق و کینەیەی کە لە ناخ و دڵ و دەروونتانە.

حەسوودی + ڕق و کینە= لەناوچوونی دین

ئیمانداری+ خۆشەویستی= چوونە بەهەشت

**کەوابوو:** ئەو فەرموودەیە هۆشدارییە لە گڵۆپی سووری داگیرساو، لە نەخۆشییەکی کوشندە و تاوانێکی قێزەون، کە ڕەنگە زۆربەی موسڵمانان

دووچـاری بـووبێتن، کە زیـان بە خۆیـان و خێـزان و کۆمەڵگەیـان بگەیەنـن، کەئەویش **ئیرەیی بردن** و ڕق و کینەیە، هەندێکمان ئیرەیی بە براکەی خۆی دەبات و دەخوازێت ئەو نیعمەتەی هەیەتی نەمێنێت و لە ناوبچێت، وە کەسانێکی تر هەن ڕقیان لە دراوسێکانیان دەبێتەوەو دوژمنایەتییان دەکەن، جگە لە خراپەو بەڵاو کێشەو گرفت هیچی تری نیشان نادەن.

**فەرموودەی سێهەم**

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:**(لا يزالُ النَّاسُ بخيرٍ ما لَم يتحاسَدُوا)**[1].

**واتە: هێشتا خەڵکی باشن تا ئیرەیی نەبەن.**

ئەو فەرمـوودەیە پـێمان دەڵێـت: هەر کاتێـك حەسـوودی ڕووی تێکـردن بە دڵنیاییەوە تووشی خراپی و بەڵاو موسیبەت و دووبەرەکی و لێکترازان و پشت تێکردن دەبن.

**فەرموودەی چوارەم**

پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت:**(لا يجتمعانِ في قلبِ عبدٍ الإيمانُ والحَسَدُ)**[2].

**واتە:** ئیمان و ئیرەیی بردن لە دڵێکدا پێکەوە کۆنابنەوە.

بیرمان نەچێت پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:**(لاَ يُؤمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيْهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)**[3].

شـــرۆڤەو لێکــدانەوەمان بــۆ ئەو فەرمــوودەیە کــردووە لە فەرمــوودەی سیانزەهەمدا بگەڕێنەوە بووی.

---

(١) کتێبی(المعجم الكبير للطبراني:٣٦٩/٨ رقم الحديث٨١٥٧ ، رجاله ثقات).

(٢) کتێبی(صحيح سنن النسائي:٣٧٣/٢رقم الحديث ٣١٠٩،كتاب الجهاد،فضل من عمل في سبيل الله على قدمه، صحيح الجامع الصغير و زيادته:١٢٦٢/٢رقم الحديث٧٦٢١، حديث صحيح).

(٣) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري: ٧٩/١ رقم الحديث ١٣كتاب الإيمان- باب من الإيمان أن يحب لأخيه ما يحب لنفسه).

**تەماشا بکەن** پێغەمبەرﷺ جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە: ئیمانداریت ئەو کات عیار(٢٤)ە، **کە چیت پێ خۆشە بۆ خۆت دەبێت بە هەمان شێوەش پێت خۆش بێ،** بۆ براکەت جا ئەوە برای شیریت بێ یان برات بێ لە موسڵمانێتی یان برات بێ لە مرۆڤایەتی.

بۆیە: ئیرەیی بردن ناگونجێت لەگەڵ کەسی ئیمانداردا دەبێت ئەو کەسەی حەسوودە بە خۆیدا بچێتەوە، ئەگینا ئەو حەسوودییەی زەرەرو زیان بە ئیمانداریێتی دەگەیەنێت، بە واتایەکی تر ئەو جۆرە کەسانە ڕازی نین بەو بەشەی کە پەروەردگار بەو کەسەی داوە کە ئەمان ئیرەیی پێ دەبن، وەکو ئەوە وایە خودایە من ڕاز نیم بۆ ئەو کەسەت بەهرەمەند کردووە لەو نیعمەتەت.

**چەشنەکانی ئیرەیی**

ئاشکرایە لای هەمووان هەموو چەشنێکی ئیرەیی ناپەسەندە لەڕووی شەرعەوە، وە ڕێگە پێنەدراوە تەنها جۆرێکیان نەبێت کە پێی دەوترێت: (**الغبطة**) خۆزگەخواردنە، جیاوازە لە ئیرەیی (حەسوودی)، یانی: حەزیان پێیەتی وەکو ئەوان بن لە بەخشندەیی و خێرکردن.

تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:(**لا حَسَدَ إلَّا في اثْنَتَيْنِ: رَجُلٌ عَلَّمَهُ اللَّهُ القُرْآنَ، فَهو يَتْلُوهُ آناءَ اللَّيْلِ، وآناءَ النَّهارِ، فَسَمِعَهُ جارٌ له، فقالَ: لَيْتَنِي أُوتِيتُ مِثْلَ ما أُوتِيَ فُلانٌ، فَعَمِلْتُ مِثْلَ ما يَعْمَلُ، ورَجُلٌ آتاهُ اللَّهُ مالًا فَهو يُهْلِكُهُ في الحَقِّ، فقالَ رَجُلٌ: لَيْتَنِي أُوتِيتُ مِثْلَ ما أُوتِيَ فُلانٌ، فَعَمِلْتُ مِثْلَ ما يَعْمَلُ**)[(١)].

ئیرەیی(حەسوودی) لەڕووی شەرعەوە ناپەسەندە، جگە لە دوو حاڵەتدا نەبێت کە پەسەندە، کە پێی دەوترێت: (**الغبطة**) خۆزگە خواردنە، **حاڵەتی یەکەم:** پیاوێک خوداﷻ بەهرەمەندی کردووە لە تیلاوەکردنی قورئان، شەوو ڕۆژ

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٩/٩٢رقم الحديث٥٠٢٦كتاب فضائل القرآن- باب إغتباط صاحب القرآن).

خەریکی خوێندنەوەیەتی، دراوسێکەی گوێبیستییەتی و خۆزگە دەخوازێت، وەکو ئەو بوایە لە تیلاوەو کارپێکردن بەو قورئانە، **بۆ زانیاریتان** مەبەست و ئامانجی پەروەردگار لە دابەزینی قورئانی پیرۆز، حاڵیبوون و تێرامان و کارپێکردنە، **حاڵەتی دووەم:** پیاوێک خوداﷻ ماڵ وسامان و پارەی زۆری پێ بەخشیوە، بە ڕاست و چەپدا دەیبەخشێت و خەرجی دەکات لە پێناو خوداﷻ دراوسێکەی دەڵێت: خۆزگە هەمان شتم پێدرابا وەک ئەوەی بە فلان کەس دراوە، منیش هەمان ئەو سامان و داهات و پارانەم دەبەخشی و لەناوم دەبرد تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار.

**کەوابوو:** ئەو چەشنە ئیرەیی یە لە ڕووی شەرعەوە ڕێگە پێدراوە، چونکە ئەو کەسە لە ناخەوە خۆزگە دەخوازێت خوداﷻ بە هرەمەندی بکات،لە بەخشندەیی و خێرکردن، وەکو ئەو خەڵکە چۆن بەخشندەن لە خەرج کردنی ئەو پارەو سامانەی پەروەردگار پێی بەخشیون، **نەك خۆزگە خواستنەکەی بۆ لە ناوچوونی ئەو سامان پارانە بێت کە خودا پێی داوە**[1].

**چۆنیەتی چارەسەری (ئیرەیی)حەسوودی**

**یەکەم:** ڕاستکردنەوەی چەمکەکانی ئیمان لە ناخ و دڵ و دەروونیدا بە تایبەت تێرامان و حاڵیبوون لە ناوە جوانەکانی پەروەردگاربۆ نموونە: **(الحكيم زۆر داناو زاناو کارزان و کاربەجێ ولێزانە- العليم زاناو ئاگادارە بەسەر هەمووشتێکەوە - الرزاق** ڕزق و ڕۆزی بەخشەرە بە هەمووان **- الوهاب** بەخشەری بێ ئەندازەیە- الرافع بەرزکەرەوە و بڵندکەرەوەی ئەو کەسانەیە دەیپەرستن، .....هتد)[2].

[1] کتێبی(الاخلاق الاسلامية وأسسها: عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني:ص٧٨٩، بەدەستکارییەوە).
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو:ص ٨١٦، بەدەستکارییەوە.

**دووەم:** چاو داخستن لە ئاست ئەو نیعمەتانەی خوداﷻ خەڵکانی لێ بەهرەمەند کردووە، (**وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ**)[1].

واتە: ئاوات مەخوازن بۆ ئەو زیادە بەخششەی کە خوداسبحانه وتعالى بە هەندێکتانی ڕەوا بینیوە، جا ئەو زیادە بەخششە لەهەر لایەنێکەوە بێت، چونکە دەبێتە مایەی حەسوودی و خەمباری و ڕق هەڵگرتن لەو کەسانەو درووست بوونی بوغزو کینە لە دڵەکانداو تەنانەت هەندێکجار دەبێتە مایەی دەستدرێژی کردن بۆ سەر گیان و ماڵی یەکتری، بەڵام دەروازەی هەوڵ و تێکۆشانی شەرعیی هەمیشە کراوەتەوە، مرۆڤ دەتوانێت ڕووی تێبکات بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆی بێ ئەوەی ئازاری هیچ کەسێکیش بدات یان ڕق و دوژمنایەتی لی بکەوێتەوە[2].

**دووەم:** بڕوابوون وقەناعەت هێنان بەو بەشەی خوداﷻ دابەشی کردوون بەسەر بەندەکانی خوداسبحانه وتعالى، ئەوەش وا لە کەسی بڕوادار دەکات کە ئیرەیی نەبات بە وانەی لەسەر خۆیەوەن، لەبەر ئەوەی پەروەردگار خۆی باش دەزانێت، **زۆر داناو زاناو کارزان و کاربەجێ و لێزانە، زاناو ئاگادارە بەسەر هەمووشتێکەوە،** ڕزق و ڕۆزی بەخشەری بي ئەندازەیە بە هەمووان، **لەو بارەیەوە خودای**(عزوجل) **دەفەرمووێت: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ..﴾**[3].

واتە: بەو پێیەی خۆمان دەمانەوێت باری گوزەرانی ئەوانە هەڵدەسووڕێنین و ڕزق و ڕۆزییان بۆ فەراهەم دەهێنین و لە نێوانیاندا دابەشی دەکەین، ئاست و پلەی گوزەرانی هەندێکیانمان بەسەر هەندێکی تریاندا بەرزکردوەتەوەو زۆرمان پێ بەخشیون، تا هەر کۆمەڵەو چینێکیان بە کەڵکی کۆمەڵ و چینەکانی تر بێن

(١) سورة النساء الآية:٣٢.
(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤٠٣/١).
(٣) سورة الزخرف الآية:٣٢.

و پێویستیەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن[1].

کەوابوو: خۆ ڕادەستکردن بە قەزاو قەدەر یارمەتیدەرێکی باشە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری ئیرەیی لەسەر ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤی باوەڕدار، چونکە مەسئلەی ئیرەیی سروشتییە لە هەموو کەسێکدا بوونی هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە نەگاتە ئەو ئاستەی خۆزگە بخوازێت ئەو نیعمەتەی پەروەردگار بەخشیویەتی بە براکەی لەناو بچێت و نەمێنێت.

**لەدوای مەترسی ئیرەیی و کاریگەری لەسەر ناخ و دڵ و دەروون و ئیماندارێتی کەسی حەسوودو ڕازی نەبوون بە قەدەری خودا** ﷻ **پێغەمبەر دێتە سەر بابەتێکی تر کە شوێنکەوتووانی لێ ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەویش چۆنیەتی ڕێکخستنی کڕین و فرۆشتنە، کە لە نێو بازارەکاندا ئەنجام دەدرێت.**

**کە دەفەرمووێت:(وَلَاتَنَاجَشوا)** ئاشکرایە لەو هۆشداری کردنەی دەیەوێت پێت بڵێت: ویژدانت ئاسوودە بکە بەوەی هەندێك فرت و فێل هەن **لە ڕێی زمانەوە** ئەنجام دەدرێن، کە بەڕاستی ئافات و دەردێکی کوشندەیە لەبەرئەوەی فریودان و خواردنی پارەی خەڵکیە بە ناهەق و ناڕەوایە،ئەویش(**نجش**)ە، **پێناسەکەی**:بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاو شمەکە، بەڵام هیچ نیازو ئارەزووی کڕینیت نییە (**أن تزيدَ في ثمن سلعة، ولا رغبة لك في شرائها**)[2].

سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەرﷺ چۆن ڕێگری کردووە لەو جۆرە مامەڵەکردنانە(عبدالله بن عمر رضي الله عنهما)دەڵێت: (**نهى النبيﷺعن النجش**)[3].

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/١٤).
(٢) کتێبی(التعريفات للجرجاني: صـ١٩٣ باب النون).
(٣) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٤/٤٤٨ رقم الحديث ٢١٤٢ كتاب البيوع – باب النجش).

کەوابوو: زیادکردنی نرخی هەر شمەك و کالآیەك تەنها بۆ ئەوە بێت کەسێکی تری پێ فریو بدەن، تاوەکو بیکرێت لە کاتێکدا ئەو کەسەی نرخەکە زیاد دەکات نیازی کڕینی نەبێت، هەروەك ئاماژەمان پێکرد ئەو (نجش)ە، تەنها بۆ فریودانی کڕیارەکەیە، بێگومان ئەوە کارێکی ناپەسەندەو ڕێگەپێدراو نیە لە ڕووی شەرعەوە.

**هەر لەو سونگەیەوەیە فوقەهاو زانایانی ڕێبازە متمانە پێکراوەکان (نجش) یان بە حەرام ویاخیبوون چەواشەکاری داناوە،** هەوڵ دەدەین ئاماژە بۆ هەندێك لە ڕاوبۆچوونانە بکەین، بەڵام ناچینە وردەکارییەکانی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە، ئێوە بۆخۆتان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە فیقهییەکان.

**ئیمام (مالك)دەڵێت:** ئەو جۆرە مامەڵەکردنە حەرامە[١].

**حەنەفییەکان دەڵێن:**ئەو جۆرە مامەڵەکردنە ناپەسەندەو حەرامە[٢].

**شافیعییەکان دەڵێن:** ئەو جۆرە مامەڵەکردنە فێڵ کردنە لە ڕەوشت و ئەخلاقی کەسی دینداردا نیە[٣].

**حەنبەلییەکان دەڵێن:**ئەو جۆرە مامەڵەکردنە فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندنە، حەرامە[٤].

**ئیمام (ابن حزم) دەڵێت:** ئەو جۆرە مامەڵەکردنە ڕێگە پێنەدراوەو هەرکەسێکیش ئەنجام بدات یاخیبووە[٥].

(١) کتێبی(المنتقى شرح موطأ مالك للقاضي الباجي:٥٣٦/٦ كتاب البيوع- مسألة ١٣٦٥).
(٢) کتێبی( شرح فتح لقدير لابن همام:٤٣٦/٦ كتاب البيوع- فَصْلٌ فِيمَا يُكْرَهُ).
(٣) کتێبی (مغني المحتاج الشربيني:٤١٠/٢).
(٤) کتێبی (المغني لابن قدامة:٥٩٥/٥ مسألة ٧٦٢، المبدع شرح المقنع/ أبي إسحاق برهان الدين ابراهيم محمد ابن مفلح الحنبلي:٧٧/٤ كتاب البيوع).
(٥) کتێبی(المحلى بالآثارلابن حزم:٣٧٢/٧ مسألة ١٤٦٨).

**ئیمامـی( الشـوكاني)دەڵێت:** هەر كەسێك ئەو جـورە مـامەڵەیە بكـات ئەوە یاخیبووە[1].

**كەوابوو :** (نجش) فریودان و دەست بردنە بۆ خواردنی ماڵ و موڵک خەڵكی بە نـاهەق و نـاڕەوا، كە لە دەرئەنجامـدا ڕق وكیـنەو لێكترازانـی پەیوەنـدییە كۆمەلاّیەتییەكان لێ دەكەوێتەوە، هەر لەو پێناوەدایە پێغەمبەرﷺ هۆشداری داوە سەبارەت بەو جۆرە مامەلاّنە كە ئەرك و پێوستە شوێنكەوتووانی لێی دوور بكەونەوە.

**جارێكی تر لەو ئامۆژگاری و ڕێنماییەی پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: (وَلاَ تَبَاغَضوا) یانی: ڕقتان لە یەكتر نەبێت ، خەریكی هۆكارەكانی ڕق و كینە مەبن**

**گومانی خراپ یەكێكە لە هۆكاری درووستبوونی ڕق و كینە،** بۆیە دروست نـیە گومـانی خراپـت لا درووسـت بێـت لەسـەر كەسێک كەوا لە ڕواڵەتـدا چاكەكـارو بـاوەڕدارێكی باشـە، چـونكە كەس ناتوانێـت نـاخ و دڵ و دەروونـی مرۆڤەكان ببینێت و بیانخوێنێتەوە جگە لە زاتی(اللهﷻ).

ئەوەی پێویستە بكرێت و هەوڵی بۆ بدرێت لە خودی مرۆڤدا خۆش ویستنی كەسی بەرامبەرە بەتایبەت ئەوانەی لە ڕواڵەت و ڕووكەشدا بڕوادارو كەسی باش و چاكن، چونكە خۆش ویستنیكەسانی بڕوادار لە بەهێزی دینداریيەوەیە، بە پێچەوانەوە ڕق لێبوونیان نیشانەی لاوازی ئایینە.

بێگومـان ئامـانج و مەبەسـتی دانەری شـەرع یەكدەسـتی و یەكخسـتنی هەڵوێستی بڕوادارانە لەگەڵ یەكتر، نەك دووبەرەكی و ناكۆكی و لێكترازان، كۆمەڵە هۆكاریك هەن پێویستە ئیمانداران لێی دوور بكەونەوە بۆ ئەوەی ڕق و كینە لە نێوانیاندا درووست نەبێت لەبەرامبەر بەیەكتر لەوانە:

---

(١) كتێبی(السیل الجرار المتدفق علی حدائق الأزهار للشوكاني:ص٥١٧).

**یەکەم**

**دەستگرتن بە قورئانی پیرۆزەوە**

ئاشکرایە ئەوانەی قورئانیان کردۆتە بەرنامەی ژیانیان و کاری پێ دەکەن و ئاوێتەی ئایەتە پیرۆزەکانی بوون، بە دڵنیاییەوە دووبەرەکی و ناکۆکی ڕق و کینە جێگەی نابێتەوە لە لە ناخ و دڵ و دەروونیان، خودای باڵادەست دەفەرمووێت:**﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُوا﴾**[1].

واتە: هەمووتان پشت بەهێزو توانای خودا(ﷻ) ببەستن و **دەست بە قورئانەوە بگرن** و لە نێوان **خۆتاندا ناكۆك مەبن** و لەسەر برایەتی یەکتر ڕابێن، هۆزایەتی و ڕەگەزایەتی لە یەکتر جیاتان نەکاتەوە[2].

**دووەم**

**دوژمنایەتی کردنی شەیتان**

ئاشکرایە دوژمنایەتی کردنی شەیتان هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لەو خەسڵەتانەی هۆکاری سەرەکین بۆ لێکترازانی پەیوەندی نێوان ئیماندارانن، چونکە بەردەوام هەوڵی شەیتانی نەفرەت لێکراو هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنەو ناکۆکییە لە نێوان بەندەکانی خودا ﷻ.

سەرنج بدەن پەروەردگار چی دەفەرمووێت: **﴿وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوًّا مُبِينًا﴾**[3].

**واتە:** ئەی پێغەمبەرﷺ بە بەندە ئیماندارەکانم بڵێ: کام قسە چاکترو باشترە لە

---

[1] سورة آل عمران الآية:١٠٣.

[2] - تەفسیری گوڵشەن:٣٠٣/١.

(٣) سورة الإسراء الآية:٥٣.

هەموو ڕووێیکەوە بیڵێن و قسەی تیا بکەن، بێگومان شەیتان بە هۆی قسەیەکی ناخۆشتان بەرانبەر یەکتر، دەکەوێتە نێوانتان و ئاگری فیتنە لە نێوانتاندا هەڵدەگیرسێنێت، بە پێچەوانەی قسەی چاك کە لە نێوان خۆتاندا بیکەن دەبێتە مایەی زیادبوونی ڕێزو خۆشەویستیتان بۆ یەکتری، بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی زۆر ئاکرای ئادەمیزادە[1].

**سێهەم**

**دوورکەوتنەوە لە هەندێك ڕەوشتی ناپەسەند**

ئاشکرایە بڵاوبوونەوەی هەندێك ڕەوشت و ڕەفتاری ناپەسەند لە نێو کۆمەڵگەدا هۆکارن بۆ لێکترازان و پەرەسەندنی ڕق و کینە لە نێوان خەڵکیدا،، بۆیە قورئانی زۆر بە ڕاشکاوی ئامۆژگاری ئیماندارى کردووە، کە پێویستە لەسەریان دوور بکەونەوە لە هەندێك ڕەفتارو ڕەوشتی نابەجێ کە دواتر باسیان لێوە دەکەین، چونکەلە ڕاستیدا ئەو خەسڵەتانە ڕووخێنەری پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکانی نێو کۆمەڵگەیە، تەنانەت ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانیش دەخاتە مەترسییەوە، تەماشا بکەن لەو بارەیەوە خودای(ﷻ) چی دەفەرمووێت: **﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾**[2].

**واتە:** (ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوەو ئیماندارن هیچ کەس و کۆمەڵە پیاوێکتان گاڵتەو قەشمەری بە کەس و کۆمەڵە پیاوێکی ترتان نەکەن، دەگونجێت ئەو گاڵتە پێکراوانە لە لای خودا ﷻ چاکتر بن لەو کەسانەی کە گالتەیان پێ دەکەن، هەروەها هیچ کەس و کۆمەڵێکی ئافرەتتان گاڵتەو

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٤٦٤).
[2] سورة الحجرات الآية:١١.

قەشــمەریی بە ئافرەتــانی ترتــان نەکەن، دەگونجێــت گــاڵتەو پێکــراوان لەلای خوداﷻ لەوانەی کە گاڵتەیان پێ دەکەن، چاکترو باشتر بن، **وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ**، وە بە قسـەو ئیشـارەت عەیـبە لە یەکـتری مەگـرن و نـاوی ناشـیرین و ناڕێـك لە یەکـتری مەنـێن و بەو نـاوە ناشـیرینانە بـانگی یەکـتری مەکەن، زۆر خـراپ و ناشیرینە لە پاش ئیمان هێنان و موسڵمان بوونتـان سەبارەت بەم ڕەوشتانە نـاوی فاسقیتان بە سەردا ببڕێت، ئەوانەی ئەم ڕەوشتە خراپانەیان هەبێت و تەوبەیان لێ نەکەن، بەڕاستی ستەمکارو گوناهبارن ئەوە لە ڕۆژی دواییدا سزای خۆیان وەردەگرن[١].

**چوارەم**

**دوورکەوتنە لە بەدگومانی**

دیارە بەدگومانیش یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی ڕق و کینە لە ناخدا درووست دەکات و کاریگەری خراپ لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵکی بەجێدەهێڵێت، بڕوانن خودای باڵدەست سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لەو خەسڵەتە ناپەسەندە چی دەفەرموێت: **﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ﴾**[٢].

**واتە:** ئەی ئیمانـدارینە خۆتـان لە زۆرێـك لە گومانەکـان بپـارێزن، بێگومـان هەنـدێك گومـان ڕاست نـین و مـایەی گوناهبـار بـوون و سزای خـودانﷻ، وەك ئەوەی دزییەك بکرێت تۆهەر بە گومـان بڵێیـت: فـلانە کەس دزیـویەتی، بەبـێ ئەوەی هـیچ بەڵگەیەکـت بەدەسـتەوە بێـت، هەروەهـا دەفەرمووێـت: خۆتـان لە

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤/١٢٥-١٢٦).

(٢) سورة الحجرات الآية:١٢.

سیخوڕیی(جاسوسـی) کـردن بپـارێزن، وەك ئەوەی لەبەر دەرگـاو پەنـجەرەیماڵێکـدا ڕابوەسـتن و گـوێ هەڵـخەن بـۆ ئەوەی بـزانن چـی دەکرێـت و چـی دەوترێـت؟؟؟ یـاخود وەك ئەوەی گـوێ بگـریتە قسـەی کەسـێك، پاشـان ئەوەی دەیبیسـتیت بیگەیەنیـت بە کەسـێکی تـر، یـان وەکـو ڕاپـۆرت بیـدەیتە کاربەدەستێکی ستەمکار تا ئەو کەسە دووچاری ئەشکەنجەو سزا ببێت، پاشان دەفەرمووێت:**وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا** یانی هیچ کەسێکتان غەیبەتی کەسی ترتان مەکەن و بەبـێ ئاگـاداری خـۆی لە پـاش مـلە لە جێگـایەك یـان لای کەسـێك بە شـێوەیەك نـاوی مەهێـنن کە خـۆی پێـی نـاخۆش بێـت، وەك ئەوەی بڵێیـت: فـلانە کەس ڕەزیـل و دەست نوقاوە، یان کەسێکی ترسنۆکە، ئەمە وەکو ئەوە وایە کە کەسـێك گۆشـتی کەسـێکی مـردوو بخـوات، ئایـا هـیچ کامتـان پێـی خۆشـە کە گوشـتی بـرای مردوویـی خـۆی بخـوات؟؟؟ بێگومـان نەك هەر پێتـان خـۆش نـیە، بەڵکـو بێزتـان لێـی دەبێـتەوەو زۆر زۆریشـتان پـێ ناخۆشـە، جـا هەروەك چـۆن ئەوەتـان لە لا ناخۆشـە، پێویسـتە بە هەمـان شـێوە غەیـبەت و ناوهێنانی برایەکـی ئـایینی خوێشـتان پـێ نـاخۆش بێـت، بـا ترسـی خوداﷻ لە دڵتانـدا بێـت و خۆتـان بپـارێزن لەوەی دووچاری غەزەبـی خوداﷻ ببن، وە ئەگەرکـاری واتـان کردبێت، ئەوە تەوبەی لـێ بـکەن و پەشـیمان ببـنەوە بێگومـان خوداﷻ زۆر تـۆبە وەرگـرو لێبوردەو خاوەن ڕەحمە[1].

## پێنجەم

## پەرۆشی و کێبڕکیی خوش ویستنی دنیا

ئاشـکرایە لای هەمـووان پەرۆشـی بـۆ کـۆکردنەوەی سـامان وپـارەو داهـات و ململانیکردن و کێبڕکێی لەدنیا بەتایبەت لەسەر بەدەستهێنانی پلەو پۆست پایەو دەستەڵاتدارێتی هۆکارێکی تری درووست بوونی ڕق و کینەیە لە نێو تاکەکانی

[1] کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤/١٢٦-١٢٧).

کۆمەڵگە لە هەموو ئاستەکاندا، تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ لەو بارەیەوە شوێنکەوتووانی ئاگادار کردۆتەوە لە مەترسی ئەو جۆرە ململانیکردنە، دەفەرمووێت: **(فَوَاللَّهِ مَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ، وَلَكِنِّي أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ الدُّنْيَا عَلَيْكُمْ ، كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ ، فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا ، وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ)**(١).

لەو فەرموودەیەدا پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: سوێند بە زاتی(اللهﷻ) ناترسێم لە دەستکورتی و هەژاریتان یانی زەرەوەرو زیانی هەژاری و کەمدەرامەتی بەگوێرەی زەرەرو زیانی دەوڵەمەندی شتێکی وانیە، بەڵام ئەوەی لێی دەترسێم دەوڵەمەندی و دنیاویستیتانە، هەروەکو چۆن دنیاو سامان و داهات و دەستەڵاتدارێتی بەڕووی گەل و ئوممەتەکانی پێشی ئێوەدا کرایەوە، ئاوەها ئێوەش دووچاری ئەو حاڵەتە ببن و لەسەر پلەو پۆست و پارەو دەستەڵات ململانی و ناکۆکی بکەوێتە و نێوانتانەوە، کە لە دەرئەنجامدا لە ناو دەچن هەروەکو چۆن ئەو گەل و هۆزانەی پێش ئێوە لە ناوچوون.

بێگومان هەموو ناکۆکی مشتومڕێك لەسەر پلەو پۆست و پایەو و پارەو سامان وداهات رق و کینە بەرهەم دێنێت، گەر تێبینی ئەوەتان کردبێت لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا، بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژییاوە کە ئیستا هەیە، ناکۆکی و ململانییەکان لەسەر دونیاویستی قووڵبوونەتەوە، گرنگە لەو پەیامەی پێغەمبەر تێبگەین خۆمان بە دوور بگرین لەو خەسڵەتانەی کە دەبنە سەرچاوەی ڕق و کینەو خەم و خەفەت و لێکترازان و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بەدەستگرتن بە قورئانی پیرۆزو سوننەتی ڕاست و درووستی پێغەمبەرەوەﷺ، تەنانەت ئەگەر ڕق و کینەی مرۆڤێک کەوتە ناخ ودل و

(١) کتێبی(منة المنعم في شرح مسلم:٤/٣٩٠-٣٩١، رقم الحديث٧٤٢٥(٢٩٦١)كتاب الزهد والرقائق- باب الخوف من التحاسد والتنافس في الدنيا).

دەروونتانەوە، هەر زوو بەزوو هەوڵ بدەن شتی جوان و کاری چاك و باشی ئەو مرۆڤە بهێننە بەر چاوی خۆتان، بۆ ئەوەی ئەو پردی پەیوەندییەی بە یەکتانەوە دەتان بەستێت نەپچرێت و لێك دابڕێن، **چونکە هەموو لێکترازان و ناکۆکییەك لەبەرژەوەندی شەیتانی نەفرەت لێکراوە، بۆیە ئەرك و پێویستە دوژمنایەتی شەیتان بکەن، هەروەك ئاماژەمان پێکرد لە بڕگەکانی پێشوودا.**

**وە لە هەمان کاتیشدا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوداﷻ پێغەمبەرﷺ بن لەو ڕووەوە تەماشا بکەن، پەروەردگار ئامۆژگاری و ڕێنمایی بەندەکانی دەکات سەبارەت** بە دەرئەنجام و مەترسییەکانی ناکۆکی و مشتومڕو ڕق لە یەکتربوون لە نێوان موسڵمانان و باوەڕداراندا، لەوبارەیەوە دەفەرمووێت:**﴿وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَا تَنَازَعُوا فَتَفْشَلُوا وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُوا إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾**[1].

**واتە:** ئەی ئیماندارینە گوێڕایەڵی خوداﷻو پێغەمبەرەکەی خودابن، وە پەیڕەویان لێ بکەن و لەناو خۆتاندا ناکۆك مەبن و کێشمەو بەردەتان نەکەوێتە نێوان چونکە، ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی بێ هێز ببن و تواناتان نەمێنێت و لە بەرانبەر دوژمنانتاندا نەتوانن خۆڕاگربن و بشکێن، صەبر بگرن و هەراسانیی ڕووتان تێ نەکات بێگومان خوداﷻ لەگەڵ، ئەو کەسانەدایە کە صەبر دەگرن و بە ئاسانیی کۆڵ نادەن[2].

ئینجا لە بڕگەیەکی تری بابەتە سەرەکییەکە، پێغەمبەرﷺ ئاماژە بۆ خەسڵەتێکی تر دەکات،کە پەسەند نیە لەڕووی شەرعەوە، ئەویش**(وَلاَ تَدَابَرُوا)** یانی:کاتێك بە یەك دەگەن، پشت لەیەك مەکەن ئەسڵ ئەوەیە ئێوەی باوەڕدارو موسڵمان پشتی یەك بن نەك پێچەوانەکەی، چونکە ئەو پشت تێکردنە دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، **(وَلاَ يَبِع بَعضُكُم عَلَى بَيعِ بَعضٍ)**نەکەی

(١) سورة الأنفال الآية:٤٦.
(٢) تەفسیری گوڵشەن:٣٢/٢.

کڕین و فرۆشتنەکەی لێ تێك بدەیت بەوەی بچێتە لای کابرای فرۆشیارو بڵێیت: من زیاترت پێ دەدەم بە منی بفرۆشە، یان من بەکەمتر پێت دەفرۆشم وەرە لە منی بکڕە، دیارە ئەو هۆشداریيەی حەزرەتی پێغەمبەرﷺ بۆ زەواجیش هەر ڕاستە کاتێك دەبینی ئەو کەسەی کە تۆ پشتت تێکردووە چووە بۆ داخوازی کچێك، لێی گەڕێ هەتا ئەو وەڵامی خۆی وەردەگرێتەوە، ئەگەر هاتوو ئەو ئافرەتە بە قسمەتی ئەو نەبوو، ئینجا تۆ بڕۆ بۆ داخوازی، نابێت ئەو پرۆسە زەواجەی لێ تێك بدەیت، پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:( **لَا يَخْطُبُ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ وَلَا يَسُومُ عَلَى سَوْمِ أَخِيهِ)**[1] .

**(وَلَا يَسُومُ عَلَى سَوْمِ أَخِيهِ)** واتە: کڕیارو فرۆشیار لەسەر نرخەکە ڕێك دەکەون هەموو شتێك تەواو دەبێت لە نێوانیان بەڵام جاری گرێبەستەکەیان نەکردووە، دەبینی کەسێکی تر دێت و دەڵێت: بە منی بفرۆشە ئەو جۆرە مامەڵەیە ڕێگە پێنەدراوو حەرامە.

چونکە ئەو جۆرە ڕەفتارانە ڕق و کینەی لێ درووست دەبێت، بۆیە پێغەمبەرﷺ ڕێگەی پێنەداوەو نەهی لێکردووە.

**(وَكونوا عِبَادَ اللهِ إِخوَانَاً)** دیارە ئەم بابەتەمان بە تێرو تەسەلی ئاماژە پێکردووە لەبڕگەی چەمکی (الحسد) ئیرەیی، بەتایبەت لە فەرموودەی یەکەم بگەڕێنەوە بۆی.

ئینجا دوای ئەوە پێغەمبەر دێتە سەر ئەو مافانەی موسڵمان بەسەر برا موسڵمانەکەیەوە هەیەتی**(المُسلِمُ أَخو المُسلم، لاَ يَظلِمهُ، وَلاَ يَخذُلُهُ، وَلا يكْذِبُهُ، وَلايَحْقِرُهُ، التَّقوَى هَاهُنَا - وَيُشيرُ إِلَى صَدره ثَلاَثَ مَرات - بحَسْب امرِىءِ مِن الشَّرأَن يَحْقِرَ أَخَاهُ المُسلِمَ، كُلُّ المُسلِمِ عَلَى المُسلِمِ حَرَام دَمُهُ وَمَالُه وَعِرضُه).**

(١) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٥/٣١١رقم الحديث ١٤٠٨كتاب النكاح - باب تحريم الجمع بين المرأة وخالتها في النكاح ).

## یەکەم: الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ

واتە: موسڵمان برای موسڵمانە خوانەخواستە، ئەگەر هاتوو هەر یەکێك ڕەفتارو هەڵسوکەوتی لەگەڵ، موسڵمانان لەسەر مەبدەئی برایەتی نەبوو، وە کەسیش هەستی بەو برایەتییەی نەدەکرد لەگەڵیدا، لەکاتی مامەڵەکردن و جوڵانەوەیدا، ئەو جۆرە کەسانە با بەخۆیاندا بچنەوە.

جا با بزانین پێغەمبەرﷺ چۆن موسڵمانی بۆ پێناسە کردووە بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین، کە دەفەرمووێت : **تدرونَ مَنِ المسلمُ ؟؟؟ قالوا: اللهُ ورسولُهُ أعلمُ قالَ: مَن سلِمَ المُسلِمونَ من لسَانِه ويدِه قالَ: تدرونَ مَنِ المؤمنُ ؟؟؟ قالوا: اللهُ يعني ورسولُهُ أعلَمُ قال: مَن أَمِنَهُ المؤمنونَ علَى أنفسِهِم وأموالِهِم**[1].

واتە : پێغەمبەرﷺئەپرسێت ئاخۆ ئەزانن موسڵمان کێیە؟ وتیان : خوداﷻو پێغەمبەرﷺ ئەیزانن، ئینجا فەرمووی: **ئەوەی لە زمان و دەستی پارێزراو بوون موسڵمانە**، جارێکی تر پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەزانن ئیماندار کێیە؟ وتیان : خوداﷻو پێغەمبەرﷺ ئەیزانن، ئینجا فەرمووی: **کەسی ئیماندار ئەوەیە، بڕواداران لێی ئەمین بن لە ڕوح وگیان وسامانیان**، واتە : نەیان کوژێت و سامانیشیان بە تاڵان نەبات.




(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٧٤/١ رقم الحديث ١٠ كتاب الايمان - باب المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده، و مسند أحمد – مسند المكثرين من الصحابة– رقم الحديث ٦٩٢٥ ص ٤٨٢ اللفظ له حديث صحيح).

**پێویستە چیتر موسڵمانان ئەوەندە ساویلکە نەبن بە هەموو کەسێك هەڵبخەڵەتێن ئەوە پێوەری حەقیقیە وە سەنگی مەحەکە، پێغەمبەرﷺ بۆی داناوین بۆ ناسینی موسڵمان و ئیمانداری عیار٢٤.**

ئەم دوو چەمکە تەنها بەزمان نیە بڵێیت ئیماندارم !! موسڵمانم !! دەبێت بە کردەوە بسەلمێنرێت ئەگینا هەر بڵێ ئیماندارم !! موسڵمانم.

**بۆ نموونە:** رژێمی تورکیا بە تایبەت (ئەردۆگان) و چەتەکانی کە خۆی بە جێنیشینی(خەلیفەی) موسڵمانان دەزانێت لەکاتێکدا هێرش و پەلاماری چڕ کردۆتەوە بۆ سەر کوردستان و دژیاتی هەموو میللەتی کوردو داخوازییەکانیان دەکات، بێ ئەوەی شەرم و حەیا لە خوداﷻ بکات، ڕۆژانە گیان و سەروەت و سامانی ئەو میللەتە ستەم لێکراوە دەکاتە ئامانجی فڕۆکەو موشەکەکانی، خەڵکی سڤیل و مەڕومالآت ودارو درەخت بۆردوومان دەکات و کورد کوژێت بە ناهەق و ناڕەوا، (ئەردۆگان) خۆشی بە ئیماندارو موسڵمان دەزانێت.

ئەوەی جێی سەرنج و داخە!!! هەندێك لە موسڵمانانی لای خۆمان تەنانەت هەندێك مێزەر بەسەرکە خۆیان بە مەلاو ڕابەر دەزانن، لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پشتیوانی لەو سیاسەتە چەوتەی ئەو ڕژێمە ستەمکارو خوێنڕێژە دەکەن، بەجۆرێك هەندێك لەو مێزەر بەسەرانە ئاواتەخوازو ئومێدەوارن حەشر بکرێن لە ڕۆژی قیامەت لەگەڵ (ئەردوگان) و چەتەکانی.

کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێرانیش بەپێی ئەم فەرموودەیە دوورە لە خەسڵەتی باوەڕداری و موسڵمانییەتییەوە بە هیچ جۆرێك ڕەچاوی مافی میللەتی کوردی نەکردووە، ڕۆژانە خەڵکی سڤیل لە سنوورەکان دەکوژێت و لە زیندانەکانیشدا لە سێدارەیان دەدات.

کاتێکیش پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت:**(المُسْلِمُ أَخُو المُسْلِم)**موسڵمان برای موسڵمانە دەیەوێت بەو پەیامەی پێمان بڵێت: دەبێت مامەڵەکردن و ڕەفتارو

هەڵسوکەوتتان **لەسەر بنەمای برایەتی بێت**، چۆن برا بەرژەوەندی براکەی خۆی دەپارێزیت پێویستە موسڵمانانیش بەو شێوازە بن لە بەرامبەر یەکتردا.

**دووەم: (لا يَظْلِمُهُ)**

بێگومان **پەروەردەکردنی** تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێغەمبەرﷺ وێنای بۆ کێشاوە، موسڵمانان وا لێدەکات کە ستەم نەکەن لە یەکتر لە هەموو ڕوویەکەوە **بۆ نموونە:** لە کڕین و فرۆشتندا یان خیانەت نەکەن لەو گرێبەستەی نێوان یەکتردا کە دەیکەن، یان کاتێك ئەو کەسە دراوسێیەتی دەبێت چاو لە ناموسی نەبڕێت و ڕەچاوی هەموو ئەو مافانەی بکات بە سەریەوەیەتی و... هتد.

**سێهەم: (وَلاَ يَخذُلُهُ)**

دەبێت موسڵمان پشت لە برای موسڵمانی نەکات لە کاتی پێویستدا، کە بەداخەوە زیاتر لە(٥٧) وڵاتی ئیسلامی لە ژێر چەتری ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامیدا هەیە، کاتێك میللەتی کوردی موسڵمان کەوتەبەر دڕندەترین هێرشی ڕژێمی بەعسی سەددامی بە ناوی ئەنفالەوە لە بەرواری ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد بە هەشت قۆناغ هەموو کوردستانی گرتەوە دوا قۆناغی لە بەرواری ٨/٢٦ تا ١٩٨٨/٩/٦ کۆتایی هات.



لە دەرئەنجامی ئەو شاڵاوە زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ کەس لە ناوبران و زیندە بەچاڵکران لە بیبانەکانی باشوری و ڕۆژئاوای عێراق،



ڕیزگرتنی منداڵ و گەورە بەڕەو مەرگ ئەنفالکردنی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ز



زوربەی زۆری ئەو وڵاتانە لە ئاستی ئەو تاوانە گەورەیە بێدەنگ بوون کەسێك ورتەی لێوە نەهات، کە دەبوو هاوکاری و یارمەتی میللەتی کوردیان بکردبایە تەنانەت ئیدانەو مەحکومی ئەو کۆمەڵکوژییە(جینۆسایدی)ەی ئەو میللەتە ستەملێکراوەشیان نەکرد.

نزیکەی(٣٠٠٠ تا ٤٠٠٠) مزگەوت و(١٠٠) کڵێسا ڕووخێندران، بێجگە لە زیانی گیانداری و بە تاڵان بردنی مەروماڵات ئاژەڵ، پیس بوونی ژینگەی کوردستان بەگازی ژەهراوی.





هەروەها زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند، وێران و خاپووركران



**گوندێكی وێران كراو**



**تەرمی قوربانیانی ئەنفال**

**چوارەم: وَلا يكْذِبُهُ، وَلايَحْقِرُهُ،**

**واتە:** نابێت موسڵمان درۆ لەگەڵ برای موسڵمانی بکات، وە هەروەها نابێت بە چاوی کەم و بێ ڕێزییەوە تەماشای بکات، ئەو دوو خەسڵەتە زۆر ناپەسەندو قێزەوەنن لە ڕووی شەرعەوە.

**دیارە پێناسەی(درۆ)** بریتیە: **لە گێرانەوەو باسکردنی هەواڵێك یان بابەتێك پێچەوانەی واقیع بێت بە ئەنقەست بێت یان بە هەڵە بێت**[1].

لە ڕووی شەرعەوە **ڕێگە نەدراوە درۆ بکرێت** چونکە، یەکێکە لە گوناهە گەورەکان تەنها لە چەندا حاڵەتێکدا ڕێگەدراوە لەوانە: بۆ سوڵح کردنی کێشەو گرفتی نیوان دووکەس یان بۆ چارەسەری کێشەی نێوان ژن و مێرد تاوەکو، ئاژاوە دروست نەبێت، یان لە بەرامبەر دوژمن لەکاتی جەنگ دا بکات.

هەڵبەتە، کەسانێك هەن ناچار دەکرێن لەوەی ڕاستییەکان بشارنەوە بە مەبەستی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکی گشتی، ئەویش لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی (التورية) یان (المعاريض) کە باسی لێوە دەکەین چونکە، ئەوە تاکە دەرچەیە بۆ نەکەوتنە ناوی درۆکردنەوە.

دیارە گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە بنەمایەکی شەرعی هەیە هەروەکو، **(أنس بن مالكرضي الله عنه) دەگێرێتەوەو دەڵێت: (أَقْبَلَ نَبِيُّ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ إلى المَدِينَةِ وهو مُرْدِفٌ أبا بَكْرٍ، وأَبُو بَكْرٍ شيخٌ يُعْرَفُ، ونَبِيُّ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ شابٌّ لا يُعْرَفُ، قالَ: فَيَلْقَى الرَّجُلُ أبا بَكْرٍ فيَقولُ: يا أبَا بَكْرٍ، مَن هذا الرَّجُلُ الذي بيْنَ يَدَيْكَ؟ فيَقولُ: هذا الرَّجُلُ يَهْدِينِي السَّبِيلَ، قالَ: فَيَحْسِبُ الحاسِبُ أنَّه إنَّما يَعْنِي الطَّرِيقَ، وإنَّما يَعْنِي سَبِيلَ الخَيْرِ...)**[2].

---

(١)-کتێبی( موسوعة نضرة النعيم في أخلاق الرسول الكريمﷺ: اعداد مجموعة من المختصين:٥٨٢/١١ بتصرف).

(٢) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري: ٧ / ٣١٢ رقم الحديث ٣٩١١ كتاب مناقب الأنصار).

**(أنس بن مالك**ﷺ**) دەڵێت:** کاتێك کە پێغەمبەرﷺتەشریفی هێنا بۆ شاری (مەدینـــة) حەزرەتـــی حەزرەتی(أبـــو بکـــرﷺ) لە خزمەتێـــدا بـــوو لەبەر ئەوەی کەسێکی ناسراو لە دوورگەی عەرەبدا لەو بیابانەدا ڕووی دەمیان لێدەکرد لێیان دەپرسی ئەو گەنجە کێیە مەبەستیان پێغەمبەرﷺ بوو؟؟؟ ئەویش بۆ ئەوەی شوناســـنامەکەی ئاشـــکرا نەکـــات، لەبەر ســـەلامەتی وپاراســـتنی گیـــانی پێغەمبەرﷺدەیوت: **ئەوە ڕێ پیشان دەرمە،** ئەوانیش وا تێدەگەیشتن کە **دەلیلی ڕێگـایەتی** بەڵام، مەبەستی حەزرەتی (أبو بکرﷺ) ئەوە بوو **کە ڕێـی خێـرو چـــاکەی پیشـــان دەدات،** کە ئیســـلامەتییە، بەو شـــێوازی قســـەکردنە دەڵێن:(التوریـــة)یان (المعـــاریض)، کە دەربـــازبوونە لەوەی تووشـــی درۆکـــردن نەیێت، لە هەمان کاتیشدا ڕاستی فەرمووە، تەنها شێوازی وەڵامدانەوەکەی گۆڕیوە بۆ ئەوەی ژیانی پێغەمبەرﷺنەخاتە مەترسییەوە.

لە بەسەرهاتێکی تردا کە لە سیرەی (إبن هشام)[1]، هاتووە کاتێ پێغەمبەرﷺ لەگەڵ حەزرەتی(أبـــو بکـــرﷺ) دەرچـــوو لەو دەشـــت و دەرە تووشـــی بـــوو بە کابرایەکەوە پێغەمبەرﷺفەرمووی: دەنگوباسی قوڕەیش چیە؟؟؟ کابرایش وتی هیچ هەواڵێکتان پێ ڕاناگەیەنم تاپێم نەڵێن ئێوە کێن؟؟؟ پێغەمبەرﷺفەرمووی: باشە تۆ ئەو دەنگ و باسەمان پێ بڵێ ئێمەش خۆمانت پێ دەناسێنین، دوای ئەوەی هەواڵـــی قوڕەیشـــی پـــێ وتـــن، ئینجـــا کـــابرا وتـــی: ئێـــوە کـــێن؟ پێغەمبەریشﷺفەرمووی: ئێمە لە ئاوین (**نحن من ماء) کابراش هەر دەیوتەوە: ما مِنْ ماء، أمِنْ ماء العراق ئاخۆ خەڵکی عێراقن، ئا بەو شێوازە پیغەمبەر**ﷺ **وەڵامی کابرای دایەوە، تەماشا بکەن** (ئێمە لە ئاوین) **مەبەستی روون و ئاشکرایە کە ئێمە لە ئاو دروست بووین.**

(١)-کتێبی(السیرة النبویة لابن هشام: ٢٥٩/٢, و روض الأنف في شرح سیرة ابن هشام : العلامة المحدث/ عبدالرحمن السهیلي: ٥/ ٩٣ بتصرف.

سەرنج بدەن خوداﷻ فەرموویەتی: ﴿**فَلْيَنْظُرِ الْإِنْسَانُ مِمَّ خُلِقَ * خُلِقَ مِنْ مَاءٍ دَافِقٍ**﴾[١].

ئەو ئایەتە پەیامە بۆ هەموو کەسێك کە بەخۆیدا بچێتەوەو تەماشا بکات چۆن دروست بووە لە کوێوە هاتووە، نەبادا خۆی لەبیر بکات و لە خۆی بایی بێت، لە ئاوێك کە پێکهاتەکەی لە(مەنی پیاو- ژن)ە، خەڵق کراوە.

خودای(ﷻ) سەبارەت بە **درۆ** دەفەرمووێت: ﴿**إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ**﴾[٢].

کێن ئەوانەی درۆزنن؟؟؟ لە ڕاستیدا ئەو ئایەتە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە،

بێگومان ئەوانەی بڕوایان بە ئایەتەکانی خوداﷻ نیە درۆ هەڵدەبەستن، چونکە درۆزنن، ئەگەرچی ئەو ئایەتە بە بۆنەیەکی تایبەت دابەزیوە، بەڵام ئێمە واتا گشتگیرەکەی لێ وەردەگرین.

سەرنجتان بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ڕادەکێشم کەخودای (ﷻ)دەفەرمووێت: (**قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ**)[٣].

خودای(ﷻ)دەفەرمووێت: **خودای بەرزیی بێ وێنە** لێرەدا دڵی پێغەمبەرﷺ خۆشەویست دەداتەوەو دەفەرمووێت: چاك دەزانین و ئاگادارین کە تۆ بە قسەی ئەو بێباوەڕانە خەمبار دەبیت، کە بە درۆت دەخەنەوەو باوەڕت پێ ناکەن، بەڵام خەمبار مەبەو خەفەتی پێ مەخۆ، وە نەبێت ئەوانە بەو قسە بێجێیانەیان هەر تۆ بە درۆزن بزانن، بەڵکو ئەو دوو ڕوو و ستەمکارانە بەو قسانەیان، موعجیزاتی

(١) سورة الطارق الاية ٥-٦.
(٢) سورة النحل الآية:١٠٥.
(٣) سورة الأنعام الاية ٣٣.

خـوداﷻو ئەو بەڵگـانەیش کە شـاهیدن لەسـەر ڕاسـتێتی پێغەمـبەرﷺ بەدرۆ دەخەنەوەو ئینکاریان دەکەن[١].

لێـرەو لەوێ گوێبیسـتـی هەنـدێك شـت دەبـین سـەبارەت بەوەی دەڵـێن: حەزرەتی(إِبْـرَاهِيمَ عليـه السـلام) ڕاسـتی نەکـردووە کاتێـك قەومەکەی لەڕۆژی جەژن یانـدا پێیـان وت: لەگەڵمانـدا وەرە دەرەوە بـۆ سـەیران، حەزرەتـی (إِبْـرَاهِيمَ عليـه السـلام)فەرمووی: نەخۆشم، خودای (ﷻ) دەفەرمووێت :﴿**فَنَظَرَ نَظْرَةً فِي النُّجُومِ فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ**﴾[٢].

مەحاڵە پێغەمبەرانـی خودا (علـيهم السـلام)لە ڕاسـتی لابدەن ئەو دەنگۆیـانە سەرلەبەریان دوورن لەڕاستییەوە، ئەوە قورئانی پیرۆزە باس لە ڕاستگۆیەتییان دەکات.

خـودای(ﷻ)سـەبارەت بە حەزرەتـی (إِبْـرَاهِيمَ عليـه السـلام) دەفەرمووێـت: ﴿**وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا**﴾[٣].

حەزرەتـی (إِبْـرَاهِيمَ عليـه السـلام) کە چەمکـی(إِنِّي سَـقِيمٌ)ی بەکارهێنـاوە ڕاسـتگۆ بـووە چـونکە، ئەوان مەعصـومن مەحـاڵە درۆ بـکەن، ئەو نەخۆشـی و ناساغییەی حەزرەتی (إِبْرَاهِيمَ عليه السلام)، جەستەیی نەبووە بەڵکو، لە ڕووی دەروونەوە بـووە، دڵـی پـڕ لە غەم و پەژارەی قەومە سەرلێشـێواوەکەی بـووە بەهۆی بت پەرستییەیانەوە[٤].

کاتێـك حەزرەتـی (إِبْـرَاهِيمَ عليـه السـلام) ڕوانیـیە ئاسـمان و ئەسـتێرەکان بە قەومەکەی فەرمـوو: نەخۆشـم چـونکە، قەومەکەی بە پیـرۆزی و گەورەیـیەوە

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٥٩٩/١).
(٢)) سورة الصافات الاية ٨٨-٨٩.
(٣) سورة مريم الاية ٤١.
(٤) کتێبی(رفع الشبهات عن الأنبياء حوار عقائدي: الشهيد السيد محمد الصدر: ص٢٦).

دەیـــان ڕوانیـــیە ئەســـتێرەو مانـــگ و ڕۆژ، قەومەکەی ســـەریان لێشـــێوا، لەدەرئەنجامـدا واتێگەیشـتن کە ئەسـتێرەکەی وا دەردەخـات کە نەخۆشـە یـان نەخـۆش دەکەوێـت چـونکە، **دەیـان زانـی** حەزرەتـی (إِبْـرَاهِیمَ علیـە السـلام) **ڕاستگۆیەو بە هیچ شێوەیەك درۆکردنیان لێ نەبیستووە** هەروەها، وشەی(سَقِیمٌ) بەکارهێناوە کە دوو واتای لێ دەخوێنرێتەوە.

**لە زانستی (البلاغة)دا** ڕەوانبێژی ئەو جۆرە وشانە پێی دەوترێت: **(التورية) یـانی: پۆشـین کە بـریتیە: لەو ڕسـتەیەی دوو** واتـا لە خۆدەگرێـت، **بەڵام بەو مەرجەی هەردوو واتاکە ڕاستەقینە بن**، یان دەکرێت مانایەکیان ڕاستەقینە بێت، بەڵام مانـای ئەویـت کە مەبەسـتێتێ(خوازەیی بێـت)، یەکێکیـان دیـارو نزیـك کە مەبەستی نیە ئەویتریان دوور بێ، کە مەبەستێتی[1].

**ســەرنجتان ڕادەکێشــم بــۆ فەرمــوودەیەك کە پێغەمــبەرﷺســەبارەت بە حەزرەتی(إِبْرَاهِیمَ علیە السلام) چی دەفەرمووێت: (لم يَكْذِبْ إبراهيمُ علَيهِ السَّلامُ في شيءٍ قطُّ إلَّا في ثلاثٍ قولِهِ إِنِّي سَقِيمٌ ولم يَكُن سَقيمًا وقولُهُ لسارَّةَ أختي وقولِهِ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا)**[2].

پێغەمبەرمـان محمـدﷺدەفەرمووێت: (إبـراهیم علیـە السـلام) **هەرگیـز درۆی نەکردووە** تەنها لە سێ شوێندا نەبێت، **ئەوانەی گوێبیستی بوون وا تێگەیشتوون و لێکیان داوەتەوە کە ڕاستی نەوتوە بەڵام، کاتێك کە تێدەفکریت و لێی ورد دەبیتەوە ڕاستەو هیچ درۆیەکی تێدا نەکردووە.**

**تێبینییەك** لەوەیە بڵێین: بۆچی پێغەمبەرﷺ ناوی نا درۆ؟؟؟ هەر لەبەر ئەوەی **لەڕواڵەتدا کە گوێبیسـتی وتەکەی دەبیت، هەردوو ئەگەرەکەی لێدەبینرێت، ئەگەری درۆکردن و ئەگەری (پۆشین) شاردنەوەو ستركردن.**

(١) کتێبی(بەهاری ڕەوانبێژی: موحسین ئەحمەد مصطفی گەردی:ص٢٠٧ بەدەستکارییەوە).
(٢) کتێبی(سنن الترمذي رقم الحديث ٣١٦٦ص٧١٢ حديث حسن صحيح).

لەڕاستیدا کاتێك فەرمووی:( **إِنِّي سَقِيمٌ**) باسمان لێوەی کرد پێویست ناکات بچینەوە سەری، کاتێکیش فەرمووی: بە(**سارَّة**)**ی** هاوسەری وت: ئەوە (**أختي**) **خوشکمە مەبەستی خوشکی بووە لە ئیسلامەتیدا، لەو ساتەدا بێجگە لەو دوانە حەزرەتی(إبراهيم و سارة )خێزانی کەسی تری موسڵمان نەبوو، کاتێکیش فەرمووی:(بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنْطِقُونَ)**[١].

حەزرەتی (إبراهيم عليه السلام) ئەو بت پەرستانەی ئیحراج کردو پێ وتن: ئەوە گەورەکەیانە کەتنەکەی کردووە، بپرسن کی وای لێکردوون ئەگەر، توانای وەڵامدانەوەیان هەیە، ئەم وتەیەی هەروەکو ئاماژەمان پێی کرد لە زانستی ڕەوانبێژیدا پێی دەوترێت: (التورية) یان (المعاريض) واتای هەردوو وشەکە لە یەکترەوە نزیکن کە دواتر دەچینە سەری و باسی دەکەین.

**التورية في معناها المعجميّ هي إخفاء الشيء، أمّا معناها الاصطلاحيّ المُراد في علم البديع هي ذِكر لفظ معينً ( أن يكون الكلام يحتمل معنيين فيستعمل المتكلم أحد إحتماليها و يهمل الآخر ومراده ما أهمله لا ما إستعمله)**[٢].

پۆشین(**التورية**) لە مانای وشەیی خۆیدا شاردنەوەی شتێکە بەڵام، مانای ئیدیۆماتیکییەکەی کە لە زانستی جوان بێژی (**علم البديع**) یاخود ڕەوانبێژیدا، باسکردنی وشەیەکی تایبەتە کە قسەکردنەکە دوو مانا هەڵدەگرێت، قسەکەر یەکێک لە ئەگەرەکانی بەکاردەهێنێت و ئەوی تریان پشتگوێ دەخات لە ئەوانی تر، دیارە ئەوەی مەبەستییەتی، ئەوەیە کە پشتگوێی خستووە، نەک ئەوەی بەکاری هێناوە.

---

(١)) سورة الأنبياء الآية ٦٣.

(٢)) کتێبی(تحرير التحبير في صناعة الشعر والنثر وبيان إعجاز القرآن: لابن أبي الإصبع المصري:ص ٢٦٨، وكتاب البديع: تأليف/ أبو العباس عبدالله ابن المعتز- شرحه وحققه عرفان مطرجى – ويليه – العلم الخفاق من علم الإشتقاق- تأليف/ محمد صديق خان ص١٠٦، وكتاب كشف اللثام عن وجه التورية والإستخدام: العلامة الشيخ تقي الدين المعروف بابن حجة الحموي ص٩ بتصرف).

سەرنج بدەن لە :(**بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنْطِقُونَ**)[1]،

ئا لەوێدا حەزرەتی(إبراهيم عليه السلام) مەبەستی خۆیەتی بەڵام، پێ نەوتن (**ومراده ما أهمله**) بەو شێوازە دەربڕی ئەگەر، بتەکان وەڵامیان دانەوە ئەوکات دەزانن کێ وای لێکردوون.

**حەزرەتی (عمر رضي الله عنه) لەو بارەیەوە دەڵێت: (إنَّ في المعاريض لمندوحة عن الكذب)**[2].

المعاريض: أن يريد الرجل أن يتكلم الرجل بالكلام الذي إن صرح به كان كذبًا، فيعارضه بكلام آخر يوافق ذلك الكلام في اللفظ، ويخالفه في المعنى، فيتوهم السامع أنَّه أراد ذلك[3].

**واتە: (المعاريض) بریتیە: لە دەربڕینی شێوازی قسە کردن بەجۆرێك ئەگەر، بە ڕاشکاوانەو ئاشکرا بێت بەدرۆی تێدەگەن ئەگەر، شێوازی دەربڕینەکەی گۆری، پێچەوانەی شێوازی یەکەمی بوو ئەوا بەرامبەرەکەی بەڕاستی تێدەگات.**

**کەوابوو: (المعاريض) الذي هُو كَذِبٌ مِنْ حَيْثُ يَظُنُّهُ السَّامِعُ وَصِدْقٌ من حَيْثُ يَقولُ القائِلُ**[4].

**یانی:** لە ڕواڵەتدا هەردوو ئەگەری لێدەبینرێت **ئەگەری درۆکردن و ئەگەری، شاردنەوەو پۆشین.**

ئاشکرایە پێغەمبەرﷺ کۆمەڵێك فەرموودەی سەبارەت **بە درۆ** فەرموودە لەوانە:

---

(١)) سورة الأنبياء الآية ٦٣.

[2] کتێبی( السنن الكبرى للبيهقي: ١٠/ ٣٣٥ رقم ٢٠٨٤١، باب المعاريض فيها لمندوحة عن الكذب).

[3] غريب الحديث لأبي الفرج الجوزي:٨٥/٢ مادة عرض).

[4] کتێبی( لسان العرب لابن منظور: ١٢٥/٤مادة كذب).

**یەکەم:** پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (**آيَةُ المُنافِقِ ثَلاثٌ: إذا حَدَّثَ كَذَبَ، وإذا وعَدَ أخْلَفَ، وإذا اؤْتُمِنَ خانَ**)[1].



واتە: پێغەمبەرﷺ نیشانەی کەسی دوو ڕوو بۆ دیاری کردووین بۆ ئەوەی بییان ناسینەوە هەرکاتێ قسەی کرد درۆ دەکات، وە هەر وەعدو بەڵێنێکیش بدات نایباتەسەر، هەروەها هەر کاتێکیش شتێکی پێ ڕاسپێردرا خیانەتی لێ دەکات، یانی ناپاکی دەکات لەو ئەمانەتی پێی ڕاسپێردراوە.

**دووەم:** أبو أمامة الباهلي دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (**أنا زعيمٌ ببيتٍ في رَبَضِ الجنةِ لِمَن تَرَكَ المِراءَ وإن كان مُحِقًّا، وببيتٍ في وسطِ الجنةِ لِمَن تركَ الكذبَ وإن كان مازِحًا ، وببيتٍ في أعلى الجنةِ لِمَن حَسُنَ خُلُقُه**)[2].

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: مـن کەفیلم لە دەستەبەرکردنی ماڵێك **لە دەوروپشتی بەهەشت** بۆ ئەو کەسەی کە واز لە مشتومڕ و موناقەشەکردن دەهێنێت، تەنانەت ئەگەر هەقیش بێت، وە ماڵێک لە ناوەڕاستی بەهەشت بۆ ئەو

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٦٢٣/١٠رقم الحديث٦٠٩٥ كتاب الأدب- باب، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ).

(٢) کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث ٤٨٠٠ ص٢٢١٨كتاب الأدب- باب حسن الخلق، حديث حسن).

کەسەی **کە واز لە درۆکردن دەهێنێت**، تەنانەت ئەگەر گاڵتەیش بکات، وە کەفیلم لە بەدەستهێنانی خانوویەک لە لوتکەو سەرووی بەهەشت بۆ ئەو کەسەی کە ڕەوشت بەرزو ئاکار جوانە.

**سێهەم:** پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:(**.... وإنَّ الْكَذبَ يَهْدِي إلىَ الفُجُورِ وإنَّ الفُجُورَ يهْدِي إِلىَ النارِ، وَإِنَّ الرجلَ ليكذبَ حَتى يُكْتَبَ عنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا**)[١].

درۆکردن سەر دەکێشێت بۆ خراپەکاری و یاخیبوون و پشت کردن لە بەجێگەیاندنی ئەرك فەرمانەکانی پەروەردگار، ئەو درۆکردنە لە دەرئەنجام دا بەرەو دۆزەخی دەبات، جا ئەو مرۆڤەی درۆ بکات و بەردەوامیش بێت لەسەری، ئامادە نەبێت ی واز لەو خەسڵەتە بهێنێت، بێگومان لای خوداﷻ وەک درۆزن ناونووس دەکرێت.

حەزرەتی(عليرضي الله عنه) سەبارەت بە درۆکردن دەڵێت: (**أعظم الخطايا عِنْدَ اللّه اللسان الكَذُوب وَشر الندامة ندامة يوم القيامة**)[٢].

واتە: گەورەترین گوناە لای خوداﷻ درۆزنییە و خراپترین پەشیمانیش، پەشیمانی ڕۆژی قیامەتە.

**(مالك بن دينار)** تابعییە سەبارەت بە درۆ وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: (**الصدق والكذب يعتركان في القلب حتى يخرج أحدهما صاحبه**)[٣] .

واتە: ڕاستگۆیی و درۆ لە دڵدا شەڕ دەکەن تا یەکێکیان ئەوی تریان دەر دەکات و زاڵ دەبێت بەسەریدا.

---

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٠/٦٢٣رقم الحديث٦٠٩٤ كتاب الأدب- باب- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ).

(٢) کتێبی(إتحاف السادة المتقين بشرح إحياء علوم الدين مرتضى الزبيدي - محمد بن محمد الحسيني الزبيدي:٧/٥٢٠).

(٣) کتێبی(حلية الأولياء وطبقات الأصفياء:٢/٣٦٠تسلسل٢٠٠ مالك بن دينار).

**(مالك بن دينار)**دەیەوێت پێمان بڵێت: لە ناخ دڵ و دەروونی مرۆڤدا دوو شتی دژ بەیەك كۆنابنەوە، مەحاڵە دڵی موسڵمان و باوەڕداری ڕاستەقینە دڕۆو ڕاستگۆیی پێكەوە تێدا كۆببێتەوە.

ئینجا پێغەمبەرﷺ لە دوای ئەو هەموو ڕێنمایی و ئامۆژگارییانە دیتە سەر بابەتێكی تر كە زۆر هەستیارو گرنگە ئەویش بابەتی (تەقوایە) كە دەفەرمووێت: **التَّقْوَى هَاهُنَا - وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَاتٍ.**

ئاشكرایە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ جێی ڕاستەقینەی(تەقوا) كراوە، كە لە ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤدایە، نەك لە ڕواڵەت و ڕوخساریدا، بڕوانن پەروەردگار چی دەفەرمووێت:**﴿..وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾**[1].

**واتە:** لە خوداﷻ بترسن وپارێزگاربن و خۆتان لە خەشم و غەزەبی خوداﷻ بپارێزن، هیچ لە خوداﷻ ناشارڕێتەوەو زۆر ئاگادارو زانیارە بە گشت شاراوەو پەنهانییەكانی ناو دڵان و هیچی لێ بزر نابێت[2].

ئەو ئایەتە بەڵگەیەكی حاشا هەڵنەگرە لە دیاریكردنی جێگەی **(تەقوا)كە لە ناخ و سینەی مرۆڤدایە، تەنانەت لەو فەرموودەیەشدا پێغەمبەرﷺئاماژە دەكات، سێ جار بۆ سینەی موبارەكی كە دەفەرمووێت: (...التَّقْوَى هَاهُنَا - وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَاتٍ)**[3].

كەوابوو: گەورەترین ئامانج لەخوداپەرستییەكان گەیشتنە بە پلەی(تەقوا) كە لە دڵدایە.

هەڵبەتە ئێمە لێرەدا باسی (تەقوا) ناكەین، چونكە لەشرۆڤەو لێكدانەوەی

---

[1] سورة المائدة الآية:٧.

[2] كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٥١١).

[3] كتێبی(صحیح مسلم بشرح الامام النووي:١٧٤/٨رقم الحديث٢٥٦٤كتاب البر والصلة والآداب- باب تحريم ظلم المسلم وخذله وإحتقاره ودمه وعرضه وماله).

فەرموودەی هەژدەهەمدا زۆر بە وردی لەسەر ئەو بابەتە دواوین بگەڕێنەوە بۆی.

**لە کۆتایی ئەو بابەتەدا پێغەمبەر ئاماژە بۆ گەورەیی تاوان و گوناهی بێ ڕێزی و بەکەم تەماشاکردنی مرۆڤ دەکات بڕوانن چی دەفەرموویت: (بِحَسْبِ امرىء مِن الشَّرأَن يَحْقِرَ أَخَاهُ المُسلِمَ، كُلُّ المُسلِمِ عَلَى المُسلِمِ حَرَام دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرضُه).**

لەو فەرموودەیە پێغەمبەرﷺهێڵی سووری بۆ وێنا کردووین لە بەرامبەر هەموو موسڵمانێك، نابێت ئەو هێڵە ببەزێنرێت، سەرنج بدەن هەموو موسڵمانێك پارێزراوە لە ڕووی ژیانییەوە بۆ کەس نیە خوێنی بەناهەق برێژێت، هەروەها نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر سەروەت و سامانی بەناهەق و نارەوا، کۆتا خاڵیش دەبێت شەرەف وناموسی پارێزراو بێت.

| هاوکێشەی | کەرامەتی ئینسان=پاراستنی(ژیان+ ماڵ وسامان+ شەرەف وناموس). |
| --- | --- |

**پوختەی بابەتەکە**

*ئیرەیی: هیوای نەمانی نیعمەتە لە کەسێک کە شایەنی ئەونیعمەتە بێت، هەروەها ئیرەیی ستەمە لە بەرامبەر خاوەنی نیعمەت بەو ئومێدو ئاواتەی ئەو نیعمەتەی لێی دوور بخرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی ئیرەیی پێ دەبات[1].

*لە مامەڵە دونیاییەکانی نێوان موسڵماناندا دەبێت، ئەو مافە ئاینی ئیسلام

(١) کتێبی(ألفاظ القرآن للراغب الأصفهاني:ص٢٣٤،التوقيف على مهمات التعاريف للمناوي:ص١٣٩فصل السين).

بەخشیوونییەتی بە مرۆڤ لەبەرچاو بگیرێت و پێشێل نەکرێت.

*(نجش) فریودان و دەست بردنە بۆ خواردنی ماڵ و موڵک خەڵکی بە ناهەق و ناڕەوا.

*بێگومان ئامانج و مەبەستی دانەری شەرع نەهێشتنی درووست بوونی ڕق و کینەیە لە نێوان خەڵکیدا، هەروەها یەکدەستی و یەکخستنی هەڵوێستی بڕوادارانە لەگەڵ یەکتر، نەك دووبەرەکی و ناکۆکی و لێکترازان.

*درۆ **گێرانەوەو باسکردنی هەواڵێکە یان بابەتێکە پێچەوانەی واقیع بێت بە ئەنقەست بێت یان بە هەڵە بێت** لە ڕووی شەرعەوە **ڕێگە نەدراوە درۆ بکرێت** چونکە، یەکێکە لە گوناهە گەورەکان.

*جێگای تەقوا ناخ و سینەو دڵە، وە دەبێت کاریگەری ئەم تەقوایە لەسەر ئەندامەکان دەربکەوێت، وە ئەگەر دڵ پڕ بێت لە ئارەزووەکان ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خاوەنەکەی بکەوێتە نێو زەلکاوی ئیرەیی و ڕق و ناعەدالەتییەوە، لە بەرامبەر برا موسڵمانەکانی.

## فەرموودەی سی وشەش چاکەکردن لەگەڵ خەڵکی و حاڵیبوون لە قورئانی پیرۆز

## قضاء حوائج المسلمين

**عَنْ أَبي هُرَيرَة رضي الله عنه عَن النبيﷺ قَالَ: مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤمِن كُربَةً من كُرَب الدُّنيَا نَفَّسَ اللهُ عَنهُ كُربَةً منْ كرَب يَوم القيامَة، وَمَنْ يَسَّرَ على مُعسر يَسَّرَ الله عَلَيه في الدُّنيَا والآخرَة، وَمَنْ سَترَ مُسلماً سَترَهُ الله في الدُّنيَا وَالآخرَة، وَاللَّهُ في عَون العَبد مَا كَانَ العَبدُ في عَون أخيه، وَمَنْ سَلَكَ طَريقاً يَلتَمسُ فيه علماً سَهَّلَ اللهُ لهُ به طَريقَاً إلَى الجَنَّة، وَمَا اجتَمَعَ قَومٌ في بَيت منْ بيوت الله يَتلونَ كتاب الله وَيتَدَارَسونَهَ بَينَهُم إلا نَزلَت عَلَيهُم السَّكينَة وَغَشيَتهم الرَّحمَة وحَفَتهُمُ المَلائكة وَذَكَرهُم اللهُ فيمَن عندَهُ، وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ**[(١)].

بێگومان ئەو فەرموودەیە زەمانەتی هەندێ شت بۆ ئیمانداران دەکات ئەگەر لە دنیا بە جێیان گەیاند بەدڵنیایەوە ئەوکەسانە ئاخیرەت خێر دەبن، هەر ئەو فەرموودەیە گرێبەستە لە نێوان خوداﷻو بەندەکانی، وەکو ئەوەی چەند شتێکی بە مەرج دانەوە بەسەر بەندەکانییەوە، ئەگەر جێبەجێیان بکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە بە هەرەمەند دەبن لەو بەخششانەی کە پەروەردگار بۆی داناون بەپێی ئەو بنەمایەی کە دەڵێت: (**الجزاء من جنس العمل**) پاداشت کردن لەسەر جۆری کارو کردەوەیە، دیارە ئەسڵی ئەو بنەمایەش هەر لە قورئانی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە، بڕوانن خوداﷻ دەفەرمووێت: ﴿**وَأَوْفُوا بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ**﴾[(٢)].

(١) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٢٩٠/٨رقم الحديث٢٦٩٩ كتاب الذكر والدعاء والتوبة والإستغفار- باب فضل الاجتماع على تلاوة القرآن وعلى الذكر).
(٢) سورة البقرة الآية:٤٠.

واتە: ئێوە پابەندبوونی خۆتان بەو بەڵێن و پەیمانەی کردووتانە بەجێی بگەیەنن ئەوا منیش لە بەرامبەردا ئەو بەڵێن و پەیمانەی پێم داون بەجێ دەهێنم.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا **خودای**(ﷻ) **دەفەرمووێت:** ﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ﴾[1]. جا بۆ ئەوەی خوداﷻ یادت بکات، دەبێت تۆی موسڵمان یادی بکەیت، ئەوە مەرجی خودایەﷻ دەفەرمووێت: یادم بکەن یادتان دەکەم.

چونکە بەڕاستی ئەو فەرموودەیە ڕێنمایی و ئامۆژگاری موسڵمانان دەکات لەسەر ئەوەی هەوڵ بدەن فێری ئەوەبن کە تەنها بۆ خۆیان نەژین، وە هەروەها ڕوحی هاوکاری و یارمەتی لە ناخ و دڵ و دەروونیاندا درووست بکەن، تاوەکو بەردەوام بەو خەسڵەتە جوانە، خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەن و نەکەونە ژێر کاریگەری دنیاویستی و خۆپەرستییەوە، نەبادا لە دەرئەنجامدا ئەو کاروکردەوە پیرۆزە لە دەستیان بچێت، کە بەڕاستی دەستکەوتێکی گەورەی هەیە لە ڕۆژی دواییدا.

بە دڵنییایەوە ئەو جۆرە کەسانەی لەگەڵ خەڵکیدا دەژین هەست بە ئێش و ئازاریان دەکەن، ئاسوودەو بەختەوەرن لە دنیاو قیامەتدا.

ئەو فەرموودە پیرۆزە چەند بڕگەی بە پێز لە خۆ دەگرێت هەوڵ دەدەین بڕگە بە بڕگە باسیان لێوە بکەین، بۆ ئەوەی خوێنەر هێدی هێدی خۆی لەسەر پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی خۆی ڕابهێنێت لەسەر ئەو خەسڵەتانەو خووی پێوە بگرێت، بێگومان لەدەرئەنجامدا سەرفرازی و خێرو پاداشتی ئاخیرەت مسۆگەر دەکات.

### بڕگەی یەکەم

**مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤمِن كُربَةً مِن كُرَبِ الدُّنيَا نَفَّسَ اللهُ عَنهُ كُربَةً مِنْ كرَبِ يَوم القيامَةِ**تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ**چۆن ئامۆژگاری و ڕێنمایی شوێنکەوتوانی**

(١) سورة البقرة الآية: ١٥٢.

**دەکات،** لەسەر کاروکردەوەیەك کە واتای جوامێری و پیاوەتی دەبەخشێت بە ئەنجام دەرانی **کە دەفەرمووێت:** ئەوەی فریای برا موسڵمانەکەی بکەوێت کاتێك گیرۆدەی کێشەو گرفتێك بوو، بە دەمییەوە چوو لەو تەنگانەو ناخۆشییە ڕزگاری کرد بەپێی تواناو دەستەڵاتی تەنانەت بە قسەیەکی خۆشیش بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە گرفتارو لێقەوماوە وا هەست نەکات کە بە تەنهایە لەو گۆڕەپانە، کەس نیە ئاوڕێکی جددی لێ بداتەوە، ئاشکرایە پاداشتی لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستە جوامێرەیدا خوداﷻ لە ناخۆشی و نەهامەتی ڕۆژی دوایی ڕزگاری دەکات.

**بۆ نموونە:** زۆر هەن لە نێو کۆمەڵگە بە هۆی زەحمەتی گوزەرانی ژیانی ڕۆژانەیەوە یان بە هۆی نەخۆشییەوە دووچاری قەرزی زۆر بوونەتەوە بۆیان نادرێتەوە، ئەگەر کەسێك یان خاوەن قەرزەکە کار ئاسانی بۆ بکات و چاوەڕوان بێت لەسەری، وە پەلەی لێ نەکات، بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە تا ئەو کاتەی پەروەردگار دەرگایەکی خێری لێ دەکاتەوە یان بەشێك لەو قەرزەی بەسەر کەسەکەوە هەیەتی خۆش بێت، وەك یارمەتیی و ئاسانکاریی و هاوکارییەك بۆی ئەوە کارێکی پیرۆزە، یاخود کەسێك کەوتۆتە زیندانەوە، دەبینی کەسێکی باوەڕدار هەوڵی ئازادکردنی بۆ دەدات، یان هاوکاری ماڵ و منداڵەکەی دەکات بۆ ئەوەی چاویان لە دەستی ئەم و ئەو نەبێت، **ئەوە خۆی لە خۆیدا جوامێری و پیاوەتییە کە لای پەروەردگار، ون نابێت** بەو مەرجەی ئەو کردەوە چاکانە لە پێناو خوداﷻدا بێت.

دیارە پڕۆژەی لەو جۆرانە زۆرن، بۆ نموونە: ئەو فێرخوازە هەژارو دەست کورتانەی دەخوێنن، پێویستیان بە دارایی هەیە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیان یان خەڵکانێك هەن نەخۆشن پارەی چارەسەری نەخۆشییەکەیان نیە یان کرێچین کەوتوونە ناڕەحەتییەوە، بە هەر شێوازێك بێت هاوکارو یارمەتیدەریان بن بۆ دەربازبوون لەو کێشەو گرفتەی تێی کەوتوون، بە دڵنیاییەوە لەبەرامبەر ئەو

هەڵوێستە جوامێرەدا خوداﷻ لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی ڕۆژی قیامەت دەربازیان دەکات.

ئەو پرۆژانەوە هاوشێوەکانیان زۆرن پیاوی دەوڵەمەندی جۆامێرو دەست ڕۆیشتوو دەتوانێت بە ئاسانی هاوکاری یارمەتیدەر بێت هەر لە پێناوی خوداﷻ ئەو کارەی ئەنجام داوە،سبەینێ پاداشتی ئەو هاوکاری و یارمەتییەی کردوویەتی لە دنیا لە ڕۆژی قیامەت بە زیاتر وەردەگرێتەوە.

**بڕگەی دووەم**

**(وَمَنْ يَسَّرَ على مُعسرٍ يَسَّرَ اللهُ عَلَيهِ في الدُّنيَا والآخِرَةِ)**

**واتە:** ئەوەی کە لە تواناو دەستەڵاتیدایە ئاسانکاری بکات بۆ ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر بارگرانی و زەحمەتییەوە جا بە هەر هۆیەکەوە بێت، مەرج نیە تەنها بەهۆی قەرزارییەوە بێت، بەدڵنیاییەوە خوداﷻ لە دنیاو ڕۆژی قیامەت پاداشتیان دەکات، لەبەرامبەر ئەو کارو کردەوە چاکە، سەربەرزو ڕێزداریان دەکات.

**لەڕاستیدا** خزمەت کردنی بە خەڵك و یارمەتیدانی کەسی ستەملێکراوو ئەوانەی کەوتوونەتە تەنگانەوە، تەنها بەو جۆرە کەسانەی دەکرێت، کە پەروەردگار تایبەتی کردوون بۆ ئەو کارو کردەوە پیرۆزە، کە ئاسانکاری کردن و سوود گەیاندنە بە بەندەکانی، ئەوەش نیعمەت و بەخششێکی خودایەﷻ کە دەیبەخشێت بەوانەی کە لە ناخ و دەروونەوە پاکن.

گرنگ و پێویستە لەسەر هەمووان هەوڵی بێ وچان بدەن، بۆ ئەوەی خوو بەو خەسڵەتەوە بگرن، چونکە لە ڕاستیدا ئەو ئاسانکاری کردنە گەورەترین بازرگانییە زەرەری لێناکەن و کە بەرهەمەکەشی لە ڕۆژی قیامەتدا وەردەگرنەوە، ئەویش سەرفرازبوونە لە ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی قۆناغی پاش مردن، بۆیە هەتا سەرمایەی ژیانی دنیاتان لەدەست نەداوە، ئەو سات و کاتانەی

تەمەنتـان بقـۆزنەوە بـۆ ئەو جـۆرە بازرگـانیکردنە، لەگەڵ زاتـی(**الله**ﷻ، زەرووره هەموو ئیماندارێك لەو ئاستەدا بێت، چونکە ڕۆژێك دێت ئەو کات پەشیمانی داد نادات و بێ سوودەکە.

**بـۆ نمـوونە:** لەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا لە زوربەی فەرمانگاکـان کاروبـاری خەڵکی ئەوەندە کێشـەو گرفتی بۆ دەدۆزرێتەوە، بە مانگێك مامەڵەی کەسێك تەواو ناکرێت لە کاتێکدا **کەسـانێك هەن، هەمـان مـامەڵە بە چەنـد سـەعاتێك تەواو دەکـات**، جـا بـۆ ئەو مەبەسـتە هەنـدێك فەرمـانبەر هەن کە نـاخ و دڵ و دەروونیـان پـاکە، ئاسـانکارییەکەی بـاش بـۆ ئەو خەڵکـانە دەکەن، بەبـێ هـیچ بەرامبەرێك تەنها مەبەستیان بە دەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارە.

بێگومـان ئەو جـۆرە کەسـانە ئەوانەن لە ڕۆژی قیامەتـدا خـوداﷻ نـاڕەحەتی وتەنـگ و چەڵەمەی بەردەمیـان بـۆ ناهێڵێـت و دەربازیـان دەکـات، ئەویـش لە پاداشتی ئەو ئاسانکاری کردنەیە کەکردوویانە بۆ بەندەکانی.

جا پێویستە هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەدا لەسەر ئەو مەبدەئە جوانە پەروەردە بکرێـــت، هەر ئاســـانکارییەك کە دەکرێـــت بەبـــێ بەرامـــبەر لە هەر کـــارو کردەوەیەکدا، دەستکەوت و پاداشتی گەورەی دەبێت، لە دنیاو قیامەت.

### بڕگەی سێهەم

### وَمَنْ سَترَ مُسلِماً سَترَهُ الله في الدُّنيَا وَالآخِرَة

سەرنج بدەن پێغەمبەرﷺ لەم بڕگەیەدا باس لە خاڵێکی زۆر هەستیار دەکات کە کـۆمەڵگە پێویسـتە لەسـەری زۆر بەجـددی کـاری لەسـەر بکـات، ئەوەش پێـوەرێکە بـۆ ڕاستگۆیی موسـڵمانی ڕاستەقینە، خـاڵێکی جیاکەرەوەشـە لەگەڵ، ئەوانەی هەر بەڕووکەش موسـڵمانن، چـونکە بە هـۆی ئەو سۆشـیال میـدیاو جیهـانگیرییەی کە بـاڵی کێشـاوە بەسـەر هەمـوو جیهاندا، زۆرینەی ئەو خەڵـکە بەداخەوە **نەیـانتوانیوە زاڵ بـن بەسـەر هەواو نەفـس و ئارەزووەکانیـان، لە**

**بەرامبەرپاراستنی نهێنی و عەیب و عاری برا موسڵمانەکەی،** بە پێچەوانەوە هەر نهێنی و شتێکی شاراوەی کەسێك کەوتبێتە ژێر دەستیان بۆ ڕووشاندن و شکاندنی شکۆیان بێئەوەی لێی بکۆڵنەوە، لە ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵە یان ئەو زانیارییانە، ڕاستەوخۆ شێریان کردووەو بڵاویان کردۆتەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو جۆرە کەسانە بە ڕووکەش ورواڵەت موسڵمانن، دەبێت بە خۆیاندا بچنەوە.

لەڕاستیدا **پێگەیاندنی** ماڵ و منداڵ و تاکەکانی نێو کۆمەڵگە لەسەر نهێنی پاراستن بڵاو نەکردنەوەی عەیب و عاری یەکتر لە نێو کۆمەڵگەدا یەکێکە لە هەرە کارە پیرۆزەکان.

پەروەردگاریش لە ڕۆژی دوایی لە بەرامبەر ئەو کارە پیرۆزە، هەرچی **کەم وکورتی و عەیب وعارو گوناهو تاوان هەیە کە لە دنیا کە بە نهێنی ئەنجامیان داوەو کەس نەیزانیوە، بێجگە لە خوداﷻنەبێت، هەمووی دەپۆشێت، بەڕاستی ئەوە دەستکەوتێکی مەزنە** بۆ ئەو جۆرە کەسانەی عەیب و عاری خەڵکی دەپۆشن.

کەوابوو: هەرکەسێك بیەوێت خوداﷻ ڕیسواو شەرمەزاری نەکات لە دنیاو قیامەت با عەیب و عارو نهێنی خەڵك بپارێزێت

**بڕگەی چوارەم**

**وَاللهُ في عَونِ العَبدِ مَا كَانَ العَبدُ في عَونِ أخيهِ**

**خودای باڵادەست پشتیوان و هاوکاری بەندەکانی دەکات بەو مەرجەی ئەوانیش یارمەتی و هاوکاری براکانیان بکەن.**

لەڕاستیدا ئەوەی بیەوێت پەروەردگار یارمەتی دەری بێت لە دنیاو قیامەت، با لە دنیا هاوکاری ئەوانە بکات کە پێویستیان بە دەستگرتن و یارمەتیدان و کۆمەك هەیە.

**هەر کاتێك تێبینی ئەوەتان کرد برایەکی موسڵمان یان هەر کەسێك** پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی هەیە دەبێت دڕێغی لێ نەکەن و پشتییان بگرن بە پێی پێگەو دەستەڵات و تواناتان.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام شوێنکەوتووانی لەسەر ئەو ڕوحی هاوکاری و یارمەتیدانە **گۆش کردووە بێ ئاوڕدانەوە لە شوناس و ڕێبازو هزرو بیرو بۆچوونی ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتی و هاوکاری کردن هەیە**، کە ئەوە پەیامێکە بۆ هەموو ئەوانەی بە هۆی نالەباری بارودۆخەوە کەوتوونەتە نارەحەتی تەنگانەوە، لە نێو کۆمەڵگەی موسڵماندا دەژێن مەبەستمان زیاتر ئەوانەیە کە لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامدان، نەبادا وا هەست بکەن کە بە تەنها دەژین کەسێك نیە هەست بە ئێش و ئازارەکانیان بکات.

**زەکاتدان و قوربانیکردن** دوو پەرستشی گەورەن کە موسڵمانان جێبەجێی دەکەن، ساڵانە کۆمەکی ملیۆنەها کەسی موحتاجی لێدەکرێت، وەکو یارمەتی و هاوکاری کردنێك بێ بەرامبەر کە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا سیستمێکی وەها بە دی ناکرێت، لەوەیە کەسانێك بڵێن: **ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش** کۆمەکەی خەڵکی لێقەوماو هەژاران و ئەوانەی تووشی زیان لێکەوتن بوون بە هۆی لافاوو ئاگرلێکەوتن و زریان و کارەساتی سروشتییەوە دەکەن، **لەوەڵامیاندا دەڵێین:** ئەوان ئەو یارمەتی و هاوکارییانە دەدەن لەبەرامبەر هەندێك داواکاری تایبەت لەبەرامبەر جێبەجێکردنی هەندێك لە بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی سیداوو جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هاوڕەگەزخوازی و توندو تیژی خێزان و... هتد.

کە نەتەوە یەکگرتووەکان مەبەستیانە لەو وڵاتانە جێبەجێ بکرێت ئەگینا بە هیچ جۆرێك یارمەتی و کۆمەکیان ناکەن، چونکە **دروشمیان لە پێدانی پارەو**

**یارمەتی و کۆمەك کردن بریتییە: (لەوەی دەمانەوێت دەبێت جێبەجێ بکرێت)**[1].

کەوابوو: پێویستە موسڵمانان لەسەر ئەو بەهاو ڕەوشتە بەرزانە، بەو شێوازەی کە لە فەرموودەکەدا ئاماژەی پێکراوە، کۆمەڵگە پێ بگەیەنن ئەگەرچی، لەوسەردەمەی ئێستاماندا ئەو ڕوحی هاوکاریی و بەدەمەچوونە بەرەو کاڵ بوونەوە چووە، هۆکارو کەم و کورتییەکە لە خۆمانەوەیە، چونکە ئێمەی موسڵمان پابەند نین، وەکو پێویست بەو مەنهەج و پرۆگرامەی سەردارمان (**محمد**ﷺ) وە.

## بڕگەی پێنجەم

## وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقَاً يَلتَمِسُ فيهِ عِلمَاً سَهَّلَ اللهُ لهُ بِهِ طَرِيقَاً إِلىَ الجَنَّةِ

واتە: هەر کەسێك هەنگاو بنێت و ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بەدەست خستنی زانستێك ئەوا خودا ﷻ ڕێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان و فەراهەم دەکات، سەبارەت بە فێربوونی زانست هەروەکو، ئاشکرایە لای هەمووان لە فەرموودەکەدا پێغەمبەرﷺ ئاماژەی بۆ فێربوونی زانست کردووە **بە ڕەهایی** (مطلق) نەك تەنها زانستە شەرعییەکان، یانی هەموو **زانستێك دەگرێتەوە،** گرنگ ئەوەیە هەر کەسەی ئەو زانستەی فێری بووە لە خزمەتی هەموو مرۆڤایەتیدا بەکاری بهێنێت **بەو مەرجەی** باوەڕێکی دامەزراوی بەخودا ﷻ و پایەکانی تر ئیمان هەبێت.

**ئەگینا** بەهرەمەند نابێت لەو بەخششەی خودا ﷻ کە لەفەرموودەکەدا ئاماژەی پێکراوە(سَهَّلَ اللهُ لهُ بِهِ طَرِيقَاً إِلىَ الجَنَّةِ).

بۆ زانیاریتان، کەسانێك هەن زاناو پسپۆرن لە بوارێکی تایبەتیدا بەردەوام بەو علیم و زانستەیان خزمەتی مرۆڤایەتی پێدەکەن، هەرلەو ڕێگەیەشەوە

(١) کتێبی( ئایا نێرو مێ دوو ڕەگەزی یەکسانن:ص ٢٠٠، و المواثيق الدولية في هدم الأسرة:ص٥٦٧).

**بانگەشە بۆ ئایینی پیرۆزی خودای(ﷻ) دەکەن ئەوانیش لە بەرامبەردا بەهرەمەند دەبن لەو بەخششە خودابیە.**

**بـۆ نمـوونە:** مەرجەو پێویسـتە لەسـەر ئەوانەی لە بـواری بانگخوازیـدا کاردەکەن زانستی شەرعی فێربن بۆ ئەوەی بتوانن بتوانن قەناعەت بە کەسی بانگکراو(المدعو) بهێنن، یان ڕێنمایی و ئامۆژگاری موسڵمانان بکات بە ڕێك و پێکی بە پێـی قورئـانی پیـرۆزو فەرمـوودەی صـەحیحی سـەروەرمان محمـدﷺ چونکە، ئەو دووانە کۆلەگەی سەرەکین بۆ کەسی بانگخواز.

دەبێت کەسی بانگخوازو واعیزو وتار بێژو مورشید شارەزا بن لە هەندێك زانست و زانیاری سەبارەت بەو بابەتانەی باسیان لێوە دەکەن لە نێو خەڵکی و هەوادارییـان بەتـایبەت پرسـی فەرمـان بە چـاکەکردن و ڕێگـری لە خراپەکـاری چونکە، خودی ئەو بانگخوازانە بۆ دینی خوداﷻ دەبنە سەرچاوەو مەرجەعییەت بۆ بـانگکراوان، لەبەرئەوەی بەنـاوی خـوداوەﷻ بـانگخوازیی خەڵکـی دەکەن بـۆ دیـن و دینداری ئەگەر، شارەزایی و زانیارییـان نەبێت ئەوا گوناهبار دەبن، لەو بارەیەوە خوداﷻ دەفەرموێت:**﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ)﴾**[(١)].

پێیـان بڵێ: بێگومـان خوداﷻ چەند شـتێکی حەرام کردووە، ئەوانـیش کـاری بەدڕەوشـتی و گونـاهو خـراپەیە، جـا بە ئاشـکرا ئەنجـام بـدرێن یـان بە پەنهـانی هەروەها، هەمـوو گونـاهو سـتەمێکی حەرام کـردووە هەروەها، ڕێگـای نەداوە بە هاوەڵـدانان بـۆ خـۆی کە هـیچ بەڵگەیەکـیش نایسـەلمێنێت، **وە درۆکـردن بەدەم خوداوەﷻ بێ هیچ بەڵگەو زانیارییەك چونکە، حەرامکردن و حەڵاڵکردنی شت دەبێت تەنها لەلایەن خوداوەﷻ بێت** نەك بە ئارەزووی ئادەمیزادێك بێت[(٢)].

---

(١) سورة الأعراف الآية:٣٣.

(٢) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٦٩١).

پرسیارەکە ئەوەیە چەندێك وتاربێژو بانگخوازو مورشید هەن بێئەوەی ئاگادارو شارەزابن لە زانست و عیلمی شەرعی لە قسە کردنیاندا دەڵێن: **دەبێت** یان **نابێت** بێئەوەی بیر بکاتەوە، لە **وشەی دەبێت** کە بە مانای واجب دێت یان **وشەی نابێت** بە واتای **ممنوع دێت** لەوەیە ئەو شتە ڕێگە پێدراو بێت؟؟؟ ئەی نابێت شارەزایی تەواویان لەو دەستەواژانە هەبێت کە لە کاتی وتارو قسەکردنیاندا بەکاریان دەهێنن یان بەناوی پێغەمبەرەوەﷺ فەرموودەیەك دەڵێن، لەوەیە ئەو فەرموودەیە لە زمانی پێغەمبەرەوەﷺ نەوترابێت.

سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەو فەرموودەیە کە چەندێك مەترسیدارو هەڕەشە ئامێزە کە دەفەرمووێت: (**...مَن كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ**)[1].

پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: ئەوانەی بە ناوی منەوە درۆ دەکەن و بە ئەنقەست شتێك دەڵێن کە نەم وتوە، باجێگەی خۆیان خۆش بکەن لە ئاگری دۆزەخ، یانی:(بێئەوەی ورد بنەوە لە ڕاستی و دروستی و بەهێزی و بێ هێزی پلەی فەرموودەکە).

لەڕاستیدا ئەو وتانەی کە لە زاری واعیزو وتاربێژو مورشیدو بانگخواز دێنە دەر بەرپرسیارێتییەکی گەلێك مەزنە دەبێت ئاگاداربن لەوەی چی دەڵێن: بەتایبەت ئەو وتانەی بە ناوی خوداوەﷻ یان بەناوی پێغەمبەرەوەﷺ دەیکەن.

بەداخەوە کاتێك گوێبیستی هەندێك لە بانگخوازانە دەبێت، لە مزگەوت و سۆشیال میدیاکانی وەکو، تویتەرو فەیسبوك و یوتوب و تیك تۆك و ئینیستگرام و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، شەرم دادەگرێت لەوەی باسی دەکەن و دەیگێرنەوە، بێئەوەی بە دوادا چوونێك بۆ ئەو وتانەیان بکەن ڕاستەوخۆ قسە دەکەن لەدەرئەنجامدا خەڵکی تووشی سەر لێشێواوی دەکەن.

---

(١) کتێبی(فتح الباري شرح صحيح البخاري: ٦٠٦/٦ رقم الحديث ٣٤٦١ كتاب أحاديث الأنبياء – باب ماذكر عن بني إسرائيل).

## بڕگەی شەشەم

**وَمَا اجتَمَعَ قَومٌ في بَيتٍ مِنْ بيوتِ اللهِ يَتلونَ كتابَ اللهِ وَيتَدارَسونهَ بَينَهُم إلا نَزَلَت عَلَيهُم السَّكينَة وَغَشِيَتهم الرَّحمَة وحَفَتهُمُ المَلائِكة وَذَكَرهُم اللهُ فيمَن عِندَهُ**

واتە: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: هەر کۆمەڵێك لە مزگەوت پێکەوە کۆبوونەوە بە مەبەستی **خوێندنەوەی قورئان و لێکدانەوەو تێگەیشتن لە وشەو واتاوماناکانی نەك بەمەستێکی تر** چونکە، پێغەمبەرﷺئامانجی کۆبوونەوەی ئەو کەسانەی دیاریکردووە وەك، دەبینن دوو چەمك لە فەرموودەکە ئاماژەی پێکراوە **یەکەم(يتلونَ كتابَ اللَّهِ)، دووەم (ويتدارسونَهُ فيما بينَهم)، تەماشا بکەن ئەو** دوو چەمکە پێکەوە گرێدراون**(يتلونَ كتابَ اللَّهِ، ويتدارسونَهُ فيما بينَهم) ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بەخششی خودا**ﷻ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئەگەر، بڕواننە وتەکەی پێغەمبەرﷺ کە دەفەرمووێت:**(إلَّا نزلَت عليهِم السَّكينةُ)**



واتە: بێگومان ئەوانە بەهرەمەند دەبن لە ئارامی ناخ و دڵ و دەروون لەدەرئەنجامی جێگرتنەوەی نورو ڕۆشنایی قورئان لە جێی ڕەشبینی و ئێرەیی و ڕق و کینەو دووبەرەکی و شەهوەت و ئارەزووە ناپەسەندەکان و ... هتد.

ئینجا ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی پەروەردگار دایان دەپۆشێت، فریشتەکانیش لە چوار دەوریان کۆدەبنەوەو بەشداری ئەو مەجلیسە دەکەن بە فەرمانی خوداﷻ لەبەرئەوەی فریشتەکان ناتوانن هیچ شتێك ئەنجام بدەن بە بێ

فەرمانی خواﷻ (**وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ**) هەروەها، دەفەرموویت: ئەو کۆمەڵە بەهرەمەند دەبن لەوەی کە پەروەردگار باسیان دەکات لە لای ئەوانەی لای ئەون (**وذكَرَهُمُ اللَّهُ فيمَن عندَهُ**).



برایان وخوشکانی ئازیز چ گەورەییەکەﷻ بۆ ئەو جۆرە مەجلیسانە کە قورئانی تێدا بخوێندرێتەوە **کە تێڕامان و لێکدانەوە بۆ وشەو ماناو واتاکانی بکرێت.**

تکایە خۆتان بێبەش مەکەن لەو جۆرە مەجلیسانە، هەوڵ بدەن لە هەموو شوێنێك مەجلیسێکی قورئان بەو شێوازەی باسمان لێوەی کرد دروست بکەن، دیارە (**يتدارسونَهُ**) **باس لە تاکە کەسێك ناکات بەڵکو، باس لە دووکەس و زیاتر دەکات کە پێکەوە دانیشتبێتن بە مەبەستی تێگەیشتن و تێڕامان و لێکدانەوە لە واتاو مانای ئایەتەکان تاوەکو، لە پەندو عیبرەت و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بەهرەمەند بن.**

مانگی جاریکیش بێت هەر باشەو بەسوودە ئەگەر، لە مزگەوتیش نەبێت، دەکرێت لە هەر شوێنێکی تر ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێت گرنگ ئەوەی بەو شێوازە قورئان بخوێندرێتەوە بەو مەرجەی لێی تێبگەن وحاڵیبن و کاری

پێبکەن، **نەك تەنها بیخوێننەوە** چونکە، فەرموودەکە ئامانجەکەی دیاریکردووە، کەبەهرەمەند بوونە لەو بەخششە خوداییە، ئەگینا تەنها بە خوێندنەوەی لەو بەخششە بەهرەمەند نابن، ئاگادار بن ئەگەرچی، لە پاداشتی خوێندنەوەو تەماشاکردنی قورئانەکە بێبەش نابن.

**☜بێداری**

**هەڵبەتە** ئەو فەرموودەیە بەر پرسیارێتی، پرسی مەجلیسی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزو لێکدانەوە و تێگەیشت و تێروانین لە واتاو ماناو وشەکانی دەخاتە سەر شانی هەموو کەسێك بەتایبەت مامۆستایانی قەدرگران و بانگخوازان و پیاوانی بۆ خودا سوڵحاو، کە دەبێت ئەو جۆرە مەجلیسانە دروست بکەن و زیندووی بکەنەوە بۆ ئەوەی موسڵمانان بە ئاگا بێنن، لەوەی کە ئامانجی خودا ﷻ لە ناردنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز کارپێکردنە بە ئایەتەکانی، **نەك لەبەرکردن و خوێندنەوەی سەرزارەکی** ئەگەرچی، لە پاداشتی تیلاوەکردن بێبەش نابن بەڵام، **گرنگ ئەوەیە حەرامی بە حەرام بزانن و حەڵاڵی بە حەڵاڵ بزانن**، وە ئەو سنوورەی بۆی داناون نەیبەزێنن هەروەها، دەبێت وا ئاڕاستەی ئەو موسڵمانانە بکرێت لەو مەجلیسانە ئەو ئایەتانەی دەخوێندرێنەوە، ئەوە بۆ ئێوە دابەزیوەتە خوارەوە، تاوەکو جێبەجێی بکەن بە کردەیی، دەبێت بەو ڕوحییەت و هیممەتە فێری خوێندنەوەی قورئانیان بکەن.

بڕگەی حەوتەم

**وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ**

**خودای**(ﷻ) **دەفەرمووێت: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ﴾**[1].

(١) سورة المؤمنون الاية:١٠١.

واتە: کە جاری دووەم فوو دەکرێتوە بە (صور)داو سەرجەم ئادەمیزاد زیندوو دەکرێنەوە، ئیتر خزمایەتی و منداڵ و نەوەو ڕەچەڵەك سوود بە هیچ کەس ناگەیەنێت، هەر چەندە کوڕی پیاوێکی چاك بێت، یان لە نەوەی پێغەمبەرێکی خودا بێت، گەر خۆی خەمی خۆی نەخواردبێت ئەو پەیوەندییە نەسەبی یانە لەو ڕۆژەدا کەڵکی نیەو کەس پرسیار لە حاڵی کەسێکی تر ناکات، هەر کەسەو خەمی حاڵی خۆیەتی و هەرکەسەش بە پێی کردەوەی خۆی مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێت و جەزای دەدرێتەوە[1].

خوداﷻ دەفەرمووێت: ﴿**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ**﴾[2].
بڕوانن لەو بانگەوازە خوداییەﷻ کە بۆ سەرجەم خەڵکییە بێ جیاوازی، حاکم و مەحکوم، دەوڵەمەندو هەژار، ڕەش و سپی، موسڵمان و کافر دەگرێتەوە، تێکرا هەموو ئەوانەی کۆکردۆتەوە، لەسەرگۆی ئەو زەوییەی کە بۆی فەراهەم کردوون کە جێگای هەموومانی تێدا دەبێتەوە، بۆ ئەوەی تیایدا بژێن و یەکتر قبوڵ بکەن نەك پێچەوانەکەی، بە هەموو ڕاو بۆچوون و جیاوازییەکانیانەوە، ئامۆژگاریی و ڕێنماییکردوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە ماڵ و خێزان و کۆمەڵگە **لەسەر ئەو یەکتر قبوڵ کردن و یەکتر ناسینە پەروەردە** بکرێن، لەبەر ئەوەی **لە دایك و باوکێك خەڵق کراون**، ئەویش حەزرەتی ئادەم (عليه السلام) و دایکە حەووایە، وە ئێوەمان کردۆتە گەل و هۆزو عەشیرەت بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و لەیەکتر تێبگەن، ئەو کەسەتان بەرێزە کە خوداپەرستی و تەقوای زیاترە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت (نەسەب) پێوەر نیە

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣٦/٣).
(٢) سورة الحجرات الاية:١٣.

بۆ باشترین و چاکترینی کەس، وەکەسیش بۆی نیە بڵێت: من نەوەی فلاّنم.

بێگومان نەوەکانی پێغەمبەرﷺئەوانەی بەڕاستی شوێنکەوتووی ئەون، ڕێزدارن و خۆش ویستنیان **واجبە** لەسەر هەموو ئیماندارانی و موسڵمانان هەتا دنیا دنیایە بەو مەرجەی فەخر بەسەر کەسەوە نەکەن و خۆیان هەڵکێشن بەسەر خەڵکییەوە، وەک ئەوەی لەم سەردەمەی ئێستاماندا هەندێکیان بەچاوی خۆمان دەبینین چۆن نانی پێوە دەخۆن.

ئەو ڕەفتارانە دوورن لەو مەنهەجەی پێغەمبەرەوەﷺ بڕوانن بۆ خۆی چ دەفەرمویێت: (**أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَم وَلا فَخْرَ** )[1].

وە هەروەها دەفەرموویێت: (**وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ**)[2].

هەر چەندێکیش لە نەوەی پێغەمبەرﷺ و پیاوچاکان بن، ئەگەر تەقواو کردەوەو کاری چاکەتان نەبێت و کەمتەرخەم بووبێتن، لە بەجێگەیاندنی ئەرك فەرمانەکانی پەروەردگار، لە ڕۆژی دواییدا هیچ شتێک دادتان نادات و بە هاناتانەوە نایەت.

تەماشا بکەن ئەوە پەیامێکە بۆ بەرچاو ڕوونی شوێنکەوتووانی چیتر پشت بە کەس مەبەستن، بەوەی کە کوڕی فلاّن و نەوەی فلاّنم، خۆت چیت پێیە بۆ خزمەت کردنی ئایین و نیشتمان و مرۆڤایەتی، چونکە هەر ئەوە دێتە ڕێتان، هەر لەسەر ئەوەش لێپێچینەوەتان لە گەڵدا دەکرێت، ووتراوە: چی بچێنیت ئەوە ئەدووریتەوە.

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:(**إِنَّ اللهَ تعالى لَا ينظرُ إلى صُوَرِكُمْ وَأَمْوالِكُمْ، ولكنْ إِنَّما ينظرُ إلى قلوبِكم وأعمالِكم**)[3].

---

(١) کتێبی(سنن ابن ماجه الألباني: رقم الحديث ٤٣٠٨ ص٧١٤كتاب الزهد– باب ذكر الشفاعة، حديث صحيح).

(٢) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٢٩٠/٨رقم الحديث٢٦٩٩ كتاب الذكر والدعاء والتوبة والإستغفار– باب فضل الاجتماع على تلاوة القرآن وعلى الذكر).

(٣)-کتێبی(صحيح الجامع الصغير وزيادته: تأليف محمد ناصرالدين الألباني: رقم الحديث ١٨٦٢ ص٣٨٠ ←

کەواتە: مامەڵە کردنی خودای(ﷻ)لەگەڵ، عەبدەکانی خۆی **لەسەر بنەمای ڕوخسارو پلەو پایەو پارەو پوول و سامان** نیە بەڵکو، **لەسەر ڕازو نیازی نێو دڵ و ناخ و ویژدان و کردەوەیە.**

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:(**إِنَّ أَنْسَابَكُمْ هَذِه لَيْسَتْ بِسبَابٍعَلَى أَحَدٍ وَإِنَّمَا أَنْتُمْ وَلَدُ آدَمَ طَفُّ الصَّاعِ لَمْ تَمْلَئُوهُ لَيْسَ لِأَحَدٍ فَضْلٌ إِلَّا بِالدِّينِ أَوْ عَمَلٍ صَالِحٍ**)[1].

ئاینی پیرۆزی ئیسلام باسی نەوەو ڕەچەڵەکی کردووە لەو سۆنگەیەوەیە دەبێت مرۆڤ خزم و کەس وکاری خۆی بناسیت و لێیان دانەبرێت، وهەروەها دەبێ پەیوەندی توندو تۆڵی لە گەڵیاندا هەبێت، چونکە زۆرن ئەو شتانەی پێکەوە پەیوەستیان دەکات وەک ژن خواستن وخزمایەتی و مەسئەلەی میرات گرتن و....هتد، بەڵام بەو مەرجەی خۆی بە گەورە نەزانێت، وە تەماشای بەرامبەرەکەی نەکات بە چاوی سووکەوە.

کەوابوو: (نەسەب) فریادڕەس نیە لە ڕۆژی دوایی، دەبێت هەرکەس بۆ خۆی هەوڵ وکۆشش بکات، سەرنجتان بۆ فەرموودەیەك ڕادەکێشم، کە پێغەمبەرﷺ چی بە **فاتمەی کچی و سەفییەی پووری و مامەی عەباس** (خودا لێیان ڕازی بێت) دەفەرمووێت: ناتوانم هیچتان بۆ بکەم لای پەروەردگار، ئەگەر بۆ خۆتان هەوڵ و کۆشش نەدەن[2].

لەم بوارەدا شێخ (محمد الأمين الشنقيطي) لە کتێبەکەیدا[3]، ئاماژە بەوە دەکات دەفەرموێت:(**أَنَّ الْمُرَادَ بِنَفْيِ الْأَنْسَابِ انْقِطَاعُ آثَارِهَا، الَّتِي كَانَتْ مُتَرَتِّبَةً**

حديث صحيح).

(١)-کتێبی(مجمع الزوائد و منبع الفوائد للحافظ نورالدين علي سليمان الهيثمي: ١٠٤/٨رقم ١٣٠٧٦كتاب الأدب- باب لا فضل لأحد على أحد غلى بالتقوى سند).

[٢] کتێبی(صحيح الجامع الصغير وزيادته: تأليف محمد ناصرالدين الألباني: رقم الحديث ٧٩٨٢ص١٣٢٢ حديث صحيح).

(٣) کتێبی(أضواء البيان للشنقيطي:٨٩٩/٥).

**عَلَيْهَا فِي دَارِ الدُّنْيَا، مِنَ التَّفَاخُرِ بِالْآبَاءِ، وَالنَّفْعِ وَالْعَوَاطِفِ وَالصِّلَاتِ، فَكُلُّ ذَلِكَ يَنْقَطِعُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَيَكُونُ الْإِنْسَانُ لَا يُهِمُّهُ إِلَّا نَفْسُهُ، وَلَيْسَ الْمُرَادُ نَفْيَ حَقِيقَةِ الْأَنْسَابِ، مِنْ أَصْلِهَا) بِدَلِيلِ قَوْلِهِ الله عزوجل: (يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ)**[١].

واتە: لە رۆژی دوایی (قیامەت) نەسەب ئەو کاریگەرییەی کە لە دونیا هەیەتی لە قیامەت نایمێنێت، بەڵکو لەو ڕۆژەدا هەموو نەفسێک تەنهاو تەنها خەمی خۆیەتی چۆن رزگاری بێت، بەواتایەکی تر نە باوک بەهانای هاوسەرو کچ وکوڕیەوە دێت، نە ئەولاد بە هانای دایک و باوکییانەوە دێن، بروانە خوداﷻ چ دەفەرموێت: **﴿يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ*وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ﴾**[٢].

لە ئایەتە دەردەکەوێت نەسەبەکە ماوەتەوە، بەڵام کاریگەری نیە(ئەکتیڤ نیە) ئا ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺفاتمەی کچی و سەفییەی پووری و مامەی عەباسی لێ ئاگادار کردونەتەوە و هۆشداری لێداوە.

ئەم پەیامەی پێغەمبەرﷺبۆ هەموو شوێنکەوتووان و نەوەکانی دوای خۆیەتی، کە نابێت ئومێدو هیواتان بە (نەسەب) هەبێ لە رۆژی دوایی (قیامەت)، چونکە ئەو نەسەبەکاریگەری نیەو دەبێت بۆ خۆتان هەوڵ وکۆشش بکەن تا رەزامەندی خوا بە دەست بێنن.

**شاعیری گەورەی کورد خوالێخۆشبوو (مەحوي) لەبارەی (نەسەب) وە دەڵێت:**

**فەضیلەی ئەصل و فەصل ئینسانی پێ نابێ بە خاوەن فەضل،**
**کە خۆت کۆسەی بە تۆ چی؟! خاڵە! ڕیشی باب و باپیرت**

(١)) سورة عبس الآيَة:٣٤– ٣٥.
(٢)) نفس السورة السابقة.

**پوختەی بابەتەکە**

*پاداشت کردن لەسەر جۆری کاروکردەوەیە، دیارە ئەسڵی ئەو بنەمایەش هەر لە قورئانی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە، خودای باڵادەست دەفەرمووێت:﴿**إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ**﴾[1].

*هاندانی موسڵمانان بۆ ڕزگارکردن و بە هاناچوونی ئەوانەی تووشی ناڕەحەتی و ناخۆشی بوون بە هۆی گوزەرانی دنیاوە.

*خودای باڵادەست پشتیوان و هاوکاری بەندەکانی دەکات، وە لە ناڕەحەتی و سەختی ڕۆژی قیامەت ڕزگاریان دەکات، بەو مەرجەی ئەوانیش یارمەتی و هاوکاری براکانیان بکەن.

***پاراستنی نهێنی و عەیب و عاری خەڵکی کارێکی پیرۆزە.**

*ڕێگەی چوونە بەهەشت فراوان و واڵایە لەبەرامبەر ئەوانەی ڕێگەی زانست و فێربوونییان گرتۆتەبەر لە پێناوی خوداﷻ.

***خوێندنەوەی قورئان و لێکدانەوەو تێگەیشتن لە وشەو واتاو ماناکانی بەخششی خوداﷻ** بە دوای خۆیدا کە ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی پەروەردگارە.

*(نەسەب) فریادڕەس نیە لە ڕۆژی دوایی(قیامەت)، دەبێت هەرکەس بۆ خۆی هەوڵ وکۆشش بکات، بۆ زانیاریتان نەسەب ئەو کاریگەرییەی کە لە دونیا هەیەتی، لە قیامەت نایمێنێت.

(١) سورة محمد الآية: ٧.

## فەرموودەی سی و حەوت هاندان بۆ ئەنجامدانی کارە چاکەکان

## الترغيب في فعل الحسنات

عَن ابْن عَبَّاس رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَن النبي ﷺ فيْمَا يَرْوِيْه عَنْ رَبِّه تَبَارَكَ وَتَعَالى أَنَّهُ قَالَ: **إِنَّ اللهَ كَتَبَ الحَسَنَات وَالسَّيِئَات ثُمَّ بَيَّنَ ذَلكَ، فَمَنْ هَمَّ بحَسَنَة فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ عنْدَهُ حَسَنَةً كَاملَةً، وَإِنْ هَمَّ بهَا فَعَملَهَا كَتَبَهَا اللهُ عنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَات إِلى سَبْعِمائَة ضعْف إِلىَ أَضْعَاف كَثيْرَة، وَإِنْ هَمَّ بسَيِّئَة فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبهَا اللهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَاملَةً،وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً**[1].

لەڕاستیدا کەسی ئیماندار لە بەرامبەر ئەو فەرموودەیە سەری سوور دەمێنی لە گەورەیـی سـۆزو میهرەبـانی خـوداﷻ وە لە هەمـان کاتیشـدا شـەرمەزاری دایدەگرێت لەوەی کە چیتر نیەت و ئیرادەی شەڕو خراپەکاری نەکات.

فەرمـوودەی قودسـی واتە: وشـەو واتاکـانی لەلایەن پەروەڕدگـارەوەیە، بەڵام فەرموودەی پێغەمبەرﷺماناکەی وەحییە لە خوداوەﷻ.

خـوداﷻ فەرمـانی بە فریشـتەکانی کـردووە چـاکەوخراپەی بەنـدەکانی تۆمـار بـکەن، ڕینمایـی و وردەکـاری تەواوی پێـداون لە چۆنیەتی نووسـینی ئەوکـارو کردەوانەی بەندەکانی ئەنجامی دەدەن.

بڕوانن چی دەفەرموویت: **فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً**

[1] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٣٩٢/١١رقم الحديث٦٤٩١ كتاب الرقاق- باب من هم بحسنة أو بسيئة، و صحيح مسلم بشرح الامام النووي:٢١٤/٢رقم الحديث١٣١ كتاب الإيمان- باب إذا هم العبد بحسنة كتبت وإذا هم بسيئة لم تكتب. اللفظ للمسلم).

**کَامِلَةً)**، جا ئەو کەسەی خواستی کردەوەیەکی چاکی هەبوو، بۆی نەکرا یان بۆی نەچووە سەر، فەرمانی خوداﷻ بۆ ئەو فریشتانەی کە تایبەت و چاودێرن بەسەر کردەوەکانییەوە، چاکەیەکی تەواوی بۆ بنووسن لای خوداﷻ (**عِنْدَهُ**)، وەك ئەوەی کردەوەکەی ئەنجام دابێت، تەماشا ئەو بەخششە خودابیە بکەن لە بەرامبەر ئەو بەندەیەی تەنها خواستی ئەوەی بووە کردەویەکی چاك بکات، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێك بێت، بۆی نەکراوە، لەسەر ئەو ئیرادەو نیەتەی پادشت کراوە.

**بۆ نموونە:** کەسێك بڕیاری دا شەو هەڵبسێت شەو نوێژ بکات، کاتێك بە ئاگا هات وا نوێژی بەیانییە، بێگومان فریشتەکان پاداشتی شەو نوێژیان بۆ نووسیوە بە فەرمانی خوداﷻ چونکە نیەت و ئیرادەی شەونوێژی بوو لە کاتی نووستندا، بەڵام خەبەر نەبۆتەوە، بەو مەرجەی لە کاتی خۆیدا نووستوو بێت، زیادەڕەوی نەکردبێت و بەدیار فیلم و فەیسبووك و تویتر تیك تۆك و ....هتد، نەبوو بێت.

خودای باڵادەست دەفەرمووێت:﴿**وَمَن يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الْأَرْضِ مُرَاغَمًا كَثِيراً وَسَعَةً وَمَن يَخْرُجْ من بَيْتِه مُهَاجِرًا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**﴾[1].

واتە: کەسێ هیجرەت بکا لە وڵاتی خۆی لەبەر دینەکەی بە ئیخلاسەوە لە ڕێگەی خوداﷻ ئەوە جێگەی دوور لە فیتنەی دەس ئەکەوێ و ە شوێنی حەوانەوەی بۆ دەبێ و دەکەوێتە شادی و کامەرانییەوە، وە کەسێ لە ماڵی خۆی دەربچێ، حاڵی وابێ موهاجیر بۆ لای خوداﷻ و پێغەمبەری خوداﷺ، جا لە پاش دەرچوون مردنی پێ بگات، ئەوە بە تەحقیق ئەجری دامەزراوە لە لای خوداﷻ وە خودای تەعالا تاوانپۆش و میهرەبانە[2].

[1] سورة النساء الآية:١٠٠.
[2] کتێبی(تەفسیری نامی:٣٣٥/٢، تەفسیری ڕامان:ص٢١٣ بە دەستکارییەوە).

تەماشا بکەن ئەو کەسەی نیەت و ئیرادەی هیجرەت بێت لە پێناوی خوداﷻ ئەگەر نەگاتە شوێنی مەبەست بە هۆی مردنیەوە بە دڵنیاییەوە خوداﷻ پاداشتی هیجرەتی تەواوی بۆ نووسیوە.

**ئینجا دەفەرمووێت: (وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَىَ أَضْعَاف كَثِيْرَةٍ)**، ئەگەر هاتوو کەسەکە لەگەڵ ئەوەی نیەت و ئیرادەی خێرو چاکەکاری هەبوو، بە کردەیی بەجێی گەیاند بێگومان پەروەردگار **لای خۆی یەك بە دە پاداشتی بۆ ئەنووسێت، چونکە خوداﷻ دەفەرمووێت: ﴿مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾**[1].

واتە: هەر کەسێك کردەوەیەکی چاك بکات، بێگومان پەروەردگار دە هەندەی ئەو چاکەیەی بۆ دەنووسێت.

هەندێجار خوداﷻ ئیرادە بکات لە جیاتی ئەوەی دە چاکەکە بنووسێت ٧٠٠چاکەی بۆ تۆمار دەکات، یان هەتا خوداﷻ ئیرادە بکات و بیەوێت چاکەی بۆ دەنووسێت ئەویش بەستراوەتە بە نیەت و ئیرادەی کەسەکە.

**ئینجا دەفەرمووێت:(وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً)**، جا ئەو کەسەی خواستی کردەوەیەکی خراپی هەبوو، نەیکرد لە ترسی خوداﷻ، بێگومان پەروەردگار لای خۆی(**عِنْدَهُ**) چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێت، بەڵام(**وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً**) نیەت و ئیرادەی کەسەکە وابوو خراپەکە بکات، ئەگەر خراپەکەی ئەنجامدا ئەوا **یەك خراپەی** لەسەر تۆمار دەکرێت لەو بارەیەوە **خوداﷻ دەفەرمووێت:﴿وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾**[2].

**واتە:** هەر کەسێکیش گوناه و خراپەی ئەنجام دابێت، هەر سزای خۆی وەر

(١) سورة الأنعام الآية:١٦٠.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەگرێتەوەو لەو ڕۆژەدا ستەم لە هیچ کەسێك ناکرێت[١].

لەڕاستیدا پرسی ئەنجامدانی تاوان و گوناە لە ناخ و دڵ و دەروون و مێشکی مرۆڤدا درووست دەبێت لە سەرەتادا هەرکاتێك بە سوور بوو لەسەر بەجێگەیاندنی گوناهێکی لەسەر دەنووسرێت، جارێ بەجێی نەگەیاندووە تەنها ویستوویەتی وە سوور بووە لەسەر ئەنجامدانی، بەڵام هەرکاتێکیش بە کردەیی جیبەجێی کرد ئەوا گوناهی ئەو تاوانەی لەسەر تۆمار دەکرێت، ئاگادار بن لەو خاڵە زۆر گرنگە.

بەڵگەشمان لەسەر ئەو پرسە قورئانی پیرۆزە سەرنج بدەن خوداﷻ دەفەرمووێت:﴿**إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**﴾[٢].

بەڕاستی ئەو کەسانە کە حەز ئەکەن باسی کردەوەی ناشیرین بڵاوبێتەوە لە ناو خاوەن باوەڕەکانا، ئەوانە سزای ناهەمواری خاوەن ئازاریان هەیە لە دنیاو قیامەتا، خودا خۆی بە ئەحواڵی خەڵك ئەزانێ کە کێ حەز لە هێمنی ناو موسڵمانان ئەکاو کێ حەز بە بشێوەو سووك کردنی ڕەهبەرو پەیرەوانی ئەکا[٣].

خوێنەری ئازیز تەماشا بکەن مەسەلەی حەزکردن شتێکی قەلبییە، هەر کەسێك بە دڵ حەز بکات خراپەکاری لە نێو ئیماندارانـدا تەشەنەبسێنێت و بڵاوبێتەوە، بێگومان پەوەردگار سزایبە ئازاری دەدات لە تۆڵەی ئەو حەزکردنەی.

نیەت و ئیرادەی خراپەکاری لە پێشدا لە نێو مێشك و ناخ و دڵدا گەڵاڵە دەبێت خوداشﷻ ئاگادارە لەو جۆرە ئیرادە خراپانە هیچ شتێکی لێ ون نابێت،

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٦٧٥/١).
(٢) سورة النور الآية:١٩.
(٣) کتێبی(تەفسیری نامی:١٨/٥).

هەر بۆیە پێویستە کەسی ئیماندار لەو جۆرە حەزو خواستە خراپانە خۆی بەدوور بگرێت، ئەگینا گوناهی لەسەر دەنووسرێت، پێش بە کردەیی کردنی، هەر لەو ڕووەوە ئیمامی(**الحافظ ابن حجر**)دەڵێت: (**فمن عزم على المعصية وصمم عليها كتبت عليه سيئة ، فإذا عملها كتبت عليه معصية ثانية)**[1].

واتە: هەرکەسێک نیەت و ئیرادەی گوناهێک بکات و بڕیاریدا ئەو تاوانە بەجێ بگەیەنێت، گوناهێکی لەسەر تۆمار دەکرێت، وە ئەگەر بەکردەیی بیکات تاوانی کردوەکەی لەسەر دەنووسرێت.

**بە پێویستی دەزانین چەند فەرموودەیەك لەسەر حەزو نیەت و ئیرادەی خراپەکاری و چاکەخوازی بخەینە بەردیدی خوێنەر لەوانە:**

**فەرموودەی یەکەم**

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەرﷺ باس لە حەزوخواست و ئیرادەی خراپ دەکات دەفەرمووێت: (**إذا الْتقى المسلمان بسيفَيهما ، فقتل أحدُهما صاحبَه ، فالقاتلُ و المقتولُ في النَّارِ قيل: يا رسولَ اللهِ هذا القاتلُ فما بالُ المقتولِ ؟ قال: إنه كان حريصًا على قتلِ صاحبِه)**[2].

ئەگەر دوو موسڵمان بە شمشێرەکانیان ڕووبەڕووی یەکبوونەوە، ئەگەر یەکێکیان ئەوی تریان بکوژێت، ئەوا بکوژو کوژراوەکە هەردووکیان لە دۆزەخدان وترا: ئەی ئەی نێردراوی خوداﷺ ئەوە بکوژە، ئەی کوژراوەکە بۆچی ؟ وتی: ئەویش سوور بووە لەسەر کوشتنی هاوڕێکەی.

تەماشا بکەن کوژراویش حەزوخواستی کوشتنی هاوڕێکەی بووە، بەڵام

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٣٩٧/١١رقم الحديث٦٤٩١ كتاب الرقاق- باب من هم بحسنة أو بسيئة).

(٢) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١١٥/١رقم الحديث٣١، كتاب الإيمان، باب وإن طائفتان من المؤمنين اقتتلوا فأصلحوا بينهما).

بکوژەکە زووتر هاتۆتە دەست، بۆیە هەردووکیان دەخرێنە دۆزەخەوە لەسەر ئەو خواست و حەزو ئیرادە خراپەیان.

**فەرموودەی دووەم**

**پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: (....رجلٌ آتاه اللهُ مالاً ولم يُؤْتِه علمًا فهو يَخْبِطُ في مالهِ يُنفقُه في غيرِ حقِّهِ ورجلٌ لم يُؤْتِه اللهُ علمًا ولا مالاً فهو يقولُ لو كان لي مثلَ هذا عملتُ فيه مثلَ الذي يعملُ قال رسولُ اللهِ ﷺفهما في الوِزْرِ سواءٌ)[1].**

لەو فەرموودەیە پێغەمبەرﷺباس لەدوو جۆرە کەسمان بۆ دەکات، یەکەمیان کەسێك خوداﷻ ماڵ و سامان داهات و پارەی پێ بەخشیوە، بەڵام زانست و بیرو هۆش وعەقڵی ئەوەی پێنەداوە بتوانێت ئەو سامان و پارەیە لە شوێنی خۆیدا خەرج بکات و مافی خودای لێبدات و سوپاسگوزرای بێت لەسەر ئەو هەموو بەخششەی پێی داوە، هەروەها ئامادە نەبووە هاوکاری یارمەتی خزم دۆست و هەژارو لێقەوماوانی پێ بکات، بەڵام کەسی دووەم خوداﷻ نەسامان و پارەو داهات، وە نە زانستیشی پێ بەخشیوەو ئینجا حەزوخواست وئومێدی ئەم کەسی دووەمە ئەوەیە وەك ئەو کەسەی یەکەم پارەو سامان و داهاتی هەبێت بە هەمان شێوازی ئەو ژیانی دنیای بەرێتە سەر، واتە مافی خوداﷻ نەدات و سوپاسگوزرای نەبێت و یارمەتی و هاوکاری هەژارو لێقەوماوو کەم دەرامەتیشی لێ نەکات، **پێغەمبەرﷺ دفەرمووێت: ئەو دووە وەکو یەك بارگران و گوناهبارن لای پەروەردگار.**

(١) کتێبی(سنن ابن ماجه:ص٧٠١ رقم الحديث٤٢٢٨ كتاب الزهد، باب النية، حديث صحيح).

**فەرموودەی سێهەم**

پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: (**مَنْ تَصَدَّقَ بِعَدْلِ تمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ، وَلا يَقْبَلُ اللهُ إِلا الطَّيِّبَ وَإِنَّ اللهَ يَتَقَبَّلُهَا بِيَمِينِهِ، ثُمَّ يُرَبِّيهَا لِصَاحِبِهِ، كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ، حَتَّى تَكُونَ مِثْلَ الجَبَلِ**)[1].

هەر کەسێک هاوتای خورمایەک لە داهاتی باش وحەلاڵ لە پێناوی خوداﷻ بکاتە خێر، بێگومان لێی وەردەگرێت و قبوڵی دەکات، ئینجا پاداشتی ئەو خێرو صەدەقەیە زیادو گەشەی پێدەدات و پاداشتەکەی دوو هێندە دەکات بەجۆرێک کە لە باڵانسی خاوەنەکەیدا قورس بێت، وەک چۆن مرۆڤ بێچووی ئەسپەکەی بەخێو دەکات و ئالیکی باشی پێ دەدات، تا گەشەدەکات گەورە دەبێت، ئەو خێرە وەک شاخێکی لێ دێت لە قەبارە و کێشیدا، لە ڕۆژی لە قیامەتدا دێتە تەرازووی کردەوەکانییەوە.

پێش ئەوەی هەر کردەوەیەکی چاك ئەنجام بدەن، تەنها بە نیەت و ڕازی نێو دڵ پاداشت دەکرێن، لەبەرئەوەی مەبەستتان چاکەخوازی بووە، بێگومان پەروەردگاریش چاکەیەکی تەواوی بۆ نووسیون، چ نیعمەتێکی گەورەیە خوداﷻ بەندەکانی لێ بەهرەمەند کردووە، بۆ زانیاریتان مرۆڤ نە سزا دەدرێت، وە نە پاداشت دەکرێت، لەسەر ئەو شتانەی دێنە مێشکییەوە لە چاکەخوازی و خراپەکاری، چونکە زۆرن ناژمێردرێن، وە زەفتیش(کۆنترۆڵ) ناکرێن، بەڵام هەر کاتێك هیممەتی کرد بۆ جێبەجێکردنی خواستە چاکەکەی و هۆکارەکانی گرتەبەر بەدڵنیاییەوە پەروەردگار چاکەیەکی بۆ دەنووسێت، ئەگەر بۆی جێبەجێش نەکرێت، بەڵام ئەگەر بەجێی گەیاند ئەوا دە چاکەی بۆ دەنووسرێت

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٣/٣٥١رقم الحديث١٤١٠كتاب الزكاة- باب الصدقة من كسب طيب لقوله:﴿وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ﴾).

بەلای کەمەوە، وە لەوەشـە خـوداﷻ زۆر لەوە زیـاتری بـۆ بنووسـێت بە پێـی نیەتەکەی.

دیـارە بە پێچەوانەشـەوە هەر کەسـێك بیەوێـت خـراپەیەك ئەنجـام بـدات،وە هیممەتـی کـرد و بڕیـاری داو دەسـتی بە ئامادەسـازی کـرد بـۆ بەجێگەیانـدنی، لەمپەرێکی بۆ دروست بوو، نەیتوانی ئەوخراپەیە ئەنجام بدات ئەوا گوناهێکی لەسەر دەنووسرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لەترسی خوداﷻ نەیوێرا خراپەکە ئەنجام بدات ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت.

## پوختەی بابەتەکە

*فەرمـوودەی قودسـی واتە: وشـەو واتاکـانی لەلایەن پەروەڕدگـارەوەیە، بەڵام فەرموودەی پێغەمبەرﷺماناکەی وەحییە لە خوداوەﷻ.

*ئەگەر نیعمەتی خوداﷻ بوایە لەسەر ئەم خەڵـکە، ئاسـتەم بـوو کەس بچێتە بەهەشتەوە، چونکە مـرۆڤ ئەوەنـدە کـاری خـراپەی هەیە، کـاری چاکەی نیە.

*هەر کەسێك کردەوەیەکی چاك بکات، بێگومان پەروەردگار دە هەندەی ئەو چاکەیەی بۆ دەنووسێت، بەڵام ئەو کەسەی خواستی کردەوەیەکی خراپی هەبوو، نەیکرد لە ترسـی خـوداﷻ، بێگومـان پەروەردگـار لای خۆی(**عِنْدَهُ**) چـاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێت.

*هەرکەسێک نیەت و ئیرادەی گوناهێک بکات و بڕیاریدا ئەو تاوانە بەجێی بگەیەنێت، ئەوا گوناهێکی لەسەر تۆمار دەکرێت، وە ئەگەر بە کردەیی بیکات تاوانی کردەوەکەی لەسەر دەنووسرێت.

# فەرموودەی سی و هەشت جزاء معادات الأولياء

**عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ:إنَّ اللهَ تَعَالَى قَالَ: مَنْ عَادَى لي وَلِيّاً فَقَدْ آذَنْتُهُ بالحَرْب، وَمَا تَقَرَّبَ إليَّ عَبْديْ بشَيء أَحَبَّ إليَّ ممَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْه. ولايَزَالُ عَبْديْ يَتَقَرَّبُ إليَّ بالنَّوَافل حَتَّى أُحبَّهُ، فَإذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذيْ يَسْمَعُ به، وَبَصَرَهُ الَّذيْ يُبْصرُ به، وَيَدَهُ الَّتي يَبْطشُ بهَا، وَرجْلَهُ الَّتي يَمْشيْ بهَا. وَلَئنْ سَأَلَني لأُعطيَنَّهُ، وَلَئنْ اسْتَعَاذَني لأُعيْذَنَّهُ**[1].

ئەم فەرمـوودەیە دەروازەیەکە، بۆ چـوونە نـاو ڕێبازو کرۆکـی خـودا ناسـین و بەدەســتهێنانی خۆشەویســتی پەوەردگــار، لە ڕێــی بەجێگەیانــدنی ئەرك و فەرمانەکـانی خـودای باڵادەسـتەوە، لەگەڵ هەوڵ و کۆشـش و بەردەوام بـوون لەسەر سوننەتەکانی پێغەمبەرﷺ خۆش ویستنی.

کەوابــوو: بەدەســتهێنانی خۆشەویســتی خــوداﷻ بە **پــلەی یەکەم** لەڕێــی جێبەجێکردنـی فەرزەکـانەوە، وە بە **پـلەی دووەم** لەڕێـی بەردەوام بـوون لەسـەر ئەداکردنی سوننەتەکانەوە بەدەست دێت، بەرهەمی ئەو خۆشەویستییەی **خوداﷻ** لە ئەندامەکانی جەستەدا بەدەردەکەون.

سەرنج بدەن پەروەردگار ئەندامی بیستنی ئەو عەبدەی دەپارێزێت لە هەموو

[1] کتێبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:١١/٤١٤رقم الحديث٦٥٠٢ كتاب الرقاق- باب التواضع).

ئەو شتە خراپانەی کە بەلایەوە پەسەند نیەو نەشیاوە، یانی تەنها ئەوشتانەی گوێ لێ دەبێت کە لای خۆشەویستن، **نموونەی** بیستنی قورئان و زیکرو ....هتد)، ئینجا چاوی عەبدەکەی دەپارێزێت لە نەزەرو ئەو شتانەی کە تەماشاکردنیان قەدەغەیە، هەڵبەتە بە گوێرەی ئەندامەکانی تری جەستەوە هەر بە هەمان شێواز پارێزراو دەبێت، پەروەردگار ناهێڵێت ئەو ئەندامانەی جەستەت تێوە بگلێن لە تاوان وگوناه.

مافی خۆمانە بزانین کێن ئەوانەی دۆست و خۆشەویستی خودانﷻ؟؟

ئەگەر تەماشا بکەین هەر قورئانە پیرۆزەکە، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە، ئەوەش لە زانستی قورئاندا پێی دەڵێن: تەفسیری قورئان بە قورئان، دۆستانی خوداﷻ ئەوانەن کە بڕوای تەواویان هەیە بە یەکتایی خوداﷻو خۆیان دەپارێزن لە هەموو کردەوەیەکی خراپ کردەوەیەك ناکەن پەروەردگار لە خۆیان بڕەنجێنن.

جا بۆ ئەوەی ببن بە دۆستی خوداﷻ پێویستیتان بەو دوو چەمکە هەیە کە گرێدراون پێکەوە و تەواوکەری یەکترن، بڕوایەکەی دامەزراوی ڕاستەقینەو لە خوداترسان، بەو دووە دۆستایەتی(ولایەت)ی خوداﷻ دەستەبەر دەکەن، کە لە دەرئەنجامدا هیچ خەم و ترسێک رووتان تێناکات، نە لە دنیا، وە نە لە قیامەت لەبەرئەوەی ئێوە بوونەتە دۆستی خودا وە هەرکەسێکیش دوژمنایەتیتان بکات پەروەردگار ئیعلانی جەنگی لەگەڵ دەکات.

کەواتە: ئەوە گەورەترین کەرامەتە بۆ ئیماندارانە، هەر بۆیە گەر تەماشای دۆستانی (وەلییەکان)ی خوداﷻ بکەن، بەردەوامن لە بەجێگەیاندنی فەرزەکان کەمتەرخەم نین، تەنانەت سوننەتەکانیش پشتگوێ ناکەن، هەروەها بەردەوامن لە ویردو زیکرو شەو نوێژو قورئان خوێندن، سات بەسات لە خزمەتی بەندەکانی خودان، مرۆڤ دۆستن ڕق و کینەو قین و بوغزیان نیە، تەنها لە پێناو خوداﷻ نەبێت بە واتایەکی تر هەر کاتێك سنووری خوداﷻ بەزێندرا، هەڵوێستی توندی

خۆیان دەبێت، فەرمان بە چاکەکاری و ڕێگری لە خراپەکاری دەکەن، لە خۆبایی نابن و خۆبەزل نازانن، بەردەوامیش سوپاسگوزارو ملکەچی ئەرك وفەرمانەکانی پەروەردگارن.

**شاعیر کورد خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عبدالله ی کاتب دەڵێت[1]:**

**(ڕێبازی خواناسان)**

ئەوانەی عاشقی نووری خودا بوون — هەموو سەرخۆشی ڕێبازی فەنا بوون
لەبۆ یەك جورعەمەی لەم ڕێگە — زەلیلی دەستی بێدادی جەفا بوون
چ زیللەت!زیللەتی جەوری ڕەقیبان — کزو مات و مەلوول و موبتەلا بوون
ئەگەرچی گۆشەگیری ماڵی غەم — بەڵام دڵخۆش و سەرگەرمی وەفا
بەزاهیر تێکەڵی بازاری دنیا — لەباطیندا هەموو نووری هودا بوون
لەگەڵ بێگانە لەم شاری خەتادا — نموونەی شەهدو تاڵیی شەکرو چا
لە موڵکی(لي مع الله) دا بە بێ شك — هەموو تابیع ڕێگەی(مصطفى) بوون
لە سەیری ئەنفوس و ئەشباحی ئافاق — فەنا طەی کەڕ لە نێو ساحەی بەقا
(فەنایی)ش هاتە ڕیزی ڕێزەخۆران — کە هەر ئەو کۆڕە بۆ دەردی دەوا

لەو سۆنگەیەوەیە ئەو دۆستانەی خوداﷻ لەکاتی سەرەمەرگدا فریشتەکان موژدەی خۆشیان پێدەدەن، خودای(ﷻ) دەفەرموویێت:**﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلائِكَةُ أَلا تَخَافُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ﴾**[2].

(١) کتێبی(دیوانی فەنایی-مامۆستا مەلا عبدالله ی کاتب:لاپەڕە١٠٩).
(٢) سورة فصلت الآية:٣٠.

واتە: بێگومـان ئەوانەی کە دەڵـێن: پەروەردگارمـان (اللّە) یە بەردەوامـن لە چـاکەکردن لە سـەرەمەرگدا فریشـتەکانی خـوداﷻ مـوژدەو مزگێنییـان دەدەنـێ بەوەی غەم وپەژارەو ترسـتان نەبێـت لەوەی بەرەو ڕووی دەچــن، وە لەوەی بەجێـی دێڵـن لە دوای خۆتـانەوە لە مـاڵ و منداڵ و خێـزان و کەس وکـار، وەکـو چۆن لە دنیـا هاورێتـان بـووین، ئاوهـاش لە ئاخیرەتـدا هاورێتـانین، چ داخـوازی وداواکاریتان هەیە دابین کراوە لەو بەهەشتەی بۆتان سازو ئامادەکراوە، لەلایەن خودای باڵادەستەوە کە هەمیشە میهرەبان و داپۆشەری گوناە و تاوانەکانە.

دۆستانی خوداﷻ دەبێت ڕێزو حورمەتیان لێبگیرێت، وە بە هیچ شێوەیەک ئـازار نەدرێـن، بـڕوانن لەو فەرمـوودە قودسـییە چەنـدێك مەترسـیدارو هەڕەشەئامێزە بۆ ئەوانەی دڵی دۆستانی خوداﷻ دەرەنجێنن، کە دەفەرموویت:
**مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالحَرْبِ.**

واتە خـوداﷻ ئیعلانـی جەنـگ دەکـات لە بەرامـبەر ئەوانەی دوژمنـایەتی دۆستەکانی دەکەن.

سـەرنج بـدەن ئەوە چ کەرامەتـێکە، کە خوداﷻ دۆستەکانی لێ بەهرەمەند کردووە، تەنها بەجێبەجێکردن و ملکەچ بوون بۆ فەرمانەکانی و بەردەوام بوون لە سەر ئەو دینداریە.

لێـرەدا خـودای گەورە پێـوەرێکی هەسـتیاری پێـداوین کە چـۆن (وەلـی) خۆشەویست و دۆستانی بناسین.

کەوابـوو: ئیـتر پێویسـت ناکـات ئەم ولایەتە بـدەینە پـاڵ کەسـانێک، کە هیـچ سیفەتێک لەو سیفەتانەی ئاماژەمان پێکرد تیایدا نەبێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر بەرماڵی نوێژەکەی بفرێت نابێت بڕوای پێبهێنن و دوای بکەون و بە شان و باڵیدا

هەڵبدەن، موسڵمان دەبێت چاوکراوە بێت و هەڵنەخەڵەتێ بەو جۆرە شتانە.

بڕوانن لەو وتەیەی (إياس بن معاويه) کە دەڵێت:(**لست بخب والخب لا يخدعني**)[1].

واتە: فێڵ ناکەم ناهێڵم فیڵبازیش ناتوانێت فێڵم لێبکات، پێویستە مرۆڤی بڕوادار فێڵی لێنەکرێت و لە خشتە بدرێت.

ئیمامی(الشَّافعيُّ)دەڵێت: **إِذَا رَأَيْتُمُ الرَّجُلَ يَمْشِي عَلَى الْمَاءِ، وَيَطِيرُ فِي الْهَوَاءِ ، فَلَا تَعْتَبِرُوا بِهِ حَتَّى تَعْرِضُوا أَمْرَهُ عَلَى الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ**[2].

واتە: ئەگەر پیاوێکتان بینی کە لەسەر ئاو دەڕوات و بە ئاسماندا دەفڕێت، باوەڕی پێ مەکەن و لەبەرچاوی مەگرن، تا هەڵسوکەوتی هەڵنەسەنگێنن بە تەرازووی قورئان و سوننەت.

ئایا نوێژە فەرزەکان و جومعەو جەماعەت دەکات؟؟ ئایا زەکات دەدات؟؟ ئایا فەریزەی حەجی بە جێهێناوە؟ ئایا دنیا ویستە؟؟ ئایا زمان و گوفتار شیرینە یان جنێو فرۆش و قسەی کرچ و کاڵی زۆرە؟؟ ئایا سوننەتەکان بە جێ دەگەیەنێت؟؟ ئایا.....ئایا...... ئایا...... هتد؟؟؟؟؟

(أبو علي الجوزجاني)[3]، دەڵێت: (**كن صاحب الاستقامة لا طالب الكرامة، فإن نفسك متحركة في طلب الكرامة، وربُك عزوجل يطالبك بالاستقامة**)[4].

---

(١) کتێبی(أخبار القضاة:٣٤٨/١, وتهذيب الكمال:٤١٨/٣، وتأريخ مدينة دمشق:١٩/١٠).

(٢) کتێبی( شرح العقيدة الطحاوية/ القاضي علي بن محمد أبي العز الدمشقي:٧٦٩/٢).

(٣) أبو علي الحسن بن علي الجوزجاني، أحد علماء أهل السنة والجماعة ومن أعلام التصوف السني في القرن الرابع الهجري، قال عنه أبو عبد الرحمن السلمي بأنه "من كبار مشايخ خراسان، له التصانيف المشهورة، تكلم في علوم الآفات والرياضات والمجاهدات". صحب الحكيم الترمذي ومحمد بن الفضل البلخي وهو قريب السن منهم. (ينظر/ الموسوعة الحرة).

(٤) کتێبی( شرح العقيدة الطحاوية/ القاضي علي بن محمد أبي العز الدمشقي/ تحقيق/ بشير محمد عيون:ص٥٨٥.

واتە: **کەسێکی داواکاری راستڕۆیی بە، نەک داواکاری رێزوشکۆ، چونکە نەفسی خۆت داوای رێزو شکۆمەندیت لێدەکات، و خوایشﷻ دەیەوێت راستڕۆو بەردەوام بیت لە دینداری.**

دۆستانی خوداش ئەو رێزوشکۆو حورمەتەیی پێیان بەخشراوە، دەبێت بیپارێزن و نەبێتە هۆکاری خۆ هەڵکێشان و لەخۆبایی بوون لە نێو موسڵمانان، بەهۆی عیبادەتاکانیانەوە، خوداﷻ ئەو رێزو حورمەتەی لێناون، دەبێت دوور بن لە ڕیاو لە خۆبایی بوون، لە هەمووی گرنگتر تەماعی دنیایان نەبێت، خۆڵ و زێر لەلایان وەک یەک بێت، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاخیرەتیان لا خوشەویست تر بێت، هەروەها لە ئامادە باشیدا بن بۆ گەیشتن بە لیقای خوداﷻ، هەموو ئەو نیعمەتانەی کەخودا تایبەتی کردوون بەوان **نموونەی** شەو نوێژکردن و بە نهێنی خێرو صەدەقکردن و... هتد، پێویستە بە شاراوەیی بن، بێجگە لە خودا(ﷻ) باشترە کەس پێیان نەزانێت.

بەروبوومی ئەم ولایەتە بەهەشتی فیردەوسە بڕوانە خودا چ دەفەرمووێت: **﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴾**(١).

جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری خۆی شاد بێت، با کردەوەی چاك ئەنجام بدات و جگە لە خودا هیچ کەسێکی تر نەپەرستێت و لە غەیری ڕەزامەندی خوداﷻ زیاتر لە خەمی ڕەزامەندی کەسی دیکەدا نەبێت، چونکە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کەسێکی تر، لەگەڵ ڕەزامەندی پەروەردگاردا، دەبێتە هاوەڵدانان بۆ خوداﷻ(٢).

لەڕاستیدا ئەوانە دۆستەکانی خودان بیناسن بگەڕێنەوە بۆ قورئانی پیرۆز،

(١) سورة الكهف الآية:١٠٧.
(٢) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٥٣٩/٢).

تەماشا بکەن خوداﷻ چی دەفەرموویت:**﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ* الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾**[1].

الولي= الإيمان + التقوى

بێگومان ئەو کەسە دۆستی خودایەﷻ کە شارەزایە لە شەریعەت، بەردەوام گوێڕایەڵی ئەرك فەرمانەکانە، مەبەست و ئامانجی و تەنها ڕەزامەندی خودایەﷻ.

هەر لەو ڕووەوە پێغەمبەرﷺفەرموویەتی:**ألَا أُنبِّئُكم بخِيارِكم؟ قالوا: بلى يا رسولَ اللهِ! قال: خيارُكم الَّذين إذا رُؤُوا ذُكِر اللهُ عزَّ وجلَّ**[2].

واتە : پێتان بڵێم باشترینتان کێیە؟ هاوەڵانی وتیان: بەڵێ ئەی نێردراوی خودا، فەرمووی: چاکترینتان ئەوانەن بە بینینیان خوداﷻ بێنێتە یادتان.

کەسانێکی زۆر هەن کە بەردەوام نوێژو زیکرو ویردو خوێندنی قورئان و کارو کردەوەی چاك بۆ خەڵکی باس دەکەن لە مەجلیسەکانیاندا، گرنگ و پێویستە چاو لەو کەسانە بکەن و خوو بەو خەسڵەتە جوانانەیانەوە بگرن، بێگومان ئەوانە خۆشەویست و دۆستی خودا(ﷻ)ن.

پەروەردگاریش پشتیوان و یارمەتیدەریانە، لەو بارەیەوە خوداﷻدەفەرموێت: **﴿إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ﴾**[3].

**واتە: بێگومان** یارمەتیدەرو پشت و پەنای من هەر خودایەﷻ کە قورئانی بۆ

(١) سورة يونس الآية:٦٢.
(٢) کتێبی(سنن ابن ماجه الألباني: رقم الحديث٤١١٩ ص٦٨٥ كتاب الزهد- باب من لايؤبه له، حديث صحيح لغيره).
(٣) سورة الأعراف الآية:١٩٦

ناردومەتە خوارەوە ئەم قورئانەی کە گەورەیی و تاك و تەنهایی خوداتانﷻ بۆ ڕوون دەکاتەوە، خوداﷻ پشت و پەناو یارمەتیدەری ئەو کەسانەیە کە تەنها ئەو دەپەرستن و پەیڕەوی لە بەرنامەکەی دەکەن و هەمیشە چاکەکارن و خۆیان لە خراپە دەپارێزن[١].

بێگومان خۆشەویست و دۆستانی خوداﷻ پلەو پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە بە جۆرێك پێغەمبەران(عليهم السلام)و شەهیدو پیاوچاکان خۆزگە دەخوازن بەو شوێن و مەقامەیان، سەرنج بدەن لەو بارەیەوە پێغەمبەرﷺ چی فەرمووە: (**إِنَّ مِن عبادِ اللهِ لَأُناسًا ما هم بأنبياءَ ولا شُهداءَ، يغبطُهم الأنبياءُ والشُّهداءُ يومَ القيامةِ بمكانِهم مِن اللهِ تعالى، قالوا: يا رسولَ اللهِ، تُخبرُنا مَن هم؟ قال: هم قومٌ تحابُّوا برُوحِ اللهِ على غيرِ أرحامٍ بَيْنَهم، ولا أموالٍ يتعاطَوْنَها، فواللهِ إنَّ وجوهَهم لَنُورٌ، وإنَّهم على نُورٍ، لا يخافونَ إذا خاف النَّاسُ، ولا يحزَنونَ إذا حزِن النَّاس**، وقرَأ هذه الآيةَ: ﴿**أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ**﴾سورة يونس الآية: ٦٢)[٢].

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: لە نێو بەندەکانی خوداﷻ کەسانێك هەن نە پەیامبەرن نە شەهیدن، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەران و شەهیدەکان خۆزگەدەخوازن وەکو ئەوان بن کە لە چ پلەو مەقامێکدان لە ڕۆژی قیامەتدا لای پەروەردگار ئەوەندە ڕێزدارن، هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ وتیان: پێمان ناڵێیت کێن ئەوانە؟؟؟ پێغەمبەریشﷺ فەرمووی: ئەوانە خەڵکێکن هەر تەنها لەپێناو خوداﷻ یەکتریان خۆش دەوێت، تەنانەت نەخزمی یەکن وە نەبەرژەوەندی سامان و دارایی لە نێوانیادا هەیە، سوێند زاتی(اللهﷻ)ئەوان ڕوخسارێکی ڕۆشن و نوورانییان هەیە وە لەسەر نورن، لە کاتێکدا هەموو خەڵکی لە خەم و پەژارەو ترس و دڵەڕاوکێدان، ئەوان بە پێچەوانەوە نەترس، وە نەخەم، وە نە پەژارەیان

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٧٧٢/١).

(٢) کتێبی(سنن أبي دواد بشرح عون المعبود: رقم الحديث٣٥٢٧ص١٦٠٤كتاب البيوع- باب في الرهن، حديث صحيح).

هەیە، ئینجا پێغەمبەرﷺ ئەو ئایەتی بۆ خوێندنەوە **﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾**.

کەوابوو: هەموو باوەڕدارێکی ڕاستەقینەو لە خوداترس دۆستی خودایە

**ئینجا دەفەرمووێت:(وَلَئِنْ سَأَلَنِي لأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لأُعِيْذَنَّهُ)**، ئەو بەندەیەم هەرشتێکم لێ داوا بکات پێی دەدەم، هەر کاتێکیش داوای کرد پەنای بدەم بێگومان پەنای دەدەم، ئەم بڕگەیە پێمان دەڵێت: ئەوە بەربوومی ئەو بەردەوامی بوونەیە لەسەر دینداری دۆست و خۆشەویستانی خوداﷻ، هەرچییان بوێت پەروەردگار بێ دڵییان ناکات.

**پوختەی بابەتەکە**

*دوژمنایەتی کردنی دۆستانی خوداﷻ یەکێکە لە تاوانە گەورەکان هەر لەبەر ئەوەشە پەروەردگار جەنگی لە بەرامبەر ڕادەگەیەنێت.

*بێگومان بەجێگەیاندنی عیبادەتە فەرزەکان بەلای پەورەدگارەوە خۆشەویست وپەسندترە لە سوننەتەکان.

*بەڕادەی نزیك بوونەوەت لە خودا بە کردەوەی چاك، زووترو خێراتر دوعاو نزاو پاڕانەوەکانت گیرا دەبێت.

*خۆشەویستی پەروەردگار بۆ بەندەکانی زامنی پاراستنی بیستن و دیتن و دەست و پێی یەکانییەتی لە شتی خراپ و تاوانکاری.

*گەیشتن بە خۆشەویستنی پەروەردگار لە ڕێی بەردەوام بوون لەسەر بە جێگەیاندنی سوننەتەکانەوە بەدەست دێت.

*خوداﷻ بێ دڵی خۆشەویست و دۆستانی خۆی ناکات، چییان بوێت بۆیان دەکات.

**دیوانی کەمالی(علي باپیر ئاغا) ١٨٨٦ز-١٩٧٤ز لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:**

## خوا ناسی

خودا نەناسرێ بە لیباسی جاو

بە خەڕقەی دڕاو جل پینەکراو

بە شەرتێ خودا بناسی بە حەق

لەبەرکە بەرگی سوورمە و ئیستەبرەق

بە کڵاوی قووچی ئاوێنەی لەسەر

بە عەساو کەوڵی پێستی بزن و مەڕ

لە مانە هەموو سەرفی نەزەر کە

بە دڵ خواناس بە، شەپقە لەسەرکە

# فەرموودەی سی و نۆ لابردنی گوناهی بەهەڵەو لەبیرچوو و بەزۆرکراو

## ((التجاوز عن الخطأ والنسيان))

عَن ابْن عَبَّاس رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا أَنَّ رَسُولَ اللهِﷺ قَالَ: **إِنَّ اللهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي الخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ**(١).

سەرچاوەی ئەم ئەم فەرموودەیە لە قورئانی پیرۆزەوەیە، سەرنج بدەن خوداﷻدەفەرمووێت:**﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُمْ بِهِ وَلَكِنْ مَا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا﴾**(٢).

بە واتا گشتییەکەی ئەو ئایەتە پێمان دەڵێت: **پەروەردگار** تاوان و گوناهتان لەسەر نانووسێت هەرکاتێك بە هەڵە ئەنجامی بدەن، بەڵام ئەگەر بە مەبەست و ئامانج گوناهەکە ئەنجام بدەن بێگومان گوناهتان لەسەرتۆمار دەکات، ئەوەش بزانن کە خودا بەڕەحم و بەسۆزو میهرەبان و تاوان بەخشە.

ئاشکرایە خوداﷻ لەم فەرموودەیەدا ئوممەتەکەی پێغەمبەریﷺتایبەتمەند کردووە لەوەی کە هەندێك گوناهیان لێ واقیع دەبێت، بەڵام پەروەردگار لێیان

(١) کتێبی(سنن ابن ماجه الألباني: رقم الحديث٢٠٤٣ص٣٥٣كتاب الطلاق- باب طاق المكره والناسي، صحيح الجامع الصغير وزيادته: الألباني:٣٥٨/١ رقم الحديث١٧٣١حديث صحيح).
(٢) سورة الأحزاب الآية:٥.

خۆش دەبێت ودەبوورێت، ئەویش لەبەر خۆشەویستی و پێگەی پێغەمبەرەﷺ دیارە ئەو گوناهانە پۆلێن کراون لە فەرموودەکەدا بەم جۆرە.

**یەکەم**

**(الخطـأ)** هەڵە ئەنجامـدانی کـارێکه بەبـێ مەبەسـت، هەر گوناهێـك بەهەڵە ئەنجامدرا بێگومـان پەروەردگـار لەو جـۆرە گونـاهە خـۆش دەبێـت، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە کە هەڵە دەکات بەتایبەت بە ئەنقەست نەبێت.

دووەم

**(النِّسْـيَانَ) لەبیرچـوونەوە،** هەڵەی لەبیرچـوونەوە نانووسـرێت بە گونـاە **بـۆ نمـوونە:** کەسێك بەڕۆژووە لە مـانگی ڕەمەزان خـواردنیکی خـوارد، یـان ئـاوی خــواردەوە، بەڵام لەبیــر نەبــوو کە بەڕۆژووە، ئەوا ڕۆژووەکەی ناشــکێت و پەروەردگار چاوپۆشی لەو گوناهەی دەکات و تۆماری ناکات، یان کەسێك لە بیری چـوو نـوێژی نیـوەڕۆی بکـات کاتەکەشـی بەسـەرچوو، بێگومـان گوناهبـار نابێت، بەڵام هەر کاتێك بە بیری هاتەوە، دەبێت ئەو نوێژەی بگێڕێتەوە.

**سێهەم**

**(وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ) ئەو گوناهەی** بەناچاری و زۆرە ملێ دەکرێن، ئەو جۆرە گوناهانەش خوداﷻ چاوپۆشیان لێ دەکات، بۆ نموونە: ە ناچاری کوفر پێ بکەن ئەوا بە دڵنیاییەوە پەروەردگار لێی خۆش دەبێت و دەبوورێت بەو مەرجەی لە دڵەوە ڕازی نەبووبێت ئەو کوفرە بکات.

سەبارەت بەو جۆرە کوفرکردنە، خوداسبحانه وتعالیدەفەرمووێت: **﴿مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِن بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ﴾**[1].

(١) سورة النحل الآية:١٠٦.

**واتە:** هەرکەسێك پاش موسڵمانبوونی ئەگەر بە زۆر لێکردن و ئازاردان ، وشەیەکی کوفر بەسەر زمانیدا بێت، بەڵام لە کاتێکدا کە ئیمان لە دڵیدا جێگیرو دامەزراوبێ، ئەوە هیچی لەسەر نیە[1].

خوالێخۆشبوو مامۆستا (**عبدالكريم المدرس**) سەبارەت بە زۆرە ملێ کردن(إكراه) دەڵێت: چەن پایەیەکە لەوانە[2].

**یەکەم:** ئەمەیە واجبە کابرای زۆر لێکراو ئەو کارە بکا، وەکوو کاتێ زۆری لێ بکەن لەسەر خواردنەوەی شەراب بە کوشتنی، خۆی ئەمە واجبە کابرا بیخواتەوە هەتا خۆی لە کوشتن بپارێزێ، چونکە حورمەتی ڕوح بەرزترە لەو پایە.

**دووەم:** ئەمەیە کە ئەو فیعلە حەڵاڵ بێ نەك واجب، وەکوو ئەوە کابرا ناچار بکەن لەسەر کەلیمەی کوفر بە کوشتنی، خۆی ئەمە درووستە ئەو کابرا کوفر بەدەمیا بێ بە مەرجێ لە دڵدا موسڵمان بێ، هەروا درووستە خۆی بدا بە کوشت وە ئەو کەلیمەی بە دەمیا نەهێنێ.

**سێهەم:** کە حەرامە ئینسان گوێ بدا بەو ناچارکردنە، وە ئەگەر کارەکە بکا، ئەحکامی شەرعی لەسەر جاری ئەکرێ، وەکوو ئەوە زۆر بکرێ لە کەسێ بۆ کوشتنی ئیینسانێك کە درووست نەبێ بکوژرێ، ئەمە بە هیچ شێوەیەك درووست نییە بیکوژێ، واجبە کابرای زۆرکەر و زۆرلێکراویش هەردووکیان بکوژرێن لە تۆڵەی ئەو داماوەدا مە کوژراوە.

وە بزانن لە مەزهەبی ئیمامی (شافیعی)دا ڕەحمەتی خوای لێ بێ، زۆرکردن

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤٢٩/٢).
(٢) کتێبی( تەفسیری نامی:٢١٢/٤).

ئەبێ بە مانیع لە کەوتنی تەڵاقی زۆر لێکراو، وە لە درووست بوونی بەیع و مامەڵەوو عەقدی نیکاحو...هەر مادەیێ کە پەیوەندی بە نەفسی کابرای زۆر لێکراوەوە بێ ئەمانە هیچیان دانامەزرێن.

**ماوەتەوە بڵێین:** هەندێک لە زانایان سەبارەت بە گرنگی ئەم فەرموودەیە وتویانە: **پێویستە بە نیوەی ئیسلام هەژمار بکرێت**[1].

**پوختەی بابەتەکە**

*ئوممەتی ئیسلام باشترین و بەخشندەترین ئوممەتە، خوداﷻدەفەرمووێت: **﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾**[2].

**واتە:** ئەی موسڵمانینە ئێمە ئێوەمان کردووە بە کەسانێکی خاوەن بیروباوەڕی ناوەندی وڕاست و میانڕەو[3].

***گەورەیی**خۆشەویستی و پێگەی پێغەمبەرەﷺ لا پەروەردگارو تایبەتمەندی ئوممەتەکەی لە نێو ئوممەتانی تردا.

*لێبوردەیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەورەیی سۆزو ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگار لەبەرامبەر ئەوانەی بە هەڵەو لەبیرچوونەوەو بەزۆرلێ کردن گوناه دەکەن.

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٩٩/٥رقم الحديث٢٥٢٨ كتاب العتق- باب الخطأ والنسيان في العتاقة والطلاق و نحوه، ولا يعتاقة إلا لوجه الله تعالى).

(٢) سورة البقرة الآية:١٤٣.

(٣) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١٤٥/١).

# فەرموودەی چل ئامادەسازی بۆ مردن

## (كن في الدنيا كأنك غريب)

عَن ابْن عُمَرَ رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: **أَخَذَ رَسُولُ الله ﷺ بمنْكبـيَّ فَقَالَ:كُنْ في الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيْبٌ أَوْ عَابرُ سَبيْل) وكَانَ ابْنُ عُمَرَ رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا يَقُوْلُ: إذَا أَمْسَيْتَ فَلا تَنْتَظِر الصَّبَاحَ، وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلا تَنْتَظِرِ المَسَاءَ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ، وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)**[1].

**كەسی ئیماندار دنیا دەكاتە شوێنی كاروكردەوەو عیبادەت لە پێناو ئەوەی پاداشتەكەی لە ڕۆژی دواییدا وەربگرێتەوە، قیامەت شوێنی نیشتەجێبوونی ڕاستەقینەیەو، ژیانی دنیاش ڕۆژێك دێت، دەبڕێتەوەو كۆتایی پێ دێت زوو بێت یان درەنگ.**

**(ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما) دەڵێت:** پێغەمبەرﷺبەهەردوو دەستی شانی گرتم، فەرمووی: **(كُنْ فيِ الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيْبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيْلٍ)**.

لەڕاستیدا دەست خستنە سەرشان **دەلالەتە لەسەر پەرۆشی پێغەمبەر**ﷺ و گرنگی ئەو پەیامەی كە دەیەوێت بیگەیەنێتە شوێنكەوتووانی بەتایبەت گەنج ولاوان لە پەیوەست بوون و خۆ دانە پاڵ ژیانی دنیا، لەبەرئەوەی ئەو تەمەنەی گەنج زۆر هەستیارە، هەندێك لە گەنج ولاوان هەن لە خۆیان بایی دەبن،

(١) كتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١١١/٢٨٠رقم الحديث٦٤١٦ كتاب-الرقاق باب كن في الدنياكأنك غريب أو عابري سبيل).

بەجۆرێك ئەوەی **بیری لێ نەكەنەوە مردنە** دەڵێن:جارێ تەمەنمان بە بەریەوە ماوە، جا بۆ ئەوەی پێغەمبەرﷺ ئامانجەكەی بپێكێت دێت زەنگی ئاگاداركردنەوە بۆ ئەو لاوە تازە پێگەیشتووە لێ دەدا كە(**ابْنِ عُمَرَ**رضي الله عنهما)ە، وەكو ئەوەی پەندی پێشینان وتویانە: **بووكە بە تۆمە خەسوو تۆ گوێت لێبێت.**

كەوابوو ئەو پەیامە بۆ تێكرا ئوممەتەكەیەتی بە گەنج ولاوو پیرەوە، كە ژیانی دنیا بۆ هەتا هەتایی نیە تیایدا بژین و بمێننەوە.

**دەفەرموویت: (ابْنِ عُمَرَ**رضي الله عنهما)(**كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ**)، مامەڵەت با لە گەڵ دنیا وەكو، كەسێكی غەریب بێت كە چۆن لە ولاتێكدایە هەر ڕۆژێك دێت دەگەڕێتەوە نیشتمان و خاك و ولاتی خۆی.

**هەڵویستی (مەحوی) شاعیر سەبارەت بە دنیا دەڵێت:**

**تا لە ماڵی دەرنەكردووی ئەم شەوی صەد شووكەرە**

**(مەحوی) ئازانە بدە سێ بەسێ دنیا طەلاق**

(**أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ)** یان وەكو ڕێبوارێك بە، چۆن بەڕێیەكدا تێدەپەڕێت ناگەڕێتەوە بۆی تۆش بەو شێوازە بە لە دنیا، چونكە دنیا جێگای مانەوەی هەتا هەتایی نیە.

ئاشكرایە(**ابْنِ عُمَرَ**رضي الله عنهما) دەقاو دەق لەو پەیامە كورتەی پێغەمبەرﷺ تێگەیشت چونكە دوا بەدوای ئەو پەیامە، وتی:(**إِذَا أَمْسَيْتَ فَلا تَنْتَظِر الصَّبَاحَ، وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلا تَنْتَظِرِ المَسَاءَ وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ، وَمِنْ حَيَاتِكَ لَِمَوْتِكَ**).

واتە: هەر گەیشتییە ئێوارە چاوەڕێی ئەوە مەكە بگەیتە بەیانی ، هەروەها كە گەیشتییە بەیانی چاوەڕێ مەبە بگەیتە ئێوارە،(**وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ)** كات و ساتی تەندروست باشیت بقۆزەوە بۆ ئەوساتانەی تیایدا نەخۆش دەكەویت، (وَمِنْ حَيَاتِكَ لَِمَوْتِكَ) هەتا ڕوحت لە جەستەدا بێت، لە عیبادەت و كردەوەی چاكدا بەكاری بهێنە، پێش ئەوەی مردن ڕێگەت لێ بگرێت.

سەرنج بدەن لەو وتەیەی(**ابْنِ عُمَرَ**ﷺ) چەندێك وردو پڕ مانایە، وەکو ئەوەی پێت بڵێت: ئاگادار بە لەوەی لە دوا ساتەکانی ژیانی دنیایت، ئایا ئامادەسازیت کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ جێگای ڕاستەقینەی خۆت؟؟؟

**ابْنِ عُمَرَ**ﷺ) دەیەوێت پێت بڵێت: ئەو چەند ساتە کەمەی ژیانت بقۆزەوە بە فێرۆی نەدەیت با لە دەستت نەچێت، چونکە سەرمایەی ژیانی دنیاتە، تەماشا بکەن لەو بارەیەوە پێغەمبەرﷺ چی دەفەرمووێت:(**نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس الصحة، والفراغ**)(١).

گەر تێبینی چەمکی (غبن) بکەن کە زیاتر لە نێو بازاردا بەکاردەهێنرێت لە کڕین وفرۆشتندا، **بۆ نموونە** کاڵایەکت هەیە دەیبەیتە بازاڕ دەیفرۆشیت بێئەوەی ئاگات لە نرخەکەی هەبێت، کەسێک لێت دەکرێت بە نرخێک دوایی بۆت دەردەکەوێت بە هەرزان لە دەستی کردۆتەوە، واتە زیانی گەورەی لێ داوی ئەو کاتە بۆت هەیە لێی وەرگریتەوە، چونکە نرخی تەواوی ئەو کاڵاوشمەکەت لەوساتە وەختەدا نەزانیوە بە(خیار غبن)، یاخود بە پێچەوانەوە دەیفرۆشیت بە کەسێک بەنرخێکی زۆر بەرزتر لە هی بازار، کڕیار نازانێت دوایی بۆی ئاشکرا دەبێت، کە بە نرخێکی زۆر لە قیمەتی خۆی کڕیویەتی، بۆ کڕیارەکە هەیە کاڵاکە بگەڕێنێتەوە، لە بەرئەوەی تووشی(غبن) بووە.

ئەوەی گرنگە باسی لێوە بکەین **نیعمەتی تەندروستی ودەست بەتاڵی کات بەدەستەوە بوون**، چونکە ئەو دووە **دەست مایەی مرۆڤە** ئەگەر ئاگادار نەبن لە دەستیان دەچێ و خەسارەتێکی زۆر گەورە دەکەن، چونکە بەڕاستی زوربەی زۆری ئەو خەڵکە لە **بەهاو نرخی ئەو دوو** نیعمەتە بێئاگان.

هەر بۆیە پێغەمبەرﷺئەو چەمکە بەکاردەهێنێت، وەکو ئەوەی بفەرمووێت

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٢٧٥/١١رقم الحديث٦٤١٢ كتاب الرقاق- باب ما جاء في الرقاق وأن لا عيش إلا عيش الآخرة).

ئاگاداربن نەبادا ئەو دوو نیعمەتە لە کیستان بچێت و تووشی خەسارەتمەندی و پەشیمانییەکی زۆر بن ئەو کات هیچ شتێك دادتان نادات، وەکو ئاماژەمان پێکرد لەوەیە دەستتان بەتاڵ بێت، بەڵام تەندروستی ڕێگەتان پێنادات خوداپەرستییەکان بە تەواوی بکەن.

**بۆ نموونە** مرۆڤ ، کە تەندروستی باش بوو دەتوانێت بەرۆژوو بێت یا دەتوانێت حەج و عەمرە بکات، بەڵام کە نەخۆش کەوت زەحمەتە بتوانێت بەرۆژوو بێت یاخود حەجەکەی بکات، یا ..... یا ... هتد.

بەداخ و پەژارەوە گەر بڕوانینە حاڵی ئێستای موسڵمانن لەم وڵاتە زۆرینەیان لەو دوو نیعمەتەی پەروەردگار، کە تەندروستی و دەست بەتاڵییە سوودیان وەرنەگرتووە، بە بەرنامەڕێژی و پلانی پێشوەختەو بەدەستی ئەنقەست سەرقاڵ و خەریکیان کردوون، بە هەندێك قسەی کرچ وکاڵ و نوکتە گێرانەوەو یاریکردن و دانیشتن، بەدیار سۆشیال میدیاو ئینتەرنێت و هەندێك بەرنامەو زنجیرە درامای بێ ئامانج و ئەو شتە پروووچانەوە، ئەو کاتانەیان بەسەربەرن، .

سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانەی پێغەمبەرﷺسەبارەت بە مەترسی نەقۆستنەوەی هەندێك شت لە کاتی خۆیدا، کە زەرەرو زیانێکی زۆری هەیە، کە دەفەرموێت: (**إغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْسٍ: شَبَابَكَ قَبْلَ هِرَمِكَ، وَصِحَّتَكَ قَبْلَ سَقَمِكَ، وَغِنَاكَ قَبْلَ فَقْرِكَ، وَفَرَاغَكَ قَبْلَ شُغْلِكَ، وَحَيَاتَكَ قَبْلَ مَوْتِك**)[(١)].

ئەو فەرموودەیەی نەخشە ڕێگای بەڕێوەبردنی ژیانی هەموو موسڵمانێکە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو قوناغانەی مروڤی پێدا تێدەپەڕێت ئاماژەی پێکراوە،

(١) کتێبی(الجامع لشعب الایمان- للبیهقي:٤٧٦/١٢ رقم الحدیث ٩٧٦٧باب في الزهد وقصر الأمل، إسناده حسن وصححه الألباني).

بێگومان ئەو پێنج شتە سەرمایەو دەستکەوتە، زۆر گرنگە بەهەند وەربگیرێت و بکرێتە بەرنامەی ژیانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگە.

پێمان وایە زۆر کەمن ئەوانەی توانیویانە ئەم پێنج شتەی پێشەوامان محمدﷺ ئاماژەی پێکردوون، بیکەنە بەرنامەی ژیانیان و پەیڕەوی بکەن، هەر بۆیە کە تەماشای بارودۆخی ئیستای کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەین سەر لێ شێواوییەک و ئاڵۆزییەکی پێوەدیارە، چونکە ئەوە دەستکەوتە ئەگەر نەیقۆزنەوە، ئەوا لە دەستیان دەچێت، مەحاڵە جارێکی تر دەستیان بکەوێتەوە.

ئەوەتا لە فەرموودەکەدا هاتووە گەنجیت پێش پیریت، واتە هەتا گەنجیت هیممەت بکە، ورە بەرز بە، کەمتەرخەمی مەکە ئەوەی پێت دەکرێت لە چاکەکاری بیکە، بەتایبەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەی خودای مەزن و خزمەت کردنی مرۆڤایەتیدا سەرفی بکە، هەروەها تەندروستیت بقۆزەوە پێش ئەوەی نەخۆش بکەوی، دەوڵەمەندیت پێش هەژار بوونت، زۆرێك هەن دەوڵەمەندە، بەڵام حیسابی ئەوە ناکات رۆژێک دێت ئەو دەوڵەمەندییەی نامێنێت، هەروەها دەست بەتاڵە کاتی زۆری هەیە بیقۆزەوە پێش ئەوەی سەرقاڵ بیت، کورد وتەنی بوارت نەبێت سەری خۆت بخورێنیت، هەروەها ژیانت پێش مردنت خەڵکانێکی زۆر هەن خەمی قیامەتیان لە بیر کردووە، تەنها خەمیان ژیانی دنیایە، ئەوە گرفتە گەورەکەیە کە خەڵکی ئەم سەردەمە گیرۆدەی بوون.

گرنگە ئەو فەرموودەیە بکرێتە کارنامەی ژیان بەتایبەت لە نێو خێزانەکان بۆ پەروەردەکردنی نەوەکانیان، لای هەمووان ئاشکرایە نەوەی ئەم ساتە وەختە گەر فریایان نەکەوین بزردەبن، بەرپرسیارین بەرامبەر بەخوداﷻ چونکە فەرمانمان پێکراوە، بڕوانن لە قورئانی پیرۆزدا سەبارەت بە بەرپرسیارێتی پەروەردگار چی دەفەرمووێت: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا...**﴾[1].

(١) سورة التحريم الآية:٦.

ئاشکرایە ئەو پەیام و بانگەوازەی پەروەردگار، تێکرا باوەڕداران دەگرێتەوە کە ئەو بەرپرسیارێتییە فەرمان و ئەرکە لە ئەستۆیان، دەبێت خۆیان و کەس و کاریان بپارێزن لە ئاگری دۆزەخ، **ئەوە بەڵگەیەکەی حاشا هەڵنەگرە کە ئیمانداران دەبێت** بە کاری پەروەردەکردن و بانگخوازییەوە خەریك بن، چونکە چەمکی (**قُوا**) بە (صیغەی ئەمر) فەرمانپێکردن هاتووە.

سەرنجتان بۆ زانایەك ڕادەکێشم (**أبي الوفاء بن عقيل**)[1]، کە باسی کات وساتەکانی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت: (**إني لا يحل لي أن أضيع ساعة من عمري حتى إذا تعطل لساني عن مذاكرة أو مناظرة وبصري عن مطالعة أعملت فكري في حال راحتي وأنا مستطرح فلا أنهض إلا وقد خطر لي ما أسطره، وإني لأجد حرصي على العلم وأنا في عشر الثمانين أشد مما كنت أجده وأنا ابن عشرين سنة، وأنا أقصر بغاية جهدي أوقات أكلي حتى أختار سفّ الكعك وتحسيه بالماء على الخبز لأجل ما بينهما من تفاوت المضغ ، توفرا على المطالعة أوتسطير فائدة ، لم أدركها فيه**)[2].

ئەو زانایە دەڵێت: بە چاکی نازانم ساتەکانی تەمەنم بە فیڕۆ بدەم، لە کاتی حەوانەوەم هزرو فکری خۆم دەخەمە کار بەتایبەت لەو ساتانەی کە خەریکی خوێند و نووسین وتاوتوێکردنی هەندی مەسائیلی فیقهی نەبم ، هەر بۆچوونێکشم پێ باش بوو هەڵدەستم و دەینووسمەوە، عیلم و زانست بەلامەوە زۆر گرنگە بەجۆرێک ئەو نانەی دەیخۆم، دەیخەمە ناو ئاوەوە بۆ ئەوەی نەرم بێتەوە، هەر بۆ ئەوەی زۆر خەریک نەبم بە جووینی، تا کاتەکانم بە فیڕۆ نەچن ئەم زانایە، هەموو کات و ساتەکانی ژیانی تەرخان کردووە بۆ نووسین وخوێندنەوە).

---

(1) ترجمة علي بن عقيل بن محمد بن عقيل البغدادي أبو الوفا يعرف بابن العقيل عالم العراق وشيخ الحنابلة ببغداد في وقته ، كان قوي الحجة ، إشتغل بمذهب المعتزلة في حداثته له تصانيف أعظمها (كتاب الفنون) و (الواضح في الأصول) و(كفاية المفتي). کتێبی(الاعلام للزركلي:٤/٣١٣) .

(٢) کتێبی(كتاب الذيل على طبقات الحنابلة لابن رجب الحنبلي – ج١ ص١٤٥ – ١٤٦).

راستیان وتووە: **کات وەکو شمشێرە ئەگەر نەیبڕیت دەتبڕێت** ، کات و ساتەکان زۆربەنرخن، نابێت بەفیڕۆ بچن، بڕوانن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەتوانێت چەند درەختێک لە بەهەشتدا بەدەست بهێنیت، وەکو پێغەمبەرﷺئاماژەی پێدەکات کە دەفەرمووێت:(**مَن قال سبحانَ اللَّهِ العظيمِ وبحمده غُرِسَتْ لهُ نخلةٌ في الجنَّةِ**)[١].

ئیمامی (الفضيل) دەیووت: (**أَعْرِفُ مَنْ يَعُدُّ كَلامَه مِن الجُمُعَةِ الى الجُمُعَةِ**) [٢].

واتە خەڵکانێک ئەناسم لە جومعەوە بۆ جومعە قسەکانیان هەژمار ئەکرد.

بەراستی ئەوخەڵکانە زۆر بە جوانی لەو پەیامە گەیشتوون کە **کات دەست مایەی مرۆڤە**، نابێت وا بەئاسانی لە دەست بچێت، چونکە مەحاڵە کات و ساتەکان بۆ دواوە بگەڕێنەوە.

مرۆڤی عاقڵ وژیر پێویستە ئەو کاتە جوانەی بە فیڕۆ نەچێت لە بەرئەوەی پرسیاری لێ دەکرێت سەبارەت بە هەموو چرکەیەکی تەمەنی دنیای، بۆیە خەریک بوون بە شتێکەوە کە سوودی دنیاو قیامەتی تێدا نەبێت، بێگومان خەسارەتمەندییە هۆشدار کراوینەتەوە لەوەی لێپێچینەوە، لەگەڵ هەموو کەسێک دەکرێت لە قیامەتدا، لە بارەی تەمەن و چۆنیەتی بەسەربردنی گەنجێتی و ئەو پارەو سامان و داهاتەی بەجێی هێشتووە، چۆن پەیدای کردووە؟ وە چۆن سەرفی کردووە هەروەها ئەو عیلمەی فێری بووە ئیشی پێکردووە یاخود نا ؟؟؟

ئەوەتا پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت:(**لَا تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ القِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ، وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَ فَعَلَ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ، وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ**)[٣].

---

[١] کتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٣٤٦٤ص ٧٨٧ كتاب الدعوات، باب ٦٠- حديث صحيح).

[٢] کتێبی( صيد الخاطر للامام ابن الجوزي:ص٤٨٩- فصل ٣٦٨ الوقت كالسيف) .

(٣)-کتێبی(سنن الترمذي:رقم الحديث ٢٤١٧ص ٥٤٤ كتاب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول الله، باب القيامة- حديث صحيح).

بەراستی ژیان وتەندروستی باش و کات بەدەستەوە بوون گەورەترین دەست مایەیە، پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ژیرو عاقڵ لە ژیانی دنیای دا بزانێت چۆن ئیدارەی ئەو نیعمەتانە دەدات.

وتراوە:

**مەنازە بەبوون مەگری بۆ نەبوون**

**هیچیان تا سەر نین هەبوون و نەبوون**

**مەڵێ فەقیرم کوفری نیعمەتە**

**بۆ تۆ لەش ساغی ماڵ و سەروەتە**

مرۆڤ هەر کە مرد هەموو کارو کردەوەیەکی دەوەستێ، تەنها چەند شتێک نەبێت کە لە ژیانیدا کردوونی، تەنها ئەوانە سوودی بۆی هەیە، ئەویش پێغەمبەرﷺئاماژەی پێکردووە کە دەفەرمووێت: (**إِذا مَاتَ الإِنْسانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاثَةٍ: إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ**)[1].

کەوابوو: کات بەدەستەوەبوون وەتەندرووست باشی دەسمایەی مرۆڤن لە دنیا، جا مرڤ پێش ئەوەی بمرێت گرنگەو پێویستە لەسەری وەبەرهێنان بکات، بۆ ئەوەی دەستمایەی ژیانی دنیای لەپاش خۆی لەدەست نەدات، دیارە لەو فەرموودەیە پێغەمبەرﷺ کۆمەڵێك پڕۆژەی وەبەرهێنانی خستۆتەبەردەست تێکڕا شوێنکەوتووانی بێ جیاوازی، تەنانەت دەستنیشانی کردوون، ئەوەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی لە (**١٠٠%**)قازانجی لێ دەکەن، کە هەموو توێژو چینێکی کۆمەڵگە دەتوانێت سوودمەند بێت لەو پڕۆژەی وەبەرهێنانە.

**بۆ نموونە:** ئەوانەی **پارەدارن** دەتوانن چەند بیرێکی ئاو هەڵبکەنن لەو

(١) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٥٧/٦رقم الحديث١٦٣١ كتاب الوصية - باب ما يلحق الإنسان من الثواب بعد وفاته).

شوێنانەی بەهۆی کەمی ئاوەوە کێشەو گرفتیان بۆ درووست بووە، بەوەش لای خوداﷻ بۆ خۆیان خێرو پاداشتێکی نەبراوە(**صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ**) تۆمار دەکەن، یان پرۆسەی هاوسەگیری گەنج ولاوو کچان بخەنە ئەستۆی خۆیان، هەتا دنیا دنیایە لە خێرو چاکەی ئەو نەوەیەی لە دەرئەنجامی ئەو زەواجکردنە درووست دەبن، بەشدارن هاو شێوەی ئەو پرۆژانە زۆرن بۆ ئەو خاوەن سامان وپارەو داهاتانە ئەگەر بیری لێ بکرێتەوە.

سوپاس بۆ خوداﷻ لە کوردستانی خۆمان بە تایبەت لە سنووری ناوچەی گەرمیان کەسانێك هەن، خودا بەهرەمەندی کردوون و ماڵ و سامان وداهاتی پێ بەخشیوون، بە ڕاست و چەپدا خێری و صەدەقەی لێ دەکەن دەیبەخشن و لە

پرۆژەی خێرخوازیدا خەرج و سەرفی دەکەن، ئەو جۆرە کەسانە بەڕاستی بۆ خوداﷻ سوڵحاون و وەبەرهێنان دەکەن لەو نیعمەتەی پەروەردگار پێی بەخشیوون تێگەیشتوون لەوەی کە چۆن سوود لەو پارەو سامان و داهاتە وەرگرن، لە پاش خۆیان کاتێك کە ماڵئاوایی دەکەن لەو دنیایەی کە چەند ڕۆژێکەو دەبڕێتەوە، بەڵام ڕۆژی دوایی برانەوەی نیە.



**بۆ نموونە: (هادی عبدالرحمن کریم) ناسراو بە (هادی سەرجاغ)**



کە لە ساڵی ١٩٥٧ز لە گوندی (پەروێزخان) لە سنووری ناوچەی گەرمیان لە دایك بووە، بەڵام ئەمیش وەکو هەموو خێزانەکانی تری ئەو ناوچانە لە لایەن ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو دووچاری پرۆسەی ڕاگواستن و تەرحیل کردن دەبنەوە و دەگوێزرێنەوە بۆ ناوچەکانی ناوەراستی عێراق، هەر لەبەر ئەوەی کوردن، دواتر لە (بەغدا) دەگیرسێنەوە، لەوێ دەست دەکات بەکارکردن و کاری بازرگانیکردن، دیارە خودای گەورەو میهرەبان دەرگای خێری بە ڕوودا واڵا دەکات، سەرکەوتوو دەبێت لەو بوارەدا، لە ئێستادا لە بواری وەبەرهێنان کاردەکات،.

سوپاس بۆ خوداﷻ زۆر کاری چاکی ئەنجام داوە بەو هیواو ئومێدەی کە هاوشێوەیان زۆر بێت لە کوردستاندا وەکو چۆن وەبەرهێنان دەکات لە دنیا بە هەمان شێواز وەبەرهێنان دەکات بۆ ئاخیرەتی کە ئەوە ڕێك جێبەجێ کردنی ئەو فەرموودەیەی سەروەرمان (محمد)ە کە ئاماژەمان پێکرد لەوەوپێش.

ئەو پیاوە جوامێرە هاتووە زۆری ئەو پرۆژە خێرانەی کە ئەنجامی داوە، داهاتەکانی وەقف کردووە بۆ ئەوەی سبەینێ لە دوای خۆی، بەردەوام بێت لەو خێرو خێراتە.



سوپاس بۆ خوداﷻ خانەی بەساڵاچووان و ئەوانەی بێ سەرپەرشتیارن

کردۆتەوە تەنانەت سەیارەی (إسعاف) بۆ داناوون نەبادا تووشی حاڵەتێکی نەخوازراو بن بەڵکو بە زووترین بگەینرێنە نەخۆشخانە، هەروەها قوتابخانی کردۆتەوە بێجەگە لە درووست کردنی مزگەوت و چەندەها کاری تر کە ئێستا ناکرێت هەژماریان بکەین.



هەندێك لەو کارە خێرخوازو وەقفانەی بەڕێز(هادی عبدالرحمن کریم) ناسراو بە (هادی سەرجاغ)، بە وێنە خستۆتەڕوو بۆ ئەوەی دەوڵەمەندو پیاوە زەنگینەکانی هەریمی کوردستان چاوی لێبکەن، بەو پارەو سامان داهاتانەیان

وەربەرهێنان بکەن بۆ ئاخیرەتیان، چونکە هەر وەقف و وەربەرهێنانەیە کە دادیان دەدات لە حوزوری پەروەردگار.





خانەی بەساڵاچووان و بێ سەرپەرشتیارەکان

چینێکی تری کۆمەڵگە، (**عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ**)ئەوانەن پەروەردگار شارەزای کردوون لە زانست و عیلم یان لە پیشەیەکی بەسوودو گرنگ، یان خەریکی نووسینەوەی کتێب و پەرتووکن سەبارەت بەو عیلم و زانستەی فێری بوونن، بۆ ئەوەی خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێ بکەن، وە هەروەها خەڵکی تریش فێری ئەو علیم زانستەیان دەکەن هەرلەپێناو پەروەردگار، ئەوانیش بۆ هەتا هەتایی سوودمەند دەبن و خێرو پاداشتیان بۆ دەنووسرێت.

کۆتا پرۆژەی وەبەرهێنانەکە (**وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ**) هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە هاوسەرگیرییان کردووە، وەچەیان ناوەتەوەو پەروەردەیەکی ڕاست ودروستیان کردوون، لەسەر بنەمای خواناسین و ڕەوشتی جوان و ئیسلامەتی، **ئەو دایك وباوکانە سوودمەند دەبن لە هەموو ئەو دوعاونزاو کارو کردەوە چاکانەی ئەو وەچانە دەیکەن بۆیان لە پاش مردنیان.**

دەستمایەیەکی تری ئینسان لە ژیانی دنیای نیعمەتی تەندروست باشییە، کە تاجە بەسەر لەش ساغەکانەوە، تەنها ئەوانەی نەخۆشن و لەجێدا کەوتوون، هەست بەو نیعمەتە دەکەن، لەبەرئەوەی مرۆڤی نەخۆش زۆر شت هەیە بۆی ناکرێت تەنانەت خوداپەرستییەکانی بەتەواوی بۆ ئەنجام نادرێت، هەروەکو ئاماژەمان پێکرد.

دەبێت هەمووان ئەوە بزانن چۆن مامەڵە، لەگەڵ ئەم نیعمەتی لەش ساغییە دەکەن، ڕۆژێک دێت ئەو لەش ساغی و تەندرووست باشییە وەکو خۆی نامێنێتەوە.

گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش پاراستنی نەفسی مرۆڤە لە نەخۆشییە کوشندەکان، تەنانەت یەکێکە لە ئامانجە خوداییەکان(**مقاصد الشريعة الضروريات الخمس**)، **بۆ نموونە** پشتگوێ خستنی ئەو ئاگاداری و هۆشدارییانەی دەدەین سەبارەت بەنەخۆشی کوشندەو بڵاوبوونەوەی درم وپەتا لە نێو کۆمەڵگەدا تاوانە.

**واجبێکی شەرعییە** دەبێت هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار، ئەم پرسە بەهەند وەرگرن و هەر لایەنەو بەرپرسە لەوەی دەکەوێتە سەرشانی، حکومەت دەبێت ئامادەکاری تەواو بکات لە ڕووی ماددی ومەعنەوییەوە بەهاوکاری وەزارەتی تەندروستی بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە مەترسیدارەکان، وە دەبێت میدیاکارو ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن لەوشیارکنەوەی خەڵکی لە مەترسی ئەو جۆرە نەخۆشیە کوشندانەو چۆنیەتی

خۆپاراستن لێیان، هەروەها ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی و بانگخوازان لە ڕوون کردنەوەی لایەنی شەرعی، وە هەروەها حوکمی پشتگوێ خستنی ڕێنماییەکانی پسپۆرو شارەزایانی تەندروستی لە ڕووی شەرعەوە پێویستە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك ڕەچاوی بکات، چونکە سبەینێ خوداﷻ لێت دەپرسێت بۆچی کەمتەرخەم بوون لە پاراستنی تەندرووستیتان، پێویستە هەموو هۆکارەکانی خۆپارێزی بگرنەبەر، چونکە پاراستنی نەفس یەکێکە لە ئامانجەکانی شەریعەت.

سەرنجتان بۆ ئەو وەسیەتەی ئیمام (ابن قدامة) ڕادەکێشم سەبارەت بە ژیانی دنیا، لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا دەڵێت: **(واعلم أن مدة حياتك محدودة، وأنفاسك معدودة ، وكل نفس ينقص به جزء منك، والعمر كله قصير، والباقي منه هو اليسير وكل جزء منه جوهرة نفيسة لا عد لها ولا خلف منها، فإن بهذه الحياة اليسيرة خلود الأبد في النعيم، أو العذاب الأليم)**[1].

پێیان دەڵێت: ژیانی هەر تاکێک لە ئێوە سنووردارە تەنانەت هەناسەشتان ژمێردراوە هەر هەناسەیەک هەڵدەمژیت بزانە لە ژیان و تەمەنت کەم دەبێتەوە، ساتەکانی ژیانتان مەفەوتێنن و چونکە ناگەڕێنەوە جارێکی تر، کات وساتێکی زۆرتان لێ ڕۆیشتووە وکەمتان ماوەتەوە، یا بۆ هەتا هەتایی لە خۆشیدا دەبن، یاخود بۆ هەتا هەتایی لە ناخۆشیدا دەبن.

[1] کتێبی(وصية العالم الجليل ابن قدامة المقدسي:ص١٢).

**شاعیری خواڵێخۆشبوو بێخود دەڵێت[(١)]:**

بێخود شەوەکەی هەتا بڵێی تاریکە
ڕێگەش بە خودا درێژو زۆر باریکە
کاروان هەموو باری کردووە ڕۆیشتن، تۆش
گورجەوەکە ڕۆینت نێزیکە

خـودای مەزن دەفەرمووێـت: سـەرنج بـدەن خـودا ﷻ سـوێندی خـواردووەو دەفەرمووێت: (**وَالْعَصْرِ*إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ*إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ**)[(٢)].

واتە: (خودای بەرزی بێ وێنە لەم ئایەتەدا سوێند بەکات و زەمان دەخوات و دەفەرمووێـت: بێگومـان سـەرجەم ئادەمیزادەکـان لە نـاو زیـان و خەسـارەتێکی گەورەدان چونکە، لە فەرمانەکانی خوداﷻ یاخی دەبـن و گونـاه و خراپەکـاریی دەکەن و لە ژیـانی دنیایانـدا هەر خەریکـی ئـارەزوو پەرسـتیی خۆیـانن، تەنهـا ئەوانەیان نەبێت کە بەڕاستیی ئیهانیان هێناوەو کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن بـۆ شـوێنکەوتنی ڕێبـازی حەق و جێبەجێکردنـی هەمـوو کـارێکی هەق و ڕەوا هەروەها، هانی یەکتری دەدەن لەسەر خۆراگرتن و بە صەبربوون لەسەر هەموو بەڵاو ڕووداوێکی ناخۆش وگرفتەکانی ژیان کە دێتە ڕێگایان)[(٣)].

**پوختەی بابەتەکە**

*تێروانینی ئینسان سەبارەت بە تێکچوونی سیستمی دنیاو نەمانی ڕۆژێك لە ڕۆژان، مـرۆڤ دەگەیەنێـتە ئەوەی کە بەردەوام بێـت لەسـەر دینـداری و کاروکردەوەی چاك .

(١) کتێبی(دیوانی بێخود لاپەڕە ١٥٨).
(٢) سورة العصر الآية: ١-٣.
(٣) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن: ٥٦٣/٤).

*گرنگە مرۆڤ سەبارەت دەرکردنی دنیا ویستی لە ناخ دڵ و دەروونی، خۆی بچوێنی بە کەسێکی غەریب لەوڵاتان، هەر ڕۆژێك دێتدەبێت بگەڕێتەوە شوێن و جێگەو مەنزڵی ئەسڵی خۆی، یان بە هاوشێوەی ڕێبوارێك بە ڕێیەکدا تێدەپەڕێ و جارێکی تر پیایدا نایەتەوە، بەو شێوازە دەبێت بڕوانێتە دنیا.

## فەرموودەی چل ویەك شوێنكەوتی پێغەمبەرﷺبن

## اتباع النبي صلى الله عليه وسلم

**عَنْ أَبِيْ مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللهِ بنِ عمْرو بْنِ العَاص رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: لاَيُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَواهُ تَبَعاً لِمَا جِئْتُ بِهِ[(١)].**

واتە: باوەڕی كەستان دامەزراو نابێت، تاكو خواستەكانی بە پێی ئەو پەیامە بەدی نەهێنێت، كە بۆ من هاتووە.

كەوابوو: هەموو مرۆڤێكی موسڵمان دەبێت كارەكانی هەڵبسەنگێنێت و بیخاتە نێو تەرازووی قورئانی پیرۆزو سوننەتەوە، هەروەها دەبێت واز لە ئارەزووەكانی بهێنێت كە پێچەوانەی شەریعەتی خودایە، ئەوسا بیروباوەڕی دادەمەزرێت بە تەواوی ئەگینا دەبێت بە خۆیدا بچێتەوە.

پەیامەی ئەو فەرموودەیە هەندێك پرسیار دەوروژێنێت بۆ ئەوەی كەسی ئیماندار ئەوەی لا ساغ بێتەوە ئاخۆ ئەو ڕێگەیەی كە گرتوویەتیەبەر دەیگەیەنێتە كەناری ئارامی و ئاسوودەیی و بەختەوەری هەتا هەتایی، یان بە هەڵەدا چوو دەبێت بە خۆیدا بچێتەوە.

بیرمان نەچێت **سەرچاوەو بناغەی ئەو فەرموودەیە** ئەو ئایەتی قورئانی

(١) كتێبی(السنة لأبي بكر ابن أبي عاصم: ٤٥/١ رقم الحديث ١٥ كتاب التحذير من الأهواء المذمومة- باب- ما يجب أن يكون هوى المرء، تأريخ بغداد للحافظ علي الخطيب البغدادي:٣٦٨/٤رقم الحديث٢٢٣٩ اللفظ لهما، المدخل إلى السنن الكبرى للبيهقي: ص ١٨٨رقم الحديث ٢٠٩ باختلاف يسير، إسناده صحيح).

پیرۆزەیە كە خوداﷻ دەفەرمووێت: ﴿فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا﴾[١].

**واتە:** نەخێر قەسەم بە پەروەردگاری تۆ ئەی پێغەمبەرﷺ ئەوانەی كە بە زبان دەڵێن: ئێمە موسڵمانین نەك بە دڵ ئەوانە بە ئیماندار ناژمێررێن تا لەسەر ئەو كێشانەی كە لە نێوانیاندا ڕوودەدات، تۆ بە فەرمانڕەوای خۆیان نەزانن و بە هیچ بڕیارو حوكمێكت ڕازی نەبن، پاشان بە هەموو دڵێكیشیانەوە بڕیارو حوكمەكەت وەرنەگرن بێ ئەوەی هیچ دوو دڵیەیەكیان تیایدا بێت[٢].

ئەو ئایەت و فەرموودەیەی ئاماژەمان پێدا كارو كردەوەی هەموو ئیماندارێك دەخاتە بەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتەوە، وە دەبێت لە خۆی بپرسیت ئایا ئەو كردەوەیەی ئەنجامی دەدات هاوتەریبە، لەگەڵ شەرعی خوداﷻ یان سوننەتی پێغەمبەرﷺ، یان پێچەوانەیانە، ئەگەر ڕاست و درووستە دڵنیابە لەوەی خاوەن باوەڕێكی دامەزراوو تۆكمەی، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی شەرعی خوداﷻ بوو ئەوە بزانە دوای هەواوو ئارەزووەكانی نەفسی لۆمەكارت كەوتووی.

سەرنج بدەن لەو بارەیەوە پەروەردگار ئامۆژگاری و ڕێنمایی هەموو ئیمانداران دەكات، كە هەرچی لای پێغەمبەرەوەﷺ بۆتان دێت بەجێی بگەیەنن، بڕوانن چی دەفەرمووێت:﴿وَما آتاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَما نَهاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقابِ﴾[٣].

**واتە:** ئەوەی پێغەمبەرﷺ پێتانی ڕادەگەیەنێت، جێبەجێی بكەن، هەر چییەكیش كە لێتانی قەدەغە دەكات و فەرمانتان پێدەكات نەیكەن، خۆتانی لێ لابدەن و مەیكەن، لە خوداﷻ بترسن و بە شوێنكەوتن و جێبەجێكردنی بڕیارو

(١) سورة النساء الآية:٦٥.

(٢) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٤٢٧).

(٣) سورة الحشرالآية:٧.

فەرمانەكانی، خۆتان لە غەزەبی خودا(ﷻ) بپارێزن، بێگومان ئەو سزایەی كە خوداﷻ ئامادەو سازی كردووە زۆر سەخت و بەتینە[1].

ئەو پەیامە خودایيەﷻ ئیماندارانی لەسەر سەنگی مەحەك دادەنێت و پێیان دەڵێت: دوو ڕێگاتان لەبەردەمەو، ئازادن لەوەی كامیان دەگرنەبەر، كە دواتر لێپێچینەوە لەسەر ئەو هەڵبژاردەیە دەكرێت كە خۆتان بڕیاری لەسەر دەدەن، ڕێگای بەهەشت هەڵدەبژێرن، یان ڕێگای دۆزەخ.

دەبێت كەسی باوەڕداری ڕاستەقینە بە سینگێكی فراوانەوە پێشوازی لە بڕیاری خوداﷻو پێغەمبەرﷺدەكات، تەماشا بكەن قورئانی پیرۆزیش هەر بەو شێوازە ئاراستەی ئیمانداران دەكات.

لەو بارەیەوە پەروەردگار دەفەرمووێت:**﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا﴾**[2].

ئەگەر خوداﷻ وپێغەمبەرﷺ بڕیارێكیان دا ئیتر بۆ هیچ پیاوو ئافرەتێكی ئیماندار نیە خۆی لەو بڕیارە لابدات و، بە پێی ئارەزووی خۆیان بجوڵێنەوەو، خۆیان بكەنە سەرپشك لە ئەنجامدان، هەر كەسێك لە خوداﷻو پێغەمبەرﷺ یاخیی ببێت و فەرمانەكانیان جێبەجێ نەكات، ئەوە ڕێگای ڕاستی لێ بزرو وێڵ بووە بە وێڵبوونێكی زۆر ڕوون ئاشكراو، دەكەوێتە بەر غەزەبی خوداﷻ[3].

## پرسیارە گرنگ و هەستیارەكە

**پێویستە هەموو موسڵمانێك** لە خۆی بپرسێت ئاخۆ خواست وناخ و دڵ و دەروونی لەگەڵ شەرعی خودایەﷻ؟ ئایا دەتەوێت بەردەوام لەسەر دینداری

(١) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٤/ ٢٧٦ بەدەستكارییەوە).
(٢) سورة الأحزاب الآية:٣٦.
(٣) كتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٣٧٣).

وخواپەرستی وجێبەجێكردنی سوننەتەكان؟؟ ئایا دژی ئەو بیدعەو داهێنانەیت كە هیچ بنەمایەكی شەرعیان نیە؟ ئایا لەوانەن كە پەروەردگار باسیانی كردوون لە قورئانی پیرۆز، كاتێك دەفەرمووێت: ﴿أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ﴾[1].

واتە: پێغەمبەرﷺ زۆر بە داخ و بووەو خەفەتی زۆری خواردووە بۆ بێ باوەڕیی گەلەكەی، جا لێرەدا خودای گەورەو میهرەبان پێی دەفەرمووێت: ئەو كەسەی كە هەواو ئارەزووی خۆی كردبێت بە خوداﷻو لەسەر بیروباوەڕی چەوتی خۆی بەردەوام بێت، ئایا تۆ دەتەوێت بیهێنیتە سەر ڕێگای ڕاست[2].

لە ئایەتێكی تردا پەروەردگار باسی وێڵ و سەرگەردانی ئەو كەسانەمان دەكات، كە پشتیان لە شەرعی خودا كردووە، لە غەیری ڕابواردنی خۆیان لە دنیادا زیاتر هیچ مەبەستێكی تریان نیەو، هەواو ئارەزووی خۆیان كردووە بە خودای خۆیان، تەماشا بكەن لەو بارەیەوە چی دەفەرمووێت: ﴿أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِن بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾[3].

واتە: ئایا ئەو كەسەی كە لە دنیادا لە غەیری ڕابواردنی خۆی زیاتر هیچ مەبەستێكی تری نەبێت و، هەواو ئارەزووی خۆی كردبێت بە خودای خۆی و، دەستی كردبێت بە خراپەكاری و ڕەوشتی خراپ بێت، وە خودایشﷻ بە پێی زانینی لە عیلمی ئەزەلی خۆیدا كە ئەو كەسە هەر لەسەر بێ باوەڕیی و خراپەكاریی خۆی سوور دەبێت، دەستی لێ بەردابێت و ڕێگای لێ وێڵ كردبێت و گوێ و دڵی مۆر كردبێت، لەوەی پەندو ئامۆژگاری پێ ببیستێت، هەروەها تاریكایی خستبێتە سەرچاوی لەوەی ڕێگای ڕاست ببینێت، جا كەسێك ئاوا

(١) سورة الفرقان الآية:٤٣.
(٢) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٣/١١٠).
(٣) سورة الجاثية الآية:٢٣.

بێت، ئایا بێجگە لە خوداﷻ زیاتر كێ هیدایەتی دەدات و دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست؟! نابێت بزانن و تێبفكرن[١].

سەرنجتان ڕادەكێشم بۆ ئایەتێك، پەروەردگار باسی پووچەڵكردنەوەی كردەوەی ئەوانەمان بۆ دەكات كە یاخین و ڕقیان لەو قورئانەیە كە دابەزیوەتە خوارەوە، خوداﷻ لەو بارەیەوە دەفەرمووێت:﴿**ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ**﴾[٢].

چونكە ئەوانە ڕقیان لەوە دەبێتەوە ناردوویەتیە خوارەوە، كە قورئانی پیرۆزە، خوداﷻ كردەوەی ئەوانەی بێ نرخ و پووچەڵكردەوەو بە هیچی گێراوە(أحبط) واتە بە هیلاكی برد[٣].

ئەوانەی دوای هەواو ئارەزووەكانیان دەكەون و بێ فەرمانی پەروەردگار دەكەن و یاخی و سەرپێچیكارن، سزای توندیان بۆ سازكراوە لە كاتی سەرە مەرگدا، لەو بارەیەوە خوداﷻ دەفەرمووێت:﴿ **ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اتَّبَعُوا مَا أَسْخَطَ اللَّهَ وَكَرِهُوا رِضْوَانَهُ**﴾[٤].

ئەوانە بۆیە لە كاتی مردندا بەو شێوە سزا دەدرێن، چونكە بە پێچەوانەی فەرمانی خوداﷻ جوڵاونەتەوەو، كارێكیان نەكردووە كە ڕەزامەندیی خودایﷻ تیادا بێت، بۆیە خودایشﷻ هەموو كردەوەكانی ئەگەر باشیەكیشی تیادا بوو بێت پووچەڵی كردووە، چونكە بۆ خوداﷻ نەبووە[٥].

(١) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٥٦/٤).
(٢) سورة محمد الآية:٩.
(٣) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٨٤/٤).
(٤) سورة محمد الآية:٢٨.
(٥) (تەفسیری گوڵشەن:٩٢/٤).

## چۆن شیرینیی ئیمان بچێژین؟؟

بۆ ئەوەی شیرینی ئیمان بچێژن پێویستەو ئەركە باوك و باپیرەو براو هاوسەرو عەشیرەت و داهات و سامان و پارەو بازرگانیتان هەمووی بكەنە قوربانی خوداﷻ و ڕێبازی پێغەمبەرەكەیﷺ.

سەرنج بدەن پەروەردگار چی دەفەرموێت: خوداﷻدەفەرمووێت:﴿**قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ**﴾(١).

**واتە:** ئەی پێغەمبەرﷺ بەوانە بڵێ: ئەگەر باوك باپیرتان و كوڕەكانتان و براكانتان و هاوسەرەكانتان و عەشیرەتەكەتان و ئەو سەروەت و سامانەی كە دەستتان كەوتووە ئەو بازگانیەی كە ترسی ئەوەتانە بازاری نەبێت و كەم بكات و، ئەو خانوو باڵەخانانەی كە بەلاتانەوە خۆش و جوان و دڵگیرن لە خوداﷻو پێغەمبەری خوداو جیهادو تێكۆشان لە ڕێگای خواداﷻ خۆشتر بوێت، ئەوە خۆتان بگرن و چاوەڕێ بكەن تا خوداﷻ فەرمانی خۆی دەنێرێت و سزای سەختتان دەدات خوداﷻ هیدایەتی گەلی لە فەرمان دەرچوو نادات، كە لە ڕێبازی خوداﷻ ترازا بن و ئەوەی خوداﷻو پێغەمبەری خودا دەیانەوێت، ئەوان لەوە دوور بكەونەوەو ئەنجامی نەدەن(٢).

خوالێخۆشبوو مامۆستا (نیزامەددین)لەو بارەیەوە دەڵێت(٣): ئەم ئایەتەپیرۆزە ژمارەیەكی زۆر لەو كەسانە دەگرێتەوە كە ئەمرۆ خۆیان بە موسڵمان دەزانن، تەماشا دەكەیت بۆ پەیداكردنی سەروەت و سامان پشت لە هەموو فەرمانێكی پەروەردگاریان دەكەن، واتە، ماڵ و سامان و سوودی دنیاییان لە خوداﷻو

(١) سورة التوبة الآية:٢٤.

(٢) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٦٦/٢).

(٣) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:٦٧/٢).

پێغەمبەری خودا خۆشتر دەوێت، بێگومان خۆشویستنی خوداﷻو پێغەمبەری خودا تەنها بە قسە نابێت، بەڵكو بە هێنانەدی فەرمانەكانیان ئەبێت وە بەدووركەوتنەوە دەبێت لەوانەی لەسنووری ئیسلام دووركەوتوونەتەوە.

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرێك لە دەستەڵاتدارانی جیهانی ئیسلام لە سەرۆكەكان و كاربەدەستەكان هەوو گوفتارو ڕەفتارێكیان شایەتە لەسەر بێ باوەڕییان و لادانیان لە بەرنامەی پیرۆزی خوداﷻ، كەچی هەندێك بەناو زانای ئایینی هەموو كردەوە خراپەكانیان بەجوان دەخەنە پێش چاوو پشتی پێدەبەستن و چاویان لە دەستیان، لە حاڵێكدا زانای ئایینی ڕاستەقینە نابێت بۆ دنیا ئایینی خۆی بدۆڕێنێت.

بێگومان خۆش ویستنی خوداﷻو پێغەمبەری خودا تەنها بە قسە نابێت بەڵكو بە هێنانەدی فەرمانەكانیان ئەبێت وە بەدووركەوتنەوە دەبێت لەوانەی لەسنووری ئیسلام دووركەوتوونەتەوە، لەو بارەیەوە پەروەردگار دەفەرمووێت: **﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾**[(١)].

ئەم فەرمایشتە ئاراستەی پێغەمبەرﷺ كراوە تا بە موسڵمانان بڵێت: ئەی خەڵكینە ئەگەر ئێوە خوداتانﷻ خۆش دەوێت، ئەوە شوێنی من بكەون، خوداﷻ خۆشی دەوێن و، لە گوناهەكانتان خۆش دەبێت، چونكە خوداﷻ زۆر لێخۆشبوو خاوەن ڕەحمە[(٢)].

لەو ڕووەوە پێغەمبەریشﷺ نەخشەیەك بۆ شوێنكەوتووانی دەكێشێت كە چۆن شیرینی ئیمان بچێژن، دەفەرمووێت:(**ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فيه وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ، أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ**

(١) سورة آل عمران الاية:٣١.

(٢) كتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٢٦٩).

**یَكْرَهَ أَنْ یَعُودَ فِي الكُفْرِ كَمَا یكْرَهُ أَنْ یُقْذَفَ فِي النَّار)**[١].

ئاشـكرایە ئەو نەخشـەیە سـێ بـڕگەی گرنگـی لە خـۆ گرتـووە، كە بـریتین لە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ پەروەردگاری، وە هەروەها چۆنیەتی پەیوەندی مـرۆڤ لەگەڵ برادەرانــی، ناخۆشــی پەشــیمان بــوونەوە لە ئیســلامبوون، هەوڵ دەدەین بڕگە بە بڕگە باسیان لێوە بكەین لەوانە:

**بڕگەی یەكەم:** بۆ ئەوەی شیرینی ئیمان بچێژی دەبێت پەیوەندی نێوان تۆی عەبــدو، وە ئەوەی خەڵقــی كــردووی كە پەروەردگــارە، لەگەڵ پێغەمــبەرﷺ كە نێردراوێتــی لەســـەربنەمای خۆشویســـتنی زاتـــی(اللهﷻ) و پێغەمـــبەرﷺ بەو مەرجەی لە خۆت زیاتر خۆشیانت بوێت، دیارە ئەوەش بە جێبەجێكردنی ئەرك و فەرمانەكانی پەروەردگـارو سوننەتەكان دەبێت بەكردەیی(عملي) نەك تەنهـا بە زوبان.

**زەینەب خان (كچە كورد) سەبارەت بە پێغەمبەرﷺ دەڵێت**[٢]:

ڕەسوولی ئەمین، سەییدی سەروەر
درووود بێ لەم و باقی پێغەمبەر
ئەو خۆشەویست و ڕەسوولی خوایە
شەفیعی ڕۆژی خەتا و سزایە
پێغەمبەرێكە لە ڕۆژی مەحشەر
بەهەشت پڕ دەكا لە بۆی موعەتتەر
دەم بە پێكەنین، جامی بە دەستە
مەردوم مەست دەكا بە ئاوی كەوسەر
ئەوەی كە حوببی ئەو زاتەی هەبێ

(١) كتێبی(صحیح البخاري بشرح فتح الباري:٨٣/١رقم الحدیث١٦كتاب الإیمان- باب حلاوة الإیمان).
(٢) كتێبی(دیوانی زەینەب خان - كچە كورد-: لاپەڕە ١٢٥).

جامی ئیمانی پڕاو پڕ دەبێ
لەدەستی دەگرێ كلیلی بەهەشەت
خەمی ئازاری ئاگری نەبێ
هەزار سڵاوات لەسەر ئەو زاتە
كە ئەو پێشەوای ڕێی خێرو هاتە
سپاس خودایە پەیڕەوی ئەوم
بەحەق ناسیوە بۆ ڕێ نەجاتە

**بڕگەی دووەم:** بۆ ئەوەی شیرینی ئیمان بچێژی دەبێت پەیوەندیت لەگەڵ دەوروپشتت بە تایبەت هاوڕێكانت لەسەر بنەمای خۆشەویستی بێت بەدەر لە هەموو بەرژەوەندییەكی تاكە كەسی، ئەو خۆشەویستییە تەنها و تەنها لە پێناو زاتی(اللهﷻ) بێت.

**بڕگەی سێهەم:** بۆ ئەوەی شیرینی ئیمان بچێژی، چۆن پێت ناخۆشە بخرێیتە نێو ئاگرەوە، دەبێت بە هەمان شێوازیش پێت ناخۆش بێت بگەڕێیتەوە بۆ نێو كوفرو بیباوەڕێ و دەرچوون لە ئیسلامەتی.

**پوختەی بابەتەكە**

* باوەڕی كەس دامەزراو نابێت، تاكو خواستەكانی بە پێی ئەو پەیامە بەدی نەهێنێت، كە بۆ پێغەمبەرﷺ هاتووە.

*هەموو مرۆڤێكی موسڵمان دەبێت كارەكانی هەڵبسەنگێنێت و بیخاتە نێو تەرازووی قورئانی پیرۆزو سونەتەوە، ئەگەر هاوتەریب بوو ئەوە چاكە با بەردەوام بێت. ئەگەر پێچەوانەیان بوو دەبێت، بە خۆیدا بچێتەوە.

*مرۆڤ دەبێت واز لەو ئارەزووەكانی بهێنێت، كە پێچەوانەی یشەریعەتی خودایەﷻ.

*یەکێک لە مەرجەکانی ئیمان شوێنکەوتن و پشتگیریکردنە لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ.

*خۆش ویستنی خوداﷻو پێغەمبەری خودا تەنها بە قسە نابێت بەڵکو بە هێنانەدی ئەرك فەرمانەکانیان ئەبێت بەکردەیی.

# فەرموودەی چل و دوو فراوانی لێخۆشبوونی خوداﷻ

## (سَعَةُ مَغْفِرَةِ اللّٰهِﷻ)

عَـنْ أَنَـس بْـن مَالـك رضـي الله عنـه قَـالَ: **سَـمعْتُ رَسُـولَ اللهِﷺ يَقُـولُ: قَـالَ اللهُ تَعَالَى:يَا ابْنَ آَدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوتَنِي وَرَجَوتَنِي غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ وَلا أُبَالِي، يَا ابْنَ آَدَمَ لَو بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنَانَ السَّمَاءِ ثُمَّ استَغْفَرْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ، يَا ابْنَ آَدَمَ إِنَّكَ لَو أَتَيْتَنِي بِقِرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا ثُمَّ لَقِيْتَنِي لاَ تُشْرِك بِي شَيْئَاً لأَتَيْتُكَ بِقِرَابِهَا مَغفِرَةً**[1].

واته : ئەی نەوەی ئادەم هەر کاتێك نزاو دوعاو تکای لێخۆشبوونت لێکردم بێگومان لێت خۆش دەبم، بێئەوەی گوێ بدەمە قەبارەی گوناهەکانت، ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر گوناهەکانت هەندە زۆر بن بگاتە ئاسمان، پەشیمان بوویتەوە دڵنیابە لێت دەبوورم لە بیرمان نەچێت بەو مەرجەی مافی کەسی نە خواردبێ و پێشێل کردبێ بە ناهەق و ناڕەوا، خودای مەزن لە مافی خۆی دەبووری گوێ ناداتە قەبارەی گوناهەکان بەڵام لە مافی ئەو خەڵکەی بەناڕەوا خورا بێت خۆش نابێت.

ئینجا **خوداﷻ** دەفەرمووێت: ئەی نەوەی ئادەم هەندەی زەوی گوناهت کردبێت و گەیشتییە من بە هەموو گوناهەکانتەوە، یانی فەوت بووی(کاتێك مردی) ،

---

(١) کتێبی(سنن الترمذي رقم الحديث ٣٥٤٠ ص ٨٠٤ باب – التوبة والاستغفار و ماذكر من رحمة الله لعباده، حديث صحيح).

ئەگەر هەر بەتاك و تەنیا و بێ شەریك منت ناسبێت و، هاوەڵ و هاوتات بۆم پەیدا نەکردبێت، دڵنیابە بەهەندەی گوناهەکانی سەرزەویت، لێت خۆش دەبم.

ئایا لە فەرموودەکە تێبینی ئەوەتان کردووە کە پەروەردگار چەندێك جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە هەرچی گوناە هەیە قابیلی لێ خۆشبوونە، تەنها گوناە و تاوانی هاوەڵ و هاوتا پەیداکردن بۆ خوداﷻ (الشرك) نەبێت، کە چەند گوناهێکی گەورەیە.

سێ چەمکی گرنگ لەو فەرموودەیە ئاماژەی پێکراوە هەوڵ دەدەین باسیان لێوە بکەین ئەوانیش( الدعاء والرجاء والاستغفار).

**چەمکی دوعاو تکاکردن (الدعاء والرجاء)**

بەو پێیەی کە دوعاکردن خوداپەرستییە بریتیە: لە نیشاندانی ئەوپەڕی خۆنەویستی و کەمیی و ملکەچییە لە بەرامبەر خوداﷻ، وە لە ئایینی ئیسلامدا گرنگییەکی زۆری هەیە، خۆراکی ڕۆحە، ئارامی ناخ و دڵ و دەروونە، هێزو توانا بەخشەرە، بێگومان بێ ئومێدی و بێ هیوایی بە هیچ جۆرێك ڕوو لە کەسی دوعاکار ناکات، چونکە زاتی(**اللّٰه**ﷻ) پشتیوان ویارمەتیدەریەتی[(١)].

هەڵبەتە سروشتی هەموو ئینسانێك وا هەڵکەوتووە، کە گوناهی لێ واقیع دەبێت چونکە فریشتە نیە گوناە نەکات، لەو ڕووە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت :(**كل ابن آدم خطاء، وخير الخطَّائين التوّابون**)[(٢)].

واتە: نەوەی ئادەم تێکرا هەر هەموویان هەڵە دەکەن، باشترینی ئەو هەڵەکارو گوناهبارانە، ئەوانەن کە تەوبە دەکەن وپەشیمان دەبنەوە، تەنها

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١١٤/١١ كتاب الدعوات).
(٢) کتێبی(سنن الترمذي:ص٥٦٣رقم الحديث ٢٤٩٩كتاب صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول اللهﷺ، باب ٤٩حديث حسن).

پێغەمبەران(علیهم السلام) پارێزاون(مەعسوومن) لە گوناه ئەوان لێی بەدەرن.

نزاو پاڕانەوەو دوعا، داوای کەسێکی بێ دەسەڵات و لاوازە لە کەسێکی بەهێزو بەتوانای خاوەن سۆزو بەزەییەکی ڕەهایە ئەویش زاتی(**اللّٰه**ﷻ)یە، هەر لەو سۆنگەیەوە پەروەردگار ڕێگای لێخۆشبوونی ئەو تاوان و گوناهانە پیشانی نەوەی ئادەم دەدات و فێری پاڕانەوەو نزاو دوعایان دەکات.

کاتێك پەروەردگار لەو فەرموودە قودسییەدا دەفەرمووێت: (**يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوتَنِيْ وَرَجَوتَنِيْ، غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ وَلا أُبَالِيْ**).

واتە: ئەی نەوەی ئادەم هەر کاتێك نزاو دوعاو تکای لێخۆشبوونت لێکردم بێگومان لێت خۆش دەبم، بێئەوەی گوێ بدەمە قەبارەی گوناهەکانت.

سەرنج بدەن پەروەردگار مەرجی لێخۆشبوونی تاوان و گوناهی بەندەکانی پەیوەست کردووە بە دوعاو تکا کردنەوە(الرجاء)، ئەو دووە پێکەوە نەبن، لێخۆشبوون مەحاڵە، چونکە مەسەلەی(دوعاو تکاکردن) ئەوپەری بەندایەتیی کردن و سەلمێنەرو بەڵگەی بێ هێزی و بێ دەستەڵاتی ئەو کەسەیە کە دەست بەرز دەکاتەوە، بۆ پەروەردگاری و داوای لێ دەکات کە لێی خۆش بێت وقەڵەمی عەفوو بەسەر تاوانەکانیدا بهێنێت.

دواتر ئاماژە بۆ پێناسەی چەمکی (الرجاء) دەکەم هەندێك لەسەر ئەو زاراوەیە دەدوێم.

دێمەوە سەر بابەتی دوعاکردن، پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە گەورەیی دوعاکردن، دەفەرمووێت: (**الدُّعاءُ هوَ العبادةُ**، ثمَّ قالَ: **وَقَالَ رَبُّكُمْ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ**)[١].

(١) کتێبی(سنن الترمذي:ص٦٦٤رقم الحديث٢٩٦٩ کتاب تفسير القرآن عن رسول اللهﷺ، حديث حسن صحيح).

واتە: ئێوە مەبەست و پێویستییەکانی خۆتان تەنها لە من داوا بکەن، منیش بۆتان دەهێنمە دی، بێگومان ئەوانەی خۆیان بەگەورە دەزانن لەوەی بم پەرستن، لە ڕۆژی دواییدا بە ڕیسوایی و زەلیلی و سەرشۆڕییەوە دەچنە ناو دۆزەخ.

**ئەو ساتەی پەروەردگار دەرگای دوعاو نزاو پاڕانەوەی لێ کردیتەوە دڵنیابە** لەوەی دەرگای گیرا نەبوونی دوعاکەت لێ داناخات، حەزرەتی (عمرﷺ) وتویەتی: (**أنا لا أحمل هم الإجابة ولكن هم الدعاء،فإذا أُلْهِمْتُ الدعاء فإن الإجابة معه**)[1].

واتە: من خەمی ئەوەم نیە کە دوعاو پاڕانەوەکان دێنە دی یان نا، بەڵام خەمی ئەوەمە کە بزانم چۆن، وە بە چ شێوەیەك دوعا دەکەم؟؟؟ ئەگەر چۆنیەتی دوعاکردن و پاڕانەوەکە بزانم، ئیتر بەدیهاتن و گیرابوونی دوعاکەم بە مسۆگەر دەزانم[2].

## مەرج و ئادابی نزاو پارانەوە

هەندێك مەرج هەن پێویستە ڕەچاو بکرێن لەکاتی دوعاو نزاو پاڕانەوەدا لەوانە[3]:

**یەکەم:** ڕووکردن لە خوداﷻ و تەوبەکردن پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوەی مافی زەوت کراوی خەڵکی و خواردنی حەڵاڵ، مەرجە بۆ گیرابوونی دوعاونزاو پاڕانەوە، سەرنج بدەن**خودای**(ﷻ)**دەفەرموویت:﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّبًا وَلاَ تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾**[4].

ئەو فەرمایشتە ئاراستەی هەموو مرۆڤەکان کراوە بە موسڵمان و

(١) کتێبی(الفوائد لابن قيم الجوزية: ص١٤١).
(٢) کتێبی(تەفسری گوڵشەن:٦٠٧/٣بەدەستکارییەوە).
(٣) کتێبی(أحياء علو الدين للغزالي:٤٠٨/١ بە دەستکارییەوە).
(٤) سورة البقرة الآية:١٦٨.

ناموسڵمانەوە، دەفەرمووێت: ئەی خەڵکینە لە هەموو شتێکی حەڵاڵ و بە لەزەت کە لە زەویدا هەیە بخۆن، وە لە هیچ شتێکدا شوێنی شەیتان مەکەون و پەیڕەوی لێ مەکەن، چونکە شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە[1].

تەماشا بکەن پێغەمبەرﷺ سەبارەت بە هۆکاری گیرانەبوونی دوعای حەرام خۆر دەفەرمووێت: (**مَطْعَمُهُ حَرَامٌ ،وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَغُذِيَ بِالحَرَامِ فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لذلك**)[2].

دەرگاکانی گیرابوونی دوعاو نزاکانی بە ڕووی خۆیدا داخستووە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و جل و بەرگەکانیشی بە حەرام پەیدای کردوون، ئیتر ئەو نزایانەی دەیان کات خوداﷻچۆن قبوڵی دەکات، بیرمان نەچێت کلیکی کردنەوەی دەرگای ئاسمان حەڵاڵ پەیداکردنە.

**دووەم:** هەوڵ بدرێت لەو کات وساتانەدا بێت کە دوعای تێدا ڕەت ناکرێتەوە بۆ نموونە: ڕۆژژی عەرەفە- مانگی ڕەمەزان- ڕۆژی هەینی- کاتی نوێژی بەیانیان- لە شەو نوێژدا –ساتی ئیقامە کردن بۆ نوێژە فەرزەکان و....و....هتد.

**سێهەم:** سوننەتە لە کاتی دوعا کردن ڕوو لە قیبلە بکات و دەستەکانی بەرز بکاتەوەو

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١٥٨/١ بە دەستکارییەوە).

(٢) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الإمام النووي:٣٣٧/٤رقم الحديث١٠١٥كتاب الزكاة- باب قبول الصدقة من الكسب الطيب وتربيتها).



(**عبدالله بن عمر**)دەگێڕێتەوە، کە (**رَفَعَ النَّبِيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَدَهُ فَقالَ: اللَّهُمَّ إنِّي أَبْرَأُ إلَيْكَ ممَّا صَنَعَ خَالِدٌ، مَرَّتَيْنِ**)[١].

به ملکەچـی و خشـوع و دەنگـی نـزمەوە داوا بکـات لە پەروەردگـار بەو مەرجەی نزاو پاڕانەوەکە لە بازنەی تاوانکاری گوناه دا نەبێت و پەیوەست نەبێ بە قەتعی سیلەی ڕەحمەوە، هەروەها لەسەرەتاو کۆتایی دوعاکردنەکە (بِسْمِ اللّٰهِ) بکـات و سـەڵاوات لەسـەر پێغەمـبەرﷺبـدات، حەزرەتی(عمـرؓ) دەڵێـت:(**إِنَّ الدُّعَاءَ مَوْقُـوفٌ بَـيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، لا يَصْعَدُ مِنْهُ شَيْءٌ حَتَّى تُصَلِّيَ عَلَى نَبِيِّكَﷺ**)[٢].

**چوارەم:** پەلەنەکردن و جەختکردنەوەو لەسەر وتنەوەی دوعاکردنەکە بەلای کەمەوە لە سێ جار کەمتر نەبێت، هەروەها نەڵێت: دوعام کرد، بەڵام گیرا نەبوو،

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١١/١٧٠رقم الحديث٦٣٤١ كتاب الدعوات- باب رفع الأيدي في الدعاء).

(٢) کتێبی(سنن الترمذي رقم الحديث٤٨٦ص١٢٩كتاب الوتر، باب- ما جاء في فضل الصلاة على النبي، حديث حسن).

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:(**يُسْتَجابُ لأحَدِكُمْ ما لَمْ يَعْجَلْ، يقولُ: دَعَوْتُ فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِي**)[1].

واتە: هەموو دوعایەك گیرا دەبێت بەو مەرجەی پەلەی تێدا نەکرێت.

بابەتی دوعاونزاو پاڕانەوە زۆر هەڵدەگرێت لێرەدا هەر ئەوەندە دەتوانین لەسەر بابەتی دوعاکردن بدوێین، ئێوەی خوێنەری ئازیز بگەرێنەوە بۆ سەرچاوەکان بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بن سەبارەت بەو بابەتە گرنگ و زیندووە لە ژیانی موسڵمانادا.

## چەمکی تکاکردن(الرَّجَاءُ)

پێویستە مرۆڤی خواناس لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا بژێت، دەبێت ترسی خودا لە نێو ناخ و دڵ و دەروونیدا هەبێت، وە لە هەمان کاتیشدا ئومێدی زۆری هەبێت بە ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی و بەخشندەیی پەروەردگار، ئاشکرایە بوونی ئەو چەمکە زۆر گرنگە لە ناخ و دڵ و دەروونی باوەڕداران بەتایبەت لەگەڵ دوعاکردن پێکەوە، چونکە پەروەردگار لە فەرموودە قودسییەکەدا ئەو دووانەی پێکەوە باس کردووە.

(**يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوتَنِيْ وَرَجَوتَنِيْ، غَفَرْتُ لَكَ**)، حیکمەتی بوونی (دوعاو تکاکردن) ئەو دووە پێکەوە لە کاتی نزاو پاڕانەوە، (**اللّهُ أَعْلَم**) وەکو ساردو گەرمی گڵۆپی کارەبایە ئەو دووانە پێکەوە، ڕووناکیت پێ دەبەخشن، ئەگینا بەتەنها ڕووناکی نادەن.

کەوابوو: (دوعاو تکاکردن)یش لێخۆشبوون دێنن، دوای ئەوەی باسی دوعاکردنمان کرد، دێینە سەر پێناسەی چەمکی(**تکاکردن(الرَّجَاءُ)**).

(١) کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:١٦٩/١١رقم الحديث٦٣٤٠كتاب الدعوات- باب يستجاب للعبد ما لم يعجل).

**یەکەم: پێناسەی (الرجاء) لە زمانەوانییەوە (لغةً):الأمل نقيض اليأس**[1].

واتە: هیوا پێچەوانەی نائومێدییە.

پێناسەی(**الرجاء**) لە ڕووی زاراوەشدا (**وإصطلاحاً**) بریتیە: (**تعلق القلب بحصولِ محبوبٍ في المستقبل**)[2].

واتە: وابەستبوونی دڵ بە بەدیهاتنی خواستێکی بەر دڵانە لە ئاییندەدا.

زانای بەناوبانگ (**الرَّاغِب الأَصْفَهَاني**) سەبارەت بە پێناسەی تکاکردن(الرَّجَاءُ)،دەڵێت: (**الرَّجَاءُ ظَنٌّ يقتضي حصول ما فيه مسرّة**)[3].

واتە: ئومێدەواری خواستی گەیشتنە بەشتێک، کە بەدڵنیاییەوە دەبێ خۆشیی تێدا بێت.

**چەمکی تکاکردن(الرَّجَاءُ) لە قورئانی پیرۆزدا**

**تکاکردن(الرَّجَاءُ)** ئومێدو هیوای بڕوادارە بە سۆزو ڕەحمەتی بێ پایانی پەروەردگار، ئاشکرایە لە قورئانی پیرۆزدا چەمکی(**الرَّجَاءُ**) **بە چەند واتایەك ئاماژەی پێکراوە لەوانە:**

**یەکەم:** بەواتای(الطمع في رحمة الله)، **بە تەمای ڕەحمەتی خوداﷻ بێت،** تەماشا بکەن لەو بارەیەوە خودای ﷻدەفەرمووێت:**﴿....وَتَرْجُونَ مِنَ اللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾**[4].

بە تەمای شتێکن و ئەوانیش بە تەمای شتێکی ترن، ئاواتی ئێوە سەرکەوتن و سەربەرزیی موسڵمانانە لە دنیادا، خوداش ئاگادارە بە هەموو ئازارو

(١) کتێبی(لسان العرب لابن منظور:١٦٣/٥مادة رجا، والتعريفات للجرجاني: ص٩٠ باب الراء).
(٢) کتێبی(التعريفات للجرجاني:ص٩٠ باب الراء).
(٣) کتێبی(المفردات في غريب القرآن/ الراغب الأصفهاني:ص٣٤٦، مادة رجا).
(٤) سورة النساء الآية:١٠٤.

ناخۆشییەك کە دێتە ڕێگاتان و هەر فەرمانێکتان پێ بکات مەبەستی هەیەو بێ حیکمەت نیە، بۆیە شوێنکەوتنی فەرمانەکانی مایەی سەرفرازیی یە لە هەردوو ژیاندا[1].

**دووەم:** بەواتای **دیدار** هاتووە لەو بارەیەوە،خودایﷻ دەفەرمووێت:﴿... **فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا**﴾[2].

جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری خۆی شاد بێت، با کردەوەی چاك ئەنجام بدات و جگە لە خوداﷻ هیچ کەسێکی تر نەپەرستێت و، لە غەیری ڕەزامەندیی کەسی دیکەدا نەبێت، چونکە هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی کەسێکی تر، لەگەڵ ڕەزامەندی پەروەردگاردا، دەبێتە هاوەڵ دانان بۆ خوداﷻ[3].

**سێهەم:**بە واتای چاوەڕوانی پاداشت هاتووە، خودای(ﷻ) دەفەرمووێت: ﴿**إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَنْ تَبُورَ**﴾[4].

بێگومان ئەو کەسانەی قورئان دەخوێننەوەو، بە دڵێکی بێدارەوە نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و، لەو ماڵ و سامانەی کە پێیان بەخشیون، بە ئاشکراو بە نهێنی لە ڕێگای خواداﷻدەیبەخشین و، یارمەتی هەژاران و دەستکورتانی لێ دەدەن، ئەو کەسانەی بەو کارە چاك و پەسەندانەیان بازرگانی یەك لەگەڵ خواداﷻ دەکەن کە هەرگیز تووشی کەمیی وزیان نابێت و بەردەوام لە قازانجدان و سوودو قازانجەکەیشیان هەر لە زیادبووندایە[5].

(١) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:١/٤٥٥).
(٢) سورة الكهف الآية:١١٠.
(٣) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/٥٣٩).
(٤) سورة فاطر الآية:٢٩.
(٥) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٣/٤٤٩).

پەرستنی ئومێد بە خودای مەزن لە گەورەترینی عیبادەتەکانە بەڵکو یەکێکە لە سێ پایەکانی عیبادەت: خۆشەویستی و ترس و ئومێد بۆ هەمووان واجبە و مەرجێکە بۆ ئیمان و بە پێی... ڕادەی ئیمانی بەندە، هیوای بە خودایە.

**چەمکی تکاکردن(الرَّجَاءُ) لە سوننەتدا**

ئاشکرایە چەمکی(**الرَّجَاءُ**) تکاکردن لە سوننەتدا ئاماژەی پێکراوە هەوڵ دەدەین لەم بڕگەیەدا هەندێك لەو فەرموودانە بخەینە بەردیدی خوێنەر لەوانە:

**فەرموودەی یەکەم**

(أنس بن مالك‌ﷺ) دەڵێت: **أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ عليْه وسلَّمَ دخلَ على شابٍّ وَهوَ في الموتِ فقالَ: كيفَ تجدُكَ قالَ: واللَّهِ يا رسولَ اللَّهِ إنيِّ أرجو اللَّهَ وإنيِّ أخافُ ذنوبي فقالَ: رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليْهِ وسلَّمَ لا يجتَمِعانِ في قلبِ عبدٍ في مثلِ هذا الموطِنِ إلَّا أعطاهُ اللَّهُ ما يرجو وآمنَهُ ممَّا يخافُ**[1].

یەکێك لە سوننەتەکان سەردانیکردنی کەسی نەخۆشە، پێغەمبەرﷺ چووە سەردانی گەنجێک دیار بوو باروودۆخی جێگیر نەبوو لەوە دەچوو بمرێت، فەرمووی: چۆن خۆت دەبینی؟ گەنجەکە وتی: هیواو ئومێدم بە خوداﷻ هەیەو لە گوناهەکانیشم دەترسم، ئا لەو کاتەدا پێغەمبەرﷺ فەرمووی: لە ساتە وەختی ئاوهادا ئەوەی لە دڵی مرۆڤدا بۆتە خواست و ئومێدی، بێگومان پەروەردگار پێی دەبەخشێت ودڵنیاشی دەکاتەوە کە نەترسێت.

لەفەرموودەیەکی قودسیدا پەروەردگار فەرموویەتی: **(وعِزَّتي لا أجمعُ على عَبدي خَوفيْنِ وأَمنيْنِ، إذا خافَني في الدُّنيا أَمَّنْتُه يومَ القيامةِ، إذا أَمِنَني في الدُّنيا أَخَفْتُه في الآخِرةِ)**[2].

(١) کتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٩٨٣ص ٢٣٤ كتاب الجنائز عن رسول اللهﷺباب ١١- حديث حسن).

(٢) کتێبی( صحيح الترغيب والترهيب للألباني:٣١٨/٣ رقم الحديث٣٣٧٦كتاب التوبة والزهد-باب ←

بە عیززەتم، دوو ترس و دوو ئەمان لەدڵی بەندەکەمدا کۆناکەمەوە، ئەگەر لە دنیا لێم بترسێت لە قیامەتدا، ئەمانی پێ دەبەخشم، بەڵام ئەگەر لە دنیا لێم نەترسابێت، لە قیامەتدا دەیترسێنم.

**لە راستیدا** ترس لە خوداﷻ ڕۆحی ئینسان چالاك دەکات و دەیهەژێنیت، بۆ ئەوەی بەردەوام زیندوو بێت، بەجۆرێك گوێرایەڵی ئەرك و فەرمانەکانی پەروەردگار دەبێت لە بەجێگەیاندنیان، وە جورئەتی ئەوەش ناکات کەمتەرخەم بێت لە ئاستی ئەو ئەرك و فەرمانە خوداییە، بە پێچەوانەوە کە ترس نەبوو واز دەهێنێت، لە بە جێگەیاندنی هەموو ئەرك و فەرمانێکی خوداﷻ، تەنها پشت بە لێخۆشبوون و ڕەحمەتی خوداﷻ دەبەستێت، کە مسۆگەر نیە، ئایا پەروەردگار لێی خۆش دەبێت یان ناء؟؟؟ تەنانەت هەنگاوێکی جددیش نانێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار.

**فەرموودەی دووەم**

پێغەمبەرﷺدەفەرموێت:(**....خيركُم منْ يرُجى خيرُه ويؤمنُ شرُّه، وشرُّكم من لا يُرجى خيرُهُ، ولا يؤمنُ شرُّه)**[1].

پێغەمبەرﷺدەفەرموێت: باشترین و چاکترینتان ئەوانەن کە ئومێدی کردەوەی باشیان لێبکرێت، وە شەڕو خراپەیان لێ چاوەڕوان نەکرێت، بەپێچەوانە خراپترینتان ئەوانەن کە هیچ چاوەڕوانی خێرو کردەوەی باشیان لێنەکرێت و نەتوانن لە خراپەشیان سەلامەت بن.

---

الترغيب في الخوف
وفضله، حسن صحيح).
(١) كتێبی(سنن الترمذي: رقم الحديث ٢٢٦٣ص ٥١٣ كتاب الفتن عن رسول ﷺباب ١١- حديث صحيح).

**فەرموودەی سێهەم**

پێغەمبەرﷺدەفەرمووێت: **أرْبَعُونَ خَصْلَةً، أعْلَاهُنَّ مَنِيحَةُ العَنْزِ، ما مِن عَامِلٍ يَعْمَلُ بخَصْلَةٍ منها رَجَاءَ ثَوَابِهَا، وتَصْدِيقَ مَوْعُودِهَا؛ إلَّا أدْخَلَهُ اللَّهُ بهَا الجَنَّةَ**[1].

تەماشا بکەن لەو فەرموودەیە پێغەمبەرﷺ ئاماژە بۆ چل خەسڵەتی چاك دەکات بالآترینیان پێدان و بەخشین بزنە یان کاریلەیە، بۆ ئەوەی کەسی پێدراو لێی سوودمەند بێت، لەشیرو بەربوومەکانی لەو سەردەمەدا بەخشینی ئەو جۆرە شتە باشترین و خۆشەویسترین ماڵی دنیا بوو، چونکە تەنها بەو بزنە یان کاریلەیە بژێوی و گوزەرانی خێزانی پێ دابین دەبوو، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستاماندا پێداویستییەکانی گوزەران وژیانی ئینسان گۆراون دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت، گرنگە ئەو بەخشین وپێدانە (**مَنِيحَة**)، ئەوەندە بێت گوزەران و ژیانی خێزانی پێ دابین بکرێت.

هەڵبەتە لەم سەردەمەدا دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانی هەندێك خێزان و لە ئەستۆگرتنیان یەکێکە لە کارە پیرۆزەکان، لەلایەن ئەوانەی کە خودای(ﷻ) بەهرەمەندی کردوون و دەوڵەمەندن، بەو مەرجەی لە پێناو خوداداﷻ بێت نەك بەرژەوەندیەکی تایبەتیان هەبێت.

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: هەر کەسێ، یەکێك لەو چل خەسلەتە بە جێ بگەیەنێت،(**يَعْمَلُ بخَصْلَةٍ منها رَجَاءَ ثَوَابِهَا، وتَصْدِيقَ مَوْعُودِهَا**) بە هیواو ئومێدی پاداشت کردنی لەسەر ئەو کردەوە چاکە، وە باوەڕیشی بەو بەڵێن وەعدەی خوداﷻ هەبێت کە لە ڕۆژی قیامەت بێ بەشی ناکات لە ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی خۆی، (**إلَّا أدْخَلَهُ اللَّهُ بهَا الجَنَّةَ**)بێگومان پەروەردگار لەسەر ئەو خەسڵەتە چاکەی دەیخاتە بە هەشتەوە.

[1] کتێبی(صحيح البخاري بشرح فتح الباري:٢٩٩/٥رقم الحديث٢٦٣١ كتاب الهبة- باب فضل المنيحة).

**کەوابوو:** فەزیلەتی پێکەوە بوونی ئەو دوو خەسڵەتە، کە ترس و ئومێدە بە خودای گەورە، هۆکارن بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخ و چوونە بەهەشت، وە هەروەها هاندەرێکی باشن بۆ بەجێگەیاندنی کردەوەی چاك و گومانی بردنی باش بە زاتی(اللّٰهﷻ).

**يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ لَو أَتَيْتَنِيْ بِقِرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا ثُمَّ لقِيْتَنِيْ لاَ تُشْرِك بِيْ شَيْئاً لأَتَيْتُكَ بِقِرَابِهَا مَغفِرَةً**

(**يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوتَنِيْ وَرَجَوتَنِيْ، غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ وَلا أُبَالِيْ** ).

## چەمکی لێ خۆشبوون(الإستغفار)

لەپاش ئەوەی باسی ئەو دوو چەمکە گرنگەمان کرد لە بڕگەکانی پێشوودا، هەوڵ دەدەین لەم بڕگەیەدا تیشك بخەینە سەر (الإستغفار)، ئاشکرایە لەدوای بەجێگەیاندنی ئەو دوعاو تکاکردنەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە (**يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوتَنِيْ وَرَجَوتَنِيْ**)، **ئینجا** ئەو لێخۆشبوونە خوداییە دێت، (**غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ وَلا أُبَالِيْ** ).

هەرچی گوناه هەیە قابیلی لێ خۆشبوون و لێبووردنە تەنها گوناهی هاوەڵ پەیدا کردن نەبێت.

لەڕاستیدا مەسەلەی(الشرك) زۆر مەترسیدارە و سزاکەشی زۆر قورسە لەو بارەیەوە پەروەردگار دەفەرمووێت:﴿....**إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ**﴾[(١)].

**واتە:** بێگومان هەرکەسێك هاوتاو وێنە بۆ خوداﷻ دابنێت، خوداﷻ بەهەشتی لێ حەرام دەکات و هەتا هەتایە مەنزڵگەی ئاگری دۆزەخ دەبێت، چونکە هاوەڵ

(١) سورة المائدة الآية ٧٢ .

بڕیاردان بۆ خوداﷻ ستەمێکی زۆر گەورەیە، ستەمکارانیش لە ڕۆژی دواییدا هیچ یارمەتیدەرو پشتیوانێکیان بۆ نیە[١].

کەوابوو: لە ڕۆژی دواییدا هاوەڵ پەرستان ناچنە بەهەشتەوە، جێگایان ئاگری دۆزەخە، کەسیش یارمەتی وپشتیوانیان ناکات لەبەر ئەوەی ستەمکارن، شیرکی گەورەش ستەمە، سەرنج بدەن پەروەردگار سەبارەت بە هاوەڵ دانان چی دەفەرمووێت:﴿**إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ**﴾[٢].

هەر لەو سۆنگەیەوە پیغەمبەرﷺ ئاگاداری شوێنکەوتووانی کردۆتەوە لەوەی کە هاوەڵ دانانە بۆ پەروەردگار گەورەترینی گوناهەکانە ، بڕوانن چی دەفەرمووێت: (**ألا أُنَبِّئُكُمْ بأَكْبَرِ الكَبائِرِ قُلْنا: بَلَى يا رَسولَ اللَّهِ، قالَ: الإشْراكُ باللَّهِ، وعُقُوقُ الوالِدَيْنِ**.......)[٣].

واتە: هاوەڵ وهاوتا پەیدا کردن بۆ زاتی(اللهﷻ) یەکێکە لەو گوناهە گەورەکان، وە ئەوی تریان ئەزیەت دان و ئەزیەت دانی دڵی دایك وباوکە.

هاوەڵ بڕیاردان بۆ پەروەردگار، زۆر گوناهێکی گەورەیە دەبێ ئادەمیزاد خۆی لێ بەدوور بگرێت.

جا بۆ ئەوەی کەسی ئیماندار پارێزراو بێت لەو گوناهەگ ەورانە بەتایبەت هاوڵ دانان، پێویستە بەردەوام ئەو دوعایە بکات، هەر وەکو چۆن پێغەمبەرﷺ ڕێنمایی شوێنکەوتووانی دەکرد،وە دەیفەرموو: پەنا بگرن بە پەروەردگار لە هاوبەش دانان بۆ خودای تاك و تەنیا. بەردەوامیش بڵێن: (**اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَ أَعْلَمُ**)[٤].

---

(١) کتێبی(تەفسیری گوڵشەن:١/٥٥٧).

(٢) سورة لقمان الآية:١٣.

(٣) کتێبی(فتح الباري شرح صحيح البخاري:١٠/٤٩٧رقم الحديث ٥٩٧٥ كتاب الادب- باب، عقوق الوالدين من الكبائر).

(٤) کتێبی(صحيح الأدب المفرد للإمام البخاري/ برقم٥٥١/ ٧١٦ ص ٢٦٥- باب فضل الدعاء).

واتە : خودایە پەنا دەگرم بە تۆ لەو شیرکەی کردوومەو پێم زانیوە، وە بم بەخشەو، لێم ببورە، لەو شیرکەی لێی ئاگادار نیم و پێم نەزانیوە. هەڵبەتە ئەو شیرکەی پێی نازانرێت وەکو لە خۆبایی بوون و خۆ هەڵکێشان و ڕووپامی کردنە(ڕیایی) لە خوداپەرستی و کارو کردەوەکان.

ئەوەتا پێغەمبەرﷺ ئامۆژگاری حەزرەتی(أبوبکرﷻ)دەکات و دەفەرمووێت: (**لَلشِّرْكُ فيكم أخْفى من دبيبِ النَّملِ**)[1].



واتە: چۆن گوێتان لەدەنگی جووڵەی مێرووله نییە، هێندەیش تووشبوونتان بەشیرک لێ نزیکە، وریا نەبن هەستی پێناکەن تووشبوون.

**بۆ نموونە:** خەڵکانێك هەن کاتێك کە بە تەنها خەریکی نوێژن هیچ گرنگییەگ بەو پەرستشەیان نادەن، بەڵام کاتێك زانیان چاوی خەڵکیان بەسەرەوەیە، زۆر بە هێمنی و ئارامی نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن، هیچ پەلە ناکەن، تەنها بۆ ئەوەی پێیان بوترێت: بەڕاستی نوێژیکی جوان و ڕێك و پێك دەکەن، ئا ئەوە ئەو (الشرك)یە کە پێغەمبەرﷺ شوێنکەوتووانی لێ ئاگادار کردۆتەوە، یاخود هەندێ جار خوداپەرستی تایبەت بە خۆتان ئەنجام دەدەن، هیچ پێویست

(١) کتێبی(صحيح الجامع الصغيرو زيادته / رقم الحديث ٣٧٣١ ص ٦٩٣ حديث صحيح).

ناکات کەسانی تر لێی ئاگادار بن بەڵام، دەبینی باسی دەکەن ئەوەش بۆ ئەوەیە پێتان بڵێن: مرۆڤێکی باش و چاکن.

بۆیە زۆر گرنگە واز لەو ڕەفتارانە بهێنرێت، چونکە بۆنی شیرکی لێوە دێت، ئاشکرایە ئەم جۆرەیان گوناهی بچووکن بە **(الشرك الأصغر)** دەنووسرێت، بەڵام پێی کافر نابێت، بەڵام (**الشرك الأكبر**) ئەو جۆرەیان گوناهی گەورەیە، هاوەڵ بریاردانە بۆ خودای مەزن، ئەوەیان ئینسان پێی کافر دەبێت، خوداﷻ پەنامان بدات، لە کوفر کردن.

بیرمان نەچێت داوای لێخۆشبوون دەبێت، لەگەڵ تەوبە و پەشیمانیدا بێت، ئەگینا بەرهەمی نابێت[١].

سەرنج بدەن لەو ئایەتەدا خوداﷻدەفەرمووێت:﴿**وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَنًا إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى.....**﴾[٢].

واتە: داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن و ڕووبکەنە ئەو، وە لە هەموو کردەوەیەکی خراپتان پەشیمان ببنەوە، خودایشﷻ لە دنیادا خۆشی و شادیتان پێدەبەخشێت تا کاتی مردنتان دێت...)[٣].

هەروەها سەبارەت بە(الإستغفار) خوداﷻدەفەرمووێت:﴿**فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا**﴾[٤].

واتە: لەکردەوە خراپەکانی خۆتان پەشیمان ببنەوەو، داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، ڕاستی خوداﷻ ئێجگار بە ڕەحم و لێخۆشبووە[٥].

---

(١) کتێبی(جامع شروح الأربعين النووية:ص٤٦٩).
(٢) سورة هود الآية:٣.
(٣) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٢/١٩٦).
(٤) سورة نوج الآية:١٠.
(٥) کتێبی( تەفسیری گوڵشەن:٤/٣٨٦).

پێویستە لەسەر کەسی ئیماندار هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان ترس وئومێد بە خوداﷻ ئەگینا دووچاری هەندێك حاڵەت دەبێت کە لە ڕووی شەرعەوە باش نیە، هەروەك ئەوەی پێغەمبەرﷺ تێبینی کرد لە هاوەڵانی هەندێك ئەو ترسەیان لە خوداﷻ وای لێکردن، دەست لە کارو کاسبی هەڵگرن، تەنها هەر خەریکی پەرستش بوون، هەندێك لەوانە وتیان: تێکەڵی خەڵکی نابین، نەبادا تووشی گوناه ببین، کۆمەڵێکی تر تیان: نەخواردن ئەخۆین، نە جل وبەرگ و پۆشاکی نوێ دەپۆشین، کەسانێکی تر وتیان: ئێمە هەر ناخەوین و هەر خەریکی شەو نوێژ دەبین..... هتد[١].

ئەوە بوو پێغەمبەرﷺ ناڕازی بوو لەسەر ئەو جۆرە هەڵوێستانەیان، سەرزەنشتی کردن و فەرمووی: هەرکەسێک لە سوننەتم لابدات لە من نییە، جا بۆ ئەوەی دڵخۆشیان بکات و ئەو دڵەڕاوکێ و ترسەی کە لایان درووست بووە،بەهۆی گوناه کردنەوە بیرەوێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی چیتر بێ ئومێدی و بێ هیوایی ڕوویان تێنەکات، لەو بارەیەوە فەرمووی: (**وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِه، لوْ لَمْ تُذْنِبُوا لَذَهَبَ اللَّهُ بِكُمْ، وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ، فَيَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ، فَيَغْفِرُ لهمْ**)[٢].

فەرمووی: جا ئەگەر ئێوە گوناه نەکەن، ئەوا خوداﷻ لە جێی ئێوە کەسانێکی تر دێنێت، گوناه دەکەن و داوای لێخۆش بوونی لێ دەکەن لێیان خۆش دەبێت.

ئەمە بەو واتایە نیە کە پەروەردگار ڕازی بێت لەسەر ئەنجامدانی گوناه، هەروەها بەندەکانی سەرپێچی و گوناه بکەن، ئینجا بڵێن: ئەوە نیە پێغەمبەرﷺ وا دەفەرموێت: نەخێر ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە بۆ ئەو فەرموودەیە،!!!! بەڵکو ئەو فەرموودەیە بۆ ئەوەیە، کە تاونکار وگوناهبار وا نەزانن بە هۆی گوناه

(١) کتێبی(المفاتيح في شرح المصابيح العلامة مظهر الدين الزَّيداني المُظْهِري الكوفي:١٧٦/٣ رقم الحديث١٦٦٧ بەدەستکارییەوە).

(٢) کتێبی(صحيح مسلم بشرح الامام النووي:١٧/٩رقم الحديث٢٧٤٩كتاب التوبة- باب سقوط الذنوب بالإستغفار،توبة).

و سەرپێچی کردنیانەوە، لە عەبدایەتی خودا ﷻ دەردەچن، هەروەها دەبێت لەو ساتە وەختەی سەرپێچی کردنیان، زیاتر ئومێدو هیواو گومانی باشیان بە پەروەردگار هەبێت، کە لێیان دەبوورێ، بێگومان خودای(ﷻ)تەوبەکارانی خۆش دەوێت.

ئەو پەشیمانی و بەردەوام بوونە لەسەر وتنی (استغفرالله ) سەلمێنەری بەندایەتیی کردن و گومان باشیتیانە بە خودا ﷻ و ،بەڵگەی حاشا هەڵنەگری باوەڕبوونیانە بەناوە پیرۆزەکان زاتی(اللهﷻ) ، ، چونکە بەکردەیی کردنی ئەو هەموو واتا جوانانەی، ناوە پیرۆزەکانی خودا ﷻ لەگەڵ ئەو پەشیمانی و تەوبەکردنە لایان ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە: (التواب) یانی، زۆر لێخۆشبوو و تۆبە وەرگرو لێبووردەیە، (الغفار)یانی، لێخۆشبوو و داپۆشەری نهێنی و گوناهەکانە، (الرءوف) زۆر بەسۆزو بەزەیی و بەڕەحمەت لەگەڵ دروستکراوەکانیدا.

خودا ﷻ زانایە بەوەی کەسانێك درووست دەکات، کە گوناە و سەرپێچییان لێ واقیع دەبێت و، دواتریش هەر خۆی ئیلهامی تەوبەیان دەکات و پەشیمان دەبنەوەو لێیان خۆش دەبێت.

## پوختەی بابەتە

*کاتێك مرۆڤ دەستەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ پەروەردگاری دەپاڕێتەوەو تکاو رجاو دوعا دەکات، دەبێت گومانی وابێت کە خودا ﷻ لێی خۆش دەبێت، بێگومان بەدڵنیاییەوە خودا ﷻ بێ ئومێدو بێ هیوای ناکات، لێی خۆش دەبێت و دەبوورێت.

* گوناە هەرچەندێك زۆرو گەورە بێت، مادام گوناهبار پەشیمانەو داوای لێخۆش بوون دەکات، خودا ﷻ تەوبەی لێ قبوڵ دەکات لێی خۆش دەبێت، بەو مەرجەی نەگەرێتەوە سەر گوناهەکە جارێکی ترو، پەشیمان بێت لەوەی

ڕوویداوە، هەروەها بە تەواوی دەست هەڵبگرێت لە گوناە کردن.

* ترس و ئومێد لە خودای گەورە، هۆکارن بۆ ڕزگاربوون لە دۆزەخ و چوونە بەهەشت.

دوعا+ تکاکردن= لێخۆشبوون

**زەینەب خان(کچە کورد) سەبارەت بە بەخشندەیی پەروەردگار دەڵێت**[١]:

خودای بەخشندە

خودا بێ کەسەو کەسیش لەو نییە

هیچ کەس لە شێوەی زاتی ئەو نییە

هەرچی بخوازێ کون فەیەکوونە

پەنهانی ئەکوان لەلای ئەو ڕوونە

بەخشینی فیرعەون لای ئەو ئاسانە

دەرگای جەهەندەم هەموو دابخات

کەسێ ناتوانێ قسەی لێ بکات

سوپاس بۆ پەروەردگار کە یارمەتیدەرو پشتیوانم بوو لە تەواوکردنی ڕاڤەو شەرحی ئەو چل فەرموودەیەی ئیمامی نەوەوی لە شەوی ٢٩ صفر ١٤٤٦ه بەرامبەر ٢ ئەیلولی ٢٠٢٤ز.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

(١) کتێبی(دیوانی زەینەب خان- کچە کورد- : لاپەڕە ١٥٦).

# نووسەر لە چەند دێڕێکدا



**دکتۆر سیروان ئەحمەد قادر**

بەرواری لەدایکبوون:١٩٦١/٦/٢٤

باری کۆمەڵایەتی:خێزاندار

ناونیشان:کەرکوک – شۆراو- ژمارەی مۆبایل:
٠٧٧٠٤٣٦٣٣٨٨

ئیمەیڵ: dmalasirwan@yahoo.com

**توانستی زانستی:**

**دبلۆمی تەکنیکی لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکوک لە ١٩٨١/٩/١.**

**ئیجازەی عیلمی (مەلایەتی) لە ساڵی (١٩٩٦).**

بکلۆریۆس لە کولێژی زانستە ئیسلامییەکان لە بەغدا ساڵی (٢٠٠٠ز).

ماجستیر لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە بەغدا ساڵی (٢٠٠٣ز).

دکتۆرا لە دیراساتی ئیسلامی/شارەزا لە فیقهی ئیسلامی/زانکۆی کۆی ساڵی(٢٠٠٧ ز).

**کاری ئێستا: خانەنشین.**

**بڵاوکراوە ولێکۆڵینەوە:**

**یەکەم: نوسینەکان بەزمانی کوردی.**

١- چەند وێستگەیەک لەژیانی پەرلەمانتاریم.

٢- چەند لاپەڕەیەک لەڕۆژانی ژیانم.

٣- شرۆڤەی گوڵبژێرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێشەوا(محمدﷺ).

٤- پێگەی دایك وباوك لەئایینی ئسلامدا.

٥- مامەڵەکردن لە گەڵ نیعمەتەکانی خوداﷻ.

٦- گەشبینی لە ڕوانگەی ئیسلامدا.

٧- ئەو پەیامانەی ئاراستەی ژیان دەگۆرن.

٨- بنەماکانی خۆپارێزی لە نەخۆشی لە ڕوانگەی ئیسلامدا.

٩- بنەما گشتییەکانی سیاسەت لە ئیسلامدا.

١٠- نێرو مێ ئایا دوو ڕەگەزی یەکسانن؟!

١١- خۆنەویست بیت بەختەوەری.

١٢- پێگەی حاڵیبوون (التَدَّبُرْ)لە قورئانی پیرۆز(التَدَّبُرْ وَ مَكانَتُهُ في القُرْآنِ الكريم).

١٣- پێشەنگی پێغەمبەرﷺ لە بانگەوازی دا.

١٤- چەمکی پەروەردەو دیدگایەك بۆ ئاکارەکان.

دووەم: نوسینەکان بەزمانی عەرەبی

١- السياسة الشرعية وأثرها فى بناء الأحكام وتطبيقها.

٢- **التأويل في ضوء أصول الفقه الاسلامي.**

٣- **أحكام القيام والتقبيل بين الناس في الفقه الاسلامي.**

٤- **أربع سنوات في مجلس النواب العراقي.**

٥- **كيفية محاربة الارهاب في إقليم كوردستان- بحث.**

٦- **المخدرات والإدمان عليها- بحث.**

٧- **حرية الرأي في الاسلام – بحث.**

**بۆ دابەزاندنی بەرهەمەکانی نووسەر سکانی ئەم بارکۆدە بکە.**

# سەرچاوەكان


١) الإفصاح عن معاني الصحاح/للوزير العالم ابن هبيرة– حققه وخرج أحاديثه/ د. فؤاد عبد المنعم أحمد – مرسسة الجريسي للتوزيع والإعلان- الرياض بدون طبعة ١٤٧ه.

٢) الداء والدواء/ الإمام أبي عبدالله محمد ابن قيم الجوزية- حققه/ محمد أجمل الإصلاحي- خرج أحاديثه/ زائد أحمد النشيري- إشراف/ بكر عبدالله أبو زيد- مؤسسة سليمان بن عبدالعزيز الراجحي الخيرية- دار عالم الفوائد للنشر والتوزيع – مكة بدون سنة الطبع والطبعة.

٣) التداخل بين الأحكام في الفقه الإسلامي: تأليف- خالد سعد فهد الخشلان- دار إشبيليا للنشر والتوزيع – المملكة العربية السعودية- ط١ ١٤١٩ه- ١٩٩٩م.

٤) صحيح مسلم بشرح النووي: مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، التحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، (١٤٢٠ هـ - ٢٠٠٠ م)، ط١.

٥) فتح الباري شرح صحيح البخاري: الإمام الحافظ احمد بن علي بن حجر العسقلاني، دار السلام، دمشق، (١٤٢١ هـ - ٢٠٠٠ م)، ط١.

٦) تەفسيرى گوڵشەن/ نظام الدين عبدالحميد- نووستگەی تەفسير بۆ بڵاوكردنەوە- هەولێر- چاپی سێهەم ١٤٣٣ه- ٢٠١٢م.

٧) شرح الأربعين النووية/ بقلم سليمان محمد اللهيميد- السعودية – رفحاء - الموقعwww.almotaqeen.net.

٨) الفقه الإسلامي وأدلته/ أ.د. وهبة الزحيلي- دار الفكر- دمشق- ط ٤ المعدلة ١٤٢٥ه- ٢٠٠٤م.

٩) المغني: موفق الدين أبي محمد احمد بن محمد بن قدامة المقدسي الدمشقي الحنبلي، (ت ٦٢٠ هـ)، ويليه الشرح الكبير: لشمس الدين عبدالرحمن بن محمد بن احمد بن قدامة المقدسي، (ت ٦٨٢ هـ)، تحقيق: د. محمد شرف الدين حطاب والأستاذ سيد إبراهيم صادق ود. السيد محمد السيد، دار الحديث، القاهرة، (١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٤ م)، بدون طبعة.

١٠) تحفة المحتاج لشرح المنهاج : للامام شهاب الدين ابن حجر الهيثمي – خرج أحاديثه وعلق عليه سيد محمد السناري – دار الحديث – القاهرة سنة الطبع ١٤٣٧ – ٢٠١٦ .

١١) كشف القناع عن متن الاقناع : تأليف منصور بن يونس البهوتي – تحقيق – إبراهيم أحمد عبدالحميد – دار عالم الكتب – الرياض – ط - خاصة – ١٤٢٣ه – ٢٠٠٣م .

١٢) الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف: علاء الدين أبو الحسن علي بن سليمان المرداوي- صححه وحققه/ محمد حامد الفقي/ الناشر: مطبعة السنة المحمدية - دار إحياء التراث العربي - بيروت الطبعة: الأولى، ١٣٧٤هـ - ١٩٥٥م.

١٣) المقنع/ موفق الدين أبي محمد بن قدامه المقدسي – والشرح الكبير/ لشمس الدين أبي الفرج بن أحمد بن قدامه المقدسي- ومعهما/ الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف- تحقيق / د. عبدالله عبد المحسن التركي و د. عبدالفتاح محمد الحلو – هجر للطباعة والنشر والإعلان- القاهرة – الجيزة- ط١ ١٤١٤ه- ١٩٩٣م.

١٤) الكافي في فقه الامام أحمد بن حنبل/ تأليف شيخ الاسلام موفق الدين بن قدامة المقدسي- حققه وعلق عليه/ محمد فارس ، مسعد عبدالحميد السعدني- دار التب العلمية – بيروت – لبنان- ط١ ١٤١٤ه- ١٩٩٤م.

١٥) حاشية الدسوقي على الشرح الكبير/ المؤلف: محمد بن أحمد بن عرفة الدسوقي المالكي- دار إحياء الكتب العلمية عيسى البابي الحلبي وشركاه– مصر- بدون طبعة ١٢١٩ه.

١٦) المبسوط في فقه الإمامية/ تأليف شيخ الطائفة أبي جعفر محمد ن الحسن الطوسي- صححه وعلق عليه / السيد محمد تقي الكشفي- المكتبة المرتضوية لإحياء الآثار الجعفرية- طهران ط٢ ١٣٨٧ه.

١٧) صحيح الجامع الصغير و زيادته/ تأليف محمد ناصرالدين الألباني- اشرف على طبعه/ زهير الشاويش- المكتب الاسلامي- بيروت – لبنان- ط٣ ١٤٠٨ه- ١٩٨٨م.

١٨) تفسير التحرير و التنوير لابن عاشور: محمد الطاهر ابن عاشور/ مؤسسة التأريخ- بيروت – لبنان – ط١ – ١٤٢٠ه- ٢٠٠٠م.

١٩) معارج القبول بشرح سلم الوصول الى علم الأصول فى التوحيد م تأليف الشيخ العلامة حافظ – حقق وعلق عليه وضبط نصه وخرج أحاديثه وآثاره محمد صبحي بن حسن حلاق – دار ابن الجوزي – المملكة العربية السعودية – ط٣ محرم ١٤٢٦.

٢٠) الأعلام بمناقب الإسلام / لأبي الحسن العامري – تحقيق ودراسة – الدكتور أحمد عبد الحميد غراب – دار الأصالة للثقافة والنشر والأعلام – الرياض – ط١ ١٤٠٨ – ١٩٨٨.

٢١) الذريعة الى مكارم الأخلاق/ للشيخ أبي القاسم الحسن بن محمد ابن الفضل الراغب الأصفهاني – دار الكتب العلمية – بيروت – لبنان – ط١ – ١٤٠٠ ه– ١٩٨٠ م.

٢٢) كتاب الإيمان / تأليف العلامة شيخ الإسلام ابن تيمية – علق عليها وصححها جماعةمن العلماء بإشراف الناشر دار ابن خلدون – الأسكندرية – بدون طبعة.
٢٣) كتاب المسامرة في شرح المسايرة في علم الكلام / لكمال بن أبي شريف بن الهمام – مطبعة السعادة – مصر – الناشر المكتبة الأزهرية للتراث – ط٢ ١٣٤٧ ه.
٢٤) التوضيح والبيان لشجرة الإيمان / العلامة الشيخ عبدالرحمن ناصر السعدي – اعتنى به أبو محمد أشرف عبد المقصود – مكتبة أضواء السلف – السعودية – ط١ ١٤٢٩ه – ١٩٩٨.
٢٥) التفسير المنيرفي العقيدة والشريعة والمنهج: د. وهبة الزحيلي، دار الفكر، دمشق، (١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥ م)، ط٨.
٢٦) تفسير الفخر الرازي: الإمام العلامة محمد جمال الدين القاسمي، ضبطه وصححه وخرج أحاديثه: محمد باسل عيون السود، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤١٨ هـ - ١٩٩٧ م)، ط١.
٢٧) شرح صحيح مسلم المسمى للقاضي عياض إكمال المعلم بفوائدمسلم- تحقيق/ د. يحيى إسماعيل- دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع- مصر – المنصورة- ط١ ١٤١٩ه- ١٩٩٨م.
٢٨) صحيح مسلم مع شرحه إكمال إكمال المعلم للإمام أبي عبدالله محمد خلفة الوشتاني الأبي المالكي- وشرحه مكمل إكمال الإكمال للإمام أبي عبدالله محمد بن يوسف السنوسي االحسني - دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان، بدون طبعة وسنة الطبع.
٢٩) شرح حديث جبريل في الاسلام والايمان والإحسان المعروف باسم كتاب الإيمان الأوسط لابن تيمية- دراسة وتحقيق/ د. علي بخيت الزهراني- دار ابن جوزي – ١٤٢٠ه - أصل هذا الكتاب رسالة علمية لنيل الدكتوراهفي الشريعة الاسلامية فرع العقيدة بجامعة أم القرى.
٣٠) إيضاح الفوائد في شرح القواعد على نمط جديد/ الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي- دار نشر إحسان –إيران- طهران_ط١ ١٤٣٥ه- ٢٠١٤م.
٣١) شرح الأربعين النووية: الشيخ محمد صالح العثيمين- دار الثريا للنشرو التوزيع - المملكة العربية السعودية- عنيزة- ط٣ ١٤٢٥ه- ٢٠٠٤م.
٣٢) درر الحكام شرح مجلة الأحكام/ تأليف: علي حيدر- تعريب المحامي فهمي الحسيني- دار عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع – الرياض – طبعة خاصة ١٤٢٣ه- ٢٠٠٣م.
٣٣) قواعد و فوائد من الأربعين النووية/ بقلم ناظم محمد سلطان- دار الهجرة للنشر والتوزيع- المملة العربية السعودية- ط٧ ١٤٢١ه- ٢٠٠٠م.

٣٤) سنن النسائي وهو المجتبى/ للإمام عبدالرحمن أحمد شعيب النسائي- خرج أحاديثه وعلق عليه/ عماد الطيار و ياسر حسن و عزالدين ضلي – مؤسسه الرسالة ناشرون – بيروت- لبنان- ط١ ١٤٣٥ه- ٢٠١٤م.
٣٥) البحر الفوائد المشهور بمعاني الأخبار للإمام الحافظ أبي بكر إبراهيم يعقوب الكلاباذي البخاري- دراسة وتحقيق/ وجيه كمال الدين زكي- دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة- ط١ ١٤٢٩ه-٢٠٠٨م.
٣٦) عون المعبود على شرح أبي داود/تأليف المحدث أبي عبدالرحمن شرف الحق العظيم آبادي / المحدث/محمد ناصرالدين الالباني – إعتنى به أبوعبدالله النعماني الاثر - دار ابن الحزم / بيروت - لبنان ١٤٢٦ - ٢٠٠٥ ط ١ .
٣٧) أسرار الصلاة لابن قيم الجوزية- عناية وتحقيق وتعليق/ أبي عبيدة الوليد محمد سلامة عبد الغني- ويليه الذل والإنكسار للعزيز الجبار المشهور بالخشوع في الصلاة/ تأليف: الامام زين الدين أحمد بن رجب الحنبلي- دار مسلم- القاهرة – ط١ ١٤٢٨ه- ٢٠٠٧م.
٣٨) أسرار الحج لحجة الاسلام الامام الغزالي- تحقيق وتعليق/ موسى محمد علي- منشورات مكتبة العصرية- بيروت- صيدا – بدون تأريخ الطبعة.
٣٩) أسرار الصيام في القرآن الكريم/ تأليف عبد المعز خطاب – مطبعة المجد – مصر- الدقهلية- ١٤٠١ه.
٤٠) وحي القلم- تأليف / مصطفى صادق الرافعي- راجعه واعتنى به/ د. درويش الجويدي- المكتبة العصرية- بيروت- لبنان- بدون طبعة وسنة الطبع.
٤١) معجم الكبير / الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني – حققه ووخرج أحاديثه/ حمدي عبدالمجيد السلفي- الناشر مكتبة ابن تيمية – القاهرة- بدون سنة الطبع.
٤٢) المبين المعين لفهم الأربعين/ للحافظ علي بن سلطان محمد الشهير بملا علي القاري- تحقيق ودراسة / د. معروف محمد إسماعيل البياتي و د. عطا الله مدب حمادي الزوبعي- دار الكتب العلمية – بيروت- لبنان- ط١ ١٤٣٩ه- ٢٠١٨م.
٤٣) قواعد الأحكام في إصلاح الأنام: عز الدين بن عبدالعزيز عبدالسلام، تحقيق: د. نزية كمال حماد ود. عثمان محمد، دار القلم، دمشق، ط١ ١٤٢١ه- ٢٠٠٠م.
٤٤) جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثا من جوامع الكلم/ الإمام زين الدين أبو الفرج عبدالرحمن شهاب الدين الشهير بابن رجب- تعليق وتحقيق/ دز ماهر ياسين الفحل- دار ابن كثير- دمشق- بيروت-ط١ ١٤٢٩ه- ٢٠٠٨م.
٤٥) المفردات في غريب القرآن/ أبي القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الأصفهاني- تحقيق وضبط/ محمد سيد كيلاني- دار المعرفة – بيروت- لبنان – بدون طبعة وسنة الطبع.

٤٦) النهاية في غريب الحديث والأثر/ الإمام مجدالدين أبي السعادات محمد الجزري ابن الأثير- تحقيق/ محمود محمد الطناحى ، طاهر أحمد الزاوي- المكتبة الإسلامية- ط١ - ١٣٨٣ه – ١٩٦٣م.

٤٧) دراسات في البدعة والمبتدعين/ تأليف أبي عبدالله محمد سعيد رسلان- دار المعارج- جمهورية مصر العربية- القاهرة- ط١ ١٤٣٠ه.

٤٨) الباعث على إنكار البدع والمحادثات/ الشيخ الإمام شهاب الدين أبي عبدالرحمن اسماعيل إبراهيم المعروف بأبي شامة الشافعي- مطبعة النهضة الحديثة- مكة- شارع الأندلس- العتيبية- ط٢ ١٤٠١ه- ١٩٨١م.

٤٩) تەفسیري گوڵشەن /نوسیني نیزامەدین عەبدول حەمید – .

٥٠) سنن الدار قطني/ الامام الحافظ علي بن عمر الدار قطني/ التحقيق الشيخ عادل أحمد عبد الموجود و الشيخ علي محمد معوض –دار المعرفة – بيروت – لبنان – ط١ ١٤٢٢ه- ٢٠٠١م.

٥١) شرح المقاصد للعالم الامام مسعود عمر عبدالله المشهور بسعدالدين التفتازاني- تحقيق وتعليق مع مقدمة في علم الكلام/ د. عبدالرحمن عميرة- تصدير فضيله الشيخ صالح موسى شرف- عالم الكتب- بيروت – لبنان- ط٢ ١٤١٩ه- ١٩٩٨م.

٥٢) عمدة القارئ شرح صحيح البخاري/ تأليف الامام العلامة بدرالدين أبي محمد محمود أحمد العيني- ضبطه وصححه/ عبدالله محمود محمد عمر- دار الكتب العلمية – بيروت- لبنان-ط١ ١٤٢١ه- ٢٠٠١م.

٥٣) الاستذكار- تصنيف ابن عبد البر الامام الحافظ أبي عمر يوسف عبدالله محمد عبدالبر النمري الأندلسي- وثق أصوله وخرج نصوصه ورقمها وقنن مسائله وصنع فهارسه/د. عبدالمعطي أمين قلعجي- دار الوغى- حلب- القاهرة- ط١ ١٤٣١ه- ١٩٩٣م.

٥٤) مسائل الامام أحمد بن حنبل رواية ابنه عبدالله بن أحمد – تحقيق/ زهير الشاويش- المكتب الاسلامي- بيروت- ط١ ١٤٠١ه- ١٩٨١م.

٥٥) غاية الأماني في تفسير الكلام الرباني: الإمام شهاب الدين أحمد إسماعيل الكوراني- تحقيق/ أ.د. حامد يعقوب الفريح- دار الحضارة للنشر والتوزيع – الرياض –ط١ ١٤٣٩ه- ٢٠١٨م.

٥٦) تفسير المراغي/ أحمد مصطفى المراغي- شركة مكتبة ومطبعة مصطفى الحلبي وأولاده – ط١ ١٣٦٥ه- ١٩٤٦م.

٥٧) مناقب أحمد بن حنبل/ للحافظ أبي الفرج عبدالرحمن علي محمد الجوزي- تحقيق / عبدالله المحسن التركي- الناشر دار الهجر- الجيزة – ط٢ ١٤٠٩ه.

٥٨) الورع تأليف الامام أبي بكر أحمد محمد الحجاج المروذي- تحقيق/ سمير أمين

الزهري-دار الصميعي للنشر والتوزيع- الرياض- المملكة العربية السعودية- ط١ ١٤١٨ه-١٩٩٧م.

٥٩) الفوائد للإمام أبي عبدااله محمد أبي بكر أيوب ابن قيم الجوزية- تحقيق محمد عزير شمس – إشراف بكر عبدالله أبو زيد- مؤسسة سليمان عبدالعزيز الراجحي الخيرية- دار عالم الفوائد للنشر والتوزيع- بدون سنة الطبع والطبعة.

٦٠) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان/ العلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي/تحقيق د عبدالرحمن بن معلا اللويحق- دار السلام –المملكة العربية السعودية ط٢ ١٤٢٢ه- ٢٠٠٢م.

٦١) اتقاء الحرام والشبهات في طلب الرزق: أحمد أحمد محمد عبدالله الطويل- دار كنوز اشبيليا للنشر والتوزيع- المملكة العربية السعودية- الرياض- ط١ ١٤٣٠ه – ٢٠٠٩م.

٦٢) إحياء علوم الدين: الإمام أبي حامد الغزالي، تحقيق: د. عبدالله الخالدي، شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم، بيروت – لبنان، (١٤١٩ هـ-١٩٩٨ م)، ط١.

٦٣) روضة العقلاء ونزهة الفضلاء/تأليف الحافظ أبي حاتم محمد بن حبان التميمي- بتحقيق وتصحيح/ محمد محي الدين عبدالحميد- محمد عبدالرزاق حمزة – محمد حامد الفقي – دارالكتب العلمية- بيروت- لبنان- بدون طبعة وسنة الطبع.

٦٤) الشرح الصغير على أقرب المسالك إلى مذهب الامام مالك / العلامة أبي البركات أحمد الدردير- بالهامش حاشية العلامة أحمد محمد الصاوي المالكي – خرج أحاديثه وفهرسه وقرر عليه بالقانون الحديث/ د. مصطفى كمال وصفي- دار المعارف- القاهرة –بدون طبعة وسنة الطبع.

٦٥) التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد: الحافظ أبء عمر يوسف ابن عبدالبر النمري القرطبي- تحقيق / سعيد أحمد أعراب- مطبعة فضالة- المغرب- المحمدية – بدون طبعة ١٤٠٨ه – ١٩٨٨م.

٦٦) رسائل ابن حزم- تحقيق/ د. إحسان عباس – المؤسسة العربية للدراسات والنشر – بيروت- ط٢ ١٩٨٧م.

٦٧) روضة العقلاء ونزهة الفضلاء/تأليف: الحافظ أبي حاتم محمد بن حبان التميمي- بتحقيق وتصحيح/ محمد محي الدين عبدالحميد – محمد عبدالرزاق حمزة – محمد حامد الفقي- دار الكتب العربية- بيروت – لبنان- بدون طبعة وسنة الطبع.

٦٨) الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر/ عبدالعزيز أحمد المسعود- فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية- الرياض – ط٣ ١٤٣٧ه- ٢٠١٦م.

٦٩) الآداب الشرعية/ الامام الفقيه المحدث عبدالله محمد ابن مفلح المقدسي- حققه وضبط

نصه وخرج أحاديثه وقدم له/ شعيب الأرنؤوط- عمر القيّام- مؤسسة الرسالة- بيروت- لبنان- ط٣ ١٤١٩ه- ١٩٩٩م.
٧٠) مختصر منهاج القاصدين/ للإمام أحمد محمد عبدالرحمن قدامة المقدسي- تحقيق / الشيخ سعد العارف-دار إحياء العلوم- بيروت- ط٢- ١٤١٨ه – ١٩٩٧م.
٧١) البداية والنهاية / أبو الفداء الشهير بابن كثير – اعتنى به حسان عبد المنان – بيت الأفكار الدولية – لبنان – ط١ ٢٠٠٤ه.
٧٢) من فقه الدولة في الإسلام: د. يوسف القرضاوي، دار الشروق، القاهرة، (١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٦ م)، ط١.
٧٣) معالم الخلافة في الفكر السياسي الإسلامي: د. محمود الخالدي، دار الجيل، بيروت، (١٤٠٤ هـ - ١٩٨٤ م)، ط١.
٧٤) الأحكام السلطانية، القاضي أبي يعلى محمد بن حسين الفراء الحنبلي، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤٢٧ هـ - ٢٠٠٦ م)، ط٣.
٧٥) صحيح سنن النسائي / تأليف محمد ناصرالدين الالباني – مكتبة المعارف للنشر والتوزيع – الرياض – ط١ – ١٤١٩ه – ١٩٩٨م.
٧٦) الدعوة إلى اللّٰه في البيوت/ تأليف: محمد فهد الجيفان- تقديم/ الشيخ صالح فوزان عبداللّٰه الفوزان- دار المعارج ، الدار الأثرية للنشر والتوزيع – الرياض- ط٢ بدون سنة الطبع.
٧٧) ملاك التأويل/ تأليف أبي جعفر أحمد إبراهيم الزبير الثقفي الغرناطي- وضع حواشيه/ عبدالغني محمد علي الفاسي- دار الكتب العلمية- بدون طبعة وسنة الطبع.
٧٨) الجهاد في الاسلام كيف نفهمه وكيف نمارسه/ د. محمد سعيد رمضان البوطي- دار الفكر المعاصر – بيروت لبنان- دار الفكر- دمشق – سوريا- ط١ ١٤١٤ه- ١٩٩٩٣م.
٧٩) ئوسوڵی فیقه له دارِشتنێکی نوێدا: پرۆفیسور مستەفا زەڵمی- وەرگێرانی جمعە صدیق کاکە- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات- چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠١٧ز.
٨٠) دیوانی زێوەر/ دەزگای چاپ و بلاوکردنەوە ئاراس- سەرنووسەر/ بەدران ئەحمەد حەبیب- خاوەنی ئیمتیاز/ شەوکەت شێخ یەزدین- هەولێر چاپی یەکەم ٢٠٠٣ز.
٨١) هداية الحيارى في أجوبة اليهود والنصارى/ لابن قيم الجوزية- تحقيق ودراسة/ الدكتور محمد أحمد الحاج- دمشق دار القلم – بيروت الدار الشامية ط١ ١٤١٦ه- ١٩٩٦م.
٨٢) قاعدة مختصرة في قتال الكفار ومهادنتهم وتحريم قتلهم لمجرد كفرهم لابن تيمية أحمد عبدالحليم- فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية- السعودية – الرياض- ط١ ١٤٢٥ه – ٢٠٠٤م.

٨٣) البيان التعريف في أسباب ورود الحديث الشريف للعلامة ابراهيم كمالدين الحنفي الشهير بابن حمزةالحسيني- حقق أصوله وخرج أحاديثهم الشيخ خليل مأمون شيحا – دار المعرفة- بيروت- لبنان- ط١ ١٤٢٤ه- ٢٠٠٣م.
٨٤) مواهب الجليل لشرح مختصر خليل: تأليف: أبي عبدالله محمد بن محمد بن عبدالرحمن المغربي المعروف بالحطاب الرعيني، (ت ٩٥٤ هـ)، وبأسفله التاج والإكليل لمختصر خليل: لأبي عبدالله محمد بن يوسف المواق (ت ٨٩٧ هـ)، ضبطه وخرج آياته وأحاديثه: الشيخ زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤١٥ هـ - ١٩٩٥ م)، ط١.
٨٥) فيض القدير شرح الجامع الصغير من أحاديث البشير النذير: العلامة محمد عبدالرؤوف المناوي، ضبطه وصححه: أحمد عبدالسلام، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤٢٧ هـ - ٢٠٠٦ م)، ط٣.
٨٦) كتاب لا إكراه في الدين : د طه جابر العلواني مكتبة الشروق الدولية – القاهرة – ط٢- ١٤٢٧ – ٢٠٠٦ .
٨٧) تفسير المنار: تأليف: السيد الإمام محمد رشيد رضا، خرج أحاديثه وشرح غريبه: إبراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤٢٠ هـ - ١٩٩٩ م)، ط١.
٨٨) سنن الدارمي: عبدالله بن عبدالرحمن أبو محمد الدارمي، تحقيق: فواز أحمد زمرلي وخالد السبع العلمي، دار الكتب العربي، بيروت، (١٤٠٧ هـ)، ط١.
٨٩) شرح فتح القدير: الإمام كمال الدين محمد بن عبدالواحد السيواسي ثم الإسكندري المعروف بابن الهمام الحنفي، (ت ٨٦١ هـ)، على الهداية شرح بداية المهتدي: تأليف: شيخ الإسلام برهان الدين علي بن أبي بكر المرغيناني، (ت ٥٩٣ هـ)، علق عليه وخرج آياته وأحاديثه: الشيخ عبدالرزاق غالب المهدي، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٣ م)، ط١.
٩٠) مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج: تأليف: شمس الدين محمد بن محمد الحطيب الشربيني، قدم له ورقم كتبه وأبوابه: عماد زكي البارودي، حققه وخرج أحاديثه: طه عبدالرؤوف سعد، راجعه: محمد عزت، المكتبة التوفيقية، بدون طبعة وتاريخ.
٩١) المنتقى شرح موطأ مالك: القاضي أبو الوليد سليمان الباجي، تحقيق: محمد عبدالقادر أحمد، دار الكتب العلمية – دار الفكر، بيروت- ١٤٢٠ هـ -١٩٩٩ م - ط١.
٩٢) نهاية المحتاج الى شرح المنهاج/ شمس الدين محمد أبي العباس الشهير بالشافعي الصغير- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط١ ١٤٢٤ه-٢٠٠٣م.
٩٣) البيجرمي على الخطيب وهو حاشية الشيخ سليمان محمد عمر البيجرمي الشافعي- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط١ ١٤١٧ه- ١٩٩٦م.

٩٤) كتاب أحكام النساء/ لأبي الفرج عبدالرحمن علي محمد المعروف ب(ابن الجوزي) تحقيق ودراسة/ عمرو عبدالمنعم سليم-الناشر مكتبة ابن تيمية- القاهرة- ط١ ١٤١٧هـ- ١٩٩٧م.
٩٥) المحلى بالآثار في شرح المجلى بالاختصار/ تأليف ابن حزم الاندلسي- أشرف عليه وشارك في تحقيقه/ خاد الرباط - ياسر كمال- بمشاركة الباحثين في دار الفلاح للبحث العلمي وتحقيق التراث- دار ابن حزم- بيروت- لبنان- ط١ ١٤٣٧هـ- ٢٠١٦م.
٩٦) الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف على مذهب الامام المبجل أحمد بن حنبل- صححه وحققه/ محمد حامد الفقي- مطبعة السنة المحمدية – القاهرة - ط١ ١٣٧٤هـ- ١٩٥٥م.
٩٧) فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير: محمد بن علي الشوكاني- اعتنى به وراجع أصوله- يوسف الغوشي- دار المعرفة – بيروت – لبنان-ط٤- ١٤٢٨هـ- ٢٠٠٧م.
٩٨) أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن / محمد الامين بن محمد المختار بن عبدالقادرالجكني الشنقيطي – إعداد/ أ.د سيد محمد ساداتي الشنقيطي- دار الفضيلة – الرياض- السعودية- دار الهدي النبوي- مصر- منصورة- ط١ ١٤٢٦هـ – ٢٠٠٥م.
١٠٠- الموسوعة الكويتية – طباعة ذات السلاسل – الكويت- إصدار وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية- الكويت- ط٢- ١٤٠٤هـ- ١٩٨٣م.
١٠١- حاشية الدسوقي على الشرح الكبير/ للعالم شمس الدين الشيخ محمد عرفه الدسوقي على الشرح الكبير لأبي البركات احمد سيدي أحمد الدردير- طبع بدار احياء الكتب العربية – عيسى البابي الحلبي وشركاؤه– القاهرة- بدون طبعة وسنة الطبع.
١٠٢- غاية الأماني فى تفسير الكلام الرباني للإمام شهاب الدين أحمد بن إسماعيل الكوراني- تحقيق – أ.د يوسف بن عبدالعزيز الشبل- دار الحضارة للنشر والتوزيع - الرياض١٤٣٨هـ.
١٠٣- شفاء العليل فى مسائل القضاء والقدر والحكمة والتعليل: لابن قيم الجوزية، تحرير / الحساني حسن عبدالله- الناشر مكتبة دار التراث_ القاهرة – بدون طبعة وسنة الطبع.
١٠٤- فتح المنعم شرح صحيح مسلم/ الاستاذ موسى شاهين لاشين- دار الشروق- القاهرة- ط١ ١٤٢٣هـ- ٢٠٠٢م.
١٠٥- الإعجاز العلمي في السنة النبوية/ د. صالح أحمد رضا- مكتبة العبيكان- الرياض- ط١ ١٤٢١هـ- ٢٠٠١م.
١٠٦- فتح القوي المتين في شرح الأربعين وتتمة الخمسين للنووي وابن رجب رحمهما الله/ تأليف: عبدالمحسن حمد العباد البدر- مكتبة دار المنهاج للنشر والتوزيع- المملكة العربية السعودية- الرياض- ط١ ١٤٣٥هـ.
١٠٧- تەصەووف چی یە/ئەمین شیخ عەلاءالدین نەقشبەندی- دار الحرية للطباعة- بغداد - ١٩٨٥م- ١٤٠٦هـ.

١٠٨- فتح الباري في شرح البخاري/ للامام الحافظ الشهير بابن رجب الحنبلي- تحقيق/ أبي معاذ طارق عوض الله محمد- دار ابن الجوزي- المملكة العربية السعودية- الرياض- ط١ ١٤١٧ه- ١٩٩٦م.
١٠٩- روونكردنەوەی چل حەدیسەکەی پێغەمبەر للامام النووي: دانانی عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی- لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی چاپکردنی تەفسیری قورئانی پیرۆز- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر- چاپی دووەم- ساڵی١٤١٦ه.
١١٠- بحر الدموع/ للإمام أبي الفرج الجوزي- حقق بقسم التحقيق بالدار- دار الصحابة للتراث بطنطا- ط١ ١٤٢١ه- ١٩٩٢م.
١١١- مَعْلَم في تربية النفس/ تأليف/ عبداللطيف محمد الحسن- فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية- الرياض – سنة الطبع١٤٢١ه بدون الطبعة.
١١٢- المعين على تفهم الأربعين/ العلامة الفقيه المحدث أبي حفص الأنصاري الشافعي المعروف بابن الملقن- دراسة وتحقيق/ د. دغش بن شبيب العجمي- مكتبة أهل الأثر للنشر والتوزيع- الكويت-ط١ ١٤٣٣ه- ٢٠١٢م.
١١٣- فتح المبين بشرح الأربعين/ للإمام شهاب الدين أحمد بن حجر الهيتمي الشافعي- عني به أحمد جاسم محمد و قصي محمد نورس و أبو حمزة أنور أبي بكر الشيخي- دار المنهاج – المملكة العربية السعودية - جدة - ط١ ١٤٢٨ه – ٢٠٠٨م.
١١٤- نشأة الدين بين التصور الإنساني والتصور الإسلامي/ حسن علي مصطفى- مؤسسة الإسراء للنشر والتوزيع- الأردن – عمان- حى الرياض- ط١ ١٩٩١م.
١١٥- قواعد المقاصد عند الإمام الشاطبي/ أعداد : د. عبدالرحمن إبراهيم الگيلاني- دار الفكر للطباعة والتوزيع والنشر- دمشق- سورية- ط١ ١٤٢١ه – ٢٠٠٠م.
١١٦-مقاصد الشريعة عند ابن قيم الجوزية/ تأليف: د. سميح عبدالوهاب الجندي- مؤسسة الرسالة ناشرون- بيروت- لبنان- ط ١ ١٤٣٤ه- ٢٠١٣م.
١١٧- بهجة النفوس وتحليها بمعرفة ما لها وما عليها/الحافظ المحدث أبي محمد عبدالله الأزدي الأندلسي- دار الجيل- بيروت- لبنان- ط٣ سنة ١٣٥٥ه.
١١٨- تفسيرغرائب القرآن ورغائب الفرقان/ تأليف نظام الدين الحسن محمد حسين القمي النيسابوري_ ضبطه وخرج آياته وأحاديثه/ الشيخ زكريا عميرات – دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط١ ١٤١٦ه -١٩٩٦م.
١١٩- الرسالة القشيرية: الإمام أبو قاسم القشيري- تحقيق العارف بالله الإمام عبدالحليم محمود والدكتور محمود بن الشريف- مطابع مؤسسة دار الشعب- القاهرة- طبعت في١٤٠٩ه- ١٩٨٩م.

١٢٠- سنة الترك ودلالتها على الأحكام الشرعية :محمد حسن الجيزاني – دار ابن الجوزي – المملكة العربية السعودية – ط١- ١٤٣١.
١٢١- مسند الإمام أحمد بن حنبل: حقق هذا الجزء وخرج أحاديثه وعلق عليه/ شعيب الأرنؤوط- محمد نعيم العرقوسي- إبراهيم الزيبق- مؤسسة الرسالة- بيروت- لبنان- ط١ ١٤١٧ه – ١٩٩٧م.
١٢٢- فن إدارة الغضب/ تأليف: فهد محمد الحمدان- فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية- الرياض ط٢ ٢٠١٣م – ١٤٣٤ه.
١٢٢- الجامع لأحكام القرآن تفسير القرطبي/لأبي عبدالله محمد بن أحمد الانصاري القرطبي/ تقديم الحاج هاني/ التحقيق عماد زكي البارودي وخيري سعيد/المكتبة التوفيقية / القاهرة- مصر- بدون طبعة وسنة الطبع.
١٢٣- تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان/ العلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي/تحقيق د عبدالرحمن بن معلا اللويحق- دار السلام –المملكة العربية السعودية ط٢ ١٤٢٢ه- ٢٠٠٢م .
١٢٤- الحديث النبوي وعلم النفس/ الدكتور محمد عثمان نجاتي- دار الشروق – القاهرة – ط٥ ١٤٢٥ه- ٢٠٠٥م.
١٢٥- البحرالزخارالجامع لمذاهب علماء الأمصار: الإمام أحمد بن يحيى بن المرتضى، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، (١٤٢٢ هـ - ٢٠٠١ م)، ط١.
١٢٦- مختصر صحيح البخاري: للإمام أبي عبدالله محمد إسماعيل البخاري- دار ابن كثير- دمشق- بيروت- ط١ ١٤٢٣ه- ٢٠٠٢م.
١٢٧- القرآن وعلم النفس/ الدكتور محمد عثمان نجاتي- دار الشروق – القاهرة – ط٧ ١٤٢١ه- ٢٠٠١م.
١٢٨- الغضب إدارته وعلاجه/تأليف: الدكتور هوارد كاسينوف و الدكتور ريمون شيب تافرات- مقدمة بقلم البرت إيليس- ترجمة نقله إلى العربية/ فاطمة عصام صبري- مكتبة العبيكان- فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أبناء النشر- الرياض- ط١ ١٤٢٧ه- ٢٠٠٦م.
١٢٩- الجامع الصغير في أحاديث البشير النذير للإمام جلال الدين السيوطي- دار الكتب العلمية- بيروت – لبنان- ط٢ ٢٠٠٤م- ١٤٢٥ه.
١٣٠- الوابل الصيب من الكلم الطيب لابن قيم الجوزية- تحقيق/سيد إبراهيم صادق عمران- دار الحديث طبع نشر توزيع- القاهرة – سنة الطبع ١٤١١ه.
١٣١- حادي الأرواح إلى بلاد الإفراح/ الإمام أبي عبدالله ابن قيم الجوزية- تحقيق/ زائد أحمد

النشيري- إشراف/بكر عبدالله أبو زيد- تمويل – دار عالم الفوائد للنشر والتوزيع- مكة المكرمة- ط١ ١٤٢٨ه.
١٣٢- روضة العقلاء ونزهة الفضلاء للإمام الحافظ أبي حاتم محمد بن حبان البستي- تحقيق وتصحيح/ محمد حامد الفقي – مكتبة السنة المحمدية- القاهرة- ط٣ - ١٣٧٤ه.
١٣٣- بهجة قلوب الأبرار وقرة عيون الأخيار/ عبدالرحمن ناصر السعدي- تحقيق/ هشام محمد سعيد آل برغش- مدار الوطن للنشر- الرياض – ط٢ ١٤٣٢ه- ٢٠١١م.
١٣٤- المجموع من كلام ابن القيم في الدعوة والتربية وأعمال القلوب- جمع وأعداد/ منصورمحمد المقرن- دار الطيبة للنشر والتوزيع- الرياض ط١ ١٤٢٦ه- ٢٠٠٥م.
١٣٥- تفسير الحسن البصري- جمع وتوثيق ودراسة/ د.محمدعبدالرحيم- دار الحديث – القاهرة- بدەن طبعة- سنة الطبع ١٩٩٢م.
١٣٦- من كتاب المرأة في اليهودية والمسيحية والاسلام_ اعداد: زكي علي السيد أبو غضة- دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع- القاهرة - ط١ ١٤٢٤ه- ٢٠٠٣م.
١٣٧- عودة الحجاب المرأة بين تكريم الإسلام وإهانة الجاهلية/ جمع وإعداد محمد أحمد إسماعيل المقدم- دار الطيبة للنشر والتوزيع – السعودية – ط١٠ ١٤٢٧ه- ٢٠٠٦م.
١٣٨- دائرة المعارف القرن العشرون- الرابع عشر- العشرين تأليف:محمد فريد وجدي – دار الفكر- بيروت- ط٣ - سنة النشر ١٩٧١م.
١٣٩- المرأة بين الفقه والقانون: الدكتور مصطفى السباعي – دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة- القاهرة – ط٤ – ١٤٣١ه – ٢٠١٠م.
١٤٠- سلسلة الأحاديث الصحيحة/ محمد ناصرالدين الألباني- مكتبة المعارف للنشر والتوزيع- الرياض- طبعة جديدة منقحة ومزيدة – ١٤١٥ه- ١٩٩٥م.
١٤١- مجموع الرسائل للإمام أبي عبدالله محمد أبي بكر أيوب ابن قيم الجوزية- تحقيق/ محمد عزير شمس- دار عالم الفوائد للنشروالتوزيع- بدون سنة الطبع والطبعة.
١٤٢- التقوى تعريفها وفضلها ومحذوراتها وقصص من أحوالها/ أ.د عمر سليمان الأشقر- دار النفائس للنشر والتوزيع- عمان – ط١ ١٤٣٣ه- ٢٠١٢م.
١٤٣- فوائد التقوى من القرآن، بقلم/ محمدصالح العثيمين- مؤسسة الشيخ محمد صالح العثيمين الخيرية- السعودية – ط١ ١٤٢٨ه.
١٤٤- كتاب السنة للحافظ أبىَ بكر عمرو بن أبى عاصم الضحاك الشيباني و معه ظلال الجنة في تخريج السنة بقلم محمد ناصرالدين الألباني- مكتب الاسلامي – بيروت – دمشق- ط! ١٤٠٠ه- ١٩٨٠م.

١٤٥-شرح العقيدة الطحاوية : القاضي علي بن علي بن محمد ابن أبي العز الدمشقي – حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه بشير محمود عيون – مكتبة المؤيد و مكتبة دارالبيان – بيروت – ط٢ ١٤٠٨ه – ١٩٨٨م.
١٤٦- الاحكام الشرعية الكبرى/الإمام الحافظ الفقيه/ أبي عبدالحق الإشبيلي- قدم له/ د. أحمد معبد عبدالكريم- تحقيق/ أبي عبدالله حسين عكاشة- مكتبة الرشد- السعودية – الرياچ- ط١ ١٤٢٢ه – ٢٠٠١م.
١٤٧- تحفة المشتاقين أربعون حديثا في التزكيه والأخلاق- جمع واعداد/ محب الدين علي تقي المصري - قدم له الشيخ الدكتور ذياب سعد الغامدي- فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر- سنة الطبع ١٤٤١ه.
١٤٨- التحفة الربانية في شرح الأربعين حديثا النووية: تأليف / اسماعيل محمد الأنصاري – مطبعة المدني- المؤسسة السعودية بمصر- ط٢ ١٣٨٠ه.
١٤٩- الحج الفريضة الخامسة/د. علي شريعتي _ المترجم/ عباس أمير زادة – دار الأمير للثقافة والعلوم- بيروت – لبنان- ط٢ ١٤٢٨ه- ٢٠٠٧م.
١٥٠- حقيقة الحج/ وحيدالدين خان- ترجمة/ ظفرالاسلام خان- دار الصحوة للنشر- القاهرة - ط١ ١٤٠٨- ١٩٨٧م.
١٥١- مسندأبو يعلى/ للإمام أبي يعلى أحمد علي المثنى الموصلي- حقق أصوله وخرج أحاديثه/ الشيخ خليل مأمون شيحا- دار المعرفة- بيروت – لبنان- ط١ ١٤٢٦ه- ٢٠٠٥م.
١٥٢- دروس تربوية من الأحاديث النبوية/ الشيخ خالدعبدالرحمن الحسينان- مركز الفجر للإعلام- سنة الطبع ١٤٣١ه- ٢٠١٠م، بدون طبعة.
١٥٣- الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية/ تأليف: إسماعيل حماد الجوهري- تحقيق/ أحمد عبدالغفور العطار-دار العلم للملايين- بيروت- ط٢ ١٣٩٩ه- ١٩٧٩م.
١٥٤- شرح ثلاثة الأصول للشيخ محمد صالح العثيمين- إعداد فهد ناصر إبراهيم السليمان- دار الثريا للنشر- السعودية- عنيزة- ط٣ ١٤٢٤ه- ٢٠٠٣م.
١٥٥- سبل السلام شرح بلوغ المرام/ للحافظ ابن حجر العسقلاني- تصنيف الامام محمد اسماعيل الصنعاني- تعليق المحدث محمد ناصرالدين الالباني- مكتبة المعارف للنشر والإعلان- الرياض- ط١ ١٤٢٧ه- ٢٠٠٦م.
١٥٦- الاستذكار / للإمام الحافظ أبي عمر يوسف بن عبدالله بن محمد البر النمري الأندلسي - وثق أصوله وخرج نصوصه ورقمها وقنن مسائله وصنع فهارسه الدكتور عبدالمعطي أمين قلعجي – دار قتيبة للطباعة والنشر – دمشق - بيروت ودار الوعي – حلب - القاهرة –

ط١ ١٤١٤هـ – ١٩٩٣م.
١٥٧- منهج القرآن الكريم في القضاء والقدر / المؤلف العلامة الشيخ محمود غريب – دار القلم للتراث – القاهرة – ط ٢- ١٤١٩هـ– ١٩٩٨م.
١٥٨-سنن ابن ماجه/ أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني- حكم على أحاديثه وآثاره وعلق عليه - / العلامه المحدث محمد ناصرالدين الألباني- إعتنى به – أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان- مكتبة المعارف للنشر والتوزيع- الرياض- ط١- بدون سنة الطبع.
١٥٩- تهذيب الفتوحات الوهبية بشرح الأربعين حديثا النوبية/الإمام إبراهيم مرعي عطية الشبرخيتي المالكي/ هذبه وخرجه وضبط نصوصه / الشيخ عرفان سليم العشا حسونة الدمشقي- المكتبة العصرية- صيدا- بيروت- ط١ ١٤٢٦هـ- ٢٠٠٦م.
١٦٠-الحياء خلق الاسلام / محمد أحمد إسماعيل المقدم- دار الطيبة – دار الحرمين للطباعة- القاهرة- ط١ ١٤١٣هـ- ١٩٩٣م.
١٦١- فقه الحياء/ محمد أحمد إسماعيل المقدم- الأسكندرية- مصر دار الأمل للطبع والتوزيع- ط١ ١٤٣٦هـ- ٢٠١٥م.
١٦٧- صحيح الأدب المفرد للإمام البخاري/بقلم محمد ناصرالدين الألباني- مكتبة الدليل- المملكة العربية السعودية-ط٤ ١٤١٨هـ- ١٩٩٧م.
١٦٨- بحث (خلق الحياء في الكتاب والسنة وتطبيقاته التربوية) المقدم لنيل رسالة الماجستير في التربية الأسلامية والمقارنة/ الباحث فهد عبدالله فائز الشهري- جامعة أم القرى- كلية التربية- مكة المكرمة- ١٤٢٠هـ.
١٦٩-مجمع الزوائد ومنبع الفوائد/نورالدين علي بن أبي بكرالهيثمي- دار الكتاب العربي- بيروت- لبنان- ط١ ١٤٢٢هـ – ٢٠٠١م.
١٧٠- كتاب الكرم والجود وسخاء النفوس الإمام محمد الحسين البرجلاني ومعه من حديث أبي عبدالله الحسين محمد العسكري عن شيوخه- تقديم وتحقيق وتخريج- د. عامرحسن صبري- دار ابن حزم- بيروت- لبنان- ط٢ ١٤١٢هـ- ١٩٩١م.
١٧١- تأريخ مدينة دمشق/ الإمام الحافظ أبي القاسم علي الحسن ابن هبة الله بن عبدالله الشافعي المعروف بابن عساكر- دراسة وتحقيق/ محب الدين أبي سعيد عمر غرامة العمروي- دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت- لبنان- ط١ ١٤١٦هـ- ١٩٩٦م.
١٧٢- تفسير فتح البيان في مقاصد القرآن/ العلامة صديق حسن علي الحسين القنوجي البخاري- عني بطبعه وقدم له وراجعه خادم العلم عبدالله إبراهيم الأنصاري- المكتبة العصرية – صيدا- بيروت- بدون طبعة ١٤١٢هـ- ١٩٩٢م.

١٧٣- الفتوحات الوهبية بشرح الأربعين النووية/ العلامة إبراهيم مرعي عطية الشبرخيتي المالكي/ وبهامشه كتاب المجالس السنية في الكلام على الأربعين النووية للشيخ أحمد حجازي الفشني- الطبعة الأولى – المطبعة الخيرية – مصر- سنة ١٣٠٤ه.
١٧٤- ژيان چی بەسەر دێت لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرد و سۆشیال میدیا/ نووسین و ئامادەکردنی/ پ.د نەزاکەت حسێن- هەولێر- نۆرەی چاپ یەکەم ٢٠٢٣ز.
١٧٥- الجامع بين فني الرواية و الدراية في علم التفسير/ محمد علي محمد الشوكاني- اعتنى به وراجع أصوله/ يوسف الغوش- دار المعرفة- بيروت- لبنان- ط٤ ١٤٢٨ه- ٢٠٠٧م.
١٧٦- مرقاة المفاتيح / للعلامة الشيخ علي سالطان محمد القاري- شرح مشكاة المصابيح/ للإمام العلامة محمد عبدالله الخطيب التبريزى- تحقيق/ الشيخ جمال عيتاني- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط١ ١٤٢٢ه- ٢٠٠١م.
١٧٧- غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام/ محمد ناصرالدين الألباني- المكتب الإسلامي- دمشق- ط١ ١٤٠٠ه-١٩٨٠م.
١٧٨- شرح الأربعين النووية: الشيخ محمد صالح العثيمين-طبع بإشراف مؤسسة الشيخ محمد صالح العثيمين الخيرية- الرياض- ط١ رمضان ١٤٢٦ه.

١٧٩- المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم للحافظ أبي العباس أحمد بن عمر إبراهيم القرطبي-حققه وعلق عليه وقدم له/ محي الدين ديب- يوسفعلي بديوي- أحمد محمد السيد- محمود إبراهيم بزال- بيروت- دار ابن كثير - دمشق- دار الكلم الطيب ط١- ١٤١٧ه- ١٩٩٦م.
١٨٠- صيانة صحيح مسلم من الإخلال والغلط وحمايته من الإسقاط والسقط/ الامام الحافظ المحدث أبي عمرو بن الصلاح- دراسة وتحقيق/ موفق عبدالله عبدالقادر- بيروت- لبنان - دار الغرب الإسلامي- طبعة محفوظة ١٤٠٤ه- ١٩٨٤م.
١٨١- مواهب الجليل لشرح مختصر خليل: تأليف: أبي عبدالله محمد بن محمد بن عبدالرحمن المغربي المعروف بالحطاب الرعيني، (ت ٩٥٤ هـ)، وبأسفله التاج والإكليل لمختصر خليل: لأبي عبدالله محمد بن يوسف المواق (ت ٨٩٧ هـ)، ضبطه وخرج آياته وأحاديثه: الشيخ زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤١٥ هـ - ١٩٩٥ م)، ط١.
١٨٢- مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج: تأليف: شمس الدين محمد بن محمد الخطيب الشربيني، قدم له ورقم كتبه وأبوابه: عماد زكي البارودي، حققه وخرج أحاديثه: طه عبدالرؤوف سعد، راجعه: محمد عزت، المكتبة التوفيقية، بدون طبعة وتاريخ.

١٨٣- رد المحتار على الدر المختار شرح تنوير الأبصار لخاتمة المحققين/ محمد أمين الشهير بابن عابدين- دراسة وتحقيق وتعليق/ الشيخ عادل أحمد عبد الموجود- الشيخ علي محمد معوض – قدم لەوقرظه أ.د محمد بكر إسماعيل – دار عالم الكتب- الرياض- طبعة خاصة ١٤٢٣ه – ٢٠٠٣م.

١٨٤- معالم السنن للإمام أبي سليمان حمد محمد الخطابي البستي وهو شرح سنن الإمام أبي داود – طبعه وصححه/ محمد راغب الطباخ- مطبعة العلمية – حلب – ط١ ١٣٥١ه- ١٩٣٢م.

١٨٥- شرح بداية المجتهد ونهاية المقتصد: الإمام القاضي أبو الوليد محمد بن احمد بن محمد بن احمد بن رشد القرطبي الأندلسي، حققه وعلق عليه وخرج أحاديثه/ ماجد الحموي- دار ابن حزم ، بيروت- لبنان- ط١ ١٤١٦ هـ - ١٩٩٥ م).

١٨٦- الحاوي الكبير شرح مختصر المزني/ أبي الحسن علي محمد حبيب الماوردي البصري- تحقيق وتعليق/ الشيخ علي محمد معوض و الشيخ عادل أحمد عبدالوجود- قدم له وقرظه/أ.د محمد بكر إسماعيل و أ.د عبدالفتاح أبوسنة- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط١ ١٤١٤ه- ١٩٩٤م.

١٨٧- الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان/ الحافظ الامام العلامة أبي حاتم محمد بن حبان السبتي- بترتيب الأمير علاءالدين بن بلبان الفارسي- حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه/ شعيب الأرنؤوط- مؤسسة الرسالة- بيروت- شارع سوريا- ط١ ١٤٠٨ه- ١٩٨٨م.

١٨٨- صحيح الترغيب والترهيب/ تأليف: محمد ناصرالدين الألباني – مكتبة المعارف للنشر والتوزيع – الرياض- ط١ – ١٤٢١ه – ٢٠٠٠م.

١٨٩- دراسات لأسلوب القرآن الكريم / تأليف محمد عبدالخالق عضيمة – دار الحديث – القاهرة ١٣٩٢- ١٩٧٢بدون طبعة.

١٩٠- المعجم الوسيط/إبراهيم أنيس و عبدالحليم منتصر و عطية الصوالحي و محمد خلف الله أحمد /الناشر مجمع اللغة العربية - مكتبة الشروق الدولية – سنة الطبع ٢٠٠٤م – الطبعة الرابعة.

١٩١- علم المعاني: د. عبدالعزيز عتيق- دار النهضة العربية- بيروت- لبنان- ط١ ١٤٣٠ه- ٢٠٠٩م.

١٩٢- معراج التشوف الى حقائق التصوف ويليه كتاب كشف النقاب عن سر لب الالباب/ الشيخ عبدالله أحمد بن عجيبة- تقديم وتحقيق/ د. عبدالمجيدخيالي- دار البيضاء – مركز التراث الثقافي المغربي – بدون طبعة وسنة الطبع.

١٩٣- منازل السائرين: لشيخ الاسلام عبدالله الأنصاري الهروي- دار الكتب العلمية- طبعة-

بيروت – لبنان- ١٤٠٨ه- ١٩٨٨م.
١٩٤- سەحيحى پوختەى مدارج السالكين- وەرگێرانی/نوري هەمەوەند- دەزگای چاپ وپەخشی نارین- هەولێر- نۆرەو ساڵی چاپ- یەکەم ٢٠١٩ز.
١٩٥- مقومات الداعية الناجح في ضوء الكتاب والسنة/ تأيف: سعيد علي وهف القحطاني: مؤسسة الجريسي للتوزيع والإعلان – الرياض- بدون سنة الطبع.
١٩٦- الأخلاق الإسلامية وأسسها/ عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني- دار القلم- دمشق- ط٥ ١٤٢٠ه- ١٩٩٩م.
١٩٧- عدة الصابرين وذخيرة الشاكرين/ ابن قيم الجوزية- دار ابن كثير – دمشق – بيروت- مكتبه دار التراث المدينه المنورة-ط٣ ١٤٠٩ه- ١٩٨٩م.
١٩٨-ديوانی بێخود هۆنراوەی مەلا مەحموودی موفتی- کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لەسەر نووسینی- محمدی مەلا کەریم- بڵاوکردنەوەی کوردستان- سنه ١٣٨٦.
١٩٩- مختار الصحاح/ محمد بن أبي بكرعبدالقادرالرازي- مكتبة لبنان- طبعة ١٩٨٦م.
٢٠٠- مفردات ألفاظ القرآن/ العلامة راغب الأصفهاني- تحقيق صفوان عدنان الداوودي- دار القلم- دمشق- ط٤ ١٤٣٠ه- ٢٠٠٩م.
٢٠١- دیوانی حەمدی، ئامادەکردنی/عەبدوڵڵا خدر مەولوود- هەولێر چاپخانەی ڕۆژ هەڵات- چاپی٥ ساڵی ٢٠١٣ز.
٢٠٢- مسند الامام أحمد بن حنبل- حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه، مجموعة من علماء الحديث- دار السلام للنشر والتوزيع- الرياض- السعودية- ط١ ربيع الثاني١٤٣٤ه - فبراير٢٠١٣م.
٢٠٣-شرح مشكل الآثار/ الامام المحدث الفقيه المفسر، أبي جعفر أحمد محمد سلامة الطحاوي- حققه وضبط نصه و خرج أحاديثه و علق عليه/شعيب الأرنؤوط- مؤسسة الرسالة – لبنان – بيروت- ط١ ١٤١٥ه- ١٩٩٥م.
٢٠٤-موسوعة العقيدة والأديان والفرق والمذاهب المعاصرة_ تصنيف وإعداد/ مجموعة من الأكاديميين والباحثين في العالم الإسلامي- مراجعة وتقديم/ عدد من كبار المختصين في العالم الاسلامي- دارالتوحيد للنشر- السعودية – الرياض- ط١ ١٤٣٩ه- ٢٠١٨م.
٢٠٥- موسوعة معارف الكتاب والسنة/ محمد الري الشهري- بمساعدة، عدة من الفضلاء- دار الحديث للطباعة والنشر- قم- ط١ - ١٤٣٢ه- ٢٠١١م.
٢٠٦- تخريج أحاديث إحياء علوم الدين للعراقي وابن السبكي والزبيدي- استخراج أبي عبدالله محمود محمد الحداد- دار العاصمة للنشر بالرياض – ط١- ١٤٠٨ه- ١٩٨٧م.
٢٠٧- البدرالتمام شرح بلوغ المرام – الامام القاضي الحسين محمد المغربي- تحقيق/ علي عبدالله

الزين- قدم له فضيلة الشيخ صالح محمد اللحيدان- ط١ ١٤٢٨ه- ٢٠٠٧م.
٢٠٨- زاد المعاد: ابن قيم الجوزية، حقق نصوصه وخرج أحاديثه وعلق عليه/ شعيب الأرنؤوط و عبدالقادر الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان، ط٤ - ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٣ م.
٢٠٩- الترغيب والترهيب الإمام الحافظ أبو محمد زكي الدين عبدالعظيم عبدالقوي المنذري- إعتنى به أبوصهيب الكرمي- بدون طبعة وتأريخ الطبعة).
٢١٠- السنن/ تصنيف الامام الحافظ أبي عبدالله محمد يزيد بن ماجه القزويني- حققه وضبط نصه وخرج أحاديثه وعلق عليه/ شعيب الأرنؤوط و محمد كامل قرة بللي- دار الرسلة العالمية- دمشق- الحجاز- ط١ ١٤٣٠ه- ٢٠٠٩م.
٢١١- أيها الولد/ للإمام الغزالي- دار المنهاج- السعودية – جدة - ط٢ ١٤٣٥ه- ٢٠١٤م.
٢١٢- الجامع الصغير في أحاديث البشير النذير/ تأليف: الإمام جلال الدين أبي بكر السيوطي- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط٢- ٢٠٠٤م- ١٤٢٥ه.
٢١٣-الترغيب في فضائل الأعمال وثواب ذلك/ للامام الحافظ المكثر الواعظ أبي حفص عمر أحمد عثمان أبي شاهين- تحقيق/ صالح أحمد مصلح الوعيل – دار ابن الجوزي للنشر والتوزيع- السعودية- ط١- ١٤١٥ه- ١٩٩٥م.

٢١٤- ڕۆژی پڕشنگدار ڕوونکردنەوەی(غاية الإختصار٩ ناسراو بە(متن فتح القريب)/ دانانی: عبدالله عبدالعزيز هەرتەلی- هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- چاپی یەکەم ١٩٩٦م.
٢١٥-هذا هو الإسلام السماحه الاسلامية، حقيقة الجهاد والقتال والإرهاب: د.محمد عمارة- مكتبة الشروق الدولية- القاهرة- ط١ ١٤٢٦ه- ٢٠٠٥م.
٢١٦- فەرهەنگی گیرفانی ئاسان: ئاکۆ فاتیح- دار الفكر- بيروت – لبنان ط٦ ٢٠٠٤ه.
٢١٧- الجهاد في الإسلام بين الطلب والدفاع: صالح اللحيدان- مكتبة الحرمين – الرياض- ط٤ ١٤٠٧ه- ١٤٠٨ه.
٢١٨- الجهاد في الإسلام- تأليف: محمد شديد- مؤسسة الرسالة- بيروت- لبنان- بدون سنة الطبع.
٢١٩- فقه الجهاد في الإسلام/ فضيلة الشيخ حسن أيوب- دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة- القاهرة – مصر- ط١ – ١٤٢٢ه- ٢٠٠٢م.
٢٢٠- الجهاد في الإسلام/ الشيخ الإمام محمد متولي الشعراوي- دراسة وإعداد وتحقيق- مركز التراث الإسلامي- القاهرة – مصر- ط١ - ١٤١٩ه- ١٩٩٨م.

٢٢١- زاد المعاد: ابن القيم الجوزية، تحقيق: شعيب الأرنؤوط وعبدالقادر الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان- ١٤٢٤هـ - ٢٠٠٣م- ط٤.
٢٢٢- هداية الرواة إلى تخريج أحاديث المصابيح والمشكاة، للحافظ أحمد علي ابن حجر العسقلاني- تخريخ العلامة المحدث ناصرالدين الألباني- تحقيق/ علي حسن عبدالحميد الحلبي- دار ابن القيم و دار ابن عفان- القاهرة- ط١ ١٤٢٢ه-٢٠٠١م.
٢٢٣- فقه الجهاد دراسه مقارنة لأحكامه وفلسفته في ضوء القرآن والسنة/ للإمام يوسف القرضاوي- مكتبة الوهبة- القاهرة –ط٤- ١٤٣٥ه- ٢٠١٤م.
٢٢٤- الفقه المنهجي على مذهب الأمام الشافعي/ تأليف: د مصطفى الخن- ود مصطفى البغا – علي الشربجي- دار القلم- دمشق- ط٢ - ١٤٢٣ه٠ ١٩٩٢م.
٢٢٥- بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع الامام علاءالدين أبي بكر مسعود الكاساني الحنفي- تحقيق وتعليق/ الشيخ علي محمد معوض و الشيخ عادل أحمد عبدالموجود- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط٢- ٢٠٠٣م- ١٤٢٤ه.
٢٢٦- مواهب الجليل لشرح مختصر خليل: تأليف: أبي عبدالله محمد بن محمد بن عبدالرحمن المغربي المعروف بالحطاب الرعيني، (ت ٩٥٤ هـ)، وبأسفله التاج والإكليل لمختصر خليل: لأبي عبدالله محمد بن يوسف المواق (ت ٨٩٧ هـ)، ضبطه وخرج آياته وأحاديثه: الشيخ زكريا عميرات، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، (١٤١٥ هـ - ١٩٩٥ م)، ط١.

٢٢٧- الرَّوض المُرْبِع شرح زاد المستقنع للعلامة الشيخ أبي سعادات منصور يونس البهوتي- حققه وعلق عليه/ محمد نزار تميم و هيثم نزار تميم- شركة دار الأرقم بن أبي الأرقم للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت- لبنان- بدون الطبعة وسنة الطبع.
٢٢٨- مع شروح الأربعين النووية ويشتمل على شروح الأئمة الأعلام/ الامام أبي زكريايحيى النووي و عبدالعزيز عبدالله بن باز- الامام بن دقيق العيد- محمد صالح العثيمين- عبدالرحمن ناصر السعدي- عبدالله عبدالرحمن الجبرين- محمد ابراهيم الشيخ/ تحقيق: صلاح الدين محمود السعيد- دار الغد الجديد- القاهرة – المنصورة- ط١ ١٤٣٢ه- ٢٠١١م.
٢٢٩- كتاب المجموع شرح المهذب للشيرازي للإمام أبي زكريا محي الدين شرف النووي- حققه وعلق عليه وأكمله بعد نقصانه/ محمد نجيب المطيعي- مكتبة الإرشاد- جدة – السعودية – بدون طبعة.
٢٣٠- فقه الإعتكاف/ د. خالد علي المشيقح- دار أصداء المجتمع للنشر والتوزيع- السعودية – سنة الطبع ١٤١٩ه.

٢٣١- شعب الإيمان/ للامام أبي بكر أحمد الحسين البيهقي_ تحقيق: أبي هاجر محمد بسيوني زغلول- دار الكتب العلمية- بيروت –لبنان-ط١ ١٤٢١ه- ٢٠٠٠م.

٢٣٢- بصائر ذوي التمييز في لطائف الكتاب العزيز/ مجدالدين محمد يعقوب الفيروز آبادي- تحقيق الأستاذ محمد علي النجار- لجنة إحياء التراث الإسلامي-القاهرة – ط٣ - ١٤١٦ه- ١٩٩٦م.

٢٣٣- سنن البيهقي الكبرى: أحمد بن حسين علي بن موسى أبو بكر البيهقي، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية- بيروت – لبنان- ط٣- ٢٠٠٣م- ١٤٢٤م.

٢٣٤- جامع شروح الأربعين النووية ويشتمل على شروح الأئمة الأعلام- تحقيق/ صلاح الدين محمود السعيد- دار الغد الجديد- القاهرة – المنصورة- ط١ – ١٤٣٢ه- ٢٠١١م.

٢٣٥- تلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعء الكبير- لابن حجر العسقلاني- علق عليه واعتنى به/ أبو عاصم حسن عباس قطب- مؤسسة قرطبة و دار المشكاة للبحث العلمي-ط١- ١٤١٦ه- ١٩٩٥م.

٢٣٦- المعجم الأوسط للطبراني / الحافظ أبي القاسم سليمان بن أحمد الطبراني – قسم التحقيق بدار الحرمين - أبو معاذ / طارق بن عوض الله بن محمد و أبو الفضل / عبدالمحسن بن إبراهيم الحسيني – دار الحرمين للطباعة والنشر – القاهرة – ١٤١٥ه – ١٩٩٥م.

٢٣٧- درر الحكام شرح مجلة الأحكام: علي حيدر- تعريب المحامي فهمي الحسيني- دار عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع- الرياض- طبعة خاصة- ١٤٢٣ه- ٢٠٠٣م.

٢٣٨- الوجيز في إيضاح قواعد الفقه الكلية/ د. محمد صدقي أحمد محمدالبورنو- مؤسسة الرسالة- بيروت – ١٤١٦ه- ١٩٩٦م.

٢٣٩- الأشباه والنظائر في قواعد وفروع الشافعية/ الإمام جلال الدين عبدالرحمن السيوطي- حققه وعلق عليه و خرج أحاديثه على مخطوطتين كاملتين/ محمد محمد تامر و حافظ عاشور حافظ- دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة- جمهورية مصر العربية- ط٢ ١٤٢٣ه- ٢٠٠٤م.

٢٤٠- الشرح الممتع على زاد المستقنع/ الشيخ محمد صالح العثيمين- دار ابن الجوزي- السعودية- ط١- ١٤٢٢ه.

٢٤١- حكمة التشريع وفلسفته للشيخ علي أحمد الجرجاوي- تنقيح ومراجعة/ خالد العطار- دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع- بيروت- لبنان- ط٢ – ١٤١٨ه- ١٩٩٧م.

٢٤٢- أحكام الشهادة وعقوبة شاهد الزور في الإسلام/ د. حسين محمد الربايعة، طبع بدعم من وزارة الثقافة، بدون طبعة وتاريخ الطبعة).

٢٤٣- الطرق الحكمية في السياسة الشرعية لابن قيم الجوزية- تحقيقو تعليق/ أ. سيد عمران- دار الحديث- القاهرة- ط١- ١٤٢٣ه- ٢٠٠٢م.
٢٤٤- المجلة الأردنية للعلوم التطبيقية- سلسلة العلوم الإنسانية- عدد الثاني سنة ٢٠١٧- بحث المقدم من قبل د. حسن تيسير عبدالرحيم شموط بعنوان شهادة الكافر على المسلم.
٢٤٥- جواهرالكلام في شرح شرائع الاسلام :الشيخ محمد حسين النجفي – حقق وعلق عليه – الشيخ حيدر الدباغ – مؤسسة النشر الاسلامي - قم – ط١ – ١٤٣٤.
٢٤٦- الأم للإمام محمد إدريس الشافعي- تحقيق وتخريج/ الدكتور رفعت فوزي عبد المطلب- دار الوفاء للطباعة والنشرو التوزيع- القاهرة – ط١ ١٤٢٢ه- ٢٠٠١م.
٢٤٧- نظرية الدعوى والإثبات فى الفقه الإسلامي للدكتور نصر فريد واصل- دار الشروق- القاهرة- ط١ – ١٤٢٢ه- ٢٠٠٢م.
٢٤٨- السيرة النبوية: د.علي محمد محمد الصلابي، دار ابن كثير، دمشق – بيروت، (١٤٢٥ هـ - ٢٠٠٤ م)، ط١.
٢٤٩- الآداب الشرعية/ الامام الفقيه المحدث عبدالله محمد ابن مفلح المقدسي- حققه وضبط نصه وخرج أحاديثه وقدم له/ شعيب الأرنؤوط- عمر القيّام- مؤسسة الرسالة- بيروت- لبنان- ط٣ ١٤١٩ه- ١٩٩٩م.
٢٥٠- الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر/ لشيخ الاسلام أحمد بن عبدالحليم ابن تيمية- تحقيق/ د. صلاح الدين المنجد- دار الكتاب الجديد- بيروت- لبنان- ط١ ١٩٧٦م- ١٣٩٦ه.
٢٥١- الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر في حياة النبيﷺ/ تأليف د. طارق محمد الطواري- بدون سنة الطبع والطبعة- الكويت.
٢٥٢- الجواهر اللؤلؤية في شرح الأربعين النووية/ محمد عبدالله الجردانى الدمياطي- تحقيق/ عبدالله المنشاوي- مكتبة الإيمان- ط١- المنصورة – أمام جامع الأزهر – بدون سنة الطبع.
٢٥٣- شرح فقه الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر/تأليف: د. ياسر برهامي- دار الخلفاء الراشدين- القاهرة- الأسكندرية- ط١- ١٤٣٦ه- ٢٠١٥م.
٢٥٤- تهذيب الأخلاق/ تأليف: أبي عثمان عمر بحر الجاحظ – قرأه وعلق عليه / (أبو حذيفة)إبراهيم محمد- دارالصحابة للتراث للنشر والتحقيق والتوزيع- القاهرة- طنطا - ط١ – ١٤١٠ه- ١٩٨٩م.
٢٥٥- صحيح سنن النسائي: تأليف/ محمد ناصرالدين الألباني- مكتبة المعارف للنشروالتوزيع- الرياض- ط١ – ١٤١٩ه- ١٩٩٨م.
٢٥٦-المبدع شرح المقنع/ أبي إسحاق برهان الدين ابراهيم محمد عبدالله بن محمد ابن مفلح

الحنبلي- تحقيقمحمد حسن محمد حسن اسماعيل الشافعي- دار الكتب العلمية- بيروت – لبنان- ط١ ١٤١٨ه- ١٩٩٧م.

٢٥٧- منة المنعم في شرح صحيح مسلم للإمام الحافظ أبي الحسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري- الشارح الشيخ صفي الرحمن المباركفوري- دار السلام للنشر والتوزيع- الرياض- ط١ ١٤٢٠ه- ١٩٩٩م).

٢٥٨- ديوانى ئيمامى شافعى به كوردى/ وەرگێرانى عزيز ئالانى- چابخانەى شڤان –سلێمانى – چاپ يەكەم – ٢٠١٤ز.

٢٥٩- إتحاف السادة المتقين بشرح إحياء علوم الدين مرتضى الزبيدي - محمد بن محمد الحسيني الزبيدي- مؤسسه التأريخ العربي- بيروت – لبنان- بدون طبعة ١٤١٤ه – ١٩٩٤م.

٢٦٠- بەهارى ڕەوانبێژى: موحسين ئەحمەد مصطفى گەردى – منتدى إقرأ الثقافى – هولێر - ط١ -٢٠١٣م.

٢٦١- كتاب البديع: تأليف/ أبو العباس عبدالله ابن المعتز- شرحه وحققه عرفان مطرجى – ويليه – العلم الخفاق من علم الإشتقاق- تأليف/ محمد صديق خان – ضبطه وعلق عليه- أحمد عبدالفتاح – مؤسسة الكتب الثقافية- بيروت- لبنان- ط١ – ١٤٣٣ه – ٢٠١٢م.

٢٦٢- كتاب كشف اللثام عن وجه التورية والإستخدام: العلامة الشيخ تقي الدين أبي بكر المعروف بابن حجة الحموي- مطبعة الأنسية – بيروت - بدون طبعة- سنة ١٢١٢ه.

٢٦٣- السنن الكبرى: للإمام أبي بكر أحمد بن الحسين البيهقي: تحقيق – محمد عبدالقادر عطا- دار الكتب العلمية – بيروت – لبنان – ط٣- ٢٠٠٣م- ١٤٢٤ه.

٢٦٤- لوامع الأنوار البهية وسواطع الأسرار الأثرية لشرح الدرة المضية في عقد الفرقة المرضية: محمد أحمد السفاريني الحنبلي- مؤسسة الخافقين ومكتبتها- دمشق – ط٢ – ١٤٠٢ه – ١٩٨٢م.

٢٦٥- لمعات التنقيح في شرح مشكاة المصابيح للخطيب التبريزي: العلامة عبدالحق الهلوي- تحقيق وتعليق- د تقي الدين الندوي- دار النوادر لبنان – بيروت- ط١ ١٤٣٥ه- ٢٠١٤.

٢٦٦- غريب الحديث / تأليف الشيخ الإمام أبي فرج عدالرحمن بن علي محمد علي الجوزي- وثق أصوله وخرج حديثه وعلق عليه/ الدكتور عبد المعطي قلعجي- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- بدون طبعة – ٢٠٠٤م- ١٤٢٥ه.

٢٦٧- روض الأنف في شرح سيرة ابن هشام : العلامة المحدث/ عبدالرحمن السهيلي – تحقيق وتعليق وشرح / عبدالرحمن الوكيل- دار الكتب الاسلامية – مصر ط١ – ١٤١٠ه – ١٩٩٠م.

٢٦٨- شرح العقيدة الطحاوية/ القاضي علي بن محمد أبي العز الدمشقي- حققه وعلق عليه وخرج أحاديثه وقدم له/ د عبدالله عبدالمحسن التركي- و شعيب الأرنؤوط- مؤسسة الرسالة - ط١٠ ١٤١٧ه- ١٩٩٧م.

٢٦٩- - شرح العقيدة الطحاوية/ القاضي علي بن محمد أبي العز الدمشقي- حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه- بشير

محمد عيون- مكتبة دار البيان- دمشق ، و مكتبة المؤيد- الطائف- ط٢ بيروت- ١٤٠٨ه- ١٩٨٨م.
٢٧٠- أخبار القضاة /للإمام المحدث القاضي ابوبكر محمد بن خلف حيان بن صدقة بن زياد الملقب ب (وكيع) – المحقق عبدالعزيز مصطفى المراغي –المكتبة التجارية الكبرى- مصر –ط١ ١٤٦٦ه-١٩٤٧م .
٢٧١- تهذيب الكمال في أسماء الرجال/للحافظ المتقن جمال الدين أبي الحاج يوسف المزي / تحقيق الدكتور بشار عواد معروف – مؤسسة الرسالة - بيروت –شارع سوريا ١٤٠٣ه–م١٩٨٣ ط١ .
٢٧٢- تأريخ مدينة دمشق/ للامام العالم الحافظ أبي القاسم علي بن الحسن ابن هبة الله بن عبدالله الشافعي المعروف بابن العساكر/دراسة وتحقيق محب الدين أبي سعيد عمر بن غرامة العمروي –دار الفكر للطباعة والنشروالتوزيع –بيروت –لبنان ١٤١٥ه- ١٩٩٥م.
٢٧٣-الجامع لشعب الإيمان / للإمام الحافظ أبي بكر أحمد بن الحسين البيهقي –أشرف على تحقيقه وتخريج أحاديثه / مختار أحمد الندوي –مكتبة الرشد للنشر والتوزيع –السعودية –الرياض –ط١ ١٤٢٣ه –٢٠٠٣م .
٢٧٤-صيد الخاطر/ لابن الجوزي- تحقيق عبدالقادر أحمد عطا- دار الكتب العلمية- بيروت- لبنان- ط١ ١٤١٢ه- ١٩٩٢م.
٢٧٥-وصية العالم الجليل موفق الدين ابن قدامة المقدسي- تحقيق/ محمد خير رِمضان يوسف- دار ابن حزم- بيروت –لبنان.
٢٧٦- السنة للإمام أبي بكر أحمد بن أبي عاصم- حققه وخرج أحاديثه / أ.د باسم فيصل الجوابرة- دار الصميعي للنشر والتوزيع- الرياض –المملكة العربية السعودية- ط١ ١٤١٩ه-١٩٩٨م.
٢٧٧-ديوانی کەمالی/ ئامادەکرن و ساغ کردنەوەو پێشەکی مووسینی/ کەمال عەلی باپیر- پێداچوونەوە مامۆستا شکور مصطفی- وەزارەتی ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوە کوردی ژمارە ١٢ساڵی بلاوبوونەوە چاپی پێوەر:١٩٨٦.
٢٧٨- المفاتيح في شرح المصابيح العلامة مظهر الدين الزَّيداني المُظْهِري الكوفي- تحقيق ودراسة لجنة مختصة من المحققين بإشراف نورالدين طالب- طباعة وتوزيع إدارة الثقافة الاسلامية – الكويت- ط١ ١٤٣٣ه- ٢٠١٢م.

٢٧٩- ديوانی بەنگینە/ شاعیری گەل حاجی باقی بەنگینە- کۆکردنەوەو ئامادەکردنی/ عوسمان محمد هەورامی- چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر ٢٠١٦ دووەمین چاپ.
٢٨٠- ديوانی فەنایی-مامۆستا مەلا عبدالله ی کاتب-ئامادەکردنی/ عابد عبدالله مصطفی- هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ- چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٦ز- ١٤٢٧کۆچی- ٢٧٠٦کوردی.

# ناوەرۆک

فەرموودەی بیست و یەکەم باوەڕو بەردەوام بوون ..................................................٥

فەرموودەی بیست و دوو ئەو شتانەی دەمانباتە بەهشتەوە ...................................٣١

فەرموودەی بیست و سێهەم کۆمەڵێک کردەوەی چاک ...............................................٧١

فەرموودەی بیست و چوارەم ستەم کردن حەرامە .......................................................١١٥

فەرموودەی بیست و پێنجەم هەرچی پاداشت هەیە دەوڵەمەندەکان بردوویانە بۆ خۆیان.....١٦٤

فەرموودەی بیست و شەشەم چەندین ڕێگەی باش..........................................................١٧٧

فەرموودەی بیست و حەوتەم چاکە و خراپە.........................................................................١٨٦

فەرموودەی بیست و هەشت گوێڕایەڵی .................................................................................١٩٦

فەرموودەی بیست و نۆ ڕێگای چوونە بەهەشت زۆرن........................................................٢١٩

فەرموودەی سی یەم پاراستنی سنوورەکانی شەرع.............................................................٢٤٩

فەرموودەی سی ویەك چاوتێری و دنیا نەویستی .................................................................٢٦١

فەرموودەی سی و سێ البيّنة على المُدَّعي..........................................................................٢٩١

فەرموودەی سی و چوار گۆرینی خراپەکاری..........................................................................٣٠٨

فەرموودەی سیو پێنج موسڵمان برای موسڵمانە...................................................................٣٤٠

فەرموودەی سی وشەش چاکەکردن لەگەڵ خەڵکی و حاڵیبوون لە قورئانی پیرۆز ............٣٨٣

فەرموودەی سی و حەوت هاندان بۆ ئەنجامدانی کارە چاکەکان ..................................٤٠١

فەرموودەی سی و هەشت جزاء معادات الأولياء.........................................................٤٠٩

فەرموودەی سی و نۆ لابردنی گوناهی بەهەڵەو لەبیرچوو و بەزۆرکراو ...........................٤١٩

فەرموودەی چل ئامادەسازی بۆ مردن.......................................................................٤٢٣

فەرموودەی چل ویەك شوێنکەوتی پێغەمبەرﷺبن ........................................................٤٤٠

فەرموودەی چل و دوو فراوانی لێخۆشبوونی خوداﷻ.....................................................٤٥٠

نووسەر لە چەند دێڕێکدا............................................................................................٤٦٩

سەرچاوەکان.............................................................................................................٤٧٢

ناوەرۆک .....................................................................................................................٤٩٥

9 789922 733814